ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خانزاد
بەهاوکاری ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی - ئەڵمانیا

# ئۆقیانوسێک لە تاوان

تویژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیە سەبارەت بە دیاردەی لەشفرۆشی و بازرگانی بەجەستەی ڕەگەزی مێینەوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا

ئەنجامدانی
تیمی پرۆژەی (هاوکاری گرتووخانەی ژنان لەسلێمانی)

بەڕێوەبەری تویژینەوە
**جەمال وەلی ئیبراهیم**

نووسین و شیکردنەوەی
**خەندان محمد جەزا محمد سەرپاچ**

سەرپەرشتی زانستی
**سۆران عەبدولقادر کۆستە**

**ناسنامەی توێژینەوەکە :**

**ناوی توێژینەوەکە:** **ئۆقیانووسێک لەتاوان**

**جۆری توێژینەوەکە:** **توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیە سەبارەت بە دیاردەی لەشفرۆشی و بازرگانی بەجەستەی ڕەگەزی مێینەوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا**

**بابەت:** **کۆمەڵناسی و دەروونزانی**

**ئەنجامدانی:** **ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خانزاد**

**شیکردنەوەو نووسینی:** **خەندان محمەد جەزا محەمەد سەرپاچ**

**نۆبەتی چاپ:** **یەکەم** 2007

**چاپ:** **چاپخانەی شڤان**

**تابلۆی بەرگ:**

**دیزاینی بەرگ:** **ئەندێش دیزاین**

**تیراژ:** **1200 دانە**

**ژمارەی سپاردنی (---) ساڵی 2007ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.**

## دابەشکردنی کارەکان:

**جەمال وەلی ئیبراهیم (ناسراو بە مام پۆلا):** هەستاوە بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کرپیارەکان و هەندێك لەسەرۆك باندەکان، بەتایبەت ئەوانەی ڕەگەزی نێرینە بوون..

**ڕێزان تۆفیق:** کۆکردنەوەی زانیاری و مانیۆسکریپتی زانیاریەکان/ کارمەندی خانزاد بۆ پرۆژەی گرتووخانە.

**جوان عوسمان عەول:** کۆکردنەوەی زانیاری و مانیۆسکریپتی زانیاریەکان/ کارمەندی خانزاد بۆ پرۆژەی گرتووخانە.

**ناسك حەمە صالح:** کۆکردنەوەی زانیاری و مانیۆسکریپتی زانیاریەکان/ کارمەندی خانزاد بۆ پرۆژەی گرتووخانە.

پێشکەشە بە..

هەموو (س)ەکان.. (ع)ەکان.. (خ)ەکانو هەموو ئەوانەی بوونەتە قوربانیو بەردەوام دەبنە قوربانی بازاڕو شەڕانگێزیەکانی مرۆڤو دواکەوتوویی کەلتوورو یاساکانیان.. ئەو کەلتوورو یاسایانەی هێشتا نەیان توانیوە بۆ مرۆڤایەتی دەستەمۆ ببن...

## سوپاس‌و پێزانین

بەپێویستی دەزانم بەناوی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی خانزادەوە ئەم هەلە بقۆزمەوە بۆ سوپاسێکی بێوێنە کە ئاراستەی بەڕێز کاك ((عوسمانی حاجی مەحمود)) وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکەم کە تا ئەوپەڕی توانا هاوکاری کردین لەبەرەوپێش چوون‌و کارئاسانی پڕۆژەکەماندا کە هەر ئەوەش بوە هاندەرێکی تر تا ئەم توێژینەوەیەی تیادا ئەنجام بدەین. هەروەها شایانی باسە کە سوپاسی خۆشمان ئاراستەی بەڕێوەبەرو ئەفسەرەکانی گرتووخانەی سلێمانی، بنکەی گرتن‌و گواستنەوە بکەین بۆ هەموو ئەو کارئاسانی‌و هاوکاریانەی کە ڕۆژانە دەیخەنە بەردەست کارمەندەکانمان‌و هەر بەهۆی ئەوانیشەوە بوو کە ئەم توێژینەوەیە سەرکەوتوو بوو.

لەلایەکی ترەوە نامانەوێت ئەوە لەیادبکەین کە ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی ـ ئەڵمانیا هاوپشتیوانی هەمیشەیی‌و هاوکاری سەرەکی‌و کۆمەك بەخشی پڕۆژەکەمان بوە بۆ بەرەوپێش برنی پڕۆژەکە، بەهەمان شێوە سوپاس‌و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ڕێکخراوی ((ئێن پی ئەی)) نەرویجی دەکەین کە درێژەی داوە بە کۆمەکەکانی بۆپڕۆژەی بەندکراوەکانی گرتووخانەو توانیومانە بەردەوام لەکارکردندا بین.

بەدڵنیاییەوە سوپاسی کرێکارو کارمەندو بەڕێوەبەری چاپخانەی **شڤان** لەیاد ناکەین بۆ هەموو ئەرك‌و ماندووبوونێکیان لەگەڵ چاپ‌و کارە هونەریەکانی توێژینەوەکەماندا‌و بەڕێزەوە سەیری بەرهەمەکەیان دەکەین کەجگە لەکارێکی ئابووری بۆ خۆیان.. ئێمەش بە کارێکی نیشتمانی دەزانین چونکە کۆمەك بە پێشکەوتنی بڵاوکراوەی کوردی دەکات.
لەکۆتاییشدا زۆر سوپاسی (سۆران) دەکەم کە سەرەڕای سەرپەرشتی زانستی‌و ماندوبوونی لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا، بەتەواوی ماندوو بوو بەدەست وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزیەکانەوە‌و زۆربەی تێکستەکانی بۆ کردم بەکوردی.

نووسەر

لەبری ڕێکخراوی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی خانزاد

# ناوەڕۆك


| بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 1 |
| بەشی یەکەم: بنەما تیۆریەکانی لەشفرۆشی | 29 |
| باسی یەکەم: لەشفرۆشی لە مێژوودا | 31 |
| باسی دووەم: سێکسۆلۆجیو ڕەهەندەکانی لەشفرۆشی | 53 |
| باسی سێیەم: کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەر کۆمەڵ | 71 |
| بەشی دووەم: چیرۆکەکانی توێژینەوەکە لەڕاستی ڕووداوەکانەوە | 81 |
| باسی یەکەم: یەکەم ڕاستی وەك خۆی- لەشفرۆشی لەزاری فرۆشیارەکانەوە | 83 |
| باسی دووەم: دووەم ڕاستی وەك دەڵێن- لەشفرۆشی لە زاری ڕێکخەرەکانەوە | 263 |
| باسی سێیەم: سێیەم ڕاستی وەك خۆی- لەشفرۆشی لە زاری کڕیارەکانەوە | 349 |
| بەشی سێیەم: تیۆرو واقعی لەشفرۆشی لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەدا | 369 |
| باسی یەکەم: دەروازەی لێکدانەوەو سەلماندنی گریمانەکان | 371 |
| باسی دووەم: گۆڕانی کەلتووری و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی لەشفرۆشیدا (باری نمونەیی) | 389 |
| باسی سێیەم: کورتەی توێژینەوەکە | 397 |
| سەرچاوەکان: | |

## لەبری هاوكاری جیهانی ــــ ئەڵمانیا:

**هاوكاری** ـ كۆمەڵەیەكی نێونەتەوەییە بۆ هاوكاری، كە ڕێكخراوێكی ناحكومیەو بنكەی سەرەكی لەوڵاتی ئەڵمانیادایە، لەساڵی 1995 دروست بوە بۆ دەستپێشخەری كۆمەڵایەتی لەكوردستاندا ـ عێراق كە بەتایبەتیش جەخت لەسەر مافەكانی ژنانو فێركردنیانو فریاگوزاری قوربانیانی توندوتیژی دەكاتەوە. ڕێكخراوی ڕۆشنبیریو كۆمەڵایەتی خانزاد بۆ ژنان یەكەم پڕۆژەی **هاوكاری** بوو لەشاری سلێمانی ـ كوردستان كە تا ئەمڕۆش پشتیوانی لێكراوەو هاوكاری دەكرێت.

كەیەكەم جار ڕێكخراوی خانزاد لەمانگی ئایاری 1996دا دەرگاكەی كرایەوە یەكەم ڕێكخراوی بێلایەن بوو لەوكاتەدا لەكوردستان ـ عێراقدا، كە زۆربەی ڕۆژنامەكانی ئەو سەردەمە مانشێتەكانیان بریتی بوو لە: "هاتن بۆ پیاوان قەدەغەیە". بەم جۆرەش زۆربەی پارتە سیاسیەكان گومانیان لەم كارە هەبوو باوەڕیان نەبوو ئاخۆ بۆ چی ئەم ڕێكخراوە درووست دەكرێت، هەروەها زۆربەی بزووتنەوە ڕادیكاڵەكانی ژنان دەیانوت ئەم پڕۆژەیە كەلێنی نێوان پیاوانو ژنان زیاتر دەكات. بەڵام تا ئێستاش بەپیرەوە هاتنی ژنان بۆ ئەم پڕۆژەیە گرنگیەكی تایبەتی هەیە. لەیەكەم ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ ساڵانە هەزاران ژن بەشداری لەكۆرسەكانی فێربوونی خانزاددا دەكەن، هەروەها بەشداری چالاكی وەرزشیو سیمینارو بۆنەی ڕۆشنبیرییەكان دەكەنو سەردانی كافتریای خانزاد دەكەنو كاتێكی خۆش بەسەر دەبەن، ئەمانەش هەموو جگە لەچارەسەركردنی كێشە لەڕێگای خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتییەوە.

لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا، ژمارەیەكی ئێكجار زۆر لەپڕۆژەو سەنتەرو پەناگە دامەزراون، ژنان لەكوردستان ــ عێراق بەشێوەیەكی بەرچاو دەستكەوتو گۆڕانی یاساییو كۆمەڵایەتیان بەدەست هێناوە، لەم بارەیەشەوە خانزاد یەكێك بوە لەڕێكخراوە چالاكەكانی ئەم كایەیە. هەروەها خانزاد گفتوگۆو تەوەری گرنگی بەرەنگاری توندوتیژی دژی ژنان هێناوەتە كایەوەو بەشداریەكی بەرچاوی كردوە بۆ بەشداری ژنان لەسیاسەتدا بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق لەساڵی 2003 دا.

لەساڵی 2000 ەوە خانزاد دەستیكرد بەبابەتێكی كۆمەڵایەتی هەستیاری تروداكۆكیكردن لەو ژنانەی كەلەگرتووخانەی سلێمانی گیراون، كەزۆربەیان بەتۆمەتی

خیانەتی هاوسەری و لەشفرۆشی تۆمەتبارکرابوون. تیمێك لەخانزادەوە ڕۆژانە سەردانی ئەم گیراوانەی دەکردو هەوڵیان دەدا پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان بۆ دابین بکەن و پشتیوانی یاساییان لێبکەن، هەروەها چاودێری تەندروستیشیان بۆ دابین دەکردن. لەم چوارچێوەیەدا خانزاد دەستکەوتی زۆر مەزنی بەدەست هێنا لەناو گرتووخانەدا. خانزاد لەڕووی کۆمەلاًیەتیەوە کاریش دەکات لەڕێگای سەردانی کەسوکاری گیراوەکانەوە تا دواتر لەڕووی کۆمەلاًیەتیەوە پەراوێزنەخرێن و توندوتیژیان بەرامبەر نەکرێت و هەروەها لەژێر هەڕەشەی کوشتن ڕزگاریان بکات، بەتایبەت ئەمانە لەسەر شەرەف هەڕەشەیان لێدەکرێت پاش ئەوەی ئازاددەبن. تا ئێستاش ئەو ژنانەی بە لەشفرۆشی تاوانبار دەکرێن زۆر بەئاستەنگ دەتوانن بە ئاسایی لەژیاندا بەردەوام بن پاش ئازادکردنیان، شوێنێك نیە بۆی بچن، تائێستاش لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ژنێك ناتوانێت بژی بەبێ چاودێری و پارێزگاری پیاوێك. کاتێك ژنێك تۆمەتباردەکرێت یان گومانی لەشفرۆشی لێدەکرێت ئەوا ئیتر دەچێتە بازنەی بێنرخی و توندوتیژیەوەو لەڕووی کۆمەلاًیەتیەوە خەڵکی لێی دادەبڕێن و ناچار دەبێت لەنێوان لەشفرۆشی و زینداندا بگوزەرێت.

لەماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا خانزاد داکۆکی لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردوە بۆ ئەم گرۆیە لەخەڵك و داواکارە کەسەنتەرێکی چاکسازی بۆ لەشفرۆشی بکرێتەوە لەبری گرتن و بەندکردنیان. کەلەم سەنتەرەدا هاوکاری دەروونی و کۆمەلاًیەتی بکرێن و ئاستی خوێندەواریان بەرزبکرێتەوەو شێوازێکی نوێ بۆ ژیانی خۆیان درووست بکەن. تائێستاش ئەم پڕۆژەیە نەهاتوەتە بەرهەم. مەسەلەی لەشفرۆشی هەستیارەو بەریەك کەوتنی لەگەڵ بەها گرنگەکانی کۆمەڵدا هەیە لەکوردستاندا وەك شەرەف و شەرم وایەو تائێستاش وەك تابوویەك دەبینرێتەوە. شەرم و تاوانەکەش دەخرێتە پاڵ ڕەگەزی مێ، لەکاتێکدا کە بەدەگمەن گفتوگۆ لەسەر پێشینەی لەشفرۆشی دەکرێت و کەمترێکیش قسەوباس هەیە لەسەر کڕیار و سوودمەندەکانی ئەم کارە.

**هاوکاری** شادمانەو خۆی بەشکۆمەند دەبینێتەوە سەبارەت بەم توێژینەوەیە کەئەم تابوە دەشکێنێت. بۆماوەی دووساڵە ئەندامەکانی خانزادو بەتایبەت ئەم پڕۆژەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکێکدا دەکەن کەئالوودەی لەشفرۆشی بوە، ئەو ژنانەی کە لەشفرۆشن و کڕیارەکان و سوودمەندەکانی لەشفرۆشی و پارێزەرانی ئەو باندانەی کەئەمکارە

پەردەپۆش دەکەن. توێژینەوەکە زانیاریەکی ورد دەربارەی ژیانی هەندێك لەو کەسانە دەدات بەدەستەوە کەبەشدارن لەلەشفرۆشیدا، لەبارەی دۆخی کۆمەڵایەتی و هۆکارە ئابووریەکانی دەکۆڵێتەوە. لەلایەکی ترەوە لایەنە بەرژەوەندیدارەکان کەپارێزگاری لێدەکەن و میکانیزمو یاساکانیش دەخاتە بەرڕەخنە کەپارێزگاری لێدەکەن.

خانزادو **هاوکاری** ئاواتەخوازن کەئەم توێژینەوەیە هاوبەشی بکات لەگفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتیدا کەبەقازانجی ئەو ژنانە بشکێتەوە کەبەهۆی تاوانبارکردنیان بەلەشفرۆشیەوە پەراوێزخراون و چیتر ئەو جووتەکیە، ئیزدیواجیەتە، لەژیانی ژنان و پیاواندا نەمێنێت، کە هەرخۆیان ئەوکارە دەکەن و هەر خۆشیان دژی دەوەستنەوە.. بەنمونە لەبری بەندکردن باشترە دژ بەو هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە بوەستینەوە کە دەبنە هۆی لەشفرۆشی، هەوڵی چاکسازی کۆمەڵایەتی و یاسایی بدەین هەر لەهاوسەرگیری زۆرەملێوە، هەر لەتوندوتیژی خێزانیەوە تا دەگاتە بەتواناکردنی ئەو ژنانە، بۆئەوەی گەر خێزانیش نەبێت بتوانن سەربەرزو شکۆمەندانە بەتەنیا بژین.

زۆر سوپاسی تیمەکەی خانزاد دەکەین کەئەم ئەرکەیان خستەسەرشانی خۆیان. بەتایبەتیش سوپاسی **خەندان محمەد جەزا** دەکەین کە بەشێکی زۆری کات و تواناکانی تەرخانکرد بۆ نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیەو هەروەها سوپاسی تایبەتمان بۆ **جەمال وەلی ئیبراهیم** ((**مام پۆلا**)) کە تا دوا ساتەکانی پرۆژەکە پشتیوانی لێکردو هاوکاری تیمەکانی کرد. سوپاسی هەردوو ((**فریاگوزاری میللەتی نەرویجی**))و ((**کۆمیتەی ئەڵمانی بۆ ڕۆژی جیهانی ژن**)) دەکەین کە بەردەوام پشتیوانیان لەخانزاد کرد لەم پرۆژەیەدا، هەروەها سوپاسی ((**دامەزراوەی هانز بۆکلەر**))و ((**ئەمڤێرتیلین**)) بۆ هاوکاریکردنیان بۆ ئەم توێژینەوەیە.

**سوزانا بۆتیٚ/ کارین ملۆدۆخ**

**هاوکاری، بەرلین/ فرانکفۆرت/م. ئەڵمانیا مارتی 2007**

## پێشەکی سەرپەرشتیار:

هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت ئاسۆکانی خۆی دیاری بکات بەبێ زانینی سروشتی سێکچواڵیتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە، لەشفرۆشیش یەکێکە لەودەرگایانەی کەدەتوانین بەهۆیەوە لەو کەسە شازانە تێبگەین کەلەکۆمەڵگادا لەڕووی سێکسەوە ئالوودە بوون بەکڕین و فرۆشتن. ڕێکخراوی خانزادو ستاڤ توێژینەوەکەیان بەجورئەتێکی بێ وێنەوە پەلاماری ئەم گرفتەیان داوەو توانیویانە لایەنی کەم توێژینەوەیەك بەرهەمبهێنن لەم بوارەدا. ئەمەش سنوورشکێنیەکی بێ وێنەیەو پۆزەتیڤە، چونکە کێشەکە تەنیا سەرزارەکیانەو بەزمان حاڵی گلەییەکانی ناو کۆمەڵ باسی لێوەدەکرێت و هیچ دۆکیومێنت کردنێك نیە بۆ لایەنە مێژووییەکەی.

ئەوەی لێرەدا باس دەکرێت بەشێکی کەمی ڕاستیەکانەو دەبێت خوێنەر بە بەرپرسیارێتیەکی گەورەوە سەیری ئەم کارەیان بکات و لەگەڵ درك کردن بەلایەنەکانی دەبێت بەشداری بکات لەچارەسەرە پێشنیارکراوەکانیداو ڕێگە بەو پاشهاتە نێگەتیڤانە بگرێت کەسەرئەنجامی لەشفرۆشی بڵاودەبنەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ستاڤ توێژینەوەکە توانیویانە تێکەڵەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و زانستی تیۆری و مەیدانی لەم توێژینەوەیەدا بەرهەمبهێنن، ئەوەش لەنێوان توێژینەوەی کلاسیکیەوە تا دەگاتە بەکارهێنانی گراوندید تیۆری، کە یەکێکە لەتیۆریە نوێکان و لەڕێگەی ئەم شێوازەوە بەئاسانی دەتوانرێت تیۆری زانستی کۆمەڵایەتی بدۆزرێتەوەو بەرهەمبهێنرێت تا چارەسەری گرفتە زانستی و کۆمەڵایەتیەکانی پێ بکرێت.

لێرەدا وێڕای دەستخۆشکەری و پشتیوانی لەکارەکانی ڕێکخراوی خانزاد، خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم کەهاوکاری و ڕێنمایی زانستیانەی کارەکەیان بەمن سپاردو بەوپەڕی خاکەڕاییەوە سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی لەم جۆرەم بۆکردن، تابتوانم منیش بەو پەڕی توانامەوە بەشداریەکی بچکۆلانە بکەم لە کۆمەك کردن بەچارەسەر ئەم گرفتەدا.. هەروەها سوپاسی ئەو بوێرییەی تەواوی ستاڤ توێژینەوەکەمان دەکەم، کە توانیویانە بەرگەی ئەو هەموو خەمە بگرن کەلەچیرۆکەکانەوە گوێبیستی بوون، چونکە خوێنەر پێنج یەکی گرفتەکانیشی نەکەوتوەتە بەردەم لەڕووی پراکتیکی و ژیانی دەروونیەوە، بەڕاستی زۆر بوێرانە لەگەڵ کێشەی هەریەك لەقوربانی و ئالوودەبوەکاندا ژیاون.

## پێشەکی:

زۆردەمێك بوو گریٚ و ئازارێك لەناخی پڕئەزمونماندا قەتیس مابوو نەماندەزانی چیە؟ گریٚ کوێرەی کام ڕۆژەو لەکام کونجی شعورماندا خۆی حەشارداوەو ساتە نەساتێك لەناوپێچکەی ڕۆحماندا خۆی دەکێشێتەوەو بێدار دەبێت، خۆی دەدات بەدیوارەکانی هەستو ویژدانمانداو دەیەوێت دەربازی ببێت... دەمێك بوو لەگەڵ ڕۆژگارە سەختەکانی ناوزیندانو بەسەربردنی ساتەکانیدا چرکە لەدوای چرکە و لەگەڵ ئەم ڕۆژگارە لێوان لێو لەزوڵم وزۆرە دەستەویەخە دەبووین.. ململانێی نێوان ویژدانی خەفەکراوو ڕاستیە سەرکوتکراوەکانی تەمەنمانو کردەوە قێزونەکانی دژ بە ژنان هەموو ڕۆژێك دەستی پێدەکردەوە.. لەژیانی ڕۆژانەماندا لەگەڵیاندا ڕاهاتووینو لەناخیشەوە هەردەکوڵێین.

ململانێکەمان ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەتەمەنترو پڕ ئەزموونتر بوو تاوای لێهات بوونە وشەوخۆیان فڕێدایە سەرلاپەڕەکانی بەرچاوی تۆوی خوێنەر، بەڵام چۆن، لەچوارچێوەیەکی زانستیداو دەیانەوێت مێژوو لەئامێزیان بگرێتو لەسوچێکی کەلتووری ئەم وڵاتەدا بمێننەوە. لەلایەك ڕاستیەکی شاراوە دانپیابنێنو لەلایەکی تر زەخیرەیەکی مێژوویی بێت بۆ داهاتوو تا ئەم گرفتەش چانسێکی باشتری چارەسەری هەبێت.

بۆیەدەمەوێت بڵێم باهەموومان پێکەوە تەنیا ساتێك ڕێگە بەخۆمان بدەینو بچینە قوڵایی ناخی ئەومرۆڤانەوە کەبوونەتە سوتەمەنیو قوربانی یاساو کەلتوورو بازاڕو دەسەڵات بەبیٚ خواستی خۆیانو بونەتە جیٚ نەفرەتی یاساوڕێسا زەمینیو ئاسمانییەکانیش، ئەوەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین، مشتێکە لەخەرمانێك، چەند دڵۆپێکی پێشلکاری مافەکانی مرۆڤە لەدەریایەك، کەڕۆژانە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە ئەنجام دەدرێت لەباشترینو دیموکراتیترین هەرێمی ئەم وڵاتەدا..

لەبنەڕەتەوە پێویستە بڵێین نووسینو قسەکردن لەدیاردەیەکی وەك لەشفرۆشی ئاسان نیەو ڕەنگە جۆرەها تانەوتەشەریشت بخرێتە پاڵ توێژەرەکانیو ڕووبەڕوی زۆرێك لەپرسیاری ژەنگاوی ببینەوەو سووکایەتیمان پێبکرێت، کە ئەمەش پاشهاتی ئەم بوارەیە، هەرچۆن لەبواری زانستێکی وەك کیمیادا توێژەر بۆی هەیە ژەهراوی ببێتو تەنانەت گیانیشی لەدەست بدات، ئەم بوارەیش ئەوە مەترسیەکەیەتی. بەڵام گرنگ

لەوەدایــە ئــەم دەستپێشــخەریە ببێتــە خــاڵی وەرچــەرخان و بیرۆکــەو قەڵــەمی دەســتی نوســەرانی بــەتواناترو پــڕ ئــەزمونتر لەباسـێك و توێژینەوەیـەکی باشـتردا قسـەی لەسـەر بکرێت.

## کێشەی توێژینەوەکە :

شـایەنی باسـە ئـەم توێژینەوەیـە سـەرئەنجامی سـوود وەرگرتنـەوە لەئـەزمونی کـارکردنی رێکخراوەکـەمان دەسـتی پێکـرد. رێکخـراوی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی خـانزاد، لەسـاڵی 1999 وە ڕاســتەوخۆ لــەنێو گرتووخانــەی ژنــان لەســلێمانی کــاریکردوە.. لــەماوەی کارکردنیشــیدا هەســتاوە بەپێشکەشــکردنی خزمــەتگوزاری یاســای و کۆمەڵایــەتی و تەندروسـتی و هەوڵیـداوە خزمـەتگوزاری مرۆیـی پێشـکەش بـەو گرۆیـەی کۆمـەڵگا بکـات کەتۆمەتبار دەکرێن و هێشتا تاوانبار نەبوون بەپێی یاسا.

لــەماوەی کارکردنیــدا بەشــێوەیەکی بەرچــاو هەســتی بــەگرفتی لەشفرۆشــی کــردوە کەبەئاسـانی دەتـوانین بـۆ بەرچـاو ڕوونـی زیـاتر خشـتەی (1) بخەینـە ڕوو کەسـادەترین ئاماری لەشفرۆشی و خیانەت زەوجی لەناو گرتووخانەدا تیادایە. پێویستە ئەوە بزانین کەڕاســتە ژمارەیــەك لەخیانەزەوجییــەکان بــەمادەی خیانــەتی زەوجــی گــیراون، بــەڵام زۆربەیان بەپیێی وتەی خۆیان فرۆشیاری سێکسیشن بۆیە هەموو ئەوانـەشمان خسـتۆتە ناو ئامارەکەمانەوە لەخانەی لەشفرۆشیدا هەژمارمان کردون.

لـەم خشـتەیەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کەبـە تـەنیا لـەڕێگای گرتووخانـەی سـلێمانیەوە چ کێشەیەك دەگوزەرێت، بەپێی ئەم ئامارانە بێت هەر پێنج ژن کـەدەگیرێن یـەکێکیان لەسـەر لەشفرۆشیەو یـەکێکی تریـان لەسـەر خیانـەتی زەوجـی، بۆیـە دەڵـێین گـرفتی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێـوان هـەردوو ڕەگـەز گرفتێکـی گەورەیـەو کاتێـك بـەهۆی پـارەوە ئـەم گرفتـە چارەســەر دەکرێــت ئــەوا ڕەگــەزی مــێ زۆرتــرین قوربــانی دەدات و دەبێتــە ســووتەمەنی بازاڕێك کەوەك کۆیلەیەکی سێکسی دەیچەوسێنێتەوە. بۆیـە توێژینەوەکەمان هەوڵدەدات بگاتە دۆزینـەوەی گونجـاوترین چارەسـەر، ئەوەنـدەی بکرێـت، بـۆ ئەوانـەی ئـاڵوودەی ئـەم کارە بوون و گیرۆدەی پاشهاتە ترسناکەکانی بوون.

خشتەی (1)

**ئامارەکانی گرتووخانەی سلێمانی لەسەر هەردوو مادەی لەشفرۆشی و خیانەت زەوجی**

| ساڵەکان | ژ. بەندکراوانی ژن | ژ. ئەوژنانەی لەسەر مادەی لەشفرۆشی گیراون | ڕێژەی سەدی | ژ. ئەوژنانەی لەسەر مادەی خیانەزەوجی گیراون | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1999 | 137 | 25 | ٪18 | 31 | ٪22 |
| 2000 | 146 | 26 | ٪17 | 29 | ٪20 |
| 2001 | 172 | 18 | ٪10 | 18 | ٪10 |
| 2002 | 234 | 41 | ٪18 | 50 | ٪21 |
| 2003 | 300 | 19 | ٪6 | 28 | ٪9 |
| 2004 | 195 | 26 | ٪14 | 32 | ٪16 |
| 2005 | 291 | 117 | ٪40 | 130 | ٪45 |
| 2006 | 297 | 29 | ٪10 | 58 | ٪20 |
| 2007 | 41 | 16 | ٪39 | 20 | ٪49 |
| **کۆی گشتی** | 1813 | 317 | ٪17 | 396 | ٪22 |

**بەکورتی دەتوانین بڵێین کێشەی توێژینەوەکەمان لەشفرۆشی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەشفرۆشیە لەکوردستانداو هەوڵدەدەین، هەموو هۆکارو ڕێگاکانی ئەم گرفتە بەڕێگەی توێژینەوەیەکی زانستی دیاریبکەین و چارەسەری گونجاوی بۆبدۆزینەوەو یان لایەنی کەم کۆمەڵە پێشنیارو ڕاسپاردەیەك بخەینە بەردەست کاربەدەستان سەبارەت بەم کێشەیە لەکۆمەڵگاکەماندا.**

## سرووشتی توێژینەوەکە و کۆسپەکانی بەردەمی:

ئەم توێژینەوەیە بەیەکێك لەجۆرە گرانەکانی توێژینەوە هەژمار دەکرێت، ئەوەش لەبەر کۆمەڵە هۆکارێك، لەوانە:

1. کۆکردنەوەی زانیاری لەم بوارەدا زۆر ئاستەنگەو پلەی ڕاستی زانیاریەکان هەمیشە لەباری شلۆقیدایە، ئەوانەی کە زانیاریان لێ کۆدەکەینەوە لەبەر هەندێك پێودانگی کەلتووری و کۆمەڵایەتی ڕاستیەکان وەك پێویست نادرکێنن و هەوڵ دەدەن، بەشێك لەو ڕاستیانە بشارنەوە[1].
2. ژینگەی توێژینەوەکە کە هەرێمی کوردستانە لەڕووی کەلتوورو داب و نەریتەوە یاریدەدەر نیە بۆ توێژینەوەی زانستی، چونکە کارێکی باو نیە لەکۆمەڵگاداو لەلای دوەمیشەوە لەبار نیە بۆ توێژینەوە لەمەسەلەیەکی ئاوا هەستیار کە هەموو کۆمەڵگا نەرێی لێدەکات و لەهەمان کاتیشدا بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا مومارسەی دەکەن.
3. پێویستی بەتوێژەری وریا و شارەزا هەیە کە توانای هەبێت زانیاری لەبەرامبەر وەدەست بهێنێت و بەتایبەت ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بەسروشتی ژیانی لەشفرۆشێك یان سەرۆك باندێك یان کڕیارێك، کەلەخودی خۆیاندا ئامادەییان تێدا نیەو بە ئاستەنگ هەست بە متمانەی بەرامبەر دەکەن.
4. کەمی توێژینەوەی پێشتر کە لەخۆیدا ئاستەنگە بۆ دەستکردن بە توێژینەوەیەکی ئاوا هەستیار.

توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە چاوپێکەوتنی ئازاد، لەم چاوپێکەوتنانەدا هەوڵدەدەین هەمیشە مێژووی ژیانی کەسی لێتوێژراوە بزانرێت و پاشتر لەسەر بنەمای وتەکانی خۆی شیکردنەوەی بۆ بکرێت، واتە کەسی لێ توێژراوە بخرێتە ژێر باری ئەزموونیەوەو بەشێوەیەکی پراکتیکی مامەڵە لەگەڵ بەسەرهاتەکانیدا بکرێت، کە ئەمەش پێی دەوترێت

[1] شایەنی باسە سروشتی سێکس سروشتێکی نهێنی و تایبەت بە خۆی هەیە بۆیە هێشتا هەندێك زانیاری هەیە لەژێر کاریگەری کەلتووریدا دەستمان ناکەوێت چونکە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەین، هەوڵ دەدات هەموو ڕاستیەکان وەك خۆی نەدرکێنێت.

ڕێگـای ئیمپایریکـاڵ بـۆ توێژینـەوە، بـەپێی تیـۆری گراوندیـد[2] ئـەم ڕێگایـە بـە یـەکێك لەسـەرکەوتووترین ڕێگـا دادەنرێـت لـەبواری کۆمەڵناسـیدا تابەهۆیـەوە بتـوانین بگەینـە تیـۆری زانسـتی و مـەرگبازی لەگـەڵ نوێگەریـدا بکـەین هیـوادارین توانیبێتمـان بەشـێکی کەمی ئەم کارەش لێرەدا ئەنجام بدەین، یان لایەنی کەم سەرەتاکانی بهۆنینەوە.

توێژینەوەکـەمان زۆر کـاتی ویسـت تـا بتـوانین بگەینـە ئـەو کەسـانەی کـە لەلایـەك متمانـە بەقسـەکانیان دەکـەین، لەلایـەکی تـر دەتـوانی بـەکاریان بهێـنین وەك سـامپڵی توێژینەوەکـەمان. ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیـەکی چـەندیی نیـە واتـە پشـت بـە (کمیـة) نابەسـتێت بـەڵکو پشـت بەچـۆنێتی دەبەسـتێت، کـە ئەمـەش بەسـەرکەوتوو دادەنرێـت بەتایبـەت بـۆ کۆمەڵگایـەکی توێژینـەوە کـەناتوانرێت قـەتیس بکرێـت و سـنوورەکانی کۆمەڵگاکە دیاری بکرێت[3].

ژمارەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵداکراوە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

- 296 لەشفرۆشی ژن
- 93 کڕیاری سێکس
- 72 سـەرۆك بانـد، مەبەسـتمان لەسـەرۆك بانـد، هـەموو ئەوانـەن کـە دەڵاڵـی دەکـەن بـۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکان لەنێوان لەشفرۆش و کڕیارەکانی سێکسدا.

دواجـار 8 فرۆشـیارو 4 کڕیـارو 7 سـەرۆك بانـدی لـێ هەڵبـژێردراوە کەنـەدەکرا سـەرجەم بەسەرهات و چیرۆکەکان بخەینە ناوتوێژینەوەکەوە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. بەسـەرهاتەکان چـیرۆکی ڕاسـتەقینەی زۆر ترسـناك و پـڕنهێنی بـوون کەمەبەسـتی توێژینەوەکەمان دەرخستنی ئەو نهێنیانە نیە.
2. بەشـێکی چـیرۆکەکان هێنـدە قێـزەونن مـرۆڤ لەخوێندنـەوەی جگـە لەسەرسـوڕمان و درووستکردنی گومان هیچی تریان لێناچنێتەوە.

---

[2] Grounded Theory، یان ستراتیژێك بۆ توێژینەوەی چۆنایەتی، یەکێکە لەو ڕێگایانەی کەبەکاردەهێنرێت بۆ داهێنانی تیۆری کۆمەڵایەتی و بەشێوەیەکی ڕێژەیی نوێیە لەبواری کۆمەڵناسیدا.

[3] لێرەدا ناکرێت بەهیچ شێوەیەك لەکۆمەڵگادا هەموو ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن لە قەبارەیەکی دیاریکراودا قەتیسیان بکەین، چونکە ژمارەیەك دەمێنێتەوە کە ئەو کارە دەکەن و توێژەریش بەهیچ شێوەیەك پێی نازانێت، ئەمەش بەتایبەت کە بەشێوەیەکی نهێنی دەکرێت و ئەو بەشەی ژیانیش لەکۆمەڵگادا هەر بەنهێنی ماوەتەوە.

3. بەشێك لەبەسەرهاتەكان دووبارەن لەشێوەدا كەسروشتی توێژینەوەكەمان ڕێگەنادات دووبارەبوونەوەی زۆر باس بکەین، چونكە دەبێتە هۆكار بۆ گەورەبوونی قەبارەی توێژینەوەكەو بێزاری درووست دەكات لەكاتی خوێندنەوەدا.
4. تەنیا هەوڵمانداوە ئەو چاوپێكەوتنانە بخەینە ڕوو كەتەواوكراون، یان بەواتایەكی تر زۆرترین شیكردنەوە هەڵدەگرن، چونكە هەندێ كات چاوپێكەوتنەكان تا كۆتایی تەواو نەدەكران یان وتوێژەكانیان زۆر باسی لابەلای لەخۆ دەگرت كەشیكردنەوەی لەسەر نەدەكرا.
5. ژمارەیەك لەچاوپێكەوتنەكان دوور لەڕاستی قسەدەكەن‌و پاش پشكنین بۆمان دەردەكەوێت كە بەهیچ شێوەیەك ڕاست ناكەن‌و ئەوانەشمان فەرامۆش كردوە.

## گریمانەكانی توێژینەوەكە :

**دراوی یەكەم:**

هەموئەوانەی كاری لەشفرۆشی دەكەن ڕۆژانە ئیغتصاب دەكرێن.

**دراوی دوەم:**

هەموئەوانەی ئیغتصاب دەكرێن چێژی سێكسی لەلایان دەشێوێت‌و كاریگەری دەروونی لەسەر كەسێتی و مامەڵەی ڕۆژانەیان ڕەنگ دەداتەوە.

**دراوی سێیەم:**

ئەوانەی ناچاردەكرێن بۆئەوەی بچنە بازاری سێكس‌و لەشفرۆشیەوە لەسەرەتاوە بەرێگای ئیغتصاب ناچاردەكرێن.

**گریمانەی یەكەم:**

ئەوتێز و بۆچونانەی داوادەكەن لەشفرۆشی وەك پیشەیەكی ئازادو سەربەخۆ پیادەبكرێت‌و لەڕێگای یاساوە ڕێكبخرێت یان لەشفرۆشی‌و بازرگانی سێكسی بەكارێكی ئاسایی دەبینن، ئەوا تێزێكن كۆمەك بەپێشێلكاریەكی بەردەوامی مافەكانی مرۆڤ دەكەن‌و بەشداریكردن تیایدا تاوانە.

**گریمانەی دوەم:**

توندوو تیژی سێکسی دەچێتە یادەوەری درێژ خایەنەوە و بەم جۆرەش ئەو ترۆمایانەی ئەنجامی توندوتیژی سێکسی درووست دەبێت وەك نەخۆشیەکی هەمیشەی بەبەردەوامی دەبێت چارەسەر بکرێت.

**دراوی چوارەم:**

لەکۆمــەڵگای کوردســـتانی عێراقــدا لابردنـــی پـــەردەی کچـــێنی لەلایـــەن پیاوانـــەوە سەرکەوتنێکە پڕە لەسەروەری و بەشانازی دەژمێردرێت.

**دراوی پێنجەم:**

بەردەوام بوونی کۆمەڵگای پیاو سالاری، کاریگەری هەیە لەسەر هاوزاڵێتی پیاولەکرداری سێکسیدا، کەئەمەش هاندەرێکی بەهێزە بۆ بازرگانی کردن بەکچانەوە.

**دراوی شەشەم:**

بۆئـەوەی هێزەکـانی نـاوخۆ پـارێزەری مافـەکانی مـرۆڤ بـن، بەتایبـەت مرۆڤـی مـێ، دەبێـت لـــەڕووی تیـــۆری و عەمـــەلی و دیســـپلینەوە ئاســـتێکی بـــەرزو پێشـــکەوتووی مۆراڵـــە مرۆییەکانیان هەبێت و پابەندبن بەبنەماکانی مافی مرۆڤەوە.

**دراوی حەوتەم:**

لەگەڵ هەموو وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوریدا دەرفـەتی لەشفرۆشـی زیـاد دەکات و بەپێچەوانەوە.

**گریمانەی سێیەم:**

هەمووپێشـــکەوتنێکی تەکنـــەلۆجی کـــەهاوکات پێشـــکەوتنێکی کۆمەڵایـــەتی و مرۆیـــی لەگەڵدانەبێت زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بەڕەوشی مافەکانی مرۆڤ ((لەڕوانگەی دیاردەی بازرگانی سێکس وکۆیلایەتی سێکسیەوە))

**گریمانەی چوارەم:**

زیاترلـەنیوەی ئەوانـەی لەشفرۆشـی دەکـەن هەمیشـە پێویسـتیان بـەفریاد ڕەسـێك هەیـە کەببێتەپاڵەوان و دەربازیـان بکـات لەوژیانـەی تیایـدا دەژیـن، چـونکە خۆیـان نـاتوانن ببنـە ئەو پاڵەوانە بۆ خۆیان و خۆیان ڕزگار بکەن.

**گریمانەی پێنجەم:**

ئەوانـەی کڕیـاری سێکسـن جۆرێـك لـەجۆرەکانی سێکسـی نائاسـاییان تێدایـە (**شــذوذ الجنسية**) یان ئەنجامی ئالوودە بون بەکڕینی سێکسەوە ئەو جۆرە لەسێکسی نائاساییان تیادا درووست دەبێت.

**گریمانەی شەشەم:**

کڕیارەکـانی لەشفرۆشـی لەکوردسـتاندا زیـاتر بریتیەلەخـەڵکی خوێنـەوارو رۆشـنبیر، ئەوەش بەڕێژەیەکی زۆر بەرزتر لەخەڵکی نەخوێندەوار.

**گریمانەی حەوتەم:**

لـەڕابردوودا لەشفرۆشـی لەکوردسـتاندا لـەپێناو دابـینی بـژێوی‌و چارەسـەرکدنی بـاری ناهــەمواری گوزەرانــدا بــوە بــەلاّم ئــەمرۆ لــەپێناو جوانکاری‌وئــەو پێداویســتیانە دایــە کەدەستکردەی بازاڕ‌و سیستەمی سەرمایەداری هێناونیەتە ناو بازاڕەکانەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگـی ئـەم توێژینەوەیـە پابەنـدە بەچـوار خـاڵی سـەرەکیەوە کەهەریەکـەیان لەڕوانگەیەکـەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە:

1. سەرەتا پێویستە ئەوە باس بکەین کەنمونـەی ئـەم توێژینەوەیـەو بـەم ڕێگایـە زۆر کەمـە لەکوردسـتانداو تائێسـتا بەشـێوەیەکی وردو ئاشـکرا نـەکراوە، چ لـەڕووی بابەتـەوە چ لەڕووی میتۆدۆلۆجیای ئەنجامدانی توێژینەوەکەوە.
2. بابەتەکـە لەخۆیـدا هەسـتیارە‌و زۆر زۆر ئاسـتەنگە کەکەسـی لێتوێـژراوە بەئاسـانی بتوانرێت قایل بکرێت بۆ ئەوەی بێتـەزمان لەسـەر ڕاستیەکانی ژیـانی خۆی‌و هـەروەها بەوشێوەیەش باس لـەدیاردەکان بکات‌و لەهـەمان کاتیشدا جێگـای متمانـەو باوەڕبێت لەلایـەن توێـژەرەوە، کەلـەم توێژینەوەیەشـدا ئـەو خاڵـە لەهـەموو خاڵـەکانی تـر کـات‌و توانای زیاتر بردوە.
3. مانـەوەی کێشـەیەکی وەك لەشفرۆشـی بەشـاراوەیی ئاسـتەنگی گـەورە بـۆ کۆمـەڵگای کوردسـتان پەیـدادەکات‌و دەرفـەت ناداتـە پسـپۆڕەکان کـار لەسـەر چارەسـەرکردنی ئـەو

گرفتانە بکەن کەبەهۆی ئەم جۆرە کێشانەوە ڕوودەدەن و بۆیان هەیە شیرازەی تەواوی کۆمەڵگا هەڵبوەشێننەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە :

لەڕوانگەی چەند چاوپێکەوتنێکی مەیدانیەوە لەگەڵ لەشفرۆش و سەرۆك باند و کڕیارەکانی سێکسەوە و بەپێی سەرگوزشتەکانی خۆیان لەڕێگای توێژینەوەیکی زانستی کۆمەڵایەتیەوە هەوڵدەدەین بەشداری بکەین لەکەمکردنەوەی دیاردەی لەشفرۆشیدا و چارەسەرکردنی پاشهاتەکانی ئەم گرفتە لەکوردستاندا، هەروەها هەوڵ دەدەین ڕاستی ژیان و سروشتی لەشفرۆشی و هۆکارەکانی و گشەکردنی و شێوازی مامەڵەی دەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم بخەینە ڕوو، پاشان پێشنیاری کۆمەڵە ڕاسپاردە و ڕێنماییەك بکەین کە بتوانرێت بەهۆیانەوە ڕەوشی ژیانی.. قوربانیەکانی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیە باشتر بکرێت.

## چۆنێتی خوێندنەوەی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکەمان دابەش دەبێتە سەر سێ بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم بریتیە لەبنەما سەرەکیەکانی لەشفرۆشی و لەچوارچێوەی سێ باسدا شیکراونەتەوە، باسی یەکەم کورتەیەکی مێژوویيمان پیشان دەدات لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی و گەشتێکە بەنێو ناسراوترین کەلتوورەکانی جیهاندا سەبارەت بە لەشفرۆشی، باسی دوەمیش گرنگی دەداتە لەشفرۆشی لەڕوانگەی زانستی سێکسۆلۆجیەوە، واتە سێکس زانی، کە ئەمەش یەکێکە لەزانستە نوێیەکان و لەنێو کۆمەڵە زانستێکی وەك زیندەوەر زانی و پزیشکی و دەروونناسییەوە بەرهەم هاتوە و گەشەی کردوە. هەرچی باسی سێیەمیشە کاریگەری و پاشهاتەکانی لەشفرۆشی بەشێوەیەکی تیۆری لەسەر کۆمەڵ ڕوون دەکاتەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی..تاد.

کاتێك دێینە سەر بەشی دوەمی توێژینەوەکەمان، بەتەواوی دەچینە ژینگەی گرفتەکەوە لەکۆمەڵگاکەماندا و گرنگی بەئەکتەرەکانی دەدەین. ئەم بەشە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتکراوە دەگرێتە خۆی کە لەشفرۆش و ڕێکخەرەکانی بازاڕی سێکس و کڕیارەکانی

دەیانگێڕنەوەو سەرئەنجامی کۆمەڵە پرسیارێکی توێژەرەکان دێنە وەڵام. باسی یەکەمی ئەم بەشەمان تایبەتە بە لەشفرۆشەکانو خۆیان چی دەڵێن؟ ئەوەش ئەو ڕاستیانەیە کە لەناخی لەشفرۆشدا دەگوزەرێتو ئەو گرفتانەمان خستوەتە ڕوو کە لەشفرۆشێك هەستی پێدەکات. باسی دوەممان گرنگی بە لەشفرۆشی دەدات لەزاری ڕێکخەرەکانیەوە کەلم توێژینەوەیەدا بەسەرۆك باند، یان دەلالْ باسکراوە، ئەم گرۆیە لەتوێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت داکۆکی لەکارەکەیان دەکەنو هەندێ ڕاستی هەر پەردەپۆش دەکەن بۆ ئەوەی شەرعیەتێك بدەنە ئیشەکەیان. باسی سێیەمی ئەم بەشەش بریتیە لەلەشفرۆشی لەزاری کڕیارەکانەوە کە لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا بەزۆری پیاوانو ئەمانیش بەپێی سروشتی خۆیان کەمترین لێدوانیان هەیە لەسەر ئەم کارەو چیرۆکەکانیان زۆر بەکورتی دەگێڕنەوە.

ئەم چیرۆکانە بەگشتی چەند لایەنێك پیشان دەدەن لەژیانی هەرکەسێك کە کراوەتە سامپڵی توێژینەوەکەمانو بەشێوەیەکی گشتی ئەم کەسانەش بێ پەردە قسە لەسەر گرفتەکانیان دەکەن لەچوارچێوەی بازاڕەکانی سێکسدا زاراوەکان بەکاردەهێنن، هەروەها زۆرێکیش لەلێدوانەکانیان وشەی ناو بازاڕەکەیە، کەلەوانەیە لەڕووی زمانزانیەوە زیاتر بتوانین ئەوە ڕوون بکەینەوە کە لێرەداو بەپێی سروشتی کۆمەڵەکەمان، ئەم لایەنەمان فەرامۆشکردوە، چونکە وەك پێشتر باسمانکرد ئەم توێژینەوەیە زیاتر توێژینەوەیەکی زانستیە کە سنووری دابەشکردنەکەی دیاریکراوەو ئاراستەی ئەو ناوەندو کەسێتیانە دەکرێت کە دەیانەوێتو دەتوانن بەشداری لەچارەسەردا بکەنو گرنگی بەلایەنە کۆمەڵایەتیە پەیوەندیدارەکان دەدەین بەم بابتەوە نەك بەلایەنە زمانەوانیەکەیەوە.

لێرەداو لەم باسەدا، توێژەر هەستاوە بە گۆڕینی هەندێك لەو وشانە یان دێڕانەی کە وەك جنێو دەربڕراون یان وەك سووکایەتی یان وشەی ناشایستەن بەپێی دابونەریتی کۆمەڵ.. لەڕاستیدا دەکرێت لە توێژینەوەیەکی زانستیدا گوزارشت لەو وشانەش بکەین کاتێك وتەکانی لێتوێژراوە دەخەینە ڕوو، بەڵام لەکۆمەڵگایەکدا کاتێك سێکس سەرکوتکرابێت بە ئەندازەیەکی بەرز، ئەوا ئاستەنگەو ناکرێت توێژینەوەکەش ببێتەوە بە پانتاییەکی تر بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزوە سێکسیەکانو زیاتر بەوجۆرە سوودی لێببینرێت نەك وەك چارەسەر یان زانست.

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەستاوە بەگۆڕینی هەموو ئەو وشەو لێدوانانەی کەلەشفرۆشێك یان کڕیارێك دەیانڵێت‌و بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان دەرنەبڕراون، چونکە ئاستەنگە بەوشێوەیەی خۆی دەربڕرێت، لەلایەك دەبێتە هۆکار بۆ وروژاندنی سێکسی لای هەندێك خوێنەر، کە ئەم کارە زانستیەش وەك پۆرنۆگرافیا دەکەوێتەوەو لەلای دوەمیشەوە بازاڕ گەرمی توێژینەوەیەك ئامانجەکەی بەم جۆرە بێت ناکرێت بەئاراستە نێگەتیڤەکەیدا بکەوێتەوە. وشەکانی توێژینەوەکەشمان بەم جۆرەی لای خوارەوە جیاکردوەتەوە تا بەتەواوی بیان ناسینەوە:

1. هەموو ئەو پرسیارانەی توێژەر دەیانکات لەڕێگای داتاکۆکەرەوەکانیەوە بەنیشانەی پرسیار دیارن‌و تیپی (پ/) ئاماژەیان پێدراوە.
2. هەموو ئەو شیکردنەوانەی کە لەکاتی چیرۆکەکاندا توێژەر شیاندەکاتەوەو هەندێ کات بۆ دەربڕینی تێبینی بەکارهاتوە هەر لەلایەن توێژەرەوە، ئەوا خراونەتە نێوان دوو کەوانەوە بەم جۆرە: ((تێبینیەکانی توێژەر لەکاتی چیرۆکەکاندا)).
3. هەموو ئەو وشانەی کەتوێژەر گوڕانکاری تێدا کردون‌و لەبری وشە ناشایستەکان بەکاریهێناون خراونەتە نێوان یەك کەوانەوە بەم جۆرە: (ئەو وشەو ناوانەی کە گۆڕراون).
4. هەرچی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیشە بە سادەیی نوسراون‌و هێمای "...." بەکار هاتوە بۆ ئەو وتانەی لەزاری یەکێکی ترەوە گێڕراونەتەوە.
5. بۆکسەکان بەکارهاتوون بۆ شیکردنەوەکانی توێژەر لەسەر هەر چیرۆکێك.

گەر زیاتر لەسەر ئە جۆرە تێبینیانەش بدوێین ئەوا دەڵێین: سەرجەم ناوەکانیش بەپێی پیتێك جیاکراونەتەوە کەکورتکراوەی ناوە ڕاستەقینەکە نیە، ئەمەش چونکە هەندێ گرفتمان بۆ دروست دەکات، چونکە هەندێك لەناوەکان بەپێی پیتیش بێت هەر دەناسرێنەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیەش بۆ ئاشکراکردنی هەندێك زانیاری نەهاتوە وەك ئەوەی بزانین کێ چی دەکات‌و کێ چی ناکات بەتایبەت لەناوەندەکانی دەسەڵات‌و پارتە سیاسیەکاندا بۆیە سەرجەم ئەو بابەتانەی تێدا فەرامۆشکراوە، ئەمەش بەئەرکی دەزگا بەرپرسەکان دەزانین نەك توێژەر. هەر لەبەشی دوەمدا بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی

دیاردەکان شیکراونەتەوەو بەجیا لەچوارچێوە نراون، بۆ خوێنەر پێویستە هەر چیرۆکێك تەواو بکاتو پاشان پەنا بەرێتە بەر خوێندنەوەی ئەو تێکستانەی لەچوارچێوە نراون، چونکە ئاسان نیە تێگەیشتن لەبابەتەکە ئەگەر بەتەواوی هەر چیرۆکێك نەخوێندرێتەوە، هەرلەم باسەوە دەڵێین باشترە چیرۆکەکانیش وەك ڕیزبەندیەکەی خۆیان بخوێنرێتەوە نەك بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان گرنگی دەداتە شیکردنەوەی داتاکان لەتوێژینەوە مەیدانیەکەوەو بەگشتیش شیاندەکاتەوە. لەباسی یەکەمی ئەم بەشەشدا بەشێوەیەکی گشتی خوێندنەوەیەك دەکەین بۆ ژینگەی توێژینەوەکەوەو ئاماژە بەڕووداوە مێژوویەکانی دەدەینو کاریگەریەکانی ڕوون دەکەینەوە. لەباسی دوەمیشدا هەوڵ دەدەین گۆڕانی کەلتووریو میکانیزمی کۆمەڵایەتیو سیاسی مەمەڵەکردن لەگەڵ کێشەکەدا باس بکەین تا بزانین چۆن دەتوانین کاریگەریەکی پۆزەتیڤمان هەبێت لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە. لەباسی سێیەمیشداو لەکورتەی توێژینەوەکەماندا سەرجەم دەرئەنجامو ڕاسپاردەو پێشنیارەکان دەخەینە ڕوو.

## بەشی یەکەم: بنەما تیۆریەکانی لەشفرۆشی

### باسی یەکەم: لەشفرۆشی لە مێژوودا

- سەرهەڵدانی لەشفرۆشی لە مێژوودا
- لەشفرۆشی لەشارستانیەتە کۆنەکاندا
- لەشفرۆشی لەسەردەمی یۆناندا
- لەشفرۆشی لە پاش یۆنان تا 1800ی پاش زایین
- لەشفرۆشی لەسەدەی نۆزدەهەمدا
- لەشفرۆشی لەسەدەی بیستدا

### باسی دووەم: سێکسۆلۆجیو ڕەهندەکانی لەشفرۆشی

- سێکسۆلۆجی وەك زانستێکی نویَ لە نێو زانستەکانی کۆمەڵناسیو دەروونزانیدا
- جۆرەکانی لەشفرۆشی لەدونیادا
- جۆرەکانی لەشفرۆشی لەکوردستاندا
- چەند ئامارێکی جیهانی سەبارەت بەلەشفرۆشی
- بنەما دەروونیەکانی لەشفرۆشی
- بنەما ئابووریەکانی لەشفرۆشی
- بنەما کەلتووریو کۆمەلأیەتیەکانی لەشفرۆشی
- بنەما سیاسیەکانی لەشفرۆشی

### باسی سێیەم: کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەر کۆمەڵ

- کاریگەرییەکانی لەشفرۆشی لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ
- تێڕوانینی فێمینیستەکان لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی
- سەربەخۆیی سێکسیو لەشفرۆشیو کاریگەرییەکانی
- کاریگەریە تەندروستیو کۆمەڵایەیتیەکانی لەشفرۆشی
- کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە
- کاریگەریە سیاسیو ئەمنیەکانی لەشفرۆشی

## باسی یەکەم: لەشفرۆشی لە مێژوودا

### ➢ سەرهەڵدانی لەشفرۆشی لە مێژوودا

کاتێك باس لە لەشفرۆشی دەکرێت بەشێو گشتی دەوترێت کە یەکێکە لەکۆنترین پیشەکان کەمرۆڤایەتی زانیوەیەتی و تەنانەت هەندێك بیروبۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بەسەرهەڵدانی لەشفرۆشی، بەپێی هەریەك لەو بیروبۆچوونانە بنەڕەت و دێرینی ئەم کارە وەك پیشەیەك لێك دەدەنەوە، بەنمونە هەندێك سەرەتاکانی دەگەڕێننەوە بۆ پەیدا بوونی ڕاوو شکار، واتە کاتێك مرۆڤ ڕاوی کردوە بەرامبەر ڕاوەکە یان نێچیرەکە هەستاوە بە ئاڵوگۆڕ لەپێناوی سێکسدا، هەندێکی دیکە دەڵێت لەگەڵ سەرهەڵدانی دراودا پەیدا بوە، هەندێکی تر دەڵێت سەرهەڵدانی لەشفرۆشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی کە بازرگانی درووست بوە.. بەم جۆرەش هەریەك لەو بیروبۆچوونانە دەخوازن بەشێوەیەك لەشێوەکان بڵێن لەشفرشی یەکێکە لەهەرە کۆنترین جۆرەکانی پیشە کەمرۆڤایەتی پێڕەوی کردوە بۆ دابینی بژێوی خۆی.

وەك مێژوو زۆرێك لەمێژوونووسان و شارەزایانی بواری کەلتوورو شارستانیەتەکان ئەم پیشەیە دەگەڕێننەوە بۆ 3000 ساڵ پ.ز[4]. بەلاّم زۆر ئاستەنگە کە سەرهەڵدانی لەشفرۆشی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دیاری بکەین و بڵێین لەبەروارێکی دیاریکراودا سەریهەڵدا، چونکە ئەوپرۆسەیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەرکێکی زۆرگرانە لەڕووی مێژوو نووسینەوە، کە ئەمەش بۆ زۆربەی دیاردە کۆمەلاّیەتیەکان ڕاستە.

ئەوەی مرۆڤ لەئاژەڵەکانی تر جیادەکاتەوە بریتیە لەئاستی گەشەکردنی کۆئەندامی دەمار کەبەهۆی ئەم گەشەیەوە بەشێکی گەورە لەڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤیش گۆڕاوە کەیەکێك لەوانە بریتیە لەتوانای قسەکردن و بەهۆی ئەمەشەوە توانیویەتی بنەمای ئەخلاقی بهێنێتە گۆڕێ، کە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاواز بوە. گەر ئەم مەسەلانە هەموویان وەلا بنێین و پرسیار لەخۆمان بکەین تابزانین سەرەتاکانی بەمرۆڤ بوونی مرۆڤ

---

[4] یەکێك لە ئینسایکلوپیاداکان وادەڵێت بەنمونە ویکیپیدیا.

لە گیانەوەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەی.. ئەوا ئەو کات دەتوانین بڵێین ئەوە سەرەتایەکە بۆ درووست بوونی هەندێك لەبنەمای ئەخلاقی کەدواجار دەتوانین گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی سەرەتاکانی لەشفرۆشیش بکەین.

لێرەدا ئێمە مەبەستمان نیە لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەوە باس لەمەسەلە مێژوویەکانی ئەنترۆپۆلۆجیاو درووست بوونی مرۆڤ بکەین، یان بمانەوێت یەکێك لەمەسەلە ئەنتۆلۆجیە فەلسەفیەکانی بوون بسەلمێنین، بەلاّم دەڵێن بێگومان مرۆڤ لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیانیدا، هەروەك ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ سێکسدا کردوەو بەتەنیا پشتی بەستوە بە هاندەرە غەریزیەکان بۆ ئەوەی سێکس بکاتو تاکە وەزیفەی سەرەکی سێکسیش بریتی بوە لەزۆربوون.. بەلاّم پاش گەشەی مرۆڤو پەرەسەندنی کۆئەندامی دەمارو بەهێز بوونی توانای بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوە، واتە (التفکیر و التذکر) سێکس لای مرۆڤ فەنتازیای تیادا درووست دەبێت. واتە دەتوانین بڵێین کە لەزۆر کۆندا مرۆڤیش وەك هەر ئاژەڵێکی تر سێکسی کردوەو پاشان پەرەی سەندوە تابوەتە شێوازی جۆربەجۆر لەپەراوەی سێکسیدا.. لەڕاستیدا بۆ ساغکردنەوەی ئەم ڕاستیانە پێویستە پشت بە هەندێ بەڵگەنامەی مێژوویی و ئەنتیکناسی ببەستین، بەلاّم ئەمەش لەم توێژینەوەیەی ئێمەدا کارێکی گرانەو نامانەوێت خۆی لێ نزیك بکەینەوە، دڵنیاین کەمێژوویەکی دیاریکراوی هەیە بەپێی سروشتی پەرەسەندنی شارستانیەتو کەلتوورەکانی مرۆڤایەتی، بەلاّم لەڕووی مێژوونووسیەوە ناتوانین ڕۆژێك یان مێژوویەك یان سەدەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکەین سەبارەت بەو مەسەلەیە[5].

ئێستاش بۆ ئەوەی سەرەتاو سەرهەڵدانی لەشفرۆشی باس بکەین وەك بنەمایەکی تیۆری پێویستمان بەپێناسەیەك هەیە بۆ ئەم دیاردەیە. کە بەپێی ئینسایکلۆپیدیای (ویکیپێدیا) بریتیە لە: "فروشتنی خزمەتگوزاری سێکسی بەرامبەر بەپارە یان هەر جۆرە دەستکەوتێکی تر". بەلاّم بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد کەدەمانگەڕێنێتەوە بۆ پیشەی لەشفرۆشیو لەبکەرەکەیەوە پێناسەی دەکاتو دەڵێت: "لەشفرۆش ئەو ژنە و/یان پیاوەیە کە خۆی دەخاتە خزمەتێکی سێکسیەوە بۆ یەکێکی تر بەرامبەر بڕێك لەپارە".

---

[5] قصة الحضارة، ول ديورانت جزء الاول كتاب الاول، .

بەپێی ئەم زاراوەو چەمکانەش سەرهەڵدانی لەشفرۆشی پێویستی بەهەل‌و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، کەلێرەدا دەبێت خاڵبەندیان بکەین‌و دەڵێن لەشفرۆشی لەگەڵ گەشەسەندن‌و دروست بوونی هەریەك لەو خاڵانەدا گەشەی کردوە تا گەیشتوەتە ئەمڕۆ‌و بەشێوەیەکی گشتی دەرهاویشتەی ساتەوەختێکی مێژوویی نیە. گرنگترینی ئەوهۆکارانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

1. **نەگەیشتنی مرۆڤایەتی بەکۆمەڵگایەك کە تیایدا مرۆڤ سەردارو سالار بێت نەك یەکێك لەڕەگەزەکان خاوەن سەروەری بێت:** چونکە لەیەکێك لەبارەکانی تردا، واتە گەر کۆمەڵگا پیاوسالاربێت یان ژن سالار ئەوا دەرفەت هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەڕووی سێکسەوە ببێتە کالا، بەواتایەکی تر سەرەتاکانی لەشفرۆشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای یەك ڕەگەز سالاری جا ئەگەر ئەو باری سالاریە ژن بووبێت یان پیاو.
2. لەڕێگای پێناسەکانەوە دەتوانین بڵێین: **کەڵەکە بوون‌و دەگمەنی، (التراکم و الندرة)ی سێکس یەکێکی ترە لەهەلومەرجە پێویستەکانی سەرهەڵدانی لەشفرۆشی:** واتە پێویستە یەکێك لەڕەگەزەکان پێویستیەکی بۆ درووست ببێت بە مومارسەکردنی سێکس‌و بەڵام بەئاسانی بۆی دەستەبەر نەبێت، پاشان لەلای دوەمیشەوە ئەم مەسەلەیە فرە بێت واتا توانایەکی بەرفراوانی لەپەراوەی سێکس هەبێت‌و لێی زیاد بێت بەواتای پێویستی نالێین، بەڵکو بەواتا شمەکیەکەی، (المعنى السلعي للجنس)، بەم پێیەش لەشفرۆشی درووست دەبێت، بەڵام مەرجدارە بەیاسایەکەوە کە قەدەغەی بکات یان تابووی بکات، بۆ ئەوەی ئەو کالایە کڕین‌و فرۆشتنی تیادا درووست ببێت.
3. **پێویستە بازرگانی هەبووبێت، واتە سەرچاوەی بەرهەمهێنان هەبووبێت‌و سەرچاوەی بەکارهێنان هەبووبێت‌و لەو نێوەندەشدا بازاڕ هەبووبێت، کەیەکێکیش لەمەرجەکانی بازاڕ بریتیە لەهەبوونی هۆکاری ئاڵوگۆڕ:** لەبەر ئەوەی لەشفرشی بەپێی پێناسەکان‌و بەپێی سروشتی خۆی بریتیە لەپرۆسەی ئاڵگوڕێکی بازرگانی لەنێوان خزمەتگوزاری سێکسی‌و پارەدا ئەوا کاتێك سەریهەڵداوە کەبازاڕ هەبووبێت، لەپێشمەرجەکانی بازاڕیش بەدەر لەبەرهەمهێن‌و

بەکارهێن، هەبوونی کاڵای ناوەندی یان پارەیە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ئاڵوگۆڕی ئەو خزمەتگوزاریە ڕوو بدات، جا کاڵای ناوەندی بریتی بوو بێت لە شمەکێك یان دراوێك، یان خزمەتگوزاریەکی دەگمەن[6].

4. **مرۆڤ توانای پەراوەی سێکسی هەبووبێت بەشێوەیەکی تەجریدیو بەتەنیا سێکسێکی موجەرەدی کردبێت:** سێکس پرۆسەیەکی موجەرەد نیە لەهەستو سۆزو خۆشەویستیو پەیوەندییەکی زیندەگانیانەی پڕ واتا، کەلەلای گیاندار بەشێوەیەکی غەریزی گوزەر دەکات، لەلای مرۆڤیش لەسەردەمی کۆمۆنەیی سێکسدا هەمان سروشتی هەبوە، بەڵام بەهۆی گەشەی کۆئەندامی دەمارەوەو پەرەسەندنی بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوەوە، مرۆڤ ئارەزووی تاقیکردنەوە دەکاتو هەندێك جار کردەکان دەبنە خویەکی موجەرەد، ئەگەرچی هەمان ئالیەتی بارە ناتەجریدیەکەیان هەیە. ئالەم بارەدا کاتێك سێکس دەبێتە خزمەتگوزاریەکی پێشکەشکراو بەرامبەر بەپارە یان هەر شمەکێکی تر ئەوا دەتوانین بڵێین کەپەراوەی سێکسی تەجرید بوە.

5. **قۆناغێکی کۆمەڵایەتی ئینتیقالی بۆ سێکس هەبوە کە لەنێوان کۆمۆنەییو خاوەنداریدا سێکس بکاتە کاڵا بەدەر لەتوانای خاوەنداریێتی هەریەك لەڕەگەزەکان:** واتە گەر دەگەڕێینەوە سەر قۆناغی کۆمۆنەیی سێکسی[7]، ئەوا دەڵێین لەم قۆناغەدا سێکس لەبارێکی ڕەهای هەمەجۆری سێکسدا بوە (التنوع الجنسي)، وردە وردە لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەنداری سێکسیداو بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو بارودۆخی هەمەجۆریەو چێژەکانی هەمەجۆری، دەرفەتێکی باش بوە بۆ سەرهەڵدانی لەشفرشیو تەنانەت دەرفەتێکی باش بوە بۆ هێنانە کایەی فرە ژنیو فرە پیاوی.

---

[6] ئەمەش هەندێك لەوخزمەتگوزاریانە دەگرێتەوە کە دەکرێت وەك ئاسانکاری لەدامەزراوەکاندا سەیری بکەینو لە ئێستادا پێی دەوترێت واسیتە، یان نێوەندی کردن بۆ کارێکی نایاساییو بەیاسایی کردنی ئەوکارە.

[7] ئەم ڕاستیە بەپێی بیروبۆچوونی ئاینیو نائاینیش ڕاستە، چونکە بەپێی بیروبۆچوونە ئاینیەکان سەرەتاکانی زیاد بوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ جووت بوونی نێوان خوشكو برا جیاوازەکان کە هەموویان نەوەی ئادەمو حەوا بوون، بەهەمان شێوەش بۆ بیروڕا نا ئاینیەکان کە سەرەتاکانی گەشەی مرۆڤایەتی دەگەڕێننەوە بۆ ئاژەڵ.

6. **سروشتی سێکچواڵیتی هەریەك لەژن و پیاو دوو هۆکاری یاریدەدەر بوون بۆ سەرهەڵدانی لەشفرۆشی**: لەبەر ئەوەی بڕگەیەکی تایبەتمان لەباسکردن هەیە سەبارەت بەم خاڵە لێرەدا ناچینە وردەکاریەکانیەوە.
7. **پرۆسەی هاوسەرگیری سەرئەنجامی خاوەنداریێتی و سەرئەنجامی گشەسەندنی ئابووری کۆمەڵگاکان هاتۆتە گۆڕێ، هەر بۆیە دەڵێین مێژووی سەرهەڵدانی هاوسەرگیری بنەمایەکی ئابووری هەیەو ئەمەش یەکێکی ترە لەمەرجەکانی سەرهەڵدانی لەشفرۆشی. واتە سەرەتاکانی لەشفرۆشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتانەی کە هاوسەرگیری پەیدابوە.**
8. **خودی هاوسەرگیری لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی لەشفرۆشی**[8]: لەبەشێکی زۆری کۆمەڵگاکاندا بەتایبەت کۆمەڵگا دواکەوتوەکان، پرۆسەی هاوسەرگیری سەرئەنجامی ئاڵوگۆڕی ژن بەرامبەر بەدراو ڕوو دەدات، کە ئەمە یەکێك بوە لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی لەشفرۆشی لەمێژوودا و کاتێك هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ئەم ئاڵوگۆڕە ئەنجامدرا، ئەوا هەر خۆیشی جۆرێکە لەجۆرە ڕێکخراوەکانی لەشفرۆشی.

بەم جۆرەش ئەم خاڵانە بنەمای سەرەکین بۆ سەرهەڵدانی لەشفرۆشی، هەرچەند ناتوانین دەستنیشانی بکەین، کە بەرواری سەرهەڵدانەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەی و مەرجیش نیە کە سەرەتاکانی لەشفرۆشی لەگەڵ ئامادەباشی هەموو خاڵەکاندا پێکەوە هاتبێتە گۆڕێ، بەڵکو هەلومەرجەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە گۆڕاندا بوون و لەکەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەبوە سەبارەت بەم جۆرە لەپیشە، ئەگەر قایل بین بە پیشە ناوی بەرین.

## ➢ لەشفرۆشی لەشارستانیەتە کۆنەکاندا :

سەرەتاکانی لەشفرۆشی لەوڵاتی سۆمەردا لەبەرامبەر پارەیەکی دیاریکراودا نەبوە، بەڵکو سەرەتا باوکان بەشانازیەوە کچەکانیان پێشکەش بەقەشەکان کردوە لەبەرامبەر

---

[8] قصة الحضارة ول ديورانت: كتاب الاول جزء الثاني

دابینکردنـی ئاسایشـی خواوەندەکانـداو ئەوکاتـە پێویسـت بـوە کەکاهنـەکان تێربکـرێن لـەڕووی سێکسـەوە بـۆ ئـەوەی ئارەزوەکانیـان‌و بـاری دەروونیـان بـاش بێـت‌و لـەو بێزاریـە ڕزگار بکرێن کە هەیانە[9].

لەسـەردەمی مصـریە کۆنەکانیشـدا، واتـە لەسـەردەمی شارسـتانیەتی فیرعەونەکانـدا، جۆرێـك لەسـنوور بەنـدی سێکسـی هـەبوە بەتایبـەت لـەناو دەسـەڵاتدارەکانداو هەسـتاون بەهاوسـەرگیری لـەنێوان هـەمان خێزانـدا ئەمـەش بـۆ پارێزگـاری لـەپاکی خـوێنی پادشاکانیان، کەلەلایەکی ترەوە سنووررداری پەیوەندیە سێکسیەکان دەرفەتێکی زیاتری داوە بە هاندانی لەشفرۆشی‌و هەر لەم شارستانیەتە زیاتر لەشفرۆشی لەلای پیاوان باو بوە نەك ژنان، چونکە گەر سەیری هەموو ئەو ئەدەبیاتە بکەین کە لـەو سـەردەمەوە بۆمـان جێماوە ئەوا دەبینین بە پلەی یەك ڕەگەزی مێ ڕەگـەزی نێـر دەدوێنێت‌و داوای جێـژوان‌و هاوسەرگیریان لێدەکات[10].

لـەوڵاتی بابلـدا هـەموو ژنێـك پێویسـت بـوە بچێتە لای پەیکـەری میلتـا (پەیکـەری گـوڵ)، کەلەوێدا یەکێك لەبێگانەکان دەهات‌و پارچە زیوێکی دەدا بەژنەکەو پاشان ژوانێکی بۆ داناوە لەدەرەوەی ئەو پەرستگایەو لەگەڵیدا سێکسی کردوە، پاشان ژنەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ مـاڵی خـۆی بەپلەیـەك جوانـەکانیان ڕاسـتەوخۆ هاوسـەرگیریانکردوە، هـەروەها ژنـی ئـەوتۆش هـەبوە، ئەگـەر لـەڕووی جەسـتەییەوە زۆر جـوان نـەبووبێت، ئـەوا بـۆ سـێ ساڵ‌و چوار ساڵ لەناو ئەو پەرستگایەدا ماوەتەوە، چونکە ماڤ هاتنە دەرەوەی نەبوە. کە باس لـەو پارچـە زیـوە دەکـەین مەبەسـتمانە بـاس لـەبڕی ئـەو پارەیـە بکـەین کـە بەرامبـەر ئـەو یـەکجار سێکسـە وەریـانگرتوە کـە دەکرێـت ئـەوە سـەرەتایەك بووبێـت بـۆ سـەرهەڵدانێکی بەربڵاوی لەشفرۆشی لەبەرامبەر پارەدا.

گـەر سـەیر بکـەین لەهنـدی کۆنـدا مەسـەلەی لەشفرۆشـی لـەنێو ئـەو ناوەندانـەوە هاتوەتـە کایـە کـە زۆرتـرین نزیکیـان لـەئایین‌و خواوەندەکانیانـەوە هـەبوە.. هەربۆیـە زۆرتـرین قەدەغـەکردنی سێکس ڕێخۆشـکەرە بـۆ زیـادکردنی دەرفـەت‌و هێنانـە کایـەی لەشفرۆشـی ڕێکخـراو.. لـەناو هیندۆسـەکاندا باوەڕیـان وابـوە کـە دەبێـت کـچ هـەر لەمنداڵیـەوە بدرێتـە

---

[9] قصة الحضارة ول ديورانت: كتاب الاول جزء الثاني

[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو

شوو، چونكه پەراوەی كواماسوترا يەكێكە لەو چيرۆكە سێكسيانەی لەڕاستيدا لەهێندی كۆندا باو بوەو هەر لەمنداڵيەوە بۆ كچەكانيان كوڕێكيان دۆزيوەتەوەو باوەڕيان وابوە كە مرۆڤ هەستی بەگەشەی سێكچواڵيتی خۆی كرد ئەوا پێويستە ڕاستەوخۆ ئەو توانا سێكسيە لەڕێگايەكی شەرعيەوە بخاتە كار.. هەروەها هەر لەناو هيندۆسەكاندا گرنگ بوە كە ژن ناپاكی سێكسی لەمێردەكەی نەكات. بەڵام ژمارەيەك لەپياوان خۆيان نەزر كردوە بۆ پەرستگاكانيانو بەدرێژايی تەمەنيان خۆيان تەرخانكردوەو خۆيان بێ بەش كردوە لەهەموو خۆشيەكی ژيان.. دواجار ئەم پياوانە پێويستيەكی بێوچانيان هەبوە بۆ سێكسو بەدەست خۆيان نەبوە چونكە لەلايەن باوكەكانيانەوە بۆ ئەم كارە تەرخان كراون.

يەكێك لەكەلتووره باوەكان بەهەمان شێوە پێويست بوە ژمارەيەك لەكچانيش خۆيان بۆ پەرستگاكان تەرخان بكرێنو جێی شانازيش بوون، بەڵام كاری ئەمان جياواز بوە چونكە بەرپرس بوون لەسەماكردنو بێژانی گۆرانی سێكسی لەبەردەم خواوەندەكانياندا‌و ئەم كارەيان بۆ ڕەزامەندی ئەو كاهينانەكردوە كەخۆيان تەرخان كردوە بۆ پەرستگاكانو زۆر بەزوويی ئەم كارە گۆڕاوە بۆ ئەوەی هەندێ ماڵی لەشفرۆشی لەسەر درووست بكرێتو شەرعيەت دراوە بەو كەسانەی كە دەيانەوێت بڕێك پارە بدەن بەپياوە ئاينيەكان تا بەهۆيەوە ئەو لەشفرۆشانە بژيەنو بەرامبەر ئەوەش لەشفرۆشەكان سێكسيان لەگەڵ پياواندا كردوە.. بەم جۆرە ئەم خانەی لەشفرۆشيانە زيادی كردوەو بوەتە دياردەيەكی باو، تەنانەت ساڵانە ڤيستيڤاڵی جياوازكراوە بۆ ئەو جۆرە سەماو گۆرانيانەی كە لەپەرستگاكاندا كرديانە بۆ خواوەندەكان كە بريتی بوون لەجۆرەها گۆرانی هەست بزوێن بۆ كردەی سێكسی. بەم جۆرەش دەتوانين بڵێين لەشفرۆشی ڕێكخراو لەهيندی كۆندا سەرەتايەكی دامەزراندوە بۆ ئەو كەسانەی دەتوانن ئەم جۆرە لەكاری سێكسی بكەنە سەرچاوەيەك بۆ بەڕێوەبردنی ژيانی ئابووری خۆيان[11].

## ➢ لەشفرۆشی لەسەردەمی يوناندا

[11] قصة الحضارة، ول ديورانت، كتاب الثاني جزئي الثالث و الرابع

یۆنانیەکانو بەتایبەت لەئەسینادا کەنمونەیەکی باشی بنەما ڕەوشتیەکانیان بەخۆوە نەبینیەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی یۆنانی کۆن لەڕووی ئەخلاقەوە لەڕۆژهەڵات چوە تا لەڕۆژئاوا بچێت. ئەوەی سەیرە لای یۆنان کەسێکسیان بەبنەمای خۆشەویستی زانیوە نەك بە پێچەوانەوە. باوکسالاریش یەکێکی تربوە لەخەسڵەتەکانی کۆمەڵگای یۆنانی چونکە ئەوەندەی کۆتو پێوەند لەسەر ڕەگەزی مێیینە هەبوە ئەوەندە لەسەر ڕەگەزی نێرینە نەبوە بەتایبەت پێش پرۆسەی هاوسەرگیری کەتیایدا نێرینە ئازاد بوە پاش خەوبینین بەڵام مێینە پێویستی زیاتری بەخۆپارێزی هەبوە لەڕووی سێکسیەوە.

لەناو ئەسینادا یاساکان ڕێگەیان داوە بەلەشفرۆشیو تەنانەت باجیشیان لە لەشفرۆشەکان وەرگرتوە، ئەوەی لەڕووی ئەخلاقیەوە ناشرین بوە تەنیا ئەگەر پیاوێك بەم کارە هەستا بێت ئەوا لەلایەن ژنەکانیانەوە سەرکۆنەکراون یان لەناو شارەکەدا بەکەمتر سەیرکراون بەڵام وەك تاوان نەناسراوە. ئەوەی گرنگە بیزانین کۆتو پێوەندەکان لەسەر ژنان زیاتر بوون[12].

لە یۆنانی کۆندا بەشی هەرە زۆری یاساکان لەسەر بنەمای چینەکان دابەش بووبوو، هەر بۆیە یاسای لەشفرۆشیش بەپێی چینی جیاواز جیاواز ڕێگەی دابوو بە ژنان کە لەشفرۆشی بکەن. لەشفرۆشی یەکێك بوو لەو پیشانەی کە خەڵکێکی زۆر خەریکی بوون بەتایبەت لەشارێکی وەك ئەسینادا کە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریو بازرگانی گرنگ بوو، هەر بۆیە چەند جۆرێکی جیاواز و چەند پسپۆڕیەکی تایبەت لە لەشفرۆشی بەپێی چینەکانیان هەبوە.

لەشفرۆشەکانی چینی پۆرنای لەقەراغ شار دەژیانو شوێنی نیشتەجێ بوونیان زۆر پێشکەوتوو نەبوە، هەرکەس ویستبێتی توانیویەتی بەئاسانی بیاندۆزێتەوە چونکە **(زەکەری پریاپۆس)** بەدەرگاکانیاندا هەڵدەواسراو کرێی چوونە ژوورەوەش زۆر هەرزان بوە (یەك ئۆپڵە). ناو ئەم خانوانە پڕبوە لە کچی جۆراوجۆر، جلی تەنکیان لەبەرکردوە، پێیان وتون (جمنایی)، ئەمانە لەهەمان خانەدا لێیان فرۆشراوەو لەبازاڕەکانی فرۆشتنی ئەم کەسانەدا هاوشێوەی بازاڕەکانی سەگ بوە. لەم ماڵانەدا، کە بەزۆری خەڵکی بێگانە

---

[12] قصة الحضارة، ول ديورانت، كتاب الثاني جزئي السابع و الثامن

بەشارەکە سەردانی کردوون و  توانیویانە هەندێك لەلەشفرۆشەکان بۆ ماوەی هەفتەو دە ڕۆژو مانگ بەکرێ بگرن.. ئەمانە بەزۆری لەسەر ئامێری قیسارە موزیك ژەن بوون و سەمایان کردوە بە جل و بەرگی زۆر تەنکەوە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەین، لەبەر ئەوەی لەیۆناندا لەشفرۆشی کارێکی یاسایی بوە وەك هەر پیشەیەکی تری پزیشکی.. مامۆستایەتی سەیرکراوە.. بەلام بەپێی چینەکانی جیاواز بوون، هەر بۆیە قوتابخانەی تایبەت بەخۆی هەبوە، کە چۆن لەم شوێنانەدا فێر بوون. بەرزترین ئاست لەچینەکانی لەشفرۆشی هیتارایی بوە، کە بەزۆری لەخەڵکی ڕەسەنی ئەسینا پێك هاتوون، نەك ڕۆژهەلاتیەکان وەك پۆرنای. ئاستی ئەم چینە زۆر بەرزبوە، کەلەوانەیە بڵێین هۆکاری چی بوە کە چینێکی ئاوا بەرز تووشی لەشفرۆشی ببێت؟ دەڵێین ئەمانە بەهۆی هۆکاری جیاواز جیاوازەوە لەماڵەکانیان دەرچوون، ئارزەوویانکردوە ڕزگاریان ببێت لە ژیانی تەنیایی و دەستیان داوەتە ئەم کارە.. پاش تەواوکردنی خوێندنێکی تایبەت بە لەشفرۆشی، هەروەها بەلایانەوە گرنگ بوە سەربەخۆ بژین لەخانویەکداو ئەوکارە بکەن.. زۆربەی هەرەزۆریان گەنم ڕەنگ و برۆنزی بوون، ڕەنگی قژیان زۆر زەرد کردوە چونکە باوەڕیان وابوە کە پیاوی ئەسینی ئارەزووی قژی زەرد دەکات. بەلام پێویست بوە ئەمانە جلی گوڵدار لەبەر بکەن، کە ئەمەش یەکێك بوە لەیاساکانی ئەسیناو مەرجێکی سەرەکی بوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی لەشفرۆشی.

هەروەك سەرەتا باسمانکرد لەشفرۆشی بەپێی چینەکان دابەش بوە، شتێکی ناشرین بوە بۆ پیاوان و ژنان بەلام لەڕووی ئەخلاقیەوە تابوو نەبوە،  بەلام بەڕێژەیەکی زیاتر بۆ ژنان.. بۆیە کاتێك پیاوان چوونەتە لای لەشفرۆشەکان زیاتر شەرمەزاری لەوەدا بوە کە بچنە لای لەشفرۆشێك لەچینێکی نزم.. بەلام بۆیان هەبوە شانازی بکەن بەچوونە لای لەشفرۆشێك لەچینێکی بەرزی وەك هاتایرایی.. هەربۆیە هەندێك لەلەشفرۆشەکانی چینی بەرز پلەوپایەی بڵندیان هەبوە بەهەمان ئاستی فەیلەسوفەکانی یۆنان.. بەنمونە: کریسترا یەکێك بوە لەوانەی کە عاشقەکانی بۆ چەند دەقەیەك 500 ئۆپڵەیان داوە.. ترجیلیا و میتهاری بۆ زیاتر لەهەفتا ساڵ خزمەتی سیاسەتمەدارەکانی یۆنانیان کردوە یەك لەدوایەك.. تیۆریس یەکێك بوە لەوانەی کەتەرخانکراوە بۆ گەنجکردنەوەی سۆفکلیز..

ئەركیانسا ئەو لەشفرۆشە بوە كەتایبەت بوە بە ئەفلاتون.. دانی‌و لیۆنتیۆم لەڕووی سێكسەوە تەواو جیاواز بوون، بەمامۆستای ئەبیقۆر دادەنرێن لەداڕشتنی فەلسەفەی چێژدا.. تمستونوئی كاری لەشفرۆشی كردوە تا كەوتنی دوا ددانی‌و ڕووتانەوەی دواهەمین تاڵی موەكانی سەری.. نائینای بەرامبەر یەك شەوی كچەكەی 1000 دراخمای وەرگرتوە، یەك دراخما 100 ئۆبڵەیەو دەكاتە نزیكەی 1000 دۆلاری ئەمریكی، ئەم نرخە گرانەش چونكە نزیكەی هەشت ساڵ وانەی سێكسی بە كچەكەی وتوەتەوەو بەوردی فێری ئەم پیشەیەی كردوە، یەكێك لەنهێنیەكانی بەڕەواجی ئەم كچە، ئەوە بوە كە لەناو ئەسینادا زۆر جوان‌و پڕ پۆشاك بوە (حیجاب بوە لەسەریەوە تا بەری پێی).

لەبەر ئەوەی لەیۆناندا لەشفرۆشی بە پیشە دانراوە، ڕێزێكی تایبەتیشی بۆ دانراوە.. لەشفرۆشیش لە لای چینە بەرزەكاندا پێویستی بە بڕوانامەی بەرزو شارەزایی زۆر هەبوە لەبواری سێكسدا لەپاڵ جوانیدا.. بەنمونە: جوانی یەكێك بوە لە پێداویستیەكان بۆ ئەوەی لەشفرۆشەكە لەچینە بەرزەكان هەژمار بكرێت..

لەشفرۆشێكی وەك لئیس، لەكاتی نووسینەوەی مێژووی شارەكاندا، مێژوونووسەكان شەڕێكی زۆریان لەسەركردوە بۆ ئەوەی بە لەدایك بووی شارەكانی ئەوان دەستنیشان بكرێت.. واتە زۆربەی زۆری مێژوونووسی شارەكان شەڕیان بوە تا لئیس بكەنە لەدایك بووی شارەكەی خۆیان.. ئەم لەشفرۆشە لەبەر گرانی خزمەتگوزاریەكانی كە گرانیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ جوانیەكەی، هەروەها شارەزایی لەبواری سێكسدا.. زۆربەی زۆری هونەرمەندو نیگاركێشەكان تەنیا توانیویانە ئەوەندە پارە بدەن كە بەڕووتی بیبینن. چونە ژوورەوە بۆ لای لئیس.. بۆماوەی یەك كاتژمێری لم بریتی بوە لە 5000 دراخما.. دەگێڕنەوە دەڵێن میلۆنی گەورە، كاتێك لەپیریدا لئیسی دیوە، هەموو موڵكەكانی خستوەتە بەردەم بۆ ئەوەی شەوێك لەگەڵیدا بژی، بە جوانترین ژنی دونیا ناسراوە، بەڵام لئیس ڕازی نەبوە.. هەر بۆیە میرۆن هەستاوە بەتاشینی ڕیشە سپیەكەی‌و دەستكاری ڕەنگی نینۆكەكانی كردوەو پارەیەكی زۆری لە چرچەكانی دەموچاویدا سەرفكردوە تا قایلی بكات، تەنانەت دەڵێن جوانی لئیس‌و شارەزایی لەم پیشەیەدا كاریگەر هەبوە لەسەر گەڕانەوەی تین‌و گوڕی گەنجایەتی بۆ میرۆن.. كاتێك میرۆن دەچێتەوە بۆ لای لئیس‌و سوور دەبێت لەسەر داواكەی، لئیس دەڵێت: "چەند ڕۆژێك لەمەوبەر باوكت

هەمان داوای لێکردمو هەموو سەروەتەکەی دامێ بۆ یەك شەو، بەڵام من ڕازی نەبووم.. بۆ تۆ هەموو سەروەتەکەتم ناوێت، بەڵکو بۆ هەموو سەعاتێکی لمین 5000 دراخمام دەوێت" ئەمەش دوو ئاماژەی تیادایە: یەکەم لەلای لەشفرۆشێکی وەك لئیسیش ئەخلاقی تایبەت بە پیشەکەی هەبوە، لەلای دوەمەوە، لئیس توانیویەتی سەروەتێکی زۆر کۆبکاتەوە بەم ڕێگایە.. چونکە کرێی یەك شەوی لئیس 10000 دراخما بوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکەین، لئیس دەستو دڵێکی باشیشی هەبوە، لەگەڕەكو کوچە هەژارەکاندا گەڕاوەو خۆی گەنجانی هەژاری هەڵبژاردوەو بەبێ بەرامبەر لەگەڵیان خەوتوە.

## ➢ لەشفرۆشی لە پاش یۆنانەوە تا 1800ی پاش.ز

ئاینی مەسیحی لەسەردەمی ڕۆمانەکاندا هاتە کایەوە و گەر باسی لەشفرۆشی لەماوەی مێژوویی 30 پ. ز تا 120 ساڵی ئەو سەردەمەش بکەین، ئەوا دەبێت گفتوگۆکانمان لەسەر ئەخلاقی ڕۆمانی بێت لەسەردەمی قەیصەرەوە تا هاتنی مەسیحیەتیش بۆ نزیکەی ماوەی سەدەیەك.. لێرەدا دەڵێین ژیانی ئەخلاقی کەبەتەواوی لەژێر چاودێریەکی ورددا بوە بەتایبەت بۆ کچانو تاڕادەیەکیش زۆر گرنگ نەبوە بۆ کوڕانی لاو.. بەهەمان شێوەی سەردەمی یۆنان ئەو پیاوەی لەلەشفرۆش نزیکبوایەتەوە بەشێوەیەکی گشتی بەسووك سەیرکراوە..

لەسەردەمی ڕۆمەکاندا ئەم پیشەیە بەهۆی یاسایەکەوە ڕێکخرابوو کەتێیدا دەبوو لەشفرۆش لەدەرەوەی سنوری دیواری شارەکان بژین بەتەنها دەبوو لە شەودا کاربکەن فەرمانگەیەکی ڕەسمی هەبوو بۆناو نوسینی لەشفرۆشەکانو مۆڵەت پێدانیان. لەشفرۆش پێویست بوو (تۆگە) لەبەر بکات لەبری (ستۆلا) تۆگە جلێکی ڕۆمانی بوو وەکووجبە بەڵام (ستۆرە) تۆزێك لە تۆگە درێژتر بوە. بەشێکی زۆری ژنانی ڕۆمان خۆیان ناونووس دەکرد بۆ ئەوەی لە سجلێکی ئەو فەرمانگەیە ناویان هەبێت نەکا ڕۆژێك بێت بە خەیاڵیاندا زینا بکەن ئەمەش بۆئەوەی خۆیان بپارێزن لە سزاکانی زینا کردن کەزۆر قورس بوو.

کرێی ئەم لەشفرۆشانە زۆر کەم بوو بەچارەکە ئاستێك بوو ( پارەی کۆنی رۆمانی) ئەم یاسایانە لەشفرۆشیان زۆر قورس کردبوو کاتێکی زۆری ویستوە تا بچێتە دەرەوەی شار تا لەشفرۆشێکت دەسکەوێت هەر بۆیە توێژێك لەژنانی ڕۆشنبیر درووست بوون کەئەم کارەیان کردوە بەناوی گۆرا نی و مۆسیقاو سەماو گفتوگۆی فەلسەفە و شانۆوە، کەئەمانەش هەمووی لەپێش شانۆکانەوە کراوە هەروەها پەرستگاکانیش بۆئەم کارە بەکار هاتوە تەنانەت مێژوو نووسەکانی مەسیح دەڵێن ژمارەی لەشفرۆشەکانی رۆمان بەقەدەر ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان بووە بەتەنها لەرۆمدا (53000 ) لەشفرۆش هەبووە ئەمەش لەکاتێکدا کەزینا کردن زۆر بەتوندی سزا دراوە . لەشفرۆشی نێرینەش هەبوە لەسەردەمی رۆمانەکاندا.

لە ئاینی یەهودی سیفاتی ئەخلاقی زیاتر لەسیفاتی ئەخلاقی رۆژ هەلأت نزیك بووە تەنها یاسا توندەکانی رۆژ هەلأت نەبووە لەشفرۆشیان لێ قەدەغە بکات بەڵکوو ئەو یاسایانەی لە ئەورو پا دەرچووە دژی لەشفرۆشی جێبە جێیان کردوە سەرەرای بەربلأوی فرەژنی لەناو جولەکەدا بەلأم کوڕانو کچانیان زۆر بەتوندی پارێزگاریان لێ کراوە لەڕووی سێکسەوە. زۆر بەدەگمەن سێکسی نێوان هەمان ڕەگەز هەبووە وژنەکانیان بە پاکیزەیی ماونەتەوە زۆر بە حەیاو حورمەت بوون لەڕووی سێکسەوە هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زوو بەشودانیان. بەپێی بۆچونی مێژوو نوسی گەورە (وڵ دیوراند) لەشفرۆشی لەناو جولەکەکاندا بەئەندازەیەك کەم بوە مرۆڤایەتی هەتاماوە جارێکیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە ئەو دۆخە. ڕەبەنی پیاوان قەدەغە بوە هەرپیاوێك تەمەنی لە 20 ساڵ تێپەڕی بێت پێویست بوە هاوسەرگیری بکات دەنا بە پێی یاسا ئەم کارەیان ئەنجامداوە باوك ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەخێزاندا ماڤ هەبوە هاوسەرگیری کوڕەکەی یان کچەکەی دەست نیشان بکات بەلأم پێویست بوە بە پێی یاسا خۆیان ڕازی بن هەر لەبەر ئەوەش توانیویەتی کچەکەی بەمنداڵی بەشو بدات. لە ساڵەکانی (135 تا 565) هەمو بەشودانێکیش بەرامبەر بەبرێك پارەی دیاری کراو بوە ولەگەڵ تەلأقداندا پێویست بوە ئەو برە پارەیە بگەڕێنێتەوە بۆخاوەنەکەی (بەم جۆرەش دەتوانین بڵێن کەهاوسەر گیری بەپارە لەشفرۆشی نەبوە ئەوەندەی ڕەهنێکی کراوە بوە) بە شێوەیەکی گشتی پلەو پایەی ژن زۆر نرم بوە تەنانەت لەکاتی نوێژدا پیاوان سوپاسی خوایان کردوە کەبەژن

درووست نەكراون وژنانیش سوپاسی خوایان كردوە كەبەزەوقی خۆی دروستی كردوون وپاڕاونەتەوە چیتر لەوان دروست نەكات.
هەندێك لەیاساكانی پیاو سالاری لەسەردەمی یەهودا قەدەغەبوە، ژن و مێرد لەبەردەمی خەڵكدا بەگشتی قسەبكەن، مافی سەما كردنیان هەبوە بەلاًم ژن لەگەڵ ژن و پیاو لەگەڵ پیاو.. پیاو هەموسەروەت و سامانی ژنەكەی بۆماوەتەوە بەلاًم ژن هیچ مافێكی نەبوە لەسەروەت و سامانی مێردەكەیدا كچ هیچ مافێكی نەبوە لە میراتی باوكیدا ئەگەر برای هەبوو بێت بەلاًم گەر برای نەبوو بێت ئەوا هەقی هەبوە.

## ➢ ساڵەكانی ( 700 تا 1300 ) سەردەمی ئاینی مەسیحی

ژیانی مەسیحیەكان لەسەرەتادا پشتیان بە ڕاوو شوانكارەیی بەستوە گرنگ بوو خواردنیان دەست كەوێت وەپارێزگاری لە ژیان بكەن باروو دۆخی ئابووری ئەوان بەجۆرێك بوە كەلەسەر سفرەو خوان دانیشتوون نەیان زانیوە ئایە جاری دووهەم خواردن دەبێتەوە یا لەبرسا دەمرن، هەربۆیە بڕیاریان داوە بەربۆئارەزوە جنسیەكانیان بلاًوبكەنەوە، كەس پابەند نەبوە بەهاوسەرگیریەوە لەبەر ئەوەی ئاستی مردن زۆرتربوە لەلەدایك بوون. هەموژنێك هەڵپەی كردوە بۆئەوەی منداڵی ببێت هەموو پیاوێكیش هەڵپەی كردوە بۆئەوەی خواردن پەیدابكات. ئەوەی كەلەلای مەسیحیەكان تابوو بوە بریتی بوە لەسێكس كردن لەگەڵ ئاژەڵدا چ نێربوو بێ یان مێ سزاكەشی بریتی بوە لە سێدارەدان واتا هەردوو ئاژەڵەكەش و هەم مرۆڤەكەشیان كوشتوە بەڕێگەی سوتاندن. پەیوەندی سێكسی پێش هاوسەرگیری زۆر بەربلاًو بوە تەنها یەك هەفتە پێش هاوسەرگیری وازیان لەم جۆرە سێكسە هێناوە. لەشفرۆشی هەبوە لەناو كۆمەڵگای مەسیحیەتدا بەشێوەیەك لەشێوەكان بەربلاًو بوە. ئەو منداڵانەی لەلەشفرۆشی دروست بوون خراونەتەبەر كاری سەربازی و زۆرێكیش لەپاڵە وانەكان لەم منداڵانە بوون وەك (كۆشۆلان، ئارسەر، جاوین، رۆلاًند، ولیەم، فرۆی سارد،... تد) لەناو مەسیحیەكاندا و بەتایبەت لەناو سوپادا ژمارەیەكی زۆر لەژن هەبوون بەبەرگی پیاوانەوە كەلەجەنگەكاندا لەگەڵ سوپادا دەیان بردن چونكە دەیان ویست كاتی داگیركردنی شارەكان سەربازەكانیان مەشغوڵ نەبن بەدەست درێژی كردنی سێكسی بەنمونە كاتێك جەیشی

فەرەنسی دەوری عەکە دەدات لەفەلەستین (300) لەشفرۆشی فەرەنسیان لەگەڵ دەبێت کاتێکیش سەربازی موسڵمانانەکان ئەمەدەبینن داوای هەمان خزمەت گوزاری دەکەن. لەبەرامبەر ئەم خزمەتگوزاریانەدا ئەم لەشفرۆشانە موچەی تایبەتیان هەبوو کەکەنیسە ڕێگەی پێدابوون یەکێك لەوانە (قەشە تۆماس ئەکویناس) بەڵام لەهەمان کاتدا لەساڵی (1161) وە وردە وردە لەلایەن پەرلەمانی بەریتانیاوە بۆیەکەم جار لەشفرۆشی لەوژنانە قەدەغەکرا کەنەخۆشی لەش سوتانەوەیان هەبوە ئەمەش یەکەم جارە کەڕەچاوی هەلومەرجی تەندروستی بکرێت لەبواری لەشفرۆشیدا.

## ➢ لەسەردەمی ڕاپەڕین 1300 تا 1534

سەردەمی ڕاپەرین بەپلەی یەك لەئیتالیاوە دەست پێدەکات لەگەڵ لەدایك بوونی (پیترارك) سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەی مەزن مەزن لەدایك بوو بەڵام ئەم سەردەمە هەژمار دەکرێت بە سەردەمی لەبەریەك هەڵوەشاندنی بەها ئەخلاقیەکان ئەوەش سەرەنجامی دەوڵەمەند بوونە کەوڵاتی ئیتالیا یەکێك بوو لەو وڵاتانەی دەروازەیەکی گرنگی بازرگانی بوە لەنێوان ڕۆژهەلاتو ئەوروپای ڕۆژ ئاوادا لەم نێوەندەدا بازاڕو پارەو قەرز پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگایەکی مەسیحی کراوە دەبن. بەزیاد بوونی پارە تاوان زیاتردەبێت وەلەگەڵ دەوڵەمەن بووندا چیتر زاهید بوون نمونەی بڵندی ژیانو بەهای بەرزی ئەخلاقی نامێنێت بەم جۆرەش ژنانو پیاوان بێزار بوون لەو بنەما ئەخلاقیانەی کەلەسەردەمی هەژاری و ترسدا لەسەری ڕاهاتبوون بەڵکو ئێستا ئەوبنەمایانە بە پێچەوانە دەگۆڕرێت لەگەڵ غەریزە وزۆری پارەکانیاندا. کۆمەڵگای ئیتالی هێدی هێدی دەستی کرد بە گەڕانەوە بۆ بنەما فکریەکانی (ئەبی قۆر) کەدەڵێت مرۆڤ پێویستە چێژ لە ژیان ببینێ، وەهەموو چێژەکان بێتاوانن تائەو ساتەی بۆمان دەسەلمێت سەرەنجامی چێژ بینینێك تاوانێکمان کردوە.

هۆکاری دووهەم لەپاڵ دەوڵمەندیو پارەدا بۆخراپکردنی بنەما ئەخلاقیەکان ئەو ململانیو کوشتارە سیاسیە بوو کەلەناو پارتە سیاسیەکانی ئیتالیادا باوبوون.. زۆری جەنگو سەربازە بەکرێ گیراوە بیانیەکانوو هاتو چۆی سوپای بێگانە بەناو زەویو زارەکانی ئیتالیادا هۆکار بوون بۆ بلاو بونەوەی لەشفرۆشییەکی بێ وێنە چونکە زۆربەی

زۆری ســەربازە بیانییــەکان هــیچ پابەندنــەبوون بەســنورە ئەخلاقیەکانــەوە. ژێرخــانی ئابووری‌و کوشتوکاڵی و بازرگانی‌و پیشەسازی تەواو تێکەڵاو بوو بوون بەهۆی جەنگەوە دەسەلاّتدارەکانیش دەسـەلاّتدارێکی چەوسـێنەر بـوون ئەمانـەش هـەموو داب‌و نـەریتێکی ئیتالیان تێکدا.

سـەرەتا تـرین بنـەما بەڵگـە لەهـەموو فەلسـەفەیەکی ئەخلاقیـدا بریتییـە لـەرێك خسـتنی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو لەکۆمـەڵگادا. مـرۆڤ بەسروشـتی خـۆی ئارەزووی فرە سێکسـی دەکات (واتا فرە هاوسەری) هیچ شتێ نیە مرۆڤ قایل بکات بە یەك هاوسەر گەر سزایەکی تونــدو هەژاریــەکی زۆرو کــارێکی زۆر گــران نــەبێت وەبەتــەواوی لــەژێر چــاودێری هاوسەرەکەیدا نەبێت.

لەسـەدەکانی ناوەراسـتدا کـەمتر سێکسـی حـەرام بـاو بـوە تـا لەسـەدەی راپـەرین بـەلاّم لەسەدەکانی ناوەراستدا کەمتر باس لەمەترسیەکانی دەکرا (لایەنە خراپـەکانی) بەتایبـەت لەناو توێژی رۆشنبیردا بەلاّم لەسەردەمی راپەریندا کارێکی وەك لەشفرۆشی قێزەونتربـوو چونکە ژمارەیەکی زیاتر لەژنان هاتنە بوواری کارکردن وکایە رۆشنبیریەکان ئەمەش پلەو پایـەی ژنـانی بـەرز کـردەوە بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەو بـیروو بۆچـونە نـەما کـەژنان تـەنها غەریزەسێکسیەکانی پیاو تێردەکەن لەپاڵ ئیشو کاری ناوماڵدا وەبەشێوەیەك لەشێوەکان بزووتنەوە سەرەتاییەکانی ژنان سەری هەڵدا ژنـان جلـو بـەرگی رێك‌و پێکیـان دەپۆشـی‌و خۆیـان دەپاراسـت لـەپیاوان بۆئـەوەی تـەنها وەك کەرەسـەیەکی سیکسـی سـەیر نـەکرێن ژنێکـی نـاودار لـەرۆمادا خـۆی لەسـێدارەدا بۆرزگـارکردنی شـەرەفی خـۆی وجەسـتەی بـوە گــەورەترین کــەژاوەو گــەورەترین خۆپیشــاندان وهــەموو ئەومنداڵــە ناشــەرعیانەی کەلەئەنجامی لەشفرۆشـی لـەدایك بـوو بـوون لـەم خـۆ پیشـاندانەدا بەشـداربوون ململانـێ‌و تونـدوو تیـژی لـەنێوان منـداڵی شـەرعی‌و ناشـەرعیدا زۆر بـلاّو بـوو. بـەلاّم هاوسیکسـی (هۆمۆسێچوەڵی) بەشێوەیەکی زۆر بلاّو بوو.

لەسـاڵی (1490) (6800) لەشـفرۆش هـەبوە لـەرۆمادا کەنزیکـەی 90000 کەسـی تێـدا ژیـاوە بـەلاّم لـە ڤینسـیا (11654) لەشـفرۆش هـەبوە کـە 300000 کەسـی تیاژیـاوە ئەمانـەش بـە پێـی بـلاّو کراوەیـەك کـەناو عنـوان‌و کرێـی لەشفرۆشـەکانی تیابلاّو بۆتـەوە لەوکاتـەدا ئـەم لەشفرۆشـانە لەسـەر رێگـەو گازینۆکـان دابـەش بـوون بەشـێوەیەکی گشـتی

میوانداری گەنج و هونەرمەندیان کردوە وەیەکێك لەوانە (متشیلینی) باسی شەوێك لەو شەوانە دەکات کەلای ئەم لەشفرۆشانە ماوەتەوە بە هەمان شێوەی باسکردنی نانێکی نیوەڕۆ.. خاڵێکی گرنگ کەلێرەدا باسی بکەین دەوڵەمەندیو زۆری پارە یەکێك بوە لەو هۆکارانەی توانیویەتی دیاردەی لەشفرۆشی داپۆشیو بیان پارێزێ لەیاسا قەدەغە کراوەکان.

## ➢ سەردەمی چاکسازی ئاینی (1517 تا 1564)

لەم سەردەمەدا سیکس بازارێکی تری دۆزیەوە ئەویش ڕەواج پەیداکردن یان سەرەتاکان (پرۆنۆ گرافیا). لەدوونیای مەسیحی لاتینیدا هونەرمەندەکان دەستیان کرد بە پەیدا کردنی بازاڕ بۆ وێنە سیکسیەکان ودەسگێڕەکان لەبازاڕ دەیان فرۆشت کارمەندی بەریدو یاریچیەکانی سێرك ودەستگێڕەکان باشترین نمونەی ئەم وێنانەیان دەست دەکەوت. تەنانەت لەڕۆژنامە (ئۆرۆستۆکراتیەکاندا) گۆشەیەك هەبوو بۆ (پۆرنۆگرافیا) بەم جۆرەش داهاتی لەشفرۆشی بەشێۆەیەکی بەرچاو زیادی کرد بەڵام ڕێژەی نەخۆشیە نهێنیەکان بەرز بوەوە گەشتە ئاستی پەتا هەر بۆیە حکومەت لەدوای حکومەت دەستیان کرد بەقەدەغەکردنی ئەم کارە ویەکێك لەوانە (لۆتەر) کە ئارەزوە جنسیەکان بەشتێکی ئاسایی دەبینێ لەپێناو ئەوە دایە کە لەشفرۆشی کەم بکاتەوە تەنانەت (میشێل دی لۆبیتەل) لەساڵی(1560) دا یاسایەکی گرنگ دەردەکات بۆئازاد کردنی سێکس وقەدەغەکردنی لەشفرۆشی ئەمەش هەمووی لەپەراوێزی چاکسازی ئایندا.

## ➢ سەرەتاکانی سەردەمی ئەقڵ لەساڵی 1553_1643

لەم سەردەمەدا ئەقڵانیەت بەسەر بیروباوەڕدا زاڵ دەبێت بەجۆرێك بیرو وباوەڕی مەسیحیەت هەر بەربڵاوە وقەشەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ویاساکانی ئاین بۆ زیانی ئەخلاقی پەخش دەکەنەوە لەناو جوتیارەکانیشدا باوەڕ بەئاین وبەمەسیحیەت بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوە. بەڵام بنەماکانیشی پێشێل دەکرێت، لەشفرۆشی عەیبە وکڕینیشی هەر عەیبە بەڵام گەر کەس چاوی لێ نەبێت ئاساییە.

## ➢ **ساڵی** 1715_1756

پەیوەندییە سێکسیەکان پێش هاوسەرگیری لەناو ژناندا کەمتر بلاّو بوو لەم ڕووەوە بەلاّم لەشفرۆشی گەشتبوە لوتکە کەجارێکی تر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو بارو دۆخە بە خۆیەوە نابینێتەوە بەتەنیا لەناو لەندەندا (50000) لەشفرۆش هەبوو لەهەمو کافتریایەك هەموو چێشت خانەیەك هەموو ئوتێلیکی گەورەو بچوك هەموو مۆتێلەکانی سەر ڕێگا باخەگشتیەکانو دیسکۆکان، شانۆکان، هەندی دووکان هەبوو کەخۆیان تیا نمایش دەکرد.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەیاسا هیچ بەزەیی پیایاندا نەدەهاتەوە گەر یەکێکیان لیَ بگیرایە کاتێك ڕیَ بە پیاوان دەگرن زیندانی دەکرانو ئەشکەنجە دەدران ئەشکەنجەکە لەناو ئامێرێکی ئەشکەنجەداندا بوو کەپێی دەوترا (مەشهەرە). گۆڤاری (جێرب ستریت) لەژمارە شەشی ئایاری ساڵی 1731 نووسیویەتی دایکی نیتهام دوێنی ئێوارە تاوانبار کرا لەنزیك شەقامی (سانت جیمس) وە ئەوانەی لە شەقامەکەدابوون سوکایەتی تەواویان پێکرد تائەو کاتەی لەهۆش خۆی چوو وبەدرێژایی مەشهەرەکە کەوت بەلاّم هێشتا جەماوەرەکە بەرد بارانیان دەکرد بەتوندی وباوەڕیش وایە لەماوەی ڕۆژێك تا دووڕۆژ دەمرێت (لا *50*). لەڕاستیدا ئامێرێکی واترسناکی ئەشکەنجە دان بۆ لەشفرۆشە دەولەمەندەکان نەبوو بەڵکوو بەتەنها بۆ هەژارەکان بوو چونکە دەوڵەمەندەکانیان بەرتیلیان ئەدا کڕیارەکانیش دەهاتن بەکەفالەت بەرەلاّیان دەکردن یان هەندێکیان هەبوون زۆر ناسراو بوون لەگەڵ دامەزراوەکانی پۆلیسو یاسادا بەرژەوەندییەکی دوولایەنەیان هەبوو.

یەکەم نوسراوی زانستی کۆمەلاّیەتی ساڵی 1749 بلاّو کرایەوە بەناوی یادەوەریەکانی لەشفرۆشێك تائێستاش بەقێزەونترین کتێبەکانی ئەوسەدەیە هەژمار دەکرێت ولە هەمووشیان زیاتر ڕەواجی هەبوو لەنوسینی (جۆن کلیلاند) بەم جۆرەش لەو سەردەمەدا لەشفرۆشی بەئەندازەیەکی زۆر بلاّو بوەو لێیان گیراوەو لێیان لە سێدارە دراوە لەناو بەریتانیادا.. بەجۆرێك وردە وردە خەڵکی ئەو ولاّتە دەستیان کرد بە هەلاّتن بۆ سنورەکانی (ئوسکوتلەندا) وەئەم دیاریدەیەش بۆماوەی پەنجاساڵ درێژەی هەبوو هەتا بەبڕیارێك لەلایەن پەرلەمانی ئەو ولاّتەوە چارەسەر دەکرێت بەلاّم لەهەمان سەردەمدا

لەفەرەنسا لەشفرۆشی لەناو هەژارو دەوڵەمەندەکان بڵاو بوو سزای هاوسێکسی کوشتن بوو بەسوتاندن بەڵام ئەم سزایە بەتەنیا لەسەر هەژارەکان پیادە دەکرا.. لەماوەی دیاری کراودا لەناو هەموو دەوڵەمەندەکانی فەرەنسادا بە تەنیا شوانێکئەم سزایەی بەسەردادرا لەساڵی 1724 ئەم شوانە قەشەبوو بەناوی (دیڤئۆنیتن) کە (ڤۆلتەری) شاعیر هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئازاد کردنی. جیاوازی لەلەشفرۆشیدا دەتوانین بکەین لەفەرەنسادا لەنێوان دەوڵەمەندو هەژارەکان ئەوەیە کەئەو پارەیەی دەوڵەمەندەکان دەستیان دەکەوت زۆر بەکامەرانیو خۆشی پێی دەژیان بەڵام هەژارەکان بەشی ژیانێکی ئاسای نەدەکردن هۆکارەکەش لەپشت ئەم بازارەوە ئەوەبوو کەخاوەن کارەکان کرێی پیویستیان نەداوەتە کرێکارەکانیان، ومەزندە دەکرێت کەبەتەنها لەناو پاریسدا (40000) لەشفرۆش هەبوە. بەشێوەیەکی گشتی شەقامی فەرەنسی ئەم کارەی بەئاسایی زانیوە چونکە باوەریان وابوو کەقەشەو چینە (ئۆرستۆقراتەکان) ئەم دیاردەیەیان درووست کردوە گەر ئەوانیش نەبوونایە ئەوژنانە لەشفرۆشیان نەدەکرد بەڵام هێشتا پلەو پایەی لەشفرۆشەکان لەخوار ترەوە بوە لەچاوی کریارەکاندا بەڵام لای پۆلیس جیاواز بوە بەبێ شکات دەسکاری لەشفرۆشەکانیان نەکردوە ولەکاتی شکات کردنیشدا بەپۆل دەسگیریان کردوون.. سەریان تاشیونو خراونەتە ژێر چاو دێریەوە. ئەو لەشفرۆشانەی کەلەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا بوون جۆرێك حەصانەیان هەبوە قابیلی گرتن نەبوون چونکە دەچونە ماڵی دەوڵەمەندەکانو یان دەرفەتیان دەبوو لە شانۆکاندا هەندێك ڕۆڵ ببینن وەك ئەکتەر وەکاتێکیش بەهونەرمەند هەژمار بکرانایە چیتر قابیلی گرتن نەبوون.. خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین: خیانەتی زەوجی عەیب نەبوە وبە یەکێك لەڕێگەچارەکان دانراوە بۆ بێزار بوون لەژیانی هاوسەرگیری بەڵکوو لەهەندێك شاری فەرەنسیدا خیانەتی زەوجی یەکێك بوە لەداب ونەریتەکان کەپێویست بوە بکرێت.

## ➢ لەشفرۆشی لەسەدەی نۆزدەهەمدا

وەك دەزانین لەسەدەی نۆزدەدا گەرمەی گوڕووتینی شۆڕشی پیشەسازیو سەرهەڵدانی زانستی کۆمەڵناسیو دەرکەوتنی بنەماکانی زانستی دەروونزانی بوە، هەر بۆیە توێژینەوەکانیش لەسەر لەشفرۆشی وردترو قوڵتر بوونەتەوەو زۆرێك لەڕەوتە

فێمینیستیەکان دەرکەوتن و ڕێچکەی خۆیان دیاریکردو ڕای تایبەتیان لەسەر لەشفرۆشی هەبوو.. لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا تەواوی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان سەرقاڵی کارکردنێکی زۆر بوون هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتوو زیاتر لە 12کاتژمێر کاریکردوە ڕۆژانەو هەر لەسەردەمی ڕاپەڕینیشەوە پەیوەندیە سێکسیەکان وەك پێویستیەك ئازادکراون، هەربۆیە ڕێژەی لەشفرۆشی لەم سەدەیەدا بەبەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمانەدا کە بەجێگیرتر هەژمارکراون کەمتر بوە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی لەشفرۆشی بارێکی زیاتر جێگیرو ڕێکخراوی بەخۆوە بینیوە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە.

شایەنی باسە کەڕەوتە فێمینیستییەکان و فەلسەفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەشێوەیەکی بەرچاو دژی لەشفرۆشی وەستاونەتەوەو هەر بۆیە لەم کاتانەدا کەمتر بوە، بەتایبەت زۆربەی ململانێکانی ئەم سەردەمانە ململانێی دەسەڵات یان پاوانکاری بازاڕەکانی جیهان بوون و مرۆڤ زیاتر گرنگی بەدۆزینەوەکان داوە، وەك دۆزینەوە جوگرافیەکان و داهێنانەکان لەبواری زانستی جیاوازدا، سەرەڕای ئەمەش بازاڕێکی گەرم بۆ لەشفرۆشی نەبوە بەبەراورد لەگەڵ کۆتاییەکانی سەدەی بیست یان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، چونکە لەسەدەی نۆزدەدا زۆربەی جەنگەکانیش جەنگی دەسەڵات و پاوانکاری بوون بۆ دۆزینەوەی بازاڕ هەروەها بەشێوەیەکی ڕێژەیی سێکس ئازادکراوە کەزیاتر دەرفەتی داوە بەکەمکردنەوەی لەشفرۆشی.

## ➢ لەشفرۆشی لەسەدەی بیستدا

لەدونیایی بازاڕەکانی سەرمایەداریدا لەشفرۆشی لەڕێگای پۆرنۆگرافیاوە پێدەنێتە قۆناغی بەفیلمکردنەوەو سەرەتاکانی فیلمی سێکسی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست، هەروەها سەرهەڵدانی تیۆرە دەروونیەکانی فرۆید کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە دەروونشیکاریو پاشانیش زۆربەی دیاردە دەروونیەکان بە ڕەوشی سێکچواڵیتی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە، هەر بۆیە شەرعیەت و ڕێکخستنێکی زیاتر بە سێکس درا، ئازادی سێکس لەئەوروپا و ئەمریکادا تەواو بەربڵاو بوو، بەڵام هێشتا ئەم ئازادیە نەبوە هۆی داخستنی بازاڕەکانی لەشفرۆشی، بەڵکە بەپێچەوانەوە زۆربەی شارەگەورەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی ئاشکراو بە شێوەیەکی ڕێکخراو لەشفرۆشی

تیایانـدا لـەبرەودابوو، هـەروەها لەزۆربـەی وڵاتـانی ئـەوروپادا لەشفرۆشـی لـەبارێکی ڕێکخراودا دەگوزەری.. لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا لەشفرۆشی برەویسەند لەئـەوروپای ڕۆژئـاوادا بـەهۆی ئـەو قەیرانـە ئابووریـەوە کـە تـەواوی بازاڕەکـانی سـەرمایەداری گرتبـوەوە، بـەڵام لەڕۆژهـەڵاتو بلـۆکی سۆشیالیسـتیدا لەشفرۆشـی بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمتر بوو چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیستەمەی دوەمیان ژیانی دابینکردبوو، هەروەها بەئەندازەیەکیش ئازادی سێکس بەربڵاوبوو.

لەپاش جەنگی جیهانی دوەمەوە بازاڕی لەشفرۆشی تەواو بەسترایەوە بەبازاڕەکانی تری وەك مـۆدەو جوانکـاریو پێویسـتیەکانی تـرەوە، ئەگەرچـی لـەم ماوەیـەدا.. ئـەم بـازاڕە ئازادیـەکی باشـی بەخۆوە بینی بەڵام زیـاتر پابەند بوو بە تێکڕای کایە ئابووریەکانـەوە لەپێشـتر، چـونکە بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو بازرگـانی سێکسـی دەکـراو ئەمـەش ئاسـتێکی دیـاریکراوی خـۆی هـەبوو بـۆ تێربـوون، هـەوەها لـەکۆتایی شەسـتەکانەوەو لەگـەڵ سـەرەتاکانی سـاڵانی هـەفتای سـەدەی ڕابـردوودا ڕەوتو ئاراسـتە فێمینیسـتیو جێندەریەکان زیادیانکردو دژایەتیەکی بەرچاویان بۆ ئەو تێڕوانیانە هەبوو کە سەبارەت بە لەشفرۆشی هەبوو بوون، کە تا ئێستاش هەندێکیان بەردەوامن.. ئەوەی شایەنی باسە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەوە تائەمڕۆش ڕەوتی هۆمۆسێکچواڵیتی گەشەی کردوەو ڕۆژ لەدوا ڕۆژ یاساکانیان بۆ هەموارتر دەکرێتو لەم پەیوەندەشدا لەشفرۆشی بەڕێژەیەکی زیـاتر لـەناو پیاوانـدا بـڵاو دەبێتـەوە گـەر بـەراوردی بکـەین بەتـەواوی هـەموو مـاوە مێژوویـەکانی مرۆڤایـەتی کـە نزیکـەی 4000 سـاڵی نووسـراو یـان ڕاسـترە بڵێـنین دۆکیومێنتکراو دەبێت.

## ➢ شۆڕشی سێکس لە کەلتووری ڕۆژئاوایدا

لەدووسەدەی ڕابردوودا سێکسو خۆشەویستی گۆڕانکاری گەورەیان بەخۆوە بینیوە، لەسەرەتاکانی سەدەی ڕاپەرینەوە (1837 – 1901) خۆشەویستی و سێکس دووشتی لەیەك جیاواز بوونو باسی مەسەلە سێکسیەکان لەنێوان هەمان ڕەگەزدا بەئاشکراو کراوەیی نەدەکرا. هەمیشە سێکس بەمەترسیەکی گەورە دەزانرا بۆخۆشەویستیو باوەڕوابوە خۆشەویستی یەکگرتنی نێوان دوو ڕۆحە بەڵام هەرچی سێکسە لەکاتی

هاوسەرگیریا ڕوودەدات و بەشێکە لەهاوسەرگیری وپێویستە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێت، دەنا مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی ئەم هەستەی.

برێکی زۆر لەم بیروو بۆچونانە پاشماوەی سەدەی نۆزدە بوون کەلەسەدەی بیستیشدا بەکار دەهێنرا بەڵام لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە گۆرانکاریەکی زەبەلاح دەربارەی ژیانی سێکچوەڵەتی ڕووی دا بەتایبەت لە شەستەکاندا کەئەم گۆرانکاریانەش لەڕەفتاری سێکسی وبەها کانی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا ڕەنگیان دەدایەوە. ئەوەی کەبەشۆڕشی سێکسی دەناسرایەتەوە لەنێوان (1960 – 1970) دا بریتییە لەئازادی تەواوی ژنان وپیاوان لەسێکس کردندا هەروەها بەڕێژەیەکی کەمتر ئازادی سێکسی نێوان ژن وژن هەروەها بەرێژەیەکی کەمتریش ئازادی سێکسی نێوان پیاو پیاو.

لەلایەکی ترەوە فێربوون دەربارەی مەسەلەکانی سیکسۆلۆجی زیادی کرد هەروەها ڕاهێنانیش لەم بوارەدا بۆئەوانەی توشی لاوازی بوون عیادەو شوێنی تایبەتی بۆکرایەوە گرنگە دان بەوەدا بنێین کەتیۆریەکانی (سیگمۆن فرۆید) و هەموو ئەو توێژینەوانەی کەسێکسۆلۆجیستە ئەوروپیەکان کردویانە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە

ئەم شۆڕشە لەئەوروپادا لەسەر هەموو جیهان ڕەنگی دایەوە شایەنی باسە لەشفرۆشیش کەلەم پەراوێزەدا دەرفەتی زیاتری بۆ کراوەتەوە و ئاسانتر توانیویەتی بەهۆی ئەو توانا ئابووریە شاراوەیەی کە تێیدایە هەندێك کۆسپ لەبەردەم خۆیدا لابەرێت کەبە تەنها بەهۆی ئازادی سێکسی یەوە دروست ناکرێت.

شایەنی باسە گەشە کردنێکی بەر فرەی نەخۆشیە نهێنیەکان بڵاو بوونەوە ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ هەڵوێستی هەندێك لە وڵاتان بەرامبەر ئازاد کردنی لەشفرۆشی هەروەها بڵاو بوونەوەی بازرگانی بەمرۆڤەوە بەمەبەستی سێکس یەکێکی تر بوو لەو هاندەرانەی ڕێکخراوە جیهانیەکان و نەتەوە یەکگرتوەکانی ناچار کرد کەڕێکە وتنامەو بڕوانامەی جۆراو جۆر لەم بارەیەوە دەربکەن و مۆریان بکەن.

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بازاڕەکانی سێکس لەشفرۆشی تێدەپەڕێنێت و بەهۆی هاتنە کایەی ئامێرو کەرەسەکانی ماس میدیاوە هەروەها لەگەڵ گەشە کردنی ئەنتەرنێت و سەتەلایتا لەشفرۆشی و بازرگانی بەمرۆڤەوە بەمەبەستی سێکس دەبێتە

دیاردەیەکی جیهانی و هۆکارێکی گرنگ بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمەکانی (پۆرتۆگرافیا) لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین پێشکەوتنی زانستی و پزیشکی زۆری هۆیەکانی سنوربەند کردنی منداڵ بوون هاندەرێکی تر بوون بۆبەربلاوی لەش فرۆشی چونکە کاریگەریە نێگەتیفەکانی لەشفرۆشیان کەمکردۆتەوە لەسەر ئاستی تاکەکەس، سەرە ڕای زۆری و بەربلاوی نەخۆشیەکان.

## باسی دووەم: سێکسۆلۆجیو ڕەهەندەکانی لەشفرۆشی

وەك لەسەرتاکانی باسی یەکەمی ئەم بەشەدا پێناسەی لەشفرۆشیمانکردوە گرنگە بەیادی خۆمانی بهێنینەوە کە لەشفرۆشی لەدووبەشی سەرەکی پێك دێت ئەوەش بڕی پارە، نەخت یان خزمەتگوزاری یان شتێکی بەبەهایە بەرامبەر خزمەتگوزاری سێکسی، کەواتە پێویستە ئەوە بزانین کە سێکس یەکێك لەبەشە سەرەکیەکانی ئەم باسە پێك دەهێنێتو پێویستە هەندێ وردەکاری پێویست لەوبارەیەوە باس بکەین، هەر بۆیە ئەم بەشەمان بەگرنگ زانیو باسی دووەمی ئەم بەشەمان لەچەند ناونیشانێکی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە پێکدێت.

### ➢ سێکسۆلۆجی وەك زانستێکی نوێ لە نێو زانستەکانی کۆمەڵناسیو دەروونزانیدا

هەموو زانستێك بەوە دەست پێدەکات کەزانایەك بۆیەکەم جار لەبابەتەکانی بدوێتو بەشێوەیەکی ئەکادمی شییان بکاتەوە، یان دەکرێت بەشێوە ئەکادمیەکە دەست پێبکاتو دواترناونیشانوناوی تایبەت بەو زانستە دابنێت گەر لەسەردەمی کلاسیكو فەلسەفەدا بمێنینەوە ئەوا دەڵێین ڕەفتاری سیکسی مرۆڤ لەسەردەمی فیرعەونەکانەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە. بەنمونە لەچۆنێتی درووستبوونی مرۆڤو شێوازی زۆربوونو ئەوانەی لەڕووی سێکسەوە لاواز بوونوڕاهێنانیان (sexotherapy) بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی فەیلەسوفەکانی یۆنانو رۆمان بوە.

مێژووی دەرمان بەتەواوی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەزۆر دەمێکە پرسیارەکانی سێکسۆلۆجی پرسیاری کۆنی مرۆڤایەتی بوون. زانای هندی (مالانگاڤاتسایانا) کەدەربارەی (کاماسوترا)ی نوسیوە (کاماسوترا بریتیە لەو کتێبی ڕێنماییەی بۆپەراوەی خۆشسەویستی، ممارسة الحب، love making دانراوە بەشێوەیەکی کلاسیکی لەهندستان).

زاناکانی ئیسلامو یەهود لەبارەی بابەتەکانی سیکسۆلۆجیەوە نوسینیان هەبوە وەك (الرازی، ابن السینا، الابن روشد،... تاد) لە چین کتێبێکی تایبەت هەبوە بەناوی (سونوی

جين) کتێبێکەهەموو بابەتەکانی سێکسی تیانووسراوەتەوە چۆن بەزانستیانە ئەوکارە دەکرێت. لەساڵەکانی (1135 تا 1204) زانایەکی جولەکە ژیاوە بەناوی (مایمۆنادس رامبام) کەهەمووژیانی خۆی تەرخان کردوە بۆنوسینی فەلسەفەیەکی تایبەت لەسەرسێکس. ئابەم جۆرەش زانا زۆرن کەلەم بوارەدا نووسیویانە نمونەی (شێخ نفزاوی لەتونس)و (ئەندریاس ڤیزالیۆس) لەئیتالیاو (غابریل فالۆپیۆ)..تاد

بەلاّم لە (1896) وە ئەم زانستە بووبە بەشێك لەزانستی دەروون زانیو بایلۆجی ئەوەی تایبەتە بە بایلۆجیاوە کەجارێکی تر زانستی پزیشکی قسەی لەسەر دەکات ئەوبەشەی سێکسە کەپەیوەندی بەزۆربوون ومناڵ بوون ونەخۆشیەکانی مناڵ بوون ونەخۆشیە دەروونیەکان وکار ئەندامزانی بەشەکانی سێکس لەمرۆڤدا هەیە. بەلاّم هەرچی دەروونزانیە گرنگی بەژیانی دەروونی مرۆڤ دەدات سەبارەت بەم بابەتە، هەروەها گرنگی بەکاردانەوەی ژیانی سێکسی مرۆڤ دەدات لەسەر ڕەفتارە دەروونیەکانی هەردوو ڕەگەز.

لێرەوە کەلەلێکۆڵینەوەکەمان لەسەر مرۆڤێك زیاتر دەبێتو لەسنووری تاکە کەس دەردەچێتو گرنگی بەزیاتر لەکەسێك دەدەین بابەتەکەمان دەبێتە بابەتێکی کۆمەڵناسیو گرنگی بەوڕەهەندو کاریگەریانەی ژیانی سێکسی دەدەین کەکار لەکۆمەڵدا دەکات.

ئالێرەدا گرنگە لەسەر تێکرای سێکسۆلۆجی چەن بابەتێکی گرنگ باس بکەینو بیبەستینەوە بەبابەتەکەمانەوە دەتوانین بڵێین لەپاش ساڵی (1965) وە چەند زانیاریەکی زانستی دەربارەی سێکسی مرۆڤ دۆزراوەتەوەو بەو پێیەش هێشتا ئەم زانستە بەنوێ دەژمێردرێتوکە ئێستاش ئێمە لەسەدەی بیستویەكو هەزارەی سێدا دەژین زۆرێك لەپرسەکانی سێکسۆلۆجیو /یان سایکۆلۆجیای سێکس.. (کاردانەوە سێکسیەکان، ڕەفتارە سێکسیەکان، هەستەسێکسیەکان هەستەناوەکیە شاراوەکانی سێکس،... تاد) هێشتا نادیارن لەڕووی زانستەوە.

ئەنترۆپۆلۆجیستەکان بەشێوەیەکی گشتی کەلتوورەکان دابەش دەکەن، کەئایە چۆن دەژین.. چۆن خواردن دەخۆن.. زۆر مەسەلەی تریش سەبارەت بە زانستی مرۆڤ.. یەکێکیش لەم مەسەلانە مەسەلەی کەلتوورە کەبە پێی کەلتوورە جیاوازەکان مرۆڤ ڕەفتاری بەرامبەر جەستەی خۆی دەگۆڕێت بەنمونە ژنی هندی ڕەفتەدەدات بەسەریدا بۆ

خۆ جوانکردن وبۆئەوەی بیسەلمێنێت کەجێ مەبەستی ئارەزوە سێکسیەکانی پیاو بێت، بەلآم لەکۆمەڵگای ڕۆکەکاندا ژنان سەری خۆیان سفردەکەن بۆئەوەی جێ ئارەزووی سێکسی پیاوان بن وبەو شیوەیەش لەلاپیپاوان دیاردەی جیاواز جیاواز دەبینینەوە.
بەم جۆرە کەلتووره جیاوازەکان فەنتازیاو ڕەفتاری سێکسی جیاوازیان لەنیودا هەیە ئەگەر چی سێکس کردن لەنێوان ژن و پیاودا لەچەند سنورێکی دیاری کراو دەر ناچێت.

## ➢ جۆرەکانی لەشفرۆشی لە دونیادا

بەشێوەیەکی گشتی جۆرەکانی لەشفرۆشی لەجیهاندا هاو شێوەن ئەگەر چی بەپێی کەلتوورو یاسای وڵاتەکان ئەم بازرگانیە دەگۆرێت بەنمونە لەفەرەنسادا لەهەندێ ناوچادا لەناو مینوبوسدا دەکرێت، لەشوێنێکی وەك بەلجیکاش دووکانو جامخانەی تایبەت هەیە کەلەشفرۆشەکان خۆیانی تیادا نمایش دەکەن بەلآم لەتایلاند لەئوتێلەکاندا لەشفرۆشی دەکرێت لەشوێنێکی وەك نەرویجیشدا لە چەن سەعاتێکی دیاریکراودا شەقامێك یان دووشەقام پاوان دەکەن، لەسەردەمی ڕژێمی ڕابردووی عێراقیدا لەشارێکی وەك بەغدادا لەنادیە لەیلیەکان لەشفرۆشەکان دەناسرانەوەو بۆکرینی سێکس دەبرانە دەرەوەی نادیەکان. لەکوردستانی ئەمرۆشدا بەرێگەی موبایلو ماڵی سەرۆك باندەکانەوە لەشفرۆشی دەکرێت. بەلآم بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستی پۆلێنی جۆرەکانی لەشفرۆشی بکەین دەڵیین لەسەر دووئاست پۆلێن دەکرێن:

1- لەسەرئاستی رەگەز: مێو نێر.. لەشفرۆشی لەنێو ڕەگەزی مێینەدا بۆهەردوو ڕەگەزەکە فرۆشیاری پێوە دەکرێتو بەهەمان شێوەش بۆ نێرینە بەلآم لەناو رەگەزی مێینەدا لەشفرۆشی زیاتر باوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆجیاوازی پێکهاتەی سێکچوەڵەتی هەردوو ڕەگەز. ڕەگەزی مێینە ئاسانترێك دەتوانێت سێکس بکات ئەگەر چی ئارەزوشی نەبێت، ڕەگەزی نێرینەش زیاتر دەسەلآتو سەرچاوە داریيەکانی لەبەردەستدایە، هەر بۆیە بە ئاسانی دەتوانێت فرەسێکسی لەرێگەی کرینەوە دابینبکات، ڕەگەزی مێ پەراوێز کەوتوە لەزۆربەی زۆری کۆمەڵگا پیاو سالاریەکانداو کاتێك توشی شکستی کۆمەلآیەتی دەبن یان شکستی ئابووری ئەوا تاکە ڕێگە بۆدابینی بژێوی خۆیان لەشفرۆشیە، لەلایەکی

ترەوە سیاسەتمەدارەکان زۆربەی زۆریان پیاون و هەرلەکۆنەوە لەشفرۆشی وەك کەرەسەیەك بۆ سیخوری و هەواڵگری بەکار هاتوە زۆرێکی تریش لەم هۆکارانە وەك جەنگ و قەیرانی ئابوری و.. تاد

2- لەسەر ئاستی جۆری سێکس:

أ – جیاوازی بازاڕەکانی سێکس لەسەر ئاستی ڕەنگی پێست و ئەتنیك، بەنمونە بازاڕی سێکسی ئاسیایی، ڕەنگی گەرم، ڕەش پێستەکان، ئەمریکای لاتینی، موسڵمان، سورپێستەکان، ئێرانی وهیندۆ ئەوروپی... ئەمانەش کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی سێکس کردونیەتیە بازاڕو سودی لەجیاوازی سێکس کردنی کەلتوورە جیاوازەکان وەرگرتوە وهۆکارێکی سەرەکیشە بۆ بازرگانی بەمرۆڤەوە لەسەرئاستی وڵات و ناوچە جیاجیاکانی جیهان.

ب – لەسەرئاستی تەمەن کەئەمەش بەپێی تەمەنە جیاوازەکان بازاڕی لەشفرۆشی دەگۆڕێت وکەلتوورەکانیش یاریدەدەرن بۆئەم بازاڕەو جۆرەکانیشی بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە لەشفرۆشی منداڵ وهەرزەکارو پێگەشتوو بەتەمەنەکان. ئەمەش یەکێکی ترە لەوبازاڕانەی هاندەرە بۆ بازرگانیکردن بەمنداڵانی خوار هەژدەساڵەوە بەتایبەت لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و ڕۆژ هەڵاتی ئەوروپا و باشوری ڕۆژ هەڵاتی ئاسیا.

ج – لەشفرۆشی کێوی: ئەم جۆرە لەلەشفرۆشی تەنیا بۆیەك جار لەنێوان کڕیارو فرۆشیارەکان ڕوو دەدات و لەرێگای ڕێکەوتەوە یەکتردەناسن و بەرامبەر بەرژەوەندیەکی مادی لەسەرسێکس کردن ڕێك دەکەون.

د – لەشفرۆشی سەرجادە: لەشفرۆش لەسەرکوچەوشەقامەکاندا دەوەستن و بەجۆرێك خۆیان ئارایشت کردوە کەدەناسرێنەوە یان جەستەیان دیارەو کاتێك کڕیارەکان دەیان بینن دەکەونە مامەڵەوەو ڕێك دەکەون، هەندێك جاریش لەشفرۆشەکان خۆیان ڕێگا بەپیادەکان دەگرن و سیکس بەرامبەر پارە دەخەنە ڕوو کەلە زۆربەی زۆری شارەکانی دونیادا شەقامەکانیان ئاشکران.

هـ – سێکس لەدووکانەکاندا: لەهەندێك لەشارەکانی دنیادا وەك شارەکانی ئەڵمانیا لەدوکان‌وجامخانەکاندا لەشفرۆشەکان خۆیان دەخەنە ڕوو ولەپشتی دووکانەکاندا شوێنی تایبەت بەسێکس هەیە.

و – بـرۆتێڵس: دامـەزراوەی تایبـەتن بەلەشفرۆشـی کەلـە شـارە گەورەکانـدا هـەن کـەخانوی تایبـەت بەلەشفرۆشـی تیایانـدا هەیـەو بازرگـانی سێکسـی تیادەکریـت، لەهەنـدێك ولاٚتیشـدا لـەپاڵ لەشفرۆشـیدا کـارێکی تـریش لـەم مالاٚنـەدا دەکرێـت، وەك دەست گرتنەوە ئارایشتکردن دوورمان...تاد

ز – ئێسکۆرت: ئەم جۆرە لەلەشفرۆشی لەماڵی یان لەشوێنی ژیانی کڕیاردا ئەنجام دەدرێـت، بۆئـەم مەبەسـتەش کۆمپانیـاو دامـەزراوەی تایبـەت هەیـە کـەکڕیارەکان بەڕێگەی ئەنتەرنێت‌و ڕیکلامی ڕۆژنامەکانەوە دەیان ناسن پەیوەندیان پێوە دەکەن‌و لەشفرۆشێك بـەکرێی دەگـرن بـەپێی کـات کەئـەم جۆرەیـان لەشفرۆشـە نێرینـەکان زۆر بەکاری دەهێنن.

ح – لەشفرۆشـی گـەڕۆك: ئـەم جـۆرە لەلەشفرۆشـی کەسـی لەشـفرۆش دەگـەرێت‌و خزمەتگوزارییە سێکسیەکانی خۆی بەرامبەر بەرژەوەندیـەکی ئـابووری دەخاتـە ڕوو، بەنمونـە ژیـانی مامۆسـتاکان لـەولاٚتێکی وەك ڕۆمانیـادا لـەبارێکی ئـابوری خراپدایـەو بەدرێـژای تەمـەنیان نـاتوانن شـوێنی نیشـتە جێـی تایبـەت بـەخۆیانیان هـەبێت، بۆیـە لەولاٚتەکانی ئەوروپای ڕۆژ ئاوادا گەڕۆکانە لەشفرۆشی دەکەن‌و بە ئاسانی لەماوەی دووتا سێ ساڵدا ئەو پارەیە دابین دەکەن کەبۆ شوێنی نیشتەجێ پێویستە.

ی – گەشـتیاری سێکسـی: نیشـتەجێی ولاٚتـە دەوڵەمەنـدەکان وەبەتایبـەت ئەوانـەی کەئازادی سێکسی تیانیە سەردانی ئەو ولاٚتانـە دەکـەن کـە خزمـەتگوزاری گەشتیاری سێکسـی تیایانـدا بـلاٚوە وەك تایلانـدو بـەرازیل‌و سـوریاو... تـاد لـەم ولاٚتانـەدا کەولاٚتێکی ئابوری نزمن پەنا دەبەنە بەر گەشت‌وگوزاری جۆراو جۆراو کەیـەکێکیش لەوانـە پێشـکەش کردنـی خزمـەتگوزاری سێکسـیە کەلـەماڵی تایبەتـدا پێشـکەش دەکرێـت، لەئوتێلەکانـدا، لەرێگـەی کۆمپانیاکـانی گواسـتنەوەوە خزمەتگوزاریـە سیکسیەکان دەخەنە ڕوو.

## ➢ جۆرەکانی لەشفرۆشی لەکوردستاندا.

ئەم بازاڕە لەکوردستاندا بازاڕێکی نهێنیە چونکە بەپێی ئاین و یاساو کەلتوور کارێکی ناشــرینەو تائێســتاش ڕێگــەی پێنــەدراوە. هەربۆیــە ئــەم بــازاڕە ڕەواجــی زیــاترە لەکوردسـتاندا و کـەمتر دەتوانرێـت بـەڕێگای یاسـایی سـنووری بـۆ بکێشـرێت، هەربۆیـە شێوە باوەکانی لەشفرۆشی کەلەجیهاندا باون گۆڕانیان بەسەردا هاتوە لە کوردستاندا وەك شێوە جیهانیەکەی نەماونەتەوە. دەتوانین جۆرەکانی لەشفرۆشی لەکوردستاندا لە باوترینیانەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕیز بەند بکەین ئەمەش دوو جۆرن:

1. خانەکانی لەشفرۆشان:

بریتیـە لـەو خانوانـەی کەکەسێکی تیـادا دەژی لەسـەر شـێوەی خێـزان بـەڵام بـەکار دەهێنرێـت وەك بـازاڕێکی سێکسـی. بـۆ پێشـکەش کردنـی خزمـەتگوزاری سێکسـی بـەکڕیارەکان، ئـەم خانانـە دەسـاودەس ژمـارەی مۆبایـل و ناونیشـانی خۆیـان بـڵاو دەکەنـەوە لەڕێگـەی کڕیارەکانـەوەوە، بـەم جـۆرەش کڕیارەکـان خـەڵکی تـر ئاگـادار دەکەنەوە و مشتەری بۆ خانەکان زیاد دەبێت و گەشە دەکات. جێی باسە ئەم خانانە هەندێك کات دەگۆڕێن بەهۆی باری ئەمنی و سروشتی کۆمەڵایەتیەوە (باری ئەمنی هەڕەشـە دەکاتـە سـەر ئـەم خانانـە چـونکە بـەپێی یاسـا و سرووشـتی کۆمەڵایـەتی قەدەغەیـە. بــەڵام کاتێــك بــاس لەسرووشــتی کۆمەڵایــەتی دەکــەین گرنگــە بــزانین کەخانــەکان شــوێنی خۆیــان بــەردەوام ئــاڵ و گۆڕدەکــەن تــاوەکو خۆیــان بپــارێزن لەگازندەی گـەڕەك و کۆڵانـەکانیان (هاوسێکانیان) گرنگـە ئـەوە بڵێین کەبـەپێی یاسا گەڕەکــەکان بۆیــان هەیــە گازنــدە لەلەشفرۆشــیك تۆمــار بکــەن و دەری بنــێن لــە گەڕەکەکـەیان. ئـەم خانانەیـە بـە زۆری ئـەو لەشفرۆشـانە دەگرنـە خۆیـان کەشـوێنی تایبەتی بەخۆیانیان نیە وەناچارن لەم خانانەدا بژین.

2. خستنە ڕووی تاکە کەس

3. بازاڕی دووەهەمی ئەم کارە لەسەر ئاستی تاکە کەس بەڕێوە دەچێت کەخۆیان دەخەنـە ڕوو لەشـوێنە جیـاوازە جیاوازەکانـدا، بـەپێی چەشـنی دووهـەم کەسـێکی لەشفرۆش جلوبەرگ و ئارایشتەکانی بەجۆرێکن کەکڕیاری سێکسـی تـێ دەگـات لەلەشـفرۆش، یـان شـێوازو ئەتـەکێتی ئاخافتنیـان بەجۆرێکـە ئـەو خزمەتگوزاریـە

سێکسیانە دەخاتە ڕوو.. بەزۆری بازاڕی تاکە کەس ڕوو دەکەنە ئارایشتگاکان وفرۆشـــگەکانی جوانکـــاری زەڕەنگـــەرەکان و.... تـــاد هـــەروەها لەڕێگـــەی شوفێرەکانی تەکسیەوە.

4. بەڕیگای بانگەشەبۆکردن:

هەر لەبەر هەمان ئەو هۆکارە گشتیانەی کەلەسەرەتاوە باسمان کرد بانگهێشت و ڕیکلام بۆ هۆکارێکی وا لەکوردستاندا بەنهێنی دەکرێت ئەمەش بەدوو جۆر:

جۆرێکیان بانگەشەو ڕیکلامی کڕیارو فرۆشیارەکان خۆیانە، بەنمونە کاتێك کڕیارێك یەکێك لەخانەکان ئەدۆزێتەوە بانگهێشت بۆ ئەو خانانە دەکات لەناو هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیدا بەم جۆرەش بازاڕ گەرمیەك لەبازاڕی سێکسیدا دەگوێزرێتەوە لەڕێگەی ئەم ڕیکلامە نهێنیانەوە.

جۆری دووهەیان لەڕێگەی دەلالەکانەوەیە، هەریەکێك لەخانەکان لەسەرۆك باندەکانی لەشفرۆشی چەند دەلاڵێکیان هەیە لەناو بازاڕدا وەك شوفێری تاکسی یەکان و دوکانی کەمالیەتەکان، ئارایشتگاکان،... تاد

جۆری دوەمی خانەکانی لەشفرۆشی

ئەو خانانە کە لەشفرۆش لەخۆناگرێت بەڵکو تەنها ڕێگە دەدات بەدوو کەس کە کڕیار و فرۆشیاری سێکس بن بەرامبەر مانەوەیان لەماڵەکەدا ئەو کارە دەکات وهەندێ جاریش مەرج نیە دوو کەس کڕیارو فرۆشیار بن بەڵکو هەندێ کات دوو خۆشەویست یان دوو برادەریش کەپەیوەندی سێکسیان لەنێوانیادا هەیە ڕوو دەکەنە ئەم ماڵانە لەبری جێگەی مانەوەکەش بڕە پارەیەك دەدەن.

## ➢ هەندێ تێبینی گشتی لەسەر کاری لەشفرۆشی لەکوردستاندا

1. زۆربەی ماڵەکان ڕێگە نادەن کڕیار و فرۆشیارەکان شەوان بمێننەوە.
2. لەکوردستاندا (ئیسکۆرد) (مصاحبە) لەرێگەی خانەکانەوە بەڕێ دەکرێت و ئەوەش لەسەر داوای هەندێك لەکڕیارەکان بەتایبەت ئەوانەی کە توانایەکی دارایی و دەسەڵاتێکی دیاری کراویان هەیە.
3. باشترین هۆکاری یاریدەدەر بۆ بەڕێکردنی ئەم کارە خزمەتگوزاریە مۆبایلە

## ➢ چەند ئامارێکی جیهانی سەبارەت بەلەشفرۆشی

زۆربەی هەرەزۆری لەشفرۆشەکانی جیهان دووچاری توندوتیژی سێکسی دەبنەوە، زیاتر لە 90٪ یان هەر لەمنداڵیەوە تەعدای سێکسیان لێ دەکرێت، و زۆربەشیان لەڕێگەی بازاڕەکانی کارکردنەوە دووچاری ئەم جۆرە لەتوندوتیژی دەبن و ئالوودە دەبن بە لەشفرۆشیەوە. 75٪ یان دووچاری ئیغتیصاب دەبنەوە. لایەنی کەم دوو لەسەر سێی لەشفرۆشەکان پێش 16 ساڵی فێری ئەم کارەدەبن و وەك ڕێگەچارەیەك بۆ دەربازبوون لەژینگەی خراپی خێزان بەکاریدەهێنن، هەوەها وەك تاکە ڕێگە چارەیەك دەیبیننەوە. ئامارەکان:

- یەك ملیۆن لەشفرۆشی ژن و کچ لەدونیادا هەیەو 1٪ی ژنانی ئەمریکایی لایەنی کەم بۆ چوار ساڵ لەشفرۆشیان کردوە[13].
- لایەنی کەم 100,000 کەس لەسەر لەشفرۆشی دەگیرێت ساڵانە[14].
- 0.5 بۆ 1.2 ملیۆن منداڵ لە بازرگانی سێکسیدا بەکاردەبرێن، کە نزیکەی 0.3 ڕەگەزی نێرن و لەخوار 16 ساڵەوەن[15]. هەروەها یەکێکی تر لەتوێژینەوەکان دەریانخستوە کە 78٪ی لەشفرۆشەکان لەتەمەنی هەرزەکاریدا فێری ئەو کارە بوون و 60٪یان لەخوار شازدە سالێەوە بوون و هەندێکیشیان لەدەوروبەری دە ساڵانەییدا بوون[16].
- 60٪ منداڵانی لەشفرۆش لەلایەن خەڵکی ڕێزدارەوە دەخرێنە بەر ئەم ئیشەو تەنانەت زۆربەیان لەو منداڵانەن کە هەڵدێن لەماڵەکانیان و ڕێگایەکی تر شك نابەن کەبەهۆیەوە بتوانن پارە پەیدا بکەن.

---

[13] Miller, JoAnn L. “Prostitution in Contemporary American Society,” Sexual Coercion. Lexington Books, 1991.

[14] Lockett, Gloria. “Black Prostitutes and AIDS.” The Black Women’s Health Book. The Seal Press, 1990.

[15] Schetky, Diane H. “Child Pornography and Prostitution,” Child Sexual Abuse. Brunner/Mazel, 1988

[16] Sachs, Virginia. Genesis House Brochure. 1991.

- 27٪ی ئەو نێرینانەی کە لەلەشفرۆشیدا دەستگیر دەکرێن لەلایەن پۆلیسەوە، کاری پۆرنۆگرافیان کردوە، کە بەگشتی نێرینەکان کەمتر دەستگیر دەکێن[17].
- بەپێی زۆربەی توێژینەوەکان دوو لەسەر سێی ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن لەوخێزانانەن کە هەژاری یەکێکە لەگرفتە سەرەکیەکانانیان[18].
- زۆربەی زۆری لەشفرۆشەکان دەڵێن کە دایك و باوکیان بەشێوەیەکی بەرچاو دەخۆنەوە یان مادەی سڕکەر بەکاردەهێنن و لەهەمان کاتیشدا سەردانی مەزارگەو شوێنە ئاینیە پیرۆزەکان دەکەن[19].
- 51٪ ی ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن دەڵێن لەمنداڵیدا تەعدای سێکسیمان لێکراوە[20].
- 19٪ی لەشفرۆشەکان دەڵێن پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ باوکماندا هەیەو بەپێچەوانەوە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەڵێن کە پەیوەندیەکی خراپمان لەگەڵ دایکانماندا هەیە[21].
- زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوەو توێژینەوەکان دەڵێن کە ئیغتیصاب یان دەستدرێژی سێکسی لەمنداڵیدا دەبێتە هۆی هەستکردنێکی بەردەوام بە پەراوێزی و هەڕەشە لەسەر بوونی مرۆیی و بۆیە هەمیشە هەست بە تاوان دەکەن و هەست دەکەن کە تەواو ئەوان جیاوازن لەخەڵکی ترو هەمیشە هەست دەکەن لەخەڵکێکی تر کەمترن و بۆیە هەوڵ دەدەن کە ئەو دەستدرێژیە بکەنەوە سەر خەڵکێکی تر ئەمەش هۆکارەسەرەکیەکەی بریتیە لە تۆڵە بەڵام بەشێوەیەکی ئاشکرا ناوترێت[22]. بەزۆری لەشفرۆشەکانیش بەم قۆناغەدا ڕۆشتوون.

---

[17] Brock, Nakashimaand Thistlethwaite, Susan. Casting Stones: Prostitution and Liberation in Asia and the United States. Minneapolis, MN: Fortress Press. 1996.

[18] Silbert, Mimi H. "Treatment of Prostitute Victims of Sexual Assault," Victims of Sexual Aggression. Van Nostrand Reinhold, 1984.

[19] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[20] Finkelhor, David & Browne, Angela. "The Traumatic Impact of Child Sexual Abuse," American Journal of Orthopsychiatry, 55(4).

[21] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[22] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

- دوو لەسەر سێی ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن لە تەمەنی سێ تا 16 ساڵی دەستدرێژیان کراوەتە سەرو تێکڕای ساڵانەی ئەوانەی دەستدرێژیان کرا وەتە سەر ئەوانەن کە تەمەنیان دەساڵە[23].
- زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی لە منداڵیدا دەستدرێژیان دەکرێتەسەر ئەوانەن کە لەلایەن کەسی نزیکیانەوە ئەو کارەیان بەرامبەر دەکرێت و پاشان ئەوانەی کەلەلایەن خەڵکی نەناسەوە ئیغتیصاب دەکرێن لەمنداڵیدا تەنیا 10٪ لەشفرۆشەکان پێك دەهێنن.
- بەشێکی زۆری ئەوکچانەی لەمنداڵیدا ئیغتصاب دەکرێن کچێنی خۆیان لەدەست دەدەن و ڕێژەکەیان دەگاتە 90٪ و تەنانەت ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن نزیکەی 70٪یان ئەوانەن کە ئیغتصابکردنیان لەمنداڵیدا زۆر کاریکردوەتە سەربڕیارەکانیان بۆ ئەوەی ببنە لەشفرۆش.
- گەر تێبینی بکەین دەبینین ژمارەی ئەوانەی لەسەر لەشفرۆشی دەگیرێن 27.7 جار کەمترە لەژمارەی ئەومنداڵانەی کە لەمنداڵیدا دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر[24].
- 57٪ ی ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن دەڵێن دەستدرێژی سێکسیمان کراوەتەسەر لەمنداڵیدا، 49٪یشیان دەڵێن بەشێوەیەکی کرداری تەعدای سێکسیمان لێکراوە[25].
- ئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن دەڵێن[26]:
  - 82٪ یان بەشێوەیەکی فیزیکی سووکایەتیان پێ کراوە.
  - 83٪ یان بەهۆی چەکەوە هەڕەشەیان لێکراوە.
  - 68٪ یان ئیغتیصاب کراون کاتێك وەك لەشفرۆش کاریانکردوە.
  - 84٪یان لەئێستادا یان لە ڕابردوودا بێلانەییان چەشتوە.

---

[23] Silbert, 1984.
[24] Widom, C. Victims of Childhood Sexual Abuse: Later Criminal Consequences. Washington, D.C.: U.S. Department of Justice, National Institute of Justice, 1995.
[25] Farley, Melissa & Barkan, Howard. “Prostitution, Violence Against Women, and Posttraumatic Stress Disorder.” Women & Health, 27(3): 37-49. 1998.
[26] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

- یەکێك لەتوێژینەوەکانی تر سەبارەت بەلەشفرۆشی گەورە دۆزیویەتیەوەکە[27]:
  - 73٪ ئیغتیصابکراون‌و 71٪یان لەکاتی بەشداریاندا لەکاری لەشفرۆشیدا.
  - 84٪ی ئەوانەی ئیغتیصابکراون لەلایەن خەڵکی نەناسەوە ئیغتیصابکراون.
  - 27٪ ی ئەوانەی ئیغتیصابکراون دەڵێن زیاتر لەکەسێك پێکەوە تەعدایان لێکردوین‌و تێکڕا لە چوارکەس کەمتر نەبوون.
  - 44٪ی ئیغتیصابەکردنەکان چەکی تیادا بەکارهاتوە.
  - 73٪ی ئەو لەشفرۆشانەی دەڵێن، ئیغتصابکراوین لەگەورەیدا ئیغتصابکراون‌و کاریگەری بریندارى ئیغتصابکردنەکانیان لەسەر جەستە ماوەتەوەو بەزۆری بریندارکراون.
- نەخۆشیەباوەکان‌و خودکوژی دوو باوترین دوو نەخۆشین لەنێو ئەو گەنجانەدا کە فێری لەشفرۆشی بوون[28].
- 15٪ی هەموو ئەوانەی خۆیان دکوژن، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەشفرۆشیانکردوە.
- 75٪ی لەشفرۆشەکانیش هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.
- 38٪ی دەڵاڵەکان هانی لەشفرۆشەکان دەدەن بۆ پۆرنۆگراف، واتە فیلم‌و وێنەی سێکسی.
- 80٪ی کڕیارەکان پۆرنۆگرافیا بەکاردەکەن بۆئەوەی بەلەشفرۆشەکان بڵێن چیان بۆ بکەن.

[27] Silbert, Mimi H. “Compounding Factors in the Rape of Street Prostitutes,” Rape and Sexual Assault II, ed. Ann W. Burgess. New York: Garland Publishing, 1988.
[28] Silbert, Mimi H. “Compounding Factors in the Rape of Street Prostitutes,” Rape and Sexual Assault II, ed. Ann W. Burgess. New York: Garland Publishing, 1988.

**خشتەی** (2)

| | تێکـــڕای 9 وڵاتەکە | کەنەدا ژ = 100 | کۆلۆمبیا ژ=96 | ئەڵمانیا ژ = 54 | مەکسیك ژ = 123 | ئەفریقیای باشور ژ = 68 | تایلاند ژ = 166 | تورکیا ژ= 50 | ئەمریکا ژ = 130 | زامبیا ژ= 117 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **تێکڕای تەمەن** | 28 | 28 | 31 | 26 | 27 | 24 | 26 | 29 | 31 | 27 |
| **مەودای تەمەن** | 12- 68 | 13 -49 | 14 -58 | 15 -68 | 18 -60 | 17 -38 | 14 -46 | 16-55 | 14 -61 | 12 -53 |
| **تەمەنی چونە بازاڕی لەشفرۆش** | 19 | 18 | 17 | 19 | 20 | 20 | 21 | نەزانراوە | 20 | 17 |
| **تەمەنی لەشفرۆش** | 9 | 10 | 14 | 7 | 7 | 4 | 5 | نەزانراوە | 11 | 10 |
| **ڕێـــــژەی ئـــــەو لەشفرۆشـــــانەی تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە** | ٪47 | ٪ 54 | ٪ 59 | ٪ 41 | ٪ 32 | ٪ 40 | ٪32 | نەزانراوە | ٪42 | ٪68 |

## ➢ بنەما دەروونیەكانی لەشفرۆشی

**بۆئـەوەی لەبنـەما دەروونیـەكان تێبگـەین پێویسـتە دوولایـەنی كێشـەی لـەش فرۆشـی بناسـین یـەكێكیان پەیوەنـدی بـەخودی سێكسـەوە هەیـە ئـەوەی دوومیـان پەیوەسـتە بەكلتوور و دابوونەریتی كۆمەلآیەتیەوە[29].**

**ڕەفتـاری سێكسـی ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـەبزاوتنی ئۆرگانـە سێكسـیەكانەوە هەیـە. بـزاوتنی ئۆرگانـە سیكسـیەكانیش سـەرەڕای ئـەوەی كەبـەهۆی هۆرمـۆن و گۆڕانـە بایەلۆجیەكانـەوە ڕودەدەن، لەلایـەكی تـرەوە هۆكـاری هانـدەری تـر كاریگـەری لەسـەریان هەیە وەك: شێوەی بەرابەر و قەسە و بیروباوەڕ و بۆن و دەنگـو پێكەكەنین و....تاد. ئـەم ڕاسـتیە بەتـەنیا لای مـرۆڤ نیـە بـەڵكو ئـاژەڵ و باڵنـدەكانیش دەگرێتـەوە بـەڵام جێێـی سەرنجە لـەلای مـرۆڤ ئەقڵیش دەبێتـە بەشێك لـە پرۆسـەی (سـایكۆ سێكسـۆ لـۆجی) بۆیـە سـەبارەت بەلاینـە دەروونیەكـە پێویسـتە هەڵوێسـتەیێك لەمـەڕ ڕەهەنـدەكانی لەشفرۆشـیدا بكەین چونكە هاندەری سەرەكی لەلەشفرۆشیدا ئەو دەست كەوتەیە كەدەست لەشـفرۆش دەكەوێت بۆیە پڕۆسەكە، پڕۆسەی سێكس دەبێتە پڕۆسەیەكی بایـەلۆجی ئالی كەتیایـدا هەستە دەروونیەكان پێویستە وەلا بخرێت ئەمـەش كاریگەریـەكی نێگـەتیڤ دەكاتـە سـەر پێكهاتـەی دەروونـی لەشـفرۆش. هەنـدێك جا لەشفرشـەكان چێژ لەپڕۆسـە سـێكس یەكـە وەردەگـرن وهەنـدێك جـاریش واخۆیـا نیشـان دەدەن كەچێژی لێدەبینن ئـەوش بۆئـەوەی دەسكەوتێكی باشتریان دەست كەوێت وجۆرێكە لەپڕۆسـەی بازاڕ گـەرمی. بـەپێی تیـۆری (ماستـەرزو جۆنسـن) هـەمووكردارێكی سێكسـی بەچـوار قۆنـاغدا تـێ دەپـەڕێت كەهەریـەك لەقۆنـاغـەكان مـاوەی دیـاری كـراو و هۆكـاری تایبـەت بۆدرووسـت بـوونی هەسـت و ڕەنگدانـەوەی دەروونـی تایبـەت بـەخۆی هەیـە كەئـەمانش لەلایـەین هـەردوو ڕەگـەزی نێرومێوە جیاوازن بەنموونە:**

**قۆنـاغی یەكـەم: كەبریتیـە لەبزوانـدن لـەلای هەریەكـە لەڕگـەزەكان بـەجۆرێك ڕوودەدات و پێویستی بەكاتێكی دیاری كراو هەیە پیایدا تێپەر ببێت بۆئەوەی بگاتە قۆناغی دووهەم. كەدەكرێت ناوی بنێن بە ورووژاندن. بۆبزواندنی سێكس لەلای ڕەگـەزی مـێ پێویسـتیمان**

[29] Dabbs, J. M. & Mohammed , S. (1992) male and female salivary testosterone concentrations befor and after sexual activity. Psychology and behavior 195-197

بەهەلومەرجی زیاتر هەیە وپێویستە بەهۆی هەموو هەستەکانیەوە ببزوێت ئەمە سەرەڕای بیرکردنـــەوە لەبەرامبـــەر وماوەکـــەی درێـــژترە لەڕەگـــەزی نێـــر کەبـــەزمانی زانســـتی پێدەوترێت[30] (Exesadment)

بەلاّم لەڕگەزی نێردا دەکرێت تەنها بەبینین یان بەهەریەکێك لەهەستەکانی تر دەگاتە ئەم قۆناغـەو بـەکاتێکی کـەم تێیدەپـەڕێنێت ئـەم قۆناغـە پەیوەندیـەکی بـەهێزو تونـدووتۆلی لەگـەڵ هەسـتەکانی خۆشەویسـتیدا هەیـە کەهەمیشـە ڕەگـەزی مـێ بەیـەکێك لەهانـدەرە سـەرەکیەکانی دەزانێـت بـۆ پەیوەنـدی سێکسـی (ئەمـەش بەشـێوەیێکی ڕەهـا نیـە بـەڵکو هەندیك جار لەناو رەگەزی مێدا کەسی نائاسای هەیە، مەبەستمان لە ئاسای و نائاسای بریتییـە لـە: هـەموو ئـەو بـارو دۆخانـەی کەلـەنێو خەڵکیـدا دووبـارە دەبنـەوەو بەئاسـایی ناویان دەبەین وئەوانەی دەگمەنن بەباری نائاسایی وشاز دەژمێردرێت)، ئەمـەش بە پێـی ڕای ئەوانەی شارەزان لە توێژینەوەی زانستی کۆمەلاّیەتی و دەرونیدا.

قۆنـاغی دووهـەم: ورووژانـدن کەبـەزارەوەی زانسـتی پێـی دەوترێـت (پـلات یـۆ) (plateau) ئـەم قۆناغـە درێـژترین قۆنـاغی سێکسـە بەتایبـەت لەڕەگـەزی مێـدا ولەزۆربـەی ئـەو کۆمەڵگایانەدا کەسێکسی تیاسەرکوت دەکرێت ڕەگەزی مێ ئەم قۆناغە بە بێدەنگی بەڕێ دەکات. لـەلای ڕەگـەزی نێـر ئـەم قۆناغـە کورتـە کاتێـك کەدەگاتـە ڕەگـەزی مـێ بـەلاّم درێـژە کاتێـك ڕێگـە چارەیەك نادۆزێتـەوە بـۆ تێرکردنـی سێکسـی خـۆی،.. لـەم قۆناغـەدا مـرۆڤ زۆرتـرین وزەو تواناکـانی سـەرف دەکـات بۆئـەوەی بگاتـە قۆنـاغی ئاینـدە.. لـەکاتی ئەنجامـدانی کـاری سێکسـیدا لـەنێوان هـەردوو رەگـەزدا باشـتر وایـە لـەبڕینی قۆناغەکـەدا نزیك بن لەیەکەوە بەلاّم لەپرۆسەی لەشفرۆشیدا ئامانجی سەرەکی لەشفرۆش بەڕێکردنی هـەموو پرۆسـەکەیە بـەخێراترین شـێوە کەئەمـەش ئاماژەیـەکی ڕوونـە لەبـەڕێوە چـونی پرۆسـە سێکسیەکە بەشێوەیەکی ئـالی و ئۆتۆمـاتیکی بـایلۆجی دوور لەهـەموو ڕەهەنـدە دەروونیـەکانی کـاتێکیش کەدەگاتـە قۆنـاغی سـێهەم کـەقۆناغی ترۆپکـی چێـژە (ئۆرگـازم) (orgasm) چـێژ دەسـت ڕەگـەزی نێرینـە دەکـەوێت لەبـەتاڵ کردنـەوەی هـەموو وزە

[30] Gary F. Kelly, Sexuality today, the human perspective. Seventh edition 2001, 60-87

سێکسـیەکانیدا بـەڵام مـەرج نیـە ڕەگـەزی مـێ چـێژی بینیبێـت وەبەتایبـەت ئامـانجی سەرەکیش دەسکەوتێك بێت.

لەدوا قۆناغدا کەقۆناغی دامرکاندنەوەیە ڕەگەزی مێ بەم قۆناغەدا تێ ناپەڕێت لەباری لەشفرۆشیدا چونکە مەرجی بڕینی هەرقۆناغێك قۆنا غەکانی پێش خۆیەتی.. ڕەگەزی نێر ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی دەروونی نائاسای دەبڕێت، چونکە یەکێك لەپێویستیەکانی بینینی ئەم قۆناغە هەست کردنە بەتێرکردنی ڕەگەزی بەرامبەر کەبەهۆی ئەم خاڵەوە ڕەزامەنـدی سێکسـی درووسـت دەبێـت لـەڕووی دەروونـی و کۆمەڵایەتییـەوە، کـە پێـی دەوترێت (psycho-social sexyal satisfaction)، کاتێك ڕەگەزی مێ ڕەزامەند نیە لەپرۆسەی سێکسیەکە بۆیە ڕەگەزی نێر قۆناغی کۆتای کەلەڕووی زانستی پێی دەوترێت (resolution) بەتەواوی هەستی پێ ناکات[31].

کاتێـك لەشفرۆشـەکان چـەند جارێـك بـەم پرۆسـە سێکسـیەدا تێدەپـەڕن لـەڕووی جەستەییەوە بەرکەوتنێکی زۆر هەیە لەگەڵ ڕەگەزی نێردا (بەنمونە کۆئەندامی زاوزێ سـنگ و بەشـەکانی تـری جەسـتەی ڕەگـەزی مـێ تووشـی لێخشـاندن وبـەر کـەوتنێکی بەردەوام دەبێت بە بێ ئەوەی لەڕووی بایۆلۆجی و دەروونیەوە بەقۆناغەکانی تێرکردنی سێکسیدا تێپەڕن، بۆیە لەدرێژ ماوەدا توشی شکستی چێژی سێکسی دەبن، کەئەگەر بێتو یەکێکیش لەجارەکان لەپێناو چێژی سێکسیدا بەکارەکە هەستێت ئەوا کۆسپێکی گەورە هەیە لەبەردەم یادە وەریەکانیدا کەرێگەی پێنادات بگاتە هەمان چێژ. کەکەسێکی ئاسای پێی دەگات ئەمەش گرێ و گۆڵێکی دەروونی گەورە لەلای لەشفرۆش درووست دەکات چونکە یەکێك لەگرنگترین ڕێگەکان کەبەهۆیەوە مرۆڤ هەست بەخۆشەویستی بۆ ژیان و حەزی بە بەردەوامی بۆژیان دەکات چێژی سێکسیە).

ئەگەر بێینـە سەرباسـی لایـەنی دووهـەمی بـارە دەروونیەکـەی لەشفرۆشـی ئـەوا دەڵـێین پێکهاتە دەروونیەکانی لەشفرۆشی لەکۆمەڵگاو کەلتوورێکەوە بۆکۆمەڵگاو کەلتوورێکی تـر دەگۆڕێـت. ئـەو گوشـارەی کـەکلتوورو کۆمـەڵگاکان دەیخەنەسـەر لەشفرۆشـی بـە تـابووکردنی کارەکـە، بەئەندازەیـەك ڕەنگدانـەوەی نێگـەتیڤی هەیـە لەسـەر هەسـتە دەروونیەکانیکەی لەشفرۆش کە کەمتر نیە لەبڕگەی پێشوو. هەروەها لەو چەند ئامارە

---

[31] هەمان سەرچاوەی پێشوو

جیهانیەدا کەلەسەر لەشفرۆشی بینیومانە، بۆمان دەردەکەوێت کەکەسی لەشفرۆش پێ لەکۆمەڵێك داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەنێت.. هەروەها کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵگا کەی پێشل دەکات کەبەو هۆیانەوە دەکەوێتە پەراوێزەوەو بەکەسێکی کەمتر لەچاو خەڵکی ئاسایدا سەیر دەکرێت.

لەکۆمەڵگا پێش کەوتوەکاندا بەهۆی پشتیوانی ڕێکخراوە نا حکومیەکانەوە داکۆکی لەم گروپەی کۆمەڵگا دەکرێت بەڵام هێشتا بەشێوەیەکی گشتی بەکارێکی ناشایستە هەژمار دەکرێت و کەسی لەشفرۆشیش هەرچەندە لەهاوکێشەکانی خودی خۆیدا بڕیاردەدات پلەو پایە کۆمەڵایەتیەکان بگۆڕێتەوە بەدەست کەوتێکی مادی بەڵام هێشتا ئەگەر هێزێکی ناچارکەر نەبێت مرۆڤ بڕیار نادات لەڕێگەی لەشفرۆشیەوە پێویستیەکانی ژیانی دابین بکات[32].

لەهەندێك لە کۆمەڵگاکاندا لەشفرۆشی بۆدابینی بژێوی نیە بەڵکوو لەپێناو دەست کەوتنی بڕە پارەیەکدایە کەبەهۆیەوە فەنتازیایەك جێبەجێ دەبێت بۆ مرۆڤەکە کەلەڕاستیدا دەسکەوتنی ئەو فەنتازیایە لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە بۆ کەسی لەشفرۆش زۆر گرنگترە لەلەدەستدانی پایە کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکان کەلەم نێوەندەدا ماس میدیاو پۆرنۆگرافیا کاریگەریەکی زۆریان داناوە بەتایبەت لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی بەشێوەیەکی گشتی دواکەوتوون وەهەروەها ئەوکۆمەڵگایانەی پەیوەندیە سێکسیەکان بەهۆی زۆری یاسای کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەدەنیەوە قەدەغەن.

## ➢ بنەما ئابووریەکانی لەشفرۆشی

وەك لەباسی یەکەمدا گفتوگۆمان کرد لەسەر پێویستی و هەل و مەرجە ئابوریەکان بۆ درووست بوونی لەشفرۆشی، لێردا گرنگە گەر بەکورتیش بێت تیشکێکی زیاتر بخەینە سەر لایەنی خواست و خستنە ڕوو لەبازاری لەشفرۆشیدا کە تای دووەمی ئەو تەرازوەیە لەسەرەتاوە باسمانکردوە، چونکە پێناسەی لەشفرۆشی کاتێك تەواو دەبێت کە سێکس هەبێت و لەبەرامبەریدا پارە وەربگیرێت.. هەروەها گرنگیەکیش بدەین بەلایەنی (opportunitycost).

[32] Baldwin J. D. & Baldwin J. I. (1997) Gender differents in sexual interests 181-210

لەشفرۆشی وەك هەمووکالأیەکی ئابووری ئاسایی تازۆرببێت هەرزان دەبێتو تاکەم بێت نرخەکەی زیاد دەکات وبەپێچەوانەوە.. بەم جۆرەش دەتوانین بلێین پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان نرخ و خواستدا، لەلایەکی ترەوە تایاساکان (کۆمەلأیەتی ــ مەدەنی ــ ئاینی) زیاتر قەدەغەی لەشفرۆشی بکەن ئەوا نرخەکەی زیاد دەکات چونکە دەگمەن تر دەبێت.. بەلأم خستنە ڕووی لەشفرۆشی سەرەڕای نرخ پەیوەندی دارە بەپابەندبوون و پەیوەست بوونی کۆمەڵگا بەیاساو داب و نەریتە کۆمەلأیەتیەکان، واتا تا کۆمەڵگایەك زیاتر پابەند بێت بەداب ونەریت و یاسا کۆمەلأیەتیەکانەوە، ئەوا ڕێژەی خستنە ڕووی لەشفرۆشی کەم دەبێتەوە بەم جۆرەش نرخەکەی بەرز دەبێتەوە. بارێکی ئاساییە کە بزانین کۆمەڵگاکان بەپێی پێش کەوتنیان جیاوازن. دەکرێت قسە لەسەر پێشکەوتنیش بکەین، پێشکەوتنی تەواو پێشکەوتنی ناتەواو. پێش کەوتنی تەواو بریتیە لەو پێش کەوتنەوی کەکۆمەڵگا لەڕووی تەکنەلۆجی و ژیاری و سیاسی و کۆمەلأیەتی و بەرەوپێش چونی ڕەوشەکانی ماف مرۆڤو تادوای پێش بکەوێت بەلأم پێش کەوتنی ناتەواو ئەو پێش کەوتنەیە کەلەیەکێك لەبوارەکاندا پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت ومەرج نیە لەلایەنەکانی تردا پێش کەوتوو بێت[33].

بەم جۆرە لەهەموو کۆمەڵگاکاندا ئەوانەی کەلەشفرۆشی ناکەن پلەو پایەیەکی کۆمەلأیەتی بەرزیان هەیە لەوانەی کەلەشفرۆشی دەکەن هەربۆیە ئەو پلەو پایە کۆمەلأیەتیە گەر بەدەست کەوتێکی ئابووری سەیر بکەین ئەوا دەبینین بەهایەکی هەیە کەبە نەخت یان دەسکەوتێکی مادی دیاریکراو قەرەبوو دەکرێتەوە ئەمەش لەبواری ئابوریدا پێی دەڵێن (opportunity cost) واتا لەبەرامبەر لەدەست چونی بەهایەکی ئابووری کۆمەلأیەتیدا دەستکەوتێکی ئابووری تر بۆ لەشفرۆشی هەیە. لەراستیشدا لەڕووی بەهای ئابووریەوە ئەم دوو دەستکەوتە بەراورد ناکرێت چونکە دەستکەوتێکی ئێکجار زۆر لەلەشفرۆشیدا دەست ئەو لەشفرۆشانە دەکەوێت کەئەم کارە دەکەن هەربۆیە ناکرێت بەتەنیا پێوانەکانمان لەڕووی ئابوریەوە بێت بەڵکو گرنگە تایبەتمەندیەکیش بدەینە بەها کۆمەلأیەتیەکان کەبۆ لایەنە ئابووریەکە گرنگە[34].

---

[33] هەمان سەرچاوەی پێشوو 200– 205

[34] هەمان سەرچاوەی پێشوو 148–156

## ➢ بنەما کەلتووریو کۆمەڵایەتیەکانی لەشفرۆشی

بـەپێی ئـەو خوێندنـەوە مێژویـەی کـەباسمانکرد لەباسـی یەکەمـدا بەدرێـژایی مێـژوو هەروەها زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکان وەبەڕێژەی جۆراوجۆر لەشفرۆشی لەهەموو سەردەمو زەمانێکدا هـەبوە ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێت کـە ناتوانرێـت لەشفرۆشـی سـنوردار بکرێـت بەڵکو گـەر بگەرێینـەوە بۆ مێژووی جولەکە ئـەوا دەبینین لـەو سـەردەمەدا بـەزەبری یاسا لەشفرۆشی سنوردار کراوە وەیـان لای مەسیحیەکان لـەدەرەنجامی ئـازاد کردنـی سـێکس لەشفرۆشـی کـەم کراوەتـەوە بـەلاّم بنـەبڕ نـەکراوە لـەهیچ سـەر دەمێکـدا. لەشفرۆشـی لەکۆمەڵگاکانـدا بەشـێوازو ڕێگـەی جـۆراو جـۆر پێـڕەو دەکرێـت، ئەگەرچـی سەرانسـەری جیهانـدا چـەند جـۆرێکی هەیـەو بەشـێوەیەکی گشـتی هـەموو کارەکـانی لەشفرۆشـی دەچنەوە سەر ئەو جۆرە سەرەکیانە.

ئـەوەی گرنگـە لێرەدا باسـی بکـەین قـەدەغکردنی یـان ئـازاد کردنـی لەشفرۆشـی وڕێـژەی قەدەغـەکردنو ئـازاد کردنەکەیـە، چـونکە کاریگـەریان هەیـە لەسـەر شـێوازو کـەلتووری لەشفرۆشـی.. هـەروەها کـەلتووری ولاّتـان بەتایبـەت ولاّتـانی دراوسـێ وئـەو ولاّتانـەی پەیوەندی بەردەوامیان هەیە کاریگـەریان هەیـە لەسـەر چۆنێتیو کەلتووری لەشفرۆشی، بۆنمونـە (تورکـەکانو بولغاریـەکان) زۆر لەیـەکترەوە فێربـوون وەفەرەنسـیەکان زۆر کاریگەریان هەبوە لەسەر باکورو ڕۆژ ئاوای کیشوەری ئەفریقیا. ئەمەریکیەکان کاریگـەری گـەورەیان لەسـەر تایلانـدوو باشـوری ڕۆژهـەلاّتی ئاسـیا دانـاوە. بەشـێوەیەکی گشـتی جـەنگو پشـێوی و وەرچـەرخانە ئـابوریو کۆمەلاّیەتیـەکان دەرفـەتی لەشفرۆشـیان زیـاد کردوە وکاریگەریان داناوە لەسەر درووست کردنی دابو نـەریتی تایبـەت بەلەشفرۆشـان.

پێویستە ئـەوە لـە یـاد نەکـەین کـەجیهانگیریو بـەر فراوانـی کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن، پـاش دۆزینـەوەی سـەتەلایتو مـانگی دەسـکردو تۆڕەکـانی ئەنتـەرنێتو گەشەسـەندنی پۆرنۆگرافیـا وپێشـکەوتنی زانسـتی سیکسـۆلۆجی کاریگـەری گـەورەیان هـەبوو لەسـەر دۆزینەوەی شێوازی جیاواز لەسێکس کردن وهەمەجۆری چێژ بینینو بـەرپا بوونـی دابو نـەریتو کـەلتووری جیـاواز جیـاواز بـۆ لەشفرۆشـی. ئەمـە جگـە لـەوەی هانـدەرێکی بـاش بـوون بۆبـەر بـلاّوی لەشفرۆشـی بەتایبـەت لـەو ولاّتانـەدا کەدواکـەوتوون و/یـان سێکسـی ئازاد بەهەموو جۆرێك قەدەغەیە.

## باسی سێیەم: کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەر کۆمەڵ

### ➢ کاریگەرییەکانی لەشفرۆشی لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ

کاریگەریـەکانی لەشفرۆشـی لەسـەر کۆمـەڵگا فرەڕەهەنـدەو زۆر لایـەنی ژیـانی ئـابووریو کۆمەلأیـەتی دەگرێتـەوە وتەنانـەت کاریگـەری هەیـە لەسـەر ئاسایشـی نەتـەوەیو بـاری سیاسی هەرکۆمەڵگایەك. ئەو توێژینەوانەی کـەدەکرێت لەسـەر لەشفرۆشـی بەشـێوەیەکی گشـتی سـێ جۆرن: هەیانـە بێلایەنانـە سـەیری دیاریدەکـە دەکـات هەیانـە بەتـەنیا گرنگـی دەدات بەکاریگەریــەکانی ئــەم دیاردەیــەو وەجــۆری سێهەمیشــیان ئــەو توێژینەوانــەن کەبەدوای ڕاستیەکاندا دەگەڕێن سەبارەت بەلەشفرۆشی. ئێمە لـەم توێژینەوەیـەدا وەك لـە پێشەکیکەیدا باسمانکردوە بێلایەنانە سـەیری کێشـەکەناکەین بـەڵکوو لـەڕووی زانسـتیو کۆمەلأیەتیەوە دژی دیاردەکەینو هەوڵ دەدەین ڕێگە چارەیەك بۆ گرفتـەکانی بدۆزینـەوە، بەلأم باوەرمان وایە کەئەوانەی بەلەشفرۆشیەوە ئالوودە بوون مرۆڤنو ئەوەندەی قوربانین ئەوەنــدە تاوانبــار نــین، بۆیــە پێویســتە ڕێزیــان لــێ بگیرێــتو هــەوڵی چارەســەری کێشەکانیان بدەین.

لەشفرۆشــی وەك بــازاڕ، وەك پیشــە بەیــەکێك لەپێشـێلکاریەکانی سـەر مافـەکانی مـرۆڤ دادەنرێت جائەو لەشفرۆشیە هەر جۆرێك بێت، چونکە یەکێك لەڕەگـەزەکان دەکاتـە کـالأی ئــەوی تــر وەك باسمــان کــرد. لــەنێو هــەردوو رەگەزەکــەدا لەشفرۆشــی بەشــێوەیەك لــە شـێوەکان بـەربلأوە، بـەلأم لـەناو رەگـەزی مێینـەدا شـێوەیەکی بـەربلأوترە بۆیـە دەڵـێین ژن دەکاتــە کــالأ (ســلعة) کەتیایــدا بــەهیچ جۆرێــك گــوێ نادرێــت بــە پێکهاتــە مرۆییــەکان لەپرۆســەی لەشفرۆشـیداو هەمیشــە ناهاوســەنگیەك لــەهێزدا هەیــە. لایــەنێکی بــەهێز لایـەنێکی لاواز ئیسـتغلال دەکـات لـەپێناو چـێژێکی کـاتی خۆیـدا، بەشـێوەیەکی گشـتی کاتێـك دەسـەلأتو پـارە لەدەسـت ڕەگـەزی نێردایـە ئـەوا ڕەگـەزی مـێ دەبێتـە چەوسـاوە لـەڕووی پراکتیکیشـەوە جەسـتەی ڕەگـەزی مـێ وەك بووکـە شوشـەیەکی لـێ دێـت کـە بێهەستو بێگیانە.

بەم جۆرەش ئەنجامی زاڵ بوونی دەسەلاَ تداریو دەسەلاَتی کۆمەلاَیەتی ڕەگەزی نێر ڕەگەزی مێ ناچار دەکات کەجەستەی بەکاربهێنێت بۆ تێرکردنی ئارەزوە سێکسیەکانی، ئەمەش لەکاتێکدایە کەڕەگەزی مێ هیچ چێژێکی لێ نابینێتو بەتەنیا دەبێتە کەرەستە.

کاتێکیش سەرجەم یاساو بنەماکانی ماڤی مرۆڤ هەوڵی چەسپاندنی یەکسانی دەرفەت دەدەن بۆ هەموان دژی هەموو جیاکاریەکی ڕەگەزی، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی لەشفرۆشیو وەبازاڕەکانی یەکێکن لەو هۆکارانەی کەجیاکاریو جیاوازی ڕەگەزی زیاتر دەکەن.

گەر بگەڕێینەوە بۆ بنەما دەروونیەکانی لەشفرۆشی کەلەباسی پێشودا باسمانکرد، ئەوا دەبینین یەکێك لەڕەگەزەکان خاوەن پارەیەو ئەوی تریش پێویستی بەپارەیە بەم جۆرەش بەهاو کەرامەتی مرۆیی خۆی دەفرۆشێت لەپێناو دەسکەوتێکی مادیدا لەیەکێك لەسادەترین پێشێلکارەکانی مافدا لەبازاڕی لەشفرۆشیدا بۆ مرۆڤ بریتیە لە سوکایەتی پێ کردنی زارەکی (verpal-abuse)، بۆنمونە لەیەکێك لەیانەکانی لەشفرۆشیدا کاتێك سوکایەتی زارەکی بە لەشفرۆشێك دەکرێت ئەوا دەبێت بەزەردە خەنەیەکەوە وەلاَمی ئەوسوکایەتیانە بداتەوە چونکە کارەکەی ئەوەی پێویستە، لەکاتی سێکس کردن بە پارە زۆر جار لەشفرۆشەکان توشی ئازارو ئەشکەنجەی جەستەی دەبن وەك برینداركردن وئازاردانی بەشەکانی جەستەی کەسی لەشفرۆش، قژیان ڕادەکێشرێت وڕووبەڕووی قسەی ناشرینو ناخۆش دەبنەوە وهەندێك جار چاویان شین دەکرێتەوە یان جگەرە بە جەستەیان دەکوژێنرێتەوە یان گازیان لێ دەگیرێت... تاد.

## ➢ تێڕوانینی فێمینیستەکان لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی

بەشێوەیەکی گشتی دوو ڕاستی بۆ هەموو کەسێك ئاشکرایە سەرهەڵدانو گوڕو تینی ڕەوتە فمێنیستەکان لەولاَتانی ڕۆژ ئاواوە برەوی سەندوە، هەروەها ئەم ولاَتانەش لەبەشی هەرەزۆری دنیا زیاتر بەدەست دیاردەی لەشفرۆشیەوە دەناڵێنن بۆیە دەبێت ئەم ڕەوتانە ڕاو بۆ چونی خۆیان هەبێت سەبارەت بە لەشفرۆشی.

ڕەوشی ئابووریو ڕەگەزیی ژنانی لەشفرۆشو پەراوێز کەوتوو لەکۆمەڵگادا کەبەنا چاری لەڕێگای لەشفرۆشیەوە ژیانی خۆیان دابین دەکەن کاریگەریەکی قورسو گرانی هەیە

لەسەر ژمارەیەك لەخەڵك لەهەریەك لەكۆمەڵگاكاندا جائەو لەشفرۆشانە نێربن یان مێ.
زیان و مەترسیەكانی لەشفرۆشی بەتەنیا لەسەر لەشفرۆشەكان نیە بەڵكو لەڕووی شێوەی ژیان و بارووددۆخی تەندروستیەوە مەترسی بۆسەر هەمووكۆمەڵ هەیە.
لەجیهاندا بەشێوەیەكی گشتی لەڕووی یاسایەوە لەسێ واقعدا دەژین یان بەكارێكی یاسایی هەژمار دەكرێت، یان بەتەواوی نایاساییەو سەركووت دەكرێت یان نایاساییەو لەڕێگای فەرامۆشكردنەوە ڕێگەی پێدەدرێت. بەڵام لەهەرسێ دۆخەكەدا لەشفرۆشی هەیە وەهەربەردەوامە.. ئەوسێ دۆخەش گفتوگۆو مشتومڕی نێوان بزوتنەوە فیمێنیستەكان كاریگەریان لەسەری هەبوە كەبەپلەی سەرەكی مشتومڕەكە دەكەوێتە نێوان بزوتنەوەی فیمێنیستەكانی لیبراڵ و فمێنزمی ڕادیكاڵەوە كەسەبارەت بەلەشفرۆشی دەیانەوێت بەباشترین شێوە سەیری دیاردەكە بكەن. لەڕەوتە لیبراڵیەكەدا زۆر نوسەر هەن كەداوای ڕیفۆرم دەكەن بۆ ئەوەی ڕێز لەلەشفرۆشی بگیرێت ودەڵێن ئەوەندە بەس نیە خەڵك ئازاد بێت بۆ لەشفرۆشی و یاسا ڕێكیبخات بەڵكو دەبێت ئێمەش ڕێزیان لێ بگرین و ڕەفتارمان چاك بكەین بەرامبەریان و بەكارێكی ئاسای بیبینینەوە، بەجۆرێكیش مامەڵەی لەگەڵ بكرێت كەوەك هەر جۆرە چالاكیەكی ئابوری تر سەیر بكرێت. لیبراڵەكان وای دەبینن كەكرینی چێژی سێكسی وەك هەر چێژێكی ئارام بەخش و كات بەتاڵی وایە. بەنمونە مرۆڤ بۆ تێركردنی ئارەزوە كانی یاری كردن دەچێتە شاری یاری و گازینۆكان و وەیانەكان... تاد و پارەش دەدات. كرینی سێكسیش وەك هەمان بازرگانی سەیردەكەن و بەیەكێك لەپیشەسازییەكانی چێژ بینینی لە قەڵەم دەدەن.
بەڵام فمینزمی ڕادیكاڵ زۆر بەتوندی هێرش دەكەنە سەر لەشفرۆشی و دژی بەئاسایی سەیر كردنی دەوەستنەوە ئەمانە باوەڕیان وایە لەشفرۆشی و باندەكانی لەشفرۆشی یەكێكن لەدامەزراوە تەقلیدیە كۆنەپەرستەكانی مرۆڤایەتی هەرچەندە بیرو ڕاكانیان بە بەڵگەی بەهێز ڕوون دەكەنەوە بەڵام بەشێوەیەكی گشتی دیاردەكە دەبەستنەوە بەكۆمەڵگەی پیاو سالاریەوە.
هەردوو فمینزمی لیبراڵ و ڕادیكاڵیش ئەگەرچی لەهەندێ مەسەلەدا ناتەبان سەبارەت بە لەشفرۆشی بەڵام لەزۆربەی زۆری گفتوگۆو كێشەكاندا سەبارەت بەڕەوشی مێ لەم بازاڕەدا كۆكن و هەمان گوتاریان هەیە بۆنمونە فمێنستە ڕادیكاڵەكان داوادەكەن

کڕیارەکان سزا بدرێن‌و لەش کڕینیان لیٚ قەدەغە بکرێت. بەلاٚم لیبراڵەکان داوادەکەن لەشفرۆشی بەپێی یاسا ئازاد بکرێت ولە چوار چێوەی یاسایەکدا ڕێگە لەو توندوتیژیانە بگیرێت کەڕووبەڕووی ژنانی لەشفرۆش دەبێتەوە.

## ➢ سەربەخۆیی سێکسی‌و لەشفرۆشی‌و کاریگەرییەکانی

هەموو ڕەوتە پێش کەوتوو خوازەکان لەدنیای فیکرو سیاسەت‌و کۆمەڵناسیدا لەدوای چاکسازی ئاینەوە، داوای ئازادی سیکسیان کردوە، بەلاٚم پاش پەرەسەندنی بزووتنەوە فمینیستەکان‌و هاتنە کایەی تیۆرە جەندەریەکان، خواست لەسەر ئازادی سیکس دەگۆڕێت بۆ داواکردنی سەربەخۆی سێکس (sexual autonomy).

ئەوانەی داوای سەربەخۆی سێکس دەکەن لەنێوان لایەنە سودبەخش‌و زیان بەخشەکانی ئەم مەسەلەیەدا دەمێننەوە و ناتوانرێت لەسەر بنەمای لەشفرۆشی سەربەخۆیی سیکس ڕەت بکرێتەوە چونکە زۆربەی هەرە زۆری بیروبۆچوونەکان تەبان لەسەر زیانەکانی لەشفرۆشی.

بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ، مرۆڤ ئازادە بەشداری لەچ چالاکیەك دەکات هەربۆیە ناتوانرێت بەپێی یاسا بنەماکانی ئەم مافە لەمرۆڤ قەدەغە بکات لە مومارەسەکردنی چالاکیەك کەلە خودی خۆیدا ئازادە وزیان بەکەسێکی تر ناگەیەنێت ئەمەش ئەو بنەمایەیە کەلەزۆر ولاٚتدا کاتێك بەپێی یاسا لەشفرۆشی ئازاد دەکرێت ڕیٚ‌و شوێنی تەندوروستی تایبەتی تیادا دەگیرێتە بەر وپشکنینی پزیشکی بەردەوام بۆ لەشفرۆشەکان دەکرێت. بەم جۆرەش سیستەمی بەڕێوە چونی کۆمەڵگا دڵنیادەبێت کەلەشفرۆشی ئازادانە کاری خۆی دەکات‌و زیان بەکەسی تر ناگەیەنێت. بەلاٚم لەلای بەرامبەرەوە دژایەتی کردنی لەشفرۆشی بەتەنیا لەزیانە تەندروستیەکانەوە نەهاتوە بەڵکو زۆر کێشەی کۆمەلاٚیەتی‌و گرفتی کۆمەلاٚیەتی گەورەی لیٚ دەکەوێتەوە هەر بۆیە ناکرێت سەربەخۆیی سیکس بە بازاڕەوە ببەستینەوە وتاکەکانی تیا ئازاد بکەین کەئەم کالاٚیە بخەینە بازاڕەوە چونکە بازاڕ ئەو شوێنەیە کەپەیوەندی بەهەموو مانەوە هەیە. بەدڵنیایەوە هەموومان ئەوە دەزانین کەسەر بەخۆیی سیکس بەبیٚ پارەوە لەدەرەوەی

بازارپەیوەندی بەئازادیەکانی مرۆڤو کۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆیەوە هەیە بەڵام کاتێك لەسەر ئەم بازاڕە دەدوێین کاریگەریەکانی سنوری جەستەی تاکە کەسێك تێ دەپەڕێنێت. گەر نمونەی دەست درێژی سێکسی وەر بگرین لەنێوان دوو هاوسەری شەرعیدا (یاسایی)دا، ئەوا دەبینین ئەم کارە سنوری سەربەخۆی سێکس تێدە پەڕێنێت و دەبێتە جۆرێك لەجۆرەکانی توندوتیژی کەپێی دەوترێت توندوتیژی سێکی، کاتێك دۆخێك لە دۆخەکانی ناچاری مرۆڤێك ناچار دەکات جەستەی خۆی بەکار بهینێت بەرامبەر برێك پارە هەمان کاریگەری و زیاتری هەیە لەسەر مرۆڤە لەشفرۆشەکە چ لەرووی مۆراڵەوە بێت یان بارە دەروونیەکانی کەسی لەشفرۆش. بۆیە کاتێك دەچێتە لای تیمار کەرێك (مزەمید) وبەرامبەر نوژداری کردنی برە پارەیەك دەبەخشێتە هەردوولای بازرگانیەکە ڕازین لەسەر ئالوگۆڕی خزمەتێك بە پارەیەك بەڵام لەپرۆسەی لەشفرۆشیدا تەنیا یەك لایەن ڕازی دەبێت ولایەنی دوەم ناچار کراوە بەڕازی بوون.

## ➢ کاریگەریە تەندروستی و کۆمەڵایەتیەکانی لەشفرۆشی

بەشێکی زۆر لەیاسا کانی کۆمەڵگا سەرەنجامی پێشکەوتنی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان هاتۆتە ئاراوە وەك یاساکانی ئیغتصاب و یاسای هەراسانکردنی سێکس لەئەمریکاو لە سوید.. تاد، تەنانەت لەوڵاتە دواکەوتوەکانیشدا سەبارەت بەمەسەلەی گۆڕینی ڕەفتار بەڕووی لەشفرۆشەکاندا دەتوانین بڵێین لەڕوانگەی تەندروستی کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانیکردن لە بازاڕی لەشفرۆشی تاوانێکە.. قەدەغەکردنی سەربەخۆیی سێکسی زانایانی بواری تەندروستی و دەرونزانی هەمیشە لەهەوڵ و کۆششی ئەوەدان کەڕەوشی تەندروستی و ژمارەو جۆری نەخۆشیەکان کەم بکەنەوە هەر ئەوانیش دەڵێن زیانەکانی لەشفرۆشی لەسەر ژنان وەك مۆتەکەیەکی نهێنگر بەشاراوەی دەسوڕێتەوە ئەمەش بەئاشکرا لەداتابەیزەکاندا دەبینرێتەوە کە دامەزراوەکانی تاوان و سزا بەڕێوەیان دەبەن. لەماوەی ساڵی (1980 – 1998) بلاّو بوونەوەی ئەو نەخۆشیانەی لەرێگەی سێکسەوە بلاّودەبنەوە گەورەترین زیانی بەمرۆڤایەتی گەیاندوە ولەماوەی یەك دەهەدا (1980 – 1990) داوایەکی جدی لەلایەن سیسۆلۆجیستەکانی جیهانەوە بەرز کرایەوە بۆرێگە گرتن لە لەشفرۆشی چونکە بەیەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی بلاّو بوونەوەی (-HAV

AIDS) دەست نیشان کرا ودەتوانین لەزۆربەی زۆری توێژینەوەکانەوە ئەوە ڕوون بکەینەوە کەژنان زیاتر ڕوو بەڕووی ئەم مەترسیە دەبنەوە. لەڕاستیدا کێشەی (HAV-AIDS) کێشەیەکی دیارەوگرنگیەکی تایبەتی پێ دراوە لەکۆمەڵگادا بەلاّم زۆری ئەو نەخۆشیانەی کەلە ڕێگەی سێکسەوە بلاّو دەبنەوە بۆ نمونە وەك نەخۆشی (گۆنۆریا) (NGU,GPV) کلامیدیا، هیپە تایتس،جێنیتاڵ هێرپێس، سیفلس،)..... تاد ئەو گرنگیەشیان پێنەدراوە.

## ➢ کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

بازرگانی بەمرۆڤەوە زۆر هۆکاری هەیە یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانە بازرگانیە بە مرۆڤەوە بۆ بازارەکانی لەشفرۆشی هەروەها بازرگانی بە مرۆڤەوە بۆ مەبەستی تریش بەکاردێت و جۆرێك لەجۆرەکانی بازاڕەکانی لەشفرۆشی گەرم دەکات. ئەمرۆ بازرگانی بەمرۆڤەوە لەپەرەسەندنێکی بێ وچاندایە بەتایبەت لە نێو ولاّتەکانی رۆژهەلاّتی ئەوروپاو ئاسیا ولاّتە عەرەبیەکاندا. زۆربەی زۆری ئەوانەی بازرگانیان پێوە دەکرێت مێینەن و هەندێکیان منداڵی کوڕن. ئەمانە زۆربەیان لە بازاڕەکانی لەشفرۆشی وپیشەسازی سێکسدا کۆتاییان پێدێت و زۆربەشیان توندوتیژی جەستەیی ومەعنەویان بەرامبەر دەکرێت بۆیە زۆر بەی زۆری کۆبونەوە نێدەوڵەتیەکان وەبەیاننامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دژی مەسەلەی ئەم بازرگانیەن وئەوەمان لەیاد نەچێت گەربێت و لەشفرۆشی نەبێت ئەوا بەڕێژە یەکی بەرچاو بازرگانی بەمرۆڤەوە دادەبەزێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە بازاڕی لەشفرۆشیدا گەنجەکان زیاتر خواستیان لەسەرە چونکە لە ڕووی چالاکی جنسیەوە چالاکترن. ولاّتە هەژارەکان ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە ڕێژەی تەمەنکردن زیاترە لە پێگەیشتوەکان بێکاریەکی بەرچاو تیایاندا بلاّوە بۆیە خەڵکی ئەم ولاّتانە کۆشش دەکەن بۆ دەسکەوتنی کارێك لەولاّتە پێش کەوتوەکاندا. کۆچ کردن لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بەمەبەستی دۆزینەوەی کار کارێکی ئاساییە بەلاّم کاتێك کارکردن مەرج داربێت بەکاری سێکسەوە ویان گواستنەوەی منداڵ و ژنی گەنج لەولاّتە هەژارەکانەوە بۆ ولاّتە پێش کەوتوەکان بەمەبەستی بەگەر خستنیان لەبازاڕەکانی سێکس و بەرهەمهێنانی بەرهەمە سێکسیەکاندا هیچی جیاواز نیە لەمێژووی کۆیلایەتی

چونکه ئەم جۆرە بازرگانیە دەرەنجامی جیاوازیەکی زۆری جەندەری لەناو کۆمەڵگاکاندا دروست بوە. نزمی ئاستی خوێندەواری‌و هوشیاری ونەبوونی دەرفەت بۆ فێربوونی پیشەو بێتوانایی دانیشتوانی ولاْتەن دواکەوتوەکان وبەتایبەت ڕەگەزی میْ هۆکارێکن بۆ ئەوەی نەتوانن ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن بۆیە تاکە کەرەستەتە کەبەدەستیانەوە دەمێنێتەوە هێزی ماسولکەیی و جەستەیی خۆیانە کەدەتوانن بیفرۆشن. بەلاْم کاتێك لەولاْتەکانی خۆیاندا خواست لەسەر هێزی کار زۆر کەمە یان دەرفەتێکی زیاتر دەدرێت بەڕەگەزی نێر بۆ کارکردن ئەوا ڕەگەزی میْ ناچارە خۆی تەسلیم بەبازرگانەکانی جەستە بکات و تەنانەت گەر لەشفرۆشیش بێت.. لەیەکێك لەبازاڕەکاندا کاری دەست بکەوێت گەر وەسفی ئەونیشانانەی ترۆمای دەرونی بکەین کە ژنانی لەشفرۆش تیایدا دەردەکەوێت، هەروەها ئەو پاش هاتانەی کە توشیان دەبێت ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە بازرگانی بە مرۆڤەوە بە تەواوەتی جودایە لەجیاوازی هێزی کار لە بازاڕەکانی جیهاندا. بەنمونە یەکێك لەوانەی تەمەنیان 14 ساڵە دەڵێت: (سەرەڕای ئەوەی من بە ئارەزوی خۆم ئەم کارەم هەڵبژاردوە بەلاْم کاتێك بەبازاڕدا ڕێدەکەم یان دێم بۆ کارەکەم پارچە هەمبەرگرێکی چەورم و هەر پیاوێك دەبینم بەبرسێتی دەیبینم و هەڵپەیەتی بۆ ئەوەی پەلامارم بدات) (Weisberg 1985. page 112).

دارمانێکی گەورە لە هەست و سۆزی هەموو ئەوانەدا ڕوو دەدات کە لەجەنگدا بەدیل دەگیرێن و ئەوانەی لەکاتی زیندانیدا لاقە دەکرێن و ئەو منالاْنەی لە ڕوی سێکسیەوە دەست درێژیان دەکرێتە سەر و ئەو ژنانەی ئیختصاب دەکرێن، ئەمەش لەیادەوەرییاندا دەمێنێتەوە تالە ژیاندا بن، بەلاْم هەمیشە دڵخۆشی خۆیان و پارسەنگی ئەو ڕوداوە بەوە دەدەنەوە کەلەدەسەلاْتی خۆیاندا نەبوە بەلاْم ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن بەبەردەوامی ئەو هەستەیان لەلا هەیە وەناتوانن ئەو پاساوە بۆ خۆیان بهێننەوە چونکە ئەو بارودۆخەی کەناچاری کردون ئەم کارەی تێدا بکەن بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ لەبەر چاویاندا نیە (هێرمان Herman(1992 )

بۆیە دەتوانین بڵێین بازرگانی بە مرۆڤەوەو لەشفرۆشی دوو چەمکن کەبەردەوام یەکتری بەهێز دەکەن و هۆکارن بۆ گەرمکردنی بازاڕێك کەبەبازاڕی کۆیلایەتی ناو دەبرێت. پۆرۆنۆگرافیا وەك سەرەکی ترین پیشەسازی سێکس لەجیهاندا لەپاش پێشکەوتنی

چاپەمەنی و مەڵتی میدیا و ماس میدیاو ئەنتەرنێتەوە بە ترسناکترین هاندەر دادەنرێت بۆ بازرگانی بەمرۆڤەوە بەتایبەت ڕەگەزی مێینە و منداڵ. پۆرۆنۆگرافیا جورێکە لە جۆرەکانی لەشفرۆشی کەبەڕێگای وێنەو دەنگ و فلیمی ڤیدیۆ کاری سێکسی یان جەستەی مرۆڤی تیا پیشان دەدرێت بۆ چەن مەبەستێك.

1. هاندان و وروژاندنی سێکس.
2. فێرکردنی سێکس.
3. هاندانی لەشفرۆشەکان و فێرکردنیان بۆ ڕازی کردنی کڕیارەکان.
4. ئاسایی کرنەوەی ئەو خاڵانەی لەسێکسدا یان ئەو پەیوەندیانەی لە سێکسدا تابون
5. بۆ هاندانی هەمە جۆری لە سێکسدا... تاد

پۆرۆنۆگرافیا بەرهەم هێنانێکی چێژی سێکسی کەبەکار دەهێنرێت بۆ هاندانی منداڵی خوار 18 ساڵیش تاکارەسێکسیەکان بە کارێکی ئاسایی بزانن باشترین بەڵگەش لەسەر ئەمە گەشە کردنی پۆرۆنۆگرافیایە بۆ جیهانی فلم کارتۆن بە شێوەیەکی گشتی دەلاڵەکان پۆرۆنۆگرافیا بە کاردەهێنن و بۆ تەجنید کردنی زیاتری خەڵك بۆ بازاڕی لە شفرۆشی لە(131) کەس کە چاو پێکەوتنیان لە گەڵ کراوە لە ئەمریکا (49 ٪) یان لە ڕێگەی پۆرۆنۆ گرافیاوە چونەتە بازاڕەکانی لەشفرۆشی (32 ٪) شیان بۆ یەدەستیان داوەتە لە شفرۆشی بۆ ئەوەی ببنە ئەستێرەی پۆرۆنۆ لە فلمەکاندا. Farley and Bark an (1998)

## ➢ کاریگەرییە سیاسیی و ئەمنیەکانی لەشفرۆشی.

لە مێژەوە بە پێی سەرچاوەکانی مێژووی سیخوڕی لەجیهاندا لەشفرۆش یەکێك بوە لە کەرەسەکانی دەزگا سیخوڕییەکان بۆ (شانتاژکردن) بریتیە لە ناچار کردنی کەسێك بۆ ڕیزی دەزگایەکی سیخوڕی لە ژێر کاریگەری بنەمایەکی مۆراڵیدا کەیەکێك لە و سیفەتانەی کە سیخوڕی باشی پیێ دەناسرێتەوە ئەوەیە کە مەیل و ئارەزوی شەوانی سوری هەبێت (شەوانی مەلهاو بازاڕەکانی لەشفرۆشی) چونکە یەکێك لە پێویستیەکانی کارەکەیان بریتیە لەپەلکێش کردنی سەرچاوەکانی زانیاری بۆ ئەو شوێنانە.

ڕێــژەی ژنــان لــەکاری جاسوســیدا زۆر کــەمترە لەڕێــژەی پیــاوان چــونکە یــەکێك لــە پێویستیەکان بۆ کاری سیخوڕی ژنێکە کە بتوانێت لە شفرۆشی بکات هەروەها پێویستی بـە باوەڕێـك هەیـە بـۆ ئەنجامـدانی کـاری سـیخوڕیەکەی و ئەمـەش دەگمـەن دەبینرێتـەوە چونکە ئەوانەی ناچارن دەچنە بازاڕی لـە شفرۆشتنەوە بەشـی هـەرە زۆریـان سـەرەنجامی بـارێکی کۆمەڵایـەتی دیـاریکراو ئـەم کارەیـان هەڵبـژاردوە بۆیـە بـە ئاسـتەنگ دەزگـا سیخوڕیەکان دەتوانن متمانە یان پێ بکەن بەڵام لە ڕێگای هەڕەشەی ناو زڕاندن و قـەرز و پاراستنی نهێنیدا بەتایبەت لـەو ولاّتانـەدا کەسێکس تیایـدا تـابوەو ژنـانی لەشـفرۆش ناچـار دەکرێـت بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری چـونکە پەیوەندییـەکی بـەهێز هەیـە لـە نێـوان ئەوانەی بڕیاری سیاسیان بەدەستەوە یە و ئەوانـەی لـە شفرۆشـی دەکـەن بـە تایبـەت لـەو ولاّتانەدا کە پەیوەندی سێکسی ئازاد نیە بەپێی سروشتی مرۆڤ و بەتایبەتی ڕەگەزی نێر ئـارەزووی هەمـە جـۆری سێکسـی هەیـە، ئـەوەی سـنورێکی بـۆ ئـەم ئـارەزوە دانـاوە داب و نــەریت و یاســا کۆمەڵایــەتی و مەدەنیەکانــە بــەڵام کاتێــك دەســەڵات و پــارە دەکەوێتــە دەسـتیان و لەووڵاتـە کەشـدا داب و نـەریتی کۆمەڵایـەتی ڕێگـەیان پـی نـادات ئـەوا پـەنا دەبەنە بەر سێکس کڕین.

ئەمانە هۆکارن بـۆ ئـەوەی لـە شفرۆشـی وەك ڕێگـە چارەیەك بۆ سیخوڕی بەکار بهێنرێت هـەروەك چـۆن لـە مێـژوودا ئـەم ڕێگایـە کـارێکی بـاو بـوە لـە لایـەکی تـرەوە لەشفرۆشـی کاریگەریـەکی زۆر گـەورە لەسـەر گەنـدەڵی ئیـداری و سیاسـی دادەنێـت چـونکە ئـەو کـار بەدەسـتو کارمەندانـەی دەسـەڵاتیان هەیـە لـەژێر کاریگـەری سێکسـیدا پـەنا دەبەنـە بـەر سەرپێچی یاسایی و کارگێڕی لە گرنگترینیان:-

1. پـەنا بردنـە بـەردزی بـۆ تێرکردنـی ئارەزوەکانیـان، کەسێکسـی ناشـەرعی یـە کێکـە لـە هاندەرەکانی.

2. بــەکارهێنانی ئــەو دەســەڵاتانەی پێیــان بــە خشــراوە بــۆ تەخشــان و پەخشــانی سەرچاوەکان لەسەر لەشفرۆشەکاندا.

3. چاو پۆشی کردن لەسەرپێچی یاسایی و کارگێڕی بۆ ئەو کارمەندانەی کە دەتوانن لەڕێگەی کارەوە سێکسیان لەگەڵ بکەن.

4. دروست كردنی مەرجی سێكس لەدامەزراندن و دۆزینەوەی كاردا ئەمانەش سەراپا لەسیماو سیفەتەكانی كۆمەڵگایەكە كە ڕەگەز سالاری بێت بەتایبەت كە ئەمڕۆ نێرینە تیایدا بالاَ دەستە.

لەشفرۆشی كاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەی هەیە لە ڕووی بلاَو بوونەوەی ئەو نەخۆشیانەی كەدەبنە هۆی فێركردنی بەكۆمەڵ و بەهەدەر چوونی توانای ئابووری، كاتێك كە پێویست دەبێت زۆربەی توانا ئابورییەكان بۆ باری تەندروستی تەرخان بكرێت بە نمونە لەكیشوەری ئەفریقادا نزیكەی شەست ملیۆن كەس هەیە كەHIV_ADS یان هەیەو لە ولاَتێكی وەكو ئەنگۆلادا بەهۆی هەمان نەخۆشیەوە تێكڕای تەمەن ناگاتە پەنجا ساڵ بەم جۆرەش كاریگەرییە سیاسیەكان و ئاسایشی نیشتمانی بە هۆی لەشفرۆشیەوە دەكەونە ژێر مەترسیەوە.

## بەشی دووەم :         چیرۆکەکانی توێژینەوەکە لەڕاستی ڕووداوەکانەوە

باسی یەکەم :    یەکەم ڕاستی وەك خۆی- لەشفرۆشی لەزاری فرۆشیارەکانەوە

باسی دووەم :     دووەم ڕاستی وەك دەڵێن- لەشفرۆشی لە زاری دەڵاڵەکانەوە
( سەرۆك باندەکان )

باسی سێیەم :   سێیەم ڕاستی وەك خۆی- لەشفرۆشی لە زاری کڕیارەکانەوە

## باسی یەکەم: یەکەم ڕاستی وەك خۆی لەشفرۆشی لەزاری فرۆشیارەکانەوە..

### بەسەرهاتەکانی یەکەم

ناو: م. س. ت

تەمەن: 26 ساڵ

دانیشتوی: شاری سلێمانی

تەمەنی لەشفرۆشی: 9–10 ساڵ

ئاستی خوێندەواری: شەشەمی سەرەتایی

ڕێگای فێربوون: بەهاوکاری مێردەکەی‌و خەسوی فێری ئەم کارە بوە.

ــ چاوپێکەوتنی یەکەم ــ

باوکم لەئەصلا خەڵکی سلیمانیە. ((باس لەیەکێك لەگەڕەکە میللی‌و کۆنەکانی شاری سلێمانی دەکات کە ئێستا تیایدا نیشتەجێن)) دادەنیشین دایکم مردوە باوکە کەرەکەم ژنێکی کوێری هێناوەتەوە ژنەکەی زۆر گوناحە هیچ نازانێ باوکم زۆری لێ ئەدات جاری واهەیە بەقەدەر یەك کەر ئەیکوتێ.

((ماوەی چەند چرکەیەك بێ دەنگ بوو)).

خۆمن لەدەستی ئەو ژنە فەقیرە ڕام نەکردوە! سێ برام هەیە و یەك خوشك براکانم دوانیان ژنیان هێناوە.. نانا چوار برام هەیە لێم تێکچوو دوانیان ژنی هێناوەو دوانیان لەگەراجەکەی مامم ئەخەون ئامۆژنم حەز ناکات بچنە لای... دووبراکەم زۆر گەورەنین هەر لە گەراجەکەش دەخەون.

باوکم هەر زوو منی یابە پیاوێك. پیاوەکە شێتە هەر کەشووم پێ کرد شێت بوو هەمویان نو قسانن

> ئەم ئافرەتە لەروی دەرونییەوە زۆر ناجێگیربوو بەردەوام پێدەکەنی‌و لەپڕ دەگریا.. هەستی بەنەبوونی سۆزو خۆشەویستی دەکرد خەمەکانی لەرێگەی لایلایەو لاواندنەوە دەر دەبڕی، زۆر جنێوی ئەدا، زۆر توڕەبوو، زیاد لەپێویست شەڕی ئەکرد لەگەڵ خەڵك، تەنها گوێی بۆ ئەو کەسانە دەگرت کەسۆزیان پێدەبەخشی، زۆر ڕاست گۆبوو، بێ پێچ‌وپەنا هەموو شتی باس دەکرد بەردەوام ئەچوە سەر قاتی دووهەمی قەرەوێڵەکان دادەنیشت (لە گرتووخانە) ولەوبەرزیەوە قسەی زۆر دەکرد، چەند جارێك هەوڵی خۆکوشتنی دابوو لەرێگەی حەب خواردنەوە.

کورەکانی تریشی وەك قالە شێت ئەها بینیوتە! ژنەکەی باوکم خوشکیانە ئەو کوێرە ئیتر یەکێکی تریان کەرە هەموو نوقسانن. باوکە کەرەکەم دامی بە ژن بۆ خۆی دایکم لە کۆرەوەکەدا مرد من منداڵیش بووم بە خوا ئیتر ((جنێوێکی زۆر ناشرین دەدات بە باوکی)) باوکم دوای شەش مانگ ژنی هێنایەوەو یامی بەم کەرە.

دوو منالّم لێی هەیە خەسوو و دشەکانم خراپن، هەموو ڕۆژ لێیان ئەیام ئەو مێردە کەرەم شەوی دوو سێ جار لەگەڵم ئەخەوت نەشیئەزانی بەباشی لەگەڵم بخەوێت، منیش هەر ئەتۆرام ئەو زۆری لێئەدام دایمە دراوسێکان ئەهاتن دەستیان ئەگرت و ئەیانوت گوناحە وا لەو ژنە مەکە ئەی وت: "ژنی خۆمە هەقتان نەبێت". ئیتر من تووشی (صرع) بووم یەك مانگ لەخەستەخانە کەوتم داری کێشا بەسەرما زەیستان بووم زۆری لێ دەدام منیش تۆرام کەچی ئەو باوکە بێ ئەخلاقەم تێری لێ دام سەری تاشیم ئەیوت: "ئەبێ دانیشی بەدیارییەوە". منیش زۆر منالّ بووم خۆمم نەناسی بوو کەیامی بەو کابرا شێتە.. باوکم خۆی هەر لەماڵەوە خەریکی (سێکسە) ئەو ژنە کوێرەی کوشتوە منی یا بەژن بۆ خۆی، ماڵی باوەژنەکەم هەموویان نووقسانن خۆی کوێرە براکەی کەمن شووم پێکردوە شێتە. کورە چوزانم..

ئیتر کاکە گیان چی تر بڵێم من باوکم وا شێتی کردم ئەو هەر لێی ئەیام ئەچوومەوە لای مێردەکەم لێی ئەیام ئەچوومە ماڵی براکەم خۆی نان نیە بیخوات چوار منالّی هەیە ژنەکەی سکی هەبوو چی لەمن بکات کرێچیە لەحەوشەیەکا (4) ماڵی تێدایە ئەویش لەبە رخاتری (.... ژنەکەی) لەمنی ئەدا قسەی پێ ئەوتم ناهە قیشی نەبوو باوکم زۆر خراپ بوو بۆ ئەوانیش.

> زیاتر سەیری فیلمی هیندی دەکرد وبەدیارییەوە دەگریا زۆر جاریش داوای تەمسیلی باوەژن خوابناسەی دەکرد، بەردەوام دەچوە ژێردەستی ئەو ئافرەتەی لەصالۆن کاری دەکرد، هەندێ ڕەنگی زۆر سەیری بە کار دەهێنا ڕۆژانە سەرتاپای دەموچاوی دەکرد بەسوراوێکی زۆر سور، تەنها بەیەك قەڵەم.. حەزی نەدەکرد ڕەنگی تێکەلّ بەکاربهێنێت تەنها یەك ڕەنگی بەکار دەهێنا. بەهیچ جۆرێ نەیدەخوێندەوەو گوێی بۆ نەسیحەت نەدەگرت هەموو قسەیەکی بەدەنگی بەرز دەکرد ولەهەموو قسەیەکدا جنێوێك یان کفر کردنێکی تیابوو.
> سەرجەم هەڵسوکەوتەکانی جێگەی سەرنج بوون، بیزانیایە یەکێ سووك سەیری دەکات هەزار جنێوی پێدەداو تەنانەت لێشیئەدا.

((مـاوەی پێـنج خولـەکێك وەسـتا، پاشـان وتی)):

کوڕە کە نەگبەت بووی باشترە خۆو بکوژی دادە گیان.

پ/ بۆچی نەگبەتی؟

دەوەرە خۆ و مەسوتێنە لـەداخا ئـەی ئەمـە نەگبـەتی نیـە منـی تیـام کـوڕە نەگبـەت نـاتوانیٚ بەباشـی (جنسـیش بکـات) مـن چووم چی بکەم کەچی ئـەوا هەشـت مانگـە لـــەم ســـجنەدام (بــــیٚ ئەخلاقـــەکانیش) لـەدەرەوە ئەخولێنـەوە مـن کەسـم نیـە بێـت ببیٚ بە کەفیلم باوکە (بیٚ ئەخلاقەکەم) لێم ناپرســـیٚ براکـــانم لەبـــەر (خـــاتری....... ژنـەکانیان) نـاوێرن. ئـەو بـرا بچوکانەشـم هیچیان پیٚ ناکریٚ ئەوی تریشیان لەئێرانە لەگەڵ ژنەکەی.

پ/ ئەی ماڵی خەسوت؟

ئــــەوان منیـــان بـــەرەلأی ســـەرجادەکرد مێردەکـــەم بەشـــەو (جنســـی لەگـــەڵ دەکـردم)و بـەڕۆژ لێـی ئـەیام ئـەی وت:

"ئەبیٚ بچی بۆ سواڵ"، بەزۆر بەقژ ڕاکێشان ئەی ناردم ئێوارانیش پارەکەی لیٚ ئەسـەندم و ئەچوو (گـوی پـیٚ ئـەخواردەوە). خـەڵکیش ئـەیزانی ئـیتر کـە ئەچـووم بـۆ سـۆاڵ زۆریـان نەئەیامیٚ یان هەر لێم تووڕە دەبوون دەیان وت: "بۆ مێردەکەت دایم سەرخۆشە ئێوە درۆ ئەکەن فەقیر نین"، وەڵلاهی خوا کوێرم کات خوا ئەو دوو مناڵەم لیٚ سـەنیٚ بـاوەڕ بکـە زیـاد لەسەدان شەو خۆم و مناڵەکان بەبرسێتی خەوتووین.

((قسەی نەکرد تا حەوت خولەك، سەیری ئەرزەکەی ئەکردو لەپڕ گریا)).

پاش مردنی ژنەکەی باوکی (م)، هەرچەندە زۆر بەتەمەن بوە، بەڵام هەر ویستویەتی ژن بهێنێتەوە، چونکە لەڕووی سێکسەوە نەیتوانیوە بەبیٚ ژن ئیدارە بکات، بەڵام هەژاری ئەم خێزانە وای کردوە کە هەموو کەس ئامادە نەبێت ژنی بداتیٚ، بۆیە هەرچۆن بێت توانیویەتی ئەم ژنە نابینایە بهێنێتو مەرجی سەرەکی ئەوانیش ئەوە بوە کە کچێکیان بداتیٚ، واتە کەلتووری ژن بەژن لێرەدا یەکێکی ترە لە هۆکارە یاریدەدەرەکان بۆ بەقوربانی کردنی (م) لە بازاڕی لەشفرۆشیدا.

لەلایەکی ترەوە باوکی (م) گرنگ بوە خۆی بتوانێت ئارەزوەکانی خۆی تێربکات، واتە لەکێشو تەرازوەکانی خۆیدا هەموو شتێکی کردوەتە قوربانی بۆ ئارەزوەکانی خۆیو ئەمەش یەکەم پێگەیە کەبەهۆیەوە دەتوانین بڵێین کەئیتر (م) ڕقی بەرامبەر هەموو پیاوێك ئەستور دەبێتو ڕقی لەهەموویان دەبێتەوە سەرەڕای ئەوەی هیچ ئەزموونێکی نابێت لەگەڵ پیاودا کەباسی سەرەکی بریتی نەبێت لەسێکس کردن.

((بەدەم گریانەوە وتی)): "خوای چی خوا هەر بۆ خەڵکی دەوڵەمەندە" ((دەستی کرد بەکفرکردنێکی زۆر))

پ/ بەسە کفر مەکە باشترە ئەگریت: بۆچی ئەوەندە برسی بوون یان بۆچی ماڵی خەزوورت یارمەتیان نەئەدان؟

کورە ماڵی خەسووم خۆیان هەموویان سواڵیان ئەکرد ئینجا شت زۆر گران بوو من هەرچیم پەیا ئەکرد بەشی دوو کیلۆ ئاردی نەئەکرد ئینجا سەگبابەکەی مێردم ئەی خواردەوە ئیتر من لەبرسا و لەداماوی و نەگبەتیا و لەژێر ئەو هەموو لێیانەیا مێشکم تێك چوو هەموو جار ئەیان بردم بۆ خەستەخانە سەریان لەکارەبا ئەیام. ئەو ئەچوو سیکۆتینی ئەکردە گۆرەوی‌و بۆنی ئەکرد ئەوە ئەقڵە؟ شەوان لە بۆنی سیکۆتین منالە کانم توشی چاوئێشە بوو بوون.

پ/ چۆن کەوتیتە سەرجادە؟

کەمێردەکەم بەزۆر ئەی ناردم بۆ سواڵ منیش ئەتۆرام باوکیشم پشتی نەئەگرتم دایکم لەکۆڕەوەکەدا مرد، زۆر باش بوو بۆم ئیتر باوکم لەبەرئەوەی ژنەکەی لێنەسەندنەوە چونکە من ژنم بۆ کردوە ئەویش لێی ئەیام دەری ئەکردم. ماوەیەك چوومە ماڵی مامم ئینجا ئامۆژنەکەم خراپ بوو لەگەڵم دوایی بیری منالەکانم ئەکرد ئەگریام کەچی ئامۆژنم گاڵتەی پێ ئەکردم و جنێوی پێ ئەیام ئەی وت: "باش بوویتایە جێت نەئەهێشتن" دوایی باوکم هاتە سەر مامم هەزار جنێوی یا بەمامم وە مامی یابەگرت.

بوو بە شەڕیان لەسەر من ئەی وت: "نابێ کەس بیگرێتە خۆی، هەر کەس بیگرێتە خۆی ئەی کوژم!" ئیترلەمەحکەمە بەشەرتێ تەنازولی بۆ مامم کرد کەمن دەربکات ئینجا برا گەورەکەم منی بردە لای خۆی سێ چوار مانگ لەوێ بووم هەموو ڕۆژ براکەم ئەهاتەوە ئەیوت: "باوکم هاتوە حەیای بردووم". وەڵلا ڕۆژێکیان من لەماڵی براکەم خەوتبووم نیوەڕۆ بوو کاتێکم زانی یەکێ بەقژ بەرزی کردمەوە و بەشەق تێم کەوت ئیتر هەر نەمزانی چیە ئەوەنەی لی یام هەر کوشتمی کرێچیەکانی تر هەموو هاتن دەستیان ئەگرت. منالیش هەموو ئەی قیژان براژنەکەشم سکی هەبوو وەللا ویستی دەستی بگرێ لەویشی یا.

پ/ کێ؟

کوڕە باوکم بوو هاتبوو باوکە کەرەکەم  برا کەشم لەماڵ نەبوو ئیتر ئەوەنەی لێ یام تا سێ ڕۆژ هەر نەمتوانی هیچ هەستم نانیش بخۆم لەژێر دەستیا میزم کرد بەخۆما، وەڵلا ئیتر براکەم زۆر تووڕە بوو چوونکە ساحێب خانوەکە خۆشی هەر لەو حەوشەیا بوو لەبراکەم تووڕە بوو وتی دەرتان دەکەم لەگەڕەك حەیای من چوە.

براژنەکەشم لەولاوە خۆی خستبوە حاڵی جاو ئیتر براکەم  چوە سەر باوکم وەڵلا باوکیشم هەر چوار برا کەمی یابەگرت سێ مانگ سجن بوون... ئینجا بۆڵە بۆڵی برا ژنەکەم هەڵەئەساو دادەنیشت ئەی وت: "ماڵت وێران کردم.. بڕۆ وازمان لێبێنە من چ مەجبورم تۆ بە خێو بکەم!"

باوکیشم ئەی وت: "یان بەرتان نایەم یان ئەبێ (م) بچێتەوە لای مێردەکەی" ئینجا بڵێ باوکم چی کردبوو هەر خۆی شکاتی نەکردبوو چوو بوو مێردەکەشمی بردبوو بۆ مەرکەز وای لەویش کردبوو ئەویش شکاتی کردبوو لەبراکانم ئینجا ئەو برایانەم کەلەگەراجی مامم ئەخەوتن چوو بوو بۆ ئەوێش هەر ئەو کاتەی لەمنی یابوو چووبوو لەوێ حەیای ئەوانیشی بردبوو پۆلیسی بۆ بردبوون. هاواری کردبوو وتبوی: "کوڕەکانم (بێ ئەخلاقن) پارە بەخوشکەکەیان پەیا ئەکەن کاسبی پێوە ئەکەن" ئیتر برایەکم هەیە بچووکە زۆر گوناهە ئەوە کە دایکم مرد هەر زۆر مناڵ بوو ئینجا باوکم خۆ بەس وای لەمن نەکردوە هەموو کوڕەکانی دەرکرد هەر چواریان هیچیان ئەو کاتە ژنیان نەبوو ئینجا من و خوشکەکەشمی بەزۆر یابە شو خوشکە گەورەکەمی یابە پیاوێك دراوسێیەکمان بۆی دۆزییەوە ئیتر هەر نەمانبینیوەتەوە بردی بۆ ئێران وابزانم پیاوەکە (لەڕووی ئەخلاقیەوە باش نەبوو) چونکە خوشکەکەم کەشووی کردبوو ئەهات زۆر دەگریا ئەی وت: "لەڕوم نایە بەباوکم بڵێم" منیش ئەموت خراپە لەگەڵت ئەی وت: "خۆزگە خراپ بوایە بەس بەزۆر شتم پێئەکات". منیش باش نەم ئەزانی یەعنی چی کاکە گیان من زۆر مناڵ بووم عومرم (11) ساڵ بوو لەمەکتەب دەریهێنام ماوەیەك خزمەتی خۆیی پێکردم و ئەیوت: "بەردەسیتم بکە  بۆ ئیشە جوانەکەی، تەیارەم بۆ درووست دەکات (بێ ئەخلاقی وا بەس نان و ژنەکەی هەبێ)"

پ/ باوکت ئیشی چی بوو؟

کورتـان ئـەدوریٚ هـی کـەر ئێسـتاش هـەر ئـەوە ئـەکات بـەڵام خـۆی بـوە بەکەرەکـە. .. ((پێکەنی)) ئیتر بەزۆر منی یابەو کوڕە شێتە و خوشکی ئەو کوڕەی لەخۆی مارە کرد کوڕەکەشی شێت بوو هەر (هیچی نەئەزانی تەنانەت شەوی زاواو بووکێنیش نەیدەزانی چی بکات) یەکەم شەو کەمنی گواستبوەوە هەر لەخۆیەوە هەستا تێری لێ یام و کردمیە دەرەوە منیش لەهەیوانەکە خەوتم کەچی بەیانی خەسووم بەقژ لێی یام ئەی وت: "بۆ حەیام نابەی لەگەڕەکا خێرا بچۆرە ژوور (بابتکات بەژن) "، ئەوەندە کەر بوو خەسوشم وای ئەزانی بەدەستی منە منیش زۆر منالٚ بووم عەقڵم پیٚ نەئەشکا ئێستا ئەزانم شتەکان چۆن بوون. ئیتر کوڕەکەی هەر نەی توانی وەللاٚ چوون بردیان بۆ لای شێخ کوڕەکەشی منی نەئەویست هەر ئەیوت بەدایکی: "(ڕ...بیٚ ئەخلاق من ژنم ناویٚ)".. دوو هەزار جنێوی ئەیا بەدایکی ئەی وت: "خۆت بچۆ شووبکە". ((پێکەنی، پێکەنینێکی قوولٚ)). دوایی نازانم (چۆن بووشەوێك کاری زاوایی خۆی تەواوکرد) بە ناخێری گیانی هیچی نەئەزانی کەچی ..((بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین دەستی کرد بە وەسفی جەستەی مێردەکەی)) من ئەوم تائەو ڕۆژە بەڕوتی نەم دیبوو دەرپیٚ کورتیشی لەپیانەبوو منیش ئەوەنە پێکەنیم کەچی خەسووم بردمیە ژوور هەر کوشتمی و ئینجا وتی: "ئەگەر ئەمڕۆ هەتا شەو (لەکاری زاوایەتی خۆی نەبێتەوە ئەوا دەستی خۆمت بۆ دەکەم بە ...)".. بەوخوایە ئەوەنە ترسام لەترسان یەك لەرزوتام لیٚ هات خەریبوو ڕەق ئەبوومەوە.

ئیتر وابزانم دووعایان بۆ کرد دوای مانگیٚ زیاتر بوو ئەو هەموو شەو و منیان بەزۆر ئەکردە ژوورەکەو ئەویش لێی ئەیام و ئەی وت نابیٚ بێیتە ژورەکەی من بخەوی ئەچوومە دەر ئنجا خەسوم ئەی وت بچۆ ژور! دەوەرە شێت نەبی ئالەو شێت خانەیەدا!

پ/ باشە مێردەکەت بۆ لێی ئەدای نەت ئەهێشت نزیکت بکەوێت یان چی؟

نا خۆمن هیچم نەئەوت هەر نەم ئەزانی ئەو شتە چۆنە ئیجا مێردەکەم میزیشی ئەکرد بەخویا شێت بوو خۆی دایم چڵمەکە لەدەمیا بوو مێردی چی جامن مێردم هەبوایە (بۆ لەشفرۆشیم دەکرد) دوایش کە فێربوو ئەهاتە سەر سەرم لێی ئەیام و (پاشان سێکسیشی ئەکرد) ...... ((زۆر گریا.. پاشان زیاتر لە 15خولەك بێدەنگی دایگرت)).

پ/ بۆ وا ئەگریت؟

ئەزانی بۆ ئەگریم بەقورئان باوەڕ بکە هەتا دەستم نەیایە ئەم ئیشە وام ئەزانی هەموو ژن و مێردێك وان (کە سێکسی) لەگەڵ دەکات دەبێت لێدان بخوات، تائەمرم ڕقم لەشەوە هەر حەز ناکەم شەو بێتەوە بەس نیە نەکەس (سێکست لەگەڵ دەکات) نە ئەترسی لەکوێیا بخەوی. چونکە یەکەم جار وابینیم ئینجا ئیتر نەك هەر ئەوجارە هەموو جارێ کە ئەهات بۆلام بەلێیانەوە، خوا خوام بوو شەو نەیەت! جاران ڕقم لەشەو بوو بۆ ئەوەی ئەو نەیەتە گیانم ئێستا ڕقم لەشەوە چونکە شوێن نیە تیا بخەوم.

پ/ ئەی ئێستا بەشەو پیاوەکان لەگەڵت ناخەون؟

نا پیاو بەڕۆژ ئەم بات بەشەو کەس (لەگەڵم ناخەوێت) زۆر ئیسراحەتم بەلاّم شوێن نیە تیا بخەوم ئائەوە ناخۆشە! پیاوان شەوان ئەچنەوە بۆ خزمەت (گیانی) ژنەکانیان، پیاو هەمو گیانیان درۆیە. ((دە ستی کرد بە گۆرانی وتن.. گۆرانییەکی غەمباری لەگەڵدا دەوتو دەگریا)).

پ/ چەندێك مایتەوە لای مێردەکەت؟

زۆر نەمامەوە چوار ساڵ و نیو، سالێکیشم هەر لەخەستەخانە بەسەر برد نەوتیشم کرد بەخۆما خۆم سوتان کەچی زۆر نەسوتام هەر دەستێکم و تۆزێ سەرسنگم سوتا خێرا کوژانیانمەوە ئەو ماوە زۆرەی لای مێردەکەم بووم جگە لەزووخاو هیچم نەدی کە خۆشم سوتان خەسوە دەلاّلەکەم وتی: "تەباخی داگیرسانوە وای لێ هاتوە".

پ/ باشە لای ئەوت باشتر نەبوو گەر ڕات بهانیایە تالەسەر جادە بی؟

کێ ئەتوانێت لەگەڵ شێت بژی، ئنجا لێشی بدات.. ئنجا پارەشی پێ پەیدا بکات.. نەوەڵلاّ هیچ باشتر نەبوو.. من کەکەوتمە سەر جادە، بەسنیە کەس لێم نایات کەس شتی ناشرینم پێ ناکات یان هیچ نەبێ کەی پیس بووم ئەچمە حەمام خۆ من لای ئەو بەمانگ خۆشتنم نەئەدی نان خواردنم نە ئەدی دنیا خۆی گرانی بوو ئەوانیش خەڵك خێری پێ نەکردنایە نەبوو بیخۆن.

پ/ بۆ ؟

ئێ بەچی، نەئاو هەبوو، نە صابوون، نە حەمام خانوەکەیان داڕوخاوێ بوو دوو ژووروهەیوانێ ئەبوو لەئاودەستا خۆم و دوومناڵکەم بشۆم جارێ زستانان نەوتمان نەبوو بەخەڵوزیان تەپاڵە ئاوم گەرم ئەکرد.

پ/ ساڵی چەن ؟

(93و94) دوایی ئاخر جار ڕامکرد بۆ ماڵی براکەم ئیتر نەماڵی براو نەمام و نەکەس لێی نەپرسیم هەمووئەیان وت: "کەیفی خۆتە خۆمان مشکلەمان زۆرە نۆبەی تۆیە کێشەمان بۆ درووست بکەی"، هەموو لەباوکە سەگبابەکەم ئەترسان، کەس نەیئەوێرا من بگرێتە خۆی ئەچوو شکاتی لێ ئەکردن بەمامەی وت: "یا ئەبێ ئەو یان تۆ".

پ/ کەی کەوتیتە سەرجادە دە ستت کرد بەم ئیشە؟

پێشتر مێردەکەم بەزۆر ئەی ناردم بۆ سواڵ ولێی ئەیام من یەکەمجار مناڵ بووم، زۆر شتەکانم نەئەزانی خەڵك کەم کەم ئەهاتن بۆ ماڵی خەسوم ئەچوونە ژورەکەی خەسووم بەمنی ئەوت مناڵەکان بەرە ژوور مەیەرە دەر خەسووم ئەیوت ئەو ژنە هاتوە دەرمانی بۆ بکەم هی کوردەواری.. یان هەبوو ژنو پیاو بوون ئەهاتن خۆیان ئەچونە ژورو خەسووشم منی ئەخلافان منیش لەپێشا باوەڕم پێ ئەکرد ئیتر سەیرم کرد بەرەبەرە خەسووم خەریك بوو باش ئەبوو لەگەڵم ڕۆژێکیان ماکسیەك و سوراوێکی بۆ کڕی بووم صابوونێکی لای خۆی بۆ هێنام و وتی: "بچۆ خۆت بشۆ دوایی ئیشم پێتە!"

منیش مناڵەکانم برد بیان شۆم لێی سەندم وتی: "ئەوان مەشۆ بەس خۆت" ئیترمن ترسام وامزانی دەرم ئەکات و مناڵەکانم لێ ئەسەنێ من چووزانم بیرم بۆ شتی وانەچوو ئیتر خۆمشت سەیرم کرد دوو پیاو هاتن یەکێکیان زۆر ناشرین بوو هەموو دەم و چاوی زیپکە بوو شەرواڵی لەپیدابوو قژی چەور چەور ئەوی تریشیان زۆر قەڵەو بوو جلی فیتەری لەبەردا بوو. خەسووم وتی: "ئەمەیە" ئەوانیش وتیان: "باشە" ئیتر خەسووم وتی: "هەستە بچۆرە ژوورەوە" منیش ڕۆشتم بەس لەخۆمەوە ئەترسام ئیتر کوڕە ناشرینەکەیان هات دوای تۆزێك لەپەنجەرەکەوە سەیری خەسوومم کرد نازانم چیان ئەوت بەس بینیم پارەیان یایە نازانم چەن بوو ئیتر کوڕەکە هات و دەرگاکەی داخست منیش وتم دای مەخە بۆ دای ئەخەی وتی زۆر مەڵێ (خۆت ڕوت بکەرەوە).

وتم: گوبخۆ کە چی یەك شەقازلەی پیاکێشام وتی: ".... بێئابڕوو" پاڵێکی پێوە نام منیش دۆلکەیەك ئاو لەسەر پەنجەرەکە بوو کەبۆ مناڵەکانم ئەبردە ژوورەوە هەڵم گرت و پیاماکێشا کاکە پیاوەکە شێت بوو قژی گرتم و پەلاماری یام منیش هەر ئەم قیژان و ئەمویست لەژێر دەستیا ڕاکەم هەستام ڕامکردە لای دەرگاکە کەچی ڕامکێشا داخرابوو

**چـمەس خەسـووم لـەودیوەوە سـورگی لـیٚ یـابوو وەڵـلا ئـیتر کـــابرا بــــەر شــــەقی یــــام و (سێکســـی لەگەڵـــدا کـــردم) بەزۆر لەبۆنی دەمی خەریبوو ئەمردم... وەڵلا ئیتر کە تـەواو بـوو دوو تفـی لیٚ کـردم وتـی: "(سووکی ...ڕەق و تـەق) بـۆ بـە دڵـت نـەبوو؟ (... کۆمـەڵێك ســــــووکایەتی سێکســـــــی پێکـــــردم)" پاشــــان وتــــی: "(سێکس لەگـەڵ مـن خۆشـترە یان مێردەکەت)".**

**هەسـتا کێشـای بەدەرگاکـەیا خەسـوم بـۆی کـردەوە منـیش لــــەو ناوەیــــا وەکــــو کــــەر کـــــەوتبووم حەپەســــــابووم نـەمزانی خـەوە ڕاسـتە نـازانم، ئینجا پیاوەکـەی خۆشـم قـەت (سێکسـی لەگـەڵ نـەکردووم) بـیٚ لێیـان ئـەمیش هـەروا بـوو ئیتر بۆیە وام دەزانی هـەمووی هەروایــــە وەڵــــلاّ خەســــووم دەرگاکـەی کـردەوەو کوڕەکـە دەستی کرد بە قسەی ناشرین و وتــــــی: "تــــــۆ فێڵــــــت**

**گەر تێبینی بکەین (م) دەڵێت کاتێك دامی بەشو من خۆمم نەناسیبوو هەروەها دەڵێت پیاوە شێتەکەم نەیدەزانی لەگەڵیشم بخەوێت ئالێرەوە سەرەرای ناڕازی بوونی کچەکە هاوسەرگیریکە لەخۆیدا کورتو کوێر بوە، پاشان ئەم ناتەواویانەی هاوسەرگیریەکە کاریگەری داناوە لەسەر قوڵکردنەوەی ڕقی (م) بەرامبەر ڕەگەزی نێر کەدرێژکراوەی ڕقەکانی باوکیەتی، هەر بۆیە لەبڕگەیەکدا دەڵیت خەڵکی نەگبەت ناتوانێت بەباشیش جنس بکات ... گەر تێبینی بکەین یەکێك لەداڵدەکانی (م) خوای گەورەیە بۆیە زۆر جاریش دەگەڕێتەوەو بەڕۆژوو دەبێتو نوێژ دەکات. لەسەر بنەما تیۆریەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبینین (م) لەیەکێك لە پێویستییەکانی ژیانی کەبریتییە لەسێکس (سێکس لەڕووی بایلۆجیەوە هیوا بەخشە بۆ مرۆڤ)، کاتێك هیوای نامێنێت دەگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە. خواوەند لێرەدا دوو وەزیفەی سەرەکی دەبینێت لەژیانی (م) دا: یەکەمیان وەزیفەیەکی ترادیسیۆناڵی کەئەوەش وەزیفەیەکی ئاینی بێخەوشەو زادەی کەلتوری کۆمەڵگاکەیە. دووهەم وەزیفەیەکی فریادڕەسانەیە، لەبەرئەوەی کەس بەهاناى (م)ەوە نەهات! گەر تێبینی بکەین پاش ڕاکردن ڕوویکردە ڕێکخراوێکی ژنانەو بردیانەوە بۆهەمان دۆزەخ، یان ئەگەر سەیری شکاتەکەی (م) بکەین لەلای پۆلیس ئەوا لەبری چارەسەرکردن پۆلیس دەبێتە تاوانکار، گەر سەیری کۆمەڵگا بکەین بەگشتی دەبینین کاتێك کەلەدەرگای ماڵان دەداتوداوای داڵدەدان دەکات ئەوا بەزۆڵ فرێدان تاوانبار دەکرێت .. تەنانەت لەمزگەوتیش وەك عیبرەتو بێئەخلاق دەردەکرێت ..سەرۆك باندەکانیش بۆ خۆشەکردنی بۆکارەکە هەر بەپۆلیس دەیترسێنن ئالێرەدا لەم توێژینەوەیەدا پرسیار لەتۆی خوێنەر دەکەین :گەرتۆ لەشوێنی (م) بیت هەست دەکەیت هیچ دەروازەیەکت هەبیٚ بۆدەربازبوون؟**

لێکردووم".. باش تێنەگەشتم نەئەمتوانی هەستم نەئەمزانی چی بکەم نەشم ئەزانی منداڵەکانم کوان!

وەڵڵاٚ ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو پیاوەکەی تر هات منیش دەستم کرد بەگریان و یەکسەر خۆم پاڵکەوتمەوە، پیاوە خۆی یا بەسەرما و وتی: "بۆئەگریت؟"

وتم: زۆرم لێ مەیە.. ئیتر پێکەنی و وتی: "(...) بۆ لێت ئەیەم" ئیتر پیاوەکە زۆر سەیر بوو خەریك بوو (سێکس بکا) و لێی پرسیمەوە وتی: "بۆ ئەو کوڕە لێی یای؟"

وتم: ئا.. وتی: "جابۆ هێشتت؟".. وتم: جا چی بکەم (هەر ئەشگریام... پیاوەکە هەستا سێکسی نەکرد).. وتی: "باشە کە ئەگریت و پێت ناخۆشە بۆ ئەم ئیشە ئەکەیت؟" ئیتر هەر ئەگریام ئینجا، وتم: من ئاگادار نیم خەسووم ئێستا کەوتی بڕۆ ژوور نەیوت بۆ شتی وایە، ئێستا دوای ئێوە ڕائەکەم.. بەس منداڵەکانم کوان؟ ئێوە خەسوومتان ئەناسی پێشتر؟ ئیتر پیاوەکە دیار بوو بەزەیی پیاما هاتەوە، وتی: "چۆن پێشتر وات نەکردوە".. وتم: نەبەخوا.. وتی: "ئەی مێردەکەت؟" وتم: شێتە مەشوورە دایم لەکۆڵانە نانیش هەر لەدەرەوەئەخوات یەتەوە تۆزێك و ئەڕوات.. ئیتر پیاوەکە هەستاو پانتۆڵەکەی بەست و (15) دیناری ((سویسری)) یامێ وتی مەڵێ (هیچی نەکردوە) منیش هەر ئەم وت ذامەوێ... وتی: "هەڵیگرە (بەشێوەیەکی ناشرین وەك کەر وسفی کردم) باسی ئەو پارەیەش مەکە مادام حەزناکەی بڕۆرەوە بۆ لای باوکت".. ئیتر ڕۆشتە دەرەوە منیش هەر ئەگریام. وەڵڵاٚ دوایی تۆزێ لەپەنجەرەکە سەیرم کرد کەس دیار نەمابوو هاتمە حەوشە دەرگای کۆڵانم کردەوە سەیرئەکەم خەسووم دوومنداڵەکەمی کردۆتە باوەش و لەبەردەرگای ماڵێکی دراوسێمان دانیشتوە منیش هاوارم ئەکرد خەسووم پیاوی بۆ هێنام... (بێ ئەخلاقن هەموویان) کردم بەڕۆژی خۆم.. کاکە خەسووم پیای ئەکیشام منیش زیاتر ئەم وت تاتێری کوتام.. بە سۆندە لێیام.. بەخوا ئاخر بۆیە ڕقم لە خواشە.. ئەبوو باوکم و خەسوم وەك کەر رەق بکات، ببنە عیبرەت، وەڵڵاٚ کەرەکەی مێردم هاتەوە پێم وت! وتی: "دایکم دەسی خۆش بێت پارەمان نییە دایکم ئەڵێ هەمو خەڵك وادەکەن"! ئیتر سەیرم کرد خەسوشم و مێردەکەشم بەسەرە خەڵکیان بۆ ئەهێنام مێردەکەم زۆر عاقڵ نەبوو ئەچوە کۆڵان خەڵکی پیسو پۆخڵو ((هەندێ پیشە دەڵێت شایستەی وتن نیە)) شتی وای ئە هێنا ((پێکەنی... وتی)): کوڕە مێردەکەم زۆر کەر بوو

ئیٚ باشه کەرە کەتۆ هەر پیاوت ئەهێنا بۆ هی وا یان شێتە کانی ڕەفیقی خۆی یان (...... فرۆش) ئیتر ناچار منیش ڕامکرد، چووم بۆ ماڵی باوکم پێم وت! کەچی وتی: "درۆ ئەکەی تۆ خۆت خەریکی پیاوی ئەیبەیتە ژوور بۆیە ئەوانیش لێت ئەدەن". منیش لەداخا خۆم سوتان ئەو کاتە خۆم سوتان چونکە هەر باوەڕی پیٚ نەئەکردم، ئیتر بێزار بووم دوو هەفتە لەخەستەخانە بووم کەس نەهات بەلاما خەریك بوو شێت ئەبووم بۆ مناڵەکانم، خەسووم یەکەم جار کەبردمی بۆ خەستەخانە وتی: "بلٚیٚ تەباخ وای لێکردووم ئەگینا مناڵەکانت لیٚ ئەسەنم".. منیش تەنها دڵم بەو دوومناڵەم خۆش بوو، بەعزیٚ جار مێردە کەرەکەم سیکۆتینی ئەخوارد ئەچوو بەشی ئەوانیشی ئەیا زۆر تووڕە ئەبووم من خەڵك، خێری پیٚ ئەکردم یان دووایی بە (لەشفرۆشی) پارەم پەیا ئەکرد یەك فلسیان نەئەیا بەخۆم مناڵەکەم سکی ئەچوو تای لێهاتبوو هەر ئاوم پیائەکرد ڕۆژێك پیاوێك هات بنێشتی لەدەما بوو فرێی یایە بەر بەلوعەکە.. کچەکەم تازە پێی گرتبوو.. سکی ئەچوو.. ڕای کرد هەڵی گرتەوە خستیە دەمی تائێوارە ئەو بنێشتەی ئەجوو چەن هەوڵم یا فرێی نەیا، تومەس برسی بوو تای هەبوو.. ئاوا ژیاووم بە خوا..

ڕۆژێکیان کچەکەم بۆ جبس گریا بەدەست منالأنەوە بینی هەرگریاو هەرفایدەی نەبوو کەچی (بیٚ ئەخلاقەکەی) مێردم شەرواڵەکەی داکەنو (ئاماژەی بۆ جەستەی خۆی کرد) و وتی "وەرە بیخۆ"((..... ماوەیەك لە قسەکردن وەستا

لەکۆمەڵگای کوردیدا دایك ڕۆڵی چەترێکی زۆر گرنگ دەبینیٚ بۆمندالًی خوار هەژدەسالٚ بەگشتیو منداڵی کچ بەتایبەتی، گەر پۆلێنی دایك بکەین دەبینین لەخۆیدا ڕەگەزی مێینەیەو دەکەوێتە نێو پەراوێزکەوتوەکانەوە لەڕووی دەسەلأتو تواناییەوە، بەلأم لەروی کەلتوریەوە کۆمەڵگای کوردی گرنگیەکی تایبەتی بەدایك داوە، هەروەك دەبینین لەهۆنراوەو بۆنە ئاینیەکاندا ڕۆڵی دایك بەرز دەنرخێنرێت تەنانەت ئەو ژنەی خواردنەکە دەدات بە م دەڵێت: "کەکچ دایکی نەبوو هەر نەبێت باشترە"، هەروەها (م) دەڵێت: "گەرخواژنی خۆش بویستایە بەکەمتر سەیری نەدەکرد"، لەڕوانگەی ئەم دەستەواژانەوە لەکۆمەڵگای کوردیدا دەردەکەوێت کە خێزان پێکهاتەیەکی گرنگەو هەڵوەشاندنەوەی لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت دەبێتەهۆکارێکی گەورە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان.

وتی)): "لێم گەرێ" ((دە ستی کرد بە گۆرانی لایلایە تاتە واو بوو ئنجا هەناسەیەکی زۆر قوڵی هەڵکێشا و گریا نزیکەی 7 خولەکێك بەبێ دەنگی گریا)).

پ/ دوایی چیت بەسەر هات؟

ئیتر لەخەستەخانە هاتمەدەر ڕۆشتم بۆ ماڵەوە جارێ نەیان وت بەخێر بێیتەوە تێریان لێیام منیش هەردوو مناڵەکەم هەڵگرتوو ویستم بێمە دەر لەدەستیان سەندم زۆریان لێ یام سەرم شکا ڕامکرد لەژێر دەستیان چووم بۆ سەر جادەکە تەکسیەکم گرت و ئەشگریام وتم کاکە ئەوانە کوشتیانم مناڵەکانم نایەنێ دەستم کرد بەقسە وتم بمبە بۆ پۆلیسخانە شکات ئەکەم وتی: "ئەوبەم بۆ (ناوی یەکێك لە ڕێکخراوەکان دەڵێت کە تایبەتە بە ڕەگەزی مێینەوە)" بردمی لەوێ دەستم پێکرد هەموویم بۆ باسکردن وتیان خۆمان بۆت حەل دەکەین بەڵام نازانین لەکوێ بتخەوێنین، لەدڵی خۆما وتم ئەی ترحێو لەم ژنە موهیمانە، کە شتیان لەمن دەپرسی جارێ خەمی خۆیان بوو ئەیان وت: "ئۆو ئەوە مێردەکەی منیش بیرم کەوتەوە فلان شت" یان یەکێکی جیقنی لێ بوو، زووزوو ئەی وت: "بەسە تو خوا وسبە زۆر بێلەزەتی" وای ئەزانی ڕامکردوە بۆ مەتعەم! بێلەزەتی چی من تێمهەڵدراوە باسی مێردەکەم ئەکەم ئەو لەبری بۆم حل کات! ئاخر چۆن بڕوام بە سەنتەرو ژن و من هەیە.. هەموتان درۆ دەکەن.. ئیتر دوایی هەتا سێ سەعات مناقەشەیان بوو بم بەنە کوێ؟ وتم کاکە لەسەر جادەکەیان لەو حەوشەیا ئەخەوم، وتیان: "نابێ دادەگیان"، هەرچۆنێك بوو ئەو شەوە هێشتیانمەوە وتیان لێرا بخەوە بەڵام دەسکاری هیچ مەکە ئەمە یەکەم شەو بوو لەهەموو ژیانم بخەوم بێ ترس بۆ بەیانی کچەکان هاتن و هەر کەس

> لەم کێشەیەدا، کێشەی (م)، تێبینی دەکەین باوکی هۆکار بوە بۆ ئەوەی بارودۆخی (م) تەواو ناهەموار بێت.. سەرەڕای تەواو نەکردنی خوێندن کەیەکێکە لەبەرپرسیاریتییە گرنگەکانی باوان، (م) دەگۆڕێتەوە بەژنێك بۆ خۆی .. هەروەها کەسوکاری مێردەکەی (م) هۆکارێکی سەرەکی ترن بۆناچارکردنی (م) بەچوونە بازاری لەشفرۆشییەوە بۆیە دەبینین ئەوانەی ئالودەدەبن بەلەشفرۆشی کەسێك هەیە لەبازنەی یەکەمی خزمایەتیدا هاوکاریان بکات یان ناچاریان بکات بەچونەئەم بازارە تەنانەت ئەگەر کەسی لەشفرۆش دژی ئەم مەسەلەیەش بێت وەك (م).

ئەهات  شتی لێ ئەپرسیم، ڕۆژی پێشوو چەندم قسە کرد بوو عەینەن شت، یەکێ سعات 8 هات هەموی لێ پرسیم، یەکێ سعات هەشتو نیو، یەکێ سعات 9، بڕوابکە تابوو بە سعات (10).

سەد جارم گێڕایەوە. منیش زۆر تووڕە بووم وتم شتێکم بۆ بکەن ئەگینا ڕائەکەم.. خۆ من ڕادیۆنیم، هەر بیڵێمو بیڵێمەوە ئەچم سەری خۆم هەڵئەگرم ئیتر نیوەڕۆ نانیان یامێ و یەك دوو پارچە جلیان یامێ و سیانیان وتی: "ئێستا ئەچین بۆ لای مێردەکەو عنوانیان لێ وەرگرتم و ڕۆشتن وەك جەماعەتی جەنگۆ جەبار هی فلیمە هندیەکە دوای سێ چوار سەعات هاتنەوەو وتیان: "بابڕۆین"، بردمیان دڵم خۆش بوو ئەمبەن مناڵەکانم بۆ وەرئەگرن ولای خۆیان بەخێوم ئەکەن کەچی بردیانمەوە ژێر دەستی ئەو زاڵمانە لەڕێگاش هەر نەسیحەتیان ئەکردم و ئەیان وت: "دڵی خەسوت ڕاگرە.. گوناحن.. ئەوانیش  هەموو نوقسانن.. مێردەکەت بەرە حەمام بیشۆ.. خزمەتیان بکە!" وتم ئێوە چون چیم بۆ بکەن؟ خۆم کەمم ئەرك هەیە ئەویش بشۆم؟  یەکێکیان ئەوەنە کەربوو ئەی وت: "بەخوا من خەسوم ئەبەمە حمام ئەیشۆم" چەندکەربوون من چی بشۆم ئەو پیاوم بۆ ئە هێنێ ئنجا یەکێکیشیان ئەی وت: "گەر زانیت ئەم جارە پیاویان بۆ هێنای یەکسەر بچۆ شکات بکە"، وتم ئەی باشە ئێوە ئێستا بۆ ئەمبەنەوە؟ بۆچی شکاتم بۆ ناکەن؟  ئەی ئێوە قسەی زل بۆ ئەکەن؟ وتیان: "دادە گیان ئێمە ناتوانین ئەوە کێشەی زۆر لێ ئەبێتەوە ئەبێت خۆت بچی ئینجا کێ ئەڵێ  تۆ ڕاست ئەکەی؟".. وتم بۆ ناچن پرسیار لەگەڕەکەکەمان بکەن بزانن مێردەکەم کێی پێ ئەڵێن؟ ئیتر گەشتینە ماڵەوە خەسووم وەکو ژنێکی ترقسەی ئەکرد خۆم حەپەسابووم ئەم وت تۆ بلێی من تێك چووبم ماچی کردم و مناڵەکانی خستە کۆشم و وتی: "بەقووربانتان بم ئەو وەرەقانەی یام پێێتان بم دەنەوە چونکە بۆ خەستەخانە پێویستمە زوو زوو ئەیبەم ئەبێت پێم بێ چومەس خەسوم لای ئەوان وتبووی شێتە وەرەقەی خەستەخانەی پیشان دابوون کەکارەبایان یابوو لەسەرم ئەونەیان پیاو بۆ هینابووم و ئەوەنەلەسەر زەیستانی لییان دابووم لەپڕ شەوان ئەم قیژان ڕام ئەکرد دایم لەخەوما دەرگایان لەسەر دائەخستم کەچی بردیانم بۆ خەستەخانە ئەبوورامەوە کارەبایان لەسەرم ئەیا، ئیتر خەسووم ئەمەی پێ وتبوون بڕوابکە ئێستاش  شەوان  هەر لەخەوما دەرگام لێ دائەخەن دەمم ئەگرن. وەڵڵا کە ئەوان

ڕۆشتن تێریان لێیام وتیان فێرنەبی شکاتمان لێ بکەی منیش هەزار جنێوم بە (ڕێکخراوەکەیان دا)، ئیتر ئەو شەوە لەگەڵ منداڵەکانم خەوتم بەیانی زوو مێردەکەم بەشەق تێم کەوتوو وتی: "هەستە پارەم پێ نیە بچۆ بۆ سواڵ!" منیش کردم بەشەڕ هەر لێیام، وەڵڵا وتم باشە کەڕۆشتم چووم بۆ سەر جادەکە لەوێ بەپرسیار و سواری تاکسی بردیانم بۆ مەرکەز شورتەیەك، لەوێ شکاتم لەمێردەکەم کرد وەڵلا بەمنیان وت دانیشە لای ئەو پۆلیسە.. تەقریبەن سەعاتێ زیاتر دانیشتم وەڵلا کاتێکم زانی مێردەکەمیان هێنا لەترسا خەریکبوو میز بکەم بەخۆما، نازانم بۆ ئەوەنەی لێ ئەترسام؟

پ/ ئەی ئێستا ئەترسی؟

گوی خوارد وەڵلا (ئەینێرمەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوە) (بێ ئەخلاقی وا) بابروا (....دایکی خزمەت کات) ئیتر گیرا دوو مانگ لەسجن بوو خەسووم نەیهێشت بچمەماڵەکەی هەر ئەچووم و دەری ئەکردم منیش شەوێ دووان هەر ئەچوومە باخی گشتی ئەخەوتم هەنێ جار ئەچوومە بەر مزگەوتی گەورە دەریان ئەکردم جلیشم پێ نەبوو، عاددە بووم هیچم پێ نەبوو هەموو قاچ و ماکسیەکەم خوێن بوو.. چوومە ماڵێك وتم قاچ و قوولم ئەشۆم دەرگایان لێ نەکردمەوە لەو دیوو دەرگاکەوە دیناریکیان یامی.. وتم دادە گیان سواڵ ناکەم بەس قاچم ئەشۆم وتی: "بڕۆ دادە گیان لەکوێ زۆڵت فرێ یاوە.. منیش هەزار جنێوم یا پێیان ئیتر بە منداڵە کانی وت شێتە دەرگای لێ نەکەنەوە.. چوومە ماڵێکی تر دەرگاکەیان بۆ کردمەوەو ژنەکە وتی: "بۆ وات لێهاتوە"، زۆر گریام و بۆم باس کرد دەستێ جلی یامێ و وتی: "حەز ئەکەی خۆت بشۆ"، وتم قەیناکە ئیتر زۆر بەزەیم بەخۆما هاتەوە، وتم خۆزکە دایکم قەبری لێرە ئەبوو بچوومایە تێر بگریامایە.. خەریکە شێت ئەبم بۆ منداڵەکانم! نانی بۆ تێکردم و (5) دیناریی (سویسری) یامێ و

لەکێشەی (م) دا دەبینینەوە گرفتی ژن بەژن دەبێتە ڕێگر لەبەردەم باوکیدا کەناتوانێت گوێ بۆکێشەکانی کچەکەی بگرێت هەروەها خزمە نزیکەکانی وەك مامۆبرای (م) یش ناچاردەکات کەگوێ لە(م) نەگرن وداڵدەی نەدەن .. لەکۆمەڵگایەکی پیاو سالاریدا کە رەگەزی مێ نەتوانێت داکۆکی لەمافە سروشتیو بنەرەتییەکانی خۆی بکات کەیەکێك لەوانە سەربەخۆیی سێکسو مافی پاراستنیەتی لەتوندووتیژی جەستەییو ئیغتصاب.. ئەوا ئاساییە ببینین (م) هەمووئەم کارانەی بەرامبەر دەکرێتو وشیاریەکی تەواوی نیە کەهەوڵبدات داکۆکی لەخۆی بکات بەڕێگەی یاسا.

تۆزێك دڵخۆشی دامەوەو وتی: "بڕۆ" منیش زۆر خەفەتم خوارد ئەو ڕۆژە تا سێ ڕۆژ بەو (5) دینارە نانم خوارد لەفەی قاورمەم پێ ئەکڕی لەبەر مەکتەبێکا، خەفەتم ئەخوارد ئەم وت باوکم خێر لەخۆی نەبینێ نەیهێشت بخوێنم.. یان بۆ دایکم مرد؟ ئاخر وەکو دروست بووم بۆ کچی مامۆستا یەك نەبووم؟ ئیتر پارەم پێ نەمابوو سێ چوار ڕۆژ بوو هەر لەسەر جادەکە ئەخوتم، برسیم بوو، هیلاك بووم، شەوێکیان بوو بەتەقە وتیان: "شەڕی یەکێتی و پارتیە" زۆر ترسام ڕامکرد لەسەر جادە گرتیانم بردیانم بۆ سجن (11) ڕۆژ لەسجن بووم.

ژنێك لەوێ بوو ناوی (ش) بوو زۆر پیر بوو، دایم ئەگریام لەسجنەکەیا دەنگم زۆر خۆش بوو هەر لای لایەم ئەکرد بۆ منداڵەکانم و بەسەر بێکەسی خۆما هەڵم ئەیا ئیتر ئەو ژنە شتی زۆری لێ پرسیم وتی: "من بەرت ئەیەم بەشەرتێ بێیتە لام".. خۆ منیش خوا خوام بوو.. وتی: "منداڵەکانت بۆ ئەهێنمە لای خۆت".. بەڵام ژنەکە بەڕاستی درۆی لەگەڵ کردم خۆی بەربوو دوای (5) ڕۆژ منیشی بەریا پارەی ئەیامێ شتی بۆ ئەکڕیم لەسجنەکەدا، ئیتر دوایی بەرییام کەبەربووم خۆیو دوو کوڕ هاتبوون بەشوێنما بردیانمە ماڵی خۆیان ماڵەکەیان لەدەرەوەی سلیمانی بوو گەڕەکێکی زۆر کۆن و ناخۆش بوو دوور بوو خانوە کەیان مسلح بوو بەڵام زۆر کۆن بوو پیس وناخۆش ((مەبەستی لەیەکێك لە گەڕەکە دوورەکانی شاری سلێمانیە)).. (ش) درۆی کرد.

(ش) وتی: "لەلای من بە پێکەوە ئیش ئەکەین پارەیشت ئەدەمێ دوایش محامیت بۆ دەگرم بۆ منداڵەکان". لەپێشا نەم دەزانی ئیشی چی دەڵێت هەر ئەموت بەسەر چاو.. ڕۆژێك ژنێك هات! زۆر جوان بوو جلی مۆدەی لەبەردا بوو لەگەڵ ساحێب ماڵەکە قسەی زۆر کرد هەر سەیری منیشیان دەکرد و پێ دەکەنین!!

دوایی سەیارەیەك هات سێ پیاوی تیابوو دابەزین و هاتنە ژوور منیش چووم ئاویان بۆ بەرم ژنەکە پێی وتم: "سینیەکە دانێ و بچۆرە ژوورەوە لەگەڵ یەکێك لەو پیاوانە"!! منیش یەکسەر خەسوومم بیر کەوتەوە پێم وت بۆ تۆ ئیشی وادەکەی؟ وتی: "ئەی چەندڕۆژە پێت نالێم ئیش ئەکەین پێکەوە". وتم: ئاخر حەرامە؟ وتی: "تۆ وادەزانی ئەو هەموو پارەیەم تیا صرف کردووی بەبەلاشە، ئەگینا ئەتیەم بەگرت"، بوو بەشەڕم یەکێ لەپیاوەکان ڕووی کردە ژنەکەی تر کەجلی مۆدەی لەبەر بوو وتی: "پارەش بدەیتو

**ئەمەش بێت". منیش وتم: گوو بخۆ... ئیتر پیاوەکە بۆم هات ویستی شەقم تێهەڵدا، قیژاندم ژنەکان دەستیانگرت و منیان بەپاڵ کردە ژوورەوە وەڵلا منیش وتم گەر ئێستا دەرگاکە نەکەنەوە لێم ئەیشکێنم و حەیاتان ئەبەم وازم لێ بێنن بابرۆم (ش دەلاڵ) هاتە ژوور بۆم وتی: "بێ عەقڵ تۆ مەصڵەحەتی خۆت نازانی! قابیلە چیە؟ پارە وەرئەگری، تۆ شوێنت نیە تیا بخەوی، کەس لێت ناپرسیّ، بشچی بۆ هەر کویێ فلیمت دەسوتیّ، هەموو خەڵك ئەیکات، کچە دەوڵەمەندەکانیش تۆ زۆر کەریت وادەزانی خەڵك بەنانکردن پارە پەیدا دەکات، قابیلە چی یە دوو دەقەی پیێ ناچیێ (50) دینارمان ئەداتیێ باشە، کەرە شێت بیرت چوو لەسجن داڕزابووی ئەمە باشترە بیکەی یان لەسجن بی؟"**

**وتم: کوڕە خواتان بیّ؟ ئەم دنیایە بۆ واپیس بوە؟ ئەچمە لای هەر کەس هەر خەریکی پیاوە؟ من شتی واناکەم بەڕۆژووم خوا بەو سەرەوە ئاگادارە فێر بوو بووم دایم ڕەمەزانیش نەبوایە بە ڕۆژوو دەبووم هەم خێر بوو، هەم نان نەبوو بیخۆم...**

**وتی: "کەرە کەر (جلەکانت داکەنە) و خۆت حازر بکە بەڕۆژوو بەو نوێژی خۆت بکە ڕۆژوو و نوێژ هەقی چیە، بەقسەم بکە زەرەر ناکەی تۆ لەڕۆژێکا (200) دینار پەیدادەکەی باشتر نیە؟ منداڵەکانیشت بەباشترین شێوە بەخێو دەکەی، من زۆرت لێ ناکەم، گەر حەز ناکەی کەیفی خۆتە؟ بەلاّم هەر ئێستا بڕۆ جلە شڕەکانی خۆت لەبەر بکەرەوە و بەڵکو بتگرن ئێستا قانوونە هەر کەس لەسەر جادە خەوت دەیگرن"**

**هۆکارێکی تر لەکێشەی (م) دا دەگەڕێتەوە بۆبارودۆخی ئابووری کوردستان و ڕەوکردن و بارەودۆخی ئابوری خێزانێك کەئەندامەکانی کەم ئەندامن، لەڕوانگەی ئەم کێشەیەوە تێدەگەین تاوانەکانی ڕژێمی لەناو چوی عێراق تائێستاش بەردەوامە چونکە لەکۆڕەوەوە دایکی (م) تیادەچێت، داگیرکردنی کوێت یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی ئابلۆقەی ئابوری سەرعێراق و کوردستان هەروەها لاوازی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەلەلایەك ناتوانن ڕیێ بەدیاردەیەکی دزێوی وەك ژن بەژن بگرن و لەلایەکی تر ناتوانن بژێوی بۆئەو خێزانانە دابین بکەن کەکەم ئەندامیان هەیە هەروەها ناتوانن کەسێکی وەك (م) ڕزگار بکەن کەدەڵێت:"ئەگەر خانویەکم هەبێت هەرچی کچی داماوە تیا کۆ دەکەمەوەو دەیان ژێنم " بۆمان دەردەکەوێت هۆکاری ئابوری سیاسی هۆکارێکی گرنگ و سەرەکین لەئالودەکردنی (م) بەلەشفرۆشیەوە.**

منیش ئەوەنە ڕەزالەتم لەسجن‌و سەرجادە بینی بوو زۆر ترسام وتیشی: "کەفالەتەکەت هەڵدەوەشێنمەوە" منیش چووزانم هیچم نەدەزانی وام زانی ڕاست دەکات ئیتر زۆری لەگەڵ وتم‌و ترساندمی لەلایەکی کەش بیرم لای مناڵەکانم بوو.. ((بۆماوەی دوو دەقە بێ دەنگ بوو ئنجا وتی)):

ناچار وتم باشە هەر کەوتم باشە کاکە گیان هەرسێکیان هاتنە ژوور یەك یەك لەبەردەمی یەکترا (سێکسیان لەگەڵدا ئەکردم، هەر ئەتووت جەژنەکەیە)و چەرك‌وفەلەقم پێ دەکەن یەکێ دائەبەزی یەکێ سەر ئەکەوت. ئیتر منیش گریام، قیژاندم، وتم: بەسە خۆ ئێوە بەشەرن بۆ ویژدانتان نیە مردم. باوەڕ بکە (هەموو گیانم دەیەشا خەریك بوو لە تاو ئازار دەمردم)، ئیتر ڕۆژی دوان، سیان، چوار، ئەهاتن تاماوەیەك.. دوایی (10).. ڕۆژێك (ش دەلاڵ) دوو کچی تری هێنا، ئەوانە لەمن نەگبەتتر بوون، هەر ئەگریان.. یەکێکیان ئەوەنە مناڵ بوو هێشتا بەباشی سنگی نەکردبوو.. ئینجا زۆر ئەگریا ناوی (س) بوو ئەی وت: "(م) خان پیاوەکان گازی قایم (لە ..... دەگرن‌و شتی ناشرینم پێ دەکەن)".. من لەو نەگبەت تر بووم وەکو ئەوەیە شەل بچێ بەلای کوێرەوە خۆم حاڵم کەم شڕە گوێ لەخەمی ئەویش بگرم. بەعزێ جار شەوان هەرسێکمان ئەگریاین من گۆرانیم ئەوت لەیلایەم ئەکردبۆ مناڵەکانم ئەوانیش تێر ئەگریان. ڕۆژی سەدجار ئەم وت: (ش) خان کەی خەریکی معامەلەی مناڵەکانم ئەبیت، ئەوەنە کەربووم وامئەزانی ڕەئیسی مەحکەمەیە ئەو نەی ئەزانی ناوی خۆشی بنووسێ. هەر ئەیوت: "ڕاوەستە خۆ نەوەستاوم تۆ وادەزانی هیچ ئیشم نیە هەر خەریکی هی تۆ بم"، هەندێ جاریش کەری ئەکردم دووسێ وەرەقەی پیشان ئەدام ئەیوت ئەوەتانێ خەریکم بۆت تەواو دەکەم، منیش هەر بەوخەوە خۆشەوە ئەخەوتم و لەخەیاڵی خۆما جلی جوان و خواردنی خۆش و بووکی جوان جوانم بۆ ئەکڕین، کەر بووم...چەمەس (ش دەلاڵ) درۆ دەکات وەرەقەی مناڵی چی.. وتەڕەماشی چی.. هەمووی وەرەقەی کەفالەت بوو ئیشی ئەو هەر ئەوە بوو ئەچوو لەسجن مشتەری ئەدۆزیەوە دووسێ کەس هاتوو چۆیان ئەکرد کەمن پێشتر لەسجنەکە ئەمبینین نازانم پۆلیس بوون یان زابت من لەو شتانە نازانم بەلاَم بەجلی عەسکەری ئەهاتن وسەرشانیان نەجمەی پێوە بوو دووسێ دانەشیان لەپۆلیسەکان بەو دوو کەسەی تریان ئەوت گەورەم دیار بووگەورەو شتی وابوو دووسیارە ئەهاتن، ئینجا ڕۆژێکیان هاتن

زۆریان میوەو شفتەو نوقڵ هێنابوو (ف، یەکێکی ترە لەسەرۆك باندەکان) پێ ئەکەنی و ئەیوت: "وەرن بخۆن خوانادری"، پۆلیسەکان لەخەڵکیان گرتبوو؟ چووبون بۆ مواجەی کەس و کاریان.

پ/ چۆن زانیت؟

ئێ خویان باسیان ئەکرد منیش ئەموت حەرامە، کەچی ئەیان وت: "چەن کەری هەر بزانە درێژ عەقڵی لەئەژنۆیایەتی ئاخر کەرە درێژ تۆ (بە جوملە سێکس دەکەیت) حەرامنیە ئێستا ئەمە بخۆی حەرامە ((دیسان تۆزێك وەستا و گریا ... چوار خولەك)).

پ/ سبەینێ قسەکانمان تەواو بکەین؟

نا خۆم دڵم پڕە بەعەکسەوە زۆر حەز ئەکەم یەکێ گوێم بۆ بگرێ و دوای بیکات بەکتێب بەخوا خۆم زۆر خوێنەواریەکەم باش نیە ئەوەشی ئەمزانی بیرمچۆتەوە ئەگینا هەموو ژیانی خۆمم دەنووسی ودەمکرد بە کتێب. لەسەر خۆما بەزەییم بەو کچەدا یەتەوە کە لەوێ بوو ڕۆژێکیان زۆر ڕشایەوە بەیانیان هێڵنجی ئەیا دیار بوو (ف) زۆر شارەزا بوو یەکسەر وتی: "قوڕت بەسەر سکت هەیە"، پاڵی خستو دەستی خستە سەر سکی، ئەویش زۆر ئەترسا خەڵکی هەڵەبجە بوو، ڕای کردبوو لەدەست ماڵی باووکی... باوکی زۆر خراپ بوو ویستبوی بیدات بەشو بە ئیسلامیەکان سەرەڕایی ئەوەی سکی هەبووکەچی (ف) قیژاندی بەسەریا و وتی: "(بەد ڕەوشت) بانەوهێشتایە سکت ببێت.. من نالێم بەپیاوەکان بلێن (با سکمان نەبێت).. یان حەب بخۆن زەهریکەن.. ئەی من ئەوهەمووحەبە بۆ دەکرم بۆ جوانی ئیوە (جاری واهەیە دوو سەعات سێکس دەکەن) بێ شەرەفی بێ ئابڕوو ئێستا ئەبێ (500) دینارت تیا صرف بکەم، وەکو زۆرت پەیدا کردبێ".. کچەکەش جوابی دایەوە وەڵلا (ش) بۆی چوو بەلەقە ئەیکێشا بەپشتیا ئێمەش گرتمان بەس فایدەی نەبوو ئەیوت بالەباری بچێ. ئیتر کچەی کوشت پاش دوو ڕۆژ نازانم کێ بە (ش) وتبو بەپەلە هاتە ماڵەوە و بانگی (ه) کرد وتی: "وەرە".

پ/ (ه) کێیە؟

ئەو کچە هەڵەبجەیە بوو کەسکی هەبوو پێی وت: "وەرە بچۆرە حەمامەکە ئەم (پەڕە) هەڵگرە".. پەڕی قەل بوو شتێکی تیژ بەسەر لقەکەیەوە بوو. کچەکەش زۆر ترسا وتی:

"ناوێرم"، (ش) وتی: "بانەت کوڕم بچۆ دەی خێرا کە بالە بارت چیٚ ئەی چی لیٚ ئەکەی خۆت شوێنت زۆرە لێی بخەوی من سکت هەبیٚ دەرت دەکەم"

پ/ چۆن زانی سکی هەیە؟ خۆی مامان بوو؟

نەوەڵا، بەڵام دوای ئەوەی دەستی لەسکی داو زۆر لێی تووڕەبوو بردی بۆ فحسی میز کەهاتەوە هەر ئەیقیژان بەسەریا، ئیتر کچەکەش چوە حەمامەکەو ئەی قیژان ئەگریا من لەترسا خەریك بوو سوێم ئەبوە و زیاتر لەنیو سەعات هەر لەم دیوو دەرگاکەوە پێی ئەوت بیبە بۆ گیانت زیاتر ئەویش ئەی قیژان ئەی وت: "ناچیٚ مردم کاکە گیانم هاتە دەرەوە".. فرمێسك ولیك و ئارەق و خوێن تێکەڵ بووبوو ئیتر بورایەوە، ئەو ژنە زاڵمە نەهات بەلایەوە هەر ئەی وت: "دەی دەی زۆر جوانی مەکریش بکەی بەخوا دەرت ئەکەم من تاقەتی شتی وام نیە".. دوای مانگیٚ ڕۆژێکیان پیاوێك بەتەکسی هات تۆزیٚ لەبەر دەمی ئێمە دەستی خستە سەر سنگی (ش) و چوونە ژوورەوە دوایی بە (ه)، وت: "سەرکەوە"، بردیان پاش دووسیٚ سەعات هاتنەوە ئینجا (ش) کە دەڕۆشت دەرگاکانی لەسەر دادەخستین ئەی زانی ڕادەکەین، کە هێنایانەوە (ش) و پیاوەکە چووبوونە ژێر باڵی هەمووگیانی خوێن بوو دەم و چاوو سەروو قژی شێوا بوو، باوەڕ بکە ناو چنگی هەر قژ بوو.. چوومەز لەباریان بردبوو ئەویش لەتاو ئازار قژی خۆی زۆر ڕاکێشابوو، صۆندەیەکی باریك لەناو گیانیا بوو تالای ئەژنۆی شۆڕ بوبوەوە قسەی بۆ نەدەکرا. ئێمە خەریکی ئەو بووین ئەو کچە داماوەی تر کەدەڵێم منداڵ بوو ڕنگی زەرد بوو بوو نەی دەزانی چی بکات.

بەعزیٚ جار وا دەزانم ئەو شتانە خەون بوون باوەڕ بکە ئێستا بەس بیرم دەکەونەوە هەموو گیانم موچڕکەی پیادیٚ، کاکە گیان من زۆر ترسام لەوەوە ئینجا (ش دەڵاڵ) ئەیوت بە پیاوەکە: "پارە نادەم"، ئەویش ئەیوت: "تۆ ماچێك بەبیٚ پارە ئەدەی تامن ئەو هەمووهاتوو چۆیە بیٚ پارە بکەم؟"، پاش سیٚ چوار ڕۆژ زۆر خەفەتم دەخوارد ئیتر زانیم (ش دەڵاڵ) فێڵمان لیٚ دەکات و زۆر خراپیشە لەگەڵمانا وزانیم گەر منیش سکم ببیٚ چیم بەسەر دێنیٚ (ه) بۆی باس کردبووم چیان لیٚ کردوە! ئینجا لەڕۆژێکا (10) کەسی بۆ (ه) ئەهێنا ئەیوت (500) دینارم بۆ صەرف کردوویت.

پ/ چەنی وەر ئەگرت و چەنی ئەدا بەئێوە؟

((قیژانی))... کوڕە چەنی چی، هەمووی بۆ خۆی هەڵی ئەگرت پیاوم ئەویست بڵێ پارە ئەی وت: "دەتان خەمەوە سجن... ئەوە نیە لێرە دەخەون و نان دەخۆن؟" خۆشی بەعزێ جار صابوون یان شامپۆ یان لیباسی بۆ دەکڕین بەڵام زیاتر سوراوو حەبی مەنع لەقاپێکا هەمووی بەتێکەڵی بۆ دائەناین.

فلیمی سێکسی زۆر ئەهێنا شەوان لێی ئەیاو ئەیوت: "فێر بن ئائەوانە کچن ڕۆژێکیان داوای فلیمی هندیو تەمسیلی کوردیمانکرد، وەڵا بۆی هێناین ئێمەش ئەوەنە کەربووین شەو ڕۆژ کارەبا هەبوایە یەکسەر سەیری ئەوەمان دەکردکارەبای مولیدەی ڕاکێشابوو وەڵڵا شەوێکیان هەمووی لەداخا شکان.. وتی: "ئێوەم هێناوە سەیری فلیمی هندی بکەن"((..... پێکەنی)). ڕۆژێك پیاوێك هات.. (ش دەلاڵ) بە منی وت: "هەستە"، منیش وتم ڕاوەستە با تەواوبێ ئە شگریام بە دیار فلیمەکەوە.. ئەوەن کەربووم.. وەڵڵا هات بەقژ بەرزی کردمەوە وتی: "بێ ئەخلاق کەی وەختی ئەوەیە)، لە ژوریشەوە هەر بیرم لای فلیمەکە بوو ئیتر تاوای لێ هات شکانی.

پ/ بۆ؟

شەوبوو زۆر درەنگیش نەبوو دوایی نانی ئێوارە بوو سەیری فلیمی هندیمان دەکرد دەشگریاین هەرسێکمان ((زۆر پێکەنی ...))، کوڕە ئێمەش چەن کەر بووین (ش دەلاڵ) وکو معمل بەس (پارەی ئەویست)، ئێمەش سەیری فلیمان دەکرد.. دوو پیاو هاتن، (ش دەلاڵ) وتی: "هەستن یەکێکتان بچنە ژوور"، هەر دەمان وت ڕاوەستە بابزانین فلیمەکە چی دەبێ کاکە هەر وتی: "دەی خێراکەن ئەو پیاوە پەلەیەتی"، ئێمەش مێش میوانمان نەبوو وەڵڵا (ش) بۆ نەیقیژان ڤدیۆ و فلیم و دارو بەردی شکاند ئینجا بەقژ (س) ناردە لای یەکێکیان منیش یەکێ کەچوومە لای کوڕەکە پێی سەیر بوو! وتی: "ئەوە چی بوو ئەو قیژە قیژە؟" وتم: ئەوە لەسەر ئەوە بوو.. دەخێراکە وەکو نەوهێشت فلیمەکەش ببینین. ئینجا دوای تۆ تێهەڵدانیش دەخۆین.. جەنابت بەم ئێوارەیە بۆ هاتی؟ ئیتر کوڕەکە زۆر پێکەنی وتی: "تۆ عەقڵت تەواوە؟"، وتم: خۆ شێت نیم شێتیش بم موهیم ئەوەیە (ئافرەتم) ئێوەش (سێکستان دەوێت) پیاوێکی گەنج بوو، وتی: "ئێوە هەموتان خەریکی ئەوەن"، وتم: ئەرەوەڵڵا، وتی: "باشە بۆ کاسبی ناکەن؟ مانگی چەن کرێ ئەدەن؟"، وتم: وەڵڵا نازانم (ش دەلاڵ) کرێ ئەدات. وتی: "بۆ ئێوە کرێ نادەن؟".. وتم:

نا، .. وتی: "تۆ چی (ش دەڵاڵی)؟" وتم: هیچ، وتی: "ئەو وتویەتی ئەمانە کرێچین لەلام وەخەریکی شتی وان کریٚ ئەدەن بەمن" وتم: دەك خوا ڕووی ڕەش بکات وەڵڵا کاکە گیان لێرە ئێمە سجنین (ئیتر بۆم باسکرد) (ش دەڵاڵ) یش ئەیکێشا بەدەرگاکەیا ئەیوت: "خێرا کەن لە بەر دراوسێکان برۆن"، وەڵڵا کوڕەکە پێی وتم: "دادە گیان ڕاکەن درۆ دەکات ئەو ناتوانیٚ سجنتان بکات"، خۆشم زۆر بێزار بووم دەشمزانی بەیانیەکەی (ش دەڵاڵ)، داخی شتەکانی شکاندویەتی پێمان دەڕێژیٚ...بەیانی زووزوو خۆمگەیانە حاڵەتی جاو دەستمگرت بە سکمەوە کوڕەکە فێری کردم وەڵڵا دەمقیژان ئای سکم (ش دەڵاڵ) ترسا ڕیخۆڵە کوێرەم بیٚ تاکسی هێناو بردمی بۆ خەستەخانە لەوێش هەر دەموت ئاخ سکم توند دەستم پێوە گرتبوو باوەڕبکە لەپێشا بەدرۆ وام وت نازانم بۆچی بوو بەڕاست سکم یابوویە ئازار لە خە ستە خانەکە.. خۆشم پێکەنینم دەهات وەڵڵا وتم: ئەچم میز دەکەم بەناوی میزو ڕشانەوە ڕامکرد خۆم لیٚ ونکرد بەڕاکردن چوومەسەر جادە و دەستم لەتکسی ڕاگرت وتم بمبە بۆ بەر مزگەوتی گەورە، هیچیشم پیٚ نەبوو یەك فلس خوایە چی بکەم سایەقەکەش لێم ئەترسا سەر و قژم هەڵچوو بوو، شەوان تێر یاریمان بەسوراو دەکرد لەگەڵ دووکچەکەی تر، چاوم ڕەش ڕەش دەمم سوراوی سور بلاٚو ببوەوە زۆریش خۆمکردبوو بەنەخۆش.. وەڵڵا گەشتین من بەس شارەزای ئەویٚ بووم و هیچی تر زووزوو سەیرێکی دەکردم وەی ئە زانی شێتم.

وتی: "ئێرا باشە؟".. وتم: زۆر دامبەزێنە، وتی: "پارەکەت؟".. وتم: وەڵڵا پێم نیە ڕامکردوە، و ژنێك خەریك بوو فێڵم لیٚ بکات ڕام کرد.. وتی: "درۆو دەلەسە بۆ من مەکە دەی دەی (بیٚ ئەخلاق) دابەزە پارەکەم بەریٚ و بڕۆ دابەزە لا ئەڵێی شەیتانی".. وتم: وەڵڵاهی کاکە گیان درۆ ناکەم و ویستم باسی خۆمی بۆ بکەم.. وتی: "دابەزە دابەزە"، یەك هۆقە تفی تێکردم... کوڕە من خوا خوام بوو ڕزگارم بوو بوو تف چیە. بەپەلە دابەزیم و چووم بۆ مزگەوتی گەورە دەم و چاوم بشۆم دووسیٚ مەلای کەر هاواریان کرد دەرەوە دەرەوە وتم دەم وچاوم دەشۆم وتیان: "یەلاٚ بەرەلاٚ خۆتت دیوە خوا دەزانیٚ چ بەرەڵلاٚیەکە.. دەرەوە (بیٚ ئەخلاق)ی بیٚ شەرم"، مەلای (بیٚ ئەخلاق) ئەوە قسە یان بوو مزگەوتی چیو خوای چی، ناچار ڕۆشتم بەکۆڵاٚنەکانا لەدەرگای ماڵێکم دا وتم تۆزیٚ دەست و دەم وچاووم دەشۆم تۆزیٚ خۆمچاکرد و ژنەکە وتی: "ڕۆڵەگیان بۆ وا

لەکۆڵانی؟"، گریام و وتم: توخوا لێم گەڕێ برینم مەکولێنەرەوە.. وتی: "دانیشە نانت بۆ تێکەم"، وتم بۆنی پەڵپینە دێ.. وتی: "وەڵڵا لەسەر ئاگرە وادەکوڵێ دانیشە بۆت تێ دەکەم"، منش بۆم باس کرد چیم بەسەر هاتوە وتی: "ڕۆڵە گیان کەدایك مرد ئەولادیش بمرێ باشترە"، نانم خوارد و ڕۆشتم.. ئیتر لەسەرجادە و کۆڵان خەوتم ڕۆژێ دوان سیان سواڵم کرد، ئەچووم بەماڵانم دەوت نانتان بۆ بکەم ئیشتان بۆ بکەم فایدەی نەبوو.. زۆرم ناخۆشی بینی باوکم خێر نەیەتە ڕێگەی.. چارەی پیاوم ناوێ.. پیاو هەر خەریکی (سێکسن).. کەسیان ڕاست ناکەن، بەخوا ئەوەنەیان درۆ لەگەڵ کردوم باوەڕم بەکەس نەماوە.

پ/ چەنێك دوای ماڵی (ش) لەسەر جادە بووی؟

زۆر ڕۆژێکیان ئیشم دەست کەوت لای دکتۆرێك وەك فەڕاش لەعیادەکەی، زۆر دڵم خۆش بوو، بەس بۆم باس نەکرد کەشوێنم نیە لێی بخەوم.. چاوەڕێم دەکرد تا هەموو دەڕۆشتن ئینجا بۆ خۆم لەو بەر دەرگای عیادەیا دەخەوتم.. سێ چوار شەو ئاوا بەردەوام بووم، من چوزانم شەوان سەرخۆش و شتی وا خەڵکی تر کوڕو پیاو جێگەی خەویان نیەو شەوان پیاوانیش هەن لەسەر جادە دەخەون! وەڵڵا شەوێکیان لەشیرینخەوا بووم عیادەکە لەسەرەوە بوو خەوتبووم دوو پیاوی سەر خۆش کەوتنە گیانم.. بۆگەنی سەگی تۆپیویان لێ ئەهات منیش قیژانم ئەوانیش پەلاماریان ئەدام وەڵڵا دوو حەرەسی سەر جادەکە بەسیلاحەوە هاتن پیاوەکانیان ڕاونا، منیشیان دەرکرد زۆر گریام یەکێکیان وتی وازی لێ بێنە ئەوی تریان هەر تفی لێ دەکردم و دەی وت: "ڕووی کەس و کارت ڕەش بێ بەرەڵای سەر جادەیا ن کردوی.. بۆیە کچ هەر بیکوژن باشە.. بەخوا کچ بەس بۆ مردن باشە.. ئافرەت سەگ بێ و (بێ ئەخلاق) نەبێ".. ئەوی تریان وتی: "وازی لێ بێنە"، ئیتر من نەمزانی بەیانی بەدکتۆرەکەیان وتبوو.. کە دکتۆرەکە هات بانگی کردم و (30) دیناری دامێ و وتی: "بڕۆ کەسم ناوێ"

پ/ دوای چەن خۆت دەستت کرد بەم کارە؟

دوای مانگێ تەقریبەن چونکە نەشوێن هەبوو لێی بخەوم نەماڵێ.. ئەچوومە مزگەوتی گەورە دەریان ئەکردم.. ئیتر ناچار خۆم بەخەڵکم ئەوت یان خەڵك سایەق تکسی و فیتەرو سایەق پاص و ئەمانە پێیان ئەوتم منیش ئەم وت باشە، ئەیان بردم بۆ جادەی

شەستیەکە یان پێش ڕاپەڕین (10) دیناریان ئەدامێ بەعزێ کەس (20 – 30)دینار (سویسری)، ئیتر منیش تێرنانم لێ دەخوارد جلم دەکڕیو هەندێ جار شتم دەکڕی و دەمبرد بۆ منالەکانم ئەچوومە مالێکی دراوسێمان شتەکانم دائەنا ئەیاندا بەمنالەکانم بەلأم ڕۆژێکیان خەسوومی لێ بوو خوا دەزانێ چۆن ڕامکرد ئەویش هەزار جنێوی پێدام.

ئیتر تائێستا خۆم لەسەر جادە دەخەوم و پارە پەیدا دەکەم، جارێکیشیان چووم بۆ ئێران لەوێ بووم بە فلیم لە یەکم سیارەوە کە سواری بووم تا تاران سەد کەس (سێکسی لەگەڵدا کردم) کەسیش پارەی نە ئەیا وەیان ئەزانی جێبی کەلارم، هەر لە (....سوار ئە بوون). ئیتر گەڕامەوە لەپێنجوێن گیرام، هەتا هێنامیانەوە بۆ سلێمانی چوار پۆلیس ئەم ئەیام بەو ئەو ئەیام بەم بەحساب ئەم هێنن بۆ سجن تا گە شتین.. ئیتر کەسیان نەما (سێکسم لەگەڵدا بکات) بەریان دام منیش لەداخی خواو باوکم و پیاو و براکانم و هەموو کەس و کار ئەبێ هەر (لەشفرۆشی بکەم) ((دەست دەکات بە کفر کردن))، گەر خوا هەبوایە هەقی منی دەسەند.

پ/ ئەم جارە چۆن گیرای؟

شوێن نەبوو لێی بخەوم لەباخی گشتی دەخەوتم کوڕێکم ناسی وتی: "وەرە دەوبەمە مەکتەبێ خالم فەڕاشە لەوێ وتویەتی بابێ لەوێ بخەوێ"..چمەس خالیشی لەو خەتە ئیش دەکات (دەلاڵە)، منیش خوا خوام بوو شوێنێ بدۆزمەوە لێی بخەوم، من ڕاستە (لەشفرۆشم)، بەلأم حەز ناکەم ڕۆژی لەگەڵ سەد کەس.. بەشی نانەکەم بەسە وزۆر ڕقم لەشەوە باشەو هیچ نەبێ ئیسرا حەت بکەم، ئەو پیاوە کەرە شەوی (سێ جار سێکسی لەگەڵ دەکردم) سێ کەسیشی بۆ دەهێنام بشم وتایە ناتوانم، دەیوت: "لەسەر جادە پۆلیس دەتگرن"، ڕاستیشی دەکرد پۆلیس بەشەو لەسەر جادە ژنیان دەگرت خۆیان تا دەیان بردمە مەرکەزەکە (تێر سێکسیان لەگەڵ دەکردم)، ئەوانەی مەرکەزەکەش (تێر سێکسیان لەگەڵ دەکردم)، ئینجا سێ چوار مانگ لەسجن دادەڕزێی، یەك پۆلیس جگەرەیەکت ناداتێ، بێ ئەوەی (سێکست لەگەڵ نەکات)، من باوەڕ ناکەم پیاو هەبێ بێ (سێکس) جوابت بداتەوە، بمرێت بڵێی جامێ ئاو دەڵێن بەشەرتی(سێکس)، شەوێکیان دوو کەسیان بۆ هێنابووم منیش زۆر توورە بووم وتم گوتان خوارد من بەڕۆژوو بووم دایم حەزم دەکرد بەڕۆژوو بم دەم وت بەشکم خوا ڕەحمم پێ بکات لەگوناهم خۆش بێ ئێستا

**لەداخا نە نوێژ دەکەم نە ڕۆژوو، کفریش دەکەم تا ڕزگارم دەبێت.. من بەڕۆژ بەیانیان سەعات (5) حەرەسەکە دەری دەکردم ئەی وت: "ئێستا حەرەسی تر یەت بڕۆ"، شەویش سەعات (7) دەچوومەوە مەکتەبەکە بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبووم و ئەو کاتە ڕەمەزانیش بوو بەڕاستی وتم شتی واناکەم تۆبەم کردوە. ئەو شەوە شەوی (لیلە القدر) بوو حەزم نەکرد شتی وابکەم، چەمەس (پاسەوانەکانی یەکێك لەماڵە بەرپرسەکانی شارەکە) ماوەیەکە دەبینن من لەو مەکتەبە دەخەوم و پیاوانیش دێن شکاتیان کردبوو لای ئاسایش، وەڵڵا کاتێکم زانی هاتن گرتمیان پیاوەکان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون منیش کەس نیە ببێ بەکەفیلم تائێستا والێرە شێت دەبم.**

**پ/ بەربی شتی وا دەکەی؟**

**کوڕە (گیانم هەلاهەلا بوو) بەس وەڵڵاهی شوێنێك هەبێ بژیم بۆ وا دەکەم، (هەرکەس) بخەنە جێگەی من (با گەورەترینو موحتەرەمترین ژنیش بێت واناکات؟)، من نەخێرم لەدایکم بینی نەلەباوك نەلە مێرد نە لەبرا چۆن شێت نابم... من وەعدت ئەدەمێ بم بەرە شوێنێ بژیم بزانە شتی وا دەکەم؟**

**پ/ جگە لە (ش)و (ف) نەچوویتە ماڵی هیچ دەلاڵێکی تر؟**

**با 5 کەس زیاتر لە ماڵی یەکێ بووین (10) ڕۆژ لەوێ بوومو بەپەلە ڕامکرد.. ماڵێ بوو لەکانی کوردە، تەکسیەك بردمی وتی ماڵێك هەیە بۆ تۆ زۆر باشن.. سەیرم کرد وەکو (ش دەلاڵ) ڕۆژی (10) پیاوی بۆ دەهێنام، باوەڕ بکە بەو دە ڕۆژە زیاتر لە 100 پیاوی بۆ هێنام نەمئەتوانی خۆم بشۆم ئەم وت میزم یەت ئەی وت: "ڕاوەستە"، ئینجا پەڕۆی کۆن هی بەرگە دۆشەکی ئەدڕیو ئەیوت: "هەڵی گرن کاتێك کە عادە هەبوو"، ئەو ئەشی بردم بۆ مالأن ڕۆژی سەد جار ئەی وت: "سوراو بکە سپیاو بکە (گیانت پاك بکەرەوە)".**

**پ/ چەن کەس بوون لەو ماڵە؟**

**( 5 ) کچی تری لێ بوو بەس نازانم کچ بوون یان ژن ئیتر ڕام کرد وتم من تەحەموول ناکەم خۆم لەسەر جادە ڕۆژی جارێ دوان ئیتر بۆ چیمە بەشی نان و حەمام پەیدا دەکەم بەسە ئەوان زۆر تەماع کارن زۆریش دەوڵەمەندنو مەسووڵی زۆر دێن بۆ ماڵەکانیان.**

**پ/ گەر تۆ خانوت هەبێ بیر ناکەیتەوە ئەو ئیشە بکەی وەك سەرۆك باند؟**

نەوەڵلاّ قەد واناکەم بەعزێ جار لەخەیاڵی خۆم دەڵێم خانووم هەبێ دەچم چی کچی نەگبەت هەیە لە مالأنە کۆیان دەکەمەوە و لای خۆم دەیانژێنم.

پ/ کچەکانی تر لەو مالأنە شتی زۆر ناخۆشیان باس نەدەکرد؟

با چۆن ئەیان وت: "وەك معمل دەبێ هەر پارە پەیدا بکەین، بەزۆر حەبی منع ئەبێ بخۆی، کاتی خۆشتن و ئیسراحەتت نیە، نابێ خۆت بچی بۆ بازاڕ، نابێ لەگەڵ هیچ پیاوێ قسە بکەی، بڵێی بەزۆر پێم دەکەن، نابێ سکت هەبێ، نابێ بیەڵیت پیاوەکان بزانن عاددەی، بۆت نیە مناقەشە بکەی بڵێی نا، دەبێ هەر کە وتی بڕۆ ژوور بچی، وتی (جلەکانت داکەنە دەبێت دایکەنین) یان باوەجوو، لەماڵی دەڵاڵەکان فریای ناکەویت (جلەکانمان لەبەربکەین).

سوپاس خواحافیز

جاباشە تۆ چیم بۆ دەکەی؟

ـ چاوپێکەوتنی دوەم ـ

پ/ بەڕای تۆ ئەو کەسانە زیاتر کێن کە کڕیارن؟

وەڵلاّ زۆر کەس خەریکە بەلأم زیاتر پیاوە مسەقەفەکان.

پ/ چۆن دەزانی مسەقەفەن (ڕۆشنبیرن)؟

دیارە هەموویان بەجلەکانیانا، سەیارە، قسەکانیان، یان زیاتر موسەقەفن و مەسولن.

پ/ چوزانی مەسئوولن (بەرپرسن)؟

ئێ دوو..سێ سەیارە حمایە بەشوێنیانەوەن، چۆن نازانم خۆ ئەوەنەش کەر نیم یان تۆش بە شێتم دەزانی؟ ئینجا (دەڵاڵەکان) دایم دەیانوت: "ئەمڕۆ فلأن مەسوول دێ دەبێ باش ڕازی بکەن"، یەکێ ئەهات حاکم بوو، چونکە (ف) دەیوت: "کاك حاکم" ئەویش (دەڵاڵ) بوو، ئینجا کەم کەس کاسبکار ئەهات، وەك: فیتەرو سایەق و زیاتر موزەف بوون یان پۆلیس و ئاسایش بوون.

پ/ باشە زیاتر چیان دەویست یان فەرق هەبوو لەنێوان مسول و خەڵکی تر یان عشایەر؟

ئەی چۆن دایم مەسوولەکان حەزیان دەکرد لەماڵی (ف) کچە مناڵەکە بەرنە ژوورەوە، دەشیان وت: "کچی مناڵمان بۆ بێنە" یان لە ماڵی (دەڵاڵەکان)ی تریش، بەلأم

کاسبکارەکان دەیان وت: "بەس سپی و قەڵەوبێ"، دەستیان (لێ ئەیا)، وەیان ئەزانی مانگا ئەکرن.. بەس نازانم مسەقەفەکان نازانم چیان دەوت.

پ/ باشە جاران لە سالی 93 و 94 هەروەکو ئێستا بوو لە شفرۆشی؟

نەوەڵلاَ.. ئەوسا کەمتر خەڵك ئەی کرد ئەوسا لە ماڵی (ش) بووم ڕۆژی (10) پیاو ئەهاتن ئێستا بچۆ بۆماڵی (دەلاَڵەکان) ڕۆژی 50 پیاو یەن ئێستا دەوڵە مەندیشن جاران وانەبوو! ئنجا جاران مەگەر یەکێ وەك من خوا قوڕی بایە بەسەریا بەس ئێستا مۆدەیەتی. ئیشەڵلاَ بائەمریکا عێراق بگرێ ئەوسا کەسیش ناگرن لەسەری.

پ/ حەز ئەکەی ئەمریکا بیگرێ؟

زۆر بەشکم بچم بۆ ئەمریکا ئنجا لای ئەوان ئەمە حوکمو شتی وای لەسەر نییە.

پ/ چوزانی؟

من وا 11 و 12 ساڵە لەسەر جادەم ڕۆژی لە گەڵ بیست کەسیش بم، ئەوا بۆ خۆم فێری شت دەبم.

پ/ جاران پارە یان زۆرتر ئەدا یان ئێستا؟

ئیستا چونکە (یەك جار سێکس) بە 100 یان 150 دینارە (بە پارەی سویسری)، بۆ شەو بڕۆین ئەوا زۆرترمان ئەیەنێ من پارە زۆر ناکەم بەس هی تر.

پ/ بۆ چی تۆ ئێستاپارەی زۆر ناکەی؟

ئەی ئەوەندە (ئەم دەس و دەسم کردوە نرخەکەم شکاوە، بە تایبەت ئارەزووی جەستەی من ناکەن) ((..... خۆی پێکەنی))

پ/ زیاتر کێیان بەدڵە؟

کچی گەنجو شتی وا.

پ/ خۆتۆ پیرنیت؟

ئێ ڕۆڵە ناڵێم (لەشم تێك چوە گەر شتی تریان بۆ بکەم دەیانەوێت و پارەیش زۆر دەدەن).

پ/ ڕازیت شتی تریان بۆ بکەیت؟ (وەك خۆی دەیوت)

(ئەی جا چیە کەمن شتێکم دۆڕاند، هەموویشی بدۆڕێنم هەر هەمان شتە)

پ/ لەوکاتانەدا ئازارت زۆرە؟

**ئەی چۆن لە پێشا زۆر ئازارم هەبوو بەس ئێستا بە خەیاڵمدا نایەت، سیوام هاتۆتەوە.**

**پ/ بەس ئەوەی ئێستا دەیکەیت خراپ نییە؟**

**بۆ خراپە ... ئەوە کەگیرام کەرێك بردمی بۆ فەحس ئەوەنە کەربوو دوای فەحسەکە وتی: "عەیبی نییە"، لە دڵی خۆما وتم دەك ڕوو ڕەش بی، (من دەڵێم سەد تۆ بڵێ هەزار کەسی دیوە) تازە ئەڵێ عەیبی نیە، ئەترسم لەو دنیاش وەك ئەمان فەحسم بکەن، شتەکان ئەگەڕوابێ یەعنی شەق ناخۆم، بەخوا من ئەوەنەم لێیان خواردوە بڕوا ناکەم لەو دنیا لێیان بخۆم.**

**پ/ بۆ ئەوەندە کفر ئەکەی؟**

**لە داخی باوکم ناش مرێ بچم تێر تفی تێکەم هەر لەماڵیشەوەیە شەوو ڕۆژ خەریکی (سێکسە)، ئەو ژنە داماوەی کوشتوە، ئەویش هیچ نازانێ.**

**پ/ کڕیار زیاتر گەنجن یان پیر؟**

**جاران گەنج زۆر نە ئەهات.. ئێستا یەن و زیاتر مەسئولەکانن.**

**پ/ داواکارەکان هەرچیەکیان بوێت بۆیان دەکەن؟**

**گویان خوارد، هیواهەیە ساڵێکە گەڕ بوە خۆی نەشتوە.**

**پ/ ئەی چۆن ڕازیان دەکەن؟**

**ئەزانی چی لەماڵی دەلاڵەکان، ناتوانین بەهیچ شتێ بڵێین نا هەرچیەکیان داواکرد دەبێت ڕازیبین، بەس کەخۆمان بین وانیە.**

**پ/ گەنجەکان زیاتر ئەزێتان ئەدان یان پیرەکان؟**

**پیرە سە گبابەکان بەس ئەوەبوو شتیان زۆر نەدەویست، هەر (سێکسەکە بکەن و بڕون) بەس نازانن بیکەن، ئێستا کەرەکەی باوکی من چی ئەزانێ؟ ئەوانیش وان... خۆبەوەنیە مەسولن و موسەقەفن.**

**پ/ شتێکی خۆشم بۆ باسکە لە ژیانت ؟**

**بەخوا بەمن ئە لێن شێت بەس تۆ شێتیت.**

**پ/ بۆ؟**

**من دوو ڕۆژە هەقایەتی مێشت بۆ ئەکەم یان کەربووی، تۆشم لێ بووی بە (ڕێکخراوەکەی باسمانکرد) من 10 ساڵە پیاوی جۆراو جۆر (دەبینم) بەشەوو بەڕۆژ نازانم مناڵەکانم**

**کوان، ئەوە باوکمە، ئەوەمێردەکەم بوو، دایکیشم قەبری لەئێرانە، ئیتر ڕۆژی خۆشی چی؟ دادەگیان بەخوا وابزانم تۆشم تێك یا بەخۆمەوە؟ وەنیە؟**

**پ/ باش ڕۆژێك کەلە هەموی ناخۆشتر بووبیٚ؟**

**(کە کچەکەم داوای جبسی کردو مێردەکەم بەو شێوەیەی سەرەوە جوابی دایەوە)..**

**((ئەمجارەیان زۆر گریا نزیکەی 10 خولەك گریا)).**

**پ/ بەربی بە تەمای چیت؟**

**لەگەڵ ئەو کوڕەیا ئەرۆم وەعدی پیٚ یاوم بچین بۆ تورکیا.**

**پ/ ئەو نێر بازە تۆ چۆن بڕوای پیٚ دەکەی؟**

**جا خۆمن لەو شەریفتر نیم ڕەنگە ئەو بە قەد من (سێکسی لەگەڵ نەکرابێت)، ئەی چی بکەم هەر لەسەر جادەبم؟ تۆ نەژیاوی لەسەر جادە بەخوا شەوی زستان لەسەرمانا لەو بەرچاخانانە تابەیانی گریاوم دەستم لەسەرما سڕدەبوو ... یاخوا باوکم ببینم 20 ساڵ پیسی بکاتە زێر خۆی.**

**پ/ زۆرت ڕق لەباوکتە؟**

**بەس بمتوانیایە بەزۆر یەك پیاوی بۆ بەرم بڵێم ئادەی تەعدای لێبکە ئینجا بمزانیایە چی دەکات، ئەو ئەگەر باوك بوایە من (بۆ توشی ئەم بەزمە دەبووم) بەخوا هەر ڕۆژێکم مابیٚ ئەبیٚ فیشەکێکی پێوە نێم ئنجا ئەچم ئەڵێم کوشتم.**

**پ/ یەکیٚ وەك تۆ نەبوایە چۆن دەڵاڵەکان دەستیان دەکەوت؟**

**زۆرتر ئەچوون بۆ ساڵۆنەکان، یان لەحەفلە هەڵیان ئەخڵەتاندن، من دایم کەئەهاتن ئەموت ئێوە بۆ ئەوەنە کەرن مادامماڵتان هەیە یان مێردتان هەیە بۆ وادەکەن، بەس دیاربوو خۆیان حەزیان دەکرد.**

**پ/ زیاتر بۆ پارە بوو؟**

**ئا ئەوسا بایەعی نەبو شت زۆر گران بوو لەماڵی (دەلاڵێك) بووم پیاوێك هات وتی: "بەرمیلێك نەوت ئەهێنم بۆت بەس کچێکم بۆ بهێنە ماڵ بۆ سیٚ ڕۆژ". ئیتر ڕۆی.. لەساڵۆن بوو.. نازانم لەحەفلە بوو.. لەکویٚ دوای دوو.. سیٚ ڕۆژ کچەکەی پەیاکردو بردیشی نیوەی نەوتەکە بۆ کچەکە بوو نیوەی بۆ (دەلاڵەکە).**

**پ/ حەزت لە کام ڕەنگە؟**

**رەش  هەتا ئەمرم رەش لە بەر ئەکەم**

**((پاش سە ردانی باوکی ئەم کچە و براکانی  سەرجەم شتەکان ڕاست بوون!))**

**لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە (م)  بێتاوانە و بێدەسەڵاتە لەتوش بوونی بەلەشفرۆشی هەروەها  بێدەرەتانە گەر بیەوێت رزگاری ببێت لەلەشفرۆشی .. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان بەرامبەر ئەم کێشەیە ئایا  چەند کەسی تر هەیە وەك  (م)  لەم رەوشەدا دەژی ؟ ئایا کێ دەتوانێت لەم ژینگەیە قورتاریان بکات ؟ لەماوەی دەساڵدا  ئەوتاوانەسەرەکیانەی  بەرامبەر (م) کراون بریتیبوون لەمانەی لای خوارەوە:**

| # | تاوان | تاوانکاران |
|---|---|---|
| 1 | بەزۆربەشودان | باوك |
| 2 | ئیغتصاب | پۆلیس ، سەرخۆشەکان ، |
| 3 | سوکایەتی پێکردن | کۆمەڵگا ،پیاوانی ئاینی ، ژن ، پیاوان |
| 4 | کۆیلایەتی جنسی | سەرۆك باندەکان ، ئەوانەی شوێنیان بۆئەدۆزیەوە |
| 5 | بەزۆربەکارهێنانی بۆلەشفرۆشی | خەسوی ، مێردەکەی |
| 6 | لێسەندنەوەی هەردوومنداڵەکەی | ماڵە خەزورانی |
| 7 | بێهیواکردن | یەکێك لەرێکخراوەکانی رەگەزی مێینە |
| 8 | ناچارکردنی بەخۆسوتاندن | باوکی ، ماڵی خەزوری ،دامەزراوە پەیوەندیدارەکان |



**بەسەرهاتەکانی دوەم**

**ناو:** **س. أ. ب**

**تەمەن:** **18 ساڵ**

**دانیشتوی:** **شاری هەولێر**

**تەمەنی لەشفرۆشی:** **6 ساڵ**

**ئاستی خوێندەواری:** **نەخوێندەوار**

**ڕێگای فێربوون:** **بەمنداڵی دۆزراوەتەوەو هەر بۆ ئەو مەبەستەش خێزانەکە بەخێویانکردوە کە دواجار کاری لەشفرۆشی پێ بکەن.**

**پ/ خەڵکی کوێی؟**

**منیان لەهەولێر هەڵگرتۆتەوە لەوی بەخێوکراوم.**

**پ/ کی پێی وتی؟**

**دایکم و باوکم و هەموو وتیان: "کە فرۆشتیانم ئیتر پێیان وتم ئەها هەمو دە ستم داخە زۆر خراپ بوو"**

**پ/ دەتوانی باسی خۆتم بۆ بکەی چۆن فرۆشرای؟**

**بەسەر چاو بەس نازانم لە کوێوە دەست پی بکەم و چی بڵێم؟**

**پ/ خۆت چۆن توش بوویت؟ چیت بەسەر هاتوە؟ چی بوە؟ کەی دەستت پێکردوە؟**

**من یەکەم جار باوکم و براکانم فرۆشتیانم چونکە دایك و باوکی خۆم نە بوو بۆیە وایان لی کردم!**

**پ/ چیان لی کردی؟**

**بەشێوەیکی گشتی ئەم کچە کەسێتیەکی ناجێگیری هەبوو، چونکە ئەم کچە زۆربەی کات لەخۆی دەداو هەڵچوونی نائاسایی هەبوو. ئەوەی کەزۆر بەئاشکرا پێوەی دیاربوو زۆر زۆر پێویستی بەسۆز هەبوو، بەنمونە هەر پیاوێك سۆزێکی پێبدایە، گرنگ نەبوو تەمەنی چەندە، یان چ کارەیە یان لەکوێدایە، بەڵکو (س) ڕاستەوخۆ باوەڕی پێدەکرد.**

**ئەم کچە تاکە شتێك کەبەلایەوە گرنگ بوو بریتی بوو لەخۆشەویستی نەك سێکس، چونکە زۆرجار لەگرتووخانە دەخرایە مەحجەرەوە لەسەر ئاڵوگۆڕی نامە لەگەڵ سجنی پیاواندا، بەڵام کاتێك پێمان دەوت: ئەو پیاوانە تۆیان بەتەنیا بۆ سێکس دەوێت، کەچی ئەو هیچ باوەڕی بەم ڕاستیە نەبوو، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەکەوتە داوی خۆشەویستیان و ئەوانیش دەستیان دەبڕی.**

مــن زۆر بچــوك بــووم هێشــتا خــوێنم نـەدیتبوو داکم زۆر خـراپ بـوو لەگـەڵما بــەڵام بــاوکم باشــتر بــوو برایەکانیشــم خراپ بوون لەگەڵما ئەوان منیان برد بۆ موسـڵ فرۆشـتیانم بـەس پـێش ئـەوەی بمبەن بۆ موسڵ برایـەکانم یەکەمەکـەیان هاتە کنمو تەعەدای لێکردم.

پ/ چۆن؟ بۆم باس بکە..

مــن منــداڵتر بــووم لەئێســتا ڕۆژێکیــان دایکـم لـەماڵ نـەبوو یـەك دنیـا جلـكو شـتیان بـۆ دانـا بـووم بیشـۆم بـرا یەکـەم وتــی: "(س) هەســتە وەرە کــارم پێتــە" ئــەمنیش نــەمزانی.. وتم چــیت دەوی وتــی: "وەرە کــارم پێتــە".. ئــەمنیش نـەمزانی کـاری چـی ڕۆیشـتم چـومە ژور کەچی یەکسـەر وتـی: "خـۆت ڕووت بکە حــەزم لێتــە"، ئــەمنیش وتم گــوی بخــۆ بێناموس چی دەڵێی؟ وتـی: "چـەنەبازی بـیٚ ئـەخلاق بامسـتیٚ نەکوتمـە دەمـت"، وای گوتـو خێـرا خـۆی هاویشـتە سـەرم ئەمنیش فیزاحم کردو قیژانم هاوارم زۆر کـرد، کەچـی هـەر سـوودی نـەبوو هاتـە کــــنمو (پیســــیکردم) ئــــەمن ئەوســــا نەمدەزانی (پیسی پیاو) چیە؟ بەس دوایی زانیم ئەوە چیە؟

پ/ دوایی؟

شایەنی باسە (س) زۆر ئارەزووی دەکرد کە فێری نووسین ببێتو بەتایبەت وشەی دایك بنووسێت.. فڕین یەکێك بوو لەخەونە هەرە خۆشەکانی (س)و هەمیشە دەیوت: "ئێمەی ئەوانەی مادەی سیٚو چواری بەغائین" دەفڕین، دەهاتوو ماسیحەی گرتووخانەی دەهێناو بەوانی تری دەوت نایەن سەرکەون، ئەوا ئێستا دەفڕین.. لەڕاستیدا ئەم کچە بەهیچ شێوەیەك نزیك نەدەبوەوە لەوانەی کەلەسەر مادەیەکی یاسایی ئاسایی گیرابوون، بەڵکو بەتەنیا لەوانە نزیك دەبوەوە کە لەسەر مادەی سیٚو چواری بەغا ءگیراونو قسەی لەگەڵدا دەکردنو دەیوت پێکەوە هەموومان دەفڕین.

فڕێدرانی لەمنداڵیدا کاریگەریەکی گەورەی لەسەر (س) درووستکردبوو، یەکەمین پرسیار کە (س) ئاراستەی ژنە دووگیانەکانی گرتووخانەی دەکرد، پێی دەوتن: "تو ئەو خوایە ئەگەر منداڵەکەت بوو، بەخێوی دەکەیت یان نا؟؟"

توشی بارێکی نائاسایی بووبوو سەبارەت بەپەیوەندی نێوان منداڵو دایك.. هەرکاتێك کەسێك هەبووبێت باسی لەبراو خوشكو دایكو باوكو خزمە نزیکەکانی بکردایە، ئەم کچە تەواو ڕەنگی دەموچاوی دەگۆڕاو وەك ئەوەی بڵێیت هەواڵێکی زۆر سەیریو ناخۆشی بیستبێت.

ئیٚ دوایی من هەر هاوارم کرد سوودی نەبوو تابەخۆی (تەواوکرد) پاشی وتی، بە منی وت: "هەستە خۆت لەبەربکە"، ئەمنیش دەگریام هیچم نەدەزانی.. کەچی لەژور نەهاتمەدەر، تادایکم هاتەوە ئیتر کەدایکم هاتەوە یەکسەر بەگریان وتم بەدایکم! ئەو لەمن تورە بوو، وتی: "گوی بخۆ بێشەرەف تۆ درۆ دەکەی بوختان بۆ برای خۆت مەکە، لەکن کەس قسەی وانەکەی دەنا زمانت دەبڕم ئابڕومان دەچێت". ئیتر زۆر خەفەتم دەخوارد نەمدەزانی بەکیٚ بڵێم؟ وەچی بڵێم؟ کچە پلکێکم هەبوو، بۆیم باس کرد وەڵلاٚ ئەویش ڕاست بەدایکی خۆی گوتبوو، پاشی دووهەفتە شتێکی وابوو، بیرم بیٚ، وەڵلاٚ پلکم هاتە ماڵمان‌و وتی بە دایکم: "من کارم پێتە بەتەنی"، ئیتر منیش نەمزانی بۆ ئەو مەسەلەیەی منە تاپلکم ڕۆی ((....... هەناسە یەکی قوڵی هەڵکێشا)).

من دایکم زۆر خراپ بوو لەگەڵما شەوو ڕۆژ لێیئەدام، لەسەر عەرزێکی ڕووت دەیان خەواندم وەڵلاٚ ئەو ڕۆژە یەکسەر دایکم هات‌و یەك مستی بەپشتمدا داو.. قژی ڕاکێشام‌و وتی: "ئەی (بیٚ ئەخلاق)، من نەمگوت تۆحەیامان دەبەی؟ دەبیٚ هەرئەوڕۆ لەهەقت بێم بێناموس.. تۆ بۆ مردن باشی دەبیٚ سی فیشەك لەناو دەمت نێم هەر دەبی بتکوژم.. بابرا یەکەت بێتەوە، بزانە لەخوێنی خۆت نات گەوزێنم؟ (بیٚ ئەخلاق)".

کاتێك لەبەشی یەکەمدا باسمان لەکاریگەری لەشفرۆشی کرد لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ‌و بارودۆخی کۆمەڵایەتی‌و دەرونی، هەروەها بەپێی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکەمان دەڵێین لەیەکەم پرسیارەوە لە (س) پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دەست پێدەکات، کاتێك دەڵێت تەمەنم 18 ساڵەو شەش ساڵە لەشفرۆشیم پێوە دەکەن.. یان کاتێك دەڵێت بەمنداڵی دۆزراومەتەوەو بۆئەو مەبەستە بەخێو کراوم !

کاتێك سێکس فرۆشی، دەلاڵی کردن بەسێکسەوە، دەبێتە پیشە یان کاتێك مرۆڤێك ڕۆژانە چەند کاژێرێك بەدیار پۆرنۆگرافیاوە دادەنیشێت، ئەوا هەرکەس دەبینێت یان بەکالاٚ یەکی سێکسی یان بەکریارێکی سێکس دەیان داتە قەڵەم هەربۆیە کاتێك بەناو باوکی (س) دەڵێت :" ئێمە تۆمان بۆئەم مەبەستە بەخێو کردوە " ! ئەوا دەردەکەوێت کەماوەی 12 ساڵە بیرکردنەوەو تێروانینی خێزانێك لەسەر منداڵێك تەنها ساغکردنەوەی کالاٚیەکی سێکسی بوە. بەم جۆرەش مرۆڤێك کەهێشتا فێری قسەنەبوە یان ناتوانێت تەنانەت بۆ خواردنیش پشت ببەستیٚ بەخۆی، ئەوا بازرگانەکانی مرۆڤ بەکالاٚیەکی سێکسی زیاتر بەهیچ شتێکی ترنایبیننەوەو هەموو بەها مرۆیەکانیش فەرامۆش دەکەن.

ئیتر منیش گریام گوتم چیم کردوه من شتی ڕاستم وتوه.. بەس بێفایدە بوو هەتا ئێواری ئەو دایکە جنێوی پێدامو فیزاحی کردە سەرمو گوتی: "(بێ ئەخلاق) دەبی وابکەم تا وابچی" وەڵڵا ئێوارە ئەوان: باوکمو برایەکەم هاتنەوە لەئیش، یەکسەر دایکم بردنی بۆ غورفەی دانیشتن من لەمویەقەکە بووم! نانم تەڕ دەکرد ئیتر نانەکە بەدەستم بوو ویستم بچمە ژور، گوتیان: "بچۆ دەر جاریٚ سفرەو شتی وا مەهێنە"، ئەمنیش زۆر ترسام گوتم: بە خوای ئەوانە تەکبیر دەکەن من بکوژن، سەد جار ئەو پارچە نانەم بڵند کردو گوتم خوایە نەمکوژن.. ئەمن ئەوە هەر دەپاڕێمەوەو دڵم توندبوە.. وەختە دەمرم کەچی ئەوانیش هیچ باکیان لێنیەوە هەر دەڵێی هیچ نەبوە.. پاشی سەعاتی زیاترمان لە ژور.. ئنجا بانگیان کردمو گوتیان: "گویٚ بگرە سبەی تۆ ئەدەینە شوو بەکابرایەك خەڵکی موسڵە، تۆ ئابڕووت بردووین تازە نابیٚ لێرە بمێنی!" ئەمنیش دەترسامو نەم دەوێرا هیچ بڵێم.. هەر بڕوام نەبوو ئەوان ڕاست بکەن.. وتم ئەوە دەمبەن سبەی دەمکوژنو سەرونگومم دەکەن، من دەخڵەتێنن دەنا بۆ چی باسی شوو شتیوا

لەماڵێکدا کەبەها مرۆییەکان تێیدا لاوازە، بەو پێوانەیەی کچێك لەساواییەوە هەڵدەگیرێتەوە بۆئەوەی لەداهاتوودا بفرۆشرێت بەبازاڕەکانی سێکس، سەرەڕای ئەوەکەئەم دیاردەیە بەپێی پێوانەکانی ئەخلاق لەکۆمەڵگای کوردیدا کارێکی بەدڕەوشتانەیە بەلاٌم هێشتا بەبیانوی ناموس پەرستی دایکی (س) هەڕەشەدەکاتو دەڵێت: " ناموست بردووینو دەبێت سی فیشەك لەناو دەمت نێم "، قورسترین توندوتیژی سێکسی ئیغتصابە لەلایەن ئەو کەسانەوە کەسێکس لەگەڵیاندا تابوە وەك باوكو براو مامو خاڵو... تاد، ئەمەش بەتایبەت لەکۆمەڵگایەکدا کەئاینی ئیسلام تیایدا ئاینی سەرەکی بێتوزۆر بەتایبەتریش لەکۆمەڵگای کوردیدا. بۆیە کاتێك براکەی (س) ئیغتصاب دەکات (س) سەرجەم بەها کۆمەلاٌیەتییەکانی لەلاپوچەڵ دەبێتەوەو توشی قەیرانێکی دەروونی گەورە دەبێت چونکە 12 ساڵە بەبرای خۆی دەزانێت. لەلایەکی ترەوە هەڕەشەی کوشتنی ئەو شەوە تابەیانی هیچی جیاواز نییە لەگەڵ مانەوەلەژووری لەسێدارەداندا، چونکە (س) بەهیچ کلۆجێك باوەڕی نیە کەبۆ بەیانی نای کوژن.

گەر تێبینی ئەم کێشەیەو بەرز کردنەوەی نانەکە بکەین کەدوا هەناسەیە کچێکی نەخوێندەوارپەنای بۆدەباتو ئاماژەیە بۆ ئەو توندوتیژیەی کەبەئەندازەیەکی بەرز بەرامبەر (س) کراوەو ناچاری کردوە ببێتە کۆیلەیەکی بازارەکانی سێکس.

نەبوەو لەپڕ كوو ئەو زاوایە دۆزرایتەوە؟ ئیتر دەستم كردە گریان هەمو قەلبم دەلەرزی نەمدەوێرا هیچ قسان بكەم تا باوكم گوتی: "چیە گوێت لێی نیە كەری؟"، گوتم: من نازانم بەس ئەو كوڕە خزمی هەنگۆیە؟ یان چی؟ ئەمنی دیتوە؟ دایكم گوتی: "تۆبزانە چەن زمانی درێژە تۆ دەبی زۆر شكوربی سی فیشەكم لەناو دەمت نەنا.. ئیتر قسان مەكە، سبەی ئەوان دەتبەن بۆلای ئەو پیاوە تۆ شوی پێدەكەی چیتر قسان مەكە بڕۆ شیوەكە بێنە بیخۆین."

ئەمنیش هەستام تۆزێك بڕوام كرد، بەس تابەیانی هەر دەمگوت درۆیە ئەوانە تەكبیریان كردوە بم كوژن دەنا چۆن شوكردن وادەبی؟ ئەمن مندالْ بووم بەس كچە پلكو شتەكانم دیتبوو چۆن شوویان كردوە و بردویانن بە بووكی.. وەلْلاْ سبەی سعات شەش هاتن گوتیان: "یەلْلاْ هەستە".. ئەمن لەترسان وەختابوو زیڕە بكەم گوتم دایە ئەدی جلكو شتەكانم؟ گوتی: "ئەو پیاوە لەبۆت دەكڕی خەمت نەبی ژیانت زۆر خۆش دەبی عالەم حەسودیت پیْ دەبا"، ئیْ منیش بڕوام نەدەكردو تێنەدەگەشیتم لەو كەینوبەینەی.. چیەو چ نیە گوتم بابە ئەو پیاوە لەمن تێدەگات؟ ئەمن عەربی نازانم.. برایەكەم لەناو سیارا بووین، گوتی: "مەگەر تۆ كوێربووی دەنا ئەو كوڕە چەند هاتوە كن مالْمان و كوردە، بەس لەموسلْی دەژی". ئەمنیش هەر نەهاتەوە خەیالْم، چونكە بابم دووكانی ئەشیای كارەبای هەبوو دایمە خەلْك دەهاتە كنی و دەیان گوت: "مشتەری دووكانە" و لەهەولێری بەڕاستی وەكی ئێرەنیە، زەلام لەگەلْ ژن دانانیشی جودان بۆ میوانیش هەتا خزمی خۆت بن. ئەمنیش چوزانم مالْی باوكم ئەوە كاریان بوە، چونكە من دوایی لەمالْی (دەلاْلْەكە) پێیان گوتم، گوتیان: "بابت و براكانت و هەموو ئەوە كاریانەو هەر بەوەژیاون".

پ/ چیتر بۆم باسكە؟

دوایی ڕۆشتین تاگەشتینە موسلْ، ئەمن ئەوە هەر دەترسم و نازانم چی دەبی؟ وەلْلاْ گەشتین بابم تەكسی گرت. چوین بۆ فندق ئەمنیان لەویْ دانا هەتا سیْ ڕۆژ لەو سیْ رۆژە هەریەكەمین ئێوارە دیتم بابم چوە دەر، دیسان برایەكەم هاتەوە كنم و هەر پێشی دەگوتم: "خۆشە دەستی هاویشتبوە گیانم"، زوو زوو دەی گوت: "خۆشە"، وەلْلاْ بۆ خۆشی خەریك دەبوو.. ئەمن گریام، گوتم: بۆ والەمن دەكەن ئێوە برای منن گوناحتان دەگاتی، وەلْلاْ خوا قبولْ ناكات، برایەكەم گوتی: "كچە تۆ زۆر بیْ ئەقلْی، تۆ خوشكی ئێمەنیت تۆ

لەمنداڵی لەکن دیوار دیتمانیتەوەو بەخێر بەخێومان کردی تۆ منداڵی زۆڵ بووی دایك‌و بابی خۆت نین!"، ئەمنیش بڕوام نەکرد، زۆر گریام کەچی ئەو چوە دەر بینیم خاڵم هات برای دایکم، ئەمن سەرم سوڕما ئەو لەهەولێری چۆن هاتە موسڵ و کوو وا یەکیان گرتەوە! وەڵلاً دڵم خۆش بوو ئێستا لەسەر من دەکاتەوە، کەچی لەپێش چاوی برایەکەم گوتی: "کوا جلەکانتم بۆ داکەنە خۆت ڕووت کە". ئەمن حەپەسابووم! بەو قورعانەی شێت بووم نەمدەزانی ئەوانە چن!؟

وەڵلاً گوتی: "ئەوە من لەگەڵ تۆم نیە کچە دەی بڕۆ سەر ئەو تەختەو خۆت ڕووتکە"، ئەمنیش گوتم: ئێوە بۆوا لەمن دەکەن؟. ئێستا فیزاح دەکەم خاوەن فندقەکە بێت.. ڕامکردە حەمامەکە قاپیم داخست.. خاڵم یەك لەقەی پێدا گوتی: "دەیشکێنم دەت کوژم خێرا بیکەوە نەم وێرا وەڵلاً بەر لەقەیدا، کردیەوە بە قژڕایکێشام‌و هەندی لێیدام هەر مەپرسە، ئنجا (لەگەڵیشم نووست)، گوتی: "تۆ زۆڵیت ئێمە بۆ (سێکس) تۆمان خزمەت کردوە، خۆ خۆڕاییە خوادەزانی دایکت چ (بێ ئەخلاقێك) بوە، بۆ خۆت لەو شەریفتر دەبی خۆدەبی تۆش سێ چوار منداڵ فرێدەی"، برایەکەم گوتی: "ئەوەی لەمشك بی جەواڵ ئەدڕی"

ئەمنیش تێر گریام ئەوەندەم لە

لاوازی پەروەردەی سێکسی لەکۆمەڵگای کوردیدا یەکیکە لەهۆکارەکان کەمامەڵەکردن لەگەڵ سێکسدا وەك ژیانی جەنگەڵستان بهێڵێتەوە، لەسەر ئەم مسەلەیە دووئاماژەی سادە دەڵێین.. یەکەم کاتێك هێزێکی ئیلاهی وەك ئاین یان میتۆلۆجیایەك نامێنێت‌و ڕاستەوخۆ براکەی (س) دەزانێت لەگەڵ (س) دا خوشك‌و برانین هەموو ڕقە جنسیەکانی خۆی بەشێوەیەکی ئاژەڵی پێدەڕێژێت.. دوەمیان کاتێك براکەی (س) یان خاڵی (س) لەئوتێلەکەی موسڵدا بەبێ ڕەزامەندی (س) سێکسی لەگەڵدا دەکەن وەهەرەشەی لێدەکەن کەبەدەلاڵەکان نەڵێت ئەوا بۆمان دەردەکەویت کۆمەڵگای پیاوسالاری لەکوردستاندا سەرەرای دەسەلاّتی ڕەهای خۆی بەسەر ڕەگەزی مێینەدا زۆر دواکەوتوانەش دەزانێت گڕوتینە سێکسیەکانی خۆی بەتاڵبکاتەوە ئەمەش دەرهاویشتەی نەبوونی هوشیاری سێکسیەو دەرهاویشتەی نەبوونی خۆشەویستییە بۆ ژیان بەڵکو لەکۆمەڵگایەکی ئاوا دواکەوتوودا ئاسایی دەبێتەوە ئەگەر کەسێك بۆساتەوەخت‌و دەمکاتەکانی لەزەتی خۆی بژی هەرئەوەشە وادەکات خەڵکانێك کە پیشەی سیاسەتیان هەڵبژاردوە بۆلەزەتێکی کاتی خۆیان گەورەترین مجازەفەبکەن‌و بچنە کەرکوك لەسەردەمی ڕوخاوی بەعسدا.

خۆدا ئەوەندەم لە خۆدا، وەك شێت قژم بەسەری خۆمەوە نەهێشت تاشلبووم، ئەوسا کەوتم لەسەر عەرزەکە وەڵڵا بابم هاتەوە بینیمی گوتی: "بڕۆ دەموچاوت بشۆ، خێرابە خەڵك دێ، ئنجا منیش گوتم: تۆ باوکمی ئەوان بۆ وادەڵێن، گوتی: "ڕاست دەکەن ئەمن لەکن دیواری خەستەخانە تۆم هەڵگرتۆتەوە!"، وەڵڵا هەر چاوەڕی بوون کەس نەهات هەرسێیان سەیری سعاتیان دەکردو دەیان گوت: "بۆ تەئخیر بوو نەهات.. دەبێ زوو نەجاتمان بێ سبەی دەڕۆین بۆ هەولێر".. ئنجا باوکم یەکەم جار کەهاتەوە بە برایەکەم و خاڵمی گوت: "خۆ نەتان کردە ژن؟" گوتیان: "نا....نا"، خاڵم گوتی: "سەر مۆرە خەمت نەبی هەر تۆزی (گەمەمان پێکرد)".. پێش دەکەنین، ئەمن شەرمم دەکرد یەك بە خۆم ئارەقم دەکرد ئێ ئەو شەوە کەس نەهات بۆ فندق ئەمنیش هەر نازانم چ دەبێ؟ و مەسەلە چیە؟ هەر دەشگریام.. بیرم لەو قسانە دەکردەوە کە گوتیان: "تۆ زۆڵی!!!"

پ/ تەمەنت چەن بوو؟

نازانم ئەو کاتە هێشتا خۆم نەناسی بوو وابزانم 13 ساڵ دەبووم کەفرۆشرام یامیان بەو ژنە لەموسڵ.

پ/ ناوی چی بوو؟

(س. م. ر)، ئیتر کەمنیان فرۆشت بەوماڵە مانگی جارێك باوکم دەهات حسابی لەگەڵیان دەکردوو دەڕۆی من بۆ خۆم تەنها مەسرەفیان دەکردم، مەگەر یەکێ خۆی خێری پێبکردمایە دەی گوت: "بەوان مەڵێ".

پ/ ئەو ژنەتان چۆن دەناسی؟

تجارەتیان دەکرد بەئافرەتەوە ئەوە ئیشیان بوو.

تاکە خەمی باوکەکە ئەوەبوە کە (س) نەبووبێتە ژن ئەمەش یەکێکی ترە لەئاماژەکان، چونکە ئەگەر کچێك پەردەی کچێنی مابێت ئەوا کاتی فرۆشتنی بەبازاڕەکان پارەیەکی زۆرتر دەکات.. هەروەك چۆن لەئاماژەی سەرۆك باندەکەی موسڵ و لەشفرۆشەکانی تردا دیارە ئەمەلەلایەك. لەلایەکی ترەوە کاتێك کڕیارەکان پارەیەکی زیاتر دەدەن بەکچێك کەپەردەی کچێنی مابێت ئەوەمان بۆدەسەلمێنێت کەپەردەی کچێنی کالآیەکی بەنرخە هەروەك چۆن بۆئەوانەی خۆیان بەخاوەنی مێینە دەزانن یان پەردەی کچێنی بەیەکێك لەناموسەکانی خۆیان دەزانن پارێزگاری لێ دەکەن. ئالەم پەیوەندەدا کاتێك پیاوێك پارەیەکی زۆر دەداتە کچێك کەپەردەی کچێنی مابێت کۆمەڵە هۆکارێکی لاشعوری کەلتوری لەپشتەوەیە کەدەبێتە هاندەر بۆزۆرێك لەوانەی کەدەسەڵاتیان لەبەر دەستدایە وەك ئەوکاریگەریانەی لەبەشی یەکەمدا باسمان کردوە سەبارەت بەبازرگانیو گەندەڵی کەسەرەنجامی لەشفرۆشی درووست دەبن.

**پ/ دوایی چیت بەسەرهات؟**

**ئەو شەوە کەس نەهات بۆ فندق پاشی سێ ڕۆژ، بەس کەهاتن لەگەڵ باوکم‌و برایەکەم‌و خاڵم بوو بەشەڕیان باوکم دەیگوت: "ئێمە سێ ڕۆژە پارەی فندق ئەدەین مەسرەفمان کردوە"، خاڵم دەیگوت: "ئیشمان جێهێشتوە"، ئەوانیش دە یانگوت: "ئێمە هەقمان نیە حسابمان پێشتر بڕانۆتەوە"، ئەمن لەو حسابە نەدەگەشتم پاشی زۆر لەماڵی (دەڵاڵەکە)، گوتیان: "بابت پێشەکی (20) وەرەقەی وەر گرتوە، ((مەبەست لە 2000 دۆلاری ئەمریکیە))، مانگانەش دێت حساب دەکات تاساڵێك عقدمان هەیە تۆ ناتوانی ببات بۆ هیچ جێگەیەکیتر"، ئیتر منیاندا بەو سێ پیاوە لەگەڵ دوژن بوون، ئەمنیش دڵم خۆش بوو ئەوانە ماڵە خەزورمن‌و من مارە دەکەن، بەس باوکم‌و برایەکەم گوتیان: "نابی بڵێی کەس هاتۆتە کنم دەنا دەتکوژین!"**

**ئیتر بردمیان‌و گوتیان: "تۆ تازە لای ئێمەی" ((... دەستی کرد بەگریان‌و بەدەم گریانەوە)): ئەمن کەس ناناسم غەریبم هیچ نازانم بەو قورعانە والەویا من هەرنەمدەزانی ژن‌و مێردایەتی چیەو چی نیە، دڵم دەکولا.. وەك سەماوەر، دوو سەیارەیان پێ بوو بردمیان، ئەمن تائەو کاتەش دەرەوەی فندقەکەم نەدیتیبوو، تەنانەت ساحێب فندقەکەشیان بۆ هێنام، خالیشم‌و ئەویش (بەنادرووستی[35]) کاری سێکسیان لە گەڵ کردم. ئەو زاڵمانە سجنیان کردبوم هەر قسەشیان پێدەگوتم، چونکە ئەوان دواکەوتن ئیتر باوکم شێت بوو بوو، هەر دەیان گوت: "بزانە بەدیار زۆڵێکی (بێ ئەخلاقەوە) سێ رۆژ لە کارو کاسبی ببی". ئیتر کەهاتن ئەو (دەڵاڵەکان) (س) وتی: "کچم قاپ شوشتن دەزانی".. ئەمنیش وەم زانی قاپی ڕاستی دەڵێت. وتم: ئەی چۆن؟ من چوزانم مەبەستی کاری سێکسییە؟**

**دوایی منیان بردە ماڵی خۆیان‌و هیچ کەس قسەی نەکرد هەر وەکو لەو ماڵەشدانەبم و کەس نەمناسی.. بەس دوای سێ ــ چوار سەعات زانیم ئەمانە منیان بۆکارێك دەوی!**

---

[35] مەبەست لە نادرووست یان سێکسی نادرووست لە ناو توێژینەوەکەدا، مەبەست لە سێکسە لەڕێگای کۆمەوە، چونکە ئەم ئۆرگانە بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەو مەبەستە درووست نەبوەو ئەرکی سەرەکی ئەم ئەندامەی لەشی مرۆۋ بریتیە لەفڕێدانی پاشەڕۆی خۆراك.. سێکس لەگەڵ ئەم ئەندامەی کۆئەندامی هەرسدا نەك هەر نادرووستە لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و ئایینیەوە بەڵکو لەڕووی تەندرووستیشەوە زیان بەخشە، هەر بەم پێوانەیەی دوەمیان ئێمە لێرەدا بەسێکسی نادرووتس ناوی دەبەین.

ماڵه خەزورم نین! پڕبوو لەخەڵك ڕۆژی 10 كەس دەهاو 20 دەڕۆشت، ئنجا پێنج كچی گەنجی لێ بوو لەگەڵ سێ ژن، بەتەمەن بوون ئاوا 45 تا 50 ساڵ دەبوون، وەك دیوەخان یەك هەرابوو سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی. كەس دەنگی نەهاو تادوای دووڕۆژ وەڵڵا عەسرێك گوتیان: "خۆت بشۆ و دەستێ جلی سفوریان بۆهێنام زۆر زلیش بوو بەبەرم سوار سیارە یان كردین‌و ڕۆشتین ئیتر چوینە جادە یەكی زۆر ئیزدحام بوو دابەزیمان‌و بردمیان تانیوسەعات چاوەڕێمان كرد ئنجا چوینە ژور، تومەس! بوڵای دكتۆریان بردبووم ژنی بوو ئەوانیش بەعەربی قسەیان كرد من تێنەدەگەشتم ئەویش بەعەربی دەی پرسی.. خێرا خێرا ئەو ژنەی كەلە گەڵمانا هاتبوو دەیوت: "دەڵێ كەكەوتی خوێنت بوو"، ئەمنیش نەمدەزانی چی دەڵێن ئیتر هەر چۆنی بوو دكتۆرەكە وتی: "پاڵكەوە"، سەیری ناو گیانی كردم‌و تێگەشتم هەردەی گوت: "سلامات". ((.......... پێكەنی))

ئیتر ڕۆشتین لە ناو سیارەكا ژنەكە وتی: "ئەو دكتۆرە فەحسی كردی بزانی ژنی یان كچ، چونكە بەكچ تۆمان لەباوكت كڕیوە"، ئەمنیش گوتم: ئێوە منتان كڕیوە؟!، گوتی: "ئەی بۆ نازانی دەستم كرد بەگریان، ژنەكە دەستی كردە ملم‌و گوتی: "مەگری ئێمە وەك خێزانی تۆ واین"، ئیتر تاچوینە ماڵ لەماڵ كچێكی لێ بوو زۆر باش بوو، لەگەڵم كوردیشی دەزانی، خەڵكی كركوك بوو شەو هەموو شتی بۆ باس كردم كچەكان لەژورێك دەخەوتن تابەیانی قسەی بۆ كردم ئیتر تێگەشتم حاڵ‌ومەسەلە چیە.

پ/ چی تێگەشتی؟

گوتی: "ئێمە هەموو ئیشی وادەكەین، ((مەبەستی لەلەشفرۆشی بوو))، كەلێرەین هەموو بەپارە هەریەكەو بەجۆرێ وتی: "تۆ و دوو كچیترتان فرۆشراون بۆماوەی ساڵێك، ئەوانیتر ماڵ‌و جێگەیان نیە لێی بخەون ناچارن.. هەندێك دێن‌و هەفتەیە دەمێنەوەو دەڕۆن.. ئیتر ئاوا"، و وتی: "تۆ پارەی زۆرت پێدراوە بۆیە ترسان ژن بی"، وتم: جادەبی من هەر بە كچی بمێنم؟ گوتی: "نا ئەكید بۆ یەكێكی زۆر دەوڵەمەند دەتبەن بتكاتە ژن، ئەوانە پارەی باش ئەدەن"

پ/ نە یوت خۆی چۆن لەوێیە؟

با وتی: "من ڕامكردوە باوەژنم هەبوو زۆر خراپ بوو ویستیان بەزۆر لەكوڕە خوشكی مارەم كەن ڕازی نەبووم، مارەیان كردم بەزۆر منیش ڕامكرد ئیتر ماوەیەك لەهەولێر خۆم

شاردەوە.. لەدووم دەگەڕان، ناچار هاتم بۆ موسڵ لەگەڵ تەكسیەك ئەویش ڕاست هێنامی بۆ ئێرە ئێستا پێنج مانگە لێرەم نەدەتوانم بڕۆمەوە ونەشوێنی تریشم هەیە... لێرەش ناچار ئەم ئیشە بكەم"، ئەو كچەش زۆر نەگبەت بوو ئەویش حەزی لێینەبوو زۆر خەفەتی دەخوارد.. كە بوو بەڕەمەزان هەردووكمان بەڕۆژوو دەبووین، هەردەشپاڕاینەوە لەخوا، بەس فایدەی چیە؟ ڕۆژی 10 پیاو هاتۆتە كنمان.. زیاتریش.. ئنجا ئەو ماڵە (دەلاڵە)، چەن خراپ بون لەگەڵمان هەموو جار ئەوكچە دەگریا، دەیگوت: "باوەژنەكەشم ئەوەندە خراپ بوو ڕامكرد لەدەستی بەس چی بكەم؟ تازە".. ئنجا موسڵ وەك لای خۆمان نەبوو ئەگەر بچویتایەتە سەر جادە یەكەوڕاست دەیانگرتی و ئیعدامیان دەكردی..!!

پ/ كەتۆ لەوێ بووی عێراق ڕزگاری بوو بوو؟

نا..كچێ من دوای ساڵی دواتریش، چەن لەكركوك مام... بردمیانەوە بۆ هەولێر... گەورە بووم.. دوای چوار ساڵ ئنجا سەدام ڕوخا.

پ/ كەواتە ساڵی 1999 تۆ فرۆشرای؟

وابزانم ئەو ساڵە بوو........ ((بەپێی ئەم گفتوگۆیە تەمەنی 12 ساڵ بوە كە فروشراوە))

(س) وێنای پیاوی لاناشرین دەبێت سەرجەم هەموو ئەوانەشی كەپەیوەند بەسێكسەوە هەیە لەلای پیس دەبن بۆیە زۆر بەسادەیی وەبەبەردەوامی دەڵێت پیسی پیاو ئەمەش یەكێكە لەدەرهاویشتەكانی ئیغتصابو سەركوێركردنەوەی موتعەی جنسی لەلای ڕەگەزی مێو دواتریش دەبێتە هۆكار بۆقێزكردنەوە لەژیان هەروەك لەبەشی یەكەمدا ولەبنەما تیۆریەكاندا باسمان كردوە چێژەكانی سێكس یەكێكە لەو هۆكارانەی كەبەهۆیەوە مرۆڤ هیوای بەرامبەر بەژیان لەلا دروست دەبێت.

پ/ دوای چەن لەموسڵ ڕۆشتی؟ بۆ كوێش چوی؟

ڕێك پاشی ساڵێك.. باوكمو خاڵم هاتن بردمیان بۆ كركوك بۆ ماڵی (ت)، لەوێش نۆ مانگ مام، پاشی وی دیسان جارێكیتر بۆ چوار مانگ بردیانمەوە موسڵ بۆ ماڵێكی تر، دوایی بردمیان بۆ ماڵی (ح لە هەولێر).

پ/ هەر باوكت دەهات؟

نا.. تایەكەمجار بۆ كركوك ئیتر لەوەدوا هەر جارەو پیاوێك دەیفرۆشتم بەوی تر من لەپاشی كركوك بابم نەدیوەتەوە، بیشی بینم نامەوی ڕوی تێكەم ئەو بێزەمیرە منی

والێکرد بەخوای دەسەڵاتم هەبوا هەموویانم دەکوشت!! هەر لە قیمەم دەدان!! ئەوانە وەك حەیوان وابوون ئێستا فامدەکەم.. بیردەکەمەوە.. وەختە هاربم.. ئاخر چۆن کە سێك دڵی دی وا لەکچی خۆی بکات؟ باهەڵیشیان گرتبم خۆ ئەوانە سبەی دەچنەوە بەردەم ئەو خوایە؟ محاسەبە دەکرێن چی جواب ئەدەنەوە؟ منیان بەناهەق فرۆشت.. من ئەو هەمو ئیشەم لەبۆ دایکم دەکرد.. ماڵم خاوێن دەکرد.. ئەمن لەسجن لە هەولێر گوتم: دایە باهەر وەك کارەکەر ڕاتگرتمایە؟ ئەمن چیم بۆتان نەدەکرد؟ بۆ ئەوەندە بێزەمیرن؟ تۆ لەو خوایە ناترسی؟ کە چی ئەوان هێشتا دەمیان گەرم بوو، زابت و مەسولەکانیان دەناسی هەمو باوکم و برایەکەم ئافرەتی لەبۆیان دەبرد.. هێشتا لەمنیان داو منیان دایەوە دەست ئەو!! زاڵمانە گوتیان: "ئەوە ڕایکردوە حەزی لەکوڕێك کردوەو وەدووی کەوتوە.. ئێمە لەمێژە بۆی دەگەڕێین".. چەن هاوارمکرد کورە درۆیە بوختانە ئەوانە منیان دوو ساڵە فرۆشتوە هیچ سودی نەبوو بۆیە ڕقم لەو حوکمەتەی دەبی بەقسەی (دەڵاڵ و بێ ئەخلاق)ەکان دەکات، حاشا لەڕووت، کەچی من دەگرن ئەی بۆ ناچن ئەو بابە خۆڕیەم بگرن؟ ئەو دایکە بێزەمیرەم؟ ئاخر خۆ من پێشتر لەشفرۆش بووم؟.. ها؟.. ئەوانە بۆ من دەگرن من چی بکەم؟ هەرکەس ساڵێك لەماڵە (دەڵاڵ) دانێن هەزار زابت و مەسول (تەعدای لێبکات) دوایش بیگرن؟ ئاخر بۆ؟ ئەوە کەی حوکمەتە، دەشڵێن مافی مرۆڤ هەیە؟ هەی گوم تێکرد ئەری وەڵلا.. دەبا بچن ئەو خەڵکە لەو ماڵە (دەڵاڵانە) ڕزگاربکەن.. ئەها تەماشا ئەمن چۆن برینداریان کردم چەقۆیان لی دام لە ماڵە (دەڵاڵەکان).. دەبا بزانم مافی مرۆڤ چیم لەبۆ دەکات؟ ((........ سەرسنگی پشاندام جێگە برینداری بوو وتی: "چە قۆیان لی داووم".."ئەگەر عە قڵی ئێستام ئەوسا بوایە کچێنی خۆم لە دە ست نەئەدا")).

پ/ ئێستا بیرئەکەیتەوە کەبۆ ڕازی بووی؟

ئێستا فام ئەکەمەوە لەشتی خۆم.. ئێستا ئەڵێم: بۆ وامکرد لەخۆم.. جاریوایە فکر ئەکەمەوە بە (ب)، ((یەکێکە لەوانەی لەناو گرتووخانەدا بوو، ئەمەش لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکاندا گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە)) ئەڵێم: ئاخۆ موستەقبەلی ئێمە چی ئەبی؟ بەخوای هەر سجنەکە باشە.. چانیە کەس (تەعدامان لێناکات)؟.. کەس دەستمان بۆ نابات؟.. چانیە پیاو قسەمان لەگەڵ ناکا؟.. بەخوای جاریوایە ئاوا فکرەکەم لەبەرخۆمەوە ئەگریم.. لەبەرخۆمەوە پێئەکەنم.. دەمی قسەئەکەم.. بەخوا وەك شێتم لێهاتوە..

ناهەقیشم نیە.. قسەیەکی وائەکەم لەقانونا جێی نابێتەوە.. لەدوێنێشەوە چیم کردبی؟ ماسیحەم هێنا بوو ئەموت سوار نابن بە قورعان قسەی وا ئەکەم... ((ئەم کچە هەمیشە لەخەوێکی سەیردا دەژیا باوەڕی وابوو کە ماسیحەیەك دەهێنێت و هەموو کچەکان سواری دەبن و دەفڕن وەك ئەوەی لە هەندێ فیلم کارتۆندا هەیە)).

پ/ دوایی چیت بەسەرهات؟

ئەو ژنەی موسڵی پیاوێکی بۆ هێنام بە ناوی (ب).. خەڵکی هەولێربوو بەدوو ملیۆنی سەدام کردمی بە ژن! ئیتر دوای ئەویش چەن عەرب هاتن هەموو پیس و چڵکن.. هەر بێزت نەدەهات سەیریان بکەی.. یەعنی ئەو شتانەی کردوومە هیچی بەزەوقی خۆم نەبوون، دەستی خۆم داغ دەکەم، من کەسو کارم وای لێکردم.

پ/ کوڕە کانی (س) نەدەهاتنە لات؟

بە ڵی ف و س((.. ناوەکان لەسەر هەمان وەزنن یەکێك بوو لەو خاڵانەی وایکرد باوەڕ بە قسەکانی بکەم.))

پ/ مێردی هەبوو؟

بەڵی بەس زیاتر لەگەڵیا نەدەژیا بەعزی جار ئەهاتە ئەوی لەگەڵ یەکێك لەکچەکان دەخەوت و دەڕۆی ئەویش کاری هەر ئەوشتانە بوو.

پ/ ئێوە زۆر بوون یان هەر ئەوەندەی باستکرد؟

نا.. ئەوەندە زۆر بووین لەبژاردن نەدەهات.. دایم خەڵکی تازە دەهات ئەو تیجارەتی دەکرد بەکچ و ژنەوە.

> کارەساتی ئیغتصابی براکەی (س) تەوژمە گوشارێکی دەروونی گەورە لەیادەوەری (س)دا دروست دەکات و بەهەمیشەیی پیاو وەك درندەیەك دەبینێت، هەربۆیە کاتێك پیاوێك خۆشەویستی پێ دەبەخشێت ئەگەرچی بڕواناکات بەڵام دەیەوێت ئومێدێك بۆخۆی درووست بکات کەجێگەی دایك نەبوون و باوك نەبوون و برا نەبوون و تادەگاتە مێژوو نەبوون بەوخۆشەویستییە پڕبکاتەوە.

پ/ ماڵی لەچ گەڕەکی بوو؟

ئەوەندەی من لەوی بووم زیاد لە20 گەڕەکی گۆڕی.. دەترسا ئامرقەبقزی دەرچی، ئنجا خانووی گەورەی دەگرت زەمانەی حوکمەت وانەبوو وەك ئێستا بە ئاشکرابی.

پ/ ئیشی پی دەکردن هی نا و ماڵەکەی؟

نا.. خەدامەی هەبوو، بەس ماڵی خاوێن دەکرد دووان موعەدەل بەوانی دەوت: "ئێوە کاری سێکسی مەکەن بەس ماڵ پاك بکەنەوە هی پیرو شتی وا.

پ/ شتی زۆر بۆ دەکردن مساریف؟

بەلی ئەو مەسرەڤ دەکردین، بەلاّم غەدری زۆر لێدەکردین.

پ/ وەك چی؟

وەك لەنان خواردن لەشت کڕین.. هەتا ماکسیەکی دەکرد بۆمان هەزار جاری دەیبۆلاّن، سانتی بۆ نەدە کڕین نەی دەبردین بۆ عیادە کڕین‌و فرۆشتنی دنیای پێوە دەکردین.

پ/ پارەی کڕیارەکانی نەئەدا بە ئێوە؟

نا.. هەر خۆی وەری دەگرتو خۆی حسابی دەکرد.

پ/ هیچ نەدە چونە بازاڕ؟

نە.. بازاڕمان بەچاو نەدەبینی خۆی شتی دەکڕی.

پ/ کڕیارەکان حەزیان دەکرد ئێوە چۆن بن مە سەلەن مکیاج بکەن یان؟

بەڵی زۆر حەزیان دەکرد مکیاجمان پێوە بێت.. قژمان بەرەینەوە.. من قژم لەژێر ئەژنۆم بوو ئەت وت قەترەیە ئەوەنە جوان بوو، ئەیان وت: "ئیلا ئەبی بە ریدەیتەوە"، ڕەسمم هەیە لەکامێرە.

پ/ کڕیارەکان حەزیان دەکرد ڕوتتان بکەنەوە یان هەر بە پەلە بوون؟

ئا زۆر حەزیان دەکرد ڕوتمان بکەنەوە.

پ/ خەڵکی کوی زیاتر ئەهاتنە ماڵی (س)؟

وەڵلاّ هەمو نەوعی زیاتر کوردی موسڵ، یان هەولێر، عەربیش دەهاتن، بەس کەمە کەمە زابت‌و ڕائیدو شتی وا مەدەنی عەرب کەم دەهات.

س / بۆ؟

وەڵلاّ.. نازانم، ئەوسا زەمانەی سەدام گرانی بوو عەرەبەکانیش ئەوەندە پارەیان نەبوو.

پ/ (ب) ئەوەی تۆی کرد بە ژن خۆی ژنی هەبوو؟

ئەی چۆن!! بەگرتیشمدا چونکە ئەو دوایی منی خەڵەتاند وتی: "مارەت دەکەم" و شەڕی کرد لەگەڵ ماڵی (س)، وتی: "مادام خۆم کردومەتە ژن دەی بەم بۆ خۆم"، ئەمنیش مناڵ بووم.. کەر بووم.. ڕاستی خۆشە، وامدەزانی ڕاست دەکات! کەدەڵی خۆشم دەوێی منیش

**پێم داگرت کە لەگەڵی هەردەڕۆم، تومەس (س) دەزانێت.. ئەو فیڵم لێدەکاو مارەم ناکات پارەم پی پەیدا دەکات.. خۆشی (دەلالە)، وەڵلا منی برد لەگەڵ باوکم ڕێکەوتن منیاندا بەپیاوێك لەکرکوك بەماڵێك ((ئەم ماڵە زۆر ناسراوە لەیەکێك لە گەڕەکەکانی کەرکوك دەژین و لەبەر باری ئەمنی لە توێژینەوەکەدا ناتوانین ناوی بەرین و تەنیا بە تیپی (ل) ئاماژەی پێدەدەین،چونکە لەوانەیە گەر بەیەکەم تیپی ناوەکەی خۆشی باسی بکەین هەر بناسرێتەوە)).**

**پ/ ئیشی چی بوو؟**

**هەر (دەلاڵی) هیچی تری نەدەکرد ئەمە هەر جەماعەتی ((ناوی یەکێك لەبەرپرسە باس دەکات کە ناکرێت کورتکراوەکەشی باس بکەین))[36] دەهاتنە ماڵیان**

**پ/ چۆن سەردەمانی حکومەتی بەعس دەیان توانی بێن بۆ کرکوك؟**

**جا بۆ دەترسێم وابزانی، لەوزەمانەی خەڵکی وا دەهات هەرسەرت بسوڕمێ.. من نازانم خۆیان دەیان وت: "ئێمە جەماعەتی ئەوین". کوڕەکەی (ل)یش و ژنەکەی سەریان بڕی و کوشتیان و من زانیم کە کێ کوشتنی.. خەڵکی ڕانیەبوو، دەیوت: "من بۆ کاری سێکسی دێمە کەرکوك".**

**پ/ کڕیارەکان کێ بوون؟**

**کورێك بەناوی (و) لەلای کاك (....) بوو خەڵکی تریش زۆر دەهاتن مەسول بوون حیمایەیان لەگەڵ بوو.**

**پ/کێی تر؟**

**ناویان باش نازانم، بەس.. بەس.. زیاد لە 100 مەسول هاتونەتە لام، جگە لەمەسولی هەولێرو سلێمانی، بەڵام کارم پێیان نیە ئەوان ناتوانین ناویان بدەین، چونکە بۆخۆیان**

---

[36] **لەڕاستیدا (س) باسی ناوی ئەو بەرپرسە دەکات و دەڵێت جەماعەتی حیمایەکانی دەهاتن، شایەنی باسە ناوی بەرپرسەکە نابات، لێرەدا ئاماژە دەدەین بە دوو ڕاستی حاشا هەڵنەگر، هێشتا عێراق و کوردستان هێندە ئەمین و پڕ ئاسایش نیە کە بتوانین بەڕاشکاوانە ناوەکان دیاری بکەین، چونکە هێشتا خەڵك دەتوانێت سەربەستانە چەکدار بێت، دوەم: پێویستە ئەوە بزانین کە ئەگەری خراپ بەکارهێنانی ناوی بەرپرسەکان هەیە، بەڵام ئەمەش جارێکی تر لاوازی دەسەڵاتە لەو خاڵەدا کە بەئاسانی دەرفەتی کردوەتەوە بۆ ئەم جۆرە باسکردنانە.. مەبەستمان ئەوە نیە کە دەسەڵات دەبێت سەرکوتی ئازادی بکات، بەڵکو پێویستە کەسێتی خەڵکی بەرپرس لەو ئاستەدا بێت کە دەرفەت بۆئەم جۆرە خروقاتانە نەبێت.**

حوکمـەتن دوای لەهـەقی خۆیـان خـۆش نـابن.. حوکمەتەکـەش هـی ئەوەنیـە کەبـەربووین دەمان کوژن.

پ/ دوای ماڵی (ل) چیت بەسەرهات؟

(ب) هێنامی بۆ سلێمانی لەگەڕەکی زەرگەتەی کۆن (ب)یش ئامۆزای (ڕ) ی کوشـتوە، ئـەو کوڕە زیاد لەسەد جار هاتە داوام لەماڵی (ب) دراوسێمان بوو، بەڵام (ب) هەر دەیوت: "من نایدەمەشوو تجارەتی پێوە دەکـەم".. ئیترخـوای مـن کەئـەو کـوڕەی کوشـت ڕایکـرد.. ئیتر منیان بردە ماڵێك دیسان (دەلاڵیان) پێوە دەکردم.

پ/ چۆن ئەو هەموو کاتە سکت نەبوو؟

با.. جارێك بووم.. منالەکەم فرێدا 6 مانگیش بوو. بەدەرزی کوشتیان ئنجا مەنحم دەکرد، حـەبیان ئـەدامی و زووزوو مـاڵی (دەلاڵـەکان) دەرزی مـەنحیان لـی ئـەدام زگـم ئەوەنـدە ئـە ستور بوو بوو.. تەنانەت عادەش نەدەبووم!

پ/ کڕیار لەهەولێر زیاتر بوون یان لەموسڵ یان لە کوێ؟

بـە خـوای لـە موسـڵ زۆر بـوو بـەس لەسـلێمانی و هـەولێر ماڵـە (دەلاڵـەکان) زۆر زۆرن... جانازانم من لەموسڵ، بەس ماڵی (س) دەناسی چی؟

پ/ ئەو پیاوانە کەدەهاتن لەڕووی سێکسیەوە زیاتر خەمی خۆیان بوو یان ئێوەش؟

وەڵلا بەس خۆیان (تێرکەن)و بڕۆن مەگەر چۆنها یـەکی ویـژدانی بایـە!! دەیگـوت: "تـۆش (چێژت لە سێکسەکە بینی؟)" دەنا هەر بۆ خۆیان..

پ/ کەس هەبوو بێت بەڵام نەیکات لەبەر شتی؟

ئا... سەرەتا لەماڵی (س) خەڵکیان زۆر دەهێنا هەر کەدەهاتنە ژور بەزەیان پیامدا دەهات دەیانوت: "زۆر مندالە" بەعزی لەخۆمی دەپرسـی دەیـوت: "(سـێکس ناکـەم) لەگـەڵت زۆر منـداڵی بـۆ وادەکـەی؟"، ئـەمنیش دەمگـوت: بـابوو دایکـی خـۆم نـەبوون فرۆشـتیانم، مـن دەسەلاتم نیە.. ئیتر زۆر بە زەییان پیامـدا دەهـات دە یـانوت: "باشـە نایکـەین بـەس لـەلای (س) قسان مەکە."

پ/ بۆ؟

چونکە گەر (س) بیزانیایە من ڕاستی بەوان دەڵێم تورە دەبوو یان نەدەبوو.. ئـەوە لـەماڵی هەموو (دەلاڵەیەك) وایە نابێت تۆقسان بکەی و گەر مشتەری ڕۆی هیچـی نـەکرد، ئـەوا تـۆ

موحاسەبە دەكرای دەیانگوت: "دیارە بەدڵی ویت نەكردوە"، ئنجا بەعزی پیاو بێویژدان بوون نەك هەر بەزەییان پیاتدا نەدەهات، بەڵكە شكایەتیشیان لێتدەكرد دەیانگوت: ئەوەی بۆ نەكردووین.. ئەوەی نەكرد..لەماڵی ئەو (ب) دەردم چەشت بەخوای دەمگوت: لەسەر جادەو كەلاوەكان دەخەوم بەس ڕزگارم بی لەو زاڵمەی زۆر بێنامووس بوو هیچی بەخەیاڵدا نەدەهات، ژنو منداڵی توشی ئەو دەردەكردبوو.

پ/ بۆ لە ماڵی ئەو زۆر بێزار بووی؟

نالێم.. سەدجار بوە خەڵك هاتون شكاتیان لێدەكردم، ئنجا خەڵكی كەركوك زۆر ڕەزیلن بڕوابكە شتی وا پیسم نەدیوە بەهەموو عومرم یەك سەعات معامەلەیان دەكرد ئەوجا دەهاتنە ژور كەدەش هاتن خێرا خێرا دەیانوییست (دووتا سێ جار سێكس بكەن)، هەر بەو پارەیە ئنجا پیسو پۆخڵ بەس هی سلێمانی وانین ماڵە (دەلاڵەكە) چەند بڵێ ئەیدەن هیچ معامەلە ناكەن هەمووش خەڵكی موسەقفن.. پاكن.. بۆن لەخۆیان دەدەن.. زۆر ئەزێتت نادەن.. بڕوابكە بەوقورعانەی.. من لەوەتی ئەو كارەم پێدەكەن هێشتا بەعومری خۆم نەدیت یەكی خەڵكی موسڵ، بە غدا، یان كەركوك پیاوی باش بن

كاتێك (س) پڕە لەگازندە لەحكومەت هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری پۆلیسو دەرەجەدارەكانی كاتێك دەبینێت ئەوانە هۆكارن وبەشدارن لەكردەوەكانی ئیغتصابدا، بەتایبەت كاتێك پەنا دەباتە بەر پۆلیسو پێان دەڵێت دایكو باوكی فرۆشتویانە، بەڵام ئەوان هەر باوەڕناكەنو جارێكی كە دەیدەنەوە دەست دایكو باوكە تاوانبارەكەی. لەلایەكی تر كاتێك دڵێت: " چەن هاوارم كرد كورە درۆیە بووختانە منیان دووساڵە فرۆشتوە.. بەقسەی دەلاڵ و بیٚ ئەخلاقەكان دەكات... بۆناچن ئەو بابە خۆڕیەم بگرن... ئاخر خۆمن پێشتر لەشفرۆش نەبووم... هەركەسێك ساڵیك لەماڵەدانێن هەزار زابتو مەسول تەعەدای لیٚ بكات دوایش بیگرن ؟؟ " ئائەمانە هۆكارن بۆئەوەی لەڕوانگەی ژیانی (س) ەوە خەڵكانێكی زۆر چیتر باوەڕ بەحوكمەت نەكاتو متمانەی بەرامبەر كەم بێتەوە..

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كەسەرجەم سەركردە سیاسیو هۆشمەندەكانی كۆمەڵگایەك گەندەڵ بن، بەڵام چەندێك چارەسەركردنەكەی دوابكەوێت ئەوەندەش بەشداری حكومەت لەتاوانەكاندا زیاد دەكات.

كەواتە باسەكەمان بابەتێكی ڕێژەییە بۆیە گەر بچینە سەر پێشنیارەكان داوای چارەسەرێكی زیاتر لەدامەزراوە حكومیەكان دەكەین.

مەگەر چۆنها!!

پ/ لەچیا زۆر فەرقت دەبینی؟

سلێمانیەکە هەرچی بوو باشتر بوون.. زیاتر موسەقەف بوون.. هەولێریش موسەقەف بوون.. بەس وەکی سلێمانی نەبوون.. بەڵام لەسلێمانی زیاتر (بەڕێگای نادرووست سێکسیان دەویست)، بەڵام چەندی داومانبکردایە ڕازی بوون، بەس کەرکوکی وانە بوون.

پ/ ئەی لەموسڵ؟

ئەوانیش زۆر شارەزا نەبوون، بەس لەو ئەخیرانەی هەمویان گۆڕا بوون، سەتەلایت و شتی وا فێری کردن.

پ/ لەو شارانەی تۆ دیت کام کڕیار زۆر باشن، یان شتیان زۆر ناوێت، یان زۆر داوای سێکسی نادروست ناکەن، ئیزعاجتان بکەن؟

ئەمن بە نیسبەت (سێکسی نا دروست) زۆر خەمم لێی نەبوو.

پ/ بۆ هەموو ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە دەڵێن بە سێکسی نادرووست ئیزعاجین؟

ئەمن هەر یەکەم جار لەخاڵ و برایەکەمەوە (بەسێکسی نادرووست دەستیان پێکرد)، ئنجا پاشی ویش لە ماڵی (س)، تاماوەیەك بەس بۆ ئەوەی مشتەریەکی دەوڵەمەندبی هەر (بەڕێگای سێکسی نادرووست کاریان پێ دەکردم)، ئیتر من وامزانی ژن و مێردایەتی هەروایە.. ئیتر ڕاهاتم.. دەشترسام ببم بە ژن وامدەزانی ئازارم دەبی، بۆیە (سێکسی نادرووستم پێ خۆشتر بوو).

پ/ لەکاتی سێکسی نادرووستدا ئازارت نەدەبوو؟

کوڕە بەری وەڵڵا.... (لە پێشا ئازاری زۆرە من تەنانەت دووچاری نەزیفیش بووم، بەڵام پاشتر ڕاهاتم و ئێستا لەگەڵ جهازی تەناسولیم هیچ جیاوازی نیە).

پ/ یەعنی تۆ گەر یەکێ داوای سێکسی نادرووست بکات پێت ناخۆش نیە؟

وەڵڵا هێشتا (سێکسی نادرووست سەر ئێشەم کەمترە تا سێکسی دروست) ((... بەدەم پێکەنینەوە)).

پ/ ئەی لەکاتی سێکسدا چی تۆ زۆر بێزار دەکات؟

ئەو پیاوانەم زۆر ڕق لێدەبێتەوە کەبەمەکرو نازن، یان بەعزێك خۆی پیرە ناتوانێت‌و بەهانە دەگرێت ((.... پێکەنی سەری داخست‌و دەستیگرت بە دەمیەوە)).

پ/ چیە شەرم دەکەی؟

ئەزانی چی؟ دوور لەڕووت، بەعزی خوێری‌و بێناموس.. شتیوامان پێدەڵێن، هەر مەپرسە؟ یان پێمان دەڵێن: "وەرە. .......یان. ........یان. ....... یان......... شتی وا بێمانا دەکەن.." کورە خۆ پیاو وەك ژن نین هەر شەرم ناکەن.

پ/ کەس هەبوو لەکاتی سێکسدا حەز بکات لێت بدات؟

ئا... زۆر هەن ئێستا لەهەولێر پیاوێك بوو دووکوڕی گەنجی موعەدەل لەگەڵ خۆشی دەهێنا بۆماڵی (ن)، (دەڵاڵ) بوو، موەزەفیش بوو، ئەو پیاوە بهاتایە منو کچێکی تری لی بوو، کەرکوکی بوو، لەرزمان لێدەهات ئەوە هەرسێیان دەهاتنە ژور بۆ گیانمان، لێشیان ئەدایین ئنجا (سێکسیان لەگەڵ دەکردین).

پ/ چۆن؟

هەرسێکیان پێکەوە دەهاتنە ژور، ئنجا وەك یاری تۆپیان ئەو ئەیدام بەو ئەو بەوی تر ئاوا.. ئنجا زللەیان دەهاویشت، ئنجا جغارەیان لە سەر (جەستەم) دەکوژاندەوە، دوو جار ئەوە جێگەکەی پیشانت دەم ((...بەڕاستی وابوو لەچەند جێگەیەك چەندجار جگەرەیان بەبەشی دواوەی جەستەیدا کوژاندبوەوە..)) ئیتر زریکانم وتم دەڕۆم لێرە تورە بووم وتم: بە (ن) دەچم شکات دەکەم ئیتر ترسان بردمیان دۆندرمەو شتی وایان بۆ کڕیم وتی: "ئەوە سەر خۆش بوون ئیتر ناهێڵم بێن".

پ/ گەنج بوون؟

وەڵلا یەکیان تۆزی بەتەمەنتر بوو وەکی باوك‌و کور.

پ/ چۆن (ن) رازی دەبوو سیان پێکەوە بێنە ژور؟

ئی ئەو پێشی خۆش بوو، چونکە هەرکەس دووان بوون یان سیان، ئەوا پارەی زیاتر ئەدەن.. ئێستا لەماڵ (ب) وابوو دوو پیاو بهاتبانایە ژور پارەی زیاتری دەسەند گەر یەك یەك بهاتنایە کەمتر بوو.

پ/ لە ماڵی (ب) گەردوان بهاتایا چۆن بوو؟

(هەر دیانکوشتم) ((... ئەوەی (س) باسی دەکات ناگێڕدرێتەوە ئەوەندە بەشێوەیەکی نا مرۆییانە دەکرێت)).

پ/ بۆ چی ڕازی دەبووی بەو شتانە؟

مـن لـەماڵی (دەڵاڵـەکان) نـەم دەتـوانی قسـان بکـەم.. منـیش لەپێشـان منـاڵ بـووم هیچـم نەدەزانی هەرچیان بوتایە دەمکرد.. بەس دەرم نەکەن یان لێمنەدەن ئێستا فامدەکەمەوە بـەخوا ئـەقڵم وەکـی ئێسـتابوایە گویـان دەخـوارد وامپێدەکـەن، یەکسـەر دەچـم شـکات.. دەکەم ئەی من بۆ شکاتم لە (ب)یش کردوە، ئێستا وا ئەویش گیراوە، چونکە ئەو دەردی زۆر دامی هەردەی گوت: "ئەمن مێردتم من نەمکردی بەژن من پارەی کچێنیتم داوە"

پ/ ماڵــە دەڵاڵــەکان کــەس هــەبوو باش بی لەگەڵتا؟

هـیچ شـتی وانیـە ئەوەشـی دەڵـی ماڵـە (دەڵاڵێـک) هەنـەو باشـە، دوور لــەڕووت، دەڵــێم: گــووت خــوارد.. بـابی خـۆم داکـی خـۆم، ((مەبەسـتی دایـکو باوکـە ڕاسـتیەکەیە)).. دوور لـەڕووی جـەنابت.. (دەڵاڵ) بـن بـاش نین هەموو غەدردەکەن.

پ/ ماڵە دەڵاڵەکان زۆرن؟

ئــووووووووو هــەر زۆر زۆر، جــا دەچیە هەر کۆڵانی دەڵاڵێك هەنە.

لەڕوانگەی گفتوگۆ کانمانەوە لەگەڵ (س) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەڕێژەی لەشفرۆشیو ماڵی سەرۆك باندەکان زۆر زۆر بوون لەکوردستاندا بەتایبەت لەماوەی دوو سێ ساڵی دواییدا هەروەها ئاماژەدەدات بەوەی کەکەناڵە ئاسمانیەکانو هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی پۆرنۆگرافیا یاریدەدەر بوون بۆئەوەی خەڵکی کوردستان زیاتر فێری تەکنیکەکانی چێژی سێکس ببێت کەهاندەرێکی باشە بۆ گەرمکردنی بازاری لەشفرۆشی.. ئێمە لێرەدا مەبەستمان نیە فێرکردنی سێکسو بەرەو پێشبردنی زانستی سێکسۆلۆجی بەکەم بنرخێنین، بەڵام دەتوانین بڵێین سێکسۆلۆجیش وەك هەرزانستێکی کە چەکێکی دووئاراستەکوژە، دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ زیان گەیاندنو چەوساندنەوەی مرۆڤ هەروەها دەشکرێت بەکاربهێنرێت بۆ فێرکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشیەکانی ژیان لەکۆمەڵدا.

پ/ باشە ئەوەنەی لەماڵی دەڵاڵەکان بووی زیاتر بینیت کچی وەك تۆ ئەو کارەی پێدەکەن یان کچی ماڵە کانیش هەڵدە خڵە تێنن؟

من زۆر گەڕام.. ماڵم زۆر بینیوە.. ئێستا بەس ناو!! ڕەنگە سەد ناوم لەبەر بی ئەوانە یەك بێویژدانن خەڵك هەبوو دەهات لەگەڵ کوڕێك مەسەلەن دڵداری خۆی بوو حەزی لێکردبوو

دەیانگوت: "مادام شوێنمان لەبۆ کردوون دەبی بۆ خەڵکیش بێت و (سێکس بکات)".. یان کوڕیان دەهێنا بەپارە کچی ڕازی دەکرد بێتە ماڵی ئەو (دەلاڵە) و شتی وایان پێدەکردوو دوایش هەڕەشەیان لێدەکرد.. دەیانگوت: "ڕەسمان گرتوی دەیدەینە بابت یان برات".

پ/ مەسەلەن ماڵە (دەلاڵێک) لێرە یان لەهەولێر چۆن کچی دەست دەکەوی بەشکم یەکێکی وەك تۆ نەبی کە بفرۆشری چۆن ژن بۆ کڕیارەکان پەیدا دەکات؟

لە بازاڕ دەگەڕێن.. لەهەندێك لەساڵۆنەکان.. ڕەفیقیان هەیە.. یان بەشاگردێکی ساڵۆن خەڵکیان پەیدا دەکرد.. یان هەندێك لەسایەق تەکسیەکان.. زۆر زۆر ئەوان خەڵکیان بۆ پەیدا دەکردن.

پ/ لەسلێمانی کچ زۆر توش بوە؟

هەر زۆۆۆر.. بەتایبەت لەناو تەلەبەو شتی وادا، زۆر دەهاتنە ماڵی (ب)، یان

(س) ڕقی لەکاری سێکسیە بەس هەردەیکات لەبەرئەوەی جێگەی نیە.. گەر تێبینی بکەین ئەم هۆکارە هۆکاریکی جیهانییەو لەبابەتە تیۆریەکانی ئەم توێژینەوەیەدا باسمان کردون بۆیە دەڵێن لەشفرۆشی یەکێکی ترە لەوبازاڕانەی کەپانتای ناعەدالەتی لەکۆمەڵگادا بەرفرە دەکاتو دەرهاویشتەی قەیرانەکانی بازاڕی کارو سەرمایەو بەجیهانی بوونی تاوانە کەئەمەش یەکێکە لەدیاردەکانی سەردەمی سیستەمی جیهانی نوێ هەربۆیە لەبەسەرهاتەکانی یەکەمدا (م) دەڵێت کەئەمریکا هات ئیتر ناشمانگرن لێرەدا (س) دەڵێت لەدووای ڕزگاری عێراقەوە لەشفرۆشی تەواو زۆربوە. ئەمەش ئەوسیحرەیە کەبێ دەسەلاتو بێ پشتیوانێکی وەك (س) ناچاردەکات ئاواتە خواز بێت بەشوێنێك کەئیتر تیایدا تەعەدای لێ نەکرێت، واتا دەستدرێژی سێکسی نەکرێتەسەر.. یان دەبێتە خەونێکی زۆر گەورەی (س) کەسواری ماسیحەکە ببێت و بفڕێتو دەربازی بێت، (س) بەوەندەوە ناوەستێ دەیەوێت هەموو ئەوانەش لەشفرۆشن وەك ئەو گیراون لەگەڵ خۆی ڕزگاریان کات بۆیە خواستەکانی ناخی دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە یەکێکیان دەیەوێت لەسجنا بمێنێتەوە بۆئەوەی چیتر تەعەدای لێ نەکرێت ئەوی تریان دەیەوبێت بچێتە دەرەوەو ئازاد بێت بەلام بەمەرجێك سێکسی لەگەڵدا نەکرێت هەروەها ئەم حەزو خواستەش وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی ئیسقات دەکاتە سەر لەشفرۆشەکانی تریش. لەبارێکی وەك (س) دا ئەگەر (س) کەسێتیەکی گۆشەگیری هەبێت ئەگەرێکی زۆری بریاردانی خۆکوژیی هەیە... لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە ئیحتمالییەی بەرزی ڕێژەی خۆکوژی لەکوردستاندا لەناو رەگەزی مێینەدا جۆرێك لەجۆرەکانی ئیغتصاب بێت.

**ماڵی (د)، ((شایەنی باسە ئەم دوانە هەردووکیان پیاون..)) یان ماڵی (س لە سلێمانی)، ئیتر ماڵی (ن)و (پ) ماڵ (س) و هەموو وەڵلا هەموو تەلەبە بوون دەهاتنە ماڵیان!!!**

**پ/ لەیەکەم جاریش وابوو ئەم ئیشە؟**

**من بزانم ماوەی دووساڵە زۆر زۆر زۆر بوە.. هەر سەدام ڕوخا دنیا هەموی تێك چوو.. من بەچاوی خۆم مەلام دیوە هاتوە کاری سێکسی کردوە یان ژنم بینیوە حیجابی هەبوە.**

**پ/کڕیارەکان گوێ ئەدەنە پاکو خاوێنی لەشفرۆشەکان؟**

**هەندێکیان.. زۆرنا بەس موهیمە روت بی و قژی درێژبی و زۆر مەکرنەکات.**

**پ/ بۆ مەکرنەکات یان وەك چی؟**

**مەسەلەن پێیان ناخۆشە، زۆر بجوڵێ.. یان نەهێڵی.. یان بڵێت ئازارم هەیە.. دەڵێن: "بۆ دەیکەی مادام ئەوەئیشتە قسان مەکە"**

**س / تۆ بەربی دەگەڕێیتەوە سەر ئەم ئیشە؟**

**من بۆ خۆم ڕقم لەکاری سێکسیە، بەس من لەکوێ جێیەکم بۆ دەکەنەوە بەخوای من هەموو شەو بە کچەکانیش دەڵێم: ئەوە پرسیاربکە لێیان، دەڵێم: سجنەکەمان چاترە، باشە کەس هەیە حەز بەو سجنە پیسەی بکات؟ بەلأم چانیە کەس هیچت لی ناکات.. من ئەوەندەم ئیسراحەت بوە لە ژیانی خۆم کەلەو سجنەم ئێستا؟ وا ناو گیانم هەموی خەریکە تون دەبێتەوە.. بروابکە عەیبیشە ئەو قسەیە دەکەم.. بەس لەهەمووکەس بۆمن فەرزتری، واملێهاتبوو پێشی بگیرێم موعەدەل شەرمم بە خۆم دەکرد دەچومە ناو هەر مەجلیسی یان پیاوان کە دەهاتن یەك بەخۆم دەمرم ناوگیانم بڵقە بڵقی دی وەکی (تر) هەر قاچم بڵند کەم دەجار لەسەر یەك دەنگی لی دەر دەچی.. ئەمن نەشم دەوێرا بچمەکن دختۆرو شتی وا لەوەتی ئەو هەشت مانگە لەناو ئەو سجنەم باش بووم عەیبم لی نەماوە.**

**پ/ بۆ چی سجنت پی چاکترە؟**

**گەر سجن نەبم دەبی یالە جادەبم.. شەوان پیاوان بەبی پارەش تەعەدام لی بکەن، یان بەناچاری خۆم بچمەوە ماڵی (دەلأڵەکان).**

**پ/ لە ژیانی خۆت ڕۆژێکی خۆشم پی دەڵێیت؟**

**بەبیرم نایەت ((..... تۆزی وەستا ئنجا وتی)):**

یەك رۆژ زۆر حەزم لەدەرەوەبوو لەموسڵ بەس نەیان دەهێشت بچین.. منیش خۆم نەخۆش بووم.. بەس زگم دێشا وەیان زانی ڕیخۆڵە کوێرەمە بردمیان.. وەڵڵا قژم درێژ بوو.. هەر پیاو بوو سەیرمی دەکرد کوڕێك زۆر جوان بوو سەیری دەکردم لەبەردەم دوکانی ساردیو شتی وای دەخوارد وەڵڵا هەرسەیری کرد، ساردیشی بڵند کردبوو، هەموی ڕژا بەدەموچاویا، لەکونە لوتی هاتە دەر.. ئەمنیش زۆ پێکەنیم.

پ/ ئەی ڕۆژێك ناخۆش بووبێت؟

لەو کاتەی فامم کردۆتەوە بەشم هەر نەگبەتی بوو یەکێ بفرۆشرێ ئەبێ چ خۆشیەك ببینێ حەزدەکەم بمرم نازانم من گوناحم چی بوو؟ خۆ چیم کەمترە لەو خەڵکانا؟

پ/ حەزت لە چ ڕەنگە؟

حەزم لەرەنگی سورە یان مۆر ئیتر ئاوا.

پۆرنۆ گرافیا لەرێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانو ماس ـ میدیاوە زۆربەخێرایی تەکنەلۆجیای چێژە سێکسیەکانیان گەیاندە کۆمەڵگایەك کەبەتەواوی بۆچەندین سەدە دەبوو سەرکوت کرابوو بەم جۆرە دەرفەتی توندوتیژی سێکسی دەگاتە ترۆپك چونکە هاوسەنگیەك نیە لەنێوان پێشکەوتنی تەکنەلۆجی وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ومرۆیی.. بەتایبەت کاتێك ئەو کۆمەڵگایە لەرووی کەلتورو یاساوسیستەمی سیاسیەوە بۆچەندین سەدەسەرکوت کرابێتن.



## بەسەرهاتەکانی سێیەم

| | |
|---|---|
| ناو: | ن. ف. ك |
| تەمەن: | 14 ساڵ |
| دانیشتوی: | بەغداد |
| تەمەنی لەشفرۆشی: | 1 ساڵ |
| ئاستی خوێندەواری: | شەشی سەرەتایی |
| ڕێگای فێربوون: | ئەنجامی توندوتیژی باوکی ئەم لەشفرۆشە هەڵدێتو سەرۆك باندێك لەگەراجەوە بەرەو شاری سلێمانی بۆ ئەم کارە داڵدەدەی دەدات. |

پ/ باسی ژیانتم بۆ بکە.

تەمەنم 14 ساڵە، خەڵکی بەغدادم، تاکو (1ی متەوستەم) خوێندوە، باوکم مامۆستایە.. دایکم ژنی ماڵە.. (5 منداڵین 3 کچ و 2 کوڕ)، برا گەورەکەم معهد فنی تەواو کردوە، برا بچوکەکەم لەدووی متەوستەیە، من بچووکی هەموویانم خوشکەکانم تەلەبەن.. لەئەوەڵەوە زروق مادیمان باش بوو ماڵی نەنکم یارمەتیان دەداین.. دوایی باوکم فیرار بوو صەدام گوێچکەی بڕی یەك ساڵیش سجن بوو ئیتر هەر عە سکەر بوو. ئیتر لەگەڵ ئێمە زۆر خراپ بوو وەزعمان باش نەبوو بەزۆر خوشکێکمی دابەشوو ئەو خوشکەم ژیانی زۆر ناخۆش بوو. مێردەکەی دەست کورت بوو هەموو جاری لێی ئەداو ئەهاتەوە ماڵی ئێمە باوکیشم ئەی ناردەوە.. ڕۆژێکیان مێردەکەی هات لەگەڵ باوکم بوو بەشەڕێکی زۆر گەورە شورتە هاتو مێردەکەی شکاتی

> ئەم کچە زۆر بێدنگ بوو تەنانەت لەکاتی قسە دەنگی زۆر نزم بوو تاڕادەیەکی زۆر بڕوای بەهەموو خەڵك هەبوو خەفەتی لەڕابردوو زۆر دەخوارد بەردەوام باسی یاریو هاوڕێکانی بەغای دەکرد.. ئیحساسی هەر لەگەڵ منداڵیدا بوو..
>
> زۆر بەشەرمەوە قسەی دەکرد کاتێك شتی بۆ باس ئەکردم سەری زۆر دادەخستو دەستێکی بە گوێچکەی یان سەریەوە مەشغوڵ دەکرد زۆر زۆر سەیری گۆرانی عەرەبی دەکردو زیاتر سەمای دەکرد، ڕەقس.

لەئێمە کرد باوکم گیرا.. دوایی بەربوو ئیتر دایمە نەنکم ئەهات بۆماڵمان لەدایکم تورە ئەبوو.. چونکە کوڕەکە خزمی نەنکم بوو...

ئیتر خوشکەکەم دوو منداڵی هەبوو هاتەوە بۆ ماڵی ئێمە مێردەکەی تەڵاقیدا.. دوایی باوکم لەبازاڕ شتی ئەفرۆشت.. منداڵەکانی خوشکەکەم زۆر هاربوون باوکم دایمە هیلاك بوو کەئەهاتەوە منداڵەکانی هاروهاجیان دەکرد ئیتر زۆر رۆژ شەڕمان ئەبوو.. دایمەن هەرا بوو باوکم خۆی عەقڵی تێکچووبوو، زۆر عەسەبی بوو دایم سەیری ئاوێنەی دەکردو ئەبوت: "من ئە بی عەمەلیات بکەم".. ئیتر صەدام رووخا هەموو دراوسێکانمان ئەچوونە دەر ئەگەڕان پیاسەیان دەکرد باوکم قەد نەیدەهێشت ئێمە بچینەدەر دایم حەزمان دەکرد بچینە دەرەوە باوکم نەیدەهێشت من حەزمەکرد وەکو ڕەفیقەکانم هەندی شت بکەم بەڵام باوکم دایمە لێی ئەیاین هەموو خەڵك لەمەنتقەکەمان ئەچوون بۆ سەیری ماڵی صەدام باوکم نەیهێشت بچین ئەو زۆر خراپ بوو لەگەڵمان ئەیوت نابی بێنە کۆڵاڵن بەزۆر ئەیوت ئەبی ڕەفتەبکەن.. ڕۆژێکیان لەگەڵ کچی هاوسێکەمان بەپارەی ئەو قژمان سبوغ کرد ڕەنگەکەی زەردبوو باوکم ئێوارە هاتەوە زۆری لێدام، منیش لەدەستی ڕامکرد بۆ سەرشارع کەڕۆشتم چووم بۆ ماڵی پوورم، پورم زۆر لێم تووڕەبوو وەبەزۆر بردمیەوە بەباوکمی وت: "لێی مەیە"،

> لەسەردەمی رژێمی بەعسدا ولەکاتی جەنگی عێراق ئێران، عێراق کوەیت، عێراق کوردستاندا صدام حسین بڕیارێکی دەرکرد بۆئەوانەی کەلەسەربازی هەڵدێن. بڕیارەکەش بریتی بوو لەبڕینی گوێچکەی هەڵاتوەکە وەکو ئەتککردنێك. باوکی (ن) یەکێکە لەقوربانییەکانی دەستی ڕژێمی رابردووی عێراق.. هەروەها وەك دەردەکەوێت لەخێزانێکی محافزکارەو زۆر هەڵسوکوتی مێینەکانی خێزانی خۆی بەلاوە شورەییە و زۆرتوندو و عەسەبیە لەسەر هەر ڕەفتارێکی ئازادانە کەدەیکەن. لەلایەکی ترەوە کێشەوگرفتی کچەکەی کەسەرەنجامی هەژاریو خراپی بژێویو گوزەران دەگەڕێتەوە لای باوکی گەیشتنی (ن) بەتەمەنی هەرزەکارییە.. ئەمانە هەمویان پێکهاتەکانی ئەو هاوکێشەیەن کەژینگەیەکی ئاڵۆزدروست دەکات لەسەر (ن)و هەڵدێت. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لێرەدا تیشکی بخەینە سەر سیستەمی دیکتاتۆرییە لەکۆمەڵگایەکی ئەندازەبەرزی پیاوسالاریدا کەچۆن توندوتیژیو چەوساندنەوەکان لەسەرۆك ودامو دەستەکانیەوە دەگوێزرێتەوە ناو خێزانو لەلایەن باوکەوە لەسەر نەوەی نوێ پیادە دەکرێت.

پورم لەمەنتقەی خۆمان بوو نزیك بوو..

ئیتر پوورم ڕۆی باوکم چەقۆی هەڵگرت بمکوژی دایکمو خوشکەکەم نەیانهێشت پیاوی دراوسێکەمان هات وتی: "ئەوە بۆ وائەکەیت ئەوە منالە"، باوکم وتی: "کچەکەم بەرەلاّ بووە قژی زەرد کردووە:، ئەو وتی: "خۆ کچەکەی منیش قژی زەرد کردوە".. ئیتر باوکم قسەی ناشرینی زۆر کرد پیاوەکە ڕۆی عاجز بوو ئەو زۆر باش بوو بۆ منالەکانی کچەکانی هەموو شت بەکەیفی خۆیان ئەکرد باوکی قەت تووڕە نەئەبوو..

> گەرتێبینی بکەین ئەمە سێهەم بەسەرهاتە وەك دوو بەسەرهاتەکەی پێشوو کەسەرەنجامی توندوتیژی ناو خێزانو هاوزالّی نێرینە لەخێزانداو داگیرکردنی هەمو مافەکانی مێینە، (ن)دەکەوێتەسەرجادەو دووچاری بازارەکانی لەشفرۆشی دەبێت.

جارێکیان لەصەف چوار بووم من لەدوو دەرس ئیکمال بووم کچەکەی ئەو ڕاسب بوو کەچی باوکی قەشمەری ئەکرد بەکچەکەی ئەیگوت: "حەز ئەکات صەفەکە جێنەهێڵێت"، کەچی من باوکم ئەوەندەی لێدام ئەو ئێوارەیە نەیهێشت نان بخۆم.. ئیتر ئەو شەوە کەدراوسێکەمان ڕۆشتەوە من تابەیانی گریام، چونکە لەدایکیشمی یا خوشکە گەورەکەشم هەرلەمنی ئەیا لەداخی منالەکانیو خۆی زۆر لەگەڵ من خراپ بوو.

((بۆ ماوەی دوو دەقە بێدەنگی دایگرت......))

پ/ بیر لەچی دەکەیتەوە دوای ئەوە چیت بەسەرهات؟

کچی ئەو دراوسێیەمان هاتە لام دانیشتبووین قسەمان ئەکرد

پ/ هەر ئەو شەوە؟

نە.. بۆ بەیانی ئیتر نیوەڕۆ بوو باوکم هاتەوە یەکسەر ئەو کچەی دەرکردو زۆر توڕە بوو لەمن هاواری کرد لەسەر دایکم وتی: "ڕازینیم کەس بێتە لای کچەکان".. ئیتر منیش زۆر خەفەتم ئەخوارد نەمزانی چی بکەم، تەنانەت ئەشچوومە بەر دەرگا لێیان ئەیام دایکم هەموو کات ئەیوت: "وەرە ژوور لەبەر باوکت". ڕۆژێکیان ئاومان نەبوو لەگەڵ ڕەفیقەکانم خەڵکی مەنتیقەکە هەمووی ئاومان ئەهێنا لەمەنتیقەیەکی تر لەمزگەوتەکە، براکەم زۆر لێم تووڕە بوو وتی: "یان عەبا ئەکەی لەسەر یان ناچی بۆ ئاو".. خوشکە گەورەکەم هیچ لەماڵ دەرنەئەچوو.. ئیتر براکەم زۆر تووڕە بوو لێم بۆیە شەڕمان بوو لێیدام منیش

هاوارمکرد ڕامکرده کۆڵان ئەویش هەڕەشەی لیی دەکردم.. وتی: "ئێستا ئەچم باوکم بانگ ئەکەم وەپێی ئەلێم تۆ لەشارع پێکەنیوی و دزداشەکەت هەڵکردوە"، منیش زۆر ترسام چونکە هەموو جاری باوکم ئەیوت یەك شت بکەی سجنت ئەکەم و گوێچکەت ئەبرم.

هەرچیمان بکردایە ئەیوت: "گوێچکەتان ئەبڕم" ئیتر براکەم هەروتی: "وەرە ژور"، هەر نەچوم.. ڕایکرد بە شوێنما سیارەهات بینیم لێیدا بەس بەتوندی نەبوو سووك بوو، ئینجا سیارەکە وەستا.. ئیتر من زۆر ترسام..منیش لەترسا ڕامکرد یەکسەر هاتم بۆ گەراج بێم بۆ سلێمانی.. ولەوی لەگەراج ژنێکم بینی ئەو منی هێنا بۆ ئێرە ئەو ژنە من نەمزانی، وتی: "لای خۆم ئیش کە ئەتکەم بەکچی خۆم"، منیش زۆرم پیخۆش بوو بەس نەمزانی فێڵم لێئەکا ئیتر لەپێشا زۆر باش بوو لەگەڵم دوایی لێم تووڕە ئەبوو.

گەرتێبینی بکەین (ن) لەشاری بەغداوە کوردستان بەداڵدەیەکی باش دەزانێت بۆ ڕزگاربوون لەتوندوو تیژی خێزان کەلەراستیدا ژمارەیەك لەرێکخراوەکان هەن ودەتوانن کۆمەکێکی باش بەمرۆڤی لێ قەوماو بەتایبەت ژن بکەن لەعێراقدا، بەڵام لەراستیدا: نەرێکخراوەکان لەئاست هیواکانی (ن) دا بوون و نەزانیاریەکانیش وەك پێویست دەگەنەخەڵك چونکە (ن) هیچ زانیاریەکی نیەو تەنیا ئەوەندەی بیستوە کە "رێکخراو هەیە لەشمال حقوقی مرئە دەپارێزن".

پ/ ئەو ژنە کەتۆی لەبەغاوە هێنا بۆ ئێرە ئەو ژنەی کەئێستا گیراوە؟

نە.. ئەو ژنە پیرتر بوو نازانم ناوی چی بوو دەناوی هەبوو هەریەك پیاو ناوێکی ئەوت.

پ/ چۆن چویتە گەراجی بەغا؟و چۆن ئەم ژنەت ناسی؟ بۆ چی حەزت کرد بێیت بۆ شمال؟

من هیچم نەئەزانی، بەڵام دائیمە ئەو کچەی دراوسێمان وەهەندی لەڕەفیقەکانم باسیان دەکرد لەشیمال مەرکەز هەیە وەمنزەمە هەیە لەسەر حقوقی (مەرئە) قسە ئەکەن، وئەت بەن بۆ خاریج وئێمەش ماڵمان نزیك بوو لەگەراجی بەغا ئیتر کەهاتم لەگەراجەکە زۆر ئەترسام ئەشگریام,, پرسیارم ئەکرد سەیارەی شمال.. وەلێیان پرسیم: "ئەچیت بۆ هەولێر یان سلیمانی"، منیش ئەموت: نازانم.. ئەو مونەزەمەیە لەکوییە؟

پ/ پارەت لەکوی بوو؟

ئێمە ناتوانین لەڕوانگەی ئەم توێژینەوەیەوە بڵێین سەرجەم خەڵك ئەم کارەدەکات، لەڕاستیشدا ڕاست نیە، بەلاّم بۆشمان دەردەکەوێت کەڕێژەی لەشفرۆشی و ژمارەی دەلاّلەکان لەزیاد بووندایە.. گەر تێبینی قسەکانی (ن) بکەین دەبینین دەڵێت لەماڵی (ح، ت) ڕۆژانە زیاتر لە300 کەس دێن و دەڕۆن هەروەها دەبینین کەسێکی وەك (ن) ڕووبەڕوی سەرۆك باندێك دەبێتەوە لەگەراج و ئەمەش ئاماژەیەکی ئیحتمالی بەرزە چونکە نێوەندەکانی بازرگانی سێکس لەنێوان شارەکاندا دەگاتە تێرمیناڵەکان و لەوڕێگایەوە کالاّی سێکسی بۆباندەکانیان پەیدادەکەن، لەڕاستیدا ئەمە لەوانەیە ڕێکەوت بووبێت بەلاّم کێشەکە لەوەدایە نەتاك مافەکانی خۆی بەوردی دەزانێت و نەڕێکخراوەکان سیستەمی کارکردنی خۆیان بەباشی گەیاندۆتە خەڵك و نەدەسەلاّتیش دەتوانێت وەك پێویست سنورێك بۆپێشێلکاریەکان دانێت، بۆیەدەبینین بەئاسانی سەرۆك باندێك لەیەکێك لەگەراجەکانی ئەم ولاّتەوەوبەناوی یەکێك لەرێکخراوەکانەوە کچێك توشی گەورەترین گرفت بکات و جارێکی ترنەتوانێت بچێتەوەناو خێزان، کەدەکرا ئەم پرۆسەیە لەڕێگای پۆلیسەوە ئەنجام بدرێت و زۆر بەئاسانی کێشەکەچارەسەر بکرێت.

لـــەماڵ لـــەجانتای دایکــــم بــــــردم.. کەبراکەم سیارە لێیدا مــن لــەدوور ســەیرم دەکرد ئەوان چون بۆ خەســـتەخانەو مـــن ڕامکـرد لـەماڵ لـەناو جانتـای دایکـم پـارەم دەرهێنـــاو ڕامکـــرد چــونکە ئەترســـام!!! لەگـەراج حـەزم ئـەکرد لـــەنزیك ژنـــەکان بوەســـتم و ئـــەو ژنـــە هاتەپێش وتی: "ئـەو منەزەمەیـــەت بـــۆ چیە؟"، منیش گریام وتم: باوکم ئەم کوڕی ڕامکردوە.. ئەویش وتـی: "مەترسـە وەرە لای من پارەی سەیارەشی بۆ یام و لەفەشی بۆ کرِیم ساردیو ئیتر شت باش بوو لەیەکەمین جار.

پ/ئەی خۆت پارەت پی نەبوو؟

با بەلاّم کەم بوو لەدزدانەکەی دایکم بردم وئەوان پێیان ئەوتم ئەو منەزەمەیە وەك فندقە هـەموو شـتێك لەسـەر خۆیانـە و هـەموو شـتت بـۆ ئەکـەن، منـیش زۆرم نـە هێنـا تەنانـەت جلیشم نەهێنا.

پ/ ئەو ژنە ناوی چی بوو یەکەم جار لەگەراجەکە بینیت عومری چەند بوو؟

ئـەو ژنـە لـەوی وتـی: "نـاوم (ب) یـە بـەس کـەهاتین بـۆ مـاڵ یـەکێك ئـەیوت (س) و یـەکێك ئەیوت (ب)، (أ) و (م) و ناوی زۆر بوو نازانم بەڕاستی کامە بوو لـەناو پاصـەکە زۆر بـاش بوو لەگەڵم کەچی دوایی لەماڵ زۆر خراپ بوو.

پ/ زۆر مایتەوە لەماڵیان؟

نە... کەگەیشتین تەقریبەن ئێوارە بوو.. خەریك بوو ئەبوو بە شەو.. ماڵەکەی زۆر قەرەباڵغ بوو.. سێ چوار کچی لێبوو.. وتی: "ئەمانە کچمن تۆش وەکو ئەمان"، دووسێ پیاویشی لێ بوو نەم دەزانی کامە باوکیانە؟؟ ئەوان عەرەبیان نەئەزانی بەس ژنەکە قسەی لەگەڵ ئەکردم.. سێ شەو لەوی بووم من زۆر ئەترسام نازانم بۆ؟

پ/ لەچی ئەترسای؟

هەموو سەیری منیان ئەکردو قسەیان ئەکردو پێئەکنین و هەریەکەم شەو ئەو حاجیە[37] بەمنی وت: "هەستە وەرە لای خۆم"، لەسەر قەنەفە دانیشتبوو.. کەهەستام بچمە لای کەچی یەکێك لەو پیاوانە نەمزانی کامەیان بوو، سیان بوون لەسەر قەنەفەیەك دانیشتبوون، کە هەڵسامە سەرپی یەك دانەیان کێشا بەسمتمدا منیش قیژانم ئاوڕم دایەوە هەموویان: "پێدەکەنین"، ئیتر لەخۆمەوە زۆر ترسام ژنەکەش هیچ قسەی نەکرد بەس وتی: "بۆ ئەگری قەیچێکە سوعبەتە".

پاش سێ بەسەرهات بۆمان دەردەکەوێت (ن) یش بەرێگایەك لەرێگاکان ناچاردەکرێت ببێتە لەشفرۆش، لەبەسەرهاتی (م دا خەسوی ناچاری کردوو پیاوە زۆر ناشرینەکە ئیغتصابی کرد.. لە بەسەرهاتی (س) دا خاڵی و براکەی بۆ یەکەم جار ئیغتصابیان کرد.. لە بەسەرهاتی (ن) دا کوڕەکانی حەجییە بۆ یەکەم جار ئیغتصابی دەکەن بەپێی گراونددتیۆری دەتوانین بڵێین ئەوانەی بەزۆر ناچاردەکرێن ببنە لەشفرۆش لەکوردستاندا زۆربەیان بەرێگای ئیغتصاب ناچاردەکرێن.. هەروەها پەردەی کچێنی جارێکیتر لەبەسەرهاتی (ن) یشدا پارەیەکی زۆردەکات ئەمەش پێمان دەڵێت کەکەلتووری کۆمەڵگای کوردی پرەلەخەوشی پیاو سالاری و نابەرابەری لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئاساییە گەر ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی ژن کوژ بێت .

شەو کەخەوتین من زۆر خەوم لێنەئەکەوت و حاجی لای خۆیەوە جێی بۆ داخستم، کەچی نیوە شەو یەکێك لە کوڕەکان لەسەر قەنەفەکە خەوتوو بوو، لەپڕ دەستی کرد بەژێر بەتانیەکا زۆر تونگ (**سنگی**) گرتم منیش زریکانم و هەستام گریام وژنەکە هەڵسا بەکوردی قسەی کرد، نازانم وتی چی؟ وکوڕەکە ڕۆیشت لەو ژوورە.. وابزانم توڕ بوو

[37] مەبەستی لە حاجیە، وشەی ((حجية)) یە لە زمانی عەرەبیدا، بەشێوەیەکی گشتیش بەژنێکی بەتەمەن دەوترێت کە لێرەدا زیاتر مەبەستی لەو ژنەیە کە لەگەراجەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی

لێی.. ((چاوی پڕبوو لە ئاو... گریا... ))دوایی وتی:
بەیانی زۆر دڵم تەنگ بوو وحەزم ئەکرد بڕۆم ئەو ماڵە زۆر قەرەباڵغ بوو پڕبوو لەژن و پیاو هەمووشیان هەر پێئەکەنین، ئەو سێ شەوە کەلەوی بووم هەر سەیری فلیمیان ئەکردو ئەشیان خواردەوە، من وامئەزانی خەو ئەبینم، هەندی جار وەکو فلیمی میصری ئەو عائلە یەم ئەبینی. بەیانیەکەی هەڵسام ویستم دەموچاو بشۆم لەحەمام! کاتێك زانیم یەك کەس لەپشتەوە تونگ گرتمی نوساندمی بەدیوارەکەوە.. زۆر قایم خۆی پێوە نووسانم لەپشتەوە!!.. منیش هاواری حاجیم کرد ئیتر کوڕەکە دەرگای حەمامەکەی داخست ومن ئەم قیژاند ئەویش بەزۆر دەرپێکەی داکەندم سێکسی کرد.

بازاڕی لەشفرۆشی لەکوردستاندا بازاڕێکی هەڕەمەکی نیەو بەتەنیا کڕیارو فرۆشیار ڕێکیان خستبێت، ڕاستە دەسەڵات لەپشت ئەم بازاڕەوە نیە بەڕاستەوخۆیی، بەڵام تاکی دەسەڵاتدار پشتیوانی لێ دەکات، ڕەنگە ئەم شیکردنەوەیە سەیربێت، بەڵام ڕاستیەکە بەپێی پێوەرو ئامارە.. کام پێوەر؟ ئەوپێوەرەی کەبەستراوەتەوە بەبازاڕەکانی تری جیهانەوە بۆ لەشفرۆشیو نرخەکەی بەئەندازەیەك بەرز نیە کەئامارەبێت بۆقەدەغەکردنی تەواوی یاساو لەکۆتایشدا دەڵێین سەرمایەگوزاری تیادادەکرێت چونکە ئەوسەرمایەی دەخرێتە خزمەت هەر لەشفرۆشێکەوە دەرامەتێکی هەیە سەرەنجامی کڕینی خزمەتگوزاری جەستەی لەشفرۆشەکە.
دەتوانین بەم جۆرە لەبازرگانیو بازاڕ بڵێین (مەنکی بزنس) چونکە هیچی جیاواز نیە لەقاچاخ چێتی مادەسڕکەرەکانو تیرۆری نێودەوڵتیو شێوازەکانی بازرگانی کۆیلە لەکۆندا.

پ/ چۆن؟
هەر بەپێوە خۆی پێوە نووسانم (**شتێك لەنێوان هەردوو قاچمدا بوو**)، من ئەو کاتە نەم ئەزانی سێکسی پیاو وایە، (**کە تەڕبووم**)، وام زانی میزی پیاکردوم ئەوانیش لەدەرەوە هەموو هاواریان دەکرد.. ئەیان کێشا.. بەدەرگاکەدا.. ئەو توند دەممی گرتبوو.. ئەی مژی ئیتر کەتەواو بوو دەرگاکەی کردەوە.. دیاربوو بوو بەشەڕیان.. من هەر لەحەمامەکە کەوتم ئەگریام نەمزانی چیە؟ ئەو حاجیە لێی پرسیم خوێنت هەبوو بردمیە ژوور ئیتر خۆشی دزداشەکەمی هەڵدایەوە سەیری کردم وبردمیە دەرەوە، وتم: ئەڕۆم من نەهاتووم بۆ ئێرە من ئەڕۆم بۆ ئەو منەزەمەیە.. وازم لێبێنن.. ئیتر ژنەکە درۆی لەگەڵ کردم.. زمانم

ئەیەشا واتون (**ئازاری دابووم**) لیوم ئاوسابوو. حاجیە ئیغفالی کردم وتی: "من خەڵك دەناسم لەو منەزەمەیە ئێستا تەلەفۆنیان بۆ ئەکەم بێن بووبەن"... ئەو کوڕەشێتە بۆ وای کرد؟ وتی: "مەترسە من لەسەر تۆ دەرمکرد"..ئیتر منیش باوەڕم کرد بەڵام هەر ئەترسام نانم بۆ نەدەخورا ژنەکەش هەر خەریکی تەلەفۆن بووئیترتا عەسر خەڵك زۆر هاتن ژنیش و پیاویش هاتن یەکسەر دە چوونە ژوورەکەی دواوە و منیش لەگەڵ حاجی لەهۆڵەکە دانیشتبووم هەندی جار کە لە دەرگا ئەدرا منی ئەخستە پشت مەعرەزی نوێنەکان نازانم بۆ هەندی جاریش کە پیاوەکان ئەهاتن باش تێنەئەگەشتم بەس ئێستا هەست دەکەم حیوارەکان چی بوون.

دەستیان بۆ من ڕادەکێشا بەڵام حاجییەکە دەیوت: "نا ئەمە میوانە"، ڕۆژی سێهەم بوو بەژنەکەم وت ئەو هەموو خەڵکە بۆ دێن وتی: "من شەریکەم هەیە ئیشم هەیە"، وتم ئەی ئەو هەموو ژنە بۆ هەر دەچنە ژور شکم کردبوو بەس ئەو کاتە باش تێنە ئەگەیشتم، ئیتر سی چوار پیاو هاتن هەموو کەشخە بوون هەر قسەیان دەکرد.. منی لەگەڵ ئەوان دانا یەکێکیان بە عەرەبی شتی زۆر لی پرسیم زیاترە لە (100) پرسیاری کرد ئینجا تۆزێك دڵم خۆش بوو چونکە پیاوەکان هەموویان قاتیان لەبەردا بوو زۆر موسەقەف بوون وپرسیارەکانیان باش بوو.. حاجیە وتی: "ئەمانە دەتبەن بۆ منەزەمەی (حقوقی ژن)"، منیش باوەڕم کرد دووسەیارەی لاندکرۆز ی سپی تازەیان پی بوو منیان خستە ناوی، بەڵام حاجیە وەرەقەیەکی ئیمزا کرد و یەکێکیان پارەکەی دایە.. حاجیەکە بژاردی من ئەو کاتە یەکەم جار بوو دۆلاری امریکی ببینم بەس نەمزانی دۆلارە.. بەس کەژنەکە بژاردی (نازانم چەن) دانەبوو، بەس زۆر بوو یمکن 12 یان 15 من هەر سەیری دەستیم کرد و وتم: حاجیە ئەو پارەیە چیە؟

وتی: "هەقی خواردن و مەصرەفی ڕێگاو هەموو شتەکان ئەیدەنەوە"، ویەکسەر وتی: "تۆ ئەزانی ئەمە چەنە؟"، وتم ئەم پارەیە کوردیە یان ئەمریکیە؟ هەموویان: "پی کەنین"، ئیتر حاجیە وتی: "پارەی تورکیە" قەشمەری کرد بەس زانیم ئەمریکی بوو.. دوایی کە هاتینە دەر لەماڵەکە گەرەکەکە زۆر چۆڵ بوو وەکی قریە وابوو من لەوسی ڕۆژە دەرەوەم نەدیبوو.. هیچم نەدەزانی.. ئیتر سواری سەیارە بووین هاتین، تەقریبەن (35) دەقە لەسەیارەدا بووین.. ئیتر چووین بۆ یەك بازاڕ پیاوەکان دوانیان لەگەڵم هات هەموو شتیان

بۆ کڕیم پانتۆڵ، پێلاو، جانتا، مکیاج، ستیان، لیباس، شامپۆ، عەتر، سەعات، موستیلە، دوو قـەمیس، خـاولی، بیجامـە، هـەموو شـتی... هـەموو شـتی... فرشـی دان... ئـیتر ڕۆشتینەوە بۆ ماڵ لەسەیارەکا.. پرسیم ئێرە کوێیە؟ سایەقەکە وتی:"سلێمانیە"، وتم ئەی ماڵی حاجیە کوی بوو؟ وتی: "هەر سلێمانی بوو"، وتم ئەی بۆ ئەوی لەلادی ئەچوو؟ وتـی: "ئـەوان فـەقیرن لـەو گەڕەکـە دەژیـن"، وتم ئێسـتا ئەچـینە کـوی؟ وتـی: "بـۆ مونەزەمەکە"....

کە دابەزیم، ماڵێکی زۆر خۆش بوو پیاوەکە خۆی دەرگای کردەوە بەسەیارەکەوە چوینە ژوور ئینجا غەرازەکانمیان داگرتو بردمیانە ژور.. لەماڵەکە ژنێکی قەڵەو لەوی بوو دوو کچ.. کچەکان زۆر قسەیان لەگەڵ نەئەکردم، بەڵام ژن و پیاوەکە زۆر.. تاکو بوو بەشەو ماڵەکە میوانیان هات هەر پیاو ئەهاتو ئەڕۆشتن زیاتر پیاو ئە هاتن ژن کەم.. بەمنیان وت: "برۆ خۆو بشۆ"، ومن خۆمشت و ژنەکە هات برۆو سمێڵی بۆ کردم.. قژی بۆ مجففە کردم.. ومکیاجی بۆ کردم.. عەتری لێدام.. ستیانەکەی پی لەبەر کردم.. قاچم و دەستمی بە گوێزان کرد.. هەموو گیانم.. کە لەحمام بووم هات سەیری کردم، ئنجا وتی: "بن باڵتو ئەوانەت پاککەرەوە"، یەکەم جار بوو نەم دەزانی گوێزانەکە بەکار بهێنم هەمو گیانم بریندا بوو شەرمیشم دەکرد..

وتم بۆ ؟ وتی: "دەبێ پاك و خاوێنبی"، منیش باوەڕم کرد، بەڵام ئێوارەکەی لەمەتبەخ یەکێ لەکچەکان تۆزێك عەرەبی دەزانی وتی: "تۆ ئەزانی ئێرە کوێیە؟" وتم ئا سلیمانیە.. ئینجا وتم ئێوەش ڕاتان کردووە لێرە بەخێوتان دەکەن؟ کچەکە: "پێکەنی.. جرتێکی بۆ لێدام".. دەستی یابەشانما وتی: "یەمعەودە"، وتم تۆ کچی ئەم ماڵەی؟ وتی: "نە ئێرە ئەو شوێنە نیە (حقوقی ژنی چی؟و شتی چی؟ بی ئە قلّ مەبە بڕۆ ڕاکە تۆ لێرە نامێنی پارەی باش ئەکەی"، ئیتر زیاتری پێنەوتم، چونکە ژنەکە هات یەکسەر ئەو ڕۆی چوە ژورێکی تر دانیشت وتی: "ئەو کچە چی پێ وتی؟"، وتم هیچ.. ئینجا شەو دژداشەم لەبەر بوو ژنەکە وتی: "دەبێ جلەکانی تر لەبەرکەی.. دەڕۆین"، منیش خۆم گۆڕی و هاتم کەچی وتی: "بڕۆ هەموو شتەکان بهێنە"، وتم بۆ نایەینەوە ئێرە؟ وتی: "نا"، لەبەردەم دەرگای متبەخەکەدا ژن و پیاوەکە بەکوردی زۆریان قسەکرد.. هەر سەیری منیان دەکردو ژنەکە سەیری سەعاتی دەکرد.. ئیتر نەمزانی مناقشەکەیان چیە؟ تاکو ژنەکە

وتی: "باشە"، بەمنی وت: "شتەکانت لێرادانی بچۆرە ئەو ژوورە"، پیاوەکە بەدواما هات ژوورەکە سیسەمێکی لی بوو پیاوەکە یەکسەر خۆی ڕوت کردەوە و پەلاماری دام.. قیژاندم دەمی گرتم وتی: "تۆ دەبی لەگەڵم سێکس بکەی، ئەگینا تسلیم بەباوکت دەکەین"، ئیتر زۆر خراپ پەلاماری یام منیش هەر هاوارم بوو بەڵام پیاوەکە لیباسەکەی منی دانەکەند بەس جلەکانی ترم.. وەخۆی دابوو بەسەرماو محاوەلەی دەکرد تاتەواو بوو ئینجا هەڵسا.. ئیتر ژنەکەش هاتە ژوور ئیشارەتی کردم وتی: "وسبە"، هەر حەپەسابووم.. تەوەقوعم نەدەکرد.

پ/ ئەویش بەتەواوی سێکسی لەگەڵ نەکردی؟

**نا** بەڵام دووهەم جار هەموو جلەکانی لەبەر داکەندمو (**بەشێوەیەکی نادروست سێکسی لەگەڵ کردم**).

پ/ چۆن ئەو شەوە لەوی مایتەوە، بەم حاڵە؟

نا هەر کەتەواو بوو..... (**هەموو دەموچاویشمی پیسکرد**)، ئیتر من خەریك بوو بڕشێمەوە... ئینجا بەزۆر لیباسەکەی داکەندم.. وتی: "بکەوەرە سەردەم....."، هەر کوشتمی (**ئازاری سنگی زۆر دام**) هەر چەن پاڵێ پێوە دەنام خەریك بوو دەمردم.. ئیتر کەتەواو بوو هەڵساو یەکێکی کێشا بەگیانما، وتی: "هەڵسە"، کەهەڵسام ژنەکەی بانگ کرد ئیتر سەیرم کرد ژنەکە زۆر ئیعتیادی هاتە پێش سەیرێکی سەر سنگی کردمو وتی: "خۆ (**عەیباری نەکردی**) پێش ئەوەی بێمە ژور؟"، من هیچ قسەم بۆ نەکرا...سەیری لەشی کردم و وتی: "هەڵسە خۆت بشۆ"، من حەپەسابووم وتی: "هێی لەگەڵ تۆمە.. هەڵسە بچۆرە حەمام خێراکە سەرت تەڕمەکە بەس لەشت بشۆ.. دەڕۆین".. ئیتر چوومە حەمام کەهاتمەوە لەژوورەکە هەموویان زۆر ئیعتیادی دانیشتبوون.. کوڕێکی گەنج لەلای یەکی لەکچەکانەوە بوو کچەکە لەسەر قەنەفە دانیشتبوو، ئەو بەپێوە.. کوڕەکە دەستی خستبووە (**ناو سنگی کچەکە**)و میوەیان دەخوارد.. من زۆر پەشیمان بووم کەڕام کردوە! من وامزانی هەموو شمال ژیانیان وایە.. وامزانی مەنەزەمەی (حقوقی ژن) وایە.. چوزانم.. هیچ تی نەئەگەیشتم.. ئیتر خۆمشتو ئەشگریام، لێم تووڕە بوون وتیان: "نابی بگریت"، بردمیان بۆ ماڵێك شەوبوو ماڵەکە من نازانم کی بوو بەس لەحکومەت گەورە بوو چونکە لەبەر دەرگای ماڵەکە حمایە هەبوو! ولەژوورەوە لەهۆڵەکە ڕەسمی پیاوەکە هەبوو

لەگەڵ جلی عسکری.. بۆیە زانیم ماڵی ئەوە.. ئینجا ماڵەکە چۆڵ بوو کەس لەوی نەبوو بەس خۆی بوو لە گەڵ یەك کەسی تر.. ژن و پیاوەکە منیان جێهێشت لەوێ. ئەو شەوە ئەو پیاوە تابەیانی زیاتر لە (20) جار لەگەڵم سیکسی کرد، خۆی و کورێکی تر، ئەو زۆر پیر نە بوو!

پ/ چۆن سێکسیان لەگەڵکردیت؟

ئەوگەنجەکەیان یەکسەر (**بەئاسایی سێکسی لەگەڵکردم**)و دیار بوو ئەوان بەپارەیەکی زۆر منیان دابوو، چونکە ئەوان دانەنیشتن.. پیاوەکە لەژوورەکە.. نازانم چەن بوو پارەکەی دانیو ڕۆشتن.. ئیتر وتی: "بڕۆ خۆت بشۆ"، وتم ئێستا خۆم شتووە.. وتی: "مەگری تاقەتی گریانم نیە، زۆر بگریت تسلیم بەشورتەت دەکەم"، ئینجا بەعەرەبی پێی

لەماوەی حوکمڕانی ڕژێمی بەعسدا کەڕژێمێکی دیکتاتۆری بوو هەروەها ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەسەر ئەم ڕژێمەدا زاڵ بوو ئەم ڕژێمە بۆنزیکەی نیوسەدە کاری دەکرد لەسەر دژایەتی نەتەوەکانی تر وبەتایبەت کورد کەکارەساتەکانی کیمابارانو ئەنفال باشترین شایەتحاڵ بوون.. لەماوەی حوکمی ئەم ڕژێمەدا لەکوردستاندا ڕاوەدوونانو گرتنو ئەشکەنجەدان یەکێك بوون لەڕێگاکانی دژایەتی خەڵکی کوردستان لەژێر ئالآی ڕاسیزمی عەرەبیدا، ڕەگەزی مێ لەم ماوەیەدا هەمیشە وەك چەکێك بەکار هاتوە لەبەرامبەور خەڵکی کوردستاندا.. چونکە تەعەداکردنو ئیغتصاب لەلایەن هێزەکانی ناوخۆی ئەوکاتەوە دژی بزوتنەوەی سیاسی لەکوردستاندا بەکاردەهێنا، ئەگەردەست بەرداری ئەم لایەنەی هاوکێشەکەببین بۆچەند ساتێك وبێینەسەر چەمکی پیاوەتیو سێکس وەك ناموسو دەسەلأتو تۆڵە ئەوا لەکۆمەڵگایەکی پیاوسالاری وەك کوردستاندا دەڵێین کاتێك پیاوەکە بە(ن) دەڵێت:"بێ ئەخلاقی عەرەب": ئەمە جۆرێکە لەلەشفرۆشیو ڕاسیزم کەدەرهاویشتەی دوو ڕەگەزی سەرەکی هاوکێشەیەکن، یەکەم ڕەگەزیان بریتیە لەکاردانەوە بەرامبەر حوکمی ڕاسیزمی عەرەبی لەڕابردوو یادەوەری خەڵکی کوردستاندا بەشێوەیەك کە لەنەستیاندا جێگیر بووە.. جێی باسە لەزهنیەتی کەلتووری پیاوسالاریدا.. کەئەم حاڵەتە لەیادەوەریدا تۆماربوویێت هەموو ژنێکی عەرەبیش بەلەشفرۆش دەبینێت.. ڕەگەزی دووهەمی هاوکێشەکەمان پیاوسالاریو ناموس پەرستییە کەزۆرنامرۆیانە ڕقوکینەکانی ڕەگەزپەرستی لەسێکسدا دەبینێتەوەو ممارەسەی سێکسی لەگەڵ ژنی نەژادێکی تردا بەسەرکەوتن دەبینێتو لەحاڵەتی کوردستاندا زۆرئاساییە سێکس لەگەڵ ژنی عەرەبدا لەم بارەدا وەك تۆڵەیەك بۆڕژێمی صدام بەرجەستەبکات.

وتم: "ژنی یان کچ؟" وتم کچ.. وتی: "خۆ ئەگەر ژن بی تۆش‌و ئەوانیش قوڕتان بەسەر"، منیش وتم من ئەوان فێڵیان لێکردم، وتیان: "تۆ دەبەینە مونەزەمە"، من باوکم بزانێت ئەم کوژی ئیتر زۆر گریام.. شتی زۆری لێپرسیم.. وتی: "ئەمە باشترە بۆ خۆت دەوڵەمەند دەبی، مونەزەمە چیت بۆ دەکات.. ژنی چی؟ خۆت ئەژێنی.. من بەیانی تەسلیم بە یەکێکت دەکەم، بەلاّم ئاقڵبە خۆتۆ کچی.. چی تێئەچی جار جار لەگەڵ پیاوێك بخەوی؟ پارەت ئەدەنی"، ئیتر زۆری قسە کرد دوایی بیرەیەکی بۆ هێنام‌و وتم حرامە ناخۆم.. بەزۆر دوو سی قوومی دامی.. منیش هەر خەریك بوو بخنکێم.. دوایی ئیتر ڕوتی کردمەوە هەموو گیانمی لێسایەوە. زۆر زۆر ماچی کردم وەکو ئەوان نەبوو یەکسەر سێکس بکات، پەلەی نەبوو، ئە زێتیشی زۆر نەدام، بەس قایم ماچی دەکرم‌و (**زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵ سنگم دەکرد**)، زۆر زۆر خەریکم بوو.. تاوای لێکردم (ئیسارە بووم)، ئیتر لەگەڵم خەوت، بەلاّم ئازارم زۆر زۆر بوو. .... بەدەسڕ گیانی بۆ سڕیم، وتی: "ڕاستە کچ بووی"، ئیتر هەر لەگەڵم سێکسی دەکرد، بەلاّم دوو حەبی یامی خواردم وتی: "باسکت نەبی"، ئینجا ئەوەندەی خوارد بووەوەو جنسی کردبوو بەیانی جنێوی پی ئەدام ئەی وت: "**بیّ ئەخلاقی** عەرەب پێست و گۆشتم پێوە نەماوە ناتوانم لیباسەکە لەپی بکەم"

پ/ کامیان تۆی کردە ژن؟

ئەوە یان کە تۆزی پیرتر بوو ئەوی تر چوار جار سێکسی کردی ئیتر لەژووری سەرەوە خەوت.. ئیتر بەیانی تەلەفۆنی کرد بۆ ژنێك وپارەشی دامی، وتی: "زوو زوو وەرەوە تا (**گیانت گەورە نەبوە)**"، من هەر شەرمم دەکرد.. ژنەکە هات بەشوێنما بردمی بۆ ماڵی خۆیان تا سی چوار سەعات.. ئینجا ئەویش جوابی نارد بۆئەم ژنە (**ح**) بردمی بۆ شوێنی نەمزانی کویّ بوو (4) شەو لەوی بووم (9) پیاو بوون.. عەینەن موراجعی دکتۆر، هەریەك لەدوای یەك.. مردم هەموو گیانم ئەیەشا یەکی (**بەشێوەی نادرووست‌و یەکێکی تر بەشێوەی درووست سێکسیان لەگەڵ دەکردم**)، ئینجا بەزۆر ئەیان وت: ".....بۆمان"، ئینجا یەکێکیان ئەیوت: ("**من سێکس ناکەم بەس حەز دەکەم بەر هەموو گیانت بکەوم**") ئیتر شێتیان کردم (**بەهەزار شێوە سێکسیان لەگەڵ کردم**).

پ/ چۆن بۆ (9) کەس ڕازی بووی؟

هەر کەبردمیان نازانم چی بوو.. شەربەتیان دامی، هی قوتو، بەس هەڵپچڕابوو.. قەصەبی تیابوو سەر خۆشیان کردم.. بەس ئاگام لەشتەکان بوو.. ئەمویست هەڵسم **بچمە تەوالێت**، نەم توانی دەمم تێکەڵ‌و پێکەڵ ئەبوو زمانم قورس بووبوو.. بەس ئاگام لەهەموو شتی بوو ئیتر هەر (9) کەسەکە تابەیانی یەکی دووجارو سی جار سێکسیان کرد.. من نەشم ئەزانی، خۆمن هیچ شارەزانەبووم، ئەم ژنە کەبردمی شوقەیەك بوو ماڵەکە، ئەویش پربوو لەخەڵك هاتو چۆیان دەکرد.. بەس شەو دوو ژن‌و 9 پیاو مانەوە.. ولەبەرچاوی یەکتریش سێکسیان دەکرد، ئینجا لەپڕپێدەکەنین، ئینجا جار جار چاوم ئەکردەوە یەکی لەسەر سەرم بوو یەکی لە دوواوە ئەوانی تریش سەیریان دەکردین...

**(یە کێکیان هەر بە دەست خەریك بوو گیانم تەواو خوێناوی بووبوو)**، ئیتر دووای چوار پێنج ڕۆژ دامی بە (**ت**)، ئیتر ئەویش تا ماوەیەك لەماڵی خۆی هێشتمیەوەو هەر پیاوی بۆ دەهێنام,, هی پیر پیر.. ئنجا نەشی دەهێشت بچمە دەرەوە تاڕامکردە سەر جادە.. خۆم بەس ڕەقەمی (ح) هەبوو ئەو تۆزی باشتر بوو خۆی زۆر لێم تورە نەدەبوو، لێی نە ئەدام بەس (ت) زۆری لی ئەدام.

پ/ بۆ؟

ئافرەتێك هەبوو ئەهاتە ماڵی ئەو هەموو جار دەیوت ئە بی لەگەڵم سێکس بکەی منیش ڕقم لێی بوو زۆر پیس بوو قژی ئە گرتم ئەیوت "**(دەی سێکسم لەگەڵ بکە)**"

پ/ ژن بوو؟

بەڵی ژن بوو بەس سێکسی لەگەڵ ژن دەکرد زۆریش پیر نەبوو هەر بەقەدەر (ح) دەبوو.

پ/ چۆن لە گەڵ ژن؟

وەڵلاَ.. بەقورعان. ((...پی کەنی))

زۆر سەیربوو! منیش یەکەم جار هات روتیکردمەوەو **(لەلایەك دەستکاری سنگی دەکردمو لەلایکی تر هەر مەپرسە....)**

پ/ لەوەناچێت بڕوا ناکەم؟

حەز ئەکەی لە (ح) بپرسە.. ((زۆر بەدڵنیاییەوە ئەو قسانەی گێڕایەوەو لەو کاتانەشدا هەردوو سەرۆك باندەکان (ح)و (ت) گیرابوون‌و لەهەمان زیندان بوون‌و لەسەر ئەم کچەش گیرابوون)).

پ/ شوی کردبوو؟

ئا منالّی هەبوو بەس ئەیوت حەزم لەژنە.

ـــــ چاوپێکەوتنی دوەم ـــ

پ/ ماڵە دەلاّلّەکان باشترە یان کەهەر خۆت بەسەربەستی ئەوکارەبکەیت؟

هیچیان.. چونکە هەر یەك ئیشە بەس کە لەماڵی **(دەلاّلّەکانی)** شەو ناترسی لەماڵێك بۆخۆت دەخەوی، بەس لە شارع لەکویا دەخەوی؟ لەشارع ڕۆژ خۆشە لەماڵی **(دەلاّلّەکان)** شەو

پ/ شەو پیاویان زۆر بۆدەهێنان؟

ئا بەس بە قەد ڕۆژ نا ڕۆژ زیادتر لە 100 پیاو دێن..

پ/ لە ماڵی (ح) چەند کەس بوون؟

سیان خۆشی ئیتر بەڕۆژ کچی تریش ئەهاتن.

پ/ لە ئافرەتەکانا زیاتر پیر دە هاتن یان گەنج؟

گەنج

> کاتێك دەبینین (ن) ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆماڵی باوکی‌و بۆخۆشی هیچ داهاتێکی نیەو هیچ دامەزراوەیەکیش نیە کە بیگرێتە خۆی بۆیە دەڵێت بەڕۆژدا دەرەوەخۆشە بەلاّم ناچاریت شەو بچیتەوە شوێنێك (ماڵی سەرۆك باندەکان) ئەوا دەڵێین ئەوهۆکارەی کەخانەکانی لەشفرۆشی بەردەوام دەکات سەرەرای بازاڕەکانی سێکس بریتیە لەبیّ لانەی.

پ/ لەکریارە کاندا کامیان؟

هەردووکیان وەك یەك..

پ/ بۆ ئێوە کامیان باشتر بوو گەنج یان پیر؟

گەنجەکان.. چونکە پیرەکان درەنگ تەواو دەبن هەر شێت دەبووین.. من سیّ جار تەواو دەبم ئەوان هەرهێشتا تەواو نەبوون بەس گەنج زوو تەواو دەبی کەچی زیاتر پیرە کانیان ئەدا بەئێمە گەنجەکان بۆ خۆیان.

پ/ مەبەستت دەلاّلّەکانە، یان ئەوان دە یانوت کە ئێوە دەبی لەگەڵ پیربخەون؟

ئا ئنجا پیاوەکان خۆشیان کەدەهاتن، پیرەکان، یەکسەر داوای ئێمەیان دەکرد بەس گەنج نازانم بۆ ئەوانیان دەویست؟ مەبەستم ژنی بەتەمەنە.

پ/ کڕیارەکان زیاتر بەتەصەوری تۆ موسەقەفن یان عەشایەر؟

**موسه‌قه‌ف ته‌له‌به‌ی جامیعه‌ن یان هه‌ندێ كه‌سم له‌ته‌له‌فزیۆن بینیوه‌ سه‌دجار هاتون ده‌یان ناسمه‌وه‌!**

**پ/ چه‌نێكه‌ لێره‌ ماویته‌ته‌وه‌؟**

**یانزه‌ مانگه‌**

**پ/ بۆناڕۆیته‌وه‌ بۆ به‌غا؟**

**هه‌ر ناتوانم ئه‌م كوژن، ئه‌وسا هیچم نه‌كردبوو باوكم ده‌یوت گوێت ده‌بڕم ئێستا هه‌ر سه‌رم ده‌بڕێت.**

**پ/ كه‌ ڕاتكرد له‌ماڵی (ح) بۆ نه‌رۆشتی بۆسه‌نته‌ره‌كان؟**

**كوڕێكی زۆر باش ناوی سه‌ركه‌وت[38] بوو بردمی سی ڕۆژ سوڕاندمی كه‌چی وه‌ریان نه‌گرتم؟؟ وتیان: "عه‌ره‌ب وه‌رناگرین"، ئه‌و سه‌نته‌ر (X,Y,Z[39]) هیچیان قبوڵیان نه‌كرد له‌وێبم!!**

**پ/ چۆن ئه‌و كوره‌ت ناسی هیچی له‌گه‌ڵ كردیت؟**

**نا به‌قورعان ئه‌و زۆرباش بوو ئێستا هه‌ر ته‌له‌ فون ده‌كه‌م بۆ ئه‌و هه‌تا محامیم بۆبگری، ئه‌و زۆر باش بوو.. شه‌وێكیان پۆلیس ڕاوینام له‌به‌رده‌م مزگه‌وت خه‌وتبووم ئیتر ڕامكرد**

**سیسته‌می یاسایی‌و سیاسی عێراق‌و كوردستان به‌ئه‌ندازه‌یه‌ك تێكچوه‌ سه‌ره‌نجامی ڕق‌وكینه‌و پیرۆزی كه‌لتورو پیاوسالاری‌و ناموس په‌رستی، كه‌به‌هیچ جۆرێك ده‌رفه‌ت نادات هه‌ڵه‌ ڕاست بكرێته‌وه‌ یان ده‌بینین له‌چوارچێوه‌ی ئه‌م سیسته‌مه‌دا تاوانبار ئازادانه‌ تاوانه‌كانی خۆی ده‌كات‌و تاوان لێكراویش له‌چاوی نزیك ترین كه‌سدا بۆی هه‌یه‌ به‌بێ ڕه‌وشت له‌قه‌ڵه‌م بدرێت‌و بكوژرێت.. ئه‌مه‌ش ته‌واوی ئه‌وره‌وشه‌یه‌ كه‌ (ن )ی تیادا ده‌ژی، له‌توندوتیژی خێزان هه‌ڵات‌و بوه‌قوربانی بازاڕه‌كانی سێكس‌و به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ خواستێكی خۆی‌و پێخۆش بوونێكی تیادا بێت.. كاتێكیش په‌شیمان ده‌بێته‌وه‌ له‌هه‌ڵاتن ناتوانێ بگه‌ڕێته‌وه‌و ده‌ڵێت.. "ئه‌وسا هیچم نه‌كردبوو گوێی ده‌بڕیم ئێستا سه‌رم ده‌بڕێت". ئه‌مه‌ ئه‌و شوێنه‌یه‌ كه‌لێبورده‌یی تیایدا له‌وپه‌ری مه‌عدومیه‌ت دایه‌ ته‌نانه‌ت ڕێكخراوێك دامه‌زراوه‌یه‌ك ده‌زگایه‌كی حوكمه‌تی نیه‌ بتوانێت به‌ریگای یاسا، كۆمه‌ڵایه‌تی، مرۆیی ئه‌و لێبورده‌ییه‌ بگه‌ڕێنێته‌وه‌.**

---

[38] لێره‌دا بۆیه‌ ناوی (سه‌ركه‌وت) ناكه‌ینه‌ هێما، چونكه‌ كه‌سێكه‌ مرۆڤدۆستانه‌ مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌م كچه‌داكردوه‌.

[39] له‌ڕاستیدا ناوی ئه‌و سه‌نته‌رانه‌ی هه‌موو باسكردوه‌ به‌ڵام له‌به‌ر ڕێزم بۆ كاری ئه‌و سه‌نته‌رانه‌و ستراتیژو سیاسه‌تی خۆیان ناوه‌كانیان باس ناكه‌ین.

کەوتم هەموو گیانم بوو بەقوڕ زۆر پیس بوو بووم، ئنجا شەوانیش سارده.. ئەو خەڵکە ئاگردەکەنەوە لەبەردەم شارعەکان ئیتر هەموو گیانم دوکەلی ڕەشو پیسی بوو زۆر چڵکن بووم بەڕۆژ سواڵم دەکرد بۆئەوەی ئەو ئیشە نەکەم بەس هەر وازیان لیٚ نەدەهێنام ئەچوومە هەر شوێنێك دەیان بردم فیێلیان لێدەکردم، بەتایبەت پۆلیسو مرورەکان من دەموت بەشکم ئەوان باشن دفاع ئەکەن لیٚم کەچی ئەیانبردم بۆ یەك مەنتقە پێیدەلێن (**گردی**...) هەموو پیاوەکان دەمبەن بۆ ئەوی.. ئیتر من پیس بووم بەیانی بوو لەژنان شتم دەپرسی کەس جوابی نەئەدامەوە یەکی دەیوت: "بڕۆ".. یەکی دەیوت: "لاچۆ.. درۆدەکەی، تۆ جاسوسی"، ناچار لەپیاو پرسیارم دەکرد.. لەچاخانەیەك پرسیم حەمامی ژنان لەکوێیە ئیتر یەکی پرسی: "بۆ چیتە؟"، وتم خۆم ئەشۆم، ئیتر وتی: "تۆ خەڵکی کوێی"، پێموت بەغا.. ئیتر هەنی شتی پرسی وەلاٚمم دایەوە، وتی: "وەرە بت بەم"

سوار سیارەکەی کردم بردمی بۆدەشتێکی چۆلٚ ئیتر لەوی بەزۆر سێکسی کردو ڕۆی جێی هێشتم.. منیش نەمدەزانی چۆن بێمەوە بۆ ناو سلێمانی.. زۆر گریام لەسەر جادە دەستم ڕائەکرت بۆسیارە یەك سیارەی ئۆپلٚ وەستا.. یەك کوڕی گەنجی تیابوو وتی: "بۆ ئەگریت؟" پێموت.. ئیتر وتی: "سەرکەوە".. لەدواوە سەرکەوتم.. بردمی بۆ حمام نزیك بازاڕبوو.. سابونو شتی بۆ کڕیم.. لەناو سیارەکا هەموو شتەکانم بۆباس کرد زۆرباش بوو لەگەڵم وتی: "برۆرەوە بۆبەغا باشترە"، ئیتر وتی: "خۆت بشۆ ئەت بەم بۆسەنتەر"، ئەو کوڕە منی برد سی ڕۆژ منی سوڕانەوە لەمەرکەزو سەنتەرەکان.. کەس وەری نەگرتم ئەو بردیشمە بۆ ماڤ مرۆڤ هەر وەریان نەگرتم!!

پ/ ئەی ئەو سی شەوە لەکوی دەخەوتی؟

لەماڵی ئەوان زۆرباش بوون یەك کەس لەوان هیچی لەگەڵم نەکرد.. باوکیان زۆر باش بوو.. دایکیان.. باوکیا نو یێژیان دەکرد.. بەس مناڵەکان نا.. بەلاٚم زۆر باش بوون.. ئیتر من خۆمشت کەهاتمەدەر لەسەرم وەستابوو دیاربوو بەزەیی بەمناهاتۆتەوە... بەس ترسام کەئەویش (**داوای سێکسم لیٚ بکات**)، وتم ڕەنگە حەزکات پاکبم.. ئیتر ویستم سوار سیارە کەبم وتی: "لەدواوە سەرکەوە"، ئیتر هەر شتی لێدەپرسیم.. بردمی بۆ دوسەنتەر، وتیان: "وەری ناگرین"، ئیتر بوو بەئێوارە منی بردەوە بۆماڵی خۆیان لەگەلٚ خوشکەکانی منی داناو خۆی لەگەلٚ باوکەکەی قسەی دەکرد.. ئیتر باوکی وتی: "لێرە بە

تاسبەینی خواگەورەیە"، شەو پرسیاری ماڵی باوکمیان زۆر لێکردم.. سی کوڕیشیان هەبوو بەس زۆرباش بوون..

سێیەم شەو دایکی وتی: "حەمام گەرمە خۆت بشۆ کەچی کەهاتمە دەر کوڕەکەی تریان لەبەردەم مەغسەلەکە دەستی دەشت کەمنی بینی یەکسەر دوور کەوتەوە وتی: "عەفوو ئەو ماڵە زۆرباش بوون بەس ئەوان فێڵیان لێ نەکردم!!!

پ/ بۆ تاسەر لەوی نەمایتەوە:

باوك‌و دایکی وتیان: "مسولیەتە:، باوکی بەخۆمی وت.. وتی: "من حەزدەکەم بەخێوت کەم بەس باوکت شکات بکات ئێمە دەگرن"، ئیتر بەیانیان دەی بردم بۆ شوێنەکان تاتەسلیمم بکات، بەڵام کەس وەرینەدەگرتم. ئیتر دایکی زۆرباش بوو.. هەر نەسیحەتیان دەکردم هەموو سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد بەس شتی عادی وەك ماڵەکانی تر نەبوو، بەس سەیری فلیمی خلاعی بکەن.. بەشەرتی سەتەلایتشیان هەبوو.. ئیتر ئاخر ڕۆژ نەیان دەزانی چیم لێبکەن.. کورەکە هەردەیسوڕاندمەوەو پرسیاری دەکرد زیا لە (100) تەلەفونی کرد بۆخەڵك بەس یارمەتی من بەن.. بردمی بۆ سەلیب ئەحمەری عێراقی ئەوانیش نەیان توانی یارمەتیم بدەن ئیتر کەزانیم هیچم بۆناکری.. خۆشیان ناتوانن بمهێڵنەوە لەماڵی خۆیان ناعلاج بووم بڕۆم.

پ/ چویتە کوی؟

خۆم ڕۆشتم بۆماڵی (ح) دیسان.. چونکە عنوان‌و تەلەفونی ئەوم هەبوو، هات بەشوێنما.

پ/ تۆ زۆر بێزار بووی لەماڵیان.. بۆ ڕۆشتیتەوە؟

ئەکید.. بەس بچومایە بۆکوی؟ لەکوی بخەوتمایە؟

پ/ ئەو کچەکانی خۆی شتی وایان دەکرد؟

ئیعتیادی.. کوڕەکانیشی دەزگیرانەکەی هەموویان..

پ/ کوڕەکانی لەگەڵ تۆ هیچیان نەدەکرد؟

تەبعەن! چۆن نا؟ هەمو ڕۆژ کوڕە گەورەکەی لەگەڵم **(دەخەوت)** فیتەر بوو سیارەی پێیە نیوەڕوان ئەهات بەحساب بۆنانخواردن.. بەس لەماڵ نانی نەدەخوارد.. زیاتر لەدەرەوە بەڵام هەموو ڕۆژ دەگەڕایەوە **(جارێك سێکسی دەکرد)** و دەڕۆی هەر لەکەڵ منیش کەسیترم نەدەبینی..

**پ/ بۆبەس لەگەڵ تۆ؟**

((... **پێکەنی وتی: "وەڵڵا نازانم"**))

**پ/ دەلاڵەکان فەرقتان دەکەن لەبەینی ئێوەو کچەکانی خۆیان بۆ کڕیارەکان؟**

**نە پیاو خۆی یەت ئەڵی لەگەڵ ئەو یان ئەوەی تر دەلاڵەکان قەرار نادەن..**

**پ/ لەگەڵ تۆ زۆرتر یان کچی (ح) زیاتر دەیانکرد؟**

**هەردووکمان بەس کچەکانی زۆر نەئەهاتن خانوی تریان هەیە.**

**پ/ هەستت بە ئیستغلال دەکردلەکاتی سێکسدا؟**

**بەردەوام وابوو.**

**پ/ دەتەوی پاش سجن چی بکەی؟**

**دەچم بۆ ئێران..**

**پ/ بۆ؟**

**لەوی هەموو شیعەن بڕواناکەم ئەوشتانە هەبێت تازە ناتوانم بڕۆم بۆ بەغا.**

**پ/ حەزدەکەی ئەو ئیشانە نەکەی؟**

**زۆر من دەترسم سکم ببی هەمو ڕۆژپیاو دێن و جنس دەکەن ئێستا هەر حەزناکەم پیاو ئەبینم بەقورعان رقم لەهەموو پیاوە.**

**پ/ لەوماوەیەی لێرە ژیای چ شتێ زۆر ناخۆش بوو شتێکی زۆر پیس؟**

**هەمووکاتەکان بەس سێ ڕۆژ لەماڵی ئەو کوڕە نەبێت.**

**پ/ شتێکی زۆر قورس چی بوو؟**

((...**ماوە یەکی زۆر بێدەنگ بوو ئنجا**)) **وتی:**

**لەماڵی (ت) شتی زۆر ناخۆشم بینی هەرلێیان ئەدام.. پیاوێک دەهات هەموو جار کەسێکسی دەکرد هەر دەیکوشتم، چونکە لێی ئەدام.. زۆر زۆر (ئازاری گیانی دەدامو تەنانەت بەشێوەیەکی نادروست سێکسی لەگەڵ دەکردم)، ئیتر هەرچەن ئەی کێشا پیاما دەستی ئەوەندە قورس بوو.. شێت بوو، چونکە کەتەواو دەبوو دەگریا ماچی دەکردم زۆریش دەهات، مەگەر بەعزی جار ئیشی هەبوایە، دەنا هەمو ڕۆژ دەهات.**

**پ/ بە دەلاڵەکەت نەدەوت بۆلێم ئەدات ئەو پیاوە؟**

**چۆن بەس دەیوت: "زۆری حەز لەتۆیە لەخۆشیا وادەکات تەحەمولی خۆشی تۆیی**

**پێناکری"**

**پ/ کەس هەبوو بەزەیی بەتۆدا بێتەوە هیچت لەگەڵ نەکات؟**

**ئاڕۆژێك نەخۆش بووم (زۆر زۆرم سێکس لەگەڵدا کرابوو) عادەش بووم، ئیتر پیاوێك هات من گریام سکم دەیەشا هەر حەبی ئازارم دەخوارد.. وتی: "بۆ دەگریت؟" وتم ئازارم هەیە وتی: "بۆ ئەم ئیشە دەکەی؟" وتم قسەم لەگەڵ مەکە، چونکە (ت) دەیوت: "نابی بۆکەس ڕاستی بڵێی ئەتدەن بەگرت"، منیش بڕوام کردبوو ئەترسام!! ئیتر وتی: "بۆ قسەناکەی" زۆری کردلێم زۆر حەنون بوو ماچی کردمو وتی: "بڵی بزانم بۆحەزناکەی قسەبکەی؟" ئیتر (ت) هەر دەیوت: "خێراکەن" ئەویش چوە دەر پارەی تری دا بە(ت) وتی: "بۆ یەك سعات دەمەوی لەگەڵی بم"، هیچیشی نەکرد.. منی خستە سەرکۆشی خۆی خۆی ڕووتکردەوە زۆر محاوەلەی کرد تا پێموت: چیم بەسەر هاتوە.. ئیتر زۆر قسەی بۆکردمو فێری کردم کەناتوانن شکاتم لێبکەن وتی: "بڕۆ تۆ شکاتیان لێبکە"، وتم نازانم ئیتر ئیتفاقی کرد لەگەڵم ڕەقەم تەلەفونی دامیو وتی: "وەرە دەر بەفێڵ و بچۆ شکات بکە ئەو زۆرباش بوو.**

**پ/ بەقسەی ئەو شکاتت کرد؟**

**نا بەس کەڕۆشت زۆر بیرم کردەوە... ئیتر کەڕۆژێکیان بردمی بۆماڵێك لەوی شورتە خۆی هاتن منیش هەموو ڕاستیم وت.. نازانم لەوەدەچوو ئەو خبری دابی واتەصەوردەکەم.**

**پ/ کی مەصرەفی دەکردی کەلە مالە دەلاڵەکان بووی؟**

**مەسرەفمان نەبوو، هیچ بەس لەوی دەخەوتین و نانمان دەخوارد.**

**پ/ پارەکەت وەردەگرت؟**

**ئەبەدەن هەموی بۆ خۆیان بوو بەس بەعزی جار مەبلەغێکی کەمیان ئەدا بەخۆم**

**پ/ ئەی کەنەخۆش دەکەوتی؟**

**خۆیان حبیان بۆدەهێنام.**

**پ/ گەرعادە بوویتایە هەر دەبوو ئامادەیی سێکس کردنت تیابوایە؟**

**ئیعتیادی دەیان وت: "زوو زوو خۆت بسڕە یان ئیسفنج هەڵگرە.**

**پ/ پیاوان کۆندۆمیان زۆر پی بوو؟**

**نا بەس حەبیان دەخوارد وابزانم مونەشیت بوو..**

**پ/ کەس هەبوو خۆت حەزکەی سێکسی لەگەڵ بکەی؟**

**ئا لەسرچنار یەك کەس هەبوو زۆر جوان بوو وەك ڕاغب علامە بوو.. وتی: "ئەتهێنم"، بەس دوایی وتی: "ماڵی باوکم ڕازی نابن"**

**پ/ زۆر لەگەڵی دەخەوتیت؟**

**ئا خۆم حەزم لەو بوو..**

**پ/ شتی ناشرینی پی نەدەکردی؟**

**زۆرنا بەس ئەویش حەزی دەکرد (سێکس بەشێوەیەکی نادرووست بکات)**

**پ/ نەئەترسای سکت بی؟**

**بابەس ئەیان وت: "مەترسە خەڵك هەیە لەناوی ببات"**

**پ/ ئەوەندی لێرەبوی پێت وایە خەڵك زۆرن کەوادەکەن؟**

**هەموو ژن و پیاوەکان ئەوە دەکەن.. لەماڵی (حوت) ڕۆژی 300 کەس دەهاتن ودەڕۆشتن.. وەك گەراجی سیارات ئیزدحام بوو کچی گەنج و پیاو کوڕو هەموی دەهاتن..**

> **شایەنی باسە پەیوەندیمانکرد بە کاك سەرکەوتەوە، بۆ زانینی ڕاستیەکان، کاك سەکەوت وتی: "من لەڕێگای ئەزمڕ دۆزیومەتەوەو هەموو هەوڵێکم لەگەڵداوە، بەڵام لەبەر مەسئوولیەت ناتوانین بەخێوی بکەین"کاك سەرکەوت ئامادەیی تێدابوو کەپارێزەری بۆ بگرێت و ڕزگاری بکەن لەکێشە یاساییەکە، هەروەها ئامادەیی پارەدانیان هەبوو بۆ گەیاندنەوەی بۆ دەستی کەس وکاری بەمەرجێك دڵنیا بن ناکوژرێت.. کاتێك کە (ن) لەلایەن کاك سەرکەوتەوە دۆزراوەتەوە هەموو لامل و دەموچاوی شوێنی گازو قەپاڵ بوە.. هەر بۆیە کاك سەرکەوت هەموو ئامادەییەکی دەربڕیوە بۆ هاوکاریکردنی و خودی (ن) یش لەهەموو کەسێك زیاتر ڕێزی بۆ ماڵی کاك سەرکەوت و کەسوکارەکەی هەبوو... شایانی وتنە کە ماڵی کاك سەرکەوت یەکێکن لەدانیشتوانی شاری سلێمانی و هەموو خێزانەکەش ڕێزیان هەبوو بۆ ئەم کچە..**

**پ/ حەزت لە چ رەنگە؟**

**قاوەیی یان برۆنزی... خەنەیی**



**بەسەرهاتەکانی چوارەم**

**ناو:** **ب.ر.ح**

**تەمەن:** 19 **ساڵ**

**دانیشتوی:** **شاری هەولێر**

**تەمەنی لەشفرۆشی:** 5 **ساڵ**

**ئاستی خوێندەواری:** **پێنجەمی سەرەتایی**

**ڕێگای فێربوون:** **ئـەنجامی زەبروزەنگـی بـاوکی و بـەزۆر بەشـوودانی پەرتـەوازەی سەر شەقامەکان دەبێت.**

**ئەوگوشارەی دەکەوێتە سەر (ب) سەرەنجامی پێنج هۆکاری سەرەکیە:**

1. **باوکی(ب) ئیلتزامێکی زیاتری هەیە بەباوك و دایکی خۆیەوە کەهەڵگری بیروڕایەکی کۆنن و ئافرەت وەك گوناح، تاوان، شورەی، دەبینن و بەردەوام هەوڵ دەدەن وەدەری نێن لەخێزاندا تەنانەت لەکۆندا ڕێز بۆ ئاژەڵ زیاتربوە تائافرەت، گەر تێبینی بکەین لەکەلتووری شوانکارەیدا مێیەی ئاژەڵیان هێشتۆتەوەو نێرەکانیان فرۆشتوە بەڵام بۆمرۆڤ بەپێچەوانەوە.**
2. **نەخوێندەواری باوکی (ب) وژینگەی کارەکەی بەتەنها بریتی بوە لەپیاوان کەئەمەش کاریگەریەکی خراپی لەسەر نایەکسانی جەندەری هەیە، واتا دەرفەتێکی زیاتر بۆ نایەکسانی جێندەری هەبوە.**
3. **کاتێك باوکی (ب) زۆرسەیری سەتەلایت دەکات و پۆرنۆگرافیا دەبینێت زهنیەتی بەتەواوەتی دەگۆڕێت و پێی وایە هەموئافرەتێك ئەو جۆرە کارە دەکات هەربۆیە گوشارێکی زۆریش دەخاتەسەر دایکی (ب).**
4. **باوکی (ب) لەخۆیدا کەکچی هەیە کچ بوون بەشورەی دەزانێت و بەتایبەت کاتێك (ب) دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری و گۆڕانکاری لەجەستەومامەڵەیدا بەدی دەکرێت.**
5. **شیربای : کاتێك باوکی (ب) چەند جارێك دەیەوێت کچەکەی بفرۆشێت و بەرامبەر بەوەش دەسکەوتێکی مادی بەدەست بهێنێت، ئەو کاتانەش بەلایەوە گرنگ نیە بەکێی دەفرۆشێت.**

**ـ چاوپێکەوتنی یەکەم ـ**

**پ/ چۆن تۆ توشی کێشەی لەشفرۆشی بووی بۆم باس کە؟**

تەمەنم 13 ساڵان بوو بابم دامی بەشو کابرایەکە زۆر لەخۆم گەورەتر بوو تەمەنی (35) ساڵ بوو باوکم وتی: "دەبێت (35000) دینار، ((چاپی سویسری)) بدات لە بری تۆ.. ژیانم هەمووی کوتانو تێهەڵدان بوو زۆر گریام وتم شوی پێ ناکەم ڕقم لێی بوو زۆر ڕەزا گران بوو..باوکم وتی: "ئەو قەنینەیە دەبینی.. ئەوە دەکێشم بەسەرتا بڵێی شوی پێناکەم".. ئنجا ئەوەندەشی لێدام، ئەوسا داپیرمو باپیریسشم لەگەڵمان دەژیان لەباوکم خراپتر بوون دەیانوت: "کچ بۆ شووکردن باشە بازیاتر نەمێنێ دەنا سەربانو بنبان دەکات"، باوەڕبکە ئەوەندە منداڵ بووم هێشتا حەزم لە یاری ماڵە باجێنە بوو!

پ/ کەدایتی بەشوو خۆت ناسی بوو؟

نابەخوای هێشتا عوزرم نەشتبوو.

پ/ چەند مایتەوە لای؟

چوار مانگێك، چونکە زۆر پیربوو ئنجا زۆر خراپ بوو هەر تێیهەڵئەدامو ئەی وت: "من تۆم کڕیوە"، منیش زۆر منداڵ بووم هەر نەمدەزانی شوو چیە.. بەیانیان حەزم دەکرد تۆزێك بخەوم تێیهەڵئەدامو (بەزۆر سێکسی لەگەڵ دەکردم)، دەیوت: "دەبێ لەگەڵم (سێکس) بکەی، منیش شەرمم دەکرد. بەخوای یەکەم جار دووڕۆژ لەئەوەڵەوە نەم دەهێشت.. زۆر دەترسام.. دەمزریکان.. کەچی شەوی سێیەم دایکی هاتە ژور هەردوو دەستی گرتمو لەپشت سەرمەوە وەستاو کوڕەکەشی منی کردە ژن.. ئەوەندە گریام دەمقیژان دەنگم نوسابوو. خەسوم دەیوت: "ئاوهات لێدەکەین، تۆ بە تەمای حەیایی کوڕەکەم بەریت بڵێن پیرەو پێی ناکرێ؟"

ئیتر هەر ماوەیە مامەوە لەگەڵی دەری دەکردمو تێیهەڵئەدامو جنێوی بەئاژدادو ئابام ئەدا، ڕۆژێك چەقۆی بۆ

> ئیغتصاب بریتیە لەناچارکردن یان بەزۆر سیکس لەگەڵ کردن ئەنجامی بەکارهێنانی هێزێك. گرنگ نیە لەلایەن کێوە دەکرێت لەبەسەرهاتی (ب)دا، چونکە خەسووی‌و مێردەکەی بەشداردەبن لەیەکەم پرۆسەی ئیغتصابدا. بۆیە دەڵێین تائەم بەسەرهاتەش بۆمان دەردەکەوێت کەئیغتصاب یەکێکەلەو هاندەرانەی ژنێك ناچار دەکات بەڕووکردنە لەشفرۆشی لەکۆمەڵگای پیاو سالاریدا. ژن بۆخۆشی پیاوەتی لەلا دەبێتە شتێکی موقەدەس بۆیە بەلای خەسویەوە گرنگە حەیای کوڕەکەی نەچێتو بەشدار دەبێت لەیەکەم عەمەلیەتی سێکسدا بۆئەوەی کەس بەکوڕەکەی نەڵێت پیاو نەبوو.

هەڵگرتم منیش ڕامکرد باوکم وەرینەگرتمەوە، وتی: "نابێ بێیەوە ماڵی من"، دەرینام ئەمنیش ڕامکرد بۆ ماڵی باپیرم ئەوان زۆرباش بوون، خزمەکانی دایکم هەمویان خوێندەواربوون زگیان بەمن دەسوتاو دەشیان زانی بابم چەن خراپە لەسەر دایکیشم زۆر جار بووبوو بەشەڕیان.. چەند جار دایکم دەتۆرا ئەوەندەی تێهەڵئەدا هەمووجار دەیکوشت دەیوت: "هەر بەهەوەس"، باوکم زۆر زۆر خراپ بوو لەگەڵمان بەس لەگەڵ دووکوڕەکەی ناهەموو شتی بەقسەی ئەوان دەکرد.

پ/ دواتر چیت بەسەرهات؟

من لەماڵی باپیرەم بووم بابم هات کردیە ڕۆژی خۆی باپیرەو خارم چەقۆیان لێ برند کرد وتیان: "بۆ لێی ئەدەی؟ بۆ ئەوەندە بێویژدانی؟" نەنکم وتی: "ئێستا دەچم شکایەت دەکەم لێت تۆ کچت فرۆشت بەپارەو پارەکەشیت دابەسەتەلایت"، وەڵلاً ڕۆی ئیتر من ماوەیەك مامەوە.

خەڵك بەباوکمیان دەوت: "عەیبە بیبەرەوە کچی خۆتە تۆ غەدرت لێیکرد"، ئنجا کوڕەکەش بەباوکمی دەوت: "نامەوێ زۆر مناڵە هیچ نازانیٚ"، دەیوت: "ئەمن سێکسم لەگەڵ کردوە، ئەو باوێشکیداوە هەر دەخەوێ" بەعومری خوا ئەمن ئەو کاتە ئەوەندەم خەو دەهات بڕوات بێ شەووڕۆژ حەزم لەخەوو بوو ئەویش پێی قارس دەبوو.

> ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کچێکی منداڵ بەرامبەر برە پارەیەك دەفرۆشرێت تائەو ساتەش وەکو پێویست پێکهاتە سێکسیەکانی پێنەگەشتوە ئەگەرچی لەوانەیە بەجەستە گەشەی تەواوی کردبێت. لەم کۆمەڵگایەدا لەبەر ئەوەی ئافرەت کالایە ئیتر گرنگ نیە چۆن دەفرۆشرێت لە بەسەرهاتەکانی پێشودا دەلاڵەکان بەرامبەر پەردەی کچێنی برەپارەیەکی زۆریان وەردەگرت بەلام ئەم جارە باوکی لەژێر پەردەی شەرعداو بەهاوکاری پیاوێکی نائاینی دەیفرۆشێت کەهیچی جیاواز نیە لەمامەڵەی دەلاڵەکان.

ئیتر باوکم سوڵحی کرد (6000) دیناری بۆ گێڕایەوە. بردمیەوە ماڵی خۆمان ئەوەندەی لێدام هەر مەپرسە ئەمنیش وتم هیچ نیە بەس نیە لای ئەو پیاوە نەمام.. هەر قەیناکە.. قسەو تەعلیقی داپیرەو باپیریشم لەولاوە بوەستێ بەدایکمیان دەوت: "ڕۆژ هەتا ئێواریٚ ئەتۆ کچت (بێ ئەخلاقە)، حەزی لە پیاویتر کردوە داپیرم ڕۆژی هەزارجار دەیوت: "(چاو پڕ لەسێکس)" ناوو ناتۆرەی لێدەنام.. نەمدەوێرا سەرم بشۆم جنێویان پێئەدام دەیوت:

"باباوكت بێتەوە بەخوا شكایەتت لێدەكەم.. هەردەبێ بتكوژێ.. دەیوت: "مەچۆ قاپی.. مەچۆ سەربان.. حەوشە مەشۆ.. ئیتر شێتیان كردبووم.

ڕۆژێكیان لەگەڵ برا بچكۆلەكەم بەشەڕهاتم شەش ساڵ لەخۆم بچوكترە، حاشا لەروت میزی بەناو جێگا كردبوو، ئەمنیش لێی توڕەبووم.. بوو بەشەڕمان پێیدەوتم: "بێئەخلاقی كۆلانان".. ئیتر نازانم هەرچی باپیرەمو داپیرەم دەیان وت.. ئەویش دەیوتەوە بەدوویان، كە ئێوارە باوكم هاتەوە شكاتیان لێكردم زۆریان لێدام بەباوكم.. برایەكەم.. باوكم لەگەڵ براكەمدا بەینی زۆرباش بوو.

هەرچەندە كچەكە گەورەترە لەمنداڵە كوڕەكەی برای بەڵام هێشتا دەسەلاتی ئەو زیاتر بوە، لێرەدا دەسەلات تەنیا لەنێو نێرینەكاندا دەگوێزرێتەوەو بەئاشكرا دەبینین كە مێینە پەراوێز دەكرێتو تەنیا وەك ئابڕووی خێزان سەیر دەكرێت نەك مرۆڤێك.

پ/ باوكت ئیشی چی بوو؟

فیتەر بوو دوكانمان هەبوو لەصناعە.

پ/ پاشان چی ڕووی دا؟

باوكم دەریكردم وتی: "دەبێ لەبەر چاوم نەبی.. سەگ ببینم تۆ نەبینم."

ئێواران كەدەهاتەوە دەبوو ئاوی بۆ گەرم كەین خۆیدەشت، ئەو هەموو جلكەیان دادەنا بەخۆیو برایەكەم دەبوو بیشۆم كە بەیانی لەبەریان دەكرد بەهانەی پێدەگرتم دەمێ دەیان وت: "پیسە" دەمێ: "وشك نەبۆتەوە جوان.. نەت گوشیوە.."

ئەم پیاوە هەبوونی كچەكەی بەشوورەیی زانیوە لەسەر شانی خۆیو سەیركردنی ئەو كەناڵانە تەواو لەبەرچاویان خستوە، وەك ئەوەی پێشتریش وەك هۆكارێك ئەم خاڵەمان خستە ڕوو، هەروەها بەپێی گریمانەكانمان دەبینین دەستگەیشتنی كۆمەڵێكی نا هۆشیار بەتەكنۆلۆجیایەكی پێشكەوتوو دەبێتە هۆكار بۆ دەرفەتی زیاتری چەوساندنەوە، وەك لە مەسەلەی پۆرنۆگرافیادا پێشتر باسمانكردوە.

ئنجا شەوان تەلەفزیۆنەكە دەبوو بۆ خۆیان بێت.. ئێمە هەتا ئەوان دەهاتن نەمان دەتوانی سەیری هیچ بكەین چونكە لە ژورێ كلیلی ئەدا كەدەڕۆشت.

بڕواتبێ ئەمن چەند لەو ماڵەبووم، نەمزانی كو دادەگیرسێو كو

دەکوژێتـەوە؟ بـەس بـۆ خـۆی پێـی دەکـردوو تەماشـای ئیخبـاری دەکـرد لـەپێش چـاوی ئێمـە.. دوای سـعات (11)ی شـەو دەیـوت: "هەسـتن بچـنە دیوەکـەیتر"، ئنجـا بـۆ خـۆی بەتەنیا دەرکەی دادەخست بەکلیلو هەتا مەلا بانگدان تەماشای دەکرد!!! ئێستا دەزانم تەماشای چی دەکرد!! ئەوسا ئەوەندە کەر بووم هەر نەشمدەزانی لەسەتەلایت شتی وا هەیەو فلیمی (بێ ئەدەبی پیشان دەدات)..

ئیتر دەریکردم.. منیش چومە ماڵی پورم لەوێ ماوەیەکی زۆر ژیانم بەسەر برد.. بۆخۆم خەنی بووبووم.. حەسابوومەوە.. لەپڕ بابم هاتو وتی: "(بێ ئەخلاقی) بێ ئابروو من عالەم لۆمەم دەکات ناهێڵم لێرە لەکن زاوا بیت، ڕەنگە (تەعداشت لێ بکات) ئەمن نەزانم" پورم وتی: "چیە؟ دیسان چیت لێی دەوێ؟"

وتـی: "ئـەتۆش (قسـەی زیـاد مەکـە)و لەسـەری هەڵمەدەیـە، ئـەمن داومەتـەوە شـوو بەکابرایـەکی ئـەو ڕۆو سبەی دێم دەیبـەم"، ئـەمنیش بەراستی حـەزم نـەدەکرد شـوبکەم، چونکە ماڵی پوورم زۆرباش بوو حەزیشم دەکرد بخوێنم.. لەپۆلی پێنج بووم زۆر زیرەك بـووم بـاوکم دەریهێنـام مامۆسـتاکەمان دووجـار هاتـە لای بـابمو وتـی: "زیرەکـە گوناحـت دەگات"، وتی: "گەورە بووە نابێ بخوێنێ"، مامۆستا یەکەم وتی: "هاوڕێی ئەو لەکۆڵان گەمەی دەکات زۆرمنداڵە"، بابم وتی: "من منداڵی خۆم (بێ ئەخلاق ناکەم) لەبەر خاتری تۆ".. وتم من شوناکەم جارێك سەرمت کردە قوڕا ئەو جارەش بۆ؟ هەر ئەوەندەم وت هات.. گرم.. گرم.. کوتامی ئەوەندە بێ زەمیر لێیدامو و ئەوەندە بێبەزەییانە دەیکوتام بردمی لەگەڵ خۆی... ((بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو.))

ئیتر دامیەوە بەشوو بەکوڕێك بەزۆر لێی مارە کردم دووجار مەلایان هێنا مەلایەکان دەیان وت: "مارەی ناکەین گوناحبار دەبین" چونکە کورەکە شێت بوو.. ناوی (و) بوو.. پێیان دەوت: "و شێت".. منالان گاڵتەیان پێدەکرد.. بەردیان پیائەدا.. لەگەڵ ئەویش هەر دوو مانگ مامەوە.. هیچی نەدەزانی، جگە لێدان نەبێت.. ئنجا شەوان نەدەهاتەوە دایکیو خوشکی لەدووی دەگەڕان ئێواران، چونکە عەقڵی تەواو نەبوو.. باوکم لەمانیش (6500) هەزار دیناری ستاند بەمنی وت: "(6000)م بۆ داوی بەمێردەکەی ترت تاکو دەستیان لێهەڵگرتووی"، تەنها (500) دیناری دابەمن، ئەمنیش لەگەڵ دایکیو (و) شێت چوم بۆ بازار ناچار هەندەك وردە وارەم پێکڕی.

پ/ چیت پێ کری؟

جلك‌و بەرگی ژێرەوە حاشالەڕووت نەعلێك.. ڕۆبێك.. ماكسیەك.. یەك سوراو.. ئیتر گواستمیانەوە.. لای ئەویش هەر لێدان بوو.. هەر قوتان بوو..

پ/ كێ مارەی كردی؟

دوومەلای هێنا كەسیان نەیان كرد.. چوون لەمزگەفتی هەولێرێ نازانم مەلاكۆرەیەكیان هێناو مارەیان كردم ئیتر هەر لێدان‌و.. لێدان.. ئەو هەر لەخۆڕا لێی ئەدام، خەسوم دەیوت: "ئەوە شێتە.. هەر بۆخۆشی لەخەڵك ئەدات".. ئەوەندەش دەستی قورس بوو هەر مەپرسە، ئنجا شەوان دەی ترساندم دەیوت: "جنۆكە لەژورەكەن"، هەڵدەستا تانیوەشەو پێدەكەنی‌و دەچووە سوچێك ڕویدەكردە دیوارەكەو قاقای لێئەداو لەپڕ دەهاتەسەر من لێیئەدام دەیوت: "بۆ گاڵتە بەمیوانەكان دەكەی؟" ئەمنی هەر شێتكردبوو.. یان دەیوت: "ئەمن خوام.. جنۆكەكان دەكوژم".. چەقۆی دەهێناو بەردەبووە نوێن‌و دەرگاو پەنجەرەكان.. هەرچی دیواری ماڵە كەیانە هەمووی كون كون كردبوو بەدەمی چەقۆ.. ئنجا لەكەنتۆرەكەی ئەدا ئەیوت: "هاتن".

پ/ دواتر؟

خۆم لەوێش هەر چۆنێ بوو بەتەراقدان دا.. دایكی بە بامی وت.. وتی: "كچەكەت دەكوژێ"، وتی: "ئێمە وامانزانیوە ژنی بۆ بهێنین باشتر دەبیٚ؟ بەلاّم خراپتر بووە!" بابم وتی: "وەری ناگرمەوە خۆتان بەخێوی كەن، منیش ناچار هەر ڕۆژەی چوومە ماڵێك.. بابم دایم هەڕەشەی لێدەكردم هەر لەوماڵەو ماڵ بەسەرم برد.. تاماوەیەك، ئەوجا كەزانی ماڵی خەسوم ناهێلن بچمەكن كوڕیان ناچاربوو، وتی: "وەرەوە ماڵی خۆمان بەس قسەبكەی زمانت دەبرم"، ئەیوت: "دەبێ دارێك لەسەر تۆبێ دارێ لەسەر سەگ".. بەدەست خۆی نەبوو هەندڕقی لەمن بوو...

ئیتر ڕۆژێكیان هاوین بوو هاتمە خوار لەبانەكەی دەم‌وچاوی خۆم شوشت‌و دانیشتم خوشكە بچوكەكەم هەرقسەی دەكردو دەمە دەمێی لەگەڵ داپیرەم دەكرد منیش وتم دەبەسە بەو بەیانییە هێشتا شەیتان هەڵنەستاوە، چیە ئەو هەمە قسەیە دەكەی، نەنكم وتی: "ئەتۆ لەگەڵ منتەو جنێوم پێئەدەی، رۆژیكی دی زمانت لێدەرهێناوم".. وتم بڕوابكە بەونانەی.. نانم بڵندكرد.. وتم لەگەڵ تۆم نەبوو، بڕوابكە هەرسوودی نەبوو..

وەڵلاٚ هەستا عەبای دایە سەر خۆیو ڕۆی بۆ ماڵی کچەکەی.. لەماڵی کچەکەی بوو وەڵلاٚ منیش زۆر دەترسام زانیم بابم هەر دەمکوژێ چونکە داکی خۆی زۆرخۆشدەوێ ڕۆژی سەد جار دەیوتە داکمو هەمومان: "وەك سە گی بەرپێی داکم بەخێوتان دەکەم".
پاش بوختانێکی زۆری داپیرمو پێزانینی باوکم بە عاجزی ئەو، برا بچوکەکەم وتی: "(ب) باوکم ئەو شەو هەر دەتکوژێ.. کێبڵی هێناوە لەگەڵ خۆی.. ئەمنیش وتم بەخوشکە بچوکە کەم بڕۆ بۆ ماڵی دراوسێییەکەمان بڵێ بابێت ئەو شەو بابم لێمان نەدات وەڵلاٚ شەو دراوسێکەمان هات بەبامی وت: "لێگەڕێ ئەو پیرێژنە خرەفاوە"، ئیتر بابم وتی: "نانا لێیان نادەم" دراوسێکەمان ڕۆی منیش باوەڕم پێینەکرد.. هاوین بوو.. نەچومە سەربان ترسام.. بالیفێکم دابەخۆماو خەوتم دەرگاکەم داخست.. وەڵلاٚ زوو بەیانی لەخەودابووم لەپڕ یەك چەکوچ هاتە ژور.. ڕاپەڕیم وتم وەی بابە ئەوەچی بوو سەیرمکرد باوکمە، وتی: "بیکەرەوە"، وتم نایکەمەوە.. دەترسام بەبرایە بچوکەکەمی وت: "بڕۆ لای وەستا علی چەکوچی گەورە بهێنە دەرگاکە دەشکێنم"، ئەویش وتی "بەو بەیانیە زوە دوکان کوا؟" وتی: "خەرك گوێی لەدەنگمان دەبێ، خەرك دێنە سەرمان".. وتی: "بڕۆ موەلیدەی پێکە لای دەرگا تاخەرك گوێی لێمان نەبێت"، ئەویش موەلیدەی پێکرد، تاکەس گوێی لەسەوتم نەبێت.. هاتن بۆم هێندەیان کێشا بەو دەرگایە.. داکم وتی: "گوناحە لێی مەدەن"، وەڵلاٚ لەداکشمیان دا، ئەوجا برایە بچوکەکەم گریا.. وتی: "بابە توخوا لێی مەدە بەخوا داپیرم بوختانی بۆ کردووە"، لەویشی دا، ئنجا لەخوشکە بچوکەکەمی دا، وتی: "ئەوی بێتە پێش چەکوچێ دەماڵم بەسەریدا"، ئیتردەرگایەکەیان شکاند بەبرایەکەمو باوکم کوشتمیان هێندەیان لێدام بە کێبڵێك کە لەدوکان لەگەڵ خۆی ئێوارێ هێنابووی.. بەچەکوچ دەی ماڵی بەناو شانمدا زۆر بێویژدان بوو بابم.. هێندەیان لێدام هەمو سەرو دەمو چاوم خوێن بوو.. میزم بەخۆمدا کرد لەتاوی.. بە پێ لەقە لێمیدەداو دەی کوتیە زگم.. دەیوت: "هەر دەبێ بمری"، وەڵلاٚ برایە گچکەکەم لەترسان ئەمنی بەو خوێنەوە دیبوو ڕای کردبوو بۆ ماڵی دراوسێکانمان بانگی کردبوون وەڵلاٚ خەرکێکی زۆر هاتن کەچاویان بەمن کەوت زۆر توڕەبوون هەزار قسەیان بە بابم وت. وتیان: "خوا هەڵ ناگرێ ئەتۆ والەو حورمەی دەکەی.. کوا ویژدانت؟ چی کردووە؟ بەستزمانە دووجارت فرۆشت؟ پارەی لە بری وەردەگریو هێشتان دەشی کوژی؟" ئیتر زۆر پاڕانەوە وتیان: "بیکە لەڕای

ئەو خوایەی لەو حورمەیەی مەدە گوناحە"، بابم دەستی دایە جنێودان و وتی: "یەك گەواد هەقی منی نەبێت منداری خۆمەو دەی سوتێنم هەرکەس ئیلاقەی ماڵی خۆی.. کچەکەم فێری (بێ ئەخلاقی) دەکەن"، وەڵڵا ئیتر عالەمەکە کشانە دوواوەو وتیان کەیفی خۆتە گوناحەکەی بەملی خۆت.. ئیتر ئەوانیش زیاتر لێیان دەدام باوکم گرتبوومی برایەکەم بەکێبڵ لێمی ئەدا، ئیتر نەکا بڵێن کێبڵێ دووان زۆر بێ ویژدان ئیتر برایەکەم وتی: "وەڵڵا من ماندوو بووم".. بابم وتی: "هابگرە تۆ ئەمن لێی ئەدەم".. برایەکەم دەستو پێلاقەمی گرتوو بابم بکوتە.. وەکی فەرش و بالیف هەر ویژدانی نەبوو نە.. ئەوەندە یان لێمدا ئەوەندەیان لێمدا بەکێبڵ.. هەر لەپشتی ملمەوە تابەری پێم شین و مۆر بووبوەوە من هێزم نەمابوو بڵێم بەسە.. هاوارکەم هیچ.. ئیتر ئازارم پێنەدەزانی.. گیانم سڕبووبوو.. سەرم گێژی دەخوارد.. برایەکەم وتی: "بەسە بەخوای بە ملمانا ساغدەبێتەوە، باوازی لێبهێنین، بڕواناکەم بژی ئەگەر تۆپی فرێی ئەدەین و حەشاری ئەدەین".

ئیتر بەقژ بردمیان بۆ غورفەی سەرێ هەستم دەکرد.. بەس تەواو هۆشم بە خۆم نەبوو.. نازانم هێزم نەما بوو.. وەڵڵا بردمیان فرێیان دام بەزەویداو یەك پێ لەقەیان پێدادام ئیتر چاوم کردەوە هۆشم بەرە بەرە هات بینیم هەموو گیانم خوێن و میزە.. لوتم پڕژابوو.. دەمم خوێنی.. لێدەهات.. دانمیان شکاندبوو..ئیتر نازانم چ بڵێم هەرچەن بەبیرم دێتەوە ئەو باوکە بێویژدانەم حەزدەکەم بەدەستی خۆم باوك و برایەکەم بکوژم تۆ نازانی ئەوانە چیان

هەموو ئەوانەی لەکوردستاندا لەشفرۆشی دەکەنە پیشە بۆدابیبنکردنی بژێوی، وەکو (ب)، بەناچاری ئەم کارەدەکەن چونکە دەبینین ناتوانێت بژێوی خۆی دابین بکات. لەلایەکی ترەوە گەر بگەڕێینەوە بۆبەسەرهاتەکانی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کەکەسێکی نزیکی خۆیان هاوکاریان بوە لەلەشفرۆشی پێکردن یان گوشاری خستۆتە سەریان و بەناچاری ڕوویان کردۆتە لەشفرۆشی لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە لەکۆمەڵگای کوردستاندا ئەوانەی دەبنە لەشفرۆشی پیشەگەر بەبێ کەسێکی نزیك دووچاری ئەم پیشەیە نابنەوە، ئینجا ئەو کەسە نزیکە لەتاوانەکەدا بەشەدارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (مەبەستیشمان لەوەیە ڕاستەوخۆ دەبێت ئەگەر بازرگانی پێوەبکات و ناڕاستەوخۆ دەبێت گەر ببێتە هۆکار بۆئەوەی لەشفرۆشەکە بکەوێتە بازاڕی لەشفرۆشیەوە.

بەسەرم هێنا لەهیچ و خۆڕایی منیان ئاوا بەرەڵڵاکرد من باوك و برای باشم هەبوایە بۆ (بیٚ ئەخلاقیم) دەکرد.

ئیتر هەستام پەنجەرەکەم کردەوە بانگی خوشکەکەمم کرد وتم برۆ چەکوچم بۆ بهێنە وتی: "ناوێرم بێنەوە منیش دەکوژن".. وتم بە خوای بێمەوە بەردەستیشیان باسی تۆ ناکەم، وەڵڵا بەچ حاڵێکە بۆی هێنام.. چەکوچم گیرکرد لەشیشی پەنجەرەکەمان خۆی کۆنە بوو شکا وەڵڵا وتم با هەندێ هەقی خۆم بکەمەوە منیش تۆزێ داخ کەمە دڵی وان ... ((بە پێکەنینەوە.))

وەڵڵا سی ـ دی و تەلەفزیۆنم وردکرد بۆیان بەکەیفی خۆم، وتم ئاخر بۆ والەمن دەکەن؟ چیم کردووە؟ پیاویان بەسەرەوە گرتووم؟ (بیٚ ئەخلاقیم) کردوە؟ چومەتە بەردەگا؟ قسەم لەگەڵ خەڵك کردوە؟ زگم پڕبوە؟ ئاوهالەمن دەکەن؟ لەسەر بوختانێکی پیرە داکی خۆی منی کوشت... وەڵڵا منیش چەند پەنجەرەم شکاند سی ـ دی و تەلەفزیۆنم لەداخان شکاند هی برا خوێریەکەم بوو بە شاگردانە کڕیبوی.. وەڵڵا موەلیدەکەشم شکاند.. وتم ئێوە ئەوە بەکاردەکەن تامن بە کەیفی خۆتان بکوتن وەك شێت.. هەر شتم دەشکاند.. نەشم دەتانی بڕۆم لاقێکم هەر ڕادەکێشا.

وەڵڵا خۆم گۆڕی و وتم: دەڕۆم.. داکم وتی: "نابیت بڕۆی، بۆکوێوە دەچی؟" وتم: دەڕۆم، خوشکەکەم وتی: "وەڵڵا بابڕوا لەو ژیانەی خۆشترە!! فەقیرە چی کردبوو؟ ئاوهایان لێکرد.. نەیان هێشت بخوێنێ.. دووجاری دابەمێرد ئاوهاشی لێدەکەن؟ بڕوات باشترە".. ئیتر وتم وەرن ئێوە لەپاش من دەرگاکە داخەنەوە وەڵڵا شیشم بڵند

| |
|---|
| لەبەسەرهاتەکانی (ن) دا بینیمان گوێ بڕینەکەی باوکی چ تراژیدیایەکی بۆ (ن) دروست کردوە، لەکەلتوورێکدا پڕ بێت لەنەریتی تۆتالیتاریەت و دەسەڵاتی نێرینەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕەچاونەکرێت ئەواسەرۆك گوێی سەربازە هەڵهاتوەکان دەبڕێت و باوك گوێی کچەکان و هیچ دەروازەیەکیش بۆژن نامێنێتەوە جگە لەشکاندنی کەلوپەلی ناوماڵ نەبێت. کاتێك (ب) تەلەفزیۆن و سەتەلایت دەشکێنێت خۆشەویسترین کەلوپەلی مادیە کەباوك و براکەی بەپارە کۆکردنەوە کڕیویانە بەڵام بەشێوەیەکی لاشعوریش بەرەنگاریشە بەرامبەر بەو ئامێرەی کەیەکێکە لەهۆکارەکانی توندوتیژی بۆسەرخودی خۆی، ئەگەرچی دەڵێت: "من دوایی زانیومە بۆ سەیری سەتەلایت دەکات و دەرگاکان دادەخات.." |

کردوو ڕۆیشتم رۆیشتم... ((ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا وتی: "وەڵڵا جێگەی من کویێ بوو حمامو سالۆن بوو")) ئیتر ڕۆیشتم وەك شێت چومە باخچەی تێر گریام، ئنجا چوم بۆ حەمام ئیتر سێ ڕۆژ هیچ جێگام نەبوو ژیانم هەر سالۆنو حەمام بوو..

پ/ یەعنی ئەو سێ ڕۆژە لەسەر جادە بووی؟

ئەو سێ ڕۆژە چۆن ژیام؟.. هەر لەسەر جادەو حەمام.. بەقورعان نەم هێشت کەس دەستم لێدات.. بەخوا نەمهێشت کەس.. هەر نەمدەزانی ئەو ئیشەش بەپارە هەیە.. هەر نەم دەزانی زینا هەیە.. یەکەمین شەو لەبەردەم حاویە خەوتم، زبالە، بەخوای بۆنی حاویە کۆری کردم، کەشەو دادەهات سەرم لێدەشێوا نەمدەزانی ڕوو لەکوێ بکەم!

هەرسێ ڕۆژەکە بەڕۆژ لەحەمام دەبوومو شەویش بۆ زبالە.. لەحەمام کچێکم ناسی ناوی (د) بوو باسی خۆمم بۆ کرد، چونکە لەحەمام دایم دەشگریام، هەموو قەلبیشم مۆرو شین بوو بوو لێیپرسیم، ئەمنیش بەسەرهاتی خۆمم بۆ باسکرد زۆر بەزەیی پێمدا هاتەوە بردمیەوە ماڵی خۆیان لەوێ بۆ دایکی گێرایەوە منیش خۆم پیشانی دایکی دا.. چاوی پەڕیە پشتی سەری! وتی: "چۆن دەتوانی ڕێبکەی؟".. وەڵڵا وتی: "ئەمن دەچمە لای بابت تکات بۆ دەکەم".. وتم پوریێ لەڕێی ئەو خوایە دەمکوژێ مەمبەوە من باوکی خۆمە باشی دەناسم، وتی: "نا.. ئەمن شەرتی لەگەڵ دەکەم ناتوانێ لێتبات"، زۆر هەوڵمدا نەچمەوە فایدەی نەبوو.. وتی: "سەرجادە خراپە ماڵی باوکت باشترە".. ئیتر ڕۆی بۆ لای باوکم زۆری قسە بەبابم وتبوو وتبوی: "تۆ لەخوا ناترسی؟ بۆ وات لێکردوە؟ چی کردووە؟ خەڵکت لەگەڵ نەگرتوەو غەڵەتی نیە.. ئیتر بۆ؟".. زۆری قسەکردبوو لەسەر ئەمن خوا هەڵناگریێ ئیتر وتبوی: "من ئەتان دەمەوە بەس بە شەرتو شروت".. وەڵڵا هاتنە دووم منیش دەموت بیکە لەڕای خوا دەم کوژێ مەمدەوە دەست ئەو زاڵمەی.. ئیتر ژنەکە بۆخۆشی لەگەڵمان هات زۆر دانیشت لەگەڵمان پاشان هەستا ڕۆی، وتی: "نەبیستم لەو کچەت بدەی دەنا من دەچم مافی مرۆڤ دێنم شکاتت لێدەکەم".. بابیشم وتی: "نا خەمت نەبێ ئەوەندەم لێداوە بەشی بەرو دوای".. ئیتر کە ئەوان ڕۆشتن جنێوی پێ ئەدامو دەیوت: "بەخوای (بێ ئەخلاق) هەر دەتکوژم دەبێ ئەو جارەی کەس بە هاناتا نەگا حەیام دەبەی دەچیە ماڵی خەڵك؟".. ئیتر دووسێ ڕۆژی پێ چوو منیش وتم با ماڵەکە خاوێن کەمەوە ڕەمەزان بوو لەبەر جەژنێ.. نزیك جەژنێ بوو.

ئەمجارەیان باپیرم لەسەر کەل‌وپەل کۆکردنەوە بیانوی پێگرتم شەڕی لەدووم گێڕا"..
وەڵڵا منیش بەڕۆژوو بووم، چونکە نزیك عارفە بوو.. ئێوارە بوو.. ئیتر دانیشتبووم..
چاوەڕێی بانگ بووین تاچێشت‌و شت تێکەم‌و ڕۆژیمان بشکێنین گوێم لێبوو هەر دەیوت:
"ئێستا شکاتی لێدەکەم"، منیش زۆر دەترسام چونکە دەمزانی باوکم چیم لێدەکات
لەدڵی خۆم هەر دوعام دەکرد بەڕۆژیش بووم هێندم برسی بوو...((هەناسەیەکی
هەڵکێشاو دەگریاو لە گەرمەی گریانەوە وتی: "ئاخ بابە"))
وەڵڵا ئاخری پێیوت‌و شکاتەکەی لێکردم.. وەڵڵا یەکەمین جار هات مەنجەڵێ برنجەکەی
کرد بەسەرما ئنجا مەنجەڵی گۆشتاوی هەڵدا چابوو بەر من نەکەوت.. دەنا دەسوتام
شیوی تری لێ بوو مەرەگەی لێ بوو قەیسی لێ بوو هەموی ڕشت نەی هێشت کەس نان
بخوات.. هەموش بەڕۆژو بووین.. وەڵڵا ئنجا کوتامی ئەوەندەی لێدام.. وەڵڵا سووك
ڕامکرد، بەسەربانا ڕاست بۆ ماڵی باپیرم، باوکی دایکم، ئەوانیش دوای دووسعات پاش
بانگی هەستان منیان هێناوە.. وەڵڵا زۆر سەیرم پێهات وەکی هاتینەوە!! دەبینم ...((بە
پێکەنینەوە))، بابم یەك کلاشینکۆفێکی گەورەی لەکنە خۆی داناوە.. واهەستی دەکرد
کەمن پیاوێکی گەورەبم.. کەس بەمن ناوێرێ.. ئیلائەو نەبێ.. وەڵڵا پاری دابوەوە
بەکراشنکۆفەکەی، لەتەنیشتە خۆی دانابوو کارەباش نەبوو.. وەڵڵا داپیریشم لەگەڵمان
هات.. داپیرم وتی: "بیکە لەڕای خوا بەسە وازی لێبێنە.. گوناحە ڕۆژێك لەبن دەستت
دەمرێ حورمەیە".. وتی: "هەر دەی کوژم"، دەستی بڵندکرد بە کلاشنکۆفەوە باپیرم دەستی داگرت، وتی: "بەسە ئەوەچیە عەیبە کاری منداڵانە"، ئیتر ئەوانیش ڕۆیشتن. بابم ئەوەندەی

> لێرەدا سیستەمەکان هیچ متمانەیەکیان نامێنێت، مەبەستمان سیستەمی کۆمەڵایەتی‌و یاسا مرۆییەکانە، کاتێك دەبینین کەسوکاری (ب) هەوڵ دەدەن بەزۆر بیگەڕێننەوە ناو خێزان، بینیمان چۆن ڕێکخراوەکان ژنیان ناچارکرد بەزۆر بگەڕێتەوەناو خێزان لەکاتی گرفتدا، پۆلیس بەهەمان شێوە، لێرەدا کاتێك (ب)متمانەی نامێنێت دەڵێت: "بەس ئەوجارە ڕزگارم ببێت حاشا نەشکات دەکەم نەهیچ "

لەمندا ئەوەندەی لێدام بە قوربانی مردنی کردم.. بەزۆری لە دەموچاومی ئەدا دیسان
هەمو دەمو چاومی کردە خوێن‌و دەمو چاوم هەموی تەقی، وەڵڵا ئنجا قوفڵ‌و زنجیرێکی
هێنا وەڵڵا منیان برد بە ستمیانەوە وتیان: "نایبەینە ژور شتمان دە شکێنی"،

پ/ دوایی چۆن؟

دەورەی عەسر بوو ڕۆژی سێهەم دەستم کردەوە، وتم کە هاتن دەڵێم دەستم شل بوو.. وەڵڵا ئنجا ئاسنێك لەژێر قادرمە کەبوو هەر لیمدا هەر لێمدا تازنجیرەکە پسا ئەوجا قوفڵو زنجیرێك بەمنەوە بوو لە ملمدا یەکێکیش بەمحاجەرەکەوە بوو ئەو بەوێوەما.. وەڵلا سەیرم کرد دەرکە داخراوە بەکلیل، وەڵلا ڕامکرد بۆ سەرێ سەرکەوتم بۆ بەیتوزنەکەمان سەرەکەی لەوح بوو هەندێك زیخو شتی وای لەسەر بوو پاڵم پێوەنا تاخستم ئنجا سەرکەوتمو هاتمە سەربانەکە لەوێوە ڕامکردە ماڵی دراوسێیەکەمان.. بینیانم حەپەسان وتیان: "ئەوە چیە بۆ واگیانت هەموی پیسو خوێنە؟"، جلکەکانم بوو بوو بە خوێن وەڵڵا وتم دیسان باوکم لێیداوم، بیکەنە ڕای خوا لەچکێکم دەنێ.. وتیان: "ئەدی ئەو زنجیرە چیە لەملتا؟" وتم وەڵڵا بە ستومیەوە.. ئیتر تۆزێك دەمو چاوم شتو زنجیرەکەم هاویشتە ژێر جلەکانمو ڕامکرد غارمدا وتیان: "بڕۆ شکاتی لێبکە"، وەڵلا ڕۆشتم شکات بکەم، بەڵام وتم بەس ئەو جارە ڕزگارم بێ حاشا نەشکات دەکەم نەهیچ.. ڕۆشتم خوایە پارەشم پێنیە، وەڵڵا یەکەمین جار هەندێك سواڵم کرد.. چوم بۆ دوکانێ لە بازاڕی گەورە وتم کاکە ئەو زنجیرەم بۆ بکەنەوە. وتیان: "بۆت ناکەینەوە تۆ لەسجن ڕاتکردوە؟"، وتم وەڵلا لەسجن نەبوومە، بەخوای لێیانداوم، ئەها لوتم چی پێهاتوە.. دەستم.. دەمم.. هەموی جێ مست بوو! وتم لە سجن بم بۆ زنجیردەکەنە ملم دەیکەنە دەستم.. وەڵڵا بە هەزار حاڵێکی تابۆیان کردمەوە بەخوای بە سێ کەسان خەریك بوون تا کردیانەوە بەچ حالێك هەر مردم. ئیتر ئەو ڕەمەزانەم لەسەر ئەو جادانە بردەسەر.. بەڕۆژ دەچوومە حەمام یان سالۆن.. بەشەویش لە کۆلانو کەلاوەکان، لەناو گوێنی زبالەوشتی وادەخەوتم، بەڕۆژ پێش ئەوەی ئێواران دابێ دەگەڕام کونێکم دەدۆزیەوە.

پ/ لەکوێ نانت دەخوارد نیوەروان؟

لەمەتعەم..

پ/ بەچی؟ پارەت لەکوێ بوو؟

سواڵم دەکرد..

پ/ کەس پارەی ئەدایتێ؟

ئاهەندێ کەس دەموت لێم قەوماوە بیکە لەڕای خوا..

پ/ کەس سوکایەتی پێدەکردی؟

ئا.. دەیانوت: "دادە گیان تۆ زۆر جوانی بۆ سواڵدەکەی؟"

دەموت لێم قەوماوە لەماڵ دەریان کردووم ئیتر بەعزێ کەس پارەیان ئەدامیٚو دەیانوت: "بڕۆخێرا بۆماڵەوە"، وایان دەزانی من لەماڵەوە دێم بۆ سواڵ!

پ/ کەس هەبوو کاتێك پارەیەکت بداتیٚ شتی ناشرینت بەرامبەر بکات یان دەست بهێنیٚ دەستدرێژی بکات؟

ئا.. بەلاٚم نەمدەهێشت تائەوکاتەش من هەر پاك بووم.. بەڕۆژ هەندیٚ کات بیان هێشتایە دە چوومە مزگەوتیٚ نوێژم دەکردوو دەخەوتم بەس زۆرجار دەریان دەکردمو دەیانوت: "بڕۆ لێرە"، بەشەو سەدان جار لەقاپی مزگەوتم ئەدا، دەریان دەکردمو نەیان دەهێشت بچمە ژورەوە ئیتر شەوان هەر لەکون دەگەڕام لێی بخەوم سەرماو گەرمام دەبوو.. دەبوو تەحەمول بکەم..

> بەپێی بنەماکانی ئاینی پیرۆز کەپشتیوانی لەخەڵکی بیٚ دەرەتان و کەساس و لیٚ قەوماو دەکات بەتایبەت حورمەتێکی زۆری بۆژنان داناوە بە نمونە، بەزەییەکی زۆر بۆ ئەو ژنانە پیشان دەدات کەدەکەونە تەهلوکەوە. لێرەداو لەم بڕگەیەدا پەرستگایەکی وەك مزگەوت کاتێك دەرگاکانی بەڕووی لیٚ قەوماوێکدا دادەخات دەبێتەهەمان کەرەستە کەدەسەلاٚتداران توانایان هەیەو چارەسەری کێشە کۆمەلاٚیەتیەکانی پیٚ ناکەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بیرکردنەوەی ئەوکەسانەی کەلەم شوێنەدا کاردەکەن واتا چ لەدەسەلاٚتدا بێت یان لەپەرستگاکاندا.

— چاوپێکەوتنی دوەم —

پ/ ئەوە چیە جگەرە دەکێشیت؟ چۆن فێری جگەرە کێشان بوویت؟

لەداخان.. لەسەر جادە فێربووم.. بە پارەی سواڵ دەمکڕی.. وەرە بۆت باسکەم، ڕۆژێکیان پێشی جێژنیٚ بوو جلم کڕیبوو لەدوکانێکی دامنابوو نەم دەدۆزیەوە لێیدەگەڕام، کەچی کوڕە مامەکەمم بینی..وتی: "ئەوە چی دەکەی لێرە؟"

وتم لە ماڵی پورمم جلم کڕیوە دەی بەمەوە.

وتی: "وەرە بۆ مەتعەم بابچین نانی دەخۆین"

وتم نایەم.

وتـــی: "وەرە دەچـینە گلکـەن"، وتم نایـەم پیاســەو شـتی واناکـەم.. ئـیتر ڕۆی.. چـوو تەلەفونی بۆ بابم کرد بابیشم لە ماڵ بوونزیك جە ژنـیٚ بـوو.. وتبـوی: "(ب) لەویٚندەریٚیـە، لەشارع ئەتیبایە"، بە موبایلەکەی، وەڵڵا ئەوانیش بەپەلـە گەشتنە ئـەویٚ منـیش ئـەوکات دوکانەکـەم دۆزیبـۆوە، پشـتم لەجادەکـەبوو کوڕی دوکاندارەکـە منـداڵ بـوو.. وتـی: "دادە (ب) سـەیری دواوەتبکـە".. ئـەمنیش ئـاوڕم داوە.. وەی بابـە چـی ببیـنم.. بـەس سـەری برایەکەمم بینی، ئنجا برایەکەم سەری زۆرزلو ناشرینە وەکی (م)[40].. چ (م) ببینی چبرای من!! هەرئەوەنـدەم بینـی قاچاکانی بـابمو برایەکـەمو مـامو هـەمویان ڕایـان دەکـرد بـەرەو ڕووم.. وەڵڵا ئەمنیش ڕامکردو جلکم فریٚداو غارمدا ئەوانیش بەدوامـەوە غاریـان ئـەدا.. ئەوە ناشزانم بەردەمم مەخفەرە.. وەڵڵا گرتیانم ویستیان بەهـەموو تـیٚم هەڵـدەن. پۆلیسـی مەخفەرەکە هاتنو دەستیان گرتنو وتیان: "ئەوە کوو وای لیٚدەکەن؟"

ئـەو باوکـەی مـن زۆر کـەربوو، لـەبری بلّـیٚ کـوا کچـم چـەن شـەوە تـۆ لـەکویٚی.. کەچـی پڕجنیٚـوی کردمـوو وتـی: "(بـیٚ ئـەخلاق هـەی بـیٚ ئـەخلاق)"، ئـیتر ئـەو عالەمـە سـەیری دەکــردین هــەمووومان گیرایــن.. ئــیتر بــابم شــکایەتی لیٚکــردمو خۆشــیان بەکــەفیل بــەربوون.. بــابم وتــی: "دزی لیٚکــردووم، دوای هــەتیوان کــەوتوە"، وەڵـلا لەســـجنەکە مـــام تـــــا دوو مانگان، ئالیٚرەوە تووشیانکردم. ئـیتر ژنیٚـك لـەویٚ بـوو نـاوی (ب) بوو، کچی خۆی بەپارە (کردبوە ژن).

> گرتووخانەکانی کوردستان بەتایبەت گرتووخانەکانی ژنان وەك پیٚویست دروست نەکراون تەنانەت لەڕووی ڕیٚکخستنیشەوە بەکەڵکی گرتنی لەشفرۆشەکان نایەت چونکە بەپیٚی یاسا مانگانە ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆك باندەکان دەست گیر دەکریٚنو تیٚکەڵاو دەکریٚن لەگەڵ بەندکراوەکانی تردا، ئەمەش گرتووخانەکان دەکاتە بازاڕیٚك بۆلەشفرۆشی چونکە سەرۆك باندەکان خەڵکی بەدەسەڵات دەناسنو بەئاسانی دەتوانن بەپیٚی یاسا کەفالەت بۆژنانی بیٚ دەرەتان بکەنو بەرامبەر ئەوەش ڕاپیٚچیان بکەن بۆبازاڕەکانی لەشفرۆشی.

پ/ کیٚ پیٚی وتی شتی وایکردوە؟

[40] لەم خاڵەدا مەبەستی لە خەڵکی وڵاتیٚکی دیاریکراوە، کە ناکریٚت لەم تیٚکستەداو لەم تویٚژینەوەیەدا، ئیٚمە لەزاری (ب)ەوە ئەو سووکایەتیە بگویٚزینەوە بۆ کۆمەڵەکەمانو ئەوانەی بەدووی چارەسەری ئەم کیٚشانەدا دەگەڕیٚن.

**خۆی، چونکە محامیو شتی وادەهاتن بۆ سجنەکە وەکو ئێوە شتی لێیان دەپرسیو ئیتر هەمو گوێمان لە قسەکانیان بوو.**

**پ/ ئیێ ئیتر ئەو ژنە لە سجن بوو بە هاوڕێت؟**

**ئا.. بوو بەڕەفیقم، خۆی بە کەفالەت بەربوو.. دەیوت: "زگم پێت دەسوتێ.. کەبەربوو کەفیلی بۆ منیش هێنا بەری دام ئیتر بردمیە ماڵی خۆیان، دوای سێ ڕۆژ وتی: "دەبێ ئیشم بۆ بکەی" منیش وتم بەسەر چاو ئەوماڵەت بۆدەکەم بەگوڵ هەمووی خاوێن دەکەمەوە.**

**وتی: "تۆ زۆر بێ ئەقڵی من ئیشی واناڵێم"، وتم ئەدی چی؟ وتی: "دەبێ پیاو بەڕێ بکەی، ڕابوێری"، ئەمن بەچاوی خۆم بینیم مێردەکەی سەد جار پیاوی دەهێنا لەگەڵ ژنو کچەکەی دەچونە ژوور، منیش زۆرم لەلا سەیربوو، وتم من شتی واناکەم زینام نەکردوەو شتی واش ناکەم.. من شتی حەرام ناکەم. وتی: "پارەکەی بە شدەکەین"**

**پ/ کەسی تری لابوو ئافرەت؟**

**ئا.. کچێکی لابوو ناوی (س) بوو عەرەب بوو، مێردەکەی ڕۆژی سەد پیاوی دەهێنا بۆ ژنەکەیو ئەوکچە عەرەبە.. تەلەفونی پێبوو.. ژنەکەی هەروەکی بەداڵە خەریکی تەلەفون کردن بوو.. مێردەکەشی دەیوت: "بیکەو باشەو خۆت دەژێنیو زۆر خۆشە.. دوایی حەزی لێدەکەی"**

**(ب) دەڵێت "من لەپێشدا وامدەزانی سواڵکردن گوناحە یان عەیبە، بەڵام لەماڵی دەڵاڵەکان ئەوەندەوشتم بینی ئیتر سواڵم لەلائیحتیادی بوو". لەڕاستیدا سواڵ پیشە نیە هەندێك جار هونەرێکە بۆکۆکردنەوەی پارە لەخەڵکی بەڵام ئەم شێوازە بۆدابینکردنی بژێوی شێوازێکی قێزەونە لەسەر ئاستی هەموو دونیا تەنانەت لەلای خودی لەشفرۆیش.. لەلای خودی لەشفرۆش کەدەبینێت لەشفرۆشی کارێکی قێزەونەو هەست بەچەوسانەوەیەکی ماددیو جەستەیو دەرونیو کۆمەڵایەتیو مرۆیی. ..تاد دەکات ئەوا سوکترین کار کەسواڵکردنە لەلای ئاسای دەبێتەوە.**

**ئەمەش ئەوەمان بۆپێوانەدەکات کەلەشفرۆشی چ گوشارێکی دەرونیو کۆمەڵایەتی دەخاتە سەرخودی لەشفرۆش.**

**پ/ خەڵکی کوێ زیاتر دەهاتن؟**

وەڵــلا هــەموو جێگەیــەك لەمەســیفەوە.. لەشــەقلاوەوە.. لەناوشــاری هــەولێرەوە.. لەدهۆکەوە.. لە موسڵەوە.. هی گوندەکان.. هی دیانا (سۆران).. ئاوا.

پ/ ڕۆشنبیر (موسەقەف) دەهات یان عەشایەر؟

زیـاتر موسـەقەف بـوون.. هـەموو بـەقاتو پانترلۆنـەوە دەهـاتن.. مەسـول بـوون.. یـان لەئەنجومەنی وەزیرانەوە، عەشایەریش دەهاتن..

پ/ مێردەکەی خۆی نەئەهاتە لات؟

نەم هێشت (چاوی زۆر بز) بوو حەزم نەکرد، ئیتر دیسان ڕۆیشتم لەویّ وتم من ئەو ئیشە ناکەم، ئیتر حەپەسابووم..دیسان ڕۆشتم کەوتمەوە جادە، 15 تا 20 ڕۆژ دەسوڕامەوەو سوالّم دەکرد من لەپێشا وامدەزانی سوالّکردن گوناحە یان عەیبە، بەس لەماڵی (ب) ئەوەندە شتم بینی ئیتر سوالّ لەلام ئیحتیادی بوو! دەموت سەد شوکر بە جادەو سوالّکردن!

ئەو ژیانەی من بردمەسەر یاخوا کەس نەیباتە سەر.. وەڵلا جارێکی تر کەلەسەر شارع بووم گیرامو ڕەوانەی مەرکەزیان کردم لەویّ گرتیانمو پرسیارو جواب وتیان: "دەبیّ بگیرێی تاکەفیلیش نەیەت بەرنابی"، ئەوجا لەسجن ژنێکی لێبوو ناوی (ب)[41] بوو لەسەر فلیمی سیکس گیرابوو کچەکەشی ناوی (چ) بوو گیرا بوو.. ئەویش لەسەر فیلم.

پ/ ئەکتەر (مومەسیل) بوون؟

نازانم بەس دەیانوت: "لەسەر فلیم گیراون"، ئنجا خۆیان بۆ گۆرانی بێژەکان کلیپیان دەکرد بۆ گۆرانیەکەی ..((باس لەناوی گۆرانیەکەو گۆرانی بێژەکەی دەکات، لێرەدا ناکرێت بنووسرێت)).. لەویّ لەو کلیپە هەن وتیان: "ئەوە عینوانمانە گەر بەر بووی وەرە ماڵمان بخەوە"، لەڕای خوا کەفالەتیان بۆ کردمو بەر بووم وەڵلا ماڵیان لەسەر جادەکەی .... بوو، بردمیان هەر ئەو ئیشەم هێشتا نەدەزانی.. نەم دەکرد.. وەڵلا ئەوەندە یان لەبن گویّ دام ئەوەندەیان قسە بۆکردم بەخۆیو کوڕو مێردو کچ.. هەمویان خەریکی ئەو ئیشە بوون.

پ/ چۆن فێریان کردی؟

زوو زوو دەیانوت: "دەبچۆ سەر جادە بە شکم بگیرێی".. ئیتر ناچار ڕازی بووم.

---

[41] مەبەستی (ب) ێکی ترە نەك ئەوەی کە لەماڵیان ماوەتەوە بۆ کاری لەشفرۆشی

**پ/ باشە چۆن دەستت پیٚ کرد لە کێوە دەستت بەم کارەکرد؟**

**یەکەمین کەس کوڕەکەی خۆی ناردە ژور بۆم، ئیتر بەرە بەرە پیاویان بۆ دە هێنام، ئەوە یەکەمین جار بوو زینا بکەم کەهاتمە دەر زۆر زۆر بێتا قەت بووم دڵم وەکی دوومبەگ لێیئەدا هیچ قسەم نەدەکرد لەگەڵ کەسیان.. زۆر پەشیمان بوومەوە بەس سودی چیە تازە؟؟**

**پ/ کەس هەبوو حەزکات تۆش چێژ لەکارە سێکسیەکان ببینیت؟**

**کورە ناوەڵلا تۆ پیاوان ناناسی هەربۆ خۆیان (گرنگە)و بەس کەی بە خەم ژنەوەن؟**

**پ/ ماوەی چەن مایتەوە لەماڵیان؟**

**20 تا 25 ڕۆژیٚ هەر ئەوەندە..**

**پ/ لەو ماوەیەدا چەند کەست بینی؟**

**بەخوای ڕەنگە 100 تا 150 کەسم بینیبیٚ درۆی ناکەم ئەوە هەر دەیهێنان، نازانم ئەو**

> **بەشێوەیەکی گشتی بۆئەوەی ئافرەتێك گونجاوبێت بۆکاری لەشفرۆشی دەبێت لەڕووی جەستەیەوە لایەنی کەم کەمێك پێگەیشتو بێت. . کەدەکاتە زیاتر لەتەمەنی 12 ساڵ. بەدرێژایی تەمەنێکی 12 ساڵیش گەر زیاتر نەبێت مرۆۋ لەکەلتوورێکدا دەژی کەبەهەموو شێووەکانی پەیوەندی سێکسی تیایدا قەدەغەیە تاکە ڕێگاش بۆ قەدەغەکردنی سێکس بریتیە لەگوناح ، بریتیە لەعەیبە ، بریتیە لەناموس بۆیە کاتێك ژنان یەکەم جارو بەزۆر سێکسیان لەگەڵدا دەکرێت (ئەوبەزۆرە مەبەستمان لەپارەو ئیغتصابە) ئەوا هەست بەتاوانێکی گەورە دەکەن‌و کاتێکی زۆریان دەوێت تائەم مەسەلەی تاوانە لەلایان کاڵ دەبێتەوە.. بەڵام بەدڵنیایەوە هەرگیز لەیادی ناکەن‌و دەزانن بەردەوام تاوان دەکەن بۆیە هەست دەکەن دەبێت بەردەوام تۆڵەیەك لەخۆیان بکەنەوە یان سزایەکی خۆیان بدەن. .**
>
> **بەڵام کاتێك دەزانن هۆکاری تاوانەکەیان کەسێکی وەك باوکیانە دەبینن (م) یش‌و (ب)یش یەکەمیان خوازیارە ڕۆژێك دەرفەتی بێت دوو تف بکاتە گۆڕەکەی باوکی دووهەمیشیان دەڵێت "حەزناکەم خەونیشی پێوە ببینم" وهەردووکیشیان ئاواتەخوازن گەورەترین سزای باوکیان بدەن.. لەلایەکی ترەوە (ب) حەزناکات لەبنەرەتەوە باوکی هەبوایە بەڵام لەحاڵەتی (س)دا باوەڕی وابوو گەرباوك‌وبراوکەسی خۆی هەبوایە ئالوودەی ئەوکێشەیە نەدەبوو. ئالێرەوەیە هەبوون‌و نەبوونی باوان زۆر کاریگەری ئەوتۆی نیە لەسەر منداڵ بەڵکو ژینگەی کۆمەڵایەتی‌و خێزانی ناهەمواریەکانی دەبنە هۆکار کەناچاری دەکەن ڕووبکاتە لەشفرۆشی خۆئەگەر دامەزراوەیەك هەبێت داڵدەی بێدەرەتانان بدات ئەوا ئەوانەی گرفتی ژینگەیان هەیە هۆکارەکەی باوان بێت یان نا دەتوانن سودی لیٚ بینن.**

خەرکەی لەکویّ پەیدادەکرد، ئنجا چەند فیتەر دەهاتن ئەمن زراوم دەچوو دەموت، خوایە بابم یان برادەری بابم نەیەن.. من **چی بکەم بەخوای من ئەوەندە لەو بابەم ترساوم حەزناکەم خەویشی پێوە ببینم،** گەر بابم مرد دە چمە سەر قەبری دوتفی لێدەکەم کە ئاوها منی ڕسوا کرد..

پ/ بۆ واهەست دەکەی ڕسوای؟

ئەدی یەکێ لەجادە بخەویّو (بەردەوام تەعدای لێبکرێت) ڕسوانیە؟ ئەدی چی ڕسواییە؟ باجی گیان.

پ/ چەندت دەست کەوت؟ پارەکەیت چۆن وەردەگرت؟

ئەمن معامەلەو شتی وام نەدەکرد.. نەمدەزانی ئەوان بۆ خۆیان دوایی کەکابرا دەڕۆی، بەشی دەکرد وەك یەك!!

پ/ ماڵە دەلاڵەکان غەدریان لیّ نەدەکردی؟

لەهەولێر زۆرنا.. بەلاّم لەسلێمانی هەر زۆر زۆر دەبوو.. من (لەشم بفرۆشم) و ئەوان پارە وەرگرن.. وەك سوالّ.. تۆزێکیان ئەدا بەمن وەك ئەوەی خێرم پیّ بکەن.

- چاوپێکەوتنی سێیەم -

پ/ نەدەترسای سکت ببیّ لێیان؟

کچیّ بەرەوەڵلاّ بەلاّم دەیان وت: "برۆ حەب بخۆ"، یان دەیانوت: "بیبەستە"،(پیاوەکان دەیانوت: "ئێمە مەنع ناکەین، چونکە سێکسەکە هیچ خۆشی نامێنێت بۆ ئێمە".

پ/ چی بێزاری دەکردی؟

کەپیاوە موسەقەفەکان دەهاتن ئیتر شتی سەیر سەیریان دەوت.

پ/ وەکوو چی؟

دەیانوت: "ماکسیەکەت هەمو داکەنە"، دەیانوت: "بە فەرەنسی دەمانەوێت"

پ/ مەبەستیان چی بوو لە فەرەنسی؟

یەعنی (سێکسی نادرووست) یان کە من وەك کەروێشك بکەوم.. دەیانوت: "(با سێکسی دەموچاو بکەین)".. ئیتر حاشا لەڕووت شتی پیس وعەیب.. من هەرگیز ڕازی نەدەبووم بە

(سێکسی نادرووست)... ((دڵی تێکەڵ دە هات‌و سەیری زەویەکەی دەکرد، وەك ئەوە وابوو بیر لەشتێ بکاتەوە.))

پ/ چیتر؟

مەمکیان زۆر عەزێت ئەدام.. ئییستا ئەوەتا دوو ستیانم بە ستوە ئەوەندە شل بووەو دایم دێشێ.. بەددان زۆر ئازاریان داوم، وەك ئەوە وابوو دوژمنیان بەردەست کەوتبێ گازیان لێدەگرت زۆر توند دەیانگوشی لەژێر دە ستیان دەگریام.. دەموت: بۆ وام لێدەکەن خۆ کافرنیمە.. خوا قبوڵ ناکات.. خوا قوڕی بەسەرم کردوە، ئێوەش بۆ وام لێدەکەن؟ یان زۆرترین هەر داوای (سێکسی نادروستیان) دەکرد مەگەر عەشایەر بهاتایە بەس ئەوان (بەشێوەیەکی درووست وەك ژنێك سێکسیان لەگەڵ دەکردم) و دەڕۆشتن..

پ/ چیتر؟

وەڵلا (سێکسی نادرووست بەهەموو جۆرەکانیەوە) مۆدەیەتی هەمو لەسەتەلایتەوە فێربوون.

پ/ هیچ سێکسی نادرووستت کردوە؟

وەڵلا دووجار سێ جارم کردوە.. بەزۆر پێیان دەکردم.. بۆ سێ کەسم کردووە.. درۆناکەم بەڵام بەزۆر لێیان دام وتیشان شکاتت لێدەکەین.. لای (ب) ئیتر پارەشیان نەئەدامێ.

پ/ سودفەی کەسی باشت کرد؟

ئا..کوڕێك بوو پێموت: ئەزیەتم مەدە.. وتی: "ئەی بۆ دەی کەی"، وتم ئەو ژنە بێزەمیرە هەر خەڵکم بۆ دەنێرێتە ژوور من ناچارم.. حاڵ‌و مەسەلەم ئاوهایە.. من فێری ئەو ئیشە نیم ئەم فێری کردم‌و ناعیلاجم.. ئیتر وتی: "نایکەم".. وتم: قوڕ بەسەرم ئێستا دەچێتەدەر شکاتم لێدەکاو (ب) حەیام دەبا، دەڵێ (بۆ باسی خۆت بۆ خەڵك دەکەی، تاکو بەزەییان پیاتا بێتەوە).. دەیوت: "لەگەڵ پیاوان قسان مەکە (سێکسی) خۆت بکەو زۆر مەڵێ" ئیتر ترسام بەکوڕەکەم

لەڕاستیدا ئەم کچە خۆی لەڕاستیدا بەپێوەرە گشتیەکان جوانیەکی تیادابوو هەروەها دەتوانین بڵێین زۆر سادەو بێتاوان دیار بوو. ئەوەی لەم کچەدا زۆر گرنگ بوو زۆربەی کاتەکان کەشتێکی باس دەکرد، دەیوت: "عەیب نەبێت، یان حاشا لەڕووت" بەتایبەت بە ئەدەبێکەوە باسی لەوشتانە دەکرد کەبە پێوەری کۆمەڵایەتی لای ئەویش نادرووست بوون.

وت: نا بە قوربانە وەرە بیکەو شکاتم لێمەکە. وتی: "وەڵلا نایکەم (100) دینـاری، دیناری سویسری ئەوسا، دامیّو بۆ خۆمو وتی: "لەلای (ب) وانالێم ئەو پارەیە جودایە بۆ خۆتی هەڵگرە" چوە دەرو وتی: "کردم" .. ئەو کوڕە دوو ـ سێ ساڵە من لە جادەو ماڵی (دەلاّلەکان) پیاوان بەڕێ دەکەم یەکەم کەس بوو بیبینم بەزەیی بەمنا بێتەوە زۆریش گەنج بوو!

پ/ زیاتر لەکام کاتدا کڕیار دەهات؟

لەپاش عەسر.. ئێواران یان سعات سێو ئاوها..

پ/ بۆ ئەو کاتانە؟

> بەپێی ئەم وتانە ئەوانەی کڕیارن بەپلەی یەك بریتین لەئاستێکی بەرزتر لەخەڵکی گشتی لەڕووی زانیاریەوە کە لەکۆمەڵگادا بەڕۆشنبیر هەژمار دەکرێن.. کە ئێمە دەتوانین پێیان بڵێین، قسەزانو بەم پێوەرانە دەتوانین سیفەتی ڕۆشنبیریان لێ وەرگرینەوە کاتێك کەدان دەنێنین بەڕاستیەکدا ئەویش ئەوەیە کەلەشفرۆشی پرۆسەیەکە بەئاشکرا توندوتیژی بەرامبەر بەمرۆڤ تیادا ئەنجام دەدرێت.

زیاتر مۆزەف بوون یان تەلەبەی زانکۆ بوون یان مەسول.

پ/ مەسول زۆر دەهات؟

زیاتر بۆ مەسولەکان خەڵکی دەبرد خۆیان نەدەهاتن بەتەلەفون پێیان دەوت: "کچێکی ئاوهاو ئاوهامان دەوێ"

> لەبەشی تیۆری توێژینەوەکەماندا باسمان لەوەزیفە بایلۆجیەکەی سێکس کرد دەبینین پیاوان ئامادەی ڕێگرتنیان لەمنداڵ بوون نیە چونکە لەزەتی سێکس کەم دەکاتەوە، بەلاّم دەبێت هەموو دەرەنجامە قورسو خراپەکانی وەك دووگیانیو ئەرکەکانی دوو گیانی ژن هەڵیانبگرێت، هەر ئەوەندەش نیە بەڵکو هێشتا دەبینین باوکی (ب) قێز لەبوونی کچەکەی دەکاتەوە.

پ/ زیاتر داوای کچی چۆنیان دەکرد؟

وەڵلا منداڵ بێ یان (زۆر سێکسی نەکردبێت، چونکە گیانی تێك دەچێت)، بێت ئیتر جوان بێ.

پ/ کەسی ناوداری بۆ تۆ هێنا؟

**ئا.. ملازم (...) و رائید (...) بوون[42].**

**پ/ ئەو رائیدە نەدەترسا؟**

**با زۆر دەیوت: "من (ب) دەناسم هی خۆمانە بەس توخوا ناوم نەبەی، حەیام دەچێ" ئینجا زۆر دەترسا من خەڵکی سلێمانی بم دەیانوت: "شەیتانن حەیامان دەبەن"، وەڵڵا منیش کەلە ماڵی (ب) چوومەدەر بۆم کردە دەبوو دۆرە لەداخان لای هەموکەس باسم دەکرد.**

**ئیتر نەم توانی تەحەمول بکەم قەلبم ژانی دەکرد ئەو ژنە زۆر بێ ویژدان بوو.. چومەوە سەرجادە دیسان دوای دوو شەو گیرام وەڵڵا کەگیرام دوو زابت لەوێ بوون. یەکەمین جار زابتەکە بەمنی وت: "کوا هەستە ئادەی"، منیش چوزانم ئەوان ئەوەندە (بێ ئەدەبن)، هەستام ئنجا وتی: "کوا بلوسەکەت؟ ناو قەدی بگرە"، منیش گرتم وام دەزانی ئاخۆ بۆ چیە؟؟ وتی: "بەقوربانی ئەو .... بم.. بەساقەتبم.. وەی لەو ...... وەی لەو...... وەی لەو ..." منیش وتم ئێوە لاخۆی دفاعمان لێبکەن بۆ خۆتان باسی ئەو شتانە دەکەن؟**

**پ/ هەردووکیان؟**

**ئا.. هەردووکیان وەڵڵا وتیان: "دەبێ بمان دەیە دەنا دەتخەینە ئەحداس بۆ سجن" منیش زۆر دەترسام لەسجن.. زۆر ناخۆش بوو.. کەسم نەبوو لێم پرسێ، مواجەم بکات، یان پۆلیسەکان هەرشتێکیان بۆ بکردیتایە کەدەیان زانی تۆ لەسەرجادەوە هاتوی ئەوانیش (تەعدایان دەکرد)، خۆم سجنم بینیبوو حەزم لێنەدەکرد.. ئەو خۆڕیانەش دەیان ترساندم، وتم مەمبەن بۆ سجن وتیان: "باشە دەت بەین بەمۆقەت بۆ (....)، ((یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کەبۆ ئافرەتان کاردەکات.))**

**وەڵڵا تادووسعات، حاشا لەڕووت، ئەو زابتانە بەس باسی (قسەی سێکسیان دەکرد، باسی گیانی خۆیانو منیان دەکرد)، بەهەقی ئەو خوایە ئنجا.. دەستیان بۆ خۆیان دەبرد وەختابوو سوێیان بێتەوە..**

**پ/ چیان دەوت؟**

---

[42] **ئەم دوو تیپی (...) دوو ناوی جیاوازن هەردووکیان دوو ناوی عەرەبینو بە تیپێکی دیاریکراو دەست پێ دەکەن.**

**دەیوت: "ئەریٚ حەزت لە...."، ئنجا وتم: وەڵڵای شەرمیٚ دەکەم ئەتۆ گەورەی لۆ ئەو قسانەی دەکەی عەیب لەخۆت ناکەی؟**

**پ/ چیتر؟**

**ئیٚ دەیانوت: "(بەشیٚوەی نادروست سیٚکسمان لەگەڵ دەکەی)" وتم نەوەڵڵا هیچیان ناکەم زۆریش قسان مەکە.. وتیان: "دەباشە دەوخەینە ئەحداس".. وتم: "باشە (هەموو شتیٚکتان بۆ دەکەم)، بەس جیٚگەیەك پەیداکەن لیٚرەنا دەمویست بچمە شویٚنیٚك هەڵبیٚم لەدەستیان.. ئنجا دەیوت: "باشە ژن بە چی (ئارەزووی سیٚکس دەکات؟) .......ئیتر قسەی بیٚمەعنای زۆر دە کرد، وەڵڵا وەلحاصڵ دوای ئەوانە وتی: "باشە بتکەینە جاسوس؟" وتم جاسوسی چی؟ وتیان: "........." نازانم ئەوان چیان دەویست چونکە زۆر محاوەلەیانکرد ڕازیم کەن.. وتی: "......"، وتم ئەی گەر گیرام؟ وتیان: "وەڵڵا ئیعدامت دەکەن لەویٚ قەشمەریان پیٚ کردم پیٚدەکەنیین؟ وتیان: "وازبیٚنە لەوە ئەوشەو لە گەڵمان ڕابویٚرە"، وتم: باشە ئیٚوە جیٚ پەیداکەن، وەڵڵا تەلەفونیان کرد بۆ چوار پیٚنج جیٚگە نەبوو وتیان: "جیٚی بە تاڵ نییە بەو شەوە"، یەکیٚکیان وتی: "بابیبەینە (...) ((ناوی ڕیٚکخراویٚکە)) ئەوشەو بەس ئەوراق و شتی بۆناکەین بەیانی جیٚگەیەك دەدۆزینەوە، یەکی سیٚ چوار جار (سیٚکسی لەگەڵدا دەکەین)و بەرەڵڵای دەکەین".. ئەوی تریش وتی: "باشە ئیتر منیان بردە (.....)" بە یانی مودیرەکە هات، ترسناك بوو.. توڕە بوو یەکیٚکی هەند قسەرەق بوو.. وتیان: "لەموکافەحەوە هاتوین زوو دەی بە ینەوە سبەی پاش سعات 3، ئیتر منیش ئەو شەوە لەویٚ مام دەترسام.. سبەی ئەوانە بم بەن (تەعداشم لیٚبکەن)و تەسلیم بەسجنیشم بکەن چونکە زۆر بیٚشەرەف بوون دەستیان دەڕۆی..**

> **لەبەکارهیٚنانی (ب) دا بۆکاری سیخوڕی، وەك یەکیٚك لەکاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەر کۆمەڵ، کیٚشەکە بەتەنیا لەکاری سیخوڕیدا نیە.. بەڵکو لە فەرامۆشکردنی مافەکانی مرۆڤیٚکیشدایە کە مان و نەمانی یەکسانن بەیەك وبەپیٚکەنینەوە پیٚی دەڵیٚن ئەی تەبعەن ئیعدام دەکریٚیت.**

**سبەی بەیانی بوو، بە (مودیرەکەم) وت: دەڕۆم.. وتی: "نابیٚ".. وتیشی: "تۆ موکافەحە هیٚناویانی دەبیٚ بۆخۆشیان بتبەنەوە"، هەر وتم,,, هەر وتی: "نابیٚ" ئەمنیش وتم**

دادەگیان موکافەحەی چی؟ ئەوان بۆ خۆیان (سێکسم لەگەڵ دەکەن)، وەڵڵا تۆزێك وەستا پێی سەیر بوو ئەمن وام وت، مات ما.. وتی: "بڕۆ دەرێ جارێ تادوایی بانگت دەکەم"، وەڵڵا هەستام ئیتر نیوەڕۆ بوو وتم من دەڕۆم.. وتی: "نابێ دەڕۆی بۆ ئیشی خراپ".. منیش زۆر توڕە بووم وتم تۆ هە قت چیە؟ (جەستەی خۆمەو چی لێدەکەم دەیکەم)، وتی: "بڕۆ چاوتدەرێ بڕۆ ((قسەیەکی زۆر ناشرینە ناگێڕرێتەوە))، بەلآم ئەم وەرە قەیە لە بۆمن ئیمزا بکە، کەخۆت دەچیتە دەرێ تامن مەسول نەبم"، وتم سەد جار ئیمزای دەکەم ئیتر ڕۆیشتم.. وتی: "بڕۆ ملت بشکێنە بێشەرم"

پ/ لەهەولێر ماڵ زۆرە ئەم ئیشە بکات؟

زۆر زۆرن هەر لەبژاردن نایەن ڕەنگە هەزاران.

پ/ دەلآڵەکان زۆرن ژمارەیان؟

ناڵێم زۆر زۆر..

پ/ کێن زیاتر توشی ئەمەدەبن؟

وەڵلاهی لەشفرۆشەکان وەکی منن زۆر بەیان شوێنو ڕێگەیان نیە.. لەماڵ دەرکراون.. یان عەرەبنو ڕایانکردوە.. ئاوها، بەس (دەلآڵەکان)نا ئەوان خۆیان ماڵیان هەیەو حاڵیان باشە و موسەقەفیشن.. نازانم بۆ وادەکەن هەمو (دەلآڵەکان) مێرد یان براکانیان لەگەڵە.

پ/ بەڕای تۆ زیاتر خەڵك بۆ ئەمە دەکات هەژاریە یان چی تر؟

یەکی وەك من لەناعیلاجیایە.. کەس سیقەت پێناکات سواڵ بکەی، ئنجا ڕێگەو شوێنی

> کارکردن یەکێکە لەوڕێگایانەی مرۆڤ لەململانێ ئابوریەکاندا بەکاری دەهێنێت بۆدابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی هەموو مرۆڤێکیش بەپێی بازاڕی کارو تواناییەکانی خۆی کارێك دەدۆزێتەوە بۆئەوەی بژێوی خۆی پێدابین بکات، تەنانەت گەر سواڵکردنیش بێت. لەباری لەشفرۆشیدا.. لەشفرۆش ناچاردەکرێت سێکس بفرۆشێت بەپارە بەجۆرێکیش ڕابێت لەسەر ئەو کارە کەدواتر ناتوانێت دەست بەرداری ببێت چونکە ماوەیەك بەسەر تەمەنیدا دەڕوات و لەشفرۆشیش تاکە ڕێگا دەبێت بۆژیان کاتێك گەشە بەم کارەدەدات و دەبێتە سەرۆك باند خەڵکانی تر دەچەوسێنێتەوە ئەوا ئەو کاتەیە کەپێداویستیە هەرە سەرەکیەکانی دابین بوەو هەوڵ دەدات بگاتە دەوڵەمەندی.. هەر بۆیە ئەوانەی بەتەنیا لەشفرۆشی دەکەن بۆ پارە دەیکەن، بۆژیان دەیکەن، بۆ فەنتازیایەکی دیاری کراو دەیکەن یان بۆ چەن پێویستیەکی دیاریکراو ... تاد بەلآم سەرۆك باندەکان سەرەڕای ئەمانە هەموی لەپێناو دەوڵەمەند بوندا لەشفرۆشی دەکەن.

خەوت نیە بۆیە دەبیٚ لەماڵی دەلاڵێك بژیت.. بەلاّم دەلاّڵەکان وەکی ئێمە نین زیاتر بۆ پارە وادەکەن..

پ/ فەرق چی بوو لەنێوان کڕیاری سلێمانیو هەولێردا؟

خەڵکی موصڵوهەولێریەکان زیاتر حەزیان دەکرد لە گەڵ کچێکی هەولێری ڕابوێرن بەتایبەت مەسئولو زابتو شتەکانیان بەس خەڵکە عەشایەرەکەی گوێی پێنەئەدا خەڵکی کویٚ بیٚ.. ئەوان، عەشایەرەکان، نەدەترسان گەر خەڵکی سلێمانیش بێت.. دەیانوت: "باشتریش" بەلاّم وەکی تر مەسولەکان بە عەکسەوە دەیانوت: "باخەڵکی سلێمانی نەبێت باسمان دەکات، گالتەمان پیٚ دەکەن"، ئاوها بیردەکەنەوە هێند شەیتانن..

پ/ ئەی خەڵکی سلێمانی چۆن بیردەکەنەوە؟

وەڵلا ئەمان شتی وانیە خەڵکی کوێی بەس (بەکەیفو زەوق بووینایە و هەرچۆنێکیان ویست با بۆیان بکەین) ئەوها هەر ناپرسن تۆ خەڵکی کوێیت..

پ/ زیاتر خەڵکی سلێمانی یان هەولێری داوای سێکسی نادرووست دەکەن؟

وەڵلا ڕاست؟ سلێمانی.. ئەوانیش باسی ئەوشتانە دەکەنو داواشی دەکەن بەس وەکی ئێرە نا.. ئێرە بەعەشایەرو موسەقەفو مەسئولو پۆلیسو هەموی هەردەڵێن: "(سێکسی نادروستمان دەوێت)". بەخوای ئەوەمن زیاد لەپێنج مانگ لەوشارەی بووم ئنجا گیرام لەماڵی سیٚ (دەلاڵی) بووم مەگەر چۆنها یەك پیاو بهاتایە بەشێوەیەکی دروست داوای سێکسیان

> جیاوازیەك بەدی دەکەین لەنێوان تەوزیفکردنی تەکنەلۆجیادا لەنێوان هەردووشاری سلێمانیو هەولێردا، گەر تێبینی بکەین کاتێك تەکنەلۆجیای ئەنتەرنێت دێتە کوردستانەوە ئەنتەرنێت کافێیەکان لەشاری سلێمانی دەرفەتی پرایڤتیان دابین کردبوو (Private) واتا هەرکەسێك دەتوانێت ئازادانە بەتەنیا خۆیو ویبسایدەکان بێت لەژورێکی دابڕاودا کەدەبینرا بەشێوەیەکی بەرچاو سایتە سێکسیەکان دەکرانەوە، بەلاّم لەشارێکی وەك هەولێردا خانەکانی ئەنتەر نێت بەشێوەیەکی گشتی دانرابوونو بەئاسانیو ئازادانە نەدەکرا خەڵکی ئەو سایدانە ببینن .. هەربۆیە دەبینین تەکنیکی سێکسو کەلتووری سێکس لەشاری سلێمانیدا بەرەو ئەوە دەچێت کەخەڵکی خواستیان لەسەر ئەو شێوازانە هەبێت کەلە پۆرنۆگرافیاکاندا هەیە ئەمەش بەڕێژەیەکی زیاتر لەخەڵکی هەولێر.

بکردایە) دوایش هەموو پیسیەکەیان دەکردە سەر دەموچاومان.. بەخوای ئەمن بۆ خۆم فێر بووبووم هەر دەهاتنە ژور بێ ئەوەی ئەوان قسان بکەن دەکەوتمە سەر دەم ڕۆژێکیان کابرایەك هات پێش وی سێ کەس هاتبوون وەڵلا هاتو تۆزێك وەستا ئەمن ڕووت بووم هەر بەدەما کەوتبووم حاشا لەڕوت.. وەڵلا کابرایەکە وتی: "کوا بابزانم دەی وەرگەڕێ باروت ببینم"، ئەمنیش ئاوڕمدا وتم: چیت دەوێ؟ وتی: "ئەوە چیە بۆ بەدەماکەوتوی؟" وتم: ئەدی نەها توی بۆ .... دەزووبە قەلبم دێشێ، وتی: "کوا هەستە بزانم؟" وتم: چیە چیت دەوێ؟ کابرا وتی: "ئەتۆ بۆ واکەوتوی وتم بۆ حەزناکەی (بەنادرووست سێکس بکەی؟) وتی: "ناوەڵلا ئەمن پارەم (بۆ ئەوە نەداوە)"، وەکی قسانی کرد یەکسەر زانیم.. وتم: ئەتۆ خەڵکی هەولێریت زمانت دیارە.. وتی: "ئەرێ وەڵلا.. ئەمن تاجرم برادەرەکەم هێناومی بۆ ئێرە دەعوەتی کردیمە"

پ/ خەڵکی سلێمانی زیاتر موسەقەف کڕیارن یان عەشایەرەکان؟

هەردووکی من بۆ خۆم لێرە کەم عەشایەرم بەرچاو کەوتوە.. هەموی زیاتر مەسئولن یان تەلەبەن، وەکی هەولێرێ دێن بۆ ماڵە (دەڵاڵەکان)، ئەمان بۆ خۆیان دێن مەسئول لێرە شەرم ناکەن حمایەش لەدەرێ چاوەڕێیان دەکات هیچ شەرمێ ناکەن. بەلاّم ئەوانیتر گەر

وەك باسمان کرد لەبەشە تیۆریەکەدا یەکێك لەڕێگاکانی لەشفرۆشی، لەشفرۆشی سەرجادەیە کەهەرلەکۆنەوە ئەم جۆرە لەلەشفرۆشی پێویستی بەڕیکلام هەبوە ئەو ڕیکلامەش خۆی لەئارایشتێکی تایبەتو شێوازێکی جەستەنواندندا هەبوە کەلەشفرۆش پیایدا بناسرێتەوە ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ئەم گرۆیە لەخەڵك شەرمیان دەشکێتو ڕەفتاریان سەربەستانە تردەبێت چونکە هیچیان نامێنێت لێی بترسن.

ئەم دووخاڵەی سەرەوە بەتەنها بەس نین بەڵکو لایەنی دەروونیو کۆمەڵایەتی لەشفرۆشەکان کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ڕێ کردنو ڕەفتارو قسەکردنو پێکەنینو ... تاد کەدەکرێت ئەمانەش هەمویان بەکلتووری ڕۆژانەی لەشفرۆشەکان بناسینەوە.

شایەنی باسە لەبەر ئەوەی هۆکارەکان چون یەکن لەولاّتانی دونیادا لەشفرۆشەکان لەنەرویجو ئەڵمانیاو سویدو کوردستاندا قژیان زەرد دەکەن مکیاجی زۆر تۆخ دەکەن ڕەنگی سور زۆر بەکار دێنن ... تاد تەنانەت ئەمانە مەرجی سەرەکی سەرۆك باندەکانیشە بۆ فرۆشیارەکان، چونکە باوەڕیان وایە کڕیار ئارەزووی ئەو جۆرە لەمێینە دەکات.

موسـەقەف نـەبن زیـاتر سـایەق تکسـیو فیتـەرو یـان مرورەکـان زۆر لەسـلێمانی ئـەوەی دەکەن بەس پرسیاریان لێبکە: کاکە ئەو جادە یەبۆ کوێنـدەرێ دەچـێ؟ دەڵـێ: "(سێکسـم لەگەڵ بکە) ئەوسا پێت دەڵێم"

پ/ بۆ چۆن وادەڵێی؟

ئـاخر مـن بەچـاوی خـۆم بینـیم سـەدان ژن بـەمێردار بـەدزی مێردیـان دەهاتنـە ماڵـە (دەلالـەکان) بـەخوای بەچاوی خـۆم بینـــیم ژن لای مێـــردی وتبـــوی: "تەعین بومە لـەکۆمپانیاو شـتی وا.. بـەیانی دەهـات بۆمـاڵی (دەلالەکـە) هـەتا سـعات سـێ ئەوسـا دەڕۆی لەگـــەڵ خـــۆی 2000 دووهـــەزار دیناری دەبردەوە.. بەس بەڕابواردن دەشــی وت: "مێــردم بزانــێ ســەرم دەبــڕێ".. هــەمو گیـانی زێـڕ بـوو دەمـوت: باشـە مێـردت کوێراییـەتی؟ نـازانێ ئەوهـەموو زێـڕەت لـەکوێ بـوو؟ دەیـوت: "چـوزانێ.. دەڵـێم زەردە.. دەڵـێم هـی هاوڕێمـە.. هـی خوشـکمە.." وەی بابـەی ئـەمن بـیرم لـەدایكو پورەکـانی خـۆم دەکـردەوە ئەوانە چەند بەدبەختن؟ بەوخوایـە.. بـەقورعان.. بـابم سـەدجار لـەداکمی داوە بـــەس لەســـەر ماڵـــە بـــابی کەسـەردانی کـردوە.. یـان چ دەبـوو دایکـم بـوێرێ بچـێتە بـازاڕ، هـەی بابـە هـەی.. یـان لەهـەولێرێ مەگـەر کچـێك وەکـی مـن .. خـودا سـەری لێبشـێوێندایەی یـان زۆر زۆر هـەموو خێزانەکە خەریکی (بێ ئەخلاقی) بوونایە.

> بەپێی ڕاکانی (ب) ڕێژەی لەشفرۆشی لەشاری سلێمانیدا زۆرترە لەشاری هەولێر یان شارەکانی تر.. وەك لەشیکردنەوە تیۆریەکەدا باسمان کردوە لەشفرۆشی ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیدا، چونکە ئەمەش یەکێکە لەکاریگەریە سلبیەکانی پێش کەوتن لەسەر فۆرمی سەرمایەداری، لێرەشدا سەرمایەداری بەنۆرم هەژمار دەکەین نەك بەکۆی سەرمایەگوزاری.. یەکێك لەپێویستیەکانی گەشە سەندنی بازاڕی کاروسەرمایە ئازادی کارکردنو بازاڕی ئازادە، کەلێرەدا ئاستەنگە بەپێی یاسایەك ڕێ لەهیچ جۆرە کارێك بگیرێت. لەلایەکی ترەوە لەکۆمەڵگای پێشکەوتوودا زیاتر دەرفەتی ماف بەژنان ڕەوادەبینرێت، بەڵام لەکاتێکدا ئاستی هوشیاری کۆمەڵگا کەنزم بێتو هیچ ڕێو ڕەسمێك نەبێ بۆ ڕێکخستنی بازاڕو تەکنەلۆجیای زانیاری پێشکەوتوو بێتو هەژاریو جەنگ تەواوی ناوچەکەی گرتبێتەوە ئەوابێگومان لەکۆمەڵگایەکی کراوەو پڕ خواستدا بۆپێشکەوتن ڕێژەی لەشفرۆشی زیاد دەکات.

نـازانم ئـەتۆ قـەد چـویتە کـن دکتـۆری ژن؟ بینیوتـە وەکـی دادەنیشـن چـاوەڕێ دەکـەن لەغورفەی ئینتزاری.. بڕوابکە لەمالی (دەلاڵـەکان) لێرە ئاوهایـە.. بۆ بەبەر دەکەوێ؟ چما ڕۆژ هـەتا ئێـواریێ دەتـوانی ئـاوی بخـۆین؟ بـەقورعان فریـای میزکردنـی ناکـەوین.. بـەس لەهـەولێر وانـەبوو کـە پیاوێـك دەهـات حاشـا حـازری بەکەیفـە خۆمـان، لەسـەرە خـۆی (سێکسی) خۆی دەکردوو دەڕۆی.. بەس لەو شارەی چ بەزمە.. خوایە ئەوە دەچیە ژورێ هێشتا کابرایەکە (تەواو نەبوە) لەدەرکەی ئەدەن.. "خێراکە عالـەم چاوەڕێیە.. زوو بـەن"، وەکی مەکینەی خەیاتیت بینـدووە ئەمن هـەر پێدەکەنیم.. دەمـوت: وەی بابە ئەو خەڵکە چنە؟ سەیرن ئاوهایە بۆیە دەڵێن وەکی ئەوروپایە.

پ/ چۆن هاتی بۆ سلێمانی؟

کـە جـاری دووهـەم چـومەوە مـاڵی (ب) زۆر بێـزار بـووم حـەزم دەکـرد بمـرم لەسـەرجادە.. هـەڕۆژەی لەسـوچـێ بـووم.. لەسـجن ژیـانم نـەبوو.. لـەماڵی (دەلاڵـەکان) هـەر پیاویـان بـۆ دەهێنام.. ڕۆژێکیان (ب) ڕۆی بۆ مەسیف ئەمن نەچوم لەگەڵی.. کردیە شـەڕ لەگـەڵم وتـی: "بـڕۆ لێـرە مەمێنـە"، خوایـە چـی بکـەم سـوار تەکسـیەکی بـووم وتم: کاکـە بمبەجێیـەکی دەڕۆم بۆ ئێران، وتی: "بۆ؟" وتم ڕامکـردوە، وتـی: "جا بـۆ؟ بۆ ئێـران.. بڕۆ بـۆ سـلێمانی وەکـی ئەوروپایـە لـەوێ سـەنتەر هەیـە، هـی ژنـان بـەخوای وەکـی گـوڵ بـەخێوت دەکـەن" ئـەمنیش وتم دەبمبـە بـۆ گـراج.. وەڵـلا ئـیتر کابرایەکـە هـەتا بردمیـە گـەراج نەسـیحەتی دەکردم دەیوت کەچویت ئاوها بکەو ئاوها بڕۆ.. ئیتر هـاتم وەکـی هـاتم ئەوەنـدە کـەر بـووم بـە سـێ کەسـم وت: لەگـەراجی سـلێمانی.. وتیـان: "وەرە دەت بەینـە سـەنتەرێ"، وەڵـلا بەدرۆ لەپێش چاوم تەلەفونیان کردوو وتیان: "ئەوا یـەکمان دیتـەوە زۆر منداڵـەوە هیشـتا فەریکەیـە" ئـەمن نـەمزانی یـەعنی چـی فەریکـە.. وەڵـلا هەنـدەك قسـەیانکرد.. ئـەمن هـیچ تێنەگەشـتم هەنـدەك جـاریش دەیـانکردە عربـی.. وەڵـلا سـوار سـیارەیان کـردم بردمیـان.. ئەمنیش چوزانم ئەوە یەکەمین جارە ئەو شارەی دەبینم بردمیان بەجادەیەك وەك مەسـیف لەشێستیەوە بردمیان ئەوان وایان نەوت.. وتیان: "ئەوە جادەی ناو بازاڕە"، دوایـی زانـیم وەڵـلا چـومەز ئەوکاتـە کەتەلـەفونیان کـردوە بەدووکەسـی تریـان وتبـوو: "بێـت هـاوڕێی خۆیان"، ئەو خۆڕیانە، وەڵلا لەسەر شاخێ سەرکەوتن جادەکەی خۆڵ بوو لایانـدا.. ئیتر سیارەیەك لەوێ ڕاوەستابوو دوانی تێدابوو ئەمن کەلایدا.. زانیم دابـەزینو ئـەمنیش وتم:

ئێوە درۆتان لەگەڵە ئەمنکرد عەیب ناکەن خوشك‌و داکتان نیە؟ بۆ ئەوەندە بیّ ویژدانن یەکیان وتی: "ئەمن لەخۆڕا تۆم نەهێناوە بۆ ئێرە من بەس سەیری چاوتم کردووە زانیومە تۆ (بیّ ئەخلاقی)، خۆ شەریف بوویتایە نەمان دەهێنای" ئەوە دەبینم قۆتی بیرەشیان پێیەو دەیخۆن، وتم بمبەنەوە کاکە ئەمن شارە زانیمە خێرتاندەگا.. وەڵلا یەکیان زۆر پیاو بوو وتی: "ئەمن حەز ناکەم لەگەڵ کەسیّ بیکەم خۆی پێی خۆش نەبیّ ئەوەوەکی تەعەداوایە"، ئەوی دی وتی: "ئەو بۆ خۆی (بەرەڵایە) ئێستا خۆی کردۆتە شریفی مەکە، ئەویش وتی: "بەخوای یەك ملیۆن (سێکسی کردبێت) ئەمن لەگەڵی ناکەم مادام خۆی پێی خۆش نیە، وەمن دە شڕۆم"، وتی: "ئەشیبەم لەگەڵ خۆم" وتیان: "شتی وانیە حەتمەن دەبیّ سەرو (یەکجار سێکسی لەگەڵ بکەین) ئەوسا دەڕۆین"

یەکیان دەیوت: "ئەمنتان لەئیش‌وکارکردوە، هاتووم بەدەستی بەتاڵ دەمنێرنەوە؟"

ئیتر ئەو کابرایە ڕۆییە ناو سیارەو سەری خۆی داخست ئەمنیش گیرم خوارد لەویّ وتیان: "یان لەو چۆڵیەی جێت دەهێڵین، زۆر یش دووری لەشار، یان دەبیّ (سێکسمان لەگەڵ بکەی)، ئەگەر جێشمان هێشتی شەو سەگ‌وشتیوا لێرەکانەیە ئاگاداربە"، یەکیان دەیوت: "ئاسایش بتبا چاوت بەدنیا ناکەویّ، ئێرە نزیك ماڵی (باس لەکەسێتیەکی سیاسی گەورەدەکات)، دەڵێن تۆ جاسوسی".. وەڵلا شێتیانکردم وتم وەرن قەیناکە لەڕێی خوا بەس نەجاتم دەن.. وەڵلا یەکە یەکە هاتن بەس ئەو دانەیە نەبێت کە باسمکرد، ئینجا هەمو (سێکسیان کرد).

... ((هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: "ڕەبی خێر نەیەتە ڕێی باوکە ....ەکەم ئاوها ژیانی منی تێکدا"))

ئیتر کە تەواو بوون سەگبابانە سوار سیارە کەیان کردم دەشگریام زۆر بەزەییم بەخۆما دەهاتەوە وتیان: "بۆ دەگریت؟ ناخۆش بوو؟ بەدڵت نەبوو؟ هی هەولێریان خۆشە؟".. هەر گەمەیان دەکردوو قەشمەریان پیّ دەهات.. وەڵلا زۆریان وت: "بۆ وادەکەی"، منیش بۆم باسکردن کەچی یەکیان وتی: "بەملی شکاوت بۆ زووتر نەتوت بەخوا من زۆر پەشیمانم"، تۆزێك مات بوو.. ئیتر کەسیان گەمەیان نەکرد وتیان: "دابەزە"، وتم ئێرە کوێیە وتیان: "بڕۆ لە پێشت 200 مەتر کەمترە بڕۆ مرور دەبینی پرسیاربکە بابت بەنە کن (ناوی کەسێکی گەورەدەڵێت) بەشکم شتێکت بۆ بکات"

ئیتر خۆیان بە سەریعی ڕۆشتن هەر بۆ خۆیان 75000 حە فتاو پێنج هەزاریان پێدام ئەمن حەپەسام لەهەولێر (سێکس) زۆر هەرزانە مەگەر مەسول بێت دەنا خەڵك بەعام زۆر کەم ئەدەن وتم: ڕەنگە بەزەییان پێمدا هاتبێ. ئیتر بۆخۆم هاتمە سەرجادە دەستم لە سیارەیەك ڕاگرت دووئافرەتو پیاوێك هەڵیان گرتم هێنامیان وتیان: "خوشکم بچۆ بۆ سەنتەری (س)[43] بە شکم وەرتگرن"، ئیتر هەر دەسوڕامەوە لەناو ئەو بازاڕەی تا بووبەشەو، پیاوێك وتی: "وەرە دەتبەمەماڵی خوشکم، هەند باشن"، وەڵڵا حاشا لەڕووت بردمیە ماڵی (دەلاڵێك)، وەك (؟؟)[44] وابوو شەو ڕۆژ هەر دەیوت: "بڕۆ ژور مشتەری خۆمانەیە".. هەتا کوشتمی..

پ/ بۆ؟

دەموت بەسە ماندیم.. دەیوت: "بۆ ماندیت چما هیچت کردوە؟" ئەو بێویژدانانە تەنانەت کە (سووڕی مانگانەشم) هەبوایە نەدەوەستان، دەیوت: "بڕۆ ئیسفنج هەڵگرە باپێت نەزانن".. بەخوای شتی وامبینی لەماوەی ئەو پێنج مانگەدا سەرم سپی کرد.. وای بابە بەس بەربم یەك دەقە نامێنم لەو شارەی هەر ویژدانیان نیە.

لەهەولێرێ.. لەماڵە (دەلاڵەکە) هەر چەندێ پەیاکەم دەیکەینە دووکوتەوە قلێ بۆ ئەو قلێ بۆمن.. بەس لێرە ئەمن ڕۆژی 1000 هەزار دینارم پەیدا دەکرد، بەهی ئەسڵ، قەسدم بەخوای هەندێ ڕۆژ زیاتر چونکە دەگەیە ( 250 ) دووسەد هەزار دیناری بریمەر.. لەم پارەیە جابزانە چەندی دەکرد کەچی تەنها 10 هەزاریان ئەدا بە خۆم.

ــ چاوپێکەوتنی چوارەم ــ

پ/ ماڵە دەلاڵەکان زوو زوو شو ێن دەگۆڕن؟

وەڵڵا ئەوەندەی من بزانم ئاچونکە ئێستا ماڵیان لەو محەلەیە پاشی دوومانگان وەرەوە لەوێ نەماون دەترسن کەشف بن.

---

[43] مەبەست لە (س) سەنتەرێکی دیاریکراو نیە، ئەوەندەی ناوی سەنتەرێکەو لێرەدا توێژەر ناخوازێت باسی ئەو سەنتەرەبکات.

[44] لێرەدا ئەم لەشفرۆشە (دەلاڵەکە) وەك ئاژەڵێك وەسف دەکات، کەبەڕاستی لەبەر ماڧ ئاژەلان ئاستەمە بۆ توێژەر ناوی ئەو ئاژەڵە بۆ وەسفی دەلاڵەکان قبووڵ بکات.

پ/ سەتەلایتیان هەبوو؟

هەموویان ئیلان سەتەلایتو سی دی.. ئەمن تا دەستم نەکرد بەو ئیشەی نەمدەزانی لەسەتەلایت ئەو شتەی هەیە.. ئەوسا تێگەشتم بابم بۆ ئێمەی لەو ژورە دەردەناو دەرکی دادەخست.

پ/ تائێستا ڕێنەکەوتوە سکت هەبێت؟

ئەدی بابم ئەی من لەسەر چ گیراوم، بەهۆی سکەکەمەوە گیراوم.

پ/ لەکێ سکت بوو؟

نازانم من چوزانم ڕۆژی 100 پیاوی بۆ دێنام (بێ ئەخلاقە) وادە زانن ئەتۆ پاسی کۆستەری ئەو دا دەبەزێ یەککی دی سەردەکەوێ.

پ/ لەماڵی (د) کچی تری لێ بوو وەك تۆ؟

ئا چوار عەرەبی لێ بوو کوردەکان بەڕۆژ دەهاتن تادرەنگ یان لەڕێگای دەوامەکەیانەوە دەهاتن (جارێك دوو جار سێکسیان دەکرد)و دەڕۆشتن.

پ/ ئەوانە بۆ پارە سێکسیان دەکرد یان لەگەڵ کەسێ کەخۆیان خۆشیان دەویست؟

زۆریان خۆیان پیاویان لەگەڵ بوو دەیان وت: "ئەوە دەنکی خۆمە"، هەندێکیش نا وەکی ئێمە بۆ پارە لەوێ دەما تا ئێوارە ڕایدەبواردوو پیاوانی بەڕێ دەکرد.

پ/ لەهەمو پیاوەکان تۆ خەفەتت لەکێ زۆر خوارد ئەزیەتت بدات؟

ئەها، کوڕێك بوو ناوی (پ) بوو لەماڵی (ع،س) لەهەولێر بەناوبانگن ئەمانەوەختی خۆی جاش بوونە دوای بوونەتە (.....)، کوڕێکیش بەناوی (ك) ئەمانە منیان برد بەحساب پارەم دەنێو لەگەڵم بخەون کەچی بردمیان لە ماڵێك زۆر گەورە بوو وەکی ماڵە شێخو شتی وابوو.. هەند گەورە بوو دیوی گەورەیان بوو. ئەو دووە بۆ خۆیان خۆیان ڕووتکردەوە.. وامدەزانی ئەوانە لەگەڵ من (سێکس دەکەن)؟ کەچی بۆ خۆیان پێ کەوە (سێکسیان)کرد تا تێربوون، دواتر هاتن یەکیان چەقۆیەکی هێناو زۆر ترسام وەڵڵا هەر ڕاست سەر مەمکمی پێ بریندار کردوو ڕوشاندی وەڵڵا خەریك بوو بقیژێنم وتی: "وس دەنا سەرت دەبڕم".. وەڵڵا منیش هیچم نەوت خوێنەکەیان بڵاو کردەوە بەسەر سنگماو زوو زوو دەستە خوێناویەکەیان دە هێنا (بە گیانی خۆیاندا)[45].. وەڵڵا بابە ئەو ڕۆژە تا

---

[45] مەبەستی ئەندامی زاوزێی نێرینەکان خۆیانە..

لەوێنـدەر ڕزگـارم بـوو هـەر مـردم مـاڵێکی هەنـد ترسـناك بـوو، ئنجـا كـورێكی دیـش هـات بەهەرسـێكیان ئەوەنـدەیان لـەمن دا ئەوەنـدەیان لـەمن دا مەگـەر بـابم وا لێیـدابم هـەر لەخوت‌و خۆڕاش نەمدەزانی بۆ لێم دەدەن.

پ/ لەگەڵ تۆ سێكسیان نەكرد؟

بەڵێ دوایی هەرسێ كیان لەبەر چاوی یەكتر دەیان كرد،... ((ماوەی حەوت دەقە بێدەنگ بوو دواتر زۆر گریا و بەدەم گریانەوە بەردەوام بوو)) ...

بە خوای حەزدەكەم ئەو باوك‌وبرام بدەنە دەستم بەدانەكانم بیانكوژم، لێ گەڕێ چیم دی بـەس بـۆ خـۆم دەزانم مەگـەر دڵـم هەڵـدرن وەكـی ماصـی ئەوسـا دەبینـی نـاو زگـم چ زوو خاوێكی تێدایە هەموشی سەبەبەی ئەو باوكەی وام لێهات.. ئـەتۆ نـازانی چـەندیان غـەدر لێ كردووم ئەمن بەس بۆ مردن باشم.. بە خوای سەگ ژیانی لەمن خۆشترە.. بـەس نیـە لـە ڕۆژێكا یەك سەگ زیاتر سواری نابێ.

پ/ئەتوانی پێم بڵێیت چەند پیاوت بینیوە؟

بە خوای بە قورعان زیاتر لە 2000 دووهەزار پیاو.. ڕۆژێك سوار تەكسیەكی بـووم وتـی: "ئەوە چیتە خوشكم؟" پیاوێكی پیر بوو هـەر زۆر پیربـوو. ئـەمنیش شـێوابووم.. ئـەمنیش لـەئازاری خـۆم ئـەوەدەگریم‌و هەڵدەلـەرزم.. نـاو گیـانم‌و زگـم ژان دەكـات.. دەڵێـی كوتـەك دەخەنە گیانم.. بەرمسوڵدان‌و میزە ڵدانم دێشا.. هێڵنجم ئەدا سـەرماشمە.. وتـی: "وەرە پێشێ سەركەوە خەریكە شێت دەبم بۆت" (بروابكـە هەنـد پیربـوو) ئـەمنیش جنێوم پێدا، وتـی: "وەرە مـەرێ پـیرە بـە خـوای سـەد ئەوەنـدەی جحێلێـك بـەكارترم دەی وەرە شـێت بووم"

پ/ چۆن پیاوێك لەخۆیەوە توانی بلێت؟

وەڵڵا بەخۆشم نازانم.. ئەمن یەك جار تەكسیم نەگرت (تەكلیفی سێكسم لـێ نـەكات). ئیتر نازانم شكڵم دیاربوو بەخۆیان دەیان گوت (بـێ ئـەخلاق) هـەر بـۆ خـۆی هـاوار دەكـات.. بـە عومری ئـەو خوایـە (ئـەو كەسـەی ئـەو ئیشـە دەكات دەڵێـی نیشـانە لەسـەر دەم‌وچاوێتی) ئیتر ئـەو پیـاوە پـیرە هـەر سـوڕاندمی‌و بردمـی بـۆ قلیاسـان نـازانم چـەق چـەقە كـوێ هـەر سوڕاندمی، دواتر وتی: "بەخوای جحێلی ئەو زەمانـەی پیـاو نین دەنا بە نوێـژی نیـوەڕۆ (پەلاماریان دەدایت)" .. وەڵڵا لە چۆڵی سـەیارەكەی ڕاگرتـو حـوكمی كـرد وتـی: "حوكمـە

دەبیّ لەگەڵم (سێکس) بکەی"، بەس بۆ ئەوەی نەجاتم بێت، ناچار لەگەڵ ئەویش سێکسم کرد.

پاشان چوومە دوکانێکی شەربەت وتم کاکە شەربەتێك بەس توخوا با هەمووی سەهۆڵ بێت.. ئەوە وەکی بیش دەلەرزیمو سەهۆڵیشم دەکرمان، ساحێبی دوکانەکەی پێی سەیر بوو، حەپەسابوو، وتی:"خوشکم بۆ وا دەلەرزیت، پیّ دەچێت نەخۆش بیت.. بینە لۆتی بگۆڕم ئەو شەربەتە ساردەی مەخۆ"، وتم نا لێمگەڕیّ بۆخۆم پێم خۆشە هەناوم دە کوڵیّ ئیتر ڕۆیشتم بۆ خەستەخانەی ولادە چونکە دەترسام زگم بیّ دوومانگازیاتر بوو عادە نەبوو بووم.. کە چووم فەحسی میزیان لە بۆکردمو پرسیارو جواب ئیتر کەشف بووم زگم هەیە.. لەماڵی (دەلاّلەکان) ئەوەندەشیان ئیسفنج پیّ هەڵگرتبووم هەموی چوبووە ناو ڕەحمم، سۆنەریان لەبۆمکرد و تووش بووم.. ئەوجا وتیان: "کوا مێردت؟ با بێت دەبیّ عەمەلیات بکریّی.. ئەتۆ رۆحمت شتی تێدایەو منداڵ لەزگت بە سیّ مانگان مردووەو هەی هووووووو...

"وای بابە، هەروەك خۆی دەڵێت ئەوەچ جەنگەڵستانێکە پاش ئەو هەموو چەرمەسەریو ئاوارەبوونو چەقۆلێدانو سوکایەتی پێکردنو ئیغتصاب کردنو فرۆشتنە جارێکی تر، بەلاّم ئەم جارەیان لەناو جەرگەی خزمەتگوزاریترین دامەزراوەی ئەم وڵاتەدا لەبیمارستانێکدا کچێکی تەمەن 19 ساڵ لەبری تیمار هەزاران جار بیمار دەکرێت..
بۆیە ئاسایە گەربڵێیت ماڵە دەلاّلەکان زۆر خۆشتربوون.. گەر بەڕاستی لەئەندێشەو زامەکانی (ب) دا بژین بەجۆرێك لەجۆرەکان کەلتووری ناموس پەرستی ئەم وڵاتە دەبێتە ماڵە دەلاّلێکی گەورە.. چونکە دەبینین لەنەخۆش خانەش تەنانەت دکتۆرەکان، کەبەزیرەکترین توێژی کۆمەڵگاکە ناسراون نازانن مرۆڤو مامەڵەی مرۆیی چۆنە. ڕاستە ئەم قسەیەی ئێمە گشتی نیەو هەموکەس ناگرێتەوە بەلاّم کاتێك دەبینین سستەرێك ئامادە نیە دەرزیەك بداتە نەخۆشێك لەسەرەمەرگا ئەوا هیچ جیاواز نیە لەگەڵ تاوانی کوشتن.. لێرەدا تەنیا دەڵێین ئەی ئەو سوێندەی دکتۆرەکانی ئێمە بۆ (ئەبیقرات)ی دەخۆن پێدەچێت ئەبیقراتەکەی ئەوان خەڵکی نووتەکترین شارستانیەتو کەلتووری ژن کوژی بێت.

ئیتر گیرام، چ مێردم نیە.. بابم نیە.. داکم نیە.. زانیان.. وەڵلاّ هەر لەویّ گیرامو پۆلیسیان بۆ کردمە حەرەسو عەمەلیان کردم.. دکتۆر هات وتی: "ناتانن چاوەڕیّ کەن تا بابی دیّو ئیمزا دەکات ئەوە خەریکە دەمریّ بە خۆی بائیمزا بکات".. بەلاّن تۆ نازانی

لەخەستەخانەی ئەو دکتۆرو سستەرە بێ حورمەتانە چ دەردێکیان دامێ پاشی ئەوەی زانیان ئەمن کەسم نییەو زگمیان پرکردوە.. بڕوابکە ئەو عالەمەی.. نەخۆشی سەر قەرەوێڵە.. سستەر..فەڕاش.. دکتۆر.. موزەفەکانو تەنانەت پۆلیسی بەر دەرگاکەش وەجبە وەجبە دەهاتن تەماشای منیان دەکرد سەیریان دەکردمو دەیان وت: "ئەوە کچە حیزەکەیە".. یەکێ دەهاتو دەیوت: "قەحبە زگت لەکام قوندەرە بوو، بۆ قسەناکەی؟"... وای بابە ماڵە (دەلاڵەکان) زۆر خۆشتر بوو. ئەمنیش هاوارم دەکرد توخوا دەرزیەکی ئازارم لێدەن مردم.. دکتۆرەکە دوودەرزی بۆم نوسی کەچی سستەرەکە وتی: "بیدەم لەبەراز نایدەم لەتۆ، بافەسڵم کەن، تۆ بێ ئەخلاقی من شت بۆ بێئەخلاق ناکەم"، وای چەند قسەی ناشرینیان پێم وت.. ئیتر منیش هاوارم کرد.. هەزار جنێوم دا.. سەیردەکەم زیاد لە دەکەس هاتون ئیشارەت دەکەنو پێدەکەنن.. فسکە فسك پیاوی دکتۆر و هەندێك نەخۆش، کانیۆلایان لە دەستابوو.. هاتبوون سەیری من بکەن.. ئەمنیش پڕجنێوم کردن وتم چیتان دەوێ خۆتان (بێ ئەخلاقن) خۆمن سینەمانیم ئێوە وەها دێن تەماشام دەکەن من بۆ (بێ ئەخلاقم)؟ بەخۆتان (بێ ئەخلاقن) خۆ سەگ لەگەڵە من (سێکسی) نەکردووە مەگەر ئێوە خۆتان نین سوارمان دەبن؟ ئەی بۆ خۆتان (بێ ئەخلاق نین)؟.. ئەوجا زگم ئاوسابوو کە ژنەکان قسەیان دەکردوو دەیان وت: "کچ بۆ مردن باشە، سەگت بێ کچت نەبێ کەبووت زینە بەچاڵی کەی .. ئەستەغفیرەڵلا؟"...

ئەو شەوە هەموو عالەمەکە لەمن بوونە خواو پێغەمبەرو موسڵمان.. مەگەر هەر پیاوی موسڵمان منیان فێرە (بێ ئەخلاقی) نەکرد خۆ پیاوی جولەکەو فەلە نەبوون.. ئیتر ئەمن لەداخان هەند گریام شێت بووم هەزار جوێنم دا بەو خۆریانە. یەك کوڕ نازانم هاتبوو بۆلای ژنەکەی سەری لێ بدات بەزەیی پێمدا هات.. وتی: "وازی لێ بهێنن خوادەزانێ.. ئەوە نەگبەتی نەبێت وای بەسەر نایەت خوا دایكو باوکی بگرێ کچ لەخۆڕا واناکات".. منیش ئەوەندە زگم بەخۆم سوتا تێر گریام هاتە پێش لێمو وتی مەگری خوشکم خوا گەورەیە وەڵلا ( 25 ) هەزاری لەو پارە تازە یە پێدام لەگەڵ پاکەتێك دە سڕو پەرداخێ.

بڕوابکە لەپاش عەمەلیات کەبەنج بەری دام چاوم کردەوە بەردەمی دەرکەی غورفەکە زیاد لە 100 کەس وەستابوون هەموو قسەیان بەمن دەوت.. وام دەزانی خەوە.. یەك سعات هاواری قومێ ئاوم کرد یەك کەس پیی نەدام.. ((ئالێرەدا زۆر دەگریا و هەناسەی

هەڵدەكێشاو بگرە زۆری ویست تا هەموو قسەكانی گێڕایەوە)).. گوێم لێیان بوو دەیانوت: "بابمرێ.. شالاّ خۆی بمردایە بەسەر زگكەیەوە.. بۆ بژی ئەوە بێ ئە خلاقە".
ئیتر پاشی پێنج ڕۆژ منیان هێنایە ئەو سجنەی هەر ڕۆژەی (دەلاّلێك) دێت.. حاشا لەڕوت وەكی هەولێر، پێم دەرێن: "كەفیلت بۆ دە هێنم بەس دەبێ بێی لە ماڵی من ئەو ئیشەم لە بۆ بكەی"

پ/ ناوسجن چۆنە؟ باشتر نیە لەماڵە دەلاّڵەكان؟

وەك باشی ناوەڵلا، چونكە فەرق هەیە لە ماڵی (دەلاّڵەكان) ڕاستە سوارم دەبن، بەلاّم شتێكم دەست دەكەوێت، بەس لەو سجنە سواریشم دەبن و هیچیشم نادەنێ.

پ/ كێ چۆن؟

ئێ بۆ چۆن؟ دووێنێ بە خۆت نەهاتی شەڕبوو.

پ/ با بەلاّم بۆ لێرە سێكس دەكەن، نازانی بۆچی؟

ئەدی بۆنا.. هەندێكیان بەخۆیان دەڵێن فێربووین.. دەڵێن: "تەحەمول ناكەین سێ چوار مانگان لەو سجنەبی و (سێكس) نەكەین.. هەندێكیان... ((قسەكەی تەواو نەكرد)).. بە قورعان ئەمن شێت بووم لەناویان.. شەو نیوەشەو لەپڕ دێنە ژێر بەتانیەكەم لەپڕ پەلاماری (گیانم دەدەن).


پ/ كێ پۆلیس؟

ناكچێ ژنەكان بۆ خۆیان بەتایبەت ئەوسێ چوار (دەلاّڵە) كەگیراون. ئێ هەندێكیشیان لەبەر پارەو شتی وا ئێستا یەكیان من خۆمم ڕاست پارەم نیە كەسم نیە وەختا شێت بم بۆ جغارەی.. بۆ گولەٚ بەڕۆژە.. ئاوها.. هەندەك پۆلیس هەن خۆڕینە گەر پارەت نەبێ دێت و دەڵێین:: "گەر پارەت نییە وەرە (با سێكس بكەین) ئەوسا بۆت دێنم".

پ/ لێرە زۆرتر دەلاّڵەكان ئیش لەسەر ئێوەدەكەن یان محاوەلە دەكەن خەڵكی تریش لەسجنەكەدا ڕابهێنن؟

حە.. چۆن بەرێ وەڵلا ئەو كچە ئێستا فەقیرە لە... ((ناوی شارۆچكەیەكی دەرەوەی سلێمانی دەهێنێت)) ... هێناویانە براژنی شكایەتی لێ كردووە لەسەر ملوانكەو شتی وا، ئەو (بێ ئەخلاقانە) فێریان كرد دەچن دەیبەنە حەمامەكە دەست بۆ (گیانی) دەبەن.. سنگی دەگرن.. پێی دەرێن: "خۆت دەست لەخۆت بدە"، ئەوشەوە خەبەرم بووە...

خەریك بوو شێت دەبووم. هەر لێرە فێریان کرد.. زۆر منداڵە عومری 15 ساڵە.. یەکێ بڕۆی بۆدەکا یەکێ قاچی بۆدەکا.. فێرە سوراویان کرد. زۆر گوناحە.. من زگم پێی دەسوتێ.. داکی نیە.. یان یەك کەس دەگیرێ یەکسەر ئەوانە وەکی موختار تەسکەرەی لەبۆ دەردێنن، ئنجا پێی دەرێن 500 دۆلار وەردەگری.. (وەرە لۆخۆت ئەوکارەی بکە) بەخوای ئەوەندە خۆشە یەك جار بیکەی لەهۆش خۆت دەچی، چۆن کچێ؟؟ خەرکی تر فێرناکەن، بەخوای هەرخەریکن.



## بەسەرهاتەکانی پێنجەم

ناو: د. ی. م

تەمەن: 24 ساڵ

دانیشتوی: شاری ڕانیە

تەمەنی لەشفرۆشی: 7 ساڵ

ئاستی خوێندەواری: نەخوێندەوار

ڕێگای فێربوون: مێردەکەی فێری کارەکەی کردوە

ـ چاوپێکەوتنی یەکەم ـ

پ/ خەڵکی کوێی؟

هەولێر

پ/ لەسەر چی گیراوی؟

3و4 ی بـەغا عومادەیـەکی تریشم هەیە ئەویش دزیە.

پ/بۆ دوو مادە؟

مێردەکـەم شـکاتی لـی کردووم

پ/لە کی و کی؟

لە من و دۆستەکەم

پ/دۆستت هەیە؟

بەڵی

پ/خۆشت دەوی؟

یەك پەنجەی بە هەموو دنیا نادەم

پ/ مندالت هەیە؟

ئەم ئافرەتە زۆر سادە بوو هیچی نەدەزانی بەس عە شقی ئەو پیاوە بوو بوو، هەموو دنیای لەوەوە دەبینی زۆر سادە قسەی دەکرد هەندێ کات درۆی دەکرد بەتایبەت کەدەی وت: "حەزم لە سێکس نیە"، هیچی نەدەخوێندەوە زیاتر سیری فلیمی میصری‌و هندی دەکرد، ڕەسمی دڵ و تیرو بووك‌و زاوای لەهەموو شوێنێك دەکرد تەنانەت لە سەر دەستی قۆڵی سەرشانی هەموو گیانی خۆی دەکوتا زۆریش شەڕی دەکرد لەگەڵ دەلاڵەکانی ئەوێ بەتایبەت دووانیان کەئەم پێشتر لەماڵیان بوو بوو.

شایەنی باسە بەپێی ئەزموونی کارکردنمان لەگرتووخانەو ئەم توێژەدا، بۆمان دەرکەوتوە ئەوانەی منداڵەکانیان ساوایە یان بچووکترە لە 10 ساڵان زۆر هەوڵ دەدەن کەمنداڵەکانیان لەخۆیان دوور بخرێتەوە بۆ ئەوەی پاشەڕۆژیان وەك دایکیان نەفەوتێت‌و فێری لەشفرۆشی نەبن، بەڵام ئەوانەی منداڵیان لەگەڵەو تەمەنیان لەسەروو 11-12 ساڵانەیە گرنگی بەو مەسەلەی نادەن‌و بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵدەدەن کەلەگەڵ خۆیاندا ڕایان بهێنن بۆ ئەو کارە.

کچێك.. بەس توخوا تازوە لێم بسەنن.. ببیەن.. بالەم سجنە نەبێت، تاباوکی ئەویشی نەفەوتاندوە.

پ/بۆچی مێردت هەیە وحەزت لەم کورە کردوە؟ زۆریش تی ناگەم لەسەر کچەکەت؟

مێردەکەم چۆن خۆمی (بەدئەخلاق کرد)، پارەی پی پەیائەکردم، دەترسم کچەکەمیش والی بکات.

پ/مێردەکەت ئەو ئیشەی پی ئەکردیت؟

بەخوا خوا ئاگادارە بەوسەرەوە، 8 ساڵ زیاترە شوم پی کردوە وهەرئەو ئیشەی پی کردووم.

پ/بۆ ئەو ئیشەی پێکردویت؟

دەڵی پارەمان دەست دەکەوی چوزانم خۆی (بیٚ ئەخلاقە) دەلاّلی دەکات، هەمویان وان، برای.. باوکی.. دایکی..

پ/چۆن شوت پی کرد؟

باوکم ودایکم خوا لەناودەمیان بات.. قەت گەردنی بابم ئازاد ناکەم، ئەو منی فرۆشت.

پ/ چۆن فرۆشتیتی؟

دامی بە 12 هەزار دینار خۆی قەردار بوو لەکاتی گرانیەکەدا خوشکەکەشمی هەر فرۆشت. نازانم ئەم سەگبابەی لەکویٚ بۆ من دۆزیەوە هەر هاتوو.. ئێوارەیەك بوو دوو پیاو ومەلایەك منی لێی مارەکرد تەنانەت ئەوندە منداڵ بووم عوزرم نەششتبوو دووساڵ بوو فۆرمی بایەعیمان نەبوو نەقڵی خانەش نەکرابووم.

پ/ بۆچی؟

زۆر مندال بووم حاکم مارەی نەکردم، ئینجا بابم 12 هەزاری خۆی وەرگرت.. دایەوە بەهەقی قەرداری ومنی ئیهمالکرد.. دەنا خۆشی دەزیزانی ئەم هەر بە عائلە (بیٚ ئەخلاقن).

لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەی (د)دا پەیوەندیمان کرد بە باوکیەوە، لەوەلاّمدا باوکی (د) وتی:"لەڕاستیدا من هیچی لێناکەم بامێردەکەی خۆی پیاو بێتو بیکوژێت من ئەو گوناحە ناکەمە مل خۆم، ئەگەر تەلاّقیشی بدات من وەریناگرمەوە". چونکە ئەگەر تەلاّقی بدات لەسەر مەسەلەیەکی ئاوا، ئەوا دەبێت باوکی (د) پارەکە بگەڕێنێتەوە.

پ/ تۆ لەئەصلدا خەڵکی هەولێریت؟
نا خەڵکی ڕانیەین بەس لەمێژە لەوی نەماوین تاماوەیەك ماڵی بابم لەحاجی ئاوابوون دواتر چونە هەولێر.
پ/ باوکت لەقەرزاریدا ئیشی لەشفرۆشی پی نەکردیت؟
نەوەڵڵا خوا شاهیدە گوناحە درۆ ناکەم بۆ خۆی نۆێژی دەکرد دڵی زۆر پیس بوو دەیوت: "کچ زوو بڕوات بالەماڵە مێرد بی گوناحی نەیەتە مل من"
پ/ بەس چۆن ڕازی بوو تۆ بفروشی بەیەکێکی ئاوا؟
ناڵێم لەبەر قەرزداری ئینجا بڕواشی بەمن نەدەکرد کەدەموت ئەو حایلە یە (بێ ئەخلاقن) مێردم دەلاڵی دەکات.
پ/ نەچووی بەباوکت بڵێی مێردەکەت ئەو کارەدەکات؟
چۆن سەد جار تۆرام.. بابم دەیوت: "(ناماقوڵت کرد) بچۆرەوە بۆ لای، من ناتوانم لەبری تۆ 12000 دینار بدەمەوە، بڕۆ شکایەتی لێبکە"
پ/ باشە یەکەم جار چۆن توشی کردی؟

جارێکی تر دەیبینین بوونی کچ دەبێت بەگوناح لەملی باوك هەروەها هۆکارێکیشە بۆ پەیدا کردنی پارە ئەمانە هیچیان بەگوناح نازانرێت لەلایەن باوکی (د)ەوە، بەڵام مانەوەی لەماڵی خۆیدا دەبێتە گوناح ئەمەش ئەو کەلتوورە فەرزی دەکات کەتا زوە باشەرەڤ کچەکانمان لەسەرمان نەمێنێتو بچێتە ملی یەکێکی تر وەك ئەوەی مێینە تاوان بێت ئەمەش ئەو کەلتووری پیاو سالاریە دروستیکردوە کەهەردەم پێمان دەڵێت هەموو گوناحەکانی ئادەم لەملی دایە حەوادایە.

شووبرایەکم لەگەڵمان بوو.. مێردەکەم پێشمەرگە بوو خەفەر.. بوو 15 ڕۆژ نەدەهاتەوە.. بینیم شەوێك شووبراکەم دێتە کنم بەساقەم دەبی منیش زلەیەکم لێدا تاکە نەعلم لی بەرز کردوە وتم چیە (بێ ئەخلاقی) دەلاڵ ئیتر بەرزلەی دام بەزۆر (سێکسی لەگەڵ کردم)، منیش زۆر گریام بە خەسوم وت، ئەویش وتی: "جا چیە خۆ غەریب نیە!" منیش وتم: دەچم شکایەت دەکەم وتی: "زمانت دەبڕم"، پاشان مێردەکەم هاتەوە سەر شۆڕی (بێ ئەخلاقە) پێم وت! کەچی ئەویش هیچی نەوت.
پ/ ماوەی چەند بوو شووت پی کرد بوو؟

کوڕە هەر تازە بووم هێشتا مانگێ نەبوو.
پ/ ئەو کاتەماڵتان لە کوێ بوو؟
لە.... ماڵی ئەو (بێ ئەخلاقە) لەوی بوون هەر لەگەرەکی (بێ ئەخلاقە)کان[46] بوون هەر هەموویان وابوون... وەنەبی یەکو دوانیان دایکی سێ جار ڕەدوو کەوتوە خوشکی.. هەموو بەئاشکرا وعەلەنی (بێ ئەخلاقی دەکەن) وعالەم دەیاناسی.
پ/لەپاش شوو براکەت چی بوو؟
لەدوای ئەوەی بەمێردەکەمم وت، کەچی دیفاعی لەوکرد ئینجا سەیرمکرد هێواش هیواش قسەم بۆ دەکات دەڵی: "خەڵك دەوڵەمەندبوو.. ژنی فلانە کەس (ئەمە دەکات) و فیسارە کەس وادەکا" ئەمنیش هەر تێناگەم.. تاشەوێك لەناو جێگە پێی وتم: "سبەی خۆت حازربکە دەت بەم بۆ ڕانیە"..منیش وتم بۆ؟ وتی: "پیاوێك هەیە ڕەئیس حەشرەتە (300) دیناری پێداوم (150) ی دەدەمە تۆ بەس سبەی شەو لای دەبی وەدووسبەی زوودێمەوە بۆ لات"
ئی منیش هەر تی نەگەشتم باش ... وتم ئەدی خۆت لەگەڵم دەمێنی ... وتی: "ناخۆ حەرەس نیم بەس شەوێکەو تەواو" ..ئەمنیش وتم ناچم.. ئیتر هەڕەشەی لێمکرد وتی: "لوتت دەبڕمو دەڵێم بی ئەخلاق بوو حەیات دەبەم لای

زۆربەی هەرەزۆری ئەو ژنانەی مێردەکانیان یان باوکیان توشی لەشفرۆشیان دەکەن، ئەوا زۆر موراعاتیان دەکەنو هەموو خۆشەویستیو سۆزێکیان بۆ دەردەبڕن کە لەکاتی ئاساییدا ئەو هەموو میهرەبانیە شك نابەنو لێی بێبەشن..
لەڕاستیدا ئافرەتی ئەم کۆمەڵگایە زۆر هەست بەنەبوونی سۆزو میهرەبانی پیاو دەکاتو نامۆیە بەهەموو خۆشەویستیەکی پیاوان، هەر بۆیە کاتێك ئەو هەموو خۆشەویستیەیان بەسەردا دەبارێت هەست دەکەن کە مێردەکانیان یان باوکیان گرنگیەکی بێشوومایان بێدەداتو دەکەونە ژێر کاریگەریەوەو بە ئاسانی تەسلیم دەبنو هەر یەکجاریان ئاستەنگە. لەلایەکی ترەوە نزمی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری ژنانو بێ ئاگاییان لەدونیای دەرەوە سەرەڕای سنوورداری تێکەڵاوبوونیان، زۆر خۆشباوەڕ دەبن کاتێك پیاوەکەی یان باوکی دەڵێت هەموو کەس وا دەکات، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی لاساییکردنەوە لەکەلتووری کۆمەڵگای کوردستاندا.

[46] لەڕاستیدا لە نێوان وشەکانیدا دواتر ئەم ژنە دەیوت ئەو شارۆچکەیە هەموو خەڵکەکەی جاش بوون لەسەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراقدا.

باوکت"، وەڵـلا ئـیتر بـۆ سـبەی بردمـی بـۆ ڕانیـە لـەبازاڕ هەنـدێك کـەل وپـەلی بـۆ کـڕیمو سـوخمەیەکی سـوورو دەرپێیـەکی سـوورو، قەڵـەم لێـووی بـۆکڕیم کـەبابی بـۆ کـڕیم و درۆناکـەم.. وتم حـەزم لەشـەربەتەو شـەربەتی بـۆ کـڕیم ودەمبـینی هـەر بەسـاقەو قوربـانم دەبێتو (موغازەلەم دەکاتو دەستم پیا دەهێنێت دەڵێت بەساقەوبم).

پ/ ئەمانە لەسەر جادە یان لەماڵەوە؟

نـا لەسـەیارەدا سـەیارەیەکی بـەرازیلی برادەرێکـی وەرگرتبـوو.. جاچـەن دزە مەگـەر هـەر خۆم بزانم قۆڵی چەن کەسی بڕیبوو.

پ/ دوایی چیتان کرد؟

ئـیتر بـوو بەسـەعات (1) ی پـاش نیـوەڕۆ بردمـی بـۆ بـەر دەرگـای مـاڵێکی گـەورە وەڵـلا لـەدەرگای داو دووــ سـی هـۆرنی لێـداو دیـتم پیـاوێکی گـەورە.. ورگـزل.. هـەر دەتـوت بـەرازە.. ناوقـەد ئەسـتور.. سـوور ناشـرین.. هـەموو دەم و چـاوی ناشـرین.. چـاڵ چـاڵ.. خـۆی سـورو سـەرو سمێلـی ڕەش کردبـوو.. بـە راسـتی ئـەمنیش منـداڵ بـووم ئەوسـا.. ئەمنیش دەترسـام، وەڵلا خـۆی لەگـەڵم دابـەزی چوینە ژووری، ئیتر چوە کنی کابرایەکە دووسی سوحبەتیان کردو پارەی دەرهێنا دای بەمێردەکەم، ئیتر مێردەکەم هەستا بە منی وتی: "ئەو جلانەی کەبۆمکڕیت لەبەری بکە" جاهـەمووی سووربون .. ئـەو مێـردەی من ئەوە عادەتێتی هەر سوورم پی لەبەر دەکات هەرچەندە خـۆم حـەزم لەسـەوزە قـەت نایـەڵێ لە بەری کەم.

پ/ پاشان چی بوو؟

ئـیتر چـووم خـۆم گـۆڕی.. چـوزانم مێردەکـەم ڕۆیشـتوە، وامزانـی هـەر لەوێیـە هاتمـەوە دیوەکـەی تـر سـەیرم کـرد هـەر ئـەو پیـاوەی لێیـە.. دەسـتی دەهێنـا بەخۆیـدا، وتم کـوا مێردەکەم؟ وتی: "ڕۆشت بۆچیتە؟" وەڵلا ئیتر هاتە لامەوە.. ترسم لی نیشت وتـی: "وەرە پاڵکەوە"...((ماوەیەك بی دەنگ بوو هەناسـەیەکی هەڵکێشـاو وتـی))... کچـی وازم لێبێنـە ئەو سەگبابە داخی زۆری کردۆتە دڵی منەوە.

پ/ چی تر؟

کابرا هـات ودامـی بەعـەرزدا ماکسـی  لـە بـەرم داکەنـدو ئیشـی خـۆی کـرد.. ئەوشـەوە تـا بەیانی بڕوا بکە سەد جار (هاتە کنم) هەر تەواو دەبو دەچو پـەرداخی ویسـکی دەخـواردو

**جارێکی تر دەهاتەوە.. منیش پاڕامەوە وتم (توخوا بەسە) سنگم هەموی جێگەی گاز بوو خوێنی لی دەهات ئەوەندەبی ویژدان بوو وازی نەدەهێنا بەر موسوڵدانم ژانی دەکرد سودی نەبوو.**

**بەیانی سەعات هەشت هەڵسا چوو جگەری بۆهێنام وچای لێنا و (100) دیناری دامی وتی: "بە مێردەکەت مەڵی بۆ خۆتی هەڵگرە"، وتی: "تۆ زۆر (باشیت) ژنی من بویتایە دەمپەرستی". ئیتر سەعات نۆ و دە دەبوو ئەو سەگبابەی مێردم هات.. وتی: "هاچۆن بوو؟" ئیتر ئەو پیاوە ناوی (ك) بوو وتی: "بەخوا (.... چاك بوو) ئەڵێی ماسیە جار جار بۆم بهێنە" وەڵلاً ئیتر مێردەکەم وتی: "با بڕۆین".. بەس چونە دیوەکەی تر هەندی قسەیان کرد نازانم چیان وت.. هەر دەیوت: "باشە.. باشە.. خەمت نەبی". وڕۆشتین وەدیسان بەعەینی ڕۆژی پێشوو ماستاوی بۆ دەکردم.. منیش گریام وتم زۆر ئەزیەتی داوم بۆ وام لێدەکەی گوناحە؟**

**گەر بڕوانینە پێشێلکاری مێردی سەرۆکباندی لەشفرۆشەکەی (د) ئەوا دەبینین، چەوساندنەوەی ئەم دەلاّلانە دەگاتە ئەوپەڕی و لەشفرۆشی بیّ ڕۆحمانە نەك تەنیا جەستەو دەروون‌و ئەندێشەکۆمەلاّیەتی‌و کەلتووریەکان ئازار دەدات، بەڵکە دەگاتە ئەو ئاستەی میزادو خۆشەویستی‌و ئارەزوە مرۆییە سادەکانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە، پاشان دەبینین کە (د) نەك ناتوانێت بڵێت من لەشفرۆشی ناکەم، یان بڵێت من جێت دەهێڵم، یان بگەڕێتەوە ماڵە باوان، یان بچێتە دامەزراوەیەکی کۆمەلاّیەتی‌و گرفتەکانی باس بکات، یان دامەزراوە حکومیەکان شوێنی بۆ دابین بکەن ئەگەر ڕایکرد لەدەست ئەو دڕندەیەی مێردی، بەڵکە بۆی نیە جل‌و بەرگی لەشفرۆشیەکەشی بەئارەزووی خۆی بێت‌و لەبری سوور سەوز بێت...**

**وتی: "خەمت نەبی بەخوا هەمووگیانت دەکەمە ئاڵتون سەیارەت بۆ دەکڕم وماڵی باوکت دەحەسێنمە".. وئیتر هەموو ڕۆژی بۆ یەکێکی دەبردم و 100 دینار 200 دیناری وەردەگرت.. تالە ڕانیە پێیان زانی چونکە ماڵم بردە ڕانیە گەڕەکەکە شکاتیان لێکردین ولەبازاڕ قۆڵی خەڵکی زۆر بڕیبوو.**

**ڕۆژێکیان یەك پیکاب تەلەفزیۆن‌و تەسجیلی هێنابوو، وتی: "دەیبەم بۆ ئێران". وتم پارەکەت لەکوی هێنا؟ وتی: "بەقەرز بۆ قازانجمە".. کەچی درۆی کرد لەقەلاّدزی**

دزیبـووی ئـیتر هێنـامی بـۆ سلێمانی لـەو کاتـەوە ئیشـم پـی دەکـاو (بـێ ئـەخلاقیم) پـی (ئەکا).. داوای تەلاق دەکەم ناچمەوە لای.

پ/ ئەی ئەو کوڕەت[47] چۆن ناسی؟

پارەی لی قەرز کردبوو قۆلّی بڕی بوو ئیتر منی بۆ برد، ئەویش وتی: "بۆ ئەمە دەکـەی".. زۆر گریام باسی وەزعی خۆمم بۆ کرد ئیتر لەگەڵما خـەوتوو وتـی: "وەعد بـی مـن مـارەت دەکەم".

پ/ کی ئەڵی ڕاست دەکات؟

باچۆن ئەوەتا لەسەرەوە ئەویش گیراوە بەخوا ئەوەنە منی خۆش ئەوی بی من ناژی.

پ/ چەندێکە حەزتان لەیەککردوە؟

هەشت مانگە.

پ/ مێردەکـەت زانـی ئێـوە حـەزتان لەیەکە؟

دیـار بـوو چـونکە بەمێردەکـەمی دەوت: "مەیبـە بـۆ خـەڵك مـن پارەکـەت ئـەدەمی"، ئـیتر ئـەویش بەهانـەی پـی دەگـرت هـەر هەفتـەی جاری دەیـوت: "پـارەم پـی نیـە ژنـی فلاَن کەس مانگی (15) هـەزار پەیـدا دەکـات".. ئیترئـەهاتو ئەچوو داوای پـارەی دەکـردوو بەهانـەی بـەم دەگرت.

پ/ بۆ بەڕەسمی داوای نەکردی؟

چۆن دەجار هات بەمێردەکەمی وت:

> گەر تێبینی بکەین بروانینە شێوەروکاری (د) ئەوادەبینین لەروە باوەکەوە جوانیەکی ئەوتۆی تیادا نیە بەلاّم لەبەر ئەوەی جەستەی جوان بوە، منداڵ بوە، ئەوەی کریارەکان داوایان کردوە مێردەکەی پێی کردوە ئەوا مانگانە برێکی زۆر پارەی پەیدا کردوە هەروەك دەڵێت لەماوەی دووساڵی رابردوودا رۆژانە هێندەی زیاتر لەموچەی مانگانەی هەرکارێکی تری پەیدا کردوە ئەمەش یەکێکەلەو هاندەرانەی کەدەبێتە هۆکار بۆ ئەمانەی لای خوارەوە
>
> بەرز بونەوەی رێژەی گەندەڵی چونکە بەرپرس‌و فەرمان بەرەکان پەنا دەبەنەبەر رێگای گەندەڵ تائەوپارانە پەیدا بکەن‌و بتوانن سێکسی پیێ بکرن:
>
> - بەرز بونەوەی رێژەی لەشفرۆشی
> - بەرزبونەوەی رێژەی بازرگانی کردن بەکچانەوە
> - بەرزبونەوەی رێژەی تاوان

[47] ئەم ژنە لەگەڵ کوڕێکدا پەیوەندی هەبوو کە لەهەمان بەندیخانەدا گیرابوو، ئەمەش بۆ ئێمە ئاشکرابوو بۆیە پرسیارمان لیێ کرد بەوشێوە ڕاستەوخۆیە. کە پاشتر لەوەلاّمەکاندا ڕوون دەبێتەوە.

"بەچەن لێیدەردەچی با صولح کەین و بیدە بەمن و دەستی لێهەڵگرە".. ڕازی نەدەبوو دەیووت من (12) هەزار دینارم داوە کاتی خۆی بایی (120) هەزاری ئێستایە.

پ/ هەست دەکەی (12) هەزارەکەی بەتۆ پەیدا کردبێتەوە؟

چی بەخوا بەو قورعانە درۆناکەم جارێ ئەم دووساڵە هەر شەوێك (300) $م بۆ هێناوە.

پ/ ئەی چی لێدەکات؟

وەڵڵا نازانم پارەی دنیا بەشی ناکات بەخوا ڕازی نابێ بەکەم، دەڵێت: "لە (50,000) هەزار کەمتر نابێ بڕۆی" ئینجا منیش پیاو حەزیان لێمە..

پ/ بۆ؟

تائێستا سی جار (عەمەلیاتی تەجمیلم بۆ ناو گیانی خۆم کردوە لەبەرخاتری پیاوەکان)

پ/ چەندێك لەو پارەیە ئەدات بەتۆ؟

جاران کەر بووم منداڵ بووم هەمووی دەبرد بۆ خۆی بەلاَم ئێستا ناهێڵم بۆ خۆم ئەیدەم بەزێڕو کەل وپەل بۆ منداڵەکەم.

پ/ بۆ محاوەلەت نەکردووە خانووتان هەبێ؟

هیچ (بێ ئەخلاق) و دەلاَلێك

گەر تێبینی بکەین لە وتەکانی (د) کاتێك دەڵێت: "هیچ بێ ئەخلاقو دەلاَلێك خانوی خۆی نیە" لەشفرۆش و دەلاَلەکان ناتوانن لەشوێنێکی جێگیردا بمێنەوە چونکە گوشاری کۆمەڵگا لەسەریان زۆر دەبێت لەگەرەکەکاندا دەریان دەکەن.

ئەمەش پاش پرکردنەوەی (مەزبەتە ) شایەنی باسە ئەمە کەلتوورێکی باوە لەکۆمەوڵگاکەدا لەهەمان کاتدا دەبینین ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك کریاری سێکسن لێرەدا دوالیزمەیەکی گەورە هەست پێدەکەین کاتێك خەڵك هەربۆخۆیان بەشداری تاوانەکە دەکەن لەرێگای کرینی سێکسەوە بەلاَم هەر بۆخۆشیان مەزبەتە پردەکەنەوە لەشفرۆشەکان لەگەرەکەکانیان وەدەر دەنێن ئەمە ئەوجوتەکییە لەپێوانەی کەلتووریدا کەلەقۆناغە ئیتنیقالیەکاندا هەستی پێدەکرێت .. پیاوی کورد لەبیرکردنەوکەلتووریدا هێشتا ئیتمای بۆ سەدەکانی رابردوهەیە بەلاَم لەئارەزوەکانیدا لەئێستادا دەژی .. یەکێك لەمەترسیەکانی تری بیرکردنەوەی مەزبەتە بۆئەوەیە کەدڵی خێزانەکانیان رازی بکەن و لەبەردەمی یەکتردا بیسەلمێنن کەلەروی رەوشتەوە خەڵکێکی ڕەوشت بەرزن هەروەها پارێزگاری لەژن وکچەکانیان دەکەن کەفێری هەمان کار نەبن چونکە بەشێوەییەکی گشتی بۆخۆیان رەوایە بچنە گەرەکە دورەکان سێکسی حەرام بکەن بەلاَم بۆژن و کچەکانیان زانینیشی حەرامە .. ئەمەش تەواو یەکێکە لەکەلتوورەکانی خێڵی سەرەتای کەزیاتر لە هەزار ساڵ پێش زاین هەبوە بەلاَم بەنۆرمێکی ئەخلاقی تر، ئەوکات ژنیان لەیەکتر دزیوە بەلاَم ئێستا سێکس بەپارە دەکرن لەگەرەکێکی تر

خانووی خۆی نیه.

پ/ بۆ ؟

عادەتی دەلاڵەکان وایه دەبی (گەڕیدە بن) هەر ڕۆژەی لەشوێنی خێوەت هەڵدەن.

پ/ ئاخر بۆ؟

عالەمەکە کە فێربوون وازت لێناهێنن، ئینجا بۆ ئەوەی نەگیرێی.

پ/ کەواتە چەن ساڵە ئەمە دەکەن؟

شووم پی کردووە ئیتر پێی کردووم ئەوا هەشت ساڵە.

پ/ بۆ محاوەلەت نەکردووە زووتر نەجاتت ببی؟

زاڵم بوو نەشم دەزانی.

پ/ خۆشی لەگەڵ خەڵك دەخەوت؟

ئەدی چۆن حەیفت نەکرد بەخوا کام (کچە بچووكو ناسك نەبێ) نایەوی.

پ/ ئەو پارەکان وەردەگری یان خۆت؟

سەرەتا ئەو بەس ئێستا زیاتر خۆم.

پ/ ئەی چۆن قسە ناکات؟

حەدی چیە ناتوانی من ئێستا دەزانم چاوم کراوەتەوە.

پ/ زیاتر خەڵکت بۆ دێنی یان تۆ دەبات؟

وەڵڵا دەیهێنی و دەم باو ئیتر بەپێی مشتەری.

پ/ کچەکەت چی لی دەکەی؟

زیاتر دەیبەم لەگەڵ خۆم.

پ/ چۆن؟

ناچارم لەکوی جێی بێڵم

پ/ مشتەریی یەکانی ئێرە فەرقیان هەبوو لەگەڵ ڕانیە؟

ئەی چۆن ئەوان زیاتر حەشایەر بوون ئەمان موسەقەفن ئینجا لەوی بەس (گرنگە سێکسکە بکەن) خۆنازانن وەك حیوان (مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن)، بەس لێرە باشترە خەڵکی موسەقەف دی.

پ/ زیاتر بۆ لای کی دەچی و چۆن؟

(ف سوور)[48]

پ/ ئەمە کێیە؟

ئەوە ماڵی دەلاڵێکی ترە من مێردەکەم زیاتر ئێستا بۆ مودە ((واتە بۆ فەترەیەك)) ئەم با.

پ/ چۆن چۆنی؟

ئەم شێوەیە جیاوازە مەسەلەن ئەم بات بۆ ماڵێکی دەلاڵ بۆ (10) ڕۆژ یان یەك هەفتە یان مانگی ئیتر پارە وەردەگری. لەماڵی ( ف سوور) بۆ یەك هەفتە (600) $ مان وەرگرت (300) بۆ من و (300) بۆ ئەو.. ئیتر دەم باتە شوێنەکەو جێم دێڵی.

پ/ بەس لەگەڵ (ف سوور) ئەو ئیشەتکرد؟

نانا ئەو ماڵی دەلاڵە.. کەدەچین عەقدێك دەکەین ڕێدەکەوین بۆ هەفتەیەك ئەو (600) $ ئەدا ئیتر لەماڵی ئەودا بوو دەبوو کێ بێت لەگەڵی بخەوم، ڕەنگە دە ئەوەندەی دەس بکەوی چونکە ئیتر خەڵك دێن بۆ ئەوماڵەو پارەکە ئەدەن بەو خاوەن ماڵە.

پ/ ژنی نەبوو؟

چۆن هەشت کەسن هەموویان خەریکی ئەو کارەن. ژن.. بوك.. کچ.. ژنەکە مامانیش دەکات ماڵێکی ناسراون. یان بۆ ماڵی (....) ((باس لەژنێکی زۆر ناسراو دەکات کە خەڵك سەردانی دەکەن بۆ مەبەستی دەرمانسازیو مامانی.))

پ/ لەماڵی ئەو دەلالانە ئێوە زۆرن؟ یان کەسیان تیا بوو وەك تۆ؟

ئا هەن ئێستا (د) باوکی دەیهێنا ئەویش باوکی (900) $ وەرگرت (100) $ بۆ (د) چونکە منداڵە و پیاو شێتی ئەوەن بەتایبەت مەسئولەکان پارەی چاکی پی ئەدەن.

پ/ بەس چۆن (1000) $ ئەدات ئەو خاوەن ماڵە (دەلاڵەکە)؟

ئی تۆ وادەزانی زۆرە ئەو بەدوو شەو ئەوە پەیدا دەکات بۆیان ئینجا ئەو بۆ مانگی باوکی داینا.

پ/ کەدەچن یەکەم جار چیتان پی دەڵێن؟

چی دەڵێن ,..((پی کەنی)).. فێرمان دەکەن چۆن (سێکس بکەین) چۆن (گیانمان) بشۆین چۆن خزمەتی پیاو بکەین.. ئیتر ئاوا..

---

[48] ئەمە نازناوی پیاوێکە کە ناوەکەی بە (ف) دەستپێدەکاتو ناسراوە.. لەبواری لەشفرۆشیدا.

**پ/ زۆر سەیرە بڕواناکەم شتی وا هەیە، لەوە دەچێت تۆ کەمێك موبالەغە بکەی؟[49]**

**بۆ بڕواناکەی بەخوا هیچ ژنی (بێ ئەخلاق) نابی گەر باوك و براو مێرد فێری نەکات من مێردەکەم بەشەرەف بوایە دەی بردم بۆ شوێنی وا؟ بۆ دەڵێم خێرتان دەگا کچەکەم بەرن بۆ خۆتان باباوکی (بێ ئەخلاقی) نەکات؟**

**لێرەدا جارێکی تر بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوانەی دەست دەدەنە دەڵاڵی واتە کاتێك دەبنە سەرۆك باند ئیتر هیچ شتێکی تر نابینن، بەڵکو دیدگاکانیان بەتەنیا دەوەستێتە سەر سێکس و پارەو هیچی تر، کاتێکیش شتەکانیان لەدەست دەدەن ئیتر گرنگ نیە چۆن ئەو پارەیە پەیدا دەکەن، لەڕێگەی منداڵەکانیانەوەیە، دایکیانە، ژنەکانیانە...تاد.**

**پ/ تەسەور دەکەی گەورە بی پێی بکات؟**

**ئۆف کەفەقیری من دەرپێی میزاوی دەگۆڕم دەڵی کچەکەم (گیانی لەبارە) خزمەتی کە دەم کاتە ملیۆنێر.. ئەوە تۆ چی دەڵێی ئەو من ژنی بووم فێری کردم..**

**پ/ دڵم دێشی بەڕاستی عاجز مەبە دەزانم ڕاستیەکان بەمن دەڵێیت بەس خەریکە باوەڕت پی ناکەم؟**

**جا لەجێی من بی چی دەکەی؟**

**پ/ بەس بۆ ڕازی بووی، وابکەیت؟**

**کەرێتی و خوا باوکم بگری و خۆشم منداڵ بووم نەمدەزانی.**

**لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاری دەڵاڵیش بەپێی ژینگەکەی پسپۆڕی تێدەکەوێت و دەڵاڵەکان بەهۆیەوە تایبەتمەند دەبن لەکارەکانیاندا، بەنمونە هەریەکەیان لەسەر ئاستی گرۆیەکی تایبەتی کۆمەڵگا پسپۆڕدەبنەوە.**

**پ/ لەماڵی دەڵاڵەکان زیاتر کی کڕیارە پیاوی گەنج یان پیر؟**

**گەنج و پیر هەموو نەوعێك دێن تاپیربن خراپتر دەبن.**

**پ/ زیاتر کێن پیاوی کاسبە یان هی دائیرەکان؟**

[49] ئەم پرسیارە بۆیە بەم شێوەیە کراوە بۆ ئەوەی زیاتر قسەبکات و بیروڕاکانی خۆی زیاتر بخاتە ڕوو.

دەلاڵەكان فەرقیان هەیە هەیانە بەس بۆ كاسبكاری دەبات.. هەیە بەس بۆ ئاسایش.. هەیە بۆ مۆزەف.. هەیە بۆ تەلەبە.. ئیتر هەریەكەو بۆ نەوعێك دەلاڵی دەكەن لەسەر ئەوە دەژین.

پ/ لەماڵی (ف سوور) تۆ دەڵێی هەشت كەسن زیاتر پیاوی بۆ ژنەكەی و كچەكانی دەهێنا یان (تۆ و د)؟

ئەگەر زۆر چەور بوایە دەوڵەمەندی زۆر یان مەسئول (د)، بۆ بەعزی من.. بۆ كوڕی گەنج و تەلەبەو شتی وا ژنەكەی خۆی یان بووكەكەی.

پ/ بۆچی بۆ گەنج ژنەكەی ئەیژنەكەی پیر نیە؟

با زۆر.. بەس گەنجەكان حەزیان بەژنی ئاوها پیرە ئینجا حەزی نەدەكرد ئەو پیاوانەی بەتەمەنن و معقولن لەگەڵ ژنەكەی بن نازانم بۆ.

پ/ زیاتر كڕیاری موسەقەفن یان عەشایەر؟

هەموو موسەقەفن

پ/ چۆن دەزانی؟

خەڵكی سلێمانی خۆی دیارەو مەسئول كەی حەشایەرە یان تەلەبەو مامۆستاكەی حەشایەرن

پ/ مەرج نیە هەرچی خەڵكی سلێمانی بوو مووسەقەف بێت؟

نا واناڵێم بەلاَم لادێی خۆی دیارەو موسەقەف دیارە.

پ/ ئەوەندەی لەماڵی ئەو (سەرك باندە بووی) چەندت پەیدا كرد بەعەقڵی خۆت؟

سەرەك باند چیە؟

پ/ دەلاڵەكان؟

ئا وەم زانی سەرۆك حەشیرەتە وەڵلاَ هەرنەبی (10,000) هەزار دینار زیاتر.

پ/ چۆن؟

ئی شەوڕۆژی بەلایەنی كەم 25 كەسم بەڕی دەكرد.. هەندی جاریش یەكی دەهات دەیوت بۆ دووسەعات بۆ خۆم.. بەس ئیتر (1,000) دیناری دەدا.

پ/یەعنی چی؟

دەیوت تا دووسەعات کەسی بۆ مەهێنن ئیتر تادووسەعات من لەگەڵی دەبوم هیچ نەبی پێنج شەش جار جنسی دەکرد پارەی دەداو دەڕۆشت.

پ/ بۆ ئەوانی تر چەندیان پی دەچوو؟

قەت لەتەوالیّت بوویت بدەن لەدەرگا بڵێن خێراکە خێراکە؟ ئاوهاییە (35) هەزار دینار ئەدا فریا ناکەوی (تەواو بێت) ئەدەن لە دەرگا.

> ئەم کارە بەجۆرێکی لێهاتوە، جێگای عادەی سڕی گرتوەتەوە، کەوادەکات بەجۆرێك تەنیا بۆ تێرکردنی پیاوان بێت و توانا سێکسیەکانیان دەرببڕن و تەواو هیچی تر..

پ/بۆ چی چیە خۆ مەکینە نیت؟

لەمەکینەش خراپتر ئیشم کردوە.

پ/ کەس هەبووە عەزێتت بدات؟

ئەی چۆن زۆربەیان چونکە پارە ئەدەن ئیتر زۆر خراپن.

پ/هیچ شتێك داوادەکەن قورس بێت؟

هەر زۆر زۆر جا خۆ هەرشتی قورس داوا دەکەن خۆ بەس (سێکس) ناکەن.

پ/ وەك چی؟

زۆربەیان داوای (سێکسی نا درووست) دەکەن.

پ/ زۆر جار سێکسی نادروستت لەگەڵ کراوە؟ ئازارت زۆر بووە؟

> ئەمەش جۆرێکی ترە لەچەوساندنەوەی ڕەگەزی مێینە کە دەرهاویشتەی پێشکەوتنی سێکسۆلۆجیایە، لەڕاستیدا مەرج نیە هەر کارێك چێژی تێدا بوو ئیتر ئەو کارە درووست بێت ئەمە بنەما فەلسەفەیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیندیڤجوالیزمێك کە هیچ حسابێك بۆ کۆمەڵ یان ئەرکە سروشتیەکانی مرۆڤ ناکات... هیچ ئاژەڵێك سێکسی نادروست ناکات، ئەمەش سروشتە...

ئەری وەڵا هەزار جار.. لەسەرەتا ئازارم هەبوە، بەس ئێستا ڕاهاتووم.

پ/بۆ حەزیان لە سێکسی نادروستە؟

(چێژ لەوە دەبینن) و لاسایی فیلمەکان دەکەنەوە.

پ/ سەرۆك باندەکان هەقی نیە بەسەر کڕیارەوە بڵی عەزیەتیان مەدە؟

تا ئەو لەدەرەوە پارە وەردەگری٘ لەپێشا وەردەگری ئینجا ئەیانکاتە ژوورەوە ئیتر گەر یەکی بچێتە دەر شکات بکات دەلاڵەکە تورە دەبێت دەڵی: "من تۆم بۆ پارە هێناوە دڵی مشتەری ڕازی کە".

پ/ چۆن شکات دەکەن؟ بۆ شکات دەکەن؟

ئی پیاو دێتە ژوورەوە.. ئیتر ماندوین.. یان پیسە.. یان شتی زۆری دەوی.. گەر بەدڵی نەکەین کەچوە دەری دەڵی بەدڵم نەبوو..شکاتمان لێدەکات.. دەبۆڵێنی.. ئینجا دەلاڵەکەش دەڵی من پارەم پی داون.

پ/ هەست دەکەی بازاڕێکی چۆنە؟

کوڕە بازاڕ باشترە، زۆر ناخۆشە ئەو شوێنە.

پ/ زۆرترین پارەت وەرتگرتبێت چەند بوو یان کی بوو؟

جارێکیان ماڵی بوو لەبەختیاری (2,000) دیناری دامی ماڵە مەسئول بوو.. سەعاتێك مامەوە زۆریش عەزیەتی نەدام (یەك جار سێکسی کردو زیاتر حەزی لەدەست بازی بوو).

پ/ کی بوو؟

بەخوای ناوی نازانم.

پ/چۆن دەزانی مەسئول بوو؟

دیار بوو زۆر دەوڵمەند بوو ئینجا بەر دەرگا کەشیان هەمووحیمایە بوو.

> ئائەمە ئەو سەرچاوەیەیە کە بەهۆیەوە گەندەڵی دروست دەبێت چونکە بەرپرسێك دەبێت هەوڵ بدات زۆرترین پارە خڕ بکاتەوە تا بەهۆیەوە بتوانێت لەم سەڵتەنەتەدا بژی، دەنا ناکرێت کارێکی وە سێکس کە پێویستیەکی هەفتانیە گەر ڕۆژانەش نەبێت ئەوا ناچار پەنا دەبێتە بەر ڕێگای لابەلا بۆ پەیداکردنی پارەکەی، چونکە ناکرێت هەر جارێك و نزیکەی دوو هەزار دینار بدات.

پ/ چۆن چویت؟

مێردەکەم بردمی بە تاکسی؟

پ/ کەس لەماڵ بوو؟

بەس خۆی

پ/بۆ یەك جار کردی؟

نازانم زیاتر دەس بازی دەکرد

پ/گەنج بوو

ئا باش بوو

پ/هیچ قسەی لە گەڵکردیت؟

کەچووم یەکسەر وتی: "ئەوە حەمامە بچۆ خۆت بشۆ". ئیتر بۆنی لێدام تۆزی بە ڕوتی سەیری کردم ئەو پیاوە زۆر غەریب بوو! وتی: "بۆ ئەم ئیشە دەکەی؟ وتم مێردەکەم پێم دەکات.. وتی: "منداڵت هەیە؟"، وتم ئا.. وتی: "ئەی بۆ (لەشت تێك نەچوە)؟" لەم قسانە.

پ/حیمایەکان چۆن قسەیان نەکرد؟

وەلاّ نازانم بەس کەڕۆشتم.. وتی: "بەحیمایەکان بڵی ئاو نەبوو ژوورەکان بشۆم هیچی تر"

پ/ پارەشی دا بەمێردەکەت؟

وابزانم چونکە مێردەکەم بەمنی نەوت کوا پارە منیش نەموت پارەی داوە بەمن.

پ/ ئەو پیاوانە زیاتر خەمی خۆیانە یان ئێوەش لەکاتی سێکسدا؟

بەس خۆیان بیر لە ئێمە ناکەنەوە.

پ/ لەئێوە ناپرسن؟

کەم

پ/ کەست بینی بەزەی پێتا بێتەوەو هیچ نەکات و بڕوات؟

ئا بەس کەم .. کەدەپرسن بۆ ئەم کارە دەکەیت.. ئیتر بەعزی نایکاو ئەڵێن بە دەلاّڵەکە مەڵێ.

> ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە ئیتر لەشفرۆش هیچ گرنگیەك بە سێکس نادات و لەبەرچاوی دەکەوێت، چونکە بەردەوام ئەو ناوچانەی لەشی کە ئارەزووە سێکسەکان تێردەکەن، لە ئاستی شەکەت بووندان و بەپیچ دۆرێك ڕێگا نادەن ئەو مێینەیە، ئارەزووەکانی خۆی لەو سەروبەندەدا بەشێوەیەکی سروشتی تێر بکات

پ/ هیچ پیاوی هەبوە سێکس نەکات، بەلاّم خۆت حەزتکردبی؟

وەڵلاّ من هەر حەزم لێینیە (ئارەزووی سێکسم) نەماوە.

پ/مەبەستم ئەوەیە یەکێ لەوانە بەزەیی بەتۆدا هاتبێتەوە بەلأم تۆحەزت لیێ کردبێت؟
جارێکیـان بردمیـان بـۆ مەسـیف پیـاویکی زۆر جـوان لەشـەقلاوە لـەماڵی دەلاڵـی بـووم پیـاوێکی زۆر جـوان.. ڕیشـی ڕەش.. زۆر جـوان.. نـازانم چـی بـوو.. ئـیتر هـات خـۆی ڕووتکـردەوە.. هاتـە پـێش لـەمنو منیشـی ڕووتکـردەوە، تۆزیـك لـێم نزیـك بـوەو ویسـتی ماچـم کـات هەسـتا چـوە کـن پەنجەرەکـە جغـارە یـەکی پـی کـرد.. دەسـتی کـردە گریـان.. ئەوەندە گریا.. منیش حەپەسام! نـەم دەزانـی چـی بڵـێم وەلأخـۆم چـوم بـۆ کنـی وتم چیە؟ ...وتـی: "بـڕۆ خـۆت لەبـەر کـە" ..ئـیتر بەڕاسـتی مـن گریـام پـێم نـاخۆش بـوو زگـم بەخـۆم سوتا، چونکە وام زانی بێزم لێدەکات.. هاتو وتی: "من داوای لێبـوردن دەکـەم گـەر حـەز دەکـەی لـەم کـارە واز بهـێنی مـن نـەجاتت دەدەم وەمێردەکەشـت قسـە بکـات دەیکـوژم".. منیش دەنگم نەکرد.
وتـی: "من خەڵکی سـلیمانیم هـەر کـاتێ پـارەت پێویسـت بـوو ئەتـدەمی بـەس وازبێنـە لـەم ئیشـە.. گونـاح نیـە تـۆ ئـەوە دەکـەی".. ئـیتر ماچـی کـردم.. وتـی: "بۆدەگریـت؟".. قسـەم بۆنەدەکرا بەزەیم بەخۆمدا هاتەوە ئیتر تـۆزی سـەیری کـردم وەبـە جغارەکـەی سەردەسـتی خۆی سوتاند ئەمن ترسام وتی: "مەترسە بەس دەبی ئاخر جارم بی بۆ جنس وابکەم"
پ/پیاوان پەشیمان نابنەوە؟
کەسم نەبینی پەشیمان بێتەوە تەنها ئەو کوڕە نەبێت نازانم بۆ وای کرد؟
پ/ ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن زۆرن؟
ئەی بۆ نا؟؟ زۆر زۆرن مۆدەیە لـەماڵی (ب) بـووم (دەلاڵ) بـوو کچـی گـەنجی وادەهـات دڵـت نەدەهات سەیری کەیت.
پ/ ئەوانە بۆ وادەکەن ؟
بۆ پارە یان شت.
پ/باشە دەلاڵێك بەس ئیش بە ئێوەدەکات یان ئافرەتی تریش توش دەکات؟
ئەو تائافرەت بناسیێ کەمە (س) هەیە سستەرە ئەوە بەس سستەرە وشتەکانی دەهێنـا بـۆ ماڵێك لە((باس لەیەکێك لەگەڕەکەکان دەکات)) ماڵیێ (ع سووریان) پی دەوت وئافرەتیشـی دەبرد بۆ دکتۆرەکان.
پ/ تۆ قەت سودفەی دکتۆرت کردوە؟

خۆم نا بەس ئافرەتێکم دەناسی لەماڵێ (ب) زۆرجوان بوو عەرەب بوو ئەویان دەبرد.
پ/ زیاتر کچی کوی توش دەبی؟
وەڵلاٚ نازانم هەولێر.. سلێمانی.. ڕانیە.. هەموو جێگەیەك.
پ/ پیاو گوی ئەداتە پاك وخاوێنی یان جوان یان ناشرین بی؟
زۆرنا (تەنیا گرنگی دەدەنە لەشی ژنەکەو گرنگی دەدەنە سێکسی نادروست)
پ/ بەرای تۆ ماڵی سەرۆك باند زۆرن یان لەشفرۆش؟
جا دەچیە هەر جێیەك پڕە کانی کوردە.. کانی سپیلکە.. یاهەوارە بەرزە.. چوارباخ.. سەرشەستیەکە.. پیرەمەگرون.. کوڕە بازیان.. چەمچەماڵ.. کوڕە تاسلوجە.. هەر مەپرسە ئەوە من بەس ئەوانە بەدەممدا دێت.
پ/تۆ چۆن دەزانی لەو شوێنانە هەیە؟
ئەی خۆمان دەچین ئینجا هەر کە فێری ئیشەکە بووین هەموویان دەناسین.
پ/کڕیار پیاوی گەورەی تیایە مەسئول؟
جا هەر ئەوان پارەی زۆر ئەدەن.. هەموویان دێنە تاسلوجە وڕاپەرین یان کانی کوردە وەهەموو مەسئولەکان هەیانە خۆیان‌و حیمایەکانیان بەسەرە ئەو ئیشە دەیکەن.
پ/ ناترسی ئەم پیاوەش کەدەڵێی خۆشەویستمە هەمان ئیشت پی بکات؟
نا ئەم زۆر مەردە هەر دەڵی بەس بۆ من بی نایەڵم کەس دەستت تێوە بدات.
پ/ تائیستا چەن پیاوت بینیوە.
ڕەنگە هەزار زیاتر
پ/چەن ماڵ خەریکی ئەوەن وەکوماڵ؟
هەر ئەوەندەی من بینیومە زیاتر لە 300 ماڵو باس لە 1000ماڵیش زیاتر دەکەن بەتایبەت لەڕانیە وبازیان وعەربەت.
پ/من تەنها لەسلێمانی دەڵێم؟
نازانم بەتەواوەتی بەلاٚم زیاتر لە 300 ماڵم بینیوە خۆم چوم هەر لەسلێمانی حالەمەکە هەمووی ئەوە دەکات زۆر سەیرەو هەمووشیان باوکیان یان برایان یان میردیان یان دایکیان (ئەو کارەیان پیٚ دەکات).
پ/ ئێستا باوکت نازانی کە ئیشی وادەکەیت؟

**کوره چۆن نازانی بەرە وەڵڵا ئەو لەمێردەکەم خراپترە، چونکە هەر کەپارەی پی نابی جواب دەنێری.. دەڵی: "یان کچەکەم دەبمەوە یان پارەم دەری".. دوومانگ پێش ئێستا ئەو وەختەی ناردی بە دواما داوای (5,000) دیناری دەکرد.**

**پ/ سەرەڕای ئیشەکە مێردەکەت هیچ تەعلیقێك یان سووکایەتیەکت پیٚ دەکات؟**

**ئەی بۆ نا هەردەم بڵێم ناتوانم دەڵی من (12,000) دینارم دا لەبەیعی تۆ ... ئەی خوا ماڵت خراپ کا خۆ من سەد ئەوەندەم پەیا کرد بۆت..**

**پ/ ڕۆژێکی خۆش لە ژیانتدا؟**

**وەڵڵا بەس ئەو رۆژەی ئەم کوڕەم ناسی زۆرم خۆش دەوی بۆ ئەو نەبم خۆم دەکوژم.**

**پ/ لەژیانی خۆت حەزت لەشەوە یان ڕۆژ؟**

**من نەبە ڕۆژ ئیسراحەتم کردوە لەژیانی خۆم نە بەشەو.**

**پ/ کامیان تۆ زیاتر ئیستراحەتی یان حەزت لێیەتی؟**

**زیاتر شەو بەتایبەت ئێستا ماوەیەکە پیاوان بەشەو نایەن.**

**پ/ کڕیارەکان زیاتر حەزیان لە ڕۆژە یان لەشەو؟**

**زیاتر بەرۆژ چونکە لەماڵی دەلاڵەکان بەرۆژ زیاتر لە100کەس دێت بەس بەشەو دوان سیان ئاوها..**

**لەڕێگای ئەزموونەکانمانەوە تێدەگەین کەئەوانەی تووشی لەشفرۆشی دەبن بەشێوەیەکی گشتی ئەو ژنانەن کە لەڕێگای ڕێکەوتەوە هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن‌و بەهیچ شێوەیەك خۆشەویستی ناکەن... بەڵام پێویستە ئەوە لەیاد نەکەین کە خۆشەویستی‌و لەشفرۆشی دوو شتی جیاوازن، لەشفرۆشی وەك کارێك دەبیننەوە بۆ دابینی ژیان یان بۆ بەڕێکردنی پێویستیەکانی مانەوە لەماڵی سەرەك باندەکاندا، بەڵام خۆشەویستی ئەو هەستە مرۆییەیە کە لەشفرۆشێك هەستی پیٚ دەکات‌و دەخوازێت خۆشەویستی بکات.. ئەمەش وەك ئەوە وایە ڕاستە دارتاشێك هەڵدەستێت بە درووستکردنی هەموو کەلوپەلێکی ناوماڵ بۆ خەڵکی بەڵام بۆ خۆیشی ئارەزووی ناوماڵی جوان‌و ڕێك‌وپێك دەکات، لەڕاستیدا ئەم نمونەیە لەوانەیە شیاو نەبێت.. بەڵام گرنگیشە بەهەر نرخێك بێت ئەوە ڕوون بکەینەوە کە هەردوو هەستی خۆشەویستی‌و پێویستی لەشفرۆشی جیاوازن‌و ناکرێت وەك یەك بەراوردیان بکەین‌و تەنانەت پێویستە ئەوە بزانین کە لەشفرۆشەکانیش پێویستیان بەخۆشەویستی هەیەو بەشتێکی جیاوازی دەزانن لە ژیانی خۆیاندا؟.**

**پ/ بۆ چی بە شەو کەمتر دێن؟**

**ئەچنەوە ماڵی خۆیان.**

**پ/ حەزت لەچ ڕەنگە؟**

**سەوز یان سپی.**

**ئەم ئافرەتە زۆر هەستی بەنەبوونی سۆزو خۆشەویستی دەکرد، زیاتر لەڕێگەی دەربڕینی سۆزەوە عەشقی پیاوی دوەم بووبوو. مسەلەی پاراستنی ناموس لەلایەن مێردێکەوە خاڵێکی گرنگ بوو لەلای .. بۆ ئەم ژنە گرنگ بوو پیاوێك هەبێتو بیپارێزێت، ئەم وەك ژن سەیربکات نەك وەك کاڵایەك پارەی پێ پەیدا بکات.. خۆشترین ساتی ئەوەبوو کە پیاوی دوەم غیرەی لێ دەکردو هەندێ ڕێنمایی دەکرد، دەیوت نابێت ئەوە بکەیتو دەبێت وابیت... ئەمیش دەیوت دەبێت مێرد ئاوابێت..**



## بەسەرهاتەکانی شەشەم

| | |
|---|---|
| ناو: | ن. ن. س |
| تەمەن: | 14 ساڵ |
| دانیشتوی: | شاری کەرکوك |
| تەمەنی لەشفرۆشی: | 3 ساڵ |
| ئاستی خوێندەواری: | نەخوێندەوار |
| ڕێگای فێربوون: | باوکی فێری کارەکەی کردوە |

ــ چاوپێکەوتنی یەکەم ــ

ناوم (ن) خەڵکی کەرکوکم موالیدم 1991 م

پ/ تاپۆلی چەندت خوێندوە؟

هەر نەم خوێندوە.

پ/بۆ؟

وەڵلاهی دایکی خۆم نەبوە.. بەشەر کەدایکی خۆی نە بوو، پاشانیش نەیان ناردومەتە مەکتەب.

پ/چەن منداڵن؟

هەر منم تاقانەم.

پ/ دایکت چی لێهاتووە مردوە یان تەلاّق دراوە؟ داوای لێبووردن دەکەم، بەلاّم زۆر حەز دەکەم تێبگەم چونکە ژیانی تۆ زۆر گرنگە بۆ من..

بەمن دەڵێن مردوە بەس نازانم ڕاستی من هەر بەڕەسم دایکی خۆمم دیوە.

پ/ باوەژنت هەیە؟

بەڵێ

پ/تاساڵی چەند لەکرکوك بوون ؟ هەر لە کرکوك بوون؟

نە.. باوکم فیرار بوو ڕایکردوە هاتوینەتە سلێمانی لەکاتی ڕاکردنەکەدا باوکم بۆمی گێرایەوە: "چوینەتە ئێران ماوەیەك لەتەهران بووین ئیتر دایکم زگی بەمن هەبوە، گەڕاونەتەوە بۆ کرکوك پاشان من بوومە لەدایك"

پ/ باوەژنەکەت لەگەڵ باش بوو؟

نە.. زڕداکم زۆر خراپ بوو کەشوم کردوو هاتمەوە زۆر خراپ بوو کەشوشم نەکردبوو هەر خراپ بوو لەگەڵما

پ/ کێ دایتی بەشوو؟

مامە گەورەکەم باوکمی هەڵخەڵەتاند قسەی بۆ کرد وتی: "کوڕیکی وا باشە وا باشە"..
ئیتر دووسێ ڕۆژی تر ئەی دەم بە مێرد وەلا دامی بەو ماڵە دەلاڵە ئەوانیش دامیان بە مێرد..

پ/ یەعنی کێ تۆی دا بەمێرد؟

دەلاڵ دامی بە مێرد.

پ/ تەمەنت چەند بوو؟

بە خوای هێشتا خۆم نەناسیبوو لەماڵ دەلاڵە کەخۆم ناسیەوە مەمکم نەکردبوو بە باشی.

پ/ دەلاڵەکە ناوی چی بوو؟

وەڵلا نازانم باوکم ناوی دەزانێ ئیتر خە ڵك دەچوو بۆ ماڵیان.

پ/ ئافرەتی لابوو ئەو دەلاڵە؟

بەڵێ

پ/ لێرەبوو یان لەکرکوك؟

نا لەهەولێر ئەچوون لەمزگەوت سواڵکەرو شتیان ئەهێنا یان بەپارە مێردیان بۆ یەکێکی وەك من دەدۆزیەوە.

پ/ پیاوی بۆ تۆ ئەهێنا؟

کچ بووم ئەوکاتە ئەو دەلاڵە منی دابەمێرد.

پ/ چۆن؟

پیاوێکی بۆ هێنام لە پێشا پیر بوو تەمەنی باپیرەمی هەبوو ئەیوت: "ئیلا ئەبێ تۆ شووی پێ بکەی" ئیتر من وتم ئاخر منداڵم بادانیشم بەدڵی خۆم بێت ئەیوت: "نا.. ئیلا ئەبێت مێردی پێبکەی"

پ/ ئەو پیاوە خۆی ژنی هەبوو؟

بەڵێ ژن و ماڵ و منداڵی هەبوو

**پ/ باش بوون لەگەڵت؟**

**باش بوون بەس پیاوەکە خراپ بوو لەگەڵم ئەیوت: "هەر دەبێ بەدڵی من مێرد بکەی"**

**پ/ ژنی ئەو پیاوە قەت پیاو ئەهات لەگەڵی بخەوێ؟**

**من نەم ئەبینی بەس ڕۆژی زیاد لە (200) پیاو ئەهاتن**

**پ/ ئەی ئەو پیاوانە بۆ دەهاتن؟**

**ئەهاتن سەیری منیان دەکرد یان سەیری کچی تریان دەکرد ناڵێم هەر ئەوە ئیشیان بوو.. هی وا هەبوو گەورە بوو دڵی بەمن دەسوتا دەی وت: "زۆر منداڵە نامەوێت کچم بەقەد ئەوەیە.**

**پ/ ئیتر چۆنیان دای بە شوو؟**

**وەڵڵا کوڕێك هات تۆزێ وەك نوقسان وابوو، بەڵام منداڵ کار بوو منیش وتم باشە..**

**وەڵـڵا هـەتا منیـان داپێـی (100) مـەلایان پـێ کـردم چـونکە مـەلا مـارەی نـەدەکردم ئـیتر مەلایەکیان هێنا لەگوندێکەوە هەر چۆن بوو مارەی کردم بەس کەڕۆی وتی: "توخوا کچم گەردنم ئازاکە" منیش وتم گەردنت ئازادبێ.. زۆر عەقڵم بەو شتانەنە ئەشکا**

**پ/ بۆ وتی گەردنم ئازادکە؟**

**وتی: "زۆر منداڵە هێشتا باڵق[50] نەبووە گوناحم ئەگات ئەوان وتیان منداڵ نییە خۆی باڵای نییە"، ئیتر لەماڵ دەلاڵەکە منیان داو ماڵیان ڕازانەوە و دامیان بەو کوڕە.**

**پ/ ناوی چی بوو؟**

**ناوی (ك) بوو باوکی مردبوو دایکی هەبوو پێنج برا بوون.**

**پ/ چۆن گواستیتیەوە؟**

**ئیتر ڕۆژێك منیان بردە ماڵی مامە گەورەکەی شەو لەوێ خەوتم بۆ بەیانی منیـان بـرد بـۆ صاڵۆن ئیتر نانیـان ڕێکخسـت.. بەدلە بۆمن نە ئەبوو زۆر گەڕاین خاوەن صاڵۆنەکە زۆر ئەگریا. پێم وت.. دادە تو خوا بۆچی بۆم ئەگریت ئەی وت: "من بە خەیاڵیش ئەو شتانەم نەدیوە".. ئـیتر بـە دلەیـەکیان هێنـا بـەو خوایـە سـێ مـەتر لەعـەرز ئەخشـا ئـیتر وتیـان: "نابێ".. چوون جلی کوردیان بۆ هێنام.. بەجلی کوردی منیان گواستەوە، منیش هەر**

---

[50] واتە هێشتا نەگیشتوەتە تەمەنێکی گونجاو، واتە هێشتا لەقۆناغی دوا منداڵیدایەو تەنانەت هێشتا هەرزەکاریش نیە، کەئەمەش دەکاتە پێنەگەیشتنی بایۆلۆجی لەڕووی سێکسەوە.

ئەگریام پێم ناخۆش بوو مێردم کرد هەموو خەڵك خەفەتیان بۆ ئەخواردم.. ئیتر پێیان ئەوتم: "مەگری دوایی بۆمان باسبکە بزانین چۆن بوو؟".. کە ئەو ڕۆژەی من بووك بووم زاواکە لەمن زۆر تورە بوو بەوەدا زانیم کە کەم عەقڵە یان نوقسانە چونکە لیك بە دەمیا دەهاتە خوار هەموو گیانی و سەری هەر دەلەرزی، شەلەلی هەبوو بەخواریش دەڕۆشت..

پ/ بۆلێت تورە بوو؟

شەو هەر دەیوت ڕاکشێ ئینجا هەر دەروژووری بوو، دوو جار فێی لێ هات.. دایکی و ئامۆژنی هەر چاویان دەبەست و دوعایان لەسەر دەخوێند من وەختا بوو بتۆقم ئیتر بەیانی خەوتبووم، ئەوان عادەتیانە هەدیەو شتی وا دێنن لەبەیانیدا، منیش وتم هەستە بڕۆ لەحەمام خۆت بشۆ شەو هەموو گیانی پیس بوو، کەچی کە خەبەری بوەوە لێیدام و سەری کێشام بەکەنتۆرەکەداو قژمی گرتبوو خۆشی وەك ژن دەیقیژان.. دەمی کەف کردبوو بەسێ کەس هەتا منیان دەربازکرد، ئیتر دایکی هەر دەیوت هیچ نیە باش دەبێت.

پ/ ئەو شەوە لەگەڵ تۆ خەوت بوو؟

بەڵێ

پ/ توانی لەگەڵت بخەوێت؟

پێیان دەوت، فێریان کرد، لەپشت دەرگا وەستابوون، هەر بانگیان دەکردو چرپە چرپ بوو.

پ/ کچ بوویت؟

بەڵێ

پ/ ئازارت نە بوو؟

بەرەوەڵلا سێ ڕۆژ لەژێر جێگە کەوتم ئیتر بردیانم بۆ خەستەخانە نەزیف بووم ئیتر کوڕەکە هەتا چوار رۆژ نەهات بۆلام.. ئیتر هەر بەڕاستی ڕەحمم دەیەشا... ئیتر کە پەڕۆکەیان[51] بینی منیان شاردەوە.. عادەتیان وابوو.. منیان برد لەشوێنێك دایان نام..

[51] پەڕۆ مەبەستی لەو پەڕۆیەیە کە لەکاتی شووکردندا پێویستە کچ دایبخات لەسەر جێگای خەوتنەکەی بۆ ئەوەی ئەو خوێنەی لەپەردەی کچێنیەوە دێتە خوار ئەنجامی یەکەم پرۆسەی سێکسکردن بکەوێتە سەر ئەو پەڕۆیە، پاشان پێویستە

**بردیانم بۆلای ژنەکان مامەکەی هات پەڕۆکەی بینی ئیتر مامەکەی ڕۆشت من هاتمەوە خەوتم... ئیتر دوای خەسوم هات وتی: "برۆ خۆت بشۆ منیش زۆر گریام".**

**پ/ بۆ؟**

**ئەم وت من غەریبم کەس نەبوو لەعەشرەتی من.. کەحەفلەم کرد کەس نەبوو لەشایی من ئیتر ئەگریام هەمووی عەشرەتی کوڕەکە بوو تاچوار ڕۆژ پێنج ڕۆژ دەگریام ئیتر دوایی ڕاهاتم.**

**پ/ تاچەن لەلای ئەو پیاوە بووی؟**

**چوار مانگ و شتێ.**

**پ/ ئەی بۆ ڕۆشتی؟**

**ئیتر هەمو ڕۆژ جوێنی پیسی ئەدامماڵیان لەلادێ بوو ئەوان بادینی بوون ئەی وت: "تۆ تورکمانی تورکمان سەگو سەگبابە[52]"**

**پ/ تۆ تورکمانی؟**

**بە لێ.. ئەی وت: "تورکمان سەگو سەگبابە.. (لەخۆیەوە قسەی بەکەسانی بەرپرس داوە)**

**پ/ سکت نەبوو؟**

**نە... جارجاریش دەیوت ئەچم (لەگەڵ خەڵکی لەشفرۆش سێکس دەکەم)**

**پ/ بۆ وای دەوت؟**

**تا من خەفەتی پێ بخۆم؟**

**پ/ هەموو شەو لەگەڵت دەخەوت؟**

**نەوەڵلا ژنو مێردایەتی لەوانەیە بزانی، ژن هەر نەخۆش دەبێ، کەچی ئەو ئەڕۆشت جێی لەمن جیا ئەکردەوە ئەبوایە من بچومایە ئەوم ئاشت بکردایەتەوە، یان لەپڕ دەتۆرا وەك منداڵ یان دەیوت وەرە تۆ ببە بەکەر من سوار پشتت دەبم... ((پێکەنینێکی درێژ))...**

---

**کەسوکاری کوڕەکەو  کچەکە ئەو پەڕۆیە ببینن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە کچەکەیان پێشتر سێکسی نەکردوە لەگەڵ کەسێکی تر، چونکە ئەگەر سێکسی کردبێت ئەوا ئەو خوێنەی نابێت..**

**[52] دیارە ئەو کوڕە خۆی ڕاسیست بوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی کوردستان لەوجۆرە بیرناکەنەوە کە هەرکەس لەنەتەوەیەکی تر بێت ئیتر دژی بن.**

پ/ خۆشت دەویست؟

ئەره وەڵڵا خۆشم دەویست بەڵام ئەو کەوای ئەکرد من ڕقم لێی بێ ئیتر دایکی خوا هەڵناگرێ بۆ من زۆرباش بوو. خوشکێکی هەبوو بۆ من زۆرباش بوو، ئیتر ئاوا سەیریان دەکردم ئەی وت: "خۆزگایە کچی من بوویتایە". مامەکەی هەموو جارێ ئەهات بۆم ئە گریا ئەی وت: "خۆزگە تۆم مارە نەکردایە". ئینجا باسی حەیاتی خۆمم بۆ دەکرد ئەم وت بێ دایك بووم یەعنی بەڕوتی خەوتم .. لەپارکی ئازادی خەوتوم لەسەرچنار خەوتووین ئنجا دەر بەدەر بووین منو باوکم.

پ/ دوایی؟

ئیتر نەحەوامەوە لەگەڵی، دایکی بردمیەوە بۆ ماڵی زڕ داکم، وتی: "فائیدەی نیە، کوڕی من بۆ ژن نابێت".

پ/ لەکەیەوە باوکت دە ستی کردوە بەو ئیشە؟ مێردم کرد تۆرام هاتم بۆ ماڵی باوکم ئێستاش پیاوەکەم تەلاقی نەداوم جیابوومەتەوە لێی سەیردەکەم لەگەڵ زردایکم هەر پسی پسیانەو هەرقسان دەکەن ئەمنیش وتم بزانە چ قسەی خۆیان دەکەن.

پ/ لەکوێ سلێمانی؟

ماڵی خۆمان لەصمود بوو ئیتر خۆم کراسی کوردیم ئەکردە بەرو لەماڵیشەوە کەچی سەیرم کرد زردایکم دەستی دەهێنا بەسەرمداو ماچم دەکاو ماستاوم بۆ دەکاو ئیتر باوکم وتی: "هەستە خۆت بگۆڕەو مکیاج بکەو خۆت جوان بکە" ئیترمنیش مکیاجم نەدەزانی هەمووی پەڵە پەڵە کردبووم.

پ/ باوکت مکیاجی بۆ کڕیبوی؟

نە ﻋـەماڵی مێردەکەم بۆیان کڕیبوم.. لەگەڵ خۆم هێنا بووم ئیتر تەحدیدێکی گێڕم کردبوو... ((بە پێکەنینەوە)) هیچم نەدەزانی ئیتر پانتۆڵێکی تەسکی لەپێ کردبووم ئیتر هەر تەعەجوب ئەمام! ئەم وت خوایە چیە؟ باوکم بۆ وام لێدەکات... ئیتر هاتین بۆ سلێمانی تۆزێك گەڕاینو پیاوێك خوا بیگرێ ئەو فێری باوکمی کرد.

پ/ چونە ماڵی ئەو پیاوە؟

نە ئیتربە باوکمی وت: "وەڵڵا کچەکەت جوانەو باشەو پارەی باشت دەست دەکەوێت، ئەو ئیشەی پێ بکە" ئیتر هەر لەم قسانە... ئیتر باوکیشم یەعنی سەیرم کرد لەگەڵم باشەو

دەست دەهێنیٚ بەسەرمداو هەرچیم دەویٚ بۆم دەکاو لەگەلٚ ئەو پیاوە هەر قسە دەکەن..
منیش وتم توخوا باوکە دایکم چی بەسەر هاتوە ڕاستیم پیٚ بلٚیٚ.. حەزم ئەکرد بزانم دایکم چی بەسەر هاتووە دەمزانی ئەوان قەت ڕاستی بە من نالٚێن!

پ/ لەو قسانەی بەینی ئەوان تێنەگەشتیت؟

نە ئەو کات من نەم دەزانی ئەوان باسی کام ئیش دەکەن.

پ/ کەهاتن بۆ سلێمانی ئەو دوو شەوانە لەکویٚ خەوتن؟

لەفندق .....لەویٚ خەوتین

پ/ لەویٚ کەسی بۆ هێنای؟

نە ءنالٚێم ئەوکاتە ئیتر ئەو پیاوە فێری دەکرد.. ئیتر بۆ بەیانی بردینی بۆ مالٚێك مالٚەکە ناسراوە بە (ف سوور) ئیتر چوم سەیر ئەکەم ئافرەتەکە عایلەیەو منیش وتم بەشکم باوکم لەو مالٚە من دانیٚو ئیتر ڕزگارم بیٚ لەزڕدایکم چونکە زۆر خراپ بوو.. بەو خوایە ئەوەندە خراپ بوو لەگەلٚم چەند جار بوراومەتەوە لەژێر دەستیدا بەلێدان ئیتر بەماسیحە لێی ئەدام بەصۆندە هەرچی بەدەستی بهاتایە دەستی لێمی ئەدا ئیتر ئەمە داربیٚ بەرد بیٚ خەیالٚی بەوە ناشکیٚ سەرم ئە شکیٚ یان شتیٚ!! ئیتر لەمالٚ ئەو مالٚە مام کەژنەکەی ناوی (ب خان) بوو ئیتر وتی: "بڕۆ بۆ حمام خۆت بشۆو خۆت جوان بکە". (ئیتر گوێزانو هەموو پێویستیەکی حەمامی بۆ هێنام) وتی: "(لەشت پاکەرەوە)"، ئیتر منیش باش نەم ئەزانی.. بەو خوایە هەموو لەشی خۆمم بڕی بوو.. ئیتر خۆی هاتە حمام بۆی کردمو خەریکم بوو، زوو زوو ئەیوت:"تۆ ژنی چی بوویت بۆ نازانیت.. ئیتر سەیرئەکەم ڕازانمیەوەو تەسریحەیەکی بۆ کردمو بۆنی لێدامو ئیتر جلێکی لەبەرکردم ئاوها زەوقی بوو.. کەمێك تەنك بوو.. قاتی ناومالٚ بوو.. ئیتر پیاوێکی تری لێبوو (ف سوور) خۆی لەویٚ بوو ئیتر منیش شەرمم دەکرد ناوی جسمم بەدەرەوە بوو ئیتر پیاوەکە خۆی کردە ژورەوە..

ئیتر وتیان: "بڕۆ ژورەوە هەرچی پیٚ وتی ئەو پیاوە بەقسەی بکە".. ئیتر منیش چوومە ژوورو.. یەکەم جار وتی: "خۆت ڕووت کەرەوە"، وتم خۆم ڕووت ناکەمەوە.. وتی: "ئاقلٚ گیان بەقسەم بکە زەرەر ناکەی شتێکی خۆشت فێر دەکەم دوایی زۆر حەزی لێدەکەی"..
وتی: "شتێکت لێدەکەم بزانە چەن خۆشە هەر واز ناهێنی".. دوایی منیش خۆم ڕووت

کردەوە، ئیتر هاتەلام ئیشی خۆی کرد.. دووجار لە سەر یەك سێکسی لەگەڵ کردم، زۆر ئەزێتی نەدام.. ئیتر ڕۆشتە دەرەوە.. من زۆرباش شتم نەدەزانی ویستم خۆم لەبەر کەمەوە کەچی خۆی کردەوە بە زۆردا وتی: "خۆت مەگۆرە هاتمەوە بۆلات جارێکی تریشم دەوێ"، منیش وتم بۆ گەڕایتەوە؟ وتی: تەماحم تێتدایە دەبێ (بەشێوەی نادروستیش سێکس بکەین بەیەکەوە)، وتم بێ ئە خلاقی ئەدەب سز بڕۆ.. ئیتر وتی: "ڕۆڵە من ئێستا (سێکسم لەگەڵ نەکردی) ئیترئە خلاقی چی؟"... ئیتر منیش زۆر بەزەیم بەخۆما هاتەوە خەفەتم خوارد گریام.. بەڵام ئەو هەر هات (ئەوەی ویستی کردی).

پ/ یەکەم جارت بوو سێکسی نادرووست بکەیت؟

بەڵێ

پ/ ئازارت هەبوو؟

بەڵێ ئەی چۆن زۆریش ئەوەندەی زەخت لێکردم توند توند گرتبوومی هیچ بەزەی پیاما نەدەهاتەوە

| |
|---|
| لێرەدا دەردەکەوێت کاتێك کەسێکی وەك باوکی (ن) هەموو حورمەتو کەرامەتی خۆی لەدەست دەدات، هەروەها ئاسانترین ڕێگاش بۆ دەوڵەمەند بوون بریتیە لەم کارە بۆیە بەلایەوە ئاساییە کەکار بەکچەکەی بکاتو زۆر بەلایەوە خۆشترە لەکارکردن لەبوارێکی تردا. |

ئیتر دوایی ئەو ژنە (ب خان) هاتە لامو پێی وتم: "ڕۆڵە تۆ بۆ ئەو ئیشە هاتوی باوکت بۆ ئەوە تۆی هێناوەتە لامان دەبێ دڵی خەڵك ڕازی بکەی پیاو هەرچی وت بۆی بکە خۆ قەیچێکە باوکت پارەت پێ پەیادەکات بۆیە هێناویتی بۆ لای من ئاقڵبە".. ئنجا من چەند جار لەباوکم تورە دەبووم ئەم وت باوکە تۆ بۆ ناچی کاربکەی کرێکاری بکە بۆ من وا لێدەکەی عەیبە کچی خۆت والێدەکەی ئەی وت: "قەرزارم"، جا باوکم قەرزار بوو کارێکی نەدەکرد..

پ/ باوکت لە گەڵ خۆت هیچی کرد؟

نە خۆی نا.

پ/ شەرم مەکە، باوکم من دەموێت تێبگەم تا چارەسەرێك بۆ خەڵکی تر بدۆزینەوە؟

من شەرم لەتۆ ناکەم وەك دایکمی خۆی نەهاتوە بەس (ف سوور) هاتووە ڕەفیقەکانی هاتوون.. ئیتر ماوەیەك لەو ماڵە بووم ئیتر توش نەخۆشی بووم.

پ/ لەماڵی ف سوور توشی کەس بووی بێتەلاتو بەڵام بەزەیی پیاتا بێتەوە؟

بەڵێ هەر یەکەمین جار کە لەماڵی ئەوان بووم کوڕێکی گەنج هات ناوی (چ) بوو (چ) چی (چ) شەڕی لەگەڵ ئەو خۆرە دەکرد.. ئیتر ئاوها هاتە ژوور وتی: "وای وەڵلاً من ناتوانم.. قەت جنس لەگەڵ تۆ ناکەم.. پێم ناکرێ کەمێك خۆم تە ئخیر دەکەم.. بائەوان نەزانن هیچم نەکردوە".. منیش پێم خۆش بوو نەیکات.. ئیتر وتی: "تۆ مندالی ناسکی نابێ ئێستا جسمت تێك دەچی".. ئیتر وتی: "تۆ یەکێکت پێویستە ڕێگەت پیشان بدات".. ئیتر منیش زۆر باسی خۆمم بۆ کرد خۆمان تاخیر دەکرد ئیتر زۆر جاری تر ئەهات بۆلام بەس بەقەزیەی جنسی نا لای ئەوان وای نەئەوت بەحساب جنس دەکەین بەس خۆی تەئخیر دەکرد ئنجا ئەو هەموو شتەی دەهێنا هەر بە صندوق دەی هێنا ئەیوت: "من لەبەر خاتری تۆ ئەم شتانە دەهێنم".. ئیتر لەماڵی (ف سوور) زۆریش یارمەتی باوکمی ئەدا ڕەقەمەکەی لام بوو هەمووکات تەلەفونم بۆ دەکرد ئیتر ئەچوو بۆلای باوکم پارەی ئەدایە (100 $ یان 200 یان 500 $) ئەیوت: "بەس ئیش بەو کچەت مەکە"، بەلام باوکمی چی ئەو پێلاوانەی تۆ زەمیری هەبوو باوکم نەی بوو.. ئیتر سێ مانگ بوو چوار مانگ بوو کاری پێ نەئەکردم کوڕەکە بەدزی مراقەبەی ئەکردین ئەیوت: "من پارە ئەدەم بەمەرجێ ئیشی پێ نەکەی".. بەس باوکم درۆیکرد.

پ/ باوکت چەندێك ئەو ئیشەی پێ ئەکردی؟

سێ ساڵ زیاتر

پ/ هەر لەو ماڵە بووی؟

نا.. باوکم کابرایەکی ناسی ناوی (ئە) بوو بردمی بۆ ئەوێش لەئوتێل لەگەڵی خەوتم دوایی چوین بۆ ماڵی ژنێك ناوی میمی بوو.

پ/ بۆ لەماڵی ف سوور ڕۆشتی؟

خۆم زۆر پاڕامەوە نەخۆشیش کەوتم ئیتر بە (ف سوور)م وت توخوا خێرت دەگات بەباوکم بڵێ ببیە نامەوێ بەکەڵك نایە وام ئەزانی ئیتر کەلەوێ نەمام باوکم ئیشم پێ ناکات نەشم دەزانی باوکم بەپارە بۆ ماوەیەك داومی!

پ/ تەنها خەڵکیان بۆ تۆ ئەهێنا یان بۆ کچ و ژنەکەی ف سووریش؟

نا بۆ ئەوانیش یەکەم جار ژنەکەی خەڵکی بەڕێ دەکرد بەلام دوایی حامیلە بوو. بەلام کچەکەی تەلە بە بوو بەس هەر کاتێ دایکی لەماڵ نەبوایە، خۆی خەڵکی بەڕێ دەکرد

هــەمووبیان وا بــوون.. ئـیتر چــوو بوینــەوه خــوا بیــبڕێ لەگــەراج کوڕێکمــان بینــی لای سینەماکان لای شوێنە قەرە باڵغەکە دائەنیشن. چاخانەیەك هەیە ئێمە ئەمان ویست بچین بۆ ماڵ نەنەم ئیتر ئەو بردینی بۆلای (ئە)، (ئە) دوای خۆی (کە سێکسی لەگەڵ کردم) دوای سێ ڕۆژ بردینی بۆماڵ میمی ماڵیان لای مزگەوتی گەورە بوو.

پ/ ناوی میمی بوو؟

نا بەس ژنێکی پیر بوو من هەر پێم دەوت میمی..

ئەوەی لەم بەسەرهاتەدا باسکراوە، زۆر لەوە کەمترە کە (ن) بۆی باسکردووین، چونکە لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا لەگرتووخانە چوارەم ساڵی لەشفرۆشی (ن) بوە. شایەنی باسە بەهۆی زۆری باسەکەو هاوشێوەیی لەگەڵ باسەکانی پێشوودا بڕیارماندا کە تەنیا سەرەتای ئالوودەبوونی بخەینە ڕوو. باوکی (ن) یەکێکە لەوانەی لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە.

ئەوەی لە کەسێتی (ن)دا جێی تێبینی بوو: (ن) هەمیشە لەگرتووخانە وێنەی ماڵێکی درووست دەکردو خۆی لەدەرەوەی خانوەکەدا درووست دەکرد، هەروەها بە قوڕی صەناعیش هەمان کاری دووبارە دەکردەوە.



**بەسەرهاتەکانی حەوتەم**

ناو: ژ[53].ت. ع

تەمەن: 14 ساڵ

دانیشتوی: شـــــاری سلێمانی

تەمەنی لەشفرۆشی: 3 ساڵ

ئاستی خوێندەواری: ســـــێی ناوەندی

ڕێگای فێربوون: لـــــەڕێگای ڕاکردنـــەوە لـــەخێزان فێـــری کـــاری لەشفرۆشی بووبوو.

پ/ لەکەیەوە کەوتویتە سەرجادە؟

مـن دووسـاڵ زیـاترە لـەماڵ دەرچـووم ناتوانم لەگەڵ دایکو باوکم بژیم.

پ/ ئیشت چیە؟

کاتیبـــەی مەکتـــەبم لـــە(.....) خـــۆم پێشتر لـەڕەوزە بـووم لـەڕەوزەی (..[54]) ئیتر نە قڵیان کردم بۆ ئەو مەکتەبە.

پ/ بۆ نەقڵ کرایت؟

وەڵـلا... ((بـە پێکەنینـەوە))... ئـیتر، لەسەر نوێژو ڕۆژوو..

یەکێك لەسزاکان لەسەربازگەکانی حوکومەتی عێراقی پێشوو بریتی بوو لەسەر سفرکردن هەر سەربازێك لەکاتی مەشقدا یان لەکاتی ئەرکەکەیدا هەڵەیەك یان سەرپێچیەکی بکردایە ڕاستەوخۆ سەریان سفر دەکرد وەك سزایەك.. لەکۆمەڵگای کوردیدا چەن شتێك بۆ پیاو عەیب بوون لەنزیکەی (50 بۆ 70) ساڵ پێش ئێستادا، سەر ڕووتکردن، دەم ڕووتکردن (سمێڵ تاشین) چونکە ئەمانە هێمای پیاوەتی بوون بەهەمان شێوەش لەسەرانسەری عێراقدا وابوو.. گەر بچینە هەندێك لەناوچە گوند نشینەکانیش یان عەگال یان جامانەیان بەسەرەوەیە ... کاتێك باوکی (ن) سەری (ن) سفر دەکات بە دڵنیاییەوە بەو ڕەهەندانەی سەرەوە گرێ دراوەتەوە. دەنا یەکێك لەو ئەتەکێتە نوێیانەی سێکس بەتایبەت لە(Rocksex)دا ڕۆژئاوادا بریتیە لەسەر سفر کردنی کچان بەڵام لەکوردستاندا بێگومان نەك هەر سەر سفرکردن شورەییە لە کۆنەوە سەر سفرکردنی ئافرەت هەبوە و لەو پێناوەدا بوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەچێتە دەرو خەڵك نەبینێت.

[53] شایەنی باسە ئەم کچە پاش  هەشت مانگ لەم چاوپێکەوتنە لەلایەن کەسوکاریەوە تیرۆرکراو تەرمەکەی فڕێ درایە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی. هەروەها بەپێی وتەکانی خۆی، زۆر ئارەزووی لەم کارەبوەو کەس بەوکارە ناچاری نەکردوە، تەنانەت لەناو خێزانیشدا توندوتیژی زۆریشی بەرامبەر کراوە، پێش دەستکردن بەم کارە.

[54] ناتوانین کورتکراوەی ناوی ڕەوزەکان، واتە باخچەکانی ساوایان بدرکێنین، چونکە ژمارەیان کەمەو دیاریکراوە ئەگەری ئەوەی هەیە بزانرێت.

پ/ بۆ لەگەڵ دایكو باوكت ناژیت؟

ناژیم.. محاوەلەش مەكەن بمبەنەوە.. ڕقم لەباوكمە ئەو وای لێكردم خۆی ڕۆژ تائێوارە خەریكی هەتیو بازییە كەچی لای خەڵك ئەڵێ كچەكەم (بەرەڵڵایەو بێ ئەخلاقی دەكات)، ناچمەوە لای بمكوژن ناچم، لەپێشا ڕامكرد لەدەستی چومە ماڵی ناسیاوێكمان كەچی دایكم هات بردمیەوە وتی: "هیچت لێناكەین".. منیش وتم باشە بڕوام كرد. ڕۆشتمەوە لەگەڵیان.. ئەو ئافرەتە ڕەنگە بزانێت ...((ئاماژە بۆ یەكێك لە ئافرەتەكان دەكات))... قژم ئا لێرا بوو ((دەستی برد بۆ خوار ئە ژنۆی.. بەمەرجێك قژی خۆی تەواو كورتكرابوەوە)) گرتمیان سەریان پاك پاك تاشیم. باوكم سەری تاشیم نەك قژم بۆ ببڕێ هەر تاشی ئیتر من زۆر خەفەتم خوارد زۆر گریام چونكە ئەیان وت: "تۆ لە دەرەوە لەوە ئەچێ كرابی بەژن".. باوكم زۆر خراپ بوو.

پ/ بۆ نەئەگونجای لەگەڵیان؟

من هەر ڕقم لەباوكم بوو لەگەڵ دایكیشما زۆر خراپ.. بوو من منال بووم دایمە شەڕیان بوو شەو نەبوو لەسەر شتی (بێ مانا) شەر نەكەن.. ئیتر خۆمنیش چی بڵێم یان خوشكو براكانم هەموو گوێمان لەدەنگە دەنگەكانیان ئەبوو.. لەسەر شتی (بێ مانا) ئەبوو بەشەڕیان من مێشكم تێكچوو ئەوەندە ناوبژیم كرد سەیرم ئەكرد شەو خەبەرم ئەبوەوە لەپڕباوكم لەگەڵ دایكما بەس باسی (وشەی ناشرینو باوكم جنێوی پیس پیس دەداتە دایكم لەپێناو سێكسكردندا) شەڕە و ئەڵێ ئەبێ وابكەی وابكەی چوزانم ئیتر.. ئنجا باوكم هەر باش نەبوو خۆی دایكم فەقیرە بەس باوكم چەندجار لە بازاڕ شەڕی بوە لەسەر منالو شتی وا جارێكیان تێریشیان لێیا.

پ/ منالی چی بۆ شەڕیان بووبوو؟

خۆی هەتیو بازە.

پ/ چوزانی باوكت وا دەكات؟

چۆن نازانم.. كەس هەیە نەزانێ دایكی براكەی و باوكی چۆنن؟

پ/ ئەی بۆ چی بۆ ئێوە خراپ بوو؟

دڵی هەر زۆر پیس بووچونکە خۆی خەریکی شتی ئاوا بوو دایمە ئەی وت: "مەچنە دەر بایەکیٚ لەدواوە (شتێکتان لێنەکات).. توخوا ئەگەر باوکیٚ خۆی شەریف بیٚ کچەکەی ئەڵێت؟

پ/ باوکت لەکویٚ ئیش ئەکات؟

لە......

پ/ هیچ لەباوکتەوە فێربووی یان تەئسیری هەبوو لەسەرت؟

نا ئەو زۆر دڵی پیس بوو خۆ ئەو نەی ئەزانی من ئەزانم شتی وا ئەکات بەس دایکم ئەی زانی چونکە کەشەڕیان بوایە دایکم توڕە ئەبوو قسەی ئەکرد.

پ/ ئەو قسانەی ئەوان کاری دەکردە تۆ؟

> لاوازی پەروەردەی سێکسی لەگەڵ گرنگی نەدان بەتەمەنی منداڵ و مامەڵەکردنێکی هەڵە لەگەڵ پەروەردە کردنیدا بەگشتی و پەروەردەی سێکسی بەتایبەتی کاریگەری خراپ دەخاتە سەر کچان بەتایبەتی وەك (س) دەڵێت لەتەمەنی هەرزەکاریدا کە دەبینن گویٚ لیٚ بوونی منداڵەکانی ئەو ماڵە لە پەیوەندییە سێکسیەکانی دایكو باوکیان هاندەرێکی سەرەکی بووە بۆ (ژ) ئارەزوی سێکس بکات تەنانەت هانی داوە بۆ ئەوەی دەست لە منداڵانیش بدات ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئازادی سێکسی لە کۆمەڵگادا نیەو تەنانەت پەروەردە کردنیش نیە بە پێی ئەو ڕێگریانەی لەکۆمەڵگادا هەیە .

ڕقم هەڵئەسا کەگوێم لەو شتانە ئەبوو.. بەخوا من منالٚ بووم ئێستا هەموومان ئافرەتین بەڕاستی من منالٚ بووم.. گوێم لەباوکمو دایکم ئەبوو کەهەموو لەیەك ژورا ئەخەوتین، نیوە شەو لەدەنگی ئەوان هەلٚ ئەساین ئنجا گەورەش بووبووین بەدایکمان ئەوت هەستە بڕۆ ژورێکی تر لەگەڵی بخەوە ئێمە حەز ناکەین.. شەوان گوێمان لێبوو چی ناڵێن.. شەوی وابوو خەریك بوو مێشکم ئەتەقی ئیتر هەمووشتم گویٚ لێبوو. ئەو ژنو مێردە چی ناکەن. ئیتر کە کچ.. ئێستا تۆ کچیت وایە یان نا؟ کەئەوەندە گوێت لەو شتانە بێت و موراهیق بی هەر حەزی لێئەکەی یان کارت تیٚ دەکات...((ماوەیەك بێدەگ بوو ئنجا بەگریانەوە وتی)): من کەمنالاٚنم ئەدی حەزم ئەکرد دەستیان بۆ بەرم بەدەست خۆم نەبوو شەوان کە گوێم لەوان ئەبوو ئیتر منیش نازانم وەڵلاٚ.. ئەزانی چی؟ ماڵەباوك شەریف بن منالێش

شەریف دەردەچن.. ئاخر من داخی ئەوەم لێدێت ئائەوە تەسەروفی باوکەکەم بوو کەچی لۆمەی منیش ئەکات یان ئەڵێ ئەی کوژم.

پ/ تەسەور ئەکەی باوکت سەبەبە کە توشی لەشفرۆشی بووی؟

ئا، ئەی ئەگەر ئەو نەبوایە یان من هەمو شەوێ گوێم لەشتی ئەوان نەبەوایە.. ئێستا هەرکەسێ بچێت سەیری فلیمێك بکات کەحەزیشی لەو شتەش هەر نەبێ، بەس وای لێدێت خۆی بۆ ناگیرێت. خوا لەناوی دەمی باوکم دات من بەس ئەو خەفەتەم هەیە خۆی بەڕۆژ خەریکی هەتیو مەتیو ئەبوو.. شەوانیش بەرئەبووە دایکم.. ئنجا داخی دایکم و داوێن پیسی خۆی بە ئێمە ئەڕشت.

پ/ پێت ناخۆشە توشی ئەم گرفتە بووی؟

خۆمن چیم کردوە خەڵکی هەمووی لەدەرەوە خەریکی بێ ئەدەبین کێ هەیەخەریکی (سێکسی ناشەرعی) نەبێت.. ((م)ی بێ ئەخلاق) بۆمن ڕەفیقی ئەوم. کاتێ باسی (م) دەکرد دەنگی هەڵبڕی و ئەویش کەوتە جواب دانەوەی.. وتی: "هێی وستبە بانەیەم بۆت ..((جنێوێکی زۆر ناشرین))... تۆ ڕۆژی 100 ((جنێوێکی زۆر ناشرین))، بۆمن ناتناسم بێشەرەف باسی من نەکەیت بڕۆ با ((جنێوێکی زۆر ناشرین)) ماڵی ( (ع) ی دەلالْ سێکست لەگەڵ بکەن)". (ڤ): "قیژانی و ڕای کرد بۆ (م) وتی: "بێ ئەخلاقی لادێی.. نمونە پیسی ڕەزاگران.. زۆر جوانی؟ لەماڵی تۆ ئێستاش

ئەگەر چی (ڤ) بە شێوەیەکی تەواو زانستی ناتوانێت گوزارشت لەو بارودۆخە بکات کەئەمان کۆمەڵە منداڵێك بوون و لەگەڵ باوکیدا کێشەیان هەبوە، بەڵام لەقسەکانیەوە بۆمان دەردەکەوێت بەسارد و سڕی دایکی (ڤ) لەڕووی سێکسەوە ڕێخۆشکەر بوە بۆ ئەوەی باوکی (ڤ) خەریکی هەتیوبازی بێت و لەڕووی دەروونی سێکسەوە کەسێکی نائاسایی ناجێگیر بێت و سەرەنجامی ئەوەش ڕق و کینەکانی خۆی بە منداڵ و بەتایبەت بەکچەکانی ڕشتوە.

ئەڵێی زەمانی بەردە (سێکس) هێشتا بە 15000 پانزە هەزار دینارە.. هەمووی لادێی چڵکنن، هەی سەرسواڵ کەر". ویستیان پەلاماری یەك بدەن بەس گرتبوومانن[55].

باشترە بڕۆین لەدەرەوە قسەم بۆبکەیت:

کوڕە ئەو بێ ئەخلاقە وازم لێناهێنێت هەر تەعلیقم لێئەدات بەزۆر خۆی یاوە بەسەر (ت)[56] فەقیرە بەکوڕی ئەشێ ئەمەزۆر حەشەرییە[57].. ئاخر پیرێژن بڵێ شەرم نات گرێ داناپڕزێی وەڵلاَ (ت) یش‌و باوکیشی مەمنونی قۆنەرەکانم نەبن شوی پێ ناکەم .... (( (ت) مێردی (م)ی لەشفرۆش بوو و سەرۆك باندیش بوو گیرابوون پێکەوە...شایەنی باسە (ت، ع) دوو سەرۆك باند بوون کە بەئەندازەیەك شوهرەتیان لەکارەکەدا هەبوو هەموو کەس دەیناسین)).

پ/ بێدەنگ بە باشترە قسە بۆمن بکە یت.. تۆ پەیوەندیت چیە بەسەر ئەمانەوە؟

من هەقم نیە.. بەس ئەو شێت بوە واز ناهێنێ.. ئەڵێ نابێ تۆ شو بە (ت) بکەی ئێ من خۆ نەچووم بە زۆر شوی پێبکەم.

پ/ (ت) ئیشی چیە؟

من نازانم ئیشی چیە بەس لەماڵی (م) ە کەپێکەوە ئەوکاسبیە ئەکەن.

پ/ تۆ چوزانی ئەو کارە دەکەن؟

ئەی من لەوێ بووم (م) ئەو ئیشەی پێئەکردم ڕۆژ تائێوارە پیاوی بۆ ئەهێنام ئێساتاش نوێژ ئەکات‌و قورعان ئەخوێنێ وەك‌و زۆر شەریف بێت بڕوابکە شەو و ڕۆژی 100 پیاو هاتبێ کەمە ئاخر حەیای نوێژ بۆ ئەبەی من نوێژ ناکەم کاکە ئیتر ئەم درۆو دەلەسەیەی بۆ چیە؟

پ/ بۆ ماوەی چەند لەوێ بوویت؟

---

[55] یەکێك لەکێشەکانی چاوپێکەوتن لەو ماوەیەدا لەناو گرتووخانە ڕێگە نەدەدرا کە چاوپێکەوتن لەدەرەوەی قاعەکان بکەین، ئەمەش هەندێ کات کێشەی بەم جۆرەی بۆ درووست دەکردین، بەلاَم هەندێکی تریش بەبێ دەنگ چاوپێکەوتنی خۆی دەکردو گرفتمان نەبوو.

[56] (ت)، مێردی (م) لەشفرۆش بوو، بۆ خۆیشی سەرۆك باندیش بوو گیرابوو لە گرتووخانەکەدا بوو بەشی پیاوان.

[57] لەزمانی ناو بازاڕی سێکسدا حەشەری وشەیەکە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە ئارەزووە سێکسیەکانیان لە ئەندازە بەدەرەو بەشێوەیەکی نا ئاسایی پەراوەی ئارەزووەکانیان دەکەن، تا دەگاتە ئەندازەیەك لە کۆنترۆڵی خۆیان دەردەچێت.

10 تا 15 ڕۆژ هەر بەپەلە ڕامکرد وتم ئەمە چیە؟ بابە گیان خۆمن کەرنیم ڕۆژی 20 پیاو (بەڕێ بکەم) تەحەمولم نەئەکرد ڕۆشتم ئنجا بێ شەرەفە هەرچی سەرسوالێ کەرو لادێی و لاتەکانە یەن بۆ ماڵی خۆی لەئێمە وایە خەڵکی کەشخە دێت، سەیردەکەم (3000) دیناری بۆ ڕاگرتووم ئەڵێ هانەکا شتێ بکڕی منیش وتم چی چی؟؟

پ/ 3000 سی هەزاری سویسری؟

کچێ لەم تەبعە وەڵڵاً منیش حەیام برد وا ئەزانێ من سواڵ کەرم خۆمن بچمە هەر شوێنێ مەمنونمن.

پ/ چۆن کەوتیتە سەرجادە؟

پاش ئەوەی سەری تاشیم ئەوەندەی تر ڕقم هەستا، لەداخا وتم شەرتبێت سەرت شۆڕبکەم. وەلا ڕۆشتم: ئیتر لەبێجێگەییدا توش بووم، ناچار بووم بچمە ماڵە دەلاڵ.

پ/ جگە لەماڵی (م) لەماڵی تربووی؟

ئەم (ع) کەلێرە یەئیتر هی تریش تۆ نایان ناسی.

پ/ غەدریان لێدەکردیت؟

کورە تەعزیبەکەی ماڵەوەو شەقی ..... فەنی، باوکم، خۆشتر بوو بەس چی دەڵێیت دادەگیان.

پ/ بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە باشتر نیە؟

وەڵڵا نەوەڵڵا ئەمکوژن.

پ/ ئەی بەربیت چی ئەکەیت؟

ئەڕۆم بۆ ئێران لەگەڵ (ت)

پ/ یەکەم جار چۆن توشی ئەم کارە بوویت کێ فێری کردی؟

...((بە پێکەنینەوە وتی)): "وەلاً چوزانم ئیتر کەسەریان تاشیم لەداخا ڕامکرد ناچار بردیانمە ماڵە دەلاڵ؟".

پ/ کێ بردیتی؟ کوڕ بوون یان کچ ئەوانە؟

کوڕ بوون.

ئەم کچە بەبەردەوامی پێدەکەنی و بەهیچ جۆرێك بەخەمباری نەدەبینراو زۆر ئارەزووی سەماو گۆرانی بوو زۆر لەگەڵ سەرۆك باندەکان شەڕی دەکرد، زۆر ئاشکرا دەدوا لەسەر ژیانی خۆی و سەرۆك باندەکان.. ئەو کوڕەی ئەم ئارەزووی دەکرد شووی پێ بکات، دەیزانی کە بۆ ئەم کارەی دەوێت، بەڵام دەیوت قەیدی نیە.. ئەم کچە بەبەردەوامی لەگەڵ پۆلیسەکانی گرتووخانە هەوڵی دەدا ڕیکەوێت.. هەمیشە قژی درێژ خەمێکی گەورەی ئەم کچەبوو، بەڵام بەردەوامیش پرچی خۆی کورت دەکردەوە، کە لێمان دەپرسی بۆ؟ ئەوا دەیوت: "خۆ هەگیز وەك ئەو کاتەی لێنایەتەوە کە باوکم بڕی"، لێرەوە هەست دەکەین کە ئەم کچە خۆی ئەشکەنجەی خۆی بەم جۆرە دەدایەوە.

پ/ناویان چی بوو؟

جـا... چـوزانم وەڵـلا ئێسـتا ناویانم لەکوێ بیرماوە

پ/ چۆن بینیتن؟

لەخۆمـەوە هـەر ئەخولامـەوە، هاوڕێیـەکم بینی لەگـەڵ خـۆی بردمـی بـۆ حەفلەیـەك، وتم: بەشکم یەکێك بناسم یارمەتیم بدات، لـەهۆڵی .... وەڵـلا ئـیتر بۆ ڕیش چوم سمێڵم دانا.

پ/ چۆن؟

پـاش تـەواو بـوونی حەفلەکـە، هەموو خەڵکەکە ڕۆشتن منـیش نەمـدەزانی ڕوو کەمـە کـوێ.. وەڵـلا ئـیتر ئـەزانی چـۆن بـوو کوڕێکیان لەوانەی لەوێ کاریان دەکرد بردمی بۆماڵی دەلاڵێك وتی:"ماڵی پورمـە"، بـەڵام ئـەوە درۆبوو، مـاڵی (ع) بـوو، کـە ئێسـتە گیراوە... ئـا ئـەو ژنـە یەکـەم جـار مـنی فێرکـرد، هەڵیخەڵەتاندم، وتی:"مانگێ ئـیش بکـە و 50 وەرەقـەت دەسـت دەکـەوێت، براکـەم قاچاخ چیە پێی دەڵێم بتبات بۆ خاریج.

پ/ ئەوکوڕەی بردیتی خۆی هیچی لەگەڵ کردیت؟

یەکـەمجار کـەداوای کـرد زۆری حـەزکرد.. ئـیتر کەهاتـە لام نـەیوێرا.. کـەزانی کچـم وتـی: "ناوێرم نەکا ببی بەژن".. یەعنی زۆرنەیکرد بەتەواوی کە وابێت ببمە ژن ئیتر (30,000) سی هەزاری دامێ.

پ/ دوایی؟

ئـیتر مـاوە یـەکیش لـە مـاڵی (ع بـووم ئـەو بـرا دەری زۆر بـوو) هـەر بەتـەمای خـاریج بـووم، کەچی کاتێك بەخۆم زانی خاریجی چی و بووشم بەژن، جاوەرە بوێریت بڕۆیتەوە.

پ/ نەت دەتوانی بە معاشەکەت بژیت؟

بەرەوەڵلا.. بەڵام کاکە گیان کە تۆ نەوێریت لەترسی باوکت دەوام بکەیت، معاشی چی!

**بەسەرهاتەکانی هەشتەم**

**ناو:** ر. ع. ك

**تەمەن:** 32 ساڵ

**دانیشتوی:** سلێمانی

**تەمەنی لەشفرۆشی:** 6 مانگ

**ئاستی خوێندەواری:** سێیەمی ناوەندی

**ڕێگای فێربوون:** لەڕێگای گرتووخانەوە تووشی ئەم گرفتە بوە، (لەشفرۆشی)

**پ/ حەزئەکەم تۆزێك باسی ژیانی خۆتم بۆ بکەی زۆر بەوردی..**

**موالیدم 1974 نزیکەی 33 ساڵم خەڵکی سلێمانیم باوکم زوو نانەوا بوو لە گەرەکی (.....) زۆر منداڵ بووم تقریبەن 17 ساڵ بووم چووین بۆ ئێران لەکۆرەوەکەدا دایکم خزمی زۆربوو لەبانەو مریوان تەلەبە بووم لەسێی ناوەندی ئیتر خۆت دەزانی ڕاکردنەکە چ وەزعێك بوو، لەوێ داوایان کردم ئیتردایکمو خوشکوکانم زۆریان وت: "باشترە.. ئێمە لەسەرماڵانین.. بیکە**

**شایەنی باسە ئەم ژنە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشو نالەباری هەبوو لەزینداندا، هەروەها ئەوەی گرنگە باسی بکەین، خۆی ئارەزووی دەکرد بێت قسە بۆ ئێمە بکات بەبێ ئەوەی ئێمە داوای لێبکەین یان هەوڵێکی زۆری لەگەڵدا بدەین، ئەم لێدوانانەی (ر)یش پاشی زیندان بوو، بەشێوەیەکی ئازادانەو بۆ باری ژیانی خۆی قسەی دەکرد.**

**یەکێك لەو گرفتانەی ڕەگەزی مێینەی تیا دەژی مەسەلەی شوکردنە چونکە شوکردن چارەسەری بەشێکی زۆری کێشەو گرفتەکانی مێینە دەکات لە کوردستاندا. شوکردن پلەو پایە بەرزدەکاتەوە شوکردن حەیا و ناموس دەپارێزێت، شوکردن دەبێتە هۆکار بۆ بەرزکردنەوەی ڕێزی خۆت لەلای خۆت ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی ژنان ئومێدێکی گەورە لەسەر شوکردن دابنێن بە تایبەت ئەگەری لەماڵی باوانیاندا بەئاسودەی نەژین چونکە شوکردن دەبێتە ئەو دەروازەیەی ژنان ڕزگار دەکات لە قەیرانێکی زۆر لەوانە (تەنیایی ، سێکس ،قەیرەیی .... هتد)**
**بۆیە دەبینین کەسێکی وەك (ر) دەڵێت خۆشم پێم خۆش بوو هەرچەندە باوەڕی پێی نەبووە، کەزۆر ئاساییە لە بارودۆخێکی ئاوارەیدا ئارەزووەکانی بۆ شوکردن زیاد بکات .**

**باشتره.. وەزعمان شڕه.. نەبووین"و ئالەم قسانه تا قەناعەتیان پێکردم...((بۆشوو پێکردن)).. ڕاستی خۆشم نەموت نا تارادەیەك پێم خۆش بوو گەنج بووم‌و وام ئەزانی ئەحەسێمەوە، ئیتر کردم بۆ نەگبەتی ...((هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا وتی: " کەبەشەرنەگبەت بوهەرناحەسێتەوە چیم نەدی"))**

**ئیتر ماوەیەك لەگەڵی بووم دایکم و خوشکەکانم گەڕانەوە بۆ سلێمانی باوکم مابوو ئەوزۆری وت: "ژنەکە (ر) منداڵە باشونەکات ئەوکوره باش نابینم". بەڵام دایکم چونکە خزمی خۆی بووهەر دەیوت: "کوڕەکەش منداڵە چاك دەبن بۆخۆیان". باوکم زۆر دنیادیده بوو ئەیزانی چیم بەسەردێ بەس ڕووی نەبونی ڕەش بێ‌و یاخوا دایکم خێر نەیەتە ڕێگەی. وەکو وای لەمن کرد. بەخوا دایك‌و باوك‌و کەسوکار تڕۆت نەکەن کەس ناتوانێ ئێستاش دایکم بڕۆ قسەی لەگەڵ بکە ئەڵێ خۆی بەڕەڵڵایە من گوناحم چی بوو وایان لێ کردم؟ دایکم منی کرده قوربانی فەردە ئارد وماکسی قەیفە بۆبەری خۆی!!**

گەر تێبینی بکەین لە هەموو بەسەر هاتەکانی پێشوودا باوك هۆکارێکی سەرەکی بوو لەچەوساندنەوەی کچەکان و هەر خۆشی بەشێوەی ڕاستە و خۆ یان ناڕاستەوخۆ هاندەر بوو بۆ بازرگانی کردن پێیانەوە بەڵام لەم بارەدا دایك هۆکارە، ئەویش بەدەلالەتی بەشودانی کچەکەی بەخزمی خۆی. بەشێوەیەکی گشتی دایك لەکۆمەڵگای کوردەواریدا ئارەزووی ئەوە دەکات بگەڕێتەوە ماڵە باوان هەرچۆن وتەیەکی باوە کەپیاوان پاش ماوەیەك لەهاوسەرگیری پەشیمانن لەپرۆسەکە بەهەمان شێوە ژنان ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن بۆ باوان، بەڵام ئەوە لەمنداڵەکانیدا بەرجەستە دەکەن بۆیە دایك زیاتر ئارەزوو دەکات کچەکانی بداتە برازاو خوشکە زاو کەسەکانی خۆی. کاتێکیش کەسوکاری دایك لەڕووی داراییەوە بەتوانا بن ئەوەندەی تر ئەم دەرفەتە گرنگ دەبێت بۆیە لەڕەوشی (ر)دا دەبینین دایکی دەبێتە هۆکارو لەچوار چێوەی بەزۆر بەشودانێکی ناڕەسمیدا.

**پ/پاش ئەوەی شوت پێکرد چی بوو؟**

**وەڵا پاش ماوەیەك سەیردەکەم هەر ڕۆژ ناڕۆژێ لەماڵەوە وەك کەر**

بە ئاشکرا کاریگەرییەکانی ئابلۆقەی ئابووری دەبینین، لێرەدا ئەم بەسەرهاتە ئەوەمان نیشان دەدات کەبارودۆخی ئابوری چۆن دایکی (ر) ناچار دەکات کچەکەی بکاتە قوربانی لەپێناو ژیانی ئەوانی تردا.

دەکـەوت دایکـی و خوشـکەکانی بەسـوێندەو نـەعل تێیدەکـەوتن و دەیـان وت: "بـەقوزەڵ قورتت بێ دیسان"، یان ئاوی زۆر ساردیان لەسەلاجەکە دەرئەهێنا دەیانکرد بەسـەریدا.. منیش نەم دەزانی بۆ ؟ دایم بۆگـەنی لێ دەهـات چاوی سـور زمـانی گـۆی نـەدەکرد لـەکاتی سیکسدا هەموگیانی برینار دەکردم هەرسێ شەو جارێك نەدەهاتەوە نەمدەزانی خـەریکی چییە چی ئەکات قسەشم بکردایە ئەی وت بڕۆرەوە بۆ عێراق من بەرەلاَی عێراقیم ناوێت.. ئنجا دەمزانی شەوان شتی دەهێناو دەیخوارد بەس وامدەزانی مەشروبە من چوزانم هیچ تەجروبـەم نـەبوو.. خـۆت دەزانـی کچـی ئەوسـا پێشـی ئینتیفازەکـە چـی دەزانـی؟ ئـیتر بەخەسوومم وت کەچی وتـی: "قـەینا ڕۆڵـە ژن دەبێت باسـی شـتی بـەینی خۆیـان نـەکات عەیبە، هەموپیاوێك کەلەگەڵ ژنەکەی دەخەوێ وادەکات دەشخواتەوە"..

منیش ئەوەنـدە کـەربووم دور لـەڕووی تـۆ بـاوەڕم کردبـوو تـازۆرم بۆهـات. ئنجـا ڕۆژێکیـان چـووم بـۆ سـاڵۆن لـە...((باس لەیـەکێك لەشـارەکانی کوردسـتانی ئێـران دەکـات))... لەوێخەڵکی گەرەك دەیان ناسیم هەرسەیریان دەکردمو چرپەچرپیان دەکرد ژنـی خـاوەن ساڵۆنەکەش هەرباسی ژیـانی خـۆمو مێردەکـەمی دەپرسـی، چومەز مـن نـا زانم ئەمەبـەناو بانگـەو خـەڵك دەیناسـنو دووجـار لەسـەر تلیـاكو شـتی وا گـیراوە بـەڵام ئیسـپات نـەبووە لەسەری!!

ئیتر ژنی ساڵۆنەکە بووبە برادەرم زووزوو دەچوم نزیك بوو لێمان وەڵڵا هـەمووی بـۆ بـاس کردم منیش نامەیەکم نووسی بۆدایکم کەبێت بۆلام بـەڵام بەتەلـەفون قسـەی لەگـەڵ کـردم هـەرجنێوی پـێ ئـەدام ئەوسـا تەلـەفون کـردن بـۆ ئێـران زۆر زەحمـەت بـوو گـرانیش بـوو هەردەیوت: "چاوت دەردێـنم بتـۆرێی دانیشـە لێـرە ئێمـە لەبرسـاوا دەمرین باوکـت ئیشـی نییە نانەواکە داخراوە خەڵك هەمووی وادێت بۆئێران لێرە برسێتیە" ... هەزار شتی وت. ئنجـا بۆنەگبـەتی مـاڵی خـەزورم دەوڵەمـەند بـوون جـار جـار ئـاردو سـاوەرو یـان قومـاشو

ئەم قسانەی (ر) خاڵێکی گرنگمان بۆ دەردەخات ئەویش پاش ئەوەی دەڵێت لەڕویدا هەڵگەڕایەوە دەبینین سەرەڕای ئەو هەموو ناهەقی و توندوتیژیە کەمێردەکەی دەیکات هێشتا (ر) وەك تەجاوزێك دەڵێت من لێی هەڵگەڕامەوە لەکاتێکیشدا کەماڤ خۆیەتی لەسەر داخوازیەکانی خۆی بێتە جواب و داکۆکیان لێ بکات.

شتیان ئەنارد بۆماڵی دایکم، وەڵڵا بەرە بەرە ئیترمن سکم لێی بوو دایکی و براکانی زۆر سەریان دەکردە سەرو خەڵکی دراوسێ و خزم زۆر لەسەرمنیان دەکردەوە ئیتر خۆشم زانیم شتەکان چین و بەرەبەرە تێگەشتم کەوتومەتە چ گێژاوێك. چاوم کرایەوە کەلێی ئەدام ڕام ئەکردو قسەم پێ دەوت و لەڕویدا هەڵئەگەرامەوە ڕۆژێکیان وتی: "من ئەچم بۆ مەشهەد بۆ ئیش کردن"، منیش هیچ نازانم شارەزانیم بێ کەسم لەوێ چی بڵێ هەرئەوەیە لەمن وایە مەشهەد بەهەشتە، وا بۆی باس کردم، ئنجا دەیوت ئیتر واز دێنم لە تلیاك کاسبی دەکەم منالْمان دەبێت بروام کرد وتیشم لەوانەیە ئەگەر چاوی لەدەستی دایك و براکانی نەبێت ئیعتماد بکاتە سەرخۆی.

... ((هەناسەیەکی قوڵ ... چاوی پڕبوو لەئاوو تۆزێك بێ دەنگ بوو))

بەهەرحاڵ ڕۆشتین چوم خواحافیزی بکەم لەهاوڕێکەم کەساڵۆنی هەبوو کچێکی زۆر مسوڵمان و باش بوو گریاو پێی وتم نەگبەت جاخوانەبێ کێ دەستی بەتۆ دەگات زۆردوورە. من هەرنەمزانی تائەو ڕادەیەش دوورە.. ڕۆشتین هەرنەگەشتین.. ئەو ڕێگەیە هەرنەبڕایەوە.. تەموزیش بوو، مانگی حەوت، کە گەشتین خەریك بوودەخنکام.. یەك تەپو تۆزو گەرماو وشك.. ناخۆش!! بردمی بۆ ئوتێل نەیان هێشت بچینە ژور چونکە بەڵگەمان پێنەبوو کە ژن و مێردین من بەڕەسمی مارە نەکرابووم عێراقی بووم, ئیتر ماینەوە لەسەر ئەو جادە گەرمە، هەر تەلەفونی دەکرد، لەسەرجادەوە، تادووسعات زیاتر.. ئیتر پیاوێکی ڕەزاگران هات بەماتۆڕێك هەردووکمانی سەر خست من خەریك بوودڵم ئەوەستا ئەترسام قەت سوار نەبووبوم ئەم زریکان ئەویش جنێوی پێ ئەدام ئەیوت وسبە ئەمان گرن.. ئیتر چووینە ژورێك ماینەوە تۆزێ کەلوپەلی کری و یەللا ...

وەڵلا خراپتر بوو باشتر نەبوو ئەوسا هیچ نەبێ کەئەیخواردەوە لەمنی ئەدا دایکو خوشکەکەی ئەهاتن دەستیان دەگرت.. ئەوەش نەما.. سکم هەبوو ڕۆژ تا ئێوارە لەباخێك ئیشم دەکرد دوایی چومە مەعمەلێك ئەهاتمەوە پارەکەی بەشەق لێ دەسەندم و دەیوت بۆچیتە پیاوی پێ دەکڕی.. دۆستی عێراقیت هەیە، چونکە لەباخەکە عێراقی لێ بوو.. لەمن کلۆڵتر ئەوان بوون، چانەبوو ئەوان پیاویان کاری بۆدەکردن؟؟ ... ((زۆر گریا ... پاشان بەدەم گریانەوە وتی)):

یاخوا کە کڵۆڵ بووی هەر نەبی عەقڵی ئێستام ئەوسابوایە کەکچەکەم بوو یەکسەر دەستم خستایەتە سەردەمی بمکوشتایە زۆر باشتربوو ئەو لەمن کڵۆڵتر دردەچێت تائیستا بەخوا دووجار دەرمانم کڕیوە هەردوکمان بمرین هەر ئەشی کەم.. ((لە دوای گریان وتی)):
مانگی خۆم بوو دەترسام چۆن بمبێ ئنجا نەشی ئەتوانی بمبات بۆ خەستە خانە هیچ

> کەسوکاری (ح) بەتایبەت خوشکەکەی دایکی پێی دەڵێن ئێمە ژنمان بۆ هێنایت تاکەمێك ئاقڵ بیت بەڵام ئەوەندەی تر بوویت بەسەگ ئەمەش یەکێکە لەداب‌ونەریتەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە کە توندو تیژی کوڕ لەسەر دایك و خوشکیانەوە وەك نێرینەیەك دەگوێزێتەوە بۆ هاوسەر واتە بەهۆی ژنهێنانەوە ناکرێت ئاقڵ بێت چونکە ئاقڵ بوون لە کوردەواریدا بە واتای صالح بوون دێت .. صالح بوونیش واتای ئەنجام نەدانی کارێکی زیان بەخش بەخۆی یان بە چواردەورەکەی لێرەدا (ر) دەبێتە قوربانی تلیاك خوتردن و سەر خۆشیەکانی (ح) کەلەوەوپێش فێری بوو بوو لەماڵی باوکیدا ... گەر تێبینی بکەیت دایکی (ر) لەبەر دەوڵەمەندی کچەکەی دەداتە (ح) کەخزمی خۆیەتی بەڵام ماڵی (ح) بۆ ئەوەی کوڕەکەیان صالح بێت (ر)ی بۆ دەخوازن کەواتە لەهەردوو خێزانەکەدا کچ سەنتەر نیە بۆ بیرکردنەوە لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا ئەگەر چی لەماڵی کوڕەکەدا کوڕەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان سەنتەری بیرکردنەوەیە لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا.
> ئەگەرئەمەش دابونەریتی هاوسەرگیری بێت ئەوائەگەرێك هەیە بۆئەوەی هەموژنێك لەخێزاندا پەرتەوازە ببێت ئەنجامی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەری دەکرێت، بەڵام کاتێك توندوتیژی دەگاتە ئاستێکی دیاریکراو ڕەگەزمێ بیر لەچارەسەر دەکاتەوەو بیر لەتۆڵە دەکاتەوە یەکێکیش لەتۆڵەکانی خۆکوشتنە یائابروبردنی خێزانە لەم بارەیەوە دەبینین (ر) بەردەوام دەیەوێت خۆیو منداڵەکەی دەرمان خوارد بکات.

بەڵگەمان نەبوو دیسان سواری سیارەی کردم و بردمیەوە بۆ .... لەوێ وتی زمانت دەبڕم قسە بکەی نەڵێی من ئیشم کردوە ئەگینا دەتگرن درۆشی کرد سەگبابە بەس منی کەرکردبوو هەرچیم دەوت دەیوت دەتگرن.
کەگەڕاینەوە خەسوم دیاربوو زۆر بەزەی پیاماهاتەوە بە پەلە حمامیان بۆداخستم‌و ناردیان بەشوێن کچەکەی هاوڕێم هێنایانە ماڵەوە وتیان: "قژی بۆببرەو دەم‌و چاوی بۆ چاکە"، باوەربکە ئەوحەوت هەشت مانگە ئاوێنەم نەدیبوو وەك وەحشیم لێ هاتبوو خۆم دەترسام لەخۆم هەتاو سوتانبومی کەم خوێنیش بووم هەر دەبورامەوە. منیش بەخەسوم

وت: باخۆم بچم بۆسالۆنەکە، وتی: "نا باکەس نەوبینێ ئاوا".. ئەو ڕۆژە زۆر لەکوڕەکەیان توڕە بوون جنێویان زۆر پێدا وتیان: "ئێمە ژنمان بۆ هێنای ئاقڵبی کەچی ئەوەندەی تر بووی بەسەگ".. دایکی وتی: "وازنە هێنی خەبەرت لێ ئەدەین بەسە تلیاك بوو بەچی؟" خۆشی لەدەموچاونینۆکەکانی ئەترسای وەك لەناو قەبر دەرتهێنابێت پێستی دایم زەرد زەرد چاوی چوبووبەقولا.. خوشکێکی بچوکی هەبوو تەلەبە بوومنی زۆر خۆشدەویست دایمە دڵخۆشی ئەدامەوە زۆر لەدایکی توڕە بوو وتی: "قوڵی ئەو کچە داماوەتان بڕی بۆ ئەو خوێڕییە".

ڕۆژێکیان وەڵڵا من هەستم بەشتێ کردبوو بەس نەمدەزانی چیە هەر هاتو چۆی بوو زۆر دەترسا دەرو ژوری زۆر کرد وتم (ح) ئەوە چیتە منیش خۆم ژانم هەبوو مامانەکە دەیوت ئەمڕۆ هەردەی بێ وتی: "(ر) بە قوربان ئەوجانتایەهی خۆم نیە بالەژور سەرت بێ، ئەگەر هەرکەس هات بڵێ هی مامانەکەیەو شتی ژنانەیە" منیش وتم چی تیایە؟ وتی: "شتی (دیموکرات) هی خەڵکەوعەیبە". منیش وتم: تانەزانم چیە ڕازی نابم.. بووبەشەڕمان یەك شەقی تێهەڵدام زریکانم مامانەکەو خەسوم هاتن بۆژورەکەو من تاسابووم قسەم بۆ نەدەکرا قورئانێکیشیان لەلاوەدانابووم مامانەکە ڕوی کردە خەسوم وتی: "ئەترسم بەد بەختە کچیشی ببێت". تا دەست یەکێکی ئاوا بکەوێ زۆر گریام قورئانەکەم بەرز کردەوە وتم بۆخاتری ئەم قورئانە خوا پێت بنوێنێ نەگەڕێیتەوە خەسوم وتی: "دەمت شکێ مێردتە قسەمەکە" ئیتر کەوتمە هیلاکەت مامانەکە وتی: "بچۆدەرەوە لەبری بچی نەفەرێ گۆشتی بۆ بهێنی کەرەو ڕۆن بێنی وائەمرێت تۆ کوا ویژدانت خواکەسوکاری بگرێ کەنایەن لێت بسەندنەوە"... ئیتر ڕۆی منیش دوای یەك دووسەعات مناڵەم بوو بۆ دەردەسەری‌و نەگبەتی مامانەکە وتی: "بەد بەخت کچت بوو"، زۆر گریام وتم: توخوا بیکوژە پەرۆیەك بخە سەر دەمی باوەك منی لێ نەیەت... بووبەشەو نەهاتەوە من زۆر گریام زۆر بێ تاقەت بووم بەزەیم بەخۆما ئەهاتەوە کەسێکی خۆم نەبوو لەلام ئەوەش مێردەکەو بێ خواخوام بوو پارویەك نانم بخەنەبەردەست وەختا بو سوێم ئەبوەوە بۆ قاشێ میوە ڕووم نەئەهات بەشووبراو خەسو بڵێم. ((بەدەم گریانەوە وتی: "یاخوا دایە حەوت ساڵ پیسی بکەیتە ژێر خۆت"))...

سەعات دووی شەو دەبوو لەدەرگا درا زرمە زرم... کەکردیانەوە ئەو بوو هەموگیانیو سەروچاوی خوێن بوو وەڵلاً بەدوایا دووسێ پاسدار بوو نازانم چین ئەوانەی ئەوێ خۆیان کرد بەژورا ئیتر قیژو هووڕ خۆی خستە ناوجێگاکەی منوپاڵی بەمنەوە نا منیش هیچ تێ ناگەم سەری خۆی داپۆشیو خەسوم شڵەژاو منی بەرز کردەوەو بەمنیان وت: "هیچ نەڵێی". ئیتر خەسوم چوو بەرەوڕویان و وتی: "فەرمون؟".. وتیان: "کوا (ح)؟" خەسوم وتی: "نازانم بەقوربان من کچەکەم منداڵی بوە مەیترسێنن زەیستانە خەوتوە".. منداڵەکەش لەسەر سەبەتەیەك دیاربوو خەوتبوو بڕوایان کرد ژورەکان تۆزێك گەڕانو زۆر نەچونە ئەو ژورەی کەمنداڵەکەمی لێ بوو ئەویش سەری خۆی داپۆشی بوو هەر قسەیان دەکردو منیش حەپەسابووم لەپڕ کورێکیان کرد بەژورا ئەویش هەموگیانی خوێن بوو.
بەخەسومی وت: "کوا (ح ئاغا) من دەزانم خۆی کرد بەماڵەوەدا کوانێ یەکێ لە عەسکەرەکان" وتی: "ئێستا لەماڵی ( نازانم ئاغا کێی وت ) گرتومانن کورەکەی تۆو ئەمو (.......) کابرایەك بوو نازانم کێ وتی: "هەرسێکیان هەتیوبازیان کردووە چوین بەسەریانا تلیاکیشیان خواردوە".. خەسوم وتی: "شتی وانابێ" کوڕەکە دیاربوو زۆری لێ دان خواردبوو، وتی: "با ئەو لەگەڵ من دەیکات بەپولێکی کەم دەبێ ئەویش بگیرێ بۆ هەرمن کاکە" کەوای وت، من شێت بووم نازانم بۆ وام لێ هات کەوتمە جنێو بەخەسوم و دایکم و ئێران و خەڵك و ئنجا قیژانم سەریم هەڵدایەوە وتم ئەوەتا کاکەگیان بوو بەفەرتەنە هەرمەپرسە ئیتر بە کێبڵ نیوە مردویان کرد منیش لەگەڵیان داخی ئەو ساڵەم هەموی پێڕشت نازانم بۆ وام لێ هاتبوو؟؟ بەعزێ جار بیرم دەکەوێتەوە خۆشم نازانم بۆ وام کرد!! شێت بووبووم بڕوات بێ وتم تازە مرد واکێبڵیان لێئەدا..ئیتر بووبەرۆژی حەشر... ((تۆزێك وەستا))

> کاتێك (ر) منداڵەکەی دەبێت مامانەکە پێی دەڵێت: "ئەترسم بەد بەختە کچیش بێت" ئەمەش ئاماژەیەکی ترە لەسەر دوو دیاردە. یەکەمیان ڕەگەزی مێ قێزەون دەکات لەکۆمەڵگادا چونکە دوچاری چەوسانەوەدەبێت لەلایەکی تریش خودی (ر) پێی خۆش نیە کەسێکی تر وەك ئەو بژی چونکە هەمومرۆڤێك کەمنداڵێکی دەبێت بیر لەوەدەکاتەوە کەچۆن خەلیفەیەك بۆخۆی جێبێڵێت لەپاشەرۆژدا بەلاّم کاتێك (ر) بەهیچ جۆرێك لەژیانی خۆی ڕازی نیە داوا لەمامانەکە دەکات کچەکەی بکوژێت.

خەڵكی گەرەك بەو شەوە هاتن و بوو بەفەرتەنەو خەسوم خۆی شێت كردوو بوورایەوە بردیان بۆ خەستەخانە خەڵكیش هەموی تفو نەحلەتیان دەكرد دووای سێ رۆژ من زەیستانم هێزم نییە بەو دڵە خۆشەمەوە خەسوم ناردی بەشوێن براكەی خۆیداو كۆبوونەوە لەژورە گەورەكە منیش بێ تاقەت وائەمرم مناڵەش هەر ئەگری مەمكم ئاوساوەشیری لێ نایەت كچەی‌نەگبەتیش مەمكمی نە دە گرت

براكەی خەسوم بانگی كردمو وتی: "ڕۆڵە گوێم بۆ بگرە" ...

زۆر ترسام زانیم شتێك دەبێت ئەوە خەسوشم قسەم لەگەڵ ناكات ئەڵێ كوڕەكەمی دا بەگرتن، براكەی وتی: "شتە كانت كۆبكەرەوە سبەی ئێوارە دەتبەمەوە بۆ عێراق خۆت‌و مناڵەكەت" وتم بۆ ؟ وتی: "تازە ئەو بەر نابێت رەنگە 25 ساڵ حوكم بخوات دووشتی قورسی لەسەرەو شایەتی زۆرە تازە ئەو تەواو.. دایكی هەر ئەبێ بەڕەسم بیبینێ تۆش گوناحی دانیشیت گەنجی بڕۆرەوە بۆ عێراق لەوێ دەتوانی شو بكەیتەوە ژیانت خۆش بێت، ئێستا ئەوێ زۆر باشەو ژن دەسەلا تی هەیە وەرت دە گرن‌و ڕەنگە بشتنێرن بۆ خاریج.. بەس ئیش بۆ خەڵكی وەك تۆدەكەن ڕەنگە تائێستا 1000 ژنیان ناردبێ بۆ خاریج وتم من نارۆم بۆ كوێ بەم مناڵەوە بۆ غەدرم لێ دەكەن كوا ویژدانتان بەمناڵ یكەوە بچم بۆ كوێ خەسوم هەڵیدایەوە وتی بۆلای ئەو كەسەی تەكبیری بۆكردی, من كوڕم ڕۆی خۆ تۆ بەخێوناكەم تۆم بۆ چیە تۆ سەری كوڕەكەمت خوارد چیترت دەوێ ئیتر منیش وتم خۆ ئەمانە بەشەر نین چیم بەكوڕەكەی كرد ئاواشم بەوان كرد هەزار جنێوم دا وتم هەموتان دزن.. بێ ئەخلاقن.. حیزن گەوادن كاكە ئەوەی ئەموت نەمدەوتەوە، چۆن شێت نابم كێ ئەتوانێت ئەوەی بەسەربێت شێت نەبێت خۆ من بەردو دار نیم.

باسەرت نەیەشێنم وەك سواڵ كەر هێنامیانەوە بۆ سلێمانی بردیانمەوە بۆ ماڵی دایكم، باوەڕبكە باوكم هەر لەزووخاوی من مرد ئەوەندەی خەفەت خوارد ئیتر وەرە بەمناڵێكەوە گرانیە دوای چوارمانگ باوكم مرد مناڵكە تەسكەرەی نیە هیچی نیە پێنج كچ ماوە لەسەرماڵ برایەكی بچوكم هەیە لایەكی خانوەكەمان فرۆشراوە لە ئحتیاجیا خۆم شیرم نەبوو قتوەیەك شیر بە 35 دینارببوو دایكم ئەهاتو ئەچو قسەی پێ ئەوتم ئەو مناڵە بگریایە بەهەموو توڕە دەبوون دە یان وت: "بەسە سەرشوم چیت ئەوێ سەری كێ دەخۆی"، بە مندالێكەوەو كەسیش نەبێت پارەی شیرەكەی پەیدابكات. ئەوەش مێژوی

**شوکردنم بوبێت نامەوێ زیاتر باسی نەگبەتی بکەم بەس خۆم دەزانم چیم بەسەر نەهات لەئیحتیاجیا قاچی سەد کەسم ماچ کردوە ..من دەستم کرد بەئیش و ئەچوم بۆ لای : باس لەدوو دەزگا دەکات: یەکێکی حیزبیو ئەوی تریان ڕێکخراوێتی دەوڵەتی مەرکەزی. بۆ ئەم لا ئەولا ئیشم دەسکەوێ کەس جوابی نەئەدامەوە نانمان بۆمالأن دەکرد بەم شێوەیە تا دووساڵ ، ماڵێکی دراوسێمان کابرایەکی بۆ دۆزیمەوە ژنی تەلأق دابوو لەسەر سیاسەت و شتی وا کابراکەخۆی... ئیتر ڕێ نەکەوتبوون جیابوو بوونەوە نەگبەتییەکە منی گرتەوە ئەویش دوو منالی هەبوو هاتە داوام زۆر دەترسام وتم حاشالەپیاو بەلأم چوار پێنج مانگ دا وای کردمو هاتو چو فکری زۆر باش بوو هەر دەیوت کێشە نییە تۆ بێوە ژنی من گرنگە لەلام تێم بگەی**

... **((هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو))**

**ناچاربووم گەر راستت دەوێ من لەسەر ئەوەی خۆم پیاوم لەبەر چاو کەوتبوو بەلأ م دایك پێی دە کردمو خوشکو برسێتیو نەبونیو چی دەڵێی کە نەها تی یوو بوو بەسەگیش بێ رازیت یاخوا ئەو ژیانەی من ژیام کەس نەژی**

**ئیتر با لەکورتی پێت بڵێم شوم بەمیش کرد**

**شوم پێ کرد ئەوا ئێستا 11 ساڵە ژنی ئەمەیانم سەرەتا زۆر باش بوو ئێستاش خراپ نییە بەلأم من بێزار بووم لەشێوەی ژیانی خۆم من راستی باس دەکەم ئەزانم چەند خەتا بارم بۆ ئەمەیان حەزناکەم درۆ بکەم تازە روی دا لەم مێردەیانم دوومنالم هەیە زۆر باش بوو بۆم کچەکەشمی خستەسەر خۆی بەلأم یەك کێشەی هەبوو هەر خەریکی سیاسەت بوو منی بیر نە بوو دایم ئەموت بۆ درەنگ دێیتەوە بۆ دەرۆی بۆ نامان بەیتە دەرەوە بۆ ؟ بۆ ؟ هەر دەیوت ئاخر جارێ ئیشم هەیە دایمە لە مقەر بوو یان دایمە کتێبی دەخوێندەوە هەرچیم بوتایە دەیوت خۆتان ئازادن برۆن پیاسەبکەن برۆن وابکەن خوا هەڵناگرێ قەت رێی لێ نەدەگرتین منیش باش بوم بۆ منالەکانی راستی**

... **((هەناسیەیەکی هەڵکێشاو وتی: "تازە ڕۆی"))**

ئیتر ژیان هاتو ڕۆی من هەندێ جار گلەیم دەکرد لێی تا منیشی تەعینکرد لەپرسگەی.... ئیدارەی ئەو شوێنە کارێکیان پێ سپاردم.. کەلە کەسێك نزیکە ببمەوە، بەمەبەستی زانـــینی هەنـــدێك زانیاری، ئیتر منیش وەمزانی خۆیان وەك .......پشـــگیریم لێ دەکەن و ئاگایان لێم دەبێ چوزانم بەس ئیشەکەم پێدەکەن بەخوا چونکە پشتیان تێکردم دەبێ حەیای بەرم. چوزانم ئیتر ژنەکەی زانی شکاتی لەمنیشو مێردەکەشی کرد بروابکە تۆ چەن دەستت بـــەری کـــەوتوە منـــیش ئەوەنـدە مـن راسـت دەرۆم تائـــەو کاتـــەش هیچـــم نەکردبوو.

پاش سەردانی ڕێکخراوەکە بۆ ئەو شوێنەی کاری لێکربوو، سەرجەم وتەکانی (ر) ڕاست بوون، هەروەها چەندین بەڵگەی یاسایی پێبوو.

(ر) دەڵێت "حوکمەتو قانون منیان فێری لەشفرۆشی کرد" چونکە هیچ دەروازەیەك نەبوو بۆدەربازبوون لەگرتووخانە حەوت مانگ بەتەنیا کەفیلێکی دەویست کەفیلەکە دەبوو پیاوبێت بەڵام وەك لەچیرۆکەکەدا دیارە (ر) کەسی نیە باوك بوو مرد .. دایك نایەوێت هیچ کام لەمنداڵەکانی ببینێتەوە .. بۆماوەی چوارمانگی تر لەگرتوخانە چاوەڕێ دەکاتو تەسلیم بەخواستەکانی (ع) نابێت گرتوخانەی چی هەر وەك بینیمان لەگرتوخانەدا تاوانی لەشفرۆشیو تاوەنەکانی سێکس بەردەوامن لەنێوان گیراوەکاندا، کاتێك (ر) ناچاردەبێت کچەکەی بنێرێتە ماڵی (ع) لەپێناو ئەوەدایە کەکچەکەی بپارێزێت لەخواروخێچیەکانی گرتوخانە بەڵام نازانێت بازاڕەکانی سێکسو تاجرەکانی ئەم بازاڕە پیشەو کارەکەیان زۆر ڕێکخراوترو پلان ڕێژترە لەتواناکانی ژنێکی هەژارو بێسەرپەرشتو بێ پەنا کە تەنانەت یاساش داکۆکی لێ ناکات.
هۆکاری بەهێزیو بەتوانای سەرۆك باندەکانی ئەم بازاڕە دەگەڕێتەوە بۆ کەمو کورتیەکانی یاسا کەپشتیوانی خەڵکی بەدەسەلاتەو هەروەها سیستەمی بەپارەکردنی هەمو بەهایەك.

ئـیتر گـیرام خرامـە سـجن مێردەکەشـــم کـــەزانی ویستومە ئیشێکی وا بکەم وەك تجســـوس زۆر تـــوڕە بوو پشتی تێ کردمو وتی: "کچەکەی خۆت بۆ خۆتو دوومنداڵەکـەی خـۆم بـۆ خۆم دەڕۆم بۆ خاریج".

ئیتر چ مێرد ماڵە دایك کەسوکار ئەوان هەر زوو پشتیان تێ کردبووم .

هەرهەمووی پشتی تیّ کردم نەم دەزانی چی بکەم چۆن رزگارم بێت ئیتر تۆ تەسەوری بکە لەسجنیت کەس نایەت بەلاتا نەئەو شوێنەی ئیشم بۆکردن نەخزم نەمێرد کەس کەس نابینم تەنیا دڵێکم بەئێوە خۆش بوو بۆیە حەزم کرد بێم و هەرچی ڕاستیە بیڵێم گەر ئێوە نەبونایە ڕزگارم نەدەبوو لەماڵی (ع)

پ/ من نا مەویّ باسی شتەکانی سجنم بۆبکەی خۆم ئەوانە دەزانم ،پاش ئەوە کە تۆ دەستت دایە ئەم کارە چۆن توشی ئەم کێشەیەبووی؟

من هیچم نەدەزانی لەسەر کێشەیەکی ئاواتاییەت گیرابووم لەسجنەکە ژنێکی لیّ بوو ( ع ) خۆتان بینیبوتان سەرۆك باند بوو من دایم دەگریام خەمی کچەکەمم بوو مێردەکەم دەری کرد بۆی ناردم بۆسجن ئەویش گەورە بوو تەمەنی ناسکە لەئێستادا وەدایکیشم وەری نەدەگرت ئیتر چارەم نەمابوو نەمدەزانی چی بکەم دایکم شویکردۆتەوە بەو تەمەنەوە دوای باوکم پاڵی بەهەموومانەوە نا بۆئەوەی شووبکاتەوە ئێستادەڵێت: "مێردی بێگانەم هەیە هەرنامەویّ بڵێم تۆ کچی منیت".

خۆشت دەزانی قانون زۆر زاڵمە من دەبوو کەسێك ببێتە کەفیلم ئنجا بەر دەبووم وەدەبێت پیاو بێت.. ئیّ باشە منیش پیاو لەکویّ بێنم؟ ئێوە چەند جار چونەلای حاکم بەگوێی کردن مەعقولە من 11 مانگ لەسەر کەفیلێك بەرم نەدەن توخوا ئەوە قانونە؟ من دایکم سەری کردم بەقوڕا بەلاّم حوکمەت و قانون منیان کرد بەلەشفرۆش ، ئەگەر ئێوە جلیّ شتێکتان بۆنەهێنابم تەنانەت مواجەشم نەبوە ئیتر چۆن توش نابم ؟

ناچار گوێم بۆ (ع) گرت ئەو بەردەوام لەناو سجندا ئیشی هەر ئەوە بوو خەڵکی پەیدا دەکرد.. ئینجا بیزانیایە کەسێك دەگیریّ و کەس لێی ناپرسیّ دەچوە لای‌وخۆی دەکرد بەدۆستی گیانی بەگیانی ئنجا ئینسان زەعیفە وەپێویستی بەشتە ڕۆژانە بڕوابکە بەس (ع) تەلەفونی پیّ بوو لەسجنەکەدا ئنجا هەموو پۆلیس و زابت و تەنانەت ڕائیدەکانیش لێی دەترسان من خۆم چەند جار ئاگام لیّ بوو داوای شتی دەکرد زۆر بەلوت بەرزی دەیوت خێرا فلاّن شتم بۆ بهێنە... ((ناوی ئەفسەرێك دەبات))

پ/ وەك چی؟

کەرە، دۆندرمە، حەلەویات، میوە ئائەو شتانە، چونکە سڕی هەموو یانی لابوو ئەیوت: "دەی خێرا با سڕت کەشف نەکەم" (ع) سەرۆك باندێکی گەورەیە باوەڕبکە تانەچیتە

ماڵی نازانی.. خەڵکی واهاتو چۆی دەکات کەقەت باوەڕناکەی هەر لە زابتو پۆلیسو شورتەو خەڵکەی واوا دێن لەڕووت نایە سەیری بکەی یان مەسئولی وایەن (ع) پێیان ڕادەبوێرێت یان کوڕی وایەن گەنج گەنج هەموویان بەتایبەت تەلەبە دوکاندار، گۆرانی بێژ، هونەرمەند، کارمەندی تەلەفزیۆنەکان، فەرمانبەرەکان، پارێزەرو دکتۆرو تەنانەت مامۆستاکانیش.. هەر مەپرسە سەرت دەئاوسێت.. ئیتر زۆری لەگەڵ من وت، وتی: "من سێ کچم هەیە خەم مەخۆ کچەکەت بنێرە ماڵی من تابەر دەبی با لەوێ بێت خانوەکەمان زۆر گەورەیە وکچەکانی هەموو ڕۆژ ئەهاتن بۆلای خواردنیان بۆ دەهێنا. ئنجا ناو سجن زۆر خراپە باوەڕبکە شەوان لەپڕ دەیان زریکان پەلاماری یەکتریان ئەدا خەریك بوو شێت دەبووم دەستیان بۆ یەك دەبردوو شتی ناخۆش حەزم نەدەکرد کچەکەم لەگەڵم بێ لەسجن کەسیش نەبوو بیگرێتە خۆی.

پ /بۆحەزت نەدەکرد؟

شتی وام بینیوە بەخەو یان فلیم تەسەور ناکرێت، کوڕە سجنی چی بڵێ ...((جنێوێکی زۆر ناشرین دەدات))... کەس بەکەسە، بەخوا چی خەڵکی ئەم شارەیە خەریکن مەسئوولەکان خراپترن ئیتر من کچەکەم نارد بۆماڵی (ع) ناچاربووم تاکو بەردەبم مامەوە لەسجن بەو وەزعە ناخۆشە ناچار ڕازی بووم (ع) خۆشم بەربات لەپێشا وتی: "باکەفیلت بۆ بدۆزمەوە بەربی".. وتم: نا مەوێت.. وتی: "دوایی بە مەمنونی داوام لێ دەکەی تەئکید بە".

ئیتر دوای حەوت مانگ خۆی بەربووسێ مادەی لەسەربوو ڕەقەم تەلەفونی دامێو وتی: "هەرچیت ویست پێم بڵێ وە( 30000 ) سی هەزار دیناری دامێ لەم پارەیە کەڕۆی.. من مامەوە تا سێ مانگی تر زۆر بێزار بووم خەریك بوو دەمردم لەو سجنەدا نەمدەزانی چی بکەم تەنها (ع) سەری ئەدامو ئەهات بۆلام ئەیوت: "من حەزدەکەم تۆ بەربی ئیشت پێ ناکەم وەرە ماڵی من بژی خۆتو کچەکەت، خۆتان ئیش بکەن دوایی کرێم بدەنێ".. دەموت: من ئیشی لەشفرۆشیم پێ ناکرێ نایەمەلای تۆ هەرخەجاڵەتی دەکردم ئەی وت: "تۆ لەو کەسانە نیت ڕۆڵە گیان من خۆ بەهەموو کەسی ناکەم دەبێ کەسێ خۆی ڕازی بێ و ئەو ئیشە هی منو تۆ نیە.. من تەنیا ماڵەکەم بەکاردەهێنم خۆخۆشم نایکەم خەڵك دێ

شـوێنی دەکەمــەوە پارەیــان لێ دەســەنم" .دەمــوت ئـاخر ئـەوە حەرامــە دەیــوت ئــەی مەسئولەکان دزی دنیا دەکەن بۆ حەرام نیە، ئنجا دەیوت: "کەیفی خۆتە مەیە من زۆرت لێ ناکەم من دەڵێم گوناحی کەست نیە وەرە لای من بژی خۆ ناڵێم وەرە ئیشی وابکە"

بەهـەر حـاڵ سـەرەتا ملـم یـا ناچـاربووم لـەتاو کچـەکەم خـۆت ئـەزانی چـی بەسـەر نـەهات ((کچـەکەی خـۆی دەرمـان خـوارد کـرد بـەلاّم نـەمرد، ئێمـە سەرپەرشـتی نەخۆشـخانەمان دەکرد بۆی)).

کەفیلی بۆ دۆزیمەوەو بەرەلاّی کردم منیش ناچار چومە لای.. خۆمو کچەکەم لەوێ ژیاین تـەنها 20 تـا 25 ڕۆژ هـاربووم شـێت بـووم یـاخوا ئـەوەی مـن بینـیم کـەس نـەیبینێ ڕۆژی 150 تا 200 پیاوی بۆ دەهێنایین بەسێ کەس فریانەدەکەوتین.

پ/ دەمەوێ کاتێ چویتە ئەوێ چۆن دەستت پێ کرد بۆم باس بکەی بەوردی

بەسەر چاو ... هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: " دووڕۆژ بوو لـەوێ بـووم دووکەسـی تـری لابوو خۆشی ئەوە سیان دووکچەکەشـی ئـەوە پێنج براژنەکەشـی دووڕۆژ جارێك ئـەهات، بڕوابکـە لـەماوەی دووڕۆژدا زیـاتر لـە 300 پیـاوم بینـی بـە تـاج و نەجمـەوە، بەحیمایـەوە، بەجلی عسکری.. مدنی.. عەشایەر.. موسقەف، بیست ئەهات سی ئەڕۆشت.. شان شـانی ئەسوی.. حەپەسابووم.. ڕۆژی عارفان بازاڕت بینیوە چۆنە خـوا کچـەکەم لێ سـەنێ ئـاوا بوو ئێوارەکەی زۆر بێتاقەت بووم نەمدەتوانی نـان بخـۆم ئـاوبخۆم هـەردەرگام دەکردەوەو دەرگــام دادەخســت لــە هۆڵــە کــەدا وەك عیــادە چــاوەڕێیان دەکــرد تاقمێــك دانرابــوو کورسیەکانی دوو.. دوو خەڵکی لەسەربوو ئیتر لەعەرزەکەیا ..بەپێوە.. چونکە سێ ژوری هەیە بۆ نوستن ئیتر چوارچوار ئەی کردنە ژوورو چواری تر ئەهاتنە دەرەوە

پ/چۆن ئەو پیاوانە وا بەئاسای یەکتر دەبینن و شەرم ناکەن لەیەك ماڵ هەمو چاوەڕێن؟

ڕۆژێکیـان مـن لەگەڵ پیاوێك لەژوورەوە بووم تەواو بوو یـەکێکی تـر هـات لـەناو دەرگاکـەدا بەر یەك کـەوتن ئـەوەی نـەی کردبوو هێشـتا وتـی: "ئەوەچـی دەکـەی؟" بـەوەی ترئـەویش زۆر ئاسای وتـی: "تۆ چی ئەکەی منیش ئەوە". بـاوەڕ بکـە ڕەنگـە بـڕوات نـەبێ عیـادەش وەك ماڵی سەرۆك باندەکان نیە.

ئیتر من توڕە بووم وتم ئەو هەمو خەڵکە چیە یەن؟ وتی: "چونکە ڕەمەزان بوە ئەم ماوەیە عادەتەن خەڵك کەمتر یەن لەڕەمەزاندا ئێستا عارفە یەو بەیانی جەژنە هەر ئەم دووڕۆژە وادەبێت باشترە ئەوەندە قەرە باڵغ نابێت"، هێشتاخۆی بە مەغدوور دەزانی ئەیوت دوومانگە هیچی وام پەیا نەکردوە. وەڵڵا دوای ئەو دوو ڕۆژەی جەژن بوو بەڕۆژی حەشر بەرنەئەکەوت ڕەنگە 40 تا 50 سیارە ڕیز بووبوو دەموت ڕەنگە ئێستا براکەم مێردەکەم خزمم یەکێ بێ بیبینم چونکە معقول نیە گەر لەوێ بی بڕوات بەکەس نامێنێ دەڵێی دایکی خۆم خەریکە ئێستا وام لێ هاتووە باوەڕم نیە کەس هەبێ لەم شارە پیاوان ئەوە نەکەن باشە من لە تۆ دەپرسم ڕۆژی 100 پیاو یەن و زیاتر لە 200 پول پێوە دەنێ دەڵێ جێ نیە ئیتر چۆن بڕوا بەکەس دەکەی وایە یان نا؟ من کەخەڵکم بەو لێشاوە دەبینی دەهاتن سەرم سوڕمابوو.

> گەرسەیری سیستەمەکانی ژیان بکەین لەکوردستاندا دەبینین سیستەمێکی ئابوری تێکەڵ هەیە هەر لەئاڵوگۆڕی دراوە جیهانیەکانەوە تامامەڵەی شمەك بەشمەك. گەرسەیری سیستەمی سیاسی بکەین سیستەمێکی تێکەڵەو پێکهاتەکانی سیستەمی لیبراڵو ئەنتی لیبراڵ وسۆشیالدیمکراتو تەنانەت خێڵەکیشی تێدایە. لێرەدا لەم توێژینەوەیەدا ئەرکی ئێمە نیە قسە لەسەر ئەو دووبابەتە بکەین بەڵام لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا باسمان لەجۆرەها جۆری لەشفرۆشی کرد کەلەدنیادا هەیە، بەڵام گەرسەیری ماڵی (ع) بکەینو سەرگوزشتەکانی (ر) بەهەند وەربگرین دەبینین بازاڕی لەشفرۆشیش بازاڕێکی تێکەڵە کۆیلایەتی سێکسو ئێسکۆرتو گەشتی گوزاری سێکسو .... تاد هەموویان لەنێوان گرتووخانەو ماڵی (ع) بەرقەرارە.

(ع) ش مێشکی سەری بردبووم هەردەی بۆڵاَن کاکە خۆمن دابەستەم ڕانەگرتوە بۆ ڕازی نابی خۆ لێت کەم نابێتەوە باشترنیە لەکۆڵاَن بخەوی چی دەکەی بەتەمای چیت خۆ تازە کەس تۆی ناوێ ئەم کاسبیە بکە بۆ خۆت باشترە بێ منەتە هەمو دنیا لەژێر دەستی تۆدا دەبێت کام مەسئول کام مودیر هەموی یاری پێبکە من لەسجن بۆ نەیاندەوێرا قسە بکەن.. ئیتر زۆری دەوت تا وای لێ هات وتی: "یان دەبێ ڕازی بیت یان بڕۆ وەکە کریاریش ئەهاتن زۆر جار ئەیان وت (ع) ئەوە مان دەوێت دەی وت ئەوە کچە مەلیکە ڕازی نابێت.. زۆر موهیمە ئیتر ئەوانیش پێ دەکەنین پێم.. دوەم ڕۆژی جەژن بوو

پیاوێك هات یەكسەر لای منەوە دانیشت كەوتە دەست بازی كردن هەردەستی هێناو هەرپاڵم پێوە نا وتی: "ئەریٚ ئەمە چیە هێناوتە ئەوەندە عەبووسە ئەڵێی جەندرمەی توركیە".. منیش وتم گوبخۆ.

پ/باشە كڕیارەكان زیاتر خەڵكی كوێن ؟

خەڵكی سلێمانیو ڕانیەن، ڕانیە كان دەڵێن: "لەوێ زۆرە بەس وەك ژنی ئێرەنین كەسیش لێرە نامان ناسن"

پ/ ئەی شەو دە مێننەوە؟

بەڵێ زۆر جار دەمێنەوەلەگەڵ یەكێ لەئافرەتەكان دەبن دوای پارەی زیاتر ئەدەن یان لەوێوە ژنێك دێنن لەگەڵ خۆیان شتی وادەبینیتو شتی وادەبیستی كەلەهیچ كونێكا نەت بیستووە.

پ/من بیستومە ماڵی سەرۆك باندەكان زوو زوو دەگوێزنەوە لە شارێ بۆ شارێكی تر تۆ ئەمەت بیست یان بینیت؟

بەڵێ، بۆئەوەی كەشف نەبن یان حەز ناكەن زۆر ئیزعاجیان بكەن جاری واهەیە مەسوولێك یان پیاوێكە دەوڵەمەند دەست ڕۆشتوو پێیان فێر دەبێ ئیتر دووای زۆریان لێ دەكات هەموكات شتی تازەی دەوێ كچی تازەی دەوێ ئەمانیش ئیزعاج دەبن شوێنو ڕەقەم تەلە فون دەگۆڕن یان لەبەر گەرەك مەزبەتەیان لێ نەكەن دایمە (ع) ) باسی دەكرد یان ڕەفیقە دەلاڵەكانی تری ئنجا لەگەڵ یەك خانو دەگۆڕنەوە كورە سەواو معامەلەی واهەیە ... ((بەپێكەنینەوە))...

پ/ئەگەر كەسێ لەسجن نەبێت ئەمان چۆن دەتوانن ئەو ئافرەتە ڕابهێنن كەپێشتر شتی وای نەكردبێ ؟ چۆن كەسێك توش دەكەن تۆ دەڵێی هەیە؟

بەڵێ، كێیان بوێت توشی دەكەن زۆر ئاسان

پ/چۆن ؟

بۆنمونە ئەچنە مەتعەمێك لەبازاڕ لەدوكانێك یان لەساڵۆن لە مسبح ئیتر هەر شوێنێك ژنی لێ بێت ڕوی تێ دەكەن ئەچنە پێش لە كچەكەو بەدرۆ خۆیان نزیك دەكەنەوەو، ووش چەن ناسكی چەن خوێن گەرمی وابزانم تۆدەناسم تۆ كچی فلانی كچی ئەونیت ؟

یان لەدووکانەکان بۆ کوڕی گەنج ئەچن بای 200 تا 300 دۆلار شت هەڵئەگرن پارەش نادەن بەسعات لەو دوکانانەدا سوعبەت دەکەن ئنجا بەخاوەن دووکانەکە دەڵێن: "باشە تۆ کوڕی باشی و گەنجی و جوانی تۆ حەزناکەی ڕابوێری".. ئەوانیش دەڵێن: "با بۆنا جاکەس هەیە حەزی لێ نەبێت".. ئنجا ئەڵێت: "دەباشە هی چۆنت دەوێ سپی ڕەش زەعیف قەڵەو...تاد".. زۆر بێ شەرمانە ئەکەونە معامەلە وەك چۆن لەدوکانی بازرگان کام قوماشەت بوێ.

ئەوانیش دەڵێن بۆ ئەوەندە زۆرە؟ دەڵێت تۆ هەقت چیە بەس بڵێ بابێ من بۆت دێنم ئیتر بەم شێوەیە کوڕ ڕادەکێشێت.. ئنجا زۆر جار ئەو کورە گەنجانەی کەیەن ڕەقەمی کچەی داماوی ئەدەنێ کەبەدرۆ خۆیان دەکەنە هاوڕێی ئەڵێ تەلەفونی بۆ بکە بڵێ من خۆشم دەویت حەزم لێتە دووساڵە بەدوواتەوەم خۆشم دەوی بەخوا دانیشتوم (ع) کوڕێکی فێردەکرد ئەی وت: "بڵی بالأت وایە قژت وایە کوڕەی فەقیر هەر نەیدیبوو دوای (ع) ئەی وت: "تۆڕایبهێنە و بیهێنەدەر بڵی ئەچین قسە دەکەین لەماڵی پورم یان خوشکم.... بیهێنە بچنە ژور چوار ماچی بکە ڕادێت ژن کەرە زوتەسلیم دەبی زوو زەوقی بۆ پەیدادەبێت.

(ڕاستە دەڵێن ئاگات لەخۆت بێت هاوڕێی خراپ بەهەڵەتا نەبات) خانەکانی لەشفرۆشی دەروازەیەکی ترە بۆئەوەی گەنجەکان لەزانکۆکانەوە. ڕوویان تێبکەن و لەسەر ئەم جۆرە بەسێکس ئالودەبین واتا گەنجێکی زانکۆ کەسەرەتا شەرم دەکات بەهۆی هاوڕێیەکیەوە ئەم شوێنانە دەناسێت دواتر بەردەوام دەبێت ئاماژەیە بۆدووودیاردە.
یەکەمیان گەنج تادێتە زانکۆش بەئەندازەیەك سەرکوتکراوە لەڕوی سێکسیەوە کە هوشیاریەکی زۆر لاوازی بەرامبەر بەم مەسەلەیە هەیە. هەروەها لەلای دوەمەوە ئەوە تێدەگەین کەخانەکانی لەشفرۆشی یاریدەدەرن بۆ تێکدانی ڕەوش و ئەو شێوازەی ژیانی گەنج بەتایبەت لەتەمەنێکی هەستیاردا. ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە بڵێین لەڕووی سێکسەوە سەرکوت کرێن، بەلأم بازرگانەکانی سێکشیش بۆئەم گرۆیە دیاریدەیەکی زۆر مەترسیدارن.

ئەویش دەیوت: "من بەمەرجی دەیکەم خۆم بیکەم بەژن"، باوەڕبکە من گریانم دەهات کە چۆن تەکبیریان دەکرد ودوای پلانیان چی بێت ڕازی بکەن لەگەڵ خەڵکی ترا بخەوی. (ع) دەیوت بەخوا ئائەوە یەك مۆنیکای بەناو چاوانەوەیە بەس بتوانم ڕازی کەم.

**ئیتر بەهەزار وەسیلە تادەچنە بنج و بنەوانی ناوی چیە ماڵی لەکوێیە باوەڕ بکە هەر سەرۆك باندێك بەقەدەر موختارێك ماڵ دەناسی گەڕەکی وادەزانن پیاو ناتوانی بچی من لەدوای ئەو ئیشەوە باوەڕم نەبەخۆم نەبەژن نەبەکچ نەبە کوڕ نەبە پیاو نەماوە..ئەوەندەم شتی سەیرم بینی... بەخۆرای واخۆم دەرمان خوارد کرد؟ تەمەنام دەکرد بمردمایە ئێستاش کەبیرم دەکەوێتەوە چیان لەمن کرد موچوڕکەم پیادێ جارێ باوەڕم بە کەس نەماوە.. تەنانەت خەڵکی فەقیریش دەهات هەموو گیانی نەوت بوو نەوت فرۆش بوو یان کرێکار بوو جل لەبەریانەبوو، (بەپەلە یەکجار سێکسی دەکردو دەڕۆشت) ئەیوت بەخوا هەر ئەوەم پێیە چەندجار (ع) یش دەری دەکردن دەیوت من تاقەتی سواڵکەرم نیە (ڕابواردن) یەعنی پارەی باش.**

**پ/ باشە ناترسی پیاوێك توڕەبێ؟**

**نەوەڵڵا چونکە دەڵێت پێغەمەریش بێنە پێی بڵی ناڵی نا. منیش ئێستا دەڵێم ڕاست ئەکات پیاو نیە نەیەوێت ئنجا هەر یەك جاریشە ئیتر بۆپیاو زۆرسەیرە ناتوانن وازەی لی بهێنن. کوڕی گەنجی زانکۆ ئەهات یەکەم جاری بوو شەرمیان دەکرد سور دەبوونەوە (ع) دەست بازی لەگەڵ دەکردن بۆئەوەی بکرێنەوە.. جارێکیان یەکی تاچوە ژور سەری هەڵنە**

**سیستەمەکانی بەرێوەبردنی ئەمڕۆی کۆمەڵگای جیهانی هاوکارن لەپڕکردنەوەی زامەکانی لەشفرۆشی.. ئەوسیستەمانەی کۆتو سەرکوتی سێکس دەکەن دەبنە هاندەر بۆ گەرمکردنی بازاڕەکانی لەشفرۆشی چونکە هەموو قەدەغەکردنێك بۆئازادی خەڵك ناچاردەکات زۆرتر ڕووبکەنە ماڵی سەرۆك باندەکان. لەلایەکی ترەوە ئازادی ئەم بازاڕانە بەهەمان شێوە هاندەرە بۆ ئالودە بونی زیاتری کچان بەم کارەوە چونکە کاتێك کەسێك دوچاری لەشفرۆشی دەبێت ئیتر هەموو کەرامەتو ناموسو هەموو ئەو بەها کۆمەلایەتیانە لەدەست دەدات کەلەلایەن کۆمەڵکەیەوە، کەجارێکی تر ناتوانێت بەدەست بەرداربوونی لەشفرۆشی بۆی بگەڕێتەوە، چونکە کۆمەڵ هەر بەسووك سەیریان دەکات کاتێك دەڵێت هەر کەفێری ئەم کارەبووم ئیتر بێ پارە ئیدارە ناکەم یان بازاڕەکانی کارکردن بۆڕەگەزی مێ ئەوەندە ئاسانو کراوەنیە کەبتوانێت لەکاتی تەنگانەدا ڕووی تێ بکەنو سەربەرزانە بژین لەلایەکی تریش ئەو پارەیە لەلەشفرۆشی دەستیان دەکەوێت پارەیەکی خەیاڵیە بەجۆرێك پێداویستیو ئارەزوەکانیان تێردەکات کەجارێکی تر ناتوانێت بگەێتەوە بۆژیانێکی کولەمەرگی. کەواتە کەلتوورێکی کۆنزێرڤاتڤ بازاڕی کارو سەرمایە بەپێکەوەیی لەگەڵ ڕوداوەکاندا تاوانە سێکسیەکان بەرهەم دێنن.**

ئـەبڕی هـەر بـە ڕەفیقەکـەی دەوت بـابڕۆین ناچـمە ژور باوەڕبکـە کەچـوەژوورو هاتـەدەر معامەلـە کرابـوو بـە بیسـتو پێـنج هـەزار 25000 کەچـی 750000 دینـاری داناو وتـی: "بمنێرنەوە ژور".. ئیتر ئەو نەڕۆشتەوە شەو تابەیانی کردیان بەمەزە پێی پێدەکەنین.. هەر دوودەقە جاری ئەچوە ژور ڕەنگە تابەیانی 50 جار چووبێتە ژوور.. سەرخۆشیشیان کرد شەو درەنگ یەکی لەوکچانەی ئەوی هاتەدەر میزبکات وتی: "(ع) خان زۆر گوناحە ئـەوکوڕە، (سـپێرمەکەی) بـوە بـەخوێن پەکیـەتی".. (ع) یـش وتـی: "جاچاوی دەری بـۆ وادەکـات، ئەونـەی دەکـرد ئێسـتا بـەزۆریش دەرناچـی" ئـیتر بـەیانی نـەیتوانی بـڕوا تاکسیمان بۆ گرت. تائێستاش هەر دەچێت بۆماڵیان و هـەر بەردەوامە ڕەنگە سـەدکوڕی تریشی توش کردبی بەخۆیەوە.

ئنجا سیفەتێکی تـری سـەرۆك بانـدەکان، ئەچن شـتی کارەبایی و ناومـاڵ بەقیسـت شـت دێنن پارەنـادەن پێیـان دەڵـێن: "وەرن بۆماڵـەوە" ڕایـان دەکێشـن.. کەچی کە دێـن ئـەوان، سەرۆك باندەکان پارەی خۆیان هەر دەسێنن. فـەرقیان ناکـەن لەگـەڵ خـەڵکی تـر. (ع) پێـی دەوتن: "پێش ئەوەی بچنە ژوور پارەکەتان دابنێنن".. ئێستا پیاوێك هەیە لە .. ((یـەکێك لەبازاڕە ناسراوەکانی شار باس دەکات)).. شتی کارەبای دەفرۆشێت. نـاوی (....) زۆر دەوڵەمەندە خەڵکی .. ((باس لەکەسێکی ناسراو دەکات کە خەڵکی یەکێکە لەشارۆچکە ناسـراوەکانی سـلێمانی)).. بـای 12 وەرەقـە، ((مەبەسـتی 1200 دۆلاری ئەمریکاییـە)).. شتی بەقەرز لاهێناوە یەك جار ئافرەتێك لەگەڵیا نوست 100 $ لیّ وەرگرت.. ئیتر 12 وەرەقەکەش نابینێتەوە جگە لەوەی بیست مشتەری تری بۆپەیداکردوە.

یـان دەچێتە دوکـانی مـو بایـل بەهەوەسـی خـۆی وەحـدە و شـتیان لـی دەسێنی و پـارەش نادات بۆ ئێمەش فێر بوو بوون کە دەچووین دەیان وت: "پارە دامەنێن خۆمان دێین"

پ/باشە ئەو هەموو کچە گەنجە بۆ تووش دەبێت؟ هەمووی هەر لەبەر نەبوونیە؟

نەخێرمەگەر لەهەزارادا داماوێکی وەك من دەنا زیاتر حەزیان لەمۆدێل و پارەو شتی جوان و موبایل و سیارەو... ئائەوشتانە فێریان دەکات، ئیتر کەفێریش بوون یەك ڕۆژ بیّ پارە ئیدارە ناکەن. ئێستا سـەرۆك باندەکەی ئێمـە بیزانیایـە پـارەی کـەم پێیـە خێـرا تەلـەفونی دەکـرد بـۆ دووسـیّ کـەس ئـەی وت: "خێـرا وەرن خـەڵکیش بهێـنن"، و بەئێمـەی دەوت:

"خۆتان حازر بکەن نازو مەکر مەکەن خێرا بڕۆن خۆتـان پاکەنـەوە هـی قەڵـەو قەڵـەو بـانگ دەکەم بابەشی نانێکی چاك پەیدا بکەم"

ئـیتر کچەکانیشـی لەسـەر ئـاخر مۆدێـل دەڕۆن هـەر ڕۆژەو موبایلێـك هـەر ڕۆژەو دەسـتێك جلی گران یاری بەپارە دەکەن، قژیان هەر ڕۆژەی نەوعێکە.

پ/ باشە نەی دەوت بەمنداڵەکانی مسرەف زۆر مەکەن؟

نـا بەعەکسـەوە ئـەیوت: "مــن خــۆم بۆئــەمان ڕەنجان بابەدڵی خۆیـان بیکـەن و بیخـۆن. خـۆ ئەگەر واش نەبوایە هەر بەقســەیان نــەدەکرد ئەوان لەدەست دەرچوو بـوون کەمنـداڵ گـەورە بـوو نـاتوانی سـەیتەرە بکــەی.. زۆر قســـەی بکردایـــە دایکیـــان

پەردەی کچێنی ئەو پەردە ئەوفسوناویەیە کەپەیوەندی بەشەرەف وبێ شەرەفیەوە نیە ئەوپەردەیەی کەکەلتوورێکەو دواجار گرنگ نیە گەر لەشفرۆشیش بیت بەلام لەشەوی یەکەمی هاوسەرگیریدا چەند دڵۆپە خوێنێك بوونی هەبێت ئەوا هەموپێوەرەکانی ئەخلاق قابیلی ئەوەیە باشبن .. ئەمەش ئەو ڕووکنەیە کەبەهۆیەوە کەلتووری خەتەنەو پەردە دەبنــە کــەلتووری ژن کــوژی ... لــەم نمونەیــەدا زۆر بــەجوانی و ئاشکرادەردەکەوێت کاتێك کوڕەکە ئەم ماڵە دەناسێت و گرنگ نیە کەلەشفرۆشن بەلام لەڕوانگەی قسەکانی کچی(ع) ەوە دەردەکەوێت کەکوڕەکــە بەخشــندەیە لەئاســتی هــەموو کردەوەکــانی ئەوماڵــەدا بەمەرجێك پەردەی هەبێت، ئیتر گرنگ نیە پەردەکە دەستکرد یان سروشتی بێت.

دەخوارد بۆ ئەیوێرا بەکچە گەورەکەی بڵی لەل حەیای دایکی دەبرد.. کچەکەی کرا بوو بەژن.. هەر بەخەیاڵیشیدا نەدەهات.. ئەی وت: "(ع) یەکێکم بۆ بدۆزەرەوە بمکاتەوە بەکچ" حەزی لەکوڕێکی خەڵکی... بوو زۆر دەوڵە مەند بوو کورە مەسئوول بوو کوڕەکە نەی دەزانی کە کچ نیە دایم دەهات بۆلای ئەی وت: "هەموو دنیا هەستی هەردەتهێنم".. ئەشی زانی دایکیان خەریکی چیە.. ئەیوت لە وانەیە باوکم ڕازی نەبێت بەلام بەقسەم نەکات ئەیکەم بەفەرتەنە. شەوێکیان(ع) بەکچەکەی دەوت: "بابێنە داوات تۆزێ پارەیان پـێ سەرف دەکەین بڕۆ گەر زانی ژنی وەرەوە،خۆ دنیا تەواو نابێت". بەوخوایە من حەپەسابووم چەن بەئاسانی لەوانەیە وەبزانی درۆدەکەم

کچەکەشی ئەیوت: "من لەو زۆڵترم کاتێك دەڕۆم عادەبم خۆکەری وانازانێت.. جاری وابوو تا نیوە شەو ئەو کچانەی دەڕۆشتن بۆ پیاسە لەگەڵ ئەمو ئەو، جارێك کچەکەی منیشیان

بـرد.. (ع) وتـی: "بـابڕوات تـۆزێ پیاسـه دەکـەن"... کەگەڕانـەوە کچـەکەم هـەزار جنێـوی بەمندا وتی: "جارێکه ترمن نـــەنێری لەگـــەڵیان عالـــەم دەیان ناسێت لەو سـەیارەیا لەگـەڵ کوڕەکـان سێکسـیان کردبـوو، بەکچـەکەی منیـان وتبـوو: "تـۆ چـاوت بگـرە ئەگەر ناوێریت، ترسنۆك".. ئـــیتر هـــاتبووەوە ئـــەگریا ئـــەیوت: "توخـــوا دایکـــە بابڕۆین لێرە من مەنێرە دەر لەگـەڵ کـەس (10)، دەهەزاریشـیان دابووبـەو.. بـۆی فرێدابوونـەوە.. ئـەوان یـەك کـۆش پارەیان پێ بوو.

گەر تێبینی بکەین لەمانگێکدا (10 جووت پێڵاو هەفتەی سێجار بۆبازاڕ، بۆنێك بە 70 تا 100 $) ئەمە گەر بەراوردی بکەین بەبازاڕی ئازاد لەلایەکو بیری لیبراڵ لەلای دوەمەوە بۆ ئازادکردنو بەیاساییکردنی لەشفرۆشی ئەوا بێگومان قازانجی خاوەن کارگەو سەرمایەگوزاریەکانی تیادایە چونکە کەلتوورێکی بەکارهێن دروست دەکات بەتەنها بۆجوانکاری... هەر ئەوەشە وادەکات پۆرنۆگرافیا هەوڵبدات جوانکاری بەتەنیا لەڕەگەزی مێینەدا نەهێڵێتەوەو لەشفرۆشی بباتەناو ڕەگەزی نێرینەشەوە ئەمانە هەمووی فراوانکردنی بازاڕی سەرمایەگوزاریەکانی جوانکارین.

پ/ئـەو پارانـەیان زیـاتر بەچـی سەرف دەکرد؟

هەرنەبوایـــە لـــە مانگێکـــدا 10جـــوت پـــێڵاوی دەکـــری بۆخۆیو کچەکانی جاری وابوو هەرفریانەدەکەوت لە پێی بکات ئەی بەخشی هەفتەی سی جار دەچوە بازار بۆنی وای دەکری بە 70 تا 100 دۆلار.

پ/بـــەڕای تـــۆ قـــەت هەســـتت کـــردوە ئـــەو ژنـــە مانـــدووبێت لەژیان یان بێ تاقەت بێت، لەڕووی نەفسیەوە یان خەفەت باربێت هەست بە تاوان بکات؟

لەم چیرۆکەوە بۆمان دەرکەوت (ع)یش پەشیمانە، (ع) یێك کەئەو هەموو دەسەڵاتو پارەو ئیقبالەی هەبێت تەنانەت لەلای خەڵکانی بەرپرس کەچی هێشتا پەشیمانە بەڵام ئەمیش وەك شیکردنەوەکانی پێشو دەڵێت ناتوانم ببینم جانتاکەم پارەی تیا نەبێت .. کەواتە ئەو هەموو پارەو ڕێژەی کە (ع) باسی دەکاتو (ر) دەیانگێڕێتەوە بەسنین بۆئەوەی هەموو پێداویسنیەکانی لەشفرۆشێك دابین بکەن .. (ع) یاخیبوە لەکەلتوورێکەوە بەشێوەیەکی نێگەتیڤ هەربۆیە باجی هەڵەکانی ئەم پیشەیە دەدات ئەمەش ئەو پێگەیەیە کەبۆمان دەسەلمێنێت لەشفرۆشەکان بەبەختیاری ناژین.

بـەڵی زۆرجاردەگریا خـۆی دەیـوت: "(خویـەك بیگـری بەشـیری تـەرکی نایـەی بـەپیری)" ئەمەقسـەی خـۆی بـوو سـەدان جار ئـەموت: جـا باشـە (ع) خـان بـۆ وادەکـەی؟.. دەیـوت: "نـاتوانم.. ئـەزانم زۆر غەڵـەتم تـازە فێـری بـووم، جانتاکـەم پـارەی تیـا نەبێت ئیدارە ناکەم"

وئەشـگریا ئـەیوت: "خوایـە مـن بـۆ وانەگبـەتم.. بـۆ وەك خـەڵکی ژیـان و ماڵو مێردێکـت نـەدامی".. ئـەیوت: "مـــن تـــازە ڕاهـــاتووم "، ســـەیر لەوەشـــدا بـــوو شـــەو نیوەشـــەو تەلەفونی دەکرد بۆ پیاوی بەرز بـەرز و دەوڵەمەنـدی ئـەم شـارە.. دەیـوت: "وەرن بمبـەن بـۆ دکتـۆر".. سـەعات 12 ی شـــەو دایـــم حـــەزی دەکـــرد پیاوێـك ئیهتمـامی پێبـدات جـاری وابـوو کـە ئـەبوو بەشـەو ئـیتر مـاڵ چـۆڵ دەبـوو زۆر دڵـی تـەنگ دەبـوو هەر حەزی دەکرد ئەوانە بێن کـەزۆر لە گەڵ خۆین‌و نازی هەڵدەگرن یـان شـەو درەنـگ دەیـوت: "بم بـەن بـۆ پیاسـە نـانی لـەدەرەوە دەخـواردوو هەموشتیان بۆدەکرد".. مـن دەمـوت خوایە ئەو پیاوانە بۆ ئەوەنـدە کـەرن خۆ ژن هەر ژنە بـۆ بۆئـەم وادەکـەن و بۆ هی خۆیان واناکەن.

> گەر تێبینی بکەین کڕیارەکان هەمووکات ئامادەن بچن‌و (ع) ئاسودەبکەن نەبا خەمۆکی دایگرتبێت. کەفالەتی بۆدەکەن لەگرتووخانە.. بەنزین‌و نەوت‌و غازی بۆدابین دەکەن.. ئەوە بێگومان ناکرێت قسە لەسەر هەمووشت بکرێت لەتوێژینەوەیەکی ئاوادا، کاتێك ڕێژەیەکی کەمی ئەم خزمەتگوزاریانە بۆخێزانەکانی خۆیان ناکەن، لەپەروەردەکردنی منداڵ هاوکارنین‌و لەئەرکی ماڵو کۆمەڵگەدا بەردەوام دەیانچەوسێننەوە، هۆکاری سەرەکی لەم جۆرە لەئیزدواجیەت دەگەڕێتەوە بۆ گرێی کەبت‌و تێربونی خێرا لەژیانی سێکچواڵتیدا. لەکۆمەڵگای ئێمەدا پەروەردەی سێکس پەروەردەیەکی ناتەواوە مرۆڤ تائەوساتەش یەکەمجار کەسێکس دەکات ڕێژەیەکی زۆرکەمی لێ دەزانێت.. کاتێك سەرکوت دەکرێت هەست بەچێژەکانی ناکات ئەوالەکاتی هاوسەرگیریدا گونجاندنی سێکسی هیچ گرنگی پێ نادرێت ئەمە جگەلەوەی سێکس پرۆسەیەکە لەنێوان دووکەسدا کەهیچ سنورێك ناهێڵێت بەڵام هاوسەرگیری لەکۆمەڵگای کوردیدا سەرەڕای نەفامی دەربارەی سێکس‌و چۆنێتی پراکتیکردنی پڕیشە لەسنور، بەنمونە ژنێك بۆهاوسەرەکەی بەئەندازەی لەشفرۆشێك بۆ کڕیارەکەی چێژ نابەخشێت لەکاتێکدا کە بۆلەشفرۆشەکان ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی زۆربێ چێژو تەنیا بەرامبەر پارەدەکرێت (بەشێوەیەکی گشتی)

پ/ ئـەو پیاوانـە زۆرن کـەداوا دەکـەن

لەگەڵ دووژندا بن لەژورەوە لەیەك كاتدا؟
نە زیاتر ئەوانە زۆرن كەدەڵێن بەدوو پیاو لەگەڵ ژنێك دەبین.. پارەی زیاتر ئەدەین بەس دوو پیاو دەچینە ژور زۆریش دەمێنینەوە هەشیانە دەڵێن بەسیان ژنێكمان دەوێت.
پ/ چی تر؟
من دایم دەترسام ئاسایش بێتو بمانگرێت، بەلأم (ع) قەت نەدە ترسا دەیزانی دەتوانی هەمویان ڕازی بكات، خۆی دەنگی بگەیشتایەتە هەر كەس كێشەی نەدەما.. نیوە شەو تەلەفونی بۆ خەڵكێك دەكرد مەسئوول بوون، ئەمە جگە لەوەی داوای وەرەقەی غاز.. نەوت.. بنزین.. هیچ شتێك ناكرێت بەئێمەشی دەوت مەترسن.

پ/ باشە كێ ناڵێت درۆ ناكات؟
باوەڕناكەم خۆم دەمبینی سەدجار لەبەردەممدا تەلەفونی كردووە بۆ (...) ئەیوت: "وەرە خۆم لەگەڵت دەخەوم" باوەڕ بكە دەفتەرێكی هەیە ناوی زیاد لە (150) پیاوی گەورەو دەوڵەمەندو ئیتر ئاوا..
پ/ماڵی سەرۆك باندەكان هەمووی وەك یەكە؟
ماڵی سەرۆك باند دووسی ئیشە.. تانەچیت تێناگەی ئیشێكی ئەوەیە ئافرەت ڕادەگرێت لەلای خۆی وەخەڵك دێت بۆی.. ئیشێكی تری، ماڵە كە ئەداتە كرێ بە سەعات مەسەلەن دووان یەن كچ و كوڕ بۆ سەعاتێك 85 تا 100 هەزار وەردەگرێت.. جاری واهەیە كچێك

> كاتێك دەبینین دوو پیاو لەگەڵ ژنێكدا سێكس دەكەن یان سێكس بەگروپ دەبینن لەخانەكانی لەشفرۆشیدا ئەوا گەواهیەكی گرنگە بۆ توێژینەوەكەمان كە پۆرنۆگرافیا كاریگەری گەورەی لەسەر لەشفرۆشیو زیادكردنی هەبوە لەكوردستاندا.. لەنێوهیچ ئاژەڵێكدا ئەم دیاردەیە بەدی ناكرێت كەبەمەرجێك لەنێوئاژەڵاندا سێكس بەشێوەیەكی هەرەمەكی دەكرێتو بە تەنیا پشت بەغەریزە دەبەستێت .. سێكس لەخۆیدا كردارێكی غەریزیە وەزیفەكەی زۆربوونە هەر هۆكارە غەریزیەكان بایلۆجیەكان هاندەرن بۆئەوەی مرۆڤ هەست بەخۆشەویستی بكات بەلأم لێرەداسێكس تەنیا كردارێكی بایلۆجیە بۆچێژێك بێ خۆشەویستی لەچوارچێوەی فەنتازیایەكدا كەهۆشی مرۆڤ بەرهەمی هێناوەو سەرەنجامی چێژێك بۆهەندێكی ترتیایدا دەچەوسێتەوە ئەمەش كاریگەری نێگەتیڤی گەشەكردنی پۆرنۆگرافیایە.

دێت شەش کەسی لەگەڵە بۆ سەعاتێك ژوورەکە دەگرن، ئیتر دەبێت پارەی زیاتر بدەن..تۆ (ھ)ت بینیبوو لە سجن؟

+ بەڵی بۆ؟

دەئەوە کەبەربوو بوو ڕۆژێك ھات چوارکوڕی لەگەڵ بوو بەسەیارەیەکی مۆنیکا ھاتن سەعاتێك کەمتریش مانەوە 300 ھەزاریان دا.. ئیتر بزانە ئاخۆخۆی چەنی تری دەست کەوتبێت. ئیشێکی تری ئەوان ئافرەت دەدۆزنەوە بۆ کڕیار، شتێکی تریش ھەیە بەلاّم (ع) نەی دەکرد ڕقی لێ بوو منالی کوڕ یان دەدۆزیەوە بۆ پیاو.. ئەمە سەرۆك باندێك دەیکرد زوو زوو ئەھاتە مالی (ع) خۆی باسی دەکرد و دەیوت بە(ع) زۆر زۆر پارەی تیایە بەتایبەت کەرکوکی پارە زۆر ئەدەن. زۆر سەیرە پیاوانی سلێمانی کەمتر داوای کوڕدەکەن داوای کچ زۆر دەکەن کەچی کرکوکی و عەرەب زۆر زۆر..

پ/ئەی ھەولێری ؟

ئەوان فەقیرن باوەڕبکە چەن لەوێ بووم ھەولێریم نەدی شتی زۆر بوێت ھەرچۆنێك بێت قسەناکەن بەس بلێی خەلکی سلێمانیە.. دەیان وت: "ئێوە ئافرەتان زۆر زیرەکە، ئەوانی ئێمە لەو مەسەلانە ھیچ نازانن دەبی پیاوەکانتان بتان پەرستن"..

پ/ ئەوەی تۆ بزانی و بیستوتە چەن مالّ لەسلێمانی خەریکی ئەو کارەن؟

(ر) دەخوازێت بەزوترین کات شوێنێکی دەستبکەوێت و دەستبەرداری ئەوژینگەیە ببێت کەتێیدا دەژی بۆیە دەڵێت: "گەرشوێنێك ھەبێت ناخۆشترین شوێنیش بێت تیایدا بژیم ئەم کارەناکەم" جارێکی تر مزگەوتەکان دەرگا لەقوربانیەکی تر ناکەنەوە ئەزمونی ئەم قوربانیە تەنیا شەش مانگە ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات کەلەشفرۆشی وەك خوەکانی تر نیە (یاریەکی دیاریکراو، جگەرەکێشان ،قومار، ...تاد) کەلەسەرەتاوە کەسەکە حەزی لێ بکات و دواتر ئارەزووبکات دەست بەرداری بێت .. بەڵکو ئەمە ئالودە بونێکە کەسیستەم و بازاڕێکی دیاریکراوخەڵکێکی پێدەکاتە قوربانی بۆ چارەسەرکردنیشی وەك ھەموو ئالودەبونێکی تر لەژێر دەستی لەشفرۆشەکەدایە. ئەمەش وەك بابەتێکی مەوزوعی ھەروەھا ھەرکەس بیەوێت کۆمەك بەلەشفرۆشێك بکات و ڕزگاری بکات ئەوادەبێت کار لەسەر کۆمەڵە دامەزراوە و کۆمەڵە ھێزێکی گەورەی لەپشت بێت بۆئەوەی بازاڕەکان سنوردار بکات و بەپێچەوانەوە ھەموو ئەو ژنانە ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە گەر بەھەر ھۆکارێکەوە توشی بە توشی ئەم کارەوە بووبێت بشێویەکی کۆمەلاّیەتی و دەرگاکانیان لێ دابخرێت.

وەك خۆیان باسی لێ دەكەن دەگاتە 1000 ماڵ.

پ/ غەدرناكات لەفرۆشیارەكان؟ یانابێتەشەڕ لەسەر پارە؟

لەسەرەتاوە كەدەمانباتە لای خۆی پێمان دەڵێت: " من 70، 80، 100.. تاد، هەرچەند وەرگرم هەر 10000 دەهەزار ئەدەم بە ئێوە"، ئێمەش هەقمان نیە قسە بكەین.

پ/ بۆ؟ ئەی چۆن ڕازی دەبن؟

لەبەر ئەوەی ناچارین شوێنمان نیە كەس نیە، خۆ كێ لەلای دەمێنێتەوە یەكێكی وەك من.. كە ناتوانم بچمە ئوتێلیش.. دەی فەرموو من شوێنێكم بۆ بدۆزەرەوە، هۆدەیەكی قوڕ.. باسەرەكەی تەنەكەبێت.. گەر شتی ئاوام كرد ڕووم ڕەش بێت.. تۆ وەرە سەد تفم لێكە.. ئەوانەی كەخۆیان یەن بۆسەعاتێك یان دووان هیچ سەرۆك باندێك بۆئەوانە ناتوانێت زەبرو زەنگ بەكار بهێنێت، یان غەدریان لێ بكەن بەس من یان ئەوانەی وەك منن ناچارگەر ئەوەشم نەداتێ ڕازی ببم، ئەڵێت: "تۆ لێرە دەخەویت.. لێرە نان دەخۆیت.. خۆت دەشۆیت.. جاریێ بە من ڕۆژی سەد جاری دەوت خۆتو كچەكەت نان دەخۆن تا ڕازیبووم.

> ئەم ژنە وە زعێكی زۆر نا خۆشی هەبوو لەزیندان كەسی نەبوو زۆر بێدەرەتان بوو نەفسێتیشی زۆر بەرز بوو زیاتر بەتەنها دادەنیشتو ژیانی خۆی دەنوسیەوە هەردەم ڕەسمی كێلی قەبرو تاریكیو گەڵا وەرینی دەكرد.
>
> لەكاتێ جلمان دەبرد بۆیان یەكسەر دەستی بۆڕەنگی ڕەش دەبردو محاوەلەی خۆكوژی زۆر دەكرد بەڵام پێیان دەزانیو ڕێگریان دەكرد پاش ئەوەی بەربوو یەكێ لەسەرۆك باندەكان كەفالەتی بۆكرد، بردیەلای خۆی پاشان خۆی هەڵات لەدەستی.
>
> بێزارە وەك كەسێك كە هیچ سەرچاوەیەكی ژیان نابینێتو نیشیەتی زۆر بێ ئومێدە جگە لەوەی هەست بە تاوان زۆر دەكات بە تایبەت بەرامبەر مێردەكەی، نازانێت چۆن بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی خۆی هەمووگیانی خۆی بە جگەرەو كەوچك سوتاندبوو دەیوت بۆئەوەی سزای خۆم بدەم كەڕازی بووم ئەوكارە بكەم.

پ/ باشە ئیش بكەیت باشتر نیە؟

من نەعلەكانی هەركەسێك ماچ دەكەم ئیشێكم بۆ بدۆزێتەوە با هەرچیەك بێت فەڕاشیە.. نانكردنە هەرچی بێت.. باشە بەلام كرێی ژورێكم بۆ دەر بهێنێت، وەڵڵاهی، گۆشت

**ناخۆم.. میوە ناخۆم.. کاکە بەس نانی وشك.. تەنیا کرێکەم بۆبەن دینارێکم مەیەنێ ئینسان لەبرسا بمرێت بەس ئەو وەزعەنەبینێ. دەی بۆم بدۆزەرەوە ئێستا دوێنێ کەبەشەڕ هاتومەتەدەر ماڵی (ع)م جێهێشتوە ئەم شەو چوومەبەر مزگەوتی گەورە خۆموکچەکەم تابەیانی هەڵ لەرزیوین دەرگایان لێ نەکردینەوە یەك سەنتەریش وەرمان ناگرێت ئەڵێن خۆ ئوتێل نیە. ...((زۆر گریاو ئاخی هەڵکێشا هەر دوعای لەدایکی دەکرد))...**

**پ/ رۆژێکی خۆش لە ژیانت ؟**

**برواناکەم هەبووبی بەس کە بیر دەکەمەوە هێشتا نەهامەتیەکانی زوو بەسەرم هات زۆر باشتر بوو لەو ماوەیەی بردمە سەر بەم کارەوە.**


**پ/حەزت لەکام رەنگە؟**

**شینو سپی و قاوەی**

**هەر دەیوت من تاوانبارم دەبێ بمرم بۆچی ڕازی نەبوم لەسجن داڕزێم تەنازولم بۆ (ع) کرد وزۆر ئاسایی دەتوانێت دەست لەم کارە هەڵگرێت هەر بۆیە دەتوانێت ڕاستیەکان بڵی وەك کارێکی قێزەون دەیبینێت.**

**خوڕەوشتی لەهەموو زیندانیەکان باشتربوو بۆیە وەك موراقیب دانرابوو هەرگیز شەری نەدەبوو هیچ سکاڵای لە سەر نەبوو زۆر نە سیحەتی منالەکانی دەکرد موتابەعەی ئیخباری زۆر دەکرد بەردەوام خەریك بوو لەگەڵ ڕێکخستنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هیچ میکیاجی نەدەکرد زمانی عربی و کوردیو فارسی زۆرباش دەزانی.**

**پاش هەوڵێکی زۆر لەگەڵ مێردەکەی بەلاَم بێسود بوو وەری نەگرتەوە دایکی بەهیچ جۆرێك ئامادەنەبوو هاوکاری بکات دەی وت: "حەزناکەم بێنەوە ئێوە خۆتان رێکخراوی چین بڕۆن چارەسەری بۆبکەن".**



## باسی دووەم:                راستی وەك دەڵێن-

## لەشفرۆشی لەزاری سەرۆك باندەكانەوە ( دەڵاڵەكانەوە )

لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەو چاوپێكەوتنانەی كە كراون لەگەڵ سەرۆك باندەكاندا بریتین لە زیاتر لە 55 سەرۆك باند، بەڵام لێرەدا ئێمە تەنیا گرنگترین ئەو نمونانە وەردەگرین كە ژمارەیان شەش كەسەو ناوی فرۆشگامان لێناون، بەتایبەت ئەمانە لەسەر بنەمای بەناوبانگیان دەستنیشان كراون. شایەنی باسە ژینگەی سەرۆك باند وەك ژینگەی لەشفرۆشەكانە بەشێوە گشتیەكەی، چونكە هەمان كاردەكەن.. بەڵام لەوردەكاریدا تەواو جیاوازن، بەنمونە سەرۆك باندەكان كە لەگرتووخانە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ كرابێت یان لەدەرەوە، بڕێكی زۆرو خەیاڵی پارەیان پێویستە بۆ كەفالەتەكانیان تا بەربن، چونكە زۆربەی هەرە زۆریان زیاتر لە دوو مادەی یاساییان لەسەرەو بە ئاسانی كەفیلیان دەست ناكەوێت لە ڕووی یاساییەوە.. ئەوەی سەیریشە كاتێكی زۆر كەم لەگرتووخانەدا دەمێننەوە.

سەرۆك باندەكان كاتێك گفتوگۆیان لەگەڵ دەكەین‌و باس لەمەترسی‌و گرفتەكانیان دەكەین، ئەوا زۆر بێمنەتانە وەڵام دەدەنەوەو ئەو ترسەی لەچاوی لەشفرۆشەكاندا هەستی پێدەكەین، بەهیچ جۆرێك لە سەرۆك باندەكاندا نابینرێتەوە، ئەمەش بەپلەی یەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشت‌و پەنایەی سەرۆك باندەكان هەیان، بەهۆی پەیداكردنی لەشفرۆشەوە بۆ ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیەو پارێزگاریان لێ دەكەن..

هەریەك لەو فرۆشگایانەی باسیان دەكەین لەم باسەدا، فرۆشگای نا ڕەسمین، بەڵام شوێنەكانیان بەگشتی ناسراوەو ژمارەی تەلەفۆنەكانیان لەزۆربەی شوێنەكاندا دەست دەكەوێت.. هەندێكیان خۆیان سەردانیان كردوین‌و دەستیانكردوە بەلێدوان لەسەر باری ژیان‌و گرفتەكانی بازاڕی لەشفرۆشی‌و هۆكاری ئالوودە بوون‌و تەنانەت بەشێك لەم سەرۆك باندانە چارەسەریشیان پێشنیار كردوە، ئەوەی جێی سەرنجە لەڕێگای كێشەی كۆمەڵایەتیەوە ئێمە پێمان زانیون‌و كەوتووینەتە چارەسەر بۆ كێشەكانیان..

## فرۆشگای یەکەم

خاوەنی: ش.ع.س

تەمەن: 27 ساڵ

دانیشتوی: شاری هەڵەبجە

تەمەنی لەشفرۆشی: 10 ساڵ

وەك سەرۆك باند کاریکردوە: 4 ساڵ

ئاستی خوێندەواری: پێنجەمی ئامادەیی

ڕێگای فێربوون: لەڕێگای مێردەکەیەوە فێری کارەکە بوە.

### چاوپێکەوتنی - یەکەم -

چەند ڕاستیەك لەزمانی خۆیەوە.
لەصالۆن کاردەکات.. ئەم ئافرەتە خەڵکی هەڵەبجەیە.. لەدوای کیمیابارانەکە هاتونەتە سلێمانی.. شووی کردوە بەپیاوێك دوو منالی لێی هەیە.. پیاوەکە قاچێکی نیە.. تاکو قولەپێی پیاوێکی زۆر قۆزە کاتی خۆی حەزی لێکردوە. براو باوکی ڕازی نەبوون وتویانە: "کوڕەکە قسەی لەسەرەو دەڵێن هەتیووبازە".. کەشوی پێکردوە تەمەنی 17 ساڵ بووە. (ساڵی 1990 شوی پێکردووە)... ئەم ژنە تاپۆلی پێنجی ئامادەیی خوێندوە دواتر لەئێران بوون (6) ساڵ ژنی بوە.

((دەڵێت: "زۆر خراپ بوە لەگەڵم و فێری لەشفرۆشی کردووم هیچ کاروکاسبیەك نازانی"..))

دواتر بوونەتە هاوڕێی خێزانێکی تر کە (4) منداڵی هەبوە چەندین جار مێردەکەی بەدزیەوە بۆ ئەو پیاوەی بردوە.. یان کە تۆراوە لەئێران چۆتە ماڵی تاهێواش هێواش هێواش حەزیان لەیەك کردوە.

ڕۆژێك پیاوەکە پێی وتوە: "لەو شوێنەی ئاو هەیە زەوی نیە".. ئەمیش دەڵێت: "تێگەیشتم قەصدی چیە پێم وت فەرموو ئەوە عەرزو ئەوە گەز گەر ڕاست دەکەی من بەکراسی بەرمەوە شووت پێبکەم و واز لەو دەهێنم"، ((ئیتر لەئێران بەعەقدی سیغە مارەی دەکات، پاشان لەگەڵیا دێنەوە بۆ سلیمانی خێزانی ئەو پیاوە نازانێت و لێرە بەجیا خانوو بۆ هەردووکیان دەگرێت. مێردو منالەکەی جی دەهێڵێت.. کاغەزێك دەنووسی و دەڕوات.. پاشان پیاوەکەش دێتەوە بۆ

**سلیمانی و دەیان دۆزێتەوە دەچێت ڕاستیەکە بەژنی کابرا دەڵێت.))**

**پاشـان دوو سـاڵ بـەم جـۆرە دەبێـت وەك شـەریك کاردەکـەن تالـە لەسـەر پـارە دەبێتـە شەڕیانو مێردی یەکەم بۆ ئەوی زەختیان لێبکات دەڵێت: "یان (40,000) چل هەزار دیناری سویسریم بدەنی دەچم بۆ خاریج یان شکات دەکەم". پاش ئەوەی لەسەر پارەکە ڕێك ناکەون.. شکاتیان لێدەکاتو لەمەحکەمە دەڵێت: "ئەم پیاوە ژنەکەمی داگیر کردوەو مـن هێشـتا تـەڵاقم نـەداوە".. "ژنەکـەم تـۆراوە لـەماڵی ئـەوان بـوە کەچـی بردوویـەتی بـۆ خۆی".**

**پ/ مێردە کۆنەکەت ئەم کارەی پی نەدەکردی؟**

**لەئێران با.. زیاتر پیاوی بۆ خۆم ئەهێنا خۆشی ئافرەتی ئەهێنایە ماڵەوە.**

**پ/ کێشەتان چی بوو لە سێکسدا، ئارەزووی لەتۆ نەبوو؟**

**با چۆن.. لەگەڵ من شەو ڕۆژی (10) جار سێکسی دەکرد، خۆی حەشەری بوو، قاچێکیشی نەبوو بەس هەر تێری نەدە خوارد.**

**پ/ پیاوە تازەکەش هەر هەمان بابەت بوو؟**

**ئی هاوڕێی یەك بوون.**

**پ/ بەڕای تۆ ئینسان دەتوانی لەماوەیەکی کەمدا دووجار خۆشەویستی بکات؟**

**بەپێی ئەوئەزمونەی کەهەمانە هەموو ئەو ژنانەی کە لەلایەن پیاوەوە ئیستغلال دەکرێن لەرێگەی سۆزەوەیە چونکە ژنان هەست بەکەموکورپیەکی زۆردەکەن لەبواری سۆزداریدا.. گەر تێبینی بکەین گرنگ نیە بەلای ژنانەوە ڕاستەوخۆ چەندێك سێکسیان لەگەڵ دەکرێت بەڵکو گرنگە چەندێك سۆزیان پێدەبەخشرێت چەندێك بەباشە باس دەکرێن چەندێك پلەوپایەیان پێدەبەخشرێت لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە (گرنگە ئەوەبزانین لەمڕوانەوە هەمیشە ڕگەزی مێینە فەرامۆش کراوە) تەنانەت لەناو خێزانیشدا وەك کاڵا سەیردەکرێت.**

**زروف دەزانی بەتایبەت من یەکەم جار بە جوانیەکەی تی کەوتم کەچی نەمزانی (دەڵاڵە).**

**پ/ فەرقیان چیە ئەو دوو پیاوە خۆ ئەمیش هەر ئەوە کاردەکات؟**

**موهیم منی خۆش دەوێت ڕەنگە بۆ کاسبی بێت دەنا هێشتا لەسەر من لەگەڵ کەس نەخەوتوە.. کچەتیوەیەك بەزۆر خۆیدا بەسەریدا ئەیزانی چاکەو باشەو دەستو دڵی باشە.. (ئەو بیٚ ئەخلاقە).**

**پ/ ئەی بۆ دەیەڵێت تۆ لەگەڵ خەڵك بخەوی؟**

ئاخر بۆ پارەیە ئنجا خۆی دەڵێت: "هەزارم بۆ ڕیزبکەن تامی تۆ نادات".

پ/ ئێستا لەسەر چی گیراوی؟

لەسەر مادەی 3و 4 لەشفرۆشی، ومادەیەکی تریشم لەسەرە مێردەکۆنەکەم شکاتی لێکردووین داوای پارە دەکات.

پ/ دەڵێن مێردەکۆنەکەت موخەدەراتیش دەخوات؟

وەڵڵا (شتی پیستریش) دەخوات.. بەڕاستی نازانم تلیاکە یان نا.. بەلأم دایم وەك دەستەکەر وابوو خەریکە ئەمیش فێر دەکات.

پ/ ژنی ئەو پیاوە کەشووت پی کردوە چی دەڵێت؟

زۆری ڕق لەمنە هاتە سەرم حەیای بردم.

پ/ لەو دوو پیاوە کامیانت خۆش دەوێت؟

ئەم تازەیە چونکە منی زۆر خۆش دەوێت زۆر پیاوە ڕۆژی دە جار نەعلەکانم ماچ دەکات ڕۆژی سەد جار هەموو کەسی دەکات بەقووربانم.

پ/ ژنەکەی تریشی لەشفرۆشی دەکرد؟

پیاو ڕاست بڕوات شتی وام لێنەدی بوو.. کەمنیش ئەچومە لای ئەو، ژنەکەی لەماڵ نەبوو. دایم ئەو کاتانە ئەیبردم کەژنەکەی ئەچوو بۆ ئیش، یان کەسەفەری دەکرد بۆ ماڵی باوکی.. خۆیان خەڵکی سلێمانی بوون.. ژنەکەی پیر بوو چوار منداڵی هەبوو ئەتوت

گەر تێبینی هەردوو پیاوەکە بکەین ئەوا ڕاستەوخۆ بۆمان دەردەکەوێت هەردووکیان مەبەستیان بازرگانی کردنە بە (ش) ەوە بەلأم (ش) یەکێکیانی پێ باشترە لەویتریان هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی قسەکردن‌و سەروزمانی هەریەکەیان .. قسەکردن‌و تەرویج پێدان (بازاڕگەرمکردن) بەشێوەیەکی زارەکی زۆرکاریگەری هەیەلەسەرئەم ئیشە ئەوە شتێکی سەیر نیە کەدەبینین (ش)دەڵێت: "منی زۆرخۆش دەوێت زۆر پیاوە ڕۆژی دەجار نەعلەکانم ماچ دەکات‌و ڕۆژی سەدجار هەموکەسی خۆی دەکاتە قوربانم" کەچی دواجاریش بەهەمان شێوە لەشفرۆشی پێوە دەکات. گەر تێبینی مێژوی (ش) بکەین دەبینین تەمەنی 27 ساڵەو 10ساڵە لەشفرۆشەو 4ساڵیشە سەرۆك باندە پاش ئەو هەموو ئەزمونەو وێڕای زۆرزانی خۆی کەچی هێشتا پێویستی بەو قسانە هەیە پیاوێك بۆی بکات ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە کەڕەگەزی مێ تەواو بێبەشە لەهەموو هەست‌و سۆزێك‌و بەدەیان جۆر سەرکوێر دەکرێت لەم ڕووەوە کەلەخۆیدا دەرفەتێکی باشە بۆفراوانبونی بازاڕی لەشفرۆشی.

پیرێژنە.. ئنجا بێ خزمەت.. ئەو پیاوە داماوە هەر خۆی خەریکی منداڵە کان بوو.. برۆی ژنەکەی لەگسك دەچوو.. دایم سەرو قژی هەڵچوو.. ئی پیاویش زەوقی هەیە حەزی لەژنە پاکو خاوێن بێت.. تۆ ئێستا من دەبینی سجنیشم.. وای.. دەبەخوا لەئێستا زیاتر خەریکی خۆم دەبووم.. من دایم ئاوام خۆم زەوقم جوانە حەزم لە مکیاج و شتی وایە ئی پیاویش ئەوەی دەوێت خۆت مێردت نیە نازانی..

پ/ ژنەکەی ئەو ئیشی چی دەکرد؟

لەئێران دە چوو بۆ باخو شتی وا.

پ/ کەشوت بەم کرد یەکسەر پێی وتی: "ئەبێت ئەم ئیشە بکەی".. یان خۆتان ئیتفاقتان هەبوو؟

نا ئیتر کەشوم پێکرد ئەی وت: "خەڵك بێنە بۆ فلان کەس یان فلان مەسول یان فلان سەرتیپ و سەر لەشکر" و ئیتر ئاوا.. تابەرە بەرە ئیتر سالۆنم داناو بە تەواوی خەریکی ئیشەکەبووم.

پ/ چۆن دەیان دۆزیتەوە؟

من زیاتر لەڕێگەی صالۆنەوە کچان یان ژنان پەیدا دەکەم.. زۆر قورس نیە.. بەس دەبێت زۆر وریا بم.. نەشلێم بەدەمی خۆمە من سەرو زمانم شیرینە.

پ/ چۆن وادەتوانی بەئاسانی بیان هێنیتە سەر ئەو ڕێگەیە؟

کاتی یەن بۆ صالۆنەکەم یان کە خۆم دەچمە صالۆنەکانی تر.. من هەر ماوەیە و صالۆنەکەم ئەبەمە شوێنێك ماوەیەك لەقەلاّدزی بووم.. دوایی چوومە ڕانیە.. چومە سەنگەسەر.. چوومە خەلەکان.. لەزەرگەتە بووم.. لەکارێزەوشك بووم.. لەکانی کوڕدە.. بووم لەعەربەت.. لەبرایم پاشا.. لەبازیان.. لەسەید صادق..

> (ش) دەڵێت هەرماوەیەو لەشوێنێکم باسی 9 – 10 شاردەکات ئەمەش دەلالەتێکی ڕوونە کەلەجێگایەکدا ئۆقرە ناگرێت و بەم جۆرە خۆیان لەدژایەتی کۆمەڵگا دەدزنەوە بەتایبەت کۆمەڵگا یەك کەلەسەرجەم کەلتووروداب ونەریتەکەیدا ڕێگا نادرێت لەیەکێك لەگەڕەکەکانیدا کەسێك هەبێت و بەئاشکرا لەشفرۆشی بکات.

پ/ چۆن وابەئاسانی ئەم هەموو شوێنەت کردووە؟

ئاسانە خۆمن ماڵی تەواوم نیە تەنها دوو ژوور دەگرم و هەندێت کەل و پەل پاشان زۆر

نامێنمەوە چونکە نامەوێت هەر لەجێگەیەك بم.. پاشان من مێردەکەمم لەگەڵە.

پ/ مێردەکەت زیاتر ئەم کارە دەکات یان تۆ؟

هەردووکمان وەك یەك.

پ/ شەڕناکەن یان خراپ نیە لەگەڵت؟

ناتوانی بەعەکسەوە وەمن زیاتر زاڵم زۆر قسە بکات شکاتی لێدەکەم

پ/ لەپێناوی چی دەیکەن حەزتان لێیەتی یان بۆ پارەکەیە؟

لەپێشا لەئیحتیاجیا کردم دوایی چوومە ئێران لەوی زیاتر فێر بووم.

پ/ لەکاتێکا بەکچێك دەڵێیت ناترسی شکاتت لی بکات؟

> دەبینیت لەقسەکانی (ش)ەوە وەك هەموو لەشفرۆشەکانی تر سەرەتا بارودۆخێکی ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی ناچاریان کردوە دەست باتە ئەم کارە بەڵام ئەزمونو شارەزایەکەی لەئێراندا وەرگرتوە. ئەمەش بەڵگەیەکمان دەداتێ کەپشێویو ئاوارەی دیاردەی لەشفرۆشی زیاد دەکەنو ئاڵوگۆڕێك دروست دەکەن لەنێوان کەلتوورە جیاوازەکاندا بەم جۆرەش بەهۆی ئاوارەیو پشێویەوە هەروەها بەهۆی هاتوچۆو تەکنەلۆجیای نوێوە دیاردەی لەشفرۆشی جیهانی دەبینێتەوەو کەلتوورەکانیان یەك دەگرنەوە.

هەنی جار ئەترسم بەڵام شکاتیش بکات دەلیلی نیە، بەردەبم یان بەکەفالەت بەردەبم و لەو شارە دەڕۆم تا قەزیەکە کۆن دەبێت و تائێستا صدفەی شتی وام نەکردووە چوونکە دەزانم کی بەکەڵك دێت و کی نا.

پ/ چۆن ؟

ئافرەت خۆی دیارە کەدەیانەوێ.. یاخوود لەڕێگەی تصرف.. یان ژیانی.. جاری وایە کچێك دەبینی هیچ مەکانی نیە.. ئەوا ئێمە جێگەی بۆ دەکەینەوە.. یان ئەو کچانەی زۆریان حەز لەمصاریفە لەماڵە وە بۆیان ناکەن.. یان یەت بۆ ساڵۆن.. ڕۆژی شتێ لەقژی دەکات و پارەشی نیە..

> لەبەرئەوەی مامەڵەی یاسا لەگەڵ هەردوو مادەی (3و4) دا بە ئەندازەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بەبنەماکانی شەریعەت ئەوا بەئاسانی ناتوانرێت شکات لەسەرۆك باندەکان بکرێت چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر ناگیرێت بۆیە ئەمانیش ناترسنو زیاتر پشت ئەستوورن لەکارەکەیان، گەر بشگیرێن زۆر بەسادەییو سانایی بەهۆی کەفیلێکەوە ئازاد دەکرێن.

پ/ قەد صودفەی کچی ڕۆشنبیرت کردووە؟ وەك تەلەبەی زانکۆ یان مامۆستا یان کارمەند؟

ئەی چۆن بەعەکسەوە ئەوانە زیاتر خەریکن من مشتەریەکانم زۆربەی مامۆستاو موزەفن یەنە سالۆن و ئیتر ڕێ دەکەون.

پ/ چۆن بەکام دەلیل؟

ئەوان زۆریان حەز لەمۆدێل و خۆ جوانکردن وکەل و پەلە جاری وا هەیە یەن قژبۆیە دەکەن بەقەرز یان شت دەکڕن بەقەرز دوایی پارەکە زۆر دەبێت لەسەری ناچارە وابکات یان هەیانە حەزی لێیە..

پ/ بەس ئەمە دەلیل نیە؟

جا حەزئەکەی کەبەر بووم وەرە یەکە یەکە لەسالۆن دەیان بینی؟

پ/ زیاتر کچ یان ژن لەهەژاریا ئەم کارەدەکەن یان وەك حەز؟

ئەوانەی لە ناچاریا کاردەکەن کەمن وحەز دەکەم بزانی ژنان کەمیان بێ پاڵپشت واناکەن.. یان مێرد یان براو باوك پێیان دەکات، من مێرد فێری کردم.

> لە (90) ەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم کارە لەبەربرسێتی و نەداری هەندێك کەسی ناچاردەکرد کەتووشیان ببێت بەتوشیەوە.. بەڵامرئەمڕۆ هۆکارە سەرەکیەکە جیاوازە .. فەنتازیای جلوبەرگو کاڵاکانی جوانکاری لەگەڵ پیشەی لەشفرۆشی خۆیدا هۆکارو دەرئەنجامن بۆ بەهێزکردنی یەکتری، واتا بەرهەمهێنانی کاڵای جوانکاری دەبێتە هۆکار بۆ هاندانی لەشفرۆشی.. بەتایبەت کاتێك کەکۆمپانیاکانی پۆرنۆگرافیاش کاری لەسەردەکەن.. هەروەها لەقسەکانی(ش)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم تێڕوانیە پڕە لەڕاستین ئەوەش کاتێك دەڵێت: "ڕێگایەکی زۆرئاسانە بۆهێنانی کچی نوێ بۆئەم بازاڕە" واتا بازاڕی لەشفرۆشی چونکە دەڵێت: "حەزیان لەمۆدێلو خۆجوانکردنو کەلوپەلی نوێیە بەردەوام بەهۆی ئەمەشەوە قەرزار دەبنو ناچاریان دەکەن بچنە بازاڕی لەشفرۆشیەوە"

پ/ کڕیارەکان لەشەوا دێن یان لەڕۆژا؟

بەس بەڕۆژ عەسران کەس بەشەو نایەت مەگەر چۆنها.

پ/ بۆ؟

ئەترسنو ماڵومنالیان هەیە.

پ/ فرۆشیارەکان خۆیان بڕیار ئەدەن کی بکەنەلایان بۆ ژوورەوە؟

نەخێر ئەوان خوا خوایانە جێگەیەك هەبێت كارەكەی تیا بكەن من خۆم ئێستا نایكەم بەس جێگە بۆ خەڵك دەكەمەوە و فرۆشیارێك جاری وایە بۆ سێ ڕۆژ یەتە لام ئیتر لەو سێ ڕۆژەیا كێ دێت یان نا ئەو هەقی نیە.

پ/ كێ پارەكە وەردەگری؟

من یا مێردەكەم.

پ/ چەندی بۆ خۆتان هەڵدەگرن و چەندی دەدەن بەفرۆشیار؟

ئەیكەم بەدوو بەشی وەك یەك.

پ/ گەر فرۆشیارەكە ڕازی نەبوو لەسەر پیاوێك و ئێوە قەولتان دابێت یان پارەتان وەرگرتبێت چی دەكەن؟

زۆریان لێناكەین بەكڕیارەكە دەڵێین كچەكە ڕازی نیە.

پ/ نایكات بەشەڕ لەگەڵتان؟

نەخێر ناتوانی.

پ/ ئەوەی لەگەڵ تۆ گیراوە واناڵی، دەڵێت: "پارەكە زیاتری بۆ خۆیانەو بەدڵی خۆشت نیە كەتاقەتت نەبوو" تۆ دەڵێیت چی؟

ئەزانی چی؟ من كە ماڵم بەكری گرتو خواردنو ئاو وكارەبا ومەساریف.. ئیتر جلو بەرگیان.. هەموو شت لەسەر خۆمەو.. هەندێكیشیان نازانن دەست بەپارەكەوە بگرن.. بیەیتی بەڕۆژی هەمووی خەرج دەكات.

پ/ ئەو بەچی خەرجی دەكات بەمەرجێ لە ماڵی تۆ بێت؟

بێ قەزابیت وەڵلاهی بیەڵیت هەر ڕۆژەی قژی بۆ یەیەك لێئەدات ڕۆژێ مێشی دەكات ڕۆژێ دەی ڕەشی دەكاتەوە ڕۆژێ وەڵلا بەدڵم نەبوو لای بە بۆم ئیتر بەكەرێتی خەرجی دەكەن..

پ/ لای خۆت ئەی كەن؟

بەڵی لە سالۆنەكەی خۆم..

پ/ جا چۆن پارە ئەدەن؟

ئەی خۆمنیش پارە ئەدەم بەو دەرمانە خۆ خۆڕایی نیە بڕوابكە یەك تیوب بلۆندەر بە كۆڵی پارەیە.

پ/ کڕیارەکان زیاتر کێن؟ پیاوی کاسبە یان موزەف یان عەشایەرن یان ڕۆشنبیر؟
هەموو نەوعێك دێن بەڵام زیاتر موسەقەفەکە.
پ/ چۆن بەچیا دەلێیت موسەقەفن؟
خۆی دیارە چونکە لێیان دەپرسین، چ کارەیت، ئەوانیش دەڵێن: ... ((هەندێك ناوی ناسراوی وت کە پیشەکانیان ناسراوە))... هەروەها جلو بەرگو شێوەی قسەکردنیان دیارە.
پ/ ئەی کاسب چۆن؟
ئەوان کەمن یان فیتەرەکان یان زەڕەنگەر یان سایەق تکسی...تاد و زەرەنگەرەکان خۆیان معمیلیان هەیە نایەنە ماڵی (دەلاڵەکان).
پ/ چۆن؟
من ئافرەتێك دەناسم بە ناوی (ز) ئەو بەس ئافرەت دەبات بۆ زەڕەنگەرەکان هەموو شتی شازو بەگران خۆی دایمە هەموو گیانی ئاڵتوونە.
پ/ ژن زیاتر تووشی ئەمە دەبن یان کچ یان هەردووکیان یان کامیان ئاسانترە؟
جاران بەس ژن یان بێوەژن ئەمەیان دەکرد ئێستا کچانیش زۆرن.
پ/ بۆ ئێستا زۆر بوون؟
جاران کچ دەترسا نەك ببێت بەژن بەڵام ئێستا هەزار فێڵ هەیە.
پ/ وەك چی؟
چووزانم ئێوە لەمن باشتر دەزانن.
پ/ کڕیارەکان مەرجیان هەیە کە کچ بێت یان ژن ؟
ئەوان بەس ئەپرسن کچە یان ژن.
پ/ بۆچی ئەپرسن؟
گەر کچ بێت ئەوا نایان کەن بە ژن یان دەڵێت: "من مەسئول نیم کە سکی پڕبێت".
پ/ ئەی چۆن سکیان نابێت؟
حەب دەخۆن.. یان ئەی بەستن ئێستا (ن) شەش ساڵ زیاترە ئەوە دەکات ئەوان لە ئەسلاً دۆمن پێیان ئیعتیادیە براو باوكو هەموو خەریکن. (ن) ((لەشفرۆشێك بوو، ئەویش گیرابوو، (ن)یش پاش ماوەیەك لە بەربوونی لەلایەن مودەعیەکانیەوە کوژرا، چونکە ناوی

زۆر کەسی هێنابوو لەکاتی ئیفادەداندا))...

پ/ گەر کەسی سکی پڕ بوو؟

کەیفی خۆیەتی خۆ کەس بەزۆر پێی نەکردووە.

پ/ ئەی ئەگەر لە ماڵی تۆ سکی پڕبوو.

دەلیلی کوا لەماڵی من بووبێت خۆئەو بەس لەلای من وای نەکردوە.. هەیە دەساڵە ئەوە پیشەیەتی.

پ/ کڕیارەکان مەرجی چیان هەیە زیاتر کەبەئێوە دەڵێن؟

دەڵێن با تۆزی گەنج بێ مەرغوبە.. ژنی پیریان ناوی.. یان (بەزۆری داوای سێکسی نادرووست دەکەن)

پ/ بۆ؟

خۆیان ژنی پیریان هەیە ئیتر بۆ چیانە.. وژنی کەس ئەوە بۆ مێردەکەی ناکات کە ئەیەوێت.

پ/ زیاتر کڕیارەکان کوڕی گەنجن یان پیر؟

جاران بەس پیاوی بەتەمەن بوون یان مەسولەکان.. ئێستا هەموو نەوع دێن ماوەیەکە کوڕوکاڵ دێن.

پ/ کەست بینیوە تەمەنی زۆر گەورە بێت؟

(ش) دەڵێت: "دیارە ژنەکانیان بەکەڵك نایەن خۆ پیاو ژنی بۆچیە؟" لەلای سەرۆك بانێکی وەك (ش) جێگیر بوە کەپیاو لەم کۆمەڵگایەدا تەنها ژنی بۆسێکس دەوێت، هەر بەپێی ئەم پێوەرەش ژنەکان ناچارن گرنگی هەرەزۆری خۆیان بەخۆجوانکردن بدەن .. هەروەها ئەگەر ژن چەند زیرەك و چەند بەتواناو چەند لێهاتوبێت بۆ پیاو هێندە گرنگ نیە ئەوەندەی جوانبێت‌و لەڕوی سێکسەوە لەبار بێت ئەمەش وادەکات لەبازاڕی سێکسدا ژن ببێتە ئەو کاڵایەی کەپیاو دەیەوێت بۆیەسەرۆك باندێکی وەك (ش) ئەم لێدوانانەدەدات.

ئا.. جاری وا هەیە پیاو دێت تەمەنی (55، 60، یان 65) ساڵە

پ/ ناڵێت بۆ وادەکەین؟

چی بۆ وا دەکەن خەڵك قەت بیستوتە بڵی بۆ (جنس) دەکەم، شتێکی خۆشەو پیاو ناتوانی بسرەوی پیاو زۆر حەشەرین ئنجا هەشە.. دیارە ژنەکانیان بەکەڵك نایەن خۆ پیاویش ژنی بۆ چیە؟

پ/ ناترسن ژنەکانیان بیان بینی؟

نا.. نا.. چۆن دەیان بینن، وا بینیشیان ژن دەسەلاّتی هەیە کوا؟

پ/ باشە لەو گەڕەکەدا کەس هەستان پی ناکات؟

بەروەڵلاّ.. بۆیە زوو زوو دەڕۆین ئنجا ئەگەر پیاوی گەرەك تێربکەی ئەوا شکاتت لی ناکەن بەلاّم کە پیاوەکانیانت تێر نەکرد ئیتر لێت دەبنە شەریفی شار.

پ/ وشەی نهێنی هەیە لەنێوان ئێوەو پیاوەکان؟

نە..زۆر نا.. ومن زیاتر لەرێگەی پیاوە کەمەوە کڕیارەکان دێن.

پ/ ئەی بۆ فرۆشیار وشەیەك هەیە نهێنی بێت و بەکاری بهێنن بۆنمونە کەسێکی تر تێنەگات؟

مەسەلەن ئەو ئافرەتانە خۆیان دیارن هاوار دەکەن هەر لەدورەوە.

پ/ چۆن؟

بەخوا من و پیاوەکەم لەسەیارا بووین بەلای خەڵکا تێپەریوین وتویەتی: "ئەو ژنە (بابەتی ئێمەیە)" بەس بەڕۆشتنەکەی یان پێکەنینەکەی.. ئیتر چوزانم هەشیانە قژی خۆی زەرد زەرد ئەکا مکیاجێکی لادێی دەکا تۆخ. ...((پێکەنی))...

پ/ بۆ زۆر بەیان قژیان زەرد دەکەن ئێستا تۆش زەردە؟

ئی پیاو زەوقی بەشتی ئاڵو والاّ (دەکرێتەوە) حەزی لەشتی سورو زەردو ئائەوانەیە.. ئێمەش دەبێت بەدڵی پیاو بکەین کاسبیەکە ئەوەیە بەزمی زۆرە هەر تێناگەی کوڕە منیش کەکچ بووم باسی شتی وایان بکردایە ئەحەپەسام..

پ/ کەسوکارت دەزانن؟

تازە حاشایان لێم کردوە هەر نایان ناسم.

پ/ ناترسی ڕۆژی سودفەی یەکی بکەی کەخۆت بیناسی.

بەرەوەڵلاّ ئەشترسم.

پ/ کەست نەبینیوە تووشی حاڵەتێکی سەیربێت وەك ئەوەی خۆی بێت و بەلاّم ئافرەتەکە کەلە ژوورەوەیە بیت ناسێت؟

با.. جارێکیان لەڕانیە بووین ساڵی (98) پیاوێك هات.. قاتی شاڵی لەبەردابوو.. کلاّشی تازە.. بەرازیلی پیّ بوو.. سەری بۆیاغ کردبوو.. بە (150) دینار معامەلەمان بوو.. کەهات من ئافرەتێکم لابوو.. زۆر جوان بوو.. تەمەنی (26) ساڵ بوو.. لەدەست کەسوو

کاری ڕای کردبوو.. دەیووت (4) ساڵە ئەو کارە دەکەم.. کە پیاوەکە چوە ژووری.. من لەگەڵ مێردەکەم سەتەلایتم دەبەست چاکمان دەکرد.. کاتێکم زانی هەردووکیان هاتنە دەرو و پیاوەکە ئاگری لی دەباری ئافرەتەکەش وەك بی دەلەرزی و دەگریا سپی سپی بووبوو من زۆر ترسام مێردەکەم وتی: "چیە؟"

پیاوەکە پاڵی نا بەمێردەکەمەوە دەمانچەی دەرهێنا ئێمەش زریکانمان، وتی: "هەر ئەم شەو بار دەکەن لێرە" ئافرەتەکەی بردو سواری بەرازیلیەکەی کرد ئینجا لەجامەکەوە وتی: "هەر ئەم شەو باردەکەن دەنا هەلا هەلا تان دەکەم".. ئێمەش حەپەسابووین کەچوینە ژوور سەیرمان کرد جێگە و شتەکە هەمووی تێك چووبوو ئیتر ئێمەش هەر زوو خۆمان کۆکردەوە و تاچوار شەو نەگەڕاینەوە دواتر چووینە ماڵێکی برادەری مێردەکەم و ئەوانیش هەر ئەوە کاریان بوو .. ئیتر ئەو بەمێردەکەمی وت: "بگوێزەرەوە خەبەرم هەیە کەئەو پیاوە کچەکەی کووشتوە فڕێی داوەتە ئاوەکەی دووکان مەیتەکەی جەماعەتی قەیاغەکە دۆزیویانەتەوە دەڵێن برازای خۆی بوە".. ئیتر ئێمەش ڕۆیشتین لەوی.

پ/ تۆ هەستت تاوان نەکرد لەو مەوزوعەدا؟

من چی بڵێم؟ گوناهم چیە؟ بە خوا کچەکە خۆشی بەزۆر جێم کردبوەوە.. چونکە من زۆر حەز ناکەم ئافرەتم لابێت ناڵێم من زوو زوو باردەکەم.

پ/ هەست ناکەیت خۆت و مێردەکەت تاوان بەرامبەر ئەو ئافرەتانە دەکەن؟

نە ء. ئێستا دوور نەڕۆین دووربێت لەتۆ من دەتوانم بەزۆر تۆ بەرم؟ هەمووشت حسابی خۆی هەیە.. تۆ ناتوانی بەزۆر قسەم لێ بپرسی وایە؟ من خۆم ڕازی نەبم تۆ دەتوانی بەزۆر قسەکانم تەسجیل بکەی. چوونکە من بەزۆر نایان هێنم خۆیان دەپاڕێنەوە جێگایان بکەمەوە گوناحمانی تیانیە بەتایبەت من حەزناکەم ئافرەت لەماڵم بێت یەك.. زوو زوو باردەکەم ئەو بۆ کوی بەرم دوو.. خۆم دەستم داخ کرد لەسەر ئەو چەتیوە..(بێ ئەخلاقە) خۆی سەپان بەسەر مێردەکەماو مارەی کرد (بێ ئەخلاقی) وا تا ئێستا (دەمندالی ناشەرعی) فرێدابوو.. وتی: "لەو سکم هەیە ئەبێت مارەم بکات"

پ/ جا مێردەکەت هێنای؟

ئەی چی ساڵێك ژنی بوو ئەبوو هەرچیش پەیادەکەم ئەو شەریکە بەشم بێت شەوورۆژیش ئەی وت: "من شەریفم من خاوەن عەشرەتم".. (نازانم ئەو چی هەبوو من

نەم بێت هەردووکمان هەمان ئیشمان دەکرد)..

پ/ ئەویش لەشفرۆشی دەکرد؟

کچی خۆی (بێ ئەخلاقێکی) موحتەریف بوو کەچی کەمێردەکەمی توش کرد ئەی سجنی کرد وتی: "سکی پڕکردووم".. ئیتر خۆی کردە کچە مەلیك ئەی وت: "من (لەشفرۆش) نیم پیاوم بۆ نەهێنن".

پ/ ئەی چی بەسەر هات؟

مێردەکەم دەری کرد تەلاقیدا وتی: "تۆم ناوی دەچم بۆ ئێران".. کوڕە زوو زوو ئەی وت: "شکاتان لی دەکەم ئەڵێم ئەمانە خەریکی ئەو ئیشەن".. کەخوا بەلاّت بۆ بنێری ئەوەیە.

پ/ بەتەمای وازهێنان نیت لەدوای سجن؟

ئیشەڵڵا تۆزێك وەزعمان باش ببێت با.

پ/ تۆ پارەی ئەم ئیشە چی لێدەکەیت؟ بۆ چیتە زیاتر بۆ ئاڵتوون یان چی؟

ئەم بازنانە هی خۆم نیە لەدەستمایە هی ڕەفیقێکمە وامەزانە ئاڵتوونم زۆرە.

پ/ مەبەستم بازنەکانت نیە بەتەمای خانووت هەبێت و جێگیربیت لەگەڕەکی ژیانت بگۆری یان هەر ئەمە ژیانت دەبێت؟

گەر مێردەکەم وازم لێبیهینێت ئا.. بەس ئەو زۆر ئەخواتەوە پارە بەشی ناکات.

پ/ تۆ لەپێناو مەشرووبی ئەودا ئەمە دەکەیت؟

من تازە فەوتاوم دادەگیان.. تۆ بەتەمای من بحەسێمەوە لەدوو شوو خێرم نەدی هەر (ئەم کارەیان پێ کردم).

پ/ هەست ناکەی خۆشت خەتا باربووی؟

ئەتەوی درۆ بکەم؟ مریشك خۆی خۆڵ نەکات بەسەر خۆیا کەس ناتوانێت خۆڵی بکا بەسەردا.. بەس عەقڵی منالّی و موحتاجی و... تاد.

پ/ ئەی مەصیری منالّەکانت؟

منیش خەمی ئەوانمە.

پ/ بەرببیت چی دەکەیت؟

دەڕۆم بۆ ئێران.

پ/ ئەوی باشترە؟

تەقریبەن.

پ/ کڕیار زیاتر چی دەوی؟

(سێکسی نادروست)و ئەو شتانەی لە سەتەلایتەوە فێری دەبن

پ/ لە ژیانی خۆت حەزت لە ڕۆژە یان شەو؟

ڕاستیەکەی شەو.. بەس نیە بێت دەنگ لەگەڵ ماڵو مێردی خۆت دادەنیشی.

پ/ قەت هەبووە بیرکەیتەوەو خە فەت باربیت؟

هەر زۆر زۆر.. ئێستا فارسی باش دەزانم دایم گوی لە شریتی هایدە دەگرمو دە گریم.

پ/ بۆ دە گریت؟

ئەی گریان بەس بۆ ئێمە باشە ژیانما فەوتا لەم دنیاشو ئەو دنیاش بووین.

| |
|---|
| ئەم ژنە زۆر ئاسایی بوو، خێرا خێرا قسەی ئەکرد، دەمی هەر بەپێکەنین بوو.. کەمترین هەناسەی پڕ حەسرەتو خەمی هەڵکێشا.. تاڕادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم کارەی دەبینیو زۆر بەڕوونی پێوەی دیاربوو.. خۆی حەزی لەکارەکەیە.<br>هەر لە ناو سجنەکەدا خەریکی ڕێکخستنی گیراوەکان بوو چەندجار سزا درا بوو.. بەردەوام مکیاجی دەکردو خەریکی جوان کردنی ئەوانی تر بوو.. زۆربەی کاتیش زۆریش دڵخۆش بوو.. هەرگیز گۆڤارو ڕۆژنامەی نەدەخوێندەوە زیاتر سەیری CD دەکرد و داوای گۆرانی عربیو تورکی دە کرد یان فلیمی هندی. |

پ/ ڕۆژێکی خۆشم پی دەڵێیت لەژیانت؟

مەگەر کچێنیم کەهێشتا پاك بووم.

پ/ بۆخۆت بەپیس دەزانی؟

تۆ دە ساڵ (دەلاڵیت) پی بکەن ئەی پیس نیت؟

پ/ قەت مەسول وەعدی شتی گەورەی پی داوی؟

ئەی چۆن حەزناکەم ناوی بڵێم ....... خانویەکی بۆ پە یداکردین لەخانوی ئەمنوشتی وا بوو زوو خەڵکی تری تیابوو دەری کردن ئێمەی خستەناو.

پ/ مقابلی چی؟

دووساڵ من ئا فرەتم بۆ دەبرد.. چۆن لەپای چی سەد جار لەگەڵ خۆم بوە.. دەی وت:

"ژنم نەدیوە وەك تۆ باش بەرگە بگرێت"..

پ/ حەزت لەکام ڕەنگە؟

سوور



**فرۆشگای دوەم**

| | |
|---|---|
| **خاوەنی:** | **ح. ل. ن** |
| **تەمەن:** | **35 ساڵ** |
| **دانیشتوی:** | **شاری سلێمانی** |
| **تەمەنی لەشفرۆشی:** | **10 ساڵ** |
| **وەك سەرۆك باند كاریكردوە:** | **6 ساڵ** |
| **ئاستی خوێندەواری:** | **ئامادەیی بازرگانی** |
| **ڕێگای فێربوون:** | **نەبوونی و دایكی هاندەری بوە بۆ ئەمكارە، پاشان كوڕەكانی كارئاسانی بۆ دەكەن.** |

**چاوپێكەوتنی - یەكەم -**

| | |
|---|---|
| **ئەم ژنە گیراوە لەسەر كچێكی عەرەب بەناوی (ن) تەمەنی (14) ساڵە لەبەغداوە هێناویانە بە (11) وەرەقە فرۆشتویانە.. سێ دەستی كردوە.. ماوەی چەند مانگێك ئەم كارەی پێكردوە .. پاشان فرۆشتوویەتی بەسەرۆك باندێكی تر كەئەویش گیراوە بە ناوی (ف) ەوە.. پێشتریش لای ژنێكی تربوە..** | **بۆ ئەوەی هەندێ ڕاستیم دەست كەوێت چوومە گەرەكەكەیان بۆ هەندێ پرسیار.** |

**پ/ بۆم باس كە بەوردی چۆن دەستتكرد بەم كارە؟**

**من لە پێشا لەبرسان و نەبوونی وام كرد لەبەر مناڵەكانم دوایی تووش بووم.**

**پ/ خۆت حەزت لێیەتی؟**

**نەوەڵڵا كەس هەیە حەزی لەو بەزمە بێت من لەگەڵ میردەكەم تاقەتم نەبوو ئینجا خەڵكی تر.**

**پ/ ئەی چۆن فێر بوویت كە حەزت لەكردەوەكە نیە؟**

**نەبوونی (4) مناڵم هەبوو.. مێردە ... ((جنێوێكی ناشرین دەدات))... جێی هێشتین منیش كچی شارم.. ئەصڵ و فەصڵم.. دایكم لەبەغداد دادەنیشێت.. هەستام چوومە بەغداد، مناڵەكانم ورد بوون ئیتر لەوی لەبرسا دەستم دایە ئەم ئیشە.**

**پ/ مێردەکەت کەی تەڵاقی دای؟**

**ساڵی 1992 بوو هەرکە هاتینەوە لەڕاکردنەکە ئیتر هەرلامان نەبوو بەڵام لە 1992 تەڵاقیدام**

**پ/ لە سەر چی؟**

**لەسەر برسێتی و نەبوونیا بوو.. نازانم هەر خۆی زۆر عەسەبی بوو..**

**پ/ چەن جار گیراوی؟**

**ئەمە یەك ئیتر تۆبە دەستی خـــــۆم داخ دەکـــــــەم.**

> **خەڵکی گەڕەکەکەیان دەیانوت: "کچ وکوڕەکانیشی لەو کارەدەکەن.. مەزبەتەمان کردوە بڕۆن لەم گەڕەکە".. خۆی شووی کردووە بەکوڕێك (9) ساڵ لەخۆی بچووکترە.. پاش ئەوەی کوڕەکەشم لەسجن بینی قسەکانی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ قسەکانی ئەم (ح)ە، ئەو بەئاشکرا دەیوت: "حکومەت حەقی چیە ژنی من چی دەکات بابچن بەلای ژنەکانی خۆیانەوە، خۆیان مشتەرین ئیتر چۆن لەڕوویان یەت ئێمە بگرن".**

**((جگەرەکە نا بە دەستی خۆیەوە[58] وتی: "ئەها با بیبینی"))**

**پ/ جا ئیتر وازدەهێنیت لەم ئیشە؟**

**ئیتر خوا دەزانێت، دەوەرە بم ژێنە بەڵام، قەصدم ئەوەیە ئەچمەوە بەغا.**

**پ/ چەند ساڵە لێرەی؟**

**(3) ساڵە.**

**پ/ چەند ساڵ لەوی بوویت؟**

**لەساڵی(94و 95) دا مناڵەکان ورد بوون.. ئێستا گەورەن.. کچێکم دەستگیراندارە خەمی ئەومە.**

**پ/ دەزگیرانەکەی دەزانی تۆ گیراوی؟**

**نە عهەر ناش یەڵم بزانی.**

**پ/ چۆن؟**

**کوڕەکانم پێیان نەوتوە.**

---

[58] **جگەرەنان بەدەستی خۆوەو خۆ داخکردن بە جگەرە یەکێکە لە هێما هەرەبەهێزەکانی پەشیمانی و پەیمان دان بۆ ئەوەی نەگەڕێیتەوە سەر کردارێك کە پێشتر کردوتە، ئەمەش لەناو کوردەکاندا یەکێکە لەترادیسیۆن و تەقسە کەلتووریەکان بۆ ئەوەی لەیەك کاتدا لەڕێگەی ئازاردانی جەستەی خودەوە کەسی پەشیمان سزای خۆی بدات، هەروەها لەبەر ناخۆشی ئازارەکەش هەمیشە لەبیری بێت تا جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر هەمان کردەوە.**

پ/ کوڕەکانت گەورەن؟

شاگرد فیتەرن.

پ/ دەزانن ئەم کارە دەکەیت؟

نە ء. نازانن

پ/ چۆن نازانن؟

ئی من شوێنم هەبوو لەبەغا شوقەم بەجیا گرتبوو.

پ/ خەڵکت دەبرد؟

ئیتر خۆیان دە هاتن‌و من دەمبردن‌و ئاوا.. حسب زروفەکەو مەتلەبەکە.

پ/ چۆن؟

بەتەلەفۆن یان لەڕێگەی کەسی ترەوە پێیان دەوتم، منیش بەئافرەتێکم دەوت.. خۆ خۆم نەم دەکرد.

پ/ خۆت سەرەتا لەشیخۆتت زۆرفرۆشتوە؟

ئا.. بەس ئێستا نا.. خۆم ڕقم لەجنسە.

— چاوپێکەوتنی دوەم —

پ/ ئەو ئەڵقەیە چیە لەدەستدا؟

خۆشم دەزگیراندارم شووم بەکوڕێکی فیتەر کردوە، بەلاّم لەسەر کچەکەم وەستاوم بڕوات دوای ئەو پێم وتوە بم گوێزێتەوە.

پ/ دەزگیرانەکەی خۆت دەزانێت ئەمە کارەکەتە؟

نا..نا.. بەس ئەویش گیراوە.

پ/ چۆن نازانی؟

من بەتەمابووم خانوو بکڕم و ئیتر واز بهێنم بەس تازە بەربم ئەچمە بەغداد.

پ/ تۆ بەڕاستی حیجابی یان تەنیا کارت بەم جۆرە پۆشاکە هەیە؟

دایم جلەکانم وایە سەرم دەرناخەم..

پ/ بۆ ؟

واباشترە کەس شکت لی ناکات.

پ/ کەست بۆ کچەکانت نەبردووە؟

ئەستەغفیرەڵڵا وامەڵێ..

پ/ ببورە مبەستم نیە، بەس چۆن؟ ئەمە بەسوکایەتی ناڵێم چونکە من زۆر ڕێزم بۆ خۆیشت هەیە، دەزانم هەمیشە هۆکارێك هەیە لەپشت هەر کێشەیەکەوە، ئەگینا بۆ کەسێکی تر وەك تۆی لێنایەت؟ شەرت نیە ئەمەی دەیپرسم سوکایەتی بێت؟

جا من بۆ ئەوان وام لەخۆم کرد..

پ/ بۆ؟

لەداخی مێرد و خەزوورو ماڵە شووبرا.

پ/ بۆ لە داخی ئەوان؟

ئەی هەموو منیان ئیهمال کردبوو.. ئینجا کچەکەم لەمەکتەب لەگەڵ کچی مامەکەی بوو، کەدەهاتەوە ئەگریا ئەی وت: "من خۆم ئەکوژم ناچمە مەکتەب، ئەوان تعلیقم لێدەدەن.. جلی جوان لەبەردەکەن منیش خەفەت دەخۆم".

بە خوا ڕۆژێکیان چوم بۆ ماڵی شووبرا ...((جنێوێکی زۆر ناخۆش بەشووبراکەی دەڵێت))... کەم برسی و ئیحتیاج چوم بۆ (100) دینار بیدەم بەئارد.. هەموو ورد بوون ئەو کاتە.. یەك گرانیش بوو.. مێردیش وازی لێمانهێنابوو ئەی وت: "من پێم بەخێوناکرێن باوەڕو قەناعەتت هەبێت شووبراکەم کەوتە کڕووزانەوەیەك هەر مەپرسە کەچی کچە (بێ ئەخلاقەکەی) هات لەبەردەمی مندا وتی: "باوکە مامۆستاکان وتویانە ((بە باوکت بڵێ300 دینارمان بۆ بنێرێت شوشەی مەکتەبە چاك دەکەینەوە))" شو براکەم دەوڵەمەند بوو منیش بۆ دیناری بەئاسمانا ئەچووم هاتمەوە ئەوەنە گریام زستانیش بوو دەستم نابەسەری عەلادینەکادا.. وتم شەرت بێت هەتا من مابم سەر نەکەم بەماڵیانا ئینجا بە (بێ ئەخلاق) یّتیش بێت ئەبێت کاری بکەم ئەوان بێن بۆلام.. ئەبێت ئەوان ئیحتیاجی خۆمو منالم بن.. تۆ نازانی چ زووخاوێکم چەشت چەند نەبوونیم چەشت..

ڕۆژ ئەبۆوە ئەچووم بۆ ئەم ماڵ و ئەو ماڵ جلیان بۆ بشۆم نان بکەم سەرم ئەکرد بەکۆشی هەزار کەسدا بۆ کیلۆیەك ئارد... خەسوم کەئەچووم چاوی ئەپەڕییە پشتی سەری.. جارێکیان وتی: "بڕۆ.. بۆ لەکۆڵمان نابیتەوە مانگا مردوو دۆبڕا".. ئینجا کوڕەکانم لەداخا وازیان لەمەکتەب هێنا کوڕە چووزانم قوڕ بەسەری، منالن ئەموت، بالەناو خەڵکا

ڕەفیق کەم نەبن.. یان مەسولە (بێ ئەخلاق و دزەکان)، ئەچوم ئەپاڕامەوە بۆ ئیشی.. کاری.. ئەیان وت: "ئەی تۆ چیمان بۆ دەکەی؟" بەخوا ناردیانم بۆ .... یەك وەرە قەیان بۆکردم فەردەیەك ئاردم بدەنێ، بڕواو قەناعەتت هەبێت تاسوارم نەبوون ئاردەکەیان نەداپێم.

پ/ کێ بوو؟

هەر مەسئولە دزەکانی ئەم شارە کێ قابیلە خۆ باوکم نەبوو.

پ/ خۆت کردە قوربانی منالەکانت؟

ئەی چی.

پ/ دوایی منالەکانت چیت بۆ دەکەن؟

چۆن کوڕەکانم زۆر باشن..

پ/ گەر زانیان تۆ بەم پارەیە بەخێوت کردوون چی دەڵێن؟

جا چاویان دەرێت سەرو ژنی جوانیان بۆئەهێنم بادانیشن.

پ/ ناترسی منالەکانت پێت بزانن؟

جا بابزانن خۆ بۆ باوکم وام لەخۆم نەکردووە غێر بۆ ئەوانە.

لێرەدا دوو عونصور یەکدەگرن عونصوری یەکەمیان سەیرکردنی پیاو بۆ ژنێکی بێ دەرەتان کەڕاستەوخۆ دەبینێت پێویستی بەیارمەتی ئەو هەیەو ناچارە لێی بپاڕێتەوە، ئەوا هەستدەکات لەبەرامبەر ئەویارمەتیەدا دەتوانێت غەریزەکانی خۆی لەژنەکەدا بەتاڵ بکاتەوە مادام ژنە، عونصوری دوەم ئەوەیە، کەمەرج نیە هەموو پیاوێکی مەسئوول ئەم داوایە لەهەموژنێك بکات بەڵام وەك پێشتر باسمانکردوە ئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن لەسیماو ئاکاراندا دیارە ..

هێشتا تاوانەکە تاوانی لەشفرۆشەکان نیە.. بەتەنها کێشەکە لەپرۆسەی ئیستغلال کردنەکەدایە.. کەناعەدالەتی زیاد دەکات و بازاڕی لەشفرۆشیش بەهەموو خراپیەکانیەوە گەرم دەکات... لەبڕگەیەکی تردا کاتێك دەڵێت هەر مەسئوولە دزەکانی ئەم شارە، بێگومان کەسێك ئەم دیاردەیە دەقۆزێتەوە کەئیستغلالی ئەرك و وەزیفەکەی دەکات ئائەمەش کێشەی متمانە بەخشینە بەدەسەڵاتێك کەدواجار بەهۆی بەرفراوانی و قەدەغە نەکردنی لەشفرۆشیەوە گەندەڵیش بەرفراوان دەکات.

— چاوپێکەوتنی سێیەم —

پ/ باشە تۆ پێت نەوتم چۆن ئافرەتت دەست دەکەوێت؟

لەڕێگەی مەکتەب.. حەفلەکان.. بازاڕ.. جا ئەم شارە پڕە.. ئەوە کەی پرسیارە.. چی زۆرە لەشفرۆش..

پ/ چۆن پێیان دەڵێیت؟

بەتەلەفۆن

پ/ چەند تەلەفۆنت هەیە؟

(12) مۆبایل هەمووشیم بۆ کڕاوە حەز دەکەی ناوکانیان بڵێم.

پ/ تۆ لەوە دەچی هیچ نەترسی؟

لەچی بترسم هەربەر دەبم خۆ بەرم نەیەن خۆم ئەزانم چۆن مەسئولو مودیرو زابتەکان ڕسوادەکەم.. تۆڕاوەستە.

پ/ خانووت هەیە بۆ ئەم کارە؟

خۆم لەخانووی کرێدام شوقەیەکیشم بەکری گرتووە لە......

پ/ پێدەچی ئێستا وەزعی ماددیت باش بیت؟

ئەروەڵلاّ.. درۆی چی بکەم هەر زۆر باشم..

پ/ کەس لە پیاوەگەورەکان توش بوە وەعدی شتی باشت پیّ بدەن؟

حەیفت نەکرد جا ئەگەر شتت بۆ نەکەن تۆ چ مەجبوری کچیان بۆ بەری بە خوا بەخوا لەداخی ماڵی شوبراکەم تاپۆی ئەرزەکەم عەیب نەبووایە ئەکردە ملم بۆ ئەوەی بتەقن.

پ/ خوێندەوارییت هەیە؟

تیجارەم تەواو کردوە.

پ/ دەوام ناکەی؟

بەیەك ڕۆژ تەعینیان کردم بەلاّم چیم لە (200) دینار بکردایە بەشی کرێکەمی نەدەکرد ئەم حوکمەتە خۆی حەزی کرد ژنی ئەم ولاّتە وای لی بێت ئەگینا حەلی کرێچیو خەڵکی فەقیریان بکردایە کەس (بیّ ئەخلاق) نەدەبوو.

تۆڵە خاڵی وەرچەرخانە لەژیانی (ح)دا ئەم تۆڵەیەش سەرەنجامی کێشەوگرفتی کۆمەلاّیەتی خێزانێکە کەکوڕەکەیان ژنێکی هەبوەو تەلاّقی داوە، دواتر لەباری ناچاریا کە(ح) تیّی کەوتوە سوکایەتیان پێکردوە (سوکایەتیەکانیش لەڕوی مادیەوەبوە).. (ح) هەرگیز دەستبەرداری ئەو هێزە ئەفسوناویە نابێت کەبەتوانایکردوەو بەشێوەیەکی ناڕستەوخۆشبێت بەدوژمنەکانی دەڵێت: "بابتەقن" ئەمەش دەرهاویشتەکانی کۆمەڵگای سەرمەیاداریە کەشەڕەکان شەڕێکی ئابورینو ماڵەوماڵ دەکرێت ئەوەی هەیبێت دەوڵەتەو ئەوەی نەیبێت وەك (ح) نەگبەتە.

پ/ ئەم کچە عەرەبە خۆی هات بۆ سلیمانی؟

ڕایکردبوو لەدەستی کەسووکاری

پ/ خۆی ڕازی بوو بیخەیتە سەر ئەم کارە؟

خۆ خۆی لەمزگەوتەوە نەهاتبوو ئەوە دوو ڕۆژ بەبێ پیاو ناژی.. وامەزانە سەری کزکردوە خۆی یەك بەرەلاّیە..

پ/ بەپێی تەجروبەی تۆکڕیارەکان بەزۆری کێن؟

هەموو نەوعن کێ ئەڵێ کەسوکاری تۆشی تیانیە؟

پ/ مەبەستم ئەوەیە زیاتر کێن چ کارەن؟

مەسئوولین.. پیاوە گەورە دەوڵەمەندەکان.. نوسەر.. موسەقەفین.. شاعیر.. خەڵکی مونەزەمەکان.. هەی هووووو...

پ/ چۆن خەڵکی مونەزەمە؟

بۆ خۆ ئەوان پشتێنی مەکەو مەدینەیان نەبە ستوە، ئەگەر عاجز نابیت پارە لای ئەوانە.

پ/ کڕیارەکان مەرجیان چیە؟

بەس منالّ بێ ئیتر وەکو سەگ بێت قەینا کە.

پ/ بۆ حەز دەکەن مندالّ بێت؟

(بۆ پیاو گرنگە ئەو کچە یان ئەو ژنە کەمترین سێکسی لەگەڵدا کرابێت، چونکە کاریگەری لەسەر لەشی ئافرەتەکە هەیە).

پ/ لەناو کڕیارەکاندا هەر گروپێك چی داوا دەکات؟ بەنمونە، گروپی کاسبکاران.. گروپی موسەقەف.. مەرجو داواکارییەکانیان چیە؟

موسەقەف: هەرچۆنێك بێت بەس منالّ بێتو ئامادەبێت (سێکسی نادروستیان لەگەلّ بکات).

عەشایەرەکان: نا.. دەڵێن: "باشانی وابێت .. (باڵی وا بێ یەکە یەکە هەموو سیفاتێکی لەشیان دەڵێن کون بەکونی لەشیان داواکاریان هەیە)... ئەو کەرە عەشایەرانە سپێشەڵیان دەوی یان قەڵەو بێت.. بەس موسەقەفەکان، نازانم بۆ ئەوەندە کەرن؟؟ باوەڕ بکە ڕۆژێك مامۆستایەکی جامعە تەکلیفی یەکێکی کرد هەر حەپەسام ئەوت قالۆنچەیە.. تەنانەت من بەم ژنیەتیەی خۆم بێزم نە ئەهاو سەیری بکەم.

**پ/ چۆن ئەوەی ویست؟ کچەکەت لابوو یان چی؟**
**ڕەسمەکانی سەیر کرد**
**پ/ بۆ ڕەسمی فرۆشیارەکانتان لایە؟**
**ئەی تەبعەن ئەگینا چۆن ماسی لەبەحرا دەکڕێت؟**
**پ/ یەعنی کڕیار پێش ئەوەی بێت سەیر دەکاو بڕیار ئەدات؟**
**هەموو کڕیارێ نا سپێشڵەکان، جاری واش هەیە تەلەفۆن دەکەن دەڵێن: "بەس (مرۆڤ بێتو مێ بێت) ئیتر چۆنە هەقی نیە موهیم ئەوەیە بەدڵی ئەو بێت.**
**پ/ گەر صودفەی کڕیارێك هات و فرۆشیارەکە بەدڵی نەبوو؟**
**ئەی جا خۆ ئەمە گۆرانی داواکراو نیە.. ئەمە کاسبیە.. جاری وایە بازرگانی مشتەریەك ئەچێتە دووکانەکەی زۆر ئیزعاجە بەلاّم ناچارە پێی بفرۆشی.. ئەی نان لەوەدایە جائەگەر بەدڵی خۆی کەسێکی دەوێت بابڕوات شووبکات بە پارە (سێکس نەکات).**

> **لەلای سەرۆك باندێك ئابەو جۆرە تەعبیر دەکرێت، هەق ئەداتە کڕیار دەڵێت: "خۆ ماسی لە بەحرا ناکڕێت" واتا دەبێت بەدڵی خۆی بێت، بەلاّم هەق ناداتە فرۆشیارو دەڵێت: "خۆ گۆرانی داواکراو نیە".. ئەمەش بۆمان دەردەخات تەنانەت لەوکارە سووکەشدا ژن کەمتر لەپیاوان سەیر دەکرێن.. هەروەها ئەم بازاڕە بازاڕێکە خواست دروستی کردوە کەلەکۆمەڵگای ئێمەدا بەپلە یەك لایەنی خواست بریتیە لەپیاوان، بەلاّم گەشەکردنەکەی لەڕێگای خستنەڕویەکە کەلەرێگای تەلەفزیۆنو سەتەییتو لەجیهانی دەرەوەدەکرێتو لەناوخۆدا جێبەجێدەکرێت.**

**پ/ فرۆشیار لەبەینی ئێرەو بەغدادا جیاوازی چیە؟**
**بێ قەزابیت ئەرزو ئاسمانیان فەرقە لەوی ئافرەت لەبرسا تووشی دەبێت لەنەبوونیا وادەکەن بەلاّم هی ئێرە لەتێریا.**
**پ/ ئەی خۆت لەنەبوونیا وات لێنەهاتوە لێرە؟**
**زروف من جیا بوو کچی ئێستا ژنی مێرداری وادێن ئەم کارە دەکەن سەرم سپی دەکەم من مێرد بە خێوم کا بۆ نانی (بێ ئەخلاقی) دەخۆم؟! یان کچان ئاخر بۆ مۆدێل گوناح نیە وائەکەن.. شتم بەدەست بوایە دەمکوشتن.**

پ/ بۆ دەتکوشتن؟

ئەی لەخۆشیا هاربوون کچی واجوان و گەنج.. بەس بۆ عەترو کەمالیەتو حەزی خۆیان سەتەلایتو مۆبایل.. ژن بە هەرحاڵ ناترسیٚ یان بێوە ژن.. بەس کچ هەموویان هاربوون بۆ (سێکس).

پ/ ئافرەت لێرە مەرغوب ترە یان لەبەغدا؟

ئافرەتی بەغدا، زۆر گەرمن بۆ پیاو هی لای خۆمان ساردن.

پ/ کڕیارەکان جیاوازیان چیە؟

هی جنوب زۆر نایەن.. ڕەزیلن جگە لەوەی پیسو پۆخڵن.. خەڵکە دەوڵەمەندو ڕاقیەکەی زۆر حەزیان لەو بەزمە نیە.. بەڵکو لەویٚ ئەچن بۆ سوریا بۆ ئوردن بۆ شوێنێکی تر، بەلاّم خەڵکە عەشایەرەکەی ئەیکات.

پ/ کڕیاری ئێرە بۆچی پارە زۆر ئەدەن؟

پارە بەلاشە، من ناڵێم هی منەزەمە یان دزیە یان مەسئوولە.

پ/ چۆن بەکچێك دەڵێیت بۆ ئەم ئیشە؟ زەحمەت نیە تا ئەو دیوارە دەشکێنیت؟

دەستەواژەی پارە بەلاشە کەلەزاری (ح) ەوە دەردەچێت ئاماژەیەکی تەواوە بۆپەیوەندی نێوان لەشفرۆشیو گەندەڵی هەروەك لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا باسمانکردوە یەکێك لەکاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەر کۆمەڵ بریتیە لەگەندەڵی سیاسیوئیداری.

خەڵك خۆی دیارە.. خۆمنیش هەر لەخۆمەوە ناچمە بەردەمی کچی پێی بڵێم ..جاری واهەیە لەدوکانی زەرەنگەرم مشتەری دێت.. خۆی هاوار دەکات، یان لەصالۆنی دانیشە بەنیو سەعات دەزانی کیٚ بۆ ئەو ئیشە دەبێت.. باوەڕم پی بکە.. لەبازاڕ بەڕێگا بڕۆم دەزانم کی ئەربابی ئەو کارەیە.

پ/ چۆن ؟پێم بڵی بۆ نموونە؟

مەسەلەن ئەو ژنانە دایم سوراوی سور دەکەن یان مکیاجی زۆر تۆخ دەکەن.. جلی ڕووت لەبەر دەکەن.. قژیان زۆر زەرد دەکەن.. یان بنێشت زۆر ئەجوون.. یان حیلکە حیلك.. یان قسەی غیر مباشر، کورە چوزانم تۆش ماڵت ئاوا بێت ئەوەندە پرسیار دەکەیت.. ((شایەنی باسە پاش سەردانی ئەوروپاو قسەکردن لەگەڵ هەندێك لە لەشفرۆشەکانی

ولاّتی نەرویج و سوید، بۆمان دەرکەوت کەئەم سیفاتانە لەلای ئەوانیش هەمان شێوەیەو تەنانەت بەهەمان جۆرو ستایڵ میکیاجی تۆخ و جلەکانیان لەبەردەکەن و ڕەنگی قژیان زەردەدەکەن[59].))

پ/ گەر بۆ نموونە پێت بڵێن کچێکی موسەقەفم بۆ بێنن؟

شتی وانیە ڕۆڵەگیان.. خۆمشتەری هەقی شهادەی نیە.. (ئەو موهیمە سێکسێکی دەست بکەوێت.. ئیسراحەتی باتێ.. گرنگ نیە بابی چەند ئاقڵە، خۆ تەعینی ناکات ئیتر شهادە چیە؟ ... نەخوێنەوارە یان دکتۆر هەقیان نیە). ئنجا پیاوە دەلاڵەکان زۆر شارەزان یەکی بەقەد سەد ژن دەزانن هەیانە لەهەزار ژن یەکی جیادەکاتەوەکە (جۆری سێکسەکەی چۆنەو بۆچی باشەو بەکەڵکی کێ دێت).

> هەربۆیە زانایانی بواری سێکسۆلۆجی و پۆرنۆگرافیا ژمارەیەکی زۆریان لەشفرۆشی بەپیشەیەکی گرنگ ودێرین وەسف دەکەن لێرەشدا دەبینین قوتابخانەیەکی تایبەتی هەیە.

پ/ چۆن، باوەڕم بەو وەڵامە نیە، هەست ناکەیت ئەمە تەنیا فەنتازیایەکە بۆ بازاڕ گەرمی خۆتان بەکاری دەهێنن؟

(نەخێر ئەوە بەتاقیکردنەوە سەلمێنراوە ئیشی ڕۆژو دوو ڕۆژ نیە).

پ/ باشە ئەو کچە خوێندەوارانە چۆن دەکەونە ئەم بازاڕەوە؟

دادە گیان حەزیان لێیەتی.. غەریزەیە لەئینسانا ناتوانی بیگری.. پێم وتی: سەتەلایت و سی دی و شتی تر من حەزئەکەم زۆر بەڕاستی بڵێم لادێی و خەڵکی تر بەسەتەلایت سی دی (بێ ئەخلاق) بوون.. بەلاّم خەڵکی زانکۆ و موسەقەفەکان بەئەنتەرنێت.. بەخوا ڕۆژێکیان کچێك ناوی ناڵێم زۆر ناشرین بوو.. بەلاّم سەرم سوڕمابوو هەرچی ئەهات داوای ئەوی دەکرد.. سیان بوون لەلام کەمشتەری ئەهات یەکسەر ئەیووت ئەوەم بۆ بکە ژوور ئیتر ناشرین و پیسیش بوو قلّیشی قاچی و بدیایە ئەتۆقای.. منیش ڕۆژێك لێم پرسی وتم: ئەوە ...((جنێوێکی ناشرینی بەکچەکە دا))... بۆ هەر تۆیان دەوی چیان بۆ دەکەی؟ کەچی وتی: "عەسر ئەتبەم لەگەڵ خۆم بۆ شوێنی شتێکت پیشان ئەدەم ئەو

---

[59] سەبارەت بەم بابەتە بەتایبەت سەردانی چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بەلەشفرۆشەکانمان کرد لە ولاّتانی ئەوروپا بەتایبەت لە نەرویج و سوید.

کوڕەی ڕەفیقم فێری کردووم.. بچمە سەر ئەنتەر نێت بزانە چی ئەبینی"..ئیتر لەگەڵیا ڕۆشتم چووین بۆ نووسینگەیەك وەڵڵا چوومە سەر ئەنتەرنێتەکەو کاتێکم زانی چووەسەر ڕەسمی ڕووت وەڵلاً حەز ئەکەم بزانی من خۆم زۆرم ڕق لەسێکسە کەچی خەریك بوو لەویا دڵم ئەوەستا.. ناچار بەو چەتیوەم وت:

> لەقسەکانی (ح) ەوە بەڕوونی دەبینین ئاستی ڕۆشنبیری چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر شێوەی لێدوان‌و ئاخافتنەکانی هەربۆیە گرنگە بزانین کەئەگەر لەشفرۆشەکان ئاستی ڕۆشنبیریان جیاوازبێت شێوەی مامەڵەشیان لەگەڵ کارەکەدا جیاواز دەبێت.

تەوالێتەکان لەکویایە.. ڕامکرد عادە سڕیەکم کرد، هیچ خۆم بۆ نەگیرا.
تومەس ئەم چەتیوە هەرچی حەرەکات و ئەتواری ناو کۆمپیوتەرەکەیە بۆ مشتەرییەکان دەکات.. ئەوانیش لەخۆشیا هار دەبن.. ئیتر زانیم مشتەریەك کەدێت ئەوی بەدڵە ئیتر بەوە کاسبیەکەی زیاد دەکات ئینجا خۆشی حەشەری بوو زۆر جنسی بوو..

پ/ بۆ مشتەری گرنگە خەریکی خۆت بیت‌و گرنگیەکی تایبەت بەخۆت بدەیت؟
زۆر نا.. چوونکە ئەوان بەپەلە دێن.. خوا خوایانە زوو بیکەن و بڕۆن.. بەڵام ئەوە تەئسیر دەکاتەماڵەکە ڕەواجی ئەو ماڵە (دەڵاڵە) زیاتر دەبێت و مەسەلەن گەر دوو ـ سی کەسی لەلا بێت زۆر خەریکی خۆیان بن و پیس نەبن و دڵیان بێت عەتروو صابوونی باش بەکار بهێنن ئەوا مشتەری زیاتر دەچێت‌و پارەی باشیش دەدەن.

پ/ باشە لەماڵی دەڵاڵەکان یاخود ئەو ماڵانەی ئێوە مصاریفی جل و شامپۆ و صابوون و عەترو ئەو شتانە کێ دەیکات؟
هەرکەس بۆ خۆی.

پ/ بۆ؟ ئەی بۆچی ئێوە بۆ ئەو کچە فرۆشیارانەی ناکڕن کە لەماڵتانن؟
نە خێر، چونکە من چیم دەس دەکەوی ئەوەشیان بۆ بکڕم پارەکە زیاتر بۆ خۆیانە کەمتری بۆ ئێمەیە.. جا ئەم کاسبیە هی ئەوە نیە.. خۆتی بۆ پاك ڕاگری‌و عەترو بۆن بەکار بهێنی خۆ لەگەڵ مێردەکەیا نیە سعاتی 20 کەس دەبینێت بەقسەی تۆبێت ئەبێت هەر لەحمام بین ئیمە، ئەمەش ناکرێت.

پ/ بازاڕەکە ئەوسا خەڵکی زۆر تیا بوو یان ئێستا؟

وەڵڵا ئیعتیادی ئێستا هەم فرۆشیار زۆر زۆربوە.. هەم کڕیار.. جاری کڕیار لەباسکردن نایەت ئەوانەی نایکەن بە پەنجەی دەست دەبژێردرێن.

پ/ زەرەنگەرو بازرگان دێن؟

زۆر نا، چونکە ئەوانەی خۆیان شتی ژنان دەفرۆشن ئاسان دەستیان دەکەوێت لەئێمە باشتر، پێویستیان بەئێمە نیە.. بەلاّم ئەوانی تر نا.. مەسەلەن یەکێ خۆی دوکانی کمالیاتی هەبێت یان زەرەنگەر ئەوانە ژنی زۆر سپێشەل دەچنە لایان (دەلاّلی) خۆشیان جیاوازە.

پ/ خەڵکی فەقیر یەت یان دەوڵەمەند؟

کوڕە فەقیر پارە ئەیا بەنان نەك بە (سێکس).

پ/ ئەو کڕیارانە خەمی تێربوونی سێکسی ئێوەیشیانە؟

نەوەڵڵا شتی وا کوا؟ ئەو خوا خوایەتی بیکات و فریاکەوێت هیچ ناکات خەمی ئێمەیەتی.

پ/ تۆ لەبەغدا چۆن ئەم کارەت دەکرد؟

لەوێش شوقەم هەبوو بەجیا..

پێویستە ئەوەمان لەبەرچاوبێت کەچارەسەرکردنی گرفتو هۆکارەکانی لەشفرۆشی گرنگە نەك قەدەغەکردنی.. گەر تێبینی سەردەمی ڕژێمی بەعس بکەین قورسترین سزای لەشفرۆشەکانی داوە بەلاّم هێشتا هەر ڕێگایەکیان دۆزیوەتەوە بۆئەوەی ئەوکارەی لەپاڵدا بکەن .. لێرەوەبۆمان دەردەکەوێت هەرچۆن ئازاد کردنی کێشەی لێ دەکەوێتەوە قەدەغەکردنیشی بەهەمان شێوە بەلاّم کێشەکان جیاواز دەبن، هەرولاّتەش بیانویەکی هەیە بۆئەم مەسەلەیە بەنمونەش لەولاّتی نەرویج حوکمەت نایکاتە پیشەیەکی ڕەسمی چونکە دەڵێن ئەوکاتە دەوڵەت دەبێتە سەرۆك باند لەسویدیش قورسترین سزادەدرێت بەسەر کریارەکاندا، لەبەلجیکاش لەجامخانەدا دانراون و بەڕەسمیش لای حوکمەت قەدەغەیە.

ناڵێم ئنجا لەشارع ئەتبابووم ناو جەرگەی عیادەکان و هەندێك جهازو شتی وامان دانابوو هی علاج تەبیعی کەس نەی دەزانی.

پ/ هەموو ڕۆژ دەچویت بۆ ئەو کارە؟

ئا.. مناڵەکان وەیان دەزانی ئیشی علاج تەبیعی دەکەم کەس هەستی پێ نەدە کردم.

پ/ لەوێ ترست نە بوو لەحوکمەت؟

با چۆن بیزانیایە ئیعدامی ئەکردی..

**پ/ كڕیاری ئەویٚ نەدەهات خۆی لەناو حیزبی بەعسدا دەستی هەبێت؟**

**نا نا.. ئەزانی چی؟ من پێم وتی: تەبعەن فاسدترین شعبو جیش هی عێراقە، بەڵام هەر نوخبەو (دەڵاڵی) خۆی جیاوازە بۆ ئەوەی كەشف نەبیت.. ئێستا ئەكیدبە ....كانی[60] ئێرە بەدەگمەن هەیانە خەریكی ئەو بەزمە نەبێت، بەس من بۆی بەرم شێتم ئەكات.. ئەشم دات بەگرت، من (دەڵاڵ) دەناسم ناوی (ڕ) بەس ئیش بۆ ....كان دەكات.. كچ دەباو دەهێنی ئاوایە لەجەیشیشا زۆر هەبوون بەس (دەڵاڵی) خۆیان هەبوو.**

**پ/ تۆ كام نوخبەت گرتبوو؟**

**زیاتر كوردەكانی ئەوی موستەشارو كۆنە بەعسیەكان ئەهاتن سیقەمان بەیەكتر بوو یان هەندێك عەربی سونە ئەهاتن.**

**پ/ ئەی شیعەكان؟**

**لەناو شیعەدا فرۆشیاریان زۆرە، بەڵام كڕیاریان زۆر كەمە، چونكە پیاوەكانیان هەیانە لەساڵێكدا چوار ژن مارە دەكات بەسیغە، پاشان تەڵاقی دەدات.**

**پ/ بۆ هاتیتەوە ئێرە؟**

**بەغدا زۆر گرانیە، ئینجا دووـ سی جار خۆم سەرم ئەیا لێرە بینیم پارە بەلاشە بۆ (خەوتنێك)100 $ ئەدری بڕوابكە ئەوەی لێرە بەڕۆژی پەیدای دەكەم لەویٚ بەمانگێك پەیدا ناكرێت.**

**پ/ بۆچی؟**

**كاكە موزەڤ ئەوی برسیە.. موحتاجە.. بیٚ زەوقە.. سەتەلایت نیە.. موبایل نیە.. سی دی نیە.. خەڵك هەر صدامو صەدام.. لێرە خاریجو سەتەلایتو ئەنتەرنێتو ئائەم شتانە تەئسیری هەیە.**

**پ/ ئافرەتی ئەوی كامانەن كەتووشیان بوە بە تووشی بازاڕەكەوە؟**

**لەوی زۆر دەگمەن كچ ببینی تووش بووبێت.. زیاتر بێوەژن یان ژن لەبرسان بەڵام لێرە هەمووی، بەتایبەتیش بۆ مۆدێلە.**

**پ/ لەڕوی دینەوە هەست بە گوناح دەكەن؟**

---

[60] **باس لەپیشەیەكی زۆر ئینسانی دەكات..**

تەبعــەن مــن ئێســتا نوێــژ دەکــەم بــەخوا بــەڕۆژووش دەبم. ..((هەناســەیەکی قــوڵی هەڵکێشا))...

پ/ ئێستا زیاتر لێرە کڕیار خەڵکی کوێن؟

ئەو شارە لەخەریتەدا بوونی نیە، کە کڕیاری تیانەبێت...

پ/ لێرە ماڵەکەی خۆت بەکار دەهێنی؟

نە ء. من لێرەش و لەبەغداش نەم هێشتوە یەك کەس بێتە ماڵی خۆم.. پیسن زۆر.. ئینجا نایەڵم کەس پێم بزانی ئەی بۆ شوقەم گرتوە من دوو کرێ خانوو ئەیەم شەوان ئەڕۆمەوە ماڵی خۆم.

پ/ شو قەکە چۆڵە؟

نەخێر.. ماڵێکی تیایە پێکەوە کرێ ئەدەین.

پ/ ئەوانیش ئەو ئیشە دەکەن؟

ئەی خۆ پەشتەماڵ ناگرن بە دەموچاویانەوە؟ قابیلە..

پ/ ژن و مێردن؟

پیاوەکە خۆی بۆ ژنەکەی دەهێنێت.

پ/ ئەو پیاوانا غیرەناکەن کەخۆیان خەڵك بۆ ژنەکانیان دێنن؟

کوڕە نەوەڵلاّ بەعەکسەوە کەپیاوێك دێنن سعاتی وەسفی دەکەن بۆ ژنەکانیان.

پ/ خۆشیان لە گەڵ ژنەکانی خۆیان دەخەونەوە؟

ئەی بۆ نا.

پ/ چۆن ڕازی دەبن؟ بەقسەی مێردەکانیان دەکەن؟

نــەت بیســتوە مەنجــەڵ ئەگــەری ســەرقاپی خــۆی دەدۆزێتــەوە؟ مــەرد مــەردی دەوێــت و (دەلاّلیش بەدوای لەشفرۆشدا دەگەڕێت) وانەبێت ئاشیان ناگەڕێت.

پ/ قەت بیرت کردۆتەوە ڕۆژێك واز بێنیت؟

ئا.. زۆر زۆر بەس زۆرم نەبوونی چەشت.. حەزناکەم دووبارە بیبینمەوە.. ماڵە شوبراکانم و خەسوم ڕەبی (زەلیل بن)، ئەچوم ئەم وت: هـاتوم بـۆ تـۆزی شـەکر یـان ئـارد ئـەگریان.. ئاخر ئەبوو کە باوکە (بێ ئەخلاقەکەیان) لێی نەپرسینەوە هیچ نەبێت ئەوان دەستمان بگرن ئاگایان لێمان بوایە.

**پ/ ئیستا ئەوان نازانن تۆ ئەم ئیشە دەکەیت؟**

**نانا.. خوا نەکات.**

**پ/ هیچ نایان بینیت؟**

**با چۆن ڕۆژێکیان مناڵە کانم برد بۆ بازار کچەکان بەرە جەژنان بوو هێوەرەکەم بینی ئالەم ماوەیەدا وەڵلاّ لەداخی ئەوان چی لەو دوکانا بوو بۆ کچەکانم کڕی.. ئیتر بۆ حەفلەو شتی وا بچم ئەیان بینم جارێکیان کچە بەرەلاّ کەی بە کچە گەورە کەمی وتبوو: "دایکت ئیشی چیە".. ئەویش وتبووی: "لەمنەزەمەیە".. کەچی وتبووی: "بۆ ئنگلیزیەکەی زۆر باشە".. ئیتر خەریك بوو بچمە سەریان دەزگیرانەکەم نەی هێشت.**

**پ/ لە منەزەمەش ئیشتکردوە؟**

**شەش مانگ**

**پ/ بۆ وازت هێنا؟**

**لەماڵی ئەجنە بیەکە بووم ئیتر ڕۆشتەوە.**

**پ/ تۆ نەئەترسای سکت بێت؟**

**من نایەڵم بێن بەلاما ئەگەر کۆندۆم بە کار نەهێنن خوا ئەزانی چەن پیسن.. لەبەر نەخۆشی و شتی واش.**

> **دەبینین لەبەرئەوەی (ح) خوێندەوارەو تائاستێکی باش خوێندویەتی ڕازی نابێت بەبیٚ خۆپاراستن سێکسی لەگەڵ بکەن چونکە هوشیاری هەیە بەرامبەر مەترسیەکانی سێکس لەڕووی مەترسیەوە، لەلایەکی تر کڕیارەکان نەك لەڕووی ئەمنی قەومیەوە بەڵکو لەڕووی تاکە کەسیشەوە هۆشیاریان نیە بەرامبەر ئەم مەسەلەیەو زۆر کاڵفامانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، جاباهەزار ئەوەندە بەرپرس و کاربەدەست بن.. ئەمەش مەترسیەکی گەورە دەخاتە سەر باری تەندروستی و پاشە ڕۆژی ئەم کۆمەڵگایە.**

**پ/ کڕیار ڕازی ئەبن کۆندۆم ببەستن؟**

**وەڵلاّهی زۆرنا چونکە ئەوان ئەڵێن ئێمە بۆیە پارەی پی ئەدەین کە بە ئارەزووی خۆمان بێت.. ئینجا ئەو میزەڵانە زۆر ناخۆشە بۆ پیاو.**

**پ/ بۆ چی زۆر لەسەرۆك باندەکان خۆیان دوایی نایکەن؟**

ئەی زەحمەتە ڕۆژی 100 پیاو بێت بەلاماندا.. ئەکید ناخۆشە لەبەر ئەوە باشترین شت ئەوەیە خۆمان ئەوە نەکەین، بەس ماڵەکە بەکاردەهێنین و بەکرێی دەدەین.. ئینجا گوناحەکەش نایەتە سەرمان.

پ/ چۆن گوناح نیە؟

ئاخر بۆ گوناحە بەعەکسەوە هەزار کەس حەزیان لەیەکە ئەمە سونەتی حەیاتە خوادایناوە جا خراپ بوایە یان گوناح خوا هەڵبەتە داینەدەنا.. تۆ دوودڵ لە یەك نەکەی زۆر خێرە.

پ/ خۆتان کەیەکێك یەت ئەچنە ژوور؟

با جاری وا هەبوە دەنگیان زۆر هاتوە منیش بەشەرم حەزمکردوە.

پ/ ئەی چی دەکەیت؟

من زۆر زۆر ئارەزوو بکەم دەچم عادە سری دەکەم.... ((پێکەنی))...

چی زۆرە ئێستا هی دەستکرد.. ئەوسا هەندێك جار میوەبەکاردەهات علم پێشکەوتوە.

پ/ ئافرەت زۆرە کەعادەسری بکات؟

جا ژن هەیە نەی کات.

پ/ بۆ پێش ئەوەی دەست بەیتە ئەم ئیشە عادەی سریت دەکرد؟

من ئەوسا لە نەبوونیا شێت بووبووم.. وەك پیرێژنم لێهاتبوو.. بیری جنس و شتی وام نەمابوو حەز ئەکەم بزانی نەبوونی غەریزەش ئەکوژێت پارەش زیندوی دەکاتەوە.. پێم بڵی کام دەوڵەمەند نایکات؟

پ/ بۆ؟ پارە ئەو غەریزەیە زیاد دەکات؟

کەموشکیلە نەما ئیتر هەموو خەیاڵ دەڕوات بەلای (سێکسدا). تۆ سەیری ئافرەتی ماڵە دەوڵەمەندەکان بکە خۆشیان پارەی پی دەدەن.

پ/ چۆن؟

ئافرەت دەناسم زۆر دەوڵەمەندن و ئەسڵ و فەسڵیشن.. بەس خۆیان پارە ئەدەن بەس پیاوی بچی لەگەڵیان سێکس بکات.. چونکە ئەوەندە دەمێننەوەو شوو ناکەن یان مێرد ئیهمالیان دەکاو هەر خەریکی تجارەت و پارە پەیداکردنن لەدەریشەوە خۆیان بێ دڵی ناکەن.. ئیتر وا ئەزانن کە ژن و ماڵەکەیان پارەیان پی بوو سیارەیان هەبوو تەواو.. خۆ

**غریزەکە بەپارە تێرنابێت ئەوە شتێکی ترە دەبێت تێری بکەیت.. پیاو دەتوانی ژن تێربکات و ژنیش پیاو.. تەواو کەری یەکن.. بەخوا یەك ملیۆن (شتی) سەناعی وەك ڕاستی نیە.**

**پ/ ئەگەر کڕیارێك هات و وتی: "ئەو ئافرەتەم دەوێت"، بەلاّم ئەو وتی: "سووڕی مانگانەم هەیەو ناتوانم"؟**

**جا عادە بوون کەی مەوزوعە ڕۆڵە گیان؟ تۆ زۆر داماوی.. (پیاو گوێ ناداتێ ژن پیس بێت خوێناوی بێت هەر شتێك بێت یالّلای دەکرد وەك زبالّە دەبوو موهیم ئەوەیە سێکسی خۆی بکات).**

**پ/ حەزت لەچ ڕەنگە؟**

**مارۆنی.. مۆری تۆخ.. سوری تێر.. مەیلەو مارۆنی بێت..**

**زۆر سوپاس ماندووم کردیت..**

**نانا موهیم نیە پرسیارت نەما... ((بەتوانجەوە ئەم قسەیەی کرد)) ...**

> **ئەم ژنە زۆر توڕە بوو.. بەردەوام بەخەبەر بوو.. خەوی زۆر کەم بوو.. هیچی نەدەخوێندەوە.. بەردەوام بە هەڕەشەوە قسەی دەکرد..هیچ کەسی بە پاك نەدەبینی زۆر بڕوای بەئێمەش نەبوو.. سەیری سی دی نەدەکرد بەس جگەرەی دەخواردو بەعربی لەبەر خۆیەوە لەسەر هەموو مەوزوعێ مەسەلی دەوت.. زۆر لوت بەرز بوو.. کەسێکی سادە نەبوو جلەکانی زۆر موحتەشەم بوو.. بەس خۆی دەی وت: "جبەو لەچك تەسکەرەی تزویرن.. مەسیحیەك بەتەسکەرە ئەبێتە ئیسلام"..ڕقی لەهەموو خەڵکەکە بوو بەردەوام بەقاتلەکانی دەوت خائینن لەژێرەوە ڕەقەم تەلەفونی ئەدا بەخەڵك بۆ ئەوەی بچنە ماڵی.**
>
> **لەڕووی دەروونیەوە زۆر ماندوو بوو، ئازاری خۆی زۆر دەداو بەبەردەوام جەستەی خۆی ئازار دەداو لەگەڵ سەرۆك باندێکی تردا لەشەڕدا بوو.**

## فرۆشگای سێیەم

| | |
|---|---|
| خاوەنی: | ب. ع. ح |
| تەمەن: | 51 ساڵ |
| دانیشتوی: | شاری کەرکوك |
| تەمەنی لەشفرۆشی: | 12 ساڵ |
| وەك سەرۆك باند کاریکردوە: | 9 ساڵ |
| ئاستی خوێندەواری: | دووی ناوەندی |
| ڕێگای فێربوون: | نەبوونی و لەڕێگای بازگەکانی ئەوسای سەردەمی ڕژێمی بەعس لە نێوان شاری چەمچەماڵو کەکرکوك. منداڵەکانی پشتگیری دەکەن. |

چاوپێکەوتنی - یەکەم -

پ/خەڵکی کوێیت؟

خۆم بە ئەسڵ کەرکوکیم بەڵام ئێستا هاتوم بۆ سلێمانی.

پ/ دەمێکە؟

نەوەڵڵا من بەردەوام دەگەڕێم یەك ماڵی سابتم نیە.

پ/ بۆ؟

تۆ دەزانی بۆ..

پ/ من نازانم ڕەنگە تەسەورم هەبێت؟

ئەوە قانونە هەموو (دەلاڵێك) ئیشیەتی و دەبێت واش بێت.. ئەی تۆ لەسجن (ن)و (گ)و ئەمانەت نەبینی هەموویان وان دەبێت ماڵە کەیان.. پشتی کەرێك بێتو هەرڕۆژەی لەکوچەیەك بیت.. دەنا نانت ناڕوا.

پ/ ئاخر بۆ؟ گرنگی ئەوە لەچیدایە؟ ئێوە گەر لەجێگەیەك بن باشتر نیە بۆ خۆتانو مشتەریەکانتان؟ ڕەنگە زۆری بوی تامشتەری پەیدا دەکەن لەگەرە کی تازە یان شاری تازە؟

بێ بەلاّ بیت.. لەتۆ وایە کارمان دەوەستی، وانیە بەعەکسەوە مشتەری خۆی کوناو کون دەگەڕێت لەشوێنمان باوەڕبکە شەوان بۆئەوەی تۆزی مێشکم ئیسراحەت بکات تەلەفون قوفلْ دەکەم تا وازم لێبهێنن من ناتوانم ئیزعاج دەبم.

پ/ چ وەختێك بێ مشتەرین کام سەعات؟

بڕوابکە شتی بلّێم ڕەنگە بلّێیت درۆدەکات سعات (5) بەیانی مشتەری هاتون.. منیش دەکەمە هەرا دەلّێم ها لەمالْ دەرکران نان نەبوو بیدەن پێتان. خۆ بڕوا بکە پیاو نانو ئاو لەلای موهیم نیە! بەس (سێکس) موهیمە..(ژن دەتوانێت بلّێت: "ها سێکس، بەلاّم وەك کەر بەکارتان دەهێنم، ئەوا پیاو دەلّێت باش زۆر باشە")

پ/ دەمێکە خەریکی ئەم ئیشەیت؟

ئەرەوەڵلاّ زیاد لە 10 سالە.. بۆ درۆبکەم.

پ/ ئەی هەست بە بێزاری ناکەیت؟ چۆن ماویت؟

... ((بە پێکەنینەوە))...جا خۆ ژنی واهەیە 50 سالْ لەلای مێردە.. بۆ بێزار نابێت ئینجا بەقوربان من خۆم ئێستا سێکس ناکەم، بەس (دەلاّلیی) دەکەم.

پ/ دەتوانیت بەتەواوی پێم بلّێیت ئیشی (دەلاّلْ) چیە؟

خۆزگە دەمزانی.. تۆ بۆ حەز دەکەی بیزانی؟

پ/ ئەمەوێت بزانم سەرۆك باندی کێیەو چ کارەیە؟

سەرۆك باند چیە بسمیلا.

پ/ یەعنی ئەو (دەلاّلْ)ییەی کە خۆت دەیلّێی بەزمانێکی موسقەف؟

(پف) موسەقەف؟ خۆ هەر موسەقەف ئێمەی فێرکردو کچ هەموومانی (بێ ئەخلاقْ) کرد

پ/ چۆن؟

ئێ چۆن چیە؟ من لەپێشا مالّم لەکەرکوك بوو زەمان صەدام.. ئەوسا ئەم ئیشە هەر هەبوو غێر تۆ دەزانی عالەم لە برسان (بێ ئەخلاقْ) بوون من منداڵم زۆر بوو مێردەکەم بەخێومانی نەدەکرد خۆی نەدەکردە خاوەنمان ئێمەش خۆم و کوڕەکانم لە مەعبەین سلێمانیو کەرکوك قاچاخ چێتیمان دەکرد! غێر خەلّکیان دەگرتو ئەزێتیان ئەدا ئەوسا ئیتر ناچار بەقو ربان فێربووم لەسەیتەرە معبین کەرکوكو سلێمانی چەمچە مالْ.

پ/ چۆن؟

ئی پێت ناڵێم لەسیتەرە کارمان دەکرد خۆم‌و کوڕم بەرە بەرە وانەبووایە ئیشمان ماشی نەدەبوو لەپێشا خۆمان لەگەڵ زابت‌و ملازمەکاندا بەرە بەرە ئیتر تاوای لێهات کچمان بۆیان دەبرد.. حەز دەکەم بزانی من زۆر صریحم کچی محمد لەسەیتەرە بەبێ (دەلالیی) ئیشی نەدە ڕۆشت دەبوو کچ بەری ئەوسا دەیان وت: "بڕۆ"

پ/ ئەو کچانەت چۆن دەست دەکەوت؟

بێ بەڵڵا بیت.. تۆ وادەزانی کچ مووروە یان زەنگیانە؟! بەخوا ئێستا لێم گەڕێیت دووسەعات دەرچم‌و دێمەوەلات سیانت بۆت دێنم چی زۆرە کچ چی زۆرە پیاو تا ئەو کارە نەکەی نازانی لەهەمووشت زۆر ترە.

پ/ ئاخر چۆن مەسەلەن کچێك کەخۆی سەرەتا خەریکی ئەو کارە نەبووبێت چۆن تووش دەبێت؟

ئێ لەدویان دەگەڕێین.. بۆنمونە لەحمام.. لەساڵۆن.. لە دوکانەکان.. لەمەسبەح.. چی زۆرە؟ ـ شوێن.. دەیان دۆزینەوە.. دەچمە پێش لێیان مەسەلەن لەحمام دەڵێم: تۆدەناسم یان بەگەرمی چۆن‌و چاکی دەکەم لێیان مەسەلەن: (حاشا لەڕووی تۆ هێواش هێواش کەمە کەمە دەچمە پێش یان گەر زانیم تەمەنی زۆر گەورە نیەو مراهقە لەرێگەی کوڕێکی گەنج ڕەقەم موبایلەکەی ئەدەمی تاڕای دەهێنێت یان ئەو دوکاندارانەی کچ زۆر دەچن‌و قەرز دەکەن ئیتر قەرزەکەیان بۆ ئەدەینەوەو خۆیان ڕازی دەبن).. ڕێگە زۆرە ماڵ ئاوەدان هەی هووو هەی هووو..

تۆ وادەزانی خەڵکی شەریف زۆر ماوە بەخوا بڕوام وایە لە90٪ی خەریکی ئەوبەزمەن.. بەس مەرج نیە هەمووی بگیرێن، وئێستا خەڵك زەنگینە دەزانن چی بکەن‌و چۆن وا دەکەن بڕوابکە خەڵکی وا دێن‌و مشتەرین هەزار سوێند بخۆ کەئەوانە شەریفی مەکەن.

پ/ باشە بە ڕای تۆ ئێستا کاسبیەکە زۆرە یان زەمانی صەدام؟

ئەکید ئێستا ماڵ خراپ ئێستا ناکری مقارەنەی بکەیت بە زەمانی صەدام.

پ/ بۆ؟

ئەوساعالەمەکە دەترسا هەبوون بەڵام بەئاشکرا نەبوو.. بەقورئان من ئەوسا لەگەڵ ماڵ (س) ئیشم دەکرد ملازم‌و زابتی وادەهاتن ڕائید هەموو پیاوی گەورە یان

موستەشارەکانی سلێمانی بەخوا ڕۆژی سیانو دوان ئەهاتن بۆماڵ (س) ڕەنگیان زەرد دەبوو تادەردەچوون لەماڵ بەلاّم ئێستا بۆتە مۆدە عالەمەکە هەمووی.

پ/ ماڵی (س) کێن؟

دەبینین لەلەشفرۆشیشدا وەك هەمو پیشەیەکی تر پلە بەندی هەیە کەلەکۆمەڵگای ئێمەدا بەئیغتصاب دەست پێدەکاتو پاشان بەخواستی خۆی لەشفرۆشی دەکاتو پاشان لەلەشفرۆشیدا پسپۆردەبێتەوەو پاشان دەبێتە سەرۆك باندو دواجاریش وەك (ب) بەجۆرێك لەجۆرەکان یان بازرگانی دەکات یان خانە نشین دەبێت .. هەربۆیەدەبینین پلەبەندیەکی لەدەسەلاّت تیادایەوجارێکی تر ناگەرێتەوەبۆئاستی لەشفرۆش ،

(دەلاّلێکی) بەناوبانگە لەکەرکوك دایکیان کچیان مێردیان کوڕیان هەموو خەریکن کوڕەکان مشتەریان بۆ دەهێنن باوەڕبکە لەزەمان صەدام چوار کوڕی هەبوو هیچیان عەسکەریان نەدەکرد هەموو وەرەقەی ئیستخبارات لەباخەڵیو کاری خۆیان دەکرد ئەوان زۆر زەنگینن.

بە خوا بۆ کوڕەکەم سی جار تەکلیفم کرد یەك وەرەقەی بدەنی ئێستاش نەیانکرد هەر وتی: "ڕاوەستە.. ڕاوەستە.. بەیانی ئێ سبەی".. ئێ صەدامیش ڕوخا ئەوان هەروتیان: "بەسەرچاو"... بەشەرتی ماڵم بۆیان پاك دەکردەوە کچم بۆ پەیدا دەکردن خۆم هەموو ڕۆژ خە ڵکم بەڕێدەکرد.

تائێستاو لەماوەی ڕابردوی توێژینەوەکەماندا توانیمان زۆربەی زۆری کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لەسەرکۆمەڵگاکەمان بەپێی بنەما تیۆریەکان بخەینە ڕوو و بیسەلمێنین، ئێستاش دەبینین لەسەر خەڵکی کوردستانو لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا لەشفرۆشەکانیان بەکار هێناوە بۆ کاری سیخوڕی.. پێویستیەکانی ڕژێمێکی تۆتالیتاری وەك بەعس بەسیخوڕی، هەروەها ئەو حوکمەی کەهەی بوە بۆئیعدام کردنی لەشفرۆشەکان دوودیوی یەك پارەن چونکە:

1. سیستەمی بەعس سزای لەشفرۆشەکانی داوە بەئیعدام بۆئەوەی کاریگەریەخراپەکانی لەخۆی دوربخاتەوە.
2. لەڕووی پراکتیکیەوە لەشفرۆشی وەك کەرەسەیەك بەکارهێناوە بۆکاری سیخوریو هانی داون بۆ ئەوکارە.

ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ بەنهێنی بلاّوکردنەوەی لەشفرۆشیو فەراهەمکردنی وەك کەرەسەیەك بۆ بەدەست خستنی هەواڵی سەربازیو خستنەڕووی پلانە سیاسیەکانو... تاد، کەواتە یەکێکی تر لەکاریگەریەکان.. کاریگەریی لەشفرۆشیە لەسەر ژیانی لەشفرۆشی لەکوردستاندا.

پ/ تاچەنێك لەوماڵە مایت؟

من زۆر لەوی بووم پیاو ڕاست بڕوا، کارم لەگەڵیان دەڕۆشت، ئیتر من گیرام لەساڵی 1998 خۆم و کوڕەکەم حوکم بووین نەبوو تۆ هاتیتەلامان لەمعسکر سەلام.. ئەی خۆت نەتبردم بۆ دکتۆری سلێمانی لەگەڵ پۆلیسەکان بیرت نایە..

پ/ با چۆن دەزانم لەسەر تجسوس گیرابووی وانەبوو؟

با بڕوابکە توهمەتیان بۆ دروست کردم بۆ خۆمو کوڕم من هیچ ئاگادار نەبووم نا مەیەکیان پێدام بیدەمە دەست ئەو پیاوە لەچەمچەماڵ کەهاتم لەسیتەرەکە خەبەریان دابوو (بێ ئەخلاقٚ) ەکان یەکسەر خۆمو کوڕمیان داگرت ئی وەڵڵا تفتیشکراین نامەکەیان گرت ئیتر بردیانین بۆ ئاسایشی سلێمانی پێنج مانگ تەحقیقیان لێکردین دوایش حوکم دراین..

پ/ ئەمجارە بۆ گیرایت؟

ئەمجارە بڕوابکە بێ گوناح گیرام من ناڵێم پێت بڕوابکە درۆناکەم من خۆم دەڵێم کە ئیشم (دەلاڵ) یە با مەسوولەکان وانەکەن ئێمەش واناکەین دەی فەرموو خۆیان یەك سەعات ئیدارە ناکەن بەبێ (سێکس) ئیتر بۆ ئێمە دەگرن؟ من لەگەڵ ئەوکچە فەقیرە هاتم بۆ سلێمانی کەچی ڕاست لە سیتەرەکە ئێمەیان گرت. بەخوا لەکاتی تەحقیق پێم دەڵێن یەکێکمان بۆ بێنە ئەوراقتان ون دەکەین.

پ/ ڕەنگە درۆیان کردبێت بەس ویستبێتیان تۆ تاقیبکاتەوە؟

درۆدەکەن؟ ئەگەر ئێستا لەپێش چاوت تەلەفونم کردو مەوعیدم دانا چی دەڵێیت؟

پ/ نازانم ڕەنگە واش بێت؟

بەقوربان من بوختان بۆ کەس ناکەم بەخوا سەد جاریشم بگرن هەر بەردەبم ومن ناترسم کاسبی خۆم دەکەم.. بەس ئێمە خەڵکە داماوەکەین بەردەستیان دەکەوین ئەی ئەو هەموو خەڵکەی تر کەخەریکن بۆ ناگیرێن؟.. ها؟ ئەوەی (سێکسمان) لەگەڵ دەکات بۆ ناگیرێت مەگەر من کچ بۆ کەر دەبەم یان بۆ مانگا غێر بۆ خۆیانە.

پ/ باشە موهیم ئێستا بەربووی بۆ ناڕۆیتەوە کەرکوك؟

ئی بێ بەلا بیت.. ناڵێم.. پێتم نەوت.. ئەوکچە فەقیرە بەرئەدەم (ئی) فەقیرە عەرەبە من هێناومە.

پ/ ئەی لەسەر چی بەرنابێت؟

حاكمە (بێ ئەخلاقێ) ەكان دەڵێن بەری نادەین تاكەسێك نەبێتە كەفیلی و دەبێت معاش زۆربێت.. ئی باشە.. من ئەو كەسە لەكوی بێنم؟ راتبی لەشەش سەد هەزار 600,000

ـ ب: ئەهلەن كاك حاكم(..)

+حاكم (..): سەحەتت (ب)

ـ ب: ئا(ب)م.. ها تەبعەن زەنگینی دەمناسیتەوە... كاكە من دوێنێش چووم بۆلای كاك (..) دەڵێت برۆ كەفیل بهێنە..

+حاكم (..): ئێ كاكە وایە ئەبێت كەفیل بهێنیت.

ـب: كاكەمن لەكوێ بیهێنم ئێوە گەر كەفیلتان دەوێ لەكركوك بەسەر چاو وەڵڵا سیان دەهێنم بەس ڕازی بن.

+حاكم (..): ئەی تۆ وەعدی دەعوەتت نەدا؟

ـ ب: ئێ باشە كاكەگیان تۆ ئەو ئیشەم بۆ بكە وەڵڵا دەعوەتی خۆشتو كاك (...) ش دەكەم. هەمووتان بە بان چاو.

+حاكم (..): ئەترسم خۆیمان بۆ بهێنیت؟

ـ ب: نا وەڵڵا یەكێكت بۆ دەهێنم لەپاكەتا باشە.. ئەھ برام وەڵڵا بەدڵێ خۆت بێت.

+حاكم (..): ئەوە لەكوێوە قسەدەكەیت؟ ئیشم هەیە دوایی بیكەرەوە.

ـ ب: دەی باش باش.. سەرچاو كوڕە هەمووتان بەرتیل نەبێت كارێك ناكەن هەردەبێت دەمتان چەوركەن دەبڕۆدەی باشە خواحافیز سەلامەت بیت خۆشبیت مەمنون.

كەمتر نەبێت من لەسلێمانی كێ دەناسم؟

پ/ چۆن تۆ ناڵێیت مشتەریمان لێرە زۆرە؟

با.. بەقوربان. ڕەنگە باوەڕ نەكەیت.. بەخوا گەر حەز دەكەی ئێستا لەپێش چاوت بۆكەس نا.. حاكم ...((ناوی حاكمێكی برد))... ی دەكەم وەرە گوی بگرە بزانە چی دەڵێت؟ دوێنی ئەم عانانە من دووسەعات لە محكەمە چاوەڕی بووم دەوەرە گوی بگرە بزانە ئێستا چی دەڵێت.. ئیتیساڵ دەكەم.

پ/ باشە چی دەڵێت؟

كچی لێم دەوێت دەڵێت تۆ كچێكی ناسكم بۆ بهێنە ئەوسا كێشە نابێت كەفیل ئەدۆزینەوە.

**پ/ ئادەی تەلە فون بکە بزانم وایە؟**

**ڕاوەستە وەرە تەنیشتم گوی بگرە.. وەرە تەماشا ئەو دەفتەرە بکە.. چەن ژمارە تەلـەفونی تێدایە؟**

**...((پاش پێنج جار لەزەنگی مۆبایلەکە ئەم گفتوگۆیە بەڕێوە چوو)):**

**باشە.. باوەڕت پێم نیـە.. حەزدەکـەی ئێسـتا لـەپێش چاوتا تەلـەفون بکـەم بـۆ سەدکەسـی تر.**

**ژنێك ناوی (خ خانی دەلاڵـە).. دەڵێت: "جاری کـاك (...) ئـەوە هـەر نـەیکردبێت، بڕوابکـە لەڕۆژێکدا بەشەش ناڵێت بەس هەردەڵێت بێنە"...((پێکەنینێکی زۆر پێکەنی))...**

**بڕوابکە.. بەچاوی عەزیزی هەردووکمان.. ڕۆژێك تەلەفونێك لێیدا وتـی: "واشێت دەبم بـۆ کچێکی عەرەب.. بۆم بنێرە بەس ئەسمەرو توندوتۆڵ بێت.. بابەرگەم بگری".. ئـی منـیش هـاتم یـەکێکم بـۆی هێنـا وەك ئەسـپ.. مـن لـە فنـدق (...) چـاوەڕێم دەکـرد کەچـی دوای دووسەعات کچە فەقیرەکە وەك مشکی تۆ پیـوی لێهـاتبوو باوەڕبکـە قاچـی نـەبوو لەسـەری بڕوات بەسەیارەیەکدا ناردبویانەوە.. لەبان شارعەکە دایان بەزاندبوو.. کەهات چاوم پێـی کەوت ئەوەندە پێکەنیم ژان گرتمی.. ئەویش سەری ئاوسابوو دەی قیژان جنێوی ئـەدا بـە عـەرەبی، چـەندم پـیێ وت: کچـە زمانـت بگـرە فیـزاح مەکـە حـەیامان دەچـێت هـەردەیوت: "مردم سەگبابە کوشتمی" (فـەقیرە نـەی دەتـوانی بجوولێتـەوە هـەر وەك حـەیوان مامەڵـەی لەگەڵکردبوو.)**

**پ/ زۆرن ئەو پیاوانەی حەزدەکەن سێکسی نا درووست بکەن؟**

**جـا کـام پیـاو (سێکسـی نادرووسـتیان ناوێـت؟) مـن سـەرم سـپی کـرد.. عـەرەب.. کـورد.. تورکمان.. فارس.. هەموویم دی.. ئەشەمبیلا پیـاوە مەسیحیەکان کـەمتر.. دەنـا کـام پیـاو تۆ زۆر شـەریف دەیبینیـت، (سێکسـی نادرووسـتیان) دەیـەوێت.. ئـەویش ئێسـتا مـاوەی سی ساڵە فەزیح.. تۆ نازانی ئەوسا زەمان صدامو وانەبوو ئێستا هەموو شتەکان گۆڕاون وەك سی دیو سەتەلایت..**

**پ/ چۆن کچەکان یان ژنەکان ڕازی دەبن؟**

ئی فەقیرانە چی بکەن؟ بەلآم هەیانە بەویژ دانە مەسەلەن تەکلیف دەکات بەلآ م کەزانی ئافرەتەکە ڕازی نیە ئیتر زۆر تەکلیف ناکەن.. یان هەیانە تەکلیفی شتی تر دەکەن شتی پیس وەك‌و سەتەلایت..

پ/ وەك کەسێکی بەئەزموون بەڕای تۆ ئێستا سێکس زۆر گۆڕاوە؟

ئیعتیادی .. ئەوسا نالێم پێت.. کابرا ئەهات یعنی (جارێك دوو جار سێکسی دەکرد)و دەڕۆشت ئێستا سێکس تەتەوری کردوە.. ئەوسا کێ دەی وێرا؟ یان کی دەی زانی؟ (سێکسی نادرووست بکات).

پ/ من بیستم هەندێ کات ئافرەت هەیە دزراوە ئێوە بەکاری دەهێنن بۆ ئەو ئیشە؟

نا.. وانیە.. بەلآم ڕەنگە دزرابێت و فرۆشرابێت من چوزانم دەستاو دەستی کردبێت و خۆشی ئامادەنیە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی دەڵێت دەمکوژن.

پ/ ناترسن ڕاکات شکاتتان لێبکات؟

خۆ من نایدرزم ئیتر شکاتی چیم لێبکات و کەئەو سەرەتا دزراوە گەیاندویانەتە ئەم ناوە ئیتر خۆی نایەوێت بڕواتەوە من یەکێك هەبوو لەماڵ (ع) زانیشم ئەوە لەو کچانە نیەو دزراوە زۆر بەزەیم پیادەهات ویستم مساعدەی بکەم خۆشی زۆر دەترسا، کەچی قبوڵی نەکرد.. پێیم وت وەرە من دەتبەم لێرە نەجاتت ئەدەم پاشان ئەتنێرمەوە ماڵی باوکت.. کەچی ڕازی نەبوو.. نازانم بۆ؟ بەشەرتی لەوی ئیختتاف کرابوو.. هی عایلەی موحتەرەم بوو.

هەبووش من موساعەدەم کردوە مەعلوماتەکەم داوە بەکەسوکاری وکەسو کاری هەدیەشیان داپێم.. ئینسان خێرە هەندێك شت بکات.. بۆ خوا.. من حەزناکەم کەس بەزۆر ئەو ئیشەی پێ بکرێت.. خۆی قەناعەتی کرد باشە دەنا گوناحە.

پ/ باشە ئێستا کەلێرەیت و ماوەیەکە لەسجن ڕزگارت بوە لەکوێ ژیان دەبەیتە سەر؟

وەڵلا تاماوەیەك لە ماڵ (ع) ئەوەی لەسجن بوو ئەویش (دەلآلی) ڕەسمییە. هەندێ ڕۆژ دەچمە ماڵ (د) ماڵ (ب) ماڵ (ن) ئو هوووو.. ماڵ ئەوەندە زۆرە بەرناکەوێت منیشیان خۆش دەوێت بەخوا کەدەچم هەر حەز دەکەن لەوێ بم بەم تەمەنەشەوە..

پ/ باشە بۆ خۆ تۆ بە تەمەنیت‌و دەڵێی خۆم ئەوە ناکەم ئیتر تۆیان بۆ چیە؟

مـن خـەڵك زۆر دەناسـم ئـەوان حـەز دەكـەن مـن لـەماڵیان بم ئێسـتا تالـەماڵ (ع) بـووم مـن تەلەفونم دەكرد بۆ (..) ئی گەورەیـەو دەسـتی دەڕوات وەئـەویش لەگـەڵ خـۆی خـەڵكی تـر دەهێنن ئەوا بۆ ئەوان باشترە مشتەری قەڵەو بناسن.

پ/ بۆ لەوێ ڕۆشتیت؟

ئەو بەمنی وت: "وەرە لەماڵمان دانیشە هەتا (ئی) بە ردەدەیت.. كەچی كەمە كەمە دەبینم دەڵێت ئـیش بكـەو پێكـەوە پـارەی خانوەكـە دەدەیـن هـەموو ڕۆژ باسـی كـرێ بـوو.. وتم: بابڕۆم باشترە.. چی زۆرە ماڵ.. ئیتر وتم وەڵلا دادەگیـان مـن ئـاوا ئیش ناكـەم مـن ئیحتیا جم نیە لای تۆبم. دەزانی چی.. یەكی گەر فێربوو خۆی (دەلاڵیـی) كـرد هـەموو شـت قبـوڵ ناكات.. ئەو دەیویست من بە ئەمری ئەو خەڵك بەڕی كەم.

پ/ تۆ هەست دەكەیت ئافرەتێك كەفرۆشیار بێت لەماڵی (دەلاڵێك) زۆر كەسـاس دەبێـتو نامرتاح دەبێت؟

ئەكید چونكە من پێم وتی حوڕنابیت ناتوانی بەكەیفی خۆی بڕیار بدات.

پ/ تۆ چەند ئافرەتت لابوە لەماوەی كار كردنت؟

زۆر وەڵلا ناتوانم تحدید بڵێم چەند، بەس زۆر زۆر..

پ/ مەسـەلەن كـەیو چـەند بوون یان نمونە؟

ئێستا سێ مانگ لەمەو پێش ماڵەكەم لەكەركوك بوو.. چوار ئافرەتم لابوو سیانیان عـەرەب بـوون یـەكێكیان كوردبـوو خـەڵكی ... ڕایكردبـوو لەدەسـت كەسـوكارەكەی مـن بردمـە لای خـۆمو بـۆ خـۆی پارەی پەیدا دەكرد.

پ/ پارەكە بۆ تۆ بوو یان ئەوان؟

نا نیوە بە نیوە.

> دەبینین لەلەشفرۆشیشدا وەك هەموو پیشەیەكی تر پلە بەندی هەیە كەلەكۆمەڵگای ئێمەدا بەئیغتصاب دەست پێدەكاتو پاشان بەخواستی خۆی لەشفرۆشی دەكاتو پاشان لەلەشفرۆشیدا پسپۆردەبێتەوەو پاشان دەبێتە سەرۆك باندو دواجاریش وەك (ب) بەجۆرێك لەجۆرەكان یان بازرگانی دەكات یان خانەنشین دەبێت.. هەر بۆیە دەبینین پلەبەندیەكی لەدەسەلات تیادایەو جارێكی تر ناگەڕێتەوە بۆئاستی لەشفرۆش.

پ/ بە یەکسانی تەوزیعی دەکەن؟

نا.. هەندێك زیاتر بۆمنە چونكە من پارەی کری و کارەباو ئاو هەقی تەلەفون ئەدەم یان مساریف دەکەم.

پ/ لە ماڵەوە سی دیت هەبوو یان سەتەلایت؟

سەتەلایم هەیە بەڵام سی دی نا ئەویشم بوو بەڵام فرۆشتم.

پ/ ئافرەتەکان سەیری دەکەن؟

ئەرەوەڵڵا دایم بۆ ئەوان مەدرەسەیە.

پ/ هەیە حەز نەکات سەیری بکات؟

ئەکید هەیە.. ئێستا من ئەوکچەی لەماڵ (ع) بوو کەدەمزانی دزراوە هەموو کات کەئەوان سەیریان دەکرد دەمبینی سەری خۆی دادەخست سور دەبوەوە شەرمی دەکرد هەندێك کەسیش هەر خۆی بێزی لێدەکاتەوە.

پ/ باشە گەر یەکێك لەو ئافرەتانە ویستی دەربچێ لەماڵی تۆ ڕازی دەبیت؟

ئی خۆ من نایان بەستمەوە، بەڵام بۆ کوی دەچن؟ ئەوان خوا خوا یانە من دەریان نەکەم چونكە جێگەیان نیە ماڵیان نیە بۆی بچن؟

پ/ کەواتە ئێوە هەر ئەو کچانە دەبەنە لای خۆتان کەبێلانەن؟

نە ء. نا.. وانیە! بەڵام ئەوانە بێکەسن یان نایانەوێت بگەڕێنەوە ماڵ. ئینجا خۆمن بەس کارم بەوان ناڕوات ئەی ڕۆژی 20 کەس دێت من هەر شوێنی بۆ بکەمەوە دێت لەگەڵ کەسی پارە ئەدات و سەعاتێك دەمێنێتەوە لە ماڵەکەمدا و دوایی دەڕوات.

پ/ ئەوانە ش لە شفرۆشن؟

شەرت نیە هەیانە لەشفرۆشە.. وهەیانە بەس لەگەڵ کەسی کەخۆشەویستی خۆیەتی یان حەزی لێکردوە.. ئیتر هەرکەسەو بەجۆری.. زۆر مۆدێلی زواج نەماوە بەشر تەتەوری کرد بەسە.. عالەمەکە فێربوون وەکی غەرب.

پ/ ئەگەر کەسێك هاتە ئەوی و سودفە خزمی تۆ دەر چوو ناترسی؟

نە بۆ دەترسم ئەو بۆ هاتوە؟ چی دەکات؟ منیش وەك ئەو.. شکات لەمن دەکات منیش لەو.

پ/ ڕەنگە پیاوێك بێت تۆ بناسی شەرت نیە کچ لەوانەشە بەخەیاڵیا نەیەت تۆ شکاتی لێبکەی؟

وانیە بڕوابکە کام پیاو شەریفەو زۆر موهیمە لەیەك موقیفی وادا لە من زیاتر دەترسێت.. من جارێك کابرایەك هات بۆ ماڵمان بینیم ناسیمەوە.. برادەر (م) برام بوو هەر لەمنداڵی لەگەڵمان بوو هاوسێمان بوو من حەپەسام پیاوی وا بەرز.. دایم لەسەر ئەخلاق قسەی دەکرد.. وەڵلا هەموو جار دەموت: (بزانە.. بڕۆ پیاویش وەك ئەو هەیە.. لەبان پای نوێژ بکە، چەند شەریفە؟!) ئی کەچی هات منی بینی وتی: "ها.. (ئوم ....) تۆ لێرەیت؟ دەوەرە خۆت وەرە من لەزوەکەوە تۆم نەدیوە".. بڕوابکە سێ کچ جوان لەماڵم بوون، وتی: "خۆت هەر خۆت.. ئیلان لەگەڵ خۆت بم"

پ/ کڕیارەکان زیاتر حەزیان لەگەنجە یان پیر؟

کوڕە گەنجەکان حەز دەکەن لە ژن یان بێوە ژن وەك من.. بەتەمەن دەڵێن: "ئەوان باشن خبرە یان هەیە".. بەلاَم پیاوە بەتەمەنەکانو خەڵك پارەدار هەر هاوار کچ گەنجیانە، هەر دەڵێن: "با منداڵ بێت 14 ساڵ 17 ساڵ.

پ/ بۆ؟

ئی چوزانم.. هەموو سەتەلایت وا هاری کردوون.. دیوتە ئەوانە دەبینن وا لەگەڵ گەنج خەریکن و شتی وا سەیر دەکەن ئەمانیش حەزی لێدەکەن، ئینجا هەندێك لەپیاوە پیرەکان هیچیان پی نەماوە (سێکسیان پێ ناکرێت)، هەموو لەعومر باوکمن.. چی بکەن.. هەرتۆزی ئەیانگرنە باوەشیانو بڕی یاری بەسنگیان دەکەنو ماچیان دەکەنو بەرەڵلاْیان دەکەن خۆ لەتۆ وایە چی دەکەن؟

پ/ هیچ کات بێزار نابیت؟

چۆن هەموو ئینسان بێزار دەبێت مەهماکان کارت هەرچی بێت.. ڕەنگە دکتۆرێکیش بێزار ببێت لە کاسبیەکەی بەلاَم ناچارییە.. کە فێریش دەبین، ئینجا عالەمەکەش وازمان لێناهێنن.. دکتۆرەیەك متقاعدیش بێت هەر واز ی لی ناهێنن...

پ/ ئێستا تۆ بۆ ناچاری؟

سەیرە خۆی مقارەنە دەکات بە دکتۆرە، کەواتە ئەم ژنە بەوپەڕی قەناعەتەوە ئەم کارە دەکاتو زۆر شانازی پێوەدەکات، تەنانەت لەسەرەتادا دەڵێت من دەلاَلمو هیچ ناترسێت لەکارەکەی.

چۆن دەی فەرموو بمژێنە من بەچی کرێ خانو بدەم؟ بە چی ژیان بکەم ومن پێم وتی حەیاتم.. ئینسان یەك جار فێر دزی بێت سەدجار دەستی خۆی داغ بکات هەر تەرکی نادات.

پ/ من بزانم تۆ لەهەولێر خانوت هەیە بە کرێ؟

ئێ کاکە کرێچی دەرناچێت.. کرێچی؟ وەڵڵا برۆ دەریکە من مەمنونتم پێڵاوەکانت ماچ دەکەم.. بەس کاکە ئەو داوای (70) وەرەقە دەکات لەمن بەقوربان.

پ/ بەتەمای واز لەم ئیشە بهێنیت ڕۆژێ لەڕۆژان؟

ڕاستت دەوی زۆر جار ماندوودەبم دەڵێم واز دەهێنم، بەڵام بەتەلەفون شێتم دەکەن.

پ/ بەتەمایت لەکوی بژیت؟

من ئێستا خانو دەگرم بەکری بەنوسینگەم وتوە؟

پ/ بۆ زۆربەی (دەڵاڵ)ەکان لەگەڵ پیاوێك ئیش دەکەن؟

باشترە کارت ئاسانترە ئەو زوو نا ناسرێت.. ئینجا لەماڵێکدا کە پیاومان لەگەڵ بێت چەند سیارە خەڵك هاموشۆمان بکات ناترسین، چونکە شوبهەمان لێناکەن خەڵك وا دەزانێت پیاوی خۆمانە وئەوانەیش کەدێن وا دەزانن میوانی پیاوەکەمانە، ئینجا کەس خانو ناداتە کری بزانی ئافرەتێکی تەنیاین.

پ/ چۆن نازانن کەئەوە پیاوی تۆ نیە؟

چوزانن.. خۆ داوای علامت لێناکەن ئەوە ماڵە خۆ فندق نیە.

پ/ باشە مێردەکەی خۆت باشتر نیە لەگەڵی بیت؟

نا ئەو زۆر تەماعە.. ڕۆژی یەك ملیۆن پەیداکەم هەردەڵێت کەمە.. بابێت.. ئینجا من ڕەنج بدەم، ئەو هەموو خەڵکە ڕایی بکەم، کچ عالەمم (بێ ئەخلاق کرد) ئەو بیخوات؟ باشترە من بۆ خۆم ئەو بۆ خۆی.

پ/ باشە گەر ئافرەتێك لەماڵی تۆ سکی بوو چی لێدەکەی؟

ئی ئیعتیادی زۆر ڕوو ئەدات ئاسانە خەڵك هەیە ئێستا لەکەرکوك زۆرن بەس ئەوە ئیشیانە.. هەقیان نیە سکمان لەکی یە ناپرسێت.. پارەی خۆی وەردەگرێت و لەناوی دەبات.

پ/ چۆن؟

بەدەرزی یان کورتاجی بۆ دەکات دەزگای هەیە لەماڵ وەك موستەشفا.. هیچ فەرق ناکات.. هەموو شت مەزبووت جوان پاكو تەمیز بۆمان لادەبات یان ژنمان بۆ دەکەنەوە کچ..

پ/ چۆن؟

دەڵێت دووڕۆژ پێش ئەوەی بڕوات بەبوکی بۆم بهێنن دووتەقەڵە ئەیدەم لێی و پیاوەکان نازانن..((پێکەنینێکی زۆر پێکەنی))...

بڕوابکە پێنج شەم بۆی ئەدوری و جومعە دەڕوات بە بوکی هەروا ئاسان.. بڕوابکە بەچاو عەزیزت.

پ/ مەرجە ئێوە وەك سەرۆك باند ئەو کەسانە بناسن؟

((وەڵڵا تۆ ناوێك زۆر سەیرت بۆناوین... پی کەنی))...

ئەکید دەبێت کە (دەلاڵ) یمان کردهەموو کونێك شارەزابین.. دەنا کارمان ناڕوات

پ/ کەس هەیە بەدزی مێردەکەیەوە شتی وابکات؟

ئا هەن موحتاجن یان برسین ئیتر هەشە خۆی حەزی لێدەکات مێردەکەی پیرە لەگەڵی نانوێت یان بە دڵی ئەو جنس ناکات..

پ/ باشە ئەمانە لە نەبوونیدا ئەم کارەدەکەن؟ یان چی؟

نا نا.. فەرقە ئێستا (ن) کوا ئحتیاجە.. (س) ، (گ)، (ش)، (ب) کوا موحتاجن بەس بۆ ئاڵتونو زێرو ماڵو مۆبیلەو سیارەو مۆدێل.. ئەوان هەرڕۆژەی لەساڵۆنێك خۆیان جوان دەکەن؟ تۆ ماڵیانت بینیوە؟ وەکی فلم میسریەکانە.. بڕوابکە بەعزێکیان کە دەچیتە ماڵەکانیان نازانی تەماشای چی بکەیت.. کوا ئیتر ئەوە ئیحتاجە مناڵەکانیان هەموو سیارەی کەشخە لەژێریان.

ئنجا یەك حەقیقەت هەیە بیزانە کڕیار پیاوان لەکەرکوك یان موسڵ زۆر ڕەزیلن پارە کەم دەدەن من جارێك دێمە سلێمانی ئەوەندەی دووهەفتە لەکەرکوك زیاتریش دەستم دەکەوێت.. چۆن فەرق نیە.. لە کڕیاریش و فرۆشیاریش فەرقە.

پ/ تۆش بۆیە دەتەوی لێرە ماڵ دا بنێیت؟

من درۆ ناکەم حەیاتم.. وتم پێت.. بەلام کەس نابەمە لای خۆم خۆشم ناتوانم دووجار عەمەلیاتم کردوە.. بەلام لەگەڵ ئەو پیاوە ئیتفاقم کردوە بەس ماڵدادەنێین جێگەی خەڵك

دەکەینەوە هادەهوە تۆ سەبرکەلێم منیش بە شەش مانگ وەك ئەوان سیارە دەکڕم یان نا.. دە بزانە.

پ/ ئەو پارانە خێری هەیە؟

بۆ نا.. خۆمن دزی ناکەم ماڵ خەڵکی ناخۆم خەڵك خۆی دێت مەمونن ... زۆر لەکەس ناکەم ئەی ئەو پیاوانەی دزی لەومیللەتەش دەکەن‌و (بێئەخلاقیش دەکەن) گوناح نیە.

پ/ تۆ بۆ ئەوەنە ڕقت لە ... ناترسی توشت کەن؟

...((جنێوێکی زۆر ناشرینی دا پێیان پڕبەدڵی خۆی بوو، دیار بوو داغ لەدڵە))... هەموویان سڕیان لەژێر دەستمە خۆ بوختانیان بۆ ناکەم.. ها ئەوە دەفتەر تەلەفونەکەم ناوی 150 زیاتر لەو پیاوانەی تێدایە.. باشە تۆ بۆ تەلەفۆنەکانیانت نیە؟.. ئەمانە ڕەقەمیان چی دەکات لای من؟

پ/ من بیستومە ئێستا ئەو پیاوانەی تۆ وا رقت لێیانە وانەماون‌و وەزعەکەش باشترە؟

ئێ بە قوربان.. بۆ هەمووی چوار پێنج مانگە.. ئەوانە دەوڵەمەندەکان.. تەلەفون ناکەن، خۆیان دەچن بۆ مصر.. لوبنان.. بیروت.. بۆ ئێران.. بۆ ئەوروپا..جاران تەلەفونیان دەکرد (ئوم ..) یەکێکمان دەوێت خەڵکی بەغدا بێت یان باتورکمان بێت یان بافارس بێت.

پ/ بۆ؟

تا نەناسرێن.

پ/ هیچ کات کڕیار خۆی دەوێرێت بەژنێك بلێت؟ ناترسن ژنێك حەیایان بەرێت؟

ناوەڵلا.. ناترسن زۆر زۆر ژنەکە وانەبوو یان ئیشی بۆ ناکەن یان توشی دەکەن، من ژنێکم دەناسی ئەبەدەن حەزی بەو شتانە نەدەکرد کوڕەکەی ئەمریکیەکان بردیان گوایە نازانم ئیخباری لەسەر کرابوو ئێ چوو بۆ شورتە بۆکوڕی بگەرێت لەگەڵ بووکەکەی وەڵلا لەوی زۆر دەستیان پێیان کردبوو تادوایی وتبویان دەعوەتمان دەوی ئی ئەویش چوزانی وەڵلا ئیتر بووکەکەی فەقیرە هەتا بە یانی بەسێ کەس بردبوویان.. بە یانی هاتە ماڵ سەعات 8 خۆی کوشت یەك فیشەکی نا بەسەری خۆیەوە من باش باش دەمزانی ئەو زابتە هەمووی بۆ باس کردم دواییش خەسویم بینی هەمان شتی وت کوڕە کەشیان نەبوو.. ئنجا هەزار لەوە خراپتر قەزیەم لایە.

پ/ کەلیمەیەکی سڕی هەیە لە نێوان ئێوەو کڕیار یان فرۆشیار؟

ئا ئا.. مەسەلەن نالێن یەك شت ئاوها موباشر دەڵێن دەعوەتمان بکە.

پ/ کڕیار شەرتی هەیە فرۆشیار پاكو خاوێن بێت؟

نەوەڵلا بەس (مێینە) بێت هەقیان نیە پاکە پیسە، ماڵ خراپ ئەوان لەگەڵ کەر سێکس دەکەن..

پ/ بەڕای تۆ وەك یەکێك لە(دەلالٚ)ەکان حەزتان لەڕۆژە یان لەشەو بۆژیانی خۆتان؟

من حەزم لەشەوە نازانم ئەوانی تر ئافرە تەکانیش کەلام بوون هەر حەزیان بەشەو بوو.

پ/ بۆ؟

تۆزێ ئیسراحەت دەکەین بەڕۆژ گیانمان وەك مەکینەیە.. ئینجا هەندێك جار خەڵك زۆر دێن....((بەپێکەنینەوە))... باوەڕبکە وەك عیادەکان بەبەر ناکەوین، هەندێکیش پێمان دەڵێت پاصی کۆستەر.

پ/ سودفەی کەست کرد زۆر سەیر بێت لەلات لەماوەی کارەکەتدا؟

ئا جارێك کچ میمزایەکم موسوڵمانە یەعنی نوێژ دەکات زۆر محتەشەم موحەجەبەش.. هات دای لەقاپی لەگەڵ دوو پیاو ماڵم لەهەولێربوو هەر حەپەسام ئەویش عەینەن.. ئیتر من هیچ خۆم تێك نەدا فەرموم کرد لێیان چونە غرفە کار خۆیان کرد.. وەڵلا کەدەرچوونە دەر.. چاوێکم داگرت لێی ئەو ما نەڕۆشت لەگەڵیان بەس رەنگی زەرد بوو بوەوەو دەترسا.. کەمێك نازانم شەرم گرتبووی.. چی؟ ئیتر ماو لێم پرسی بۆ وادەکەی وتی: "ئیحتاجم براکانم بەس خەم ژنەکان خۆیانەو دەربەست ئێمە نایەن".. وتم باش چۆن هاتویتە؟ وتی: "چوار ساڵە ئەمە ئیشمەو هاتو چۆ دەکەم لە بین کەرکوكو هەولێر" ئیتر پارەکەم داوە بەخۆی.. وتم هەڵیگرە با پێت بێت.. وتیشم پێی وەرە لەگەڵ خۆم بژیو لەلام بە وتی: "نا دەڕۆم ئەوانی تر لەماڵ نازانن ئەمە دەکەم، وتومە تعین بووم لەمنەزەمە لەهەولێر.. ئەگەر هەندێك شەویش نەگەڕام بۆ ماڵ قسە ناکەن وادەزانن هام لەمنەزەمەکە کارم هەس".

پ/ ڕۆژێکی ناخۆشی خۆت؟

ئاه ...((ماوەیەك بێدەنگی دایگرت... هیچی نەوت))

ڕۆژی خۆش کوا؟ پێم دەڵێیت بۆ ڕۆژێك هەبوو خۆش بێت؟ تابتوانم تحدید ڕۆژە ناخۆشەکان بکەم.

من یەك معلومات ئەدەمەتۆ بیکە ئەڵقە بۆ گوێت هیچ (دەلاڵێك) مورتاح ناخەوێت هیچ ئافرەتێکی لەشفرۆش بە ئیسراحەت ناخەوێت‌و ناژی بەڵام هەموو پیاوی دنیا کڕیار بێت یان کڕیار نەبێت بەبێ خەم دەخەون.

پ/ بۆ؟

ئیتر هەڵبەت خوا وای کردوە.. ئەوان ناترسن بێشەرمن قانون لەگەڵیانە خوا لەگەڵیانە هەموو شت لەصاڵحی ئەوانە.. تەنها ڕۆژی خۆش بۆمن ڕۆژی مردنمە.. ڕۆژی ناخۆشیش ڕۆژی ژیانمە.

پ/ ئەگەر ئەوەندە بێزاریت بۆ واز ناهێنی؟

حەیاتم ئینسان کە فێر نانی (بێ ئەخلاق)ی بوو ناتوانێت بەمەردی بژی ئەوە قانونە.



**فرۆشگای چوارەم**

| | |
|---|---|
| خاوەنی: | ع. ر. ج |
| تەمەن: | 46 ساڵ |
| دانیشتوی: | شاری سلێمانی |
| تەمەنی لەشفرۆشی: | 13 ساڵ |
| وەك سەرۆك باند کاریکردوە: | 6 ساڵ |
| ئاستی خوێندەواری: | شەشەمی ئامادەیی |
| ڕێگای فێربوون: | مێردەکەی وازی لێهێناوەو، خۆی دەستی داوەتە کارەکە. |

**چاوپێکەوتنی - یەکەم -**

پ/ لەسەر چی گیراویت؟

لەسەر مادەی سێ و چوار[61].

پ/ دەمێکە ئەو ئیشە دەکەی؟

من خۆم نایکەم بەس جێگەی خەڵك دەکەمەوە.

پ/ بۆ ئەو کارە دەکەیت؟

باحکومەت بمان ژێنێت تاوانەکەم.

پ/ ئەتوانی باسیکەیت بۆم چۆن کەوتیتە سەر ئەم کارە؟

من مێردەکەم ودوومنداڵم هەبوو وتەڵاقی دام لەناچاریەوە دەستم کرد بەم کارە.

پ/ چەند شووتکردوە؟

دووان ناڵێم مێردەکەم تەڵاقی دام دوایی دڵم بەکوڕێکەوە بوو زۆر باش بوو دوایی چوو بۆ خاریج.

پ/ ئەو فێری کارەکەی کردیت؟

نە وەڵڵا ئەو زۆرباش بوو بەس دایکە (بێ ئەخلاقەکەی) نەیهێشت بمهێنێت.

---

[61] مادەی سێ و چوار بەپێی یاسای عێراقی مادەیەکی تایبەتە بۆ ئەوانەی سێکسی ناشەرعی دەکەن بەرامبەر بە پارەیەکی دیاریکراوو دەبنە هۆکار بۆ فرۆشتنیشی، واتە بازرگانی سێکسی.

پ/ بۆ؟

وتی: "نابێت بێوەژن بهێنیت".. ئیتر منیش بەدوو منداڵەوە نەمزانی چی بکەم؟ ئیحتیاج بوم بێکەس بووم وشووم کردەوە بە ...((جنێوێکی زۆر ناشرین دەدات))... زۆر خراپ بوو لەویش منداڵێکم بوو ئیتر تەلاٌقی خۆمم لی وەرگرت.

پ/ چەند ساڵە لەگەڵ ئەم کارە ئالٌوودە بوویت؟

لەو کاتەوە ئەو کوڕە جێی هێشتم ساڵی 1996بوو.

پ/ دوای ئەو کوڕە شوت کرد بەپیاوی دوەم؟

نا یەکەم تەلاٌقی دام لەهی دوەم خۆم تەلاٌقم وەرگرت زۆر لەگەڵ دوەم نەمامەوە.

پ/ هەر خۆت خەریکی ئەم ئیشەی یان خەڵکی ترت لەگەڵە؟

جا هەمووخەڵك خەریکن بەس ئەوان بۆ ناگیرێن.

پ/ چۆن هەموو خەڵك خەریکن ؟ کەس دەناسی؟

من لەگەڵ (د) گیرام چونکە ئەو جوان بوو.. (یەکسەر کەفیلی هەبوو) بەرەلاٌیانکرد.

پ/ جگە لەخۆت ئەم چەندساڵە کێ لەگەڵت بوە؟

> پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەم کۆمەڵگایەدا یان پەیوەندیەکی شەریفە یان پێی دەوترێت بێ ئەخلاقی، بەشێکی زۆری ئەخلاق لەسێکسدا تەواو دەبێت .. لەکاتێکدا ڕێکخستن لەبواری ئەخلاقدا لەهەموکۆمەڵگاکاندا بەشێکی کەمی بریتیە لەرێکخستنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو.
>
> ئنجا لەکۆمەڵگای ئێستای کوردستاندا تەنیا دوو پەیوەندی شەریفانە هەیە (بەئەخلاقانە هەیە لەنێوان هەردوو رەگەزدا) یان دەبێت بەهیچ شێوەیەك سێکس نەبێت وەك حەرامکراوەکان (دایكو کوڕ خوشکو برا ... تاد) مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت یان ئەوەتا دەبێت هاوسەرگیریەك هەبێت کەلە بنەرەتەوە تامردن ئەو دووهاوسەرە پێکەوەبن بەمەرجێك نابێت پەردەی کچێنی لەیادبکەین.. ئەمەش کەلتووری خێڵو کەلتووری کۆمەڵگای کشتوکاڵیە .. کەژن وەك ناموس و پەردەش وەك بەڵگەو.. کەژن وەك کێڵگەو پیاو وەك جوتیارو دواتر خاك لەبەر ئەوەی سەرچاوەی گووڕوتینی ئابووریەکەیەتی دەبێتەکەرامەتی ئەو کەسەو نابێت کەسێکی تر هەبێت بەلایدا چووبێت.. بێوەژنیش سەرەتا پەردەی لەدەست داوەو دواجاریش یەکێکی تر چێژی لێ بینیوە، ژنیش کالاٌیەو کەبێوەژن کەوت نرخەکەی دادەبەزێت (دەستی دوو) ە ئائەمەیە فەلسەفەی هاوسەرگیری و ئائەمەیە هۆکاری سەرەکی کەیەکێکی وەك (ع) دەکاتە یەکێك لەتاوانبارە ترسناكو بێ ئاگاکان کەچەندین کچیان توشی لەشفرۆشی کردوە .

من ماوەیەك لەكۆمپانیای(...) بووم لەویٚ ئافرەتێكی لی بوو ئەوە ئافرەتی بۆ خەڵك پەیدا دەكرد ناوی ... ((باس لەئافرەتێكی زۆر بەناوبانگ دەكات لەبواری لەشفرۆشیدا))...

پ/ كەس هەیە لەماڵی تۆدا بژیو ئەو كارە بكات؟

بەڵیٚ لەڕای خوا هەندێك كەس دەهێنمە لای خۆم شوێنیان نیە.

پ/ یەعنی جێی ئەوانە دەكەیتەوە كە بیٚ شوێنن؟

من هەقم نیە.. خەڵك جیٚ دەكەمەوە.. ژن وپیاو بێت ڕۆژی 10تا20 كەس یەت من پارەی خۆم وەردەگرم.

پ/ خۆت لەشفرۆشی ناكەیت؟

نە عوازم هێناوە هیلاك بووم.

پ/ یەعنی پێشتر ئەو ئیشەت دەكرد؟

ئا.. خۆم سەرەتا دەستم پێكرد.

پ/ كیٚ فێری كردی؟

من دەست كوڕت بووم.. ئحتیاج بووم.. ئەچووم ئەم ویست تەعین ببم بۆئەوەی معاشم هەبێت.. بەدوای خانودا دەگەرام ڕووم دەكردە هەر شوێنك بیٚ مقابل هیچیان بۆ نەدەكردم ئاوا توش بووم.

پ/ سەرەتا كەست نەئەناسی فێرت بكات، بەنمونە، ژنێك؟

با.. لەو كۆمپانیایە پێش ئەویش فەڕاشی دائرەیەك بردمی بۆ لای پیاوێك وتی: "ئیشت بۆ دەكات"

پ/ فەڕاشی كویٚ بوو؟

پێویست ناكات ناوی بڵێم.. زۆر زووبوو پێنج شەش ساڵێك پێش ئێستا بوو.

پ/ لەساڵەكانی 96 تا 1999 لەگەڵ ئێستاكەدا جیاوازی چیە؟

بەڵی ئەوسا سەرەتا پارەیان زۆر نەئەدا بەس وەعدی شتیان ئەدا.. بەتانی.. زۆپا.. ئەشیای مونەزەمەیان ئەدا.. یان خواردن.. زەخیرەیان دەدا بەس ئێستا پارە دەدەن یان ئەگەر كچێكی چواردە ساڵیان بۆ بەرینو بچوك بێت.. بەخوا سەیارەت ئەدەنی ئەرزە یان تەلەفون.. من ئێستا 20 هاندم هەیە هەر بەوە دەستم كەوتوە.. ئەگەر ئەوان پێیان ناخۆشە ڕاستی بڵێین؟ گەر ئەوان ئەمشتانە نەدەن بەئێمە؟ گەر ئەوان كڕیار نەبن ئەی

ئێمە هار بووین ئەیبەین؟ ئەیبەین بۆ کێ؟...تۆ بچۆ بۆ سالۆن داوای نیگرۆ ومێش نەکەی بۆت ئەکات؟

پ/ باشە ئەوانەی کڕیارن فەقیرن یان دەوڵەمەند؟

وەڵڵا پیاو ئەوە نازانێ بینیومە لەدەمی مناڵەکانی ئەگرێتەوە بۆ (کڕینی سێکس).. ژن وەکو پیاو نیە دڵی نایەت غەدر لەمنداڵەکانی بکات من ئێستا بۆ منداڵەکانم نەبێت بۆ واخۆم توشی ئەم کارە دەکرد؟ خۆم لەم دنیاش بووم ولەدونیاش بووم.

پ/ ڕەنگە نیوەشی دیعایە بێت؟

باشە ئەگەر دیعایەیە ئێمە بۆ دەگیرێین. ئەی باشە ئێمە گوناحمان نیە.. ئەوئیشەمان نەکردوە من بۆکێم بردوە؟ لەخۆت بپرسە بۆکێ؟ ئێستا لەبەردەمتا تەلەفون بکەم بۆ (....)، بزانە هی چۆنی دەوێت؟ یان کاك (...)ی ...

پ/ بەسەناوم ناوی کێشەم نیە... بەس پێم بڵی بزانم گەنجەکان چیان دەوی‌و پیرەکان چیان دەوی؟

گەنج حەز ناکات لە کچی منداڵ کەدێن بۆ ماڵمان خۆیان خەڵك دێنن.. بەخوا پڕە لەسەرسوڕمان.. ئەو کوڕە گەنجە جوانانە پیرە ژنی وایان لە گەڵە هەر بڕوا ناکەی.

پ/ پیرەژن؟

ئیتر لە تەمەنی من وسەروتر.. ئی زۆرە بۆ کوڕێکی گەنج.. من ئێستا تەمەنم 46 ساڵە لەگەڵ کوڕێکی تەمەن 20ساڵە زۆرە.

پ/ ئەی پیرەکان؟

ئەوان تاگەنج بێت و بچوك بێت بەلایانەوە چاکە وپارەی چاکی پێدەدەن.

پ/ کاسبکار زۆر خەریکی ئەمەن؟

من ئەڵێم هەموو خەڵك لەهەموو نەوعێك، لەوەدەچێت بڕوانەکەیت یان تێناگەیت؟

چاوپێکەوتنی ـ دوەم ـ

پ/ قەت بوە کڕیاری زۆر سوکایەتیتان پی بکات؟

**جاران ئا.. چونکە ئێمە مەجبوری ئەوان بووین.. بەڵام ئێستا (ناتوانن) ئەوان مەجبوری ئێمەن.. وئەوان سری هەموویان لەژێر دەستماندایە وناتوانن.**

**پ/ بەڕای تۆ ئافرەتەکان ڕازی ئەبن لەسەر سێکسی نادروست؟**

**هەرئافرەتی ٌدەستی دا بەو ئیشە ناچار ڕازی ببێت، خۆ کابرا 50 دۆلار ئەدا بۆ یەکجار سێکس، ئەیەوێت بەدڵی خۆی بێت.**

**پ/ بەڕاستتە 50 دۆلار، نرخێکی زۆر گران نیە[62]؟**

**وەڵڵا گەر عاجز نابیت 600 دۆلارییش هەیە.**

**پ/ ئەی پیاوان پەشیمان نابنەوە؟**

**قەت نەمبیستوەتەوە، پەشیمان ببنەوە.**

**پ/ بۆ؟**

**ئەی ئەڵێن خۆشەو خۆشی ژیان لەوەدایە...پیاوێکم دەناسی ژنەکەی زۆر نەخۆش بوو خزم وکەس وکاری پارەیان بۆ کۆ کردەوە بیبات بۆ بەغدا هەموو پارەکەی دابە (سێکس)و دوایی وتی: "لەبازار پارەکەیان لی دزیوم".. بڕوام بەپیاو نەماوە لەبەرچاوم کەوتوون.. چاکیان نیە.**

**پ/ شەرت نیە چونکە من پیاوی زۆر بەشەخصیەتو خاوەن مەبد ءدەناسمو دڵنیام بەو جۆرە نین، بەڵام دڵنیام تۆ تەجروبەی زۆر ناخۆشت بینیوە بۆیە وا دەڵێیت، وانیە؟**

**وەڵلا بەقوربان زۆر غەڵەتی.. پیاو نیە نەیکات..ئیتر من دەڵێم پیاو نیە نەیکات ئێمە سەرمان سپی کرد لەم ئیشەدا، تۆ کەیفی خۆتە.**

**پ/ باوەڕت هەیە براکەی خۆت کڕیار بێت؟**

**ئەرەوەڵلا.**

**پ/ بەدزی تۆە یان سودفەی کردوە لەماڵی تۆدا؟**

**نەوڵلا.. بەحسابی خۆی بزانێت من شتی وادەکەم سەرم ئەبڕێت.. ئەو نازانی من خەڵك ئەبەمە ماڵی خۆم بەڵام من زۆرباش دەزانم ئەو چۆتە لای ئافرەت.**

---

[62] **لەڕاستیدا لە چاوپێکەوتنەکانی ترەوە بۆمان دەرکەوتبوو کە نرخەکانی لەشفرۆشی لەچ ئاستێکدایە، بەڵام ئەم پرسیارە بۆیە کراوە تا (ع) بوروژێنین بۆ قسەی زیاتر، چونکە لەهەندێ باردا لێتوێژراوە.. هەست دەکات باوەڕی تەواوی پێکراوە ئەگەر پرسیاری سەرسوڕهێنەری لێ بکەین، هەوەها ئەمەش دەبێتە هاندەر بۆ گفتوگۆی زیاترو بەخشینی زانیاری زیاتر.**

پ/ لەو ئافرەتانە کێ زۆر ئالوودە دەبێت کچی گەنج یان پیر؟ نەخوێندەوار یان ڕۆشنبیر؟

وەڵڵاهی.. تیایەتی.. ئەویش هەموو نەوعی.. جاران بەس ئەو کچانەی وەکو من ئحتیاج بوون، یان ئەوانەی لەماڵ دەریانکردبوون، یان لەسەنتەرەکان وەریان نەئەگرتن.. بەلاّم ئێستاکە وانیە.. ((باس لەئافرەتێك دەکات بەناوی تەواوو هەموو ناونیشانێکیەوە))... حەز ئەکەی بەس سەیری کەی.. بەخوا دەوڵەمەندیشە.. هەر مەپرسە تاقەتم چوو.

پ/ لەماڵی ئێوەسەتەلایت هەیە؟

بەڵی.

پ/ بەکاری دەهێنن؟

بەڵی منداڵەکان سەیری دەکەن.. بەس بۆ شتی خراپ نا.

پ/ کچەکانت ئەزانن تۆ ئەو کارەدەکەیت؟

ناڵێم من لەوەتی منداڵەکان گەورە بوون بەس جێگای خەڵك دەکەمەوە وپارەکەی خۆم وەردەگرم.

پ/ چەند وەردەگری؟

حەسب کەسەکانە بابڵێین 30,000 بۆ نیو سەعات 40 دەقە ئاوها..

پ/ ئەی شەو بمێنێتەوە؟

100,000 سەد هەزار..

پ/ سەرۆك باندێك وەکو تۆ کچێك دەباتە لای خۆی مەرجتان چیە؟ دەبێت جوان بێت ئێستا من بینیم تۆ کەفالەتت بۆدووکەس کردەوە لەسجن؟ بەزەییت پیایاندا دەهاتەوەیان لەبەر چی بوو؟

جا خۆ پیاو حەقی بەسەر جوانو ناشرینەوە نیە من جارێکیان دوو ئافرەتم لابوو یەکێکیان کەرکوکی بوو سکی هەبوو بڕوا بکە زۆر ڕەشو بۆرو ناشرین بوو، قژی وەك پووشی موبەریدە بوو.. بڕوا بکە سێ کەس هاتن بۆ لام خۆیان ئافرەتیان پێ بوو.. یەکێکیان گەنجیش بوو تەمەنی 40ساڵ بوو، وتی: "ئەتوانم لەگەڵ ئەو ئافرەتە بخەوم؟".. من حەپەسام.. ئیتر وڕکی گرت.. وتی: "هەر چەندێك دەڵێیت دەیدەم".. وەڵلا ئیتر لەگەڵی خەوت. ئەوانەش کە من کەفالەتم بۆ کردن بەزەییم پیایاندا هاتەوە.

پ/ کاتێك ئافرەتێك  دەچێتە ماڵی سەرۆك باندێك هیچ گۆڕانکاری تێدا دەکەن وەکو ڕوکەش؟

ئەی هی وا هەیە زۆر لادێییە .. ((لێرەدا باس لەهەندێ ناوچە دەکاتو وەك سووکایەتی پێکردن ناویان دەبات، بۆیە ئێمە باسیان ناکەین))...  قابیلە پێی نەڵێی بچۆ خۆت چاك بکە.

پ/ چی تر؟

وەڵلا دەبیت خۆی جوان بکات مەسەلەن قژی زەرد بکات یان زۆر ڕەشی بکات یان تاتۆ بکات، ئیتر ئەو شتانەی پیاوان زیاتر داوای دەکەنو حەزیان لێیەتی.

پ/ قژی زەرد مەرجە؟

هەموو زەردێك نا ئەویش دەناسرێتەوە، حەز ئەکەیت ئێستا ئەچینە بازاڕ بەس سەیر کەم ئەزانم کام ئافرەت خەریکی ئەو ئیشەیە.. ئیتر خوایدەکرد کراسی قورئانی لەبەر دابێت..

پ/ ئەوەندە تۆ بزانیت ئافرەتەکان خەڵکی کوێن؟

وەڵلا هەموو شارێکی تیایە.

پ/  کچان یان ژنان لەبەرچی ئالوودە دەبن؟

وەڵلا بەس بۆ مودێلە وەئاڵتونە وەسەیارەیە.

پ/  ئێوە قەت بێتاقەت نابن لەسەر ژیانی خۆتان؟

ئەی چۆن مەرگی خۆم بەئاوات دەخوازم.

پ/ بۆ واز ناهێنیت؟

ئەی بەچی بژیم؟

پ/  بەس تۆ فەقیر نیت؟

نامەوێت فەقیری ببینمەوە زۆرم چەشت.

پ/ ڕۆژێکی خۆشم پی دەڵێیت لەژیانتدا؟

وەڵلا ڕۆژی خۆش هەر نیە.. کوا؟ ئەترسم خەڵك بڵێن لەشفرۆش خۆش دەژین.

ئەم ژنە بەپێوەرە گشتیەکان زۆر جوان بوو، بێ ئەندازە مواجەهەی دەکرا لەناو گرتووخانەدا.. پارەیەکی زۆری سەرف دەکرد کە دیار بوو توانایی مادی باشە.. بەردەوام لەگرتووخانەدا مۆبایلی پێ بوو بەمەرجێك قەدەغەش بوو.. خەڵکێکی زۆر هەوڵی دەدا بەریبدەن. ئەم سەرۆك باندە ئەو کەسەیە کە لەڕێگەی کەفالەتکردنەوە (ڕ)ی ئیستیغلالی کردو تووشی لەشفرۆشی کرد.

شایەنی باسە گفتوگۆو زانیاریەکانی کە لەسەر (ع) هەمانە زۆر زیاترە لەوەی لێرەدا بلاَومان کردونەتەوە، بەلاَم لەبەر ئەوەی زۆربەیان دووبارەن‌و هاوشێوەی چاوپێکەوتنەکانی ترەو زانیاریەکی نوێی تیادا نیە بە پێویستمان نەزانی کەچەند بارەیان بکەینەوە.. ئەو زانیاریانەی دووبارە کراونەتەوە تەنها بۆ دەرخستنی قەبارەی گرفتەکەو هاوشێوەیی کێشەکەیە لەهەموو شوێنەکاندا.. هەروەها لەگفتوگۆکانیدا بەبێ ترس ناوی سەدان کەسی دەوت کە بەرپرسیارێتیەکی گەورەیەو ئێمە لێرەدا ئەرکەکەمان تەحقیق کردن‌و دادگایی کردنی ئەو کەسانە نیە، بەڵکە ئامانجمانە قەبارەی گرفتەکە بخەینە ڕوو.



## فرۆشگای پێنجەم

| | |
|---|---|
| خاوەنی: | س. إ. ع |
| تەمەن: | 50 ساڵ |
| دانیشتوی: | شاری کەرکوک |
| تەمەنی لەشفرۆشی: | 15 ساڵ |
| وەك سەرۆك باند کاریکردوە: | 6 ساڵ |
| ئاستی خوێندەواری: | پەیمانگای تەکنیکی |
| ڕێگای فێربوون: | کەس پاڵپشتی نەبوەو خۆشەویستی لەگەڵ ئەفسەرێکی ئیستخباراتدا کردوەو کەس‌وکاری حاشایان لێکردوە، پاش کوژرانی مێردەکەی، هەڵدێت بۆ ڕانیەو دەست دەکات بەم کارە. |

**چاوپێکەوتنی - یەکەم -**

**پ/ تەمنت چەند ساڵە؟**

تەمەنم پەنجا ساڵە

**پ/ سەرەتا چۆن کەوتیتە سەر ئەم کارکردنە؟**

من هیچم نەدەزانی گەنج بووم 15 ساڵ لەمەو بەر لەساڵی 1991 لەکەرکوکەوە ڕامکرد .. مێردەکەم کوژرا ڕەفیق حزبی بوو.. ژنی تری هەبوو هەشت مناڵی هەبوو.. حەزلێکردووی خۆم بوو، بەڵام کەسوکارم ڕازی نەبوون شووی پێبکەم.. لەکاتی ئینتیفازەکەدا سکم هەبوو.. وەڵڵا خەڵك هاتنە سەر مێردەکەمو کوشتیان، چونکە دیاربوو خەڵك داخ لەدڵبوون لەسەری.. من کەر بووم پی لەغەڵەتی خۆم دەنێم.. ئیتر عەقڵی گەنجی.

ئێمە خێزانێکی ناوداربووین ئەشراف بووین لەکەرکوك بەڵام ئیتر زروف وای لەمن کرد.. هەموو خوشکەکانم خریج کولیەن.. من خۆشم خریج معهدم.. موزەف بووم لەکەرکوك.. ئی کەئەو کوژرا، من ترسام بچمەوە ماڵی باوکم چونکە بەبێ دڵی ئەوان شووم پی کردبوو.

پ/ چەندێك علاقەت هەبوو لەگەڵی؟

دووساڵ بەلأم ئیتر کردمی بەژن، دوایی وازیشم لی هێنابوو تهدیدی دەکردم و دەیوت: "من ڕەسمت ئەدەم بە براکانت".. زۆر هەڕەشەی لێ دەکردم هەر بۆیە ناچار حاشام کرد لە براو دایك بۆ ئەو.. لەدوایدا خۆشم نەدەویست بەس ئیتر لەترسا شووم پێکرد، هەر خۆم چومە لای و ئەویش بەزەبری مەکانەکەی کە ئیستغبارات بوو ئیستغلالی ماڵی باوکمی کرد.. ئیتر هەر ئەو کوژرا سکم سی مانگ بوو نەوەستام بۆ تەعزیو شتی وا، بڕوابکە زۆری لێدام.. زۆر ئەزێتیدام.. لەگەڵ ژن و هەشت منداڵەکەی منی دانابوو ژنەکەی عەرەب بوو شیعە بوو.. زوخاوی دنیایان ئەدامی.. منیش پێش عەسر بوو وتم خوایە هەقی منت لێ سەندێت لەخوێنی خۆتا بگەوزێی.. بڕوابکە نیو سەعاتی نەبرد چوە دەری لەبەرقاپی خۆمان یەك دەست ڕێژکرا هەوێکەم یەکسەر زریکانی و زانی.. وتی کوژرا، ڕامکردە دەرەوە دەهەنگاو لەقاپی لەخوێنی خۆیا کەوتبوو. ئیتر فیزاحیان کردو منداڵە کانی شالأویان بۆ هێنام، ترسام وتم ڕەنگە بیخەنە پاڵم کەمن پلانی کوشتنیم دانابێت.. هەی بۆ کوی بڕۆم نەماڵی باوك.. نەئەملا.. نەئەولا.. ناچار ڕامکرد، بەبێ ئەوەی دینارێکم پێ بێت و بزانم بۆ کوی دەچم.. یەکسەر چومە گەراج بۆ چەمچەماڵ سەرکەوتم خەڵکەکە هەندێك بەلێشاو دەڕۆشتن وردە وردە کەرکوك بەتەواوی نەگیرابوو هێشتا شەڕی تیابوو.. وەڵلا ڕامکردو سواری سیارە بووم هاتمە چەمچەماڵ لەوێشەوە خەڵکەکە ڕایاندەکرد منیش ڕامکرد لەگەڵیان بەبێ ئەوەی بزانم بۆ کوی دەچم.. سوار سەیارەیەك بووم دەچوو بۆ بازیان لەوی هەموو دابەزین پارەیان دا من پارەم پی نەبوو.. سایەقەکە وتی: "خوشکم تۆ چیت؟ چیت دەوێت بۆ پارەنادەیت؟" ئینجا من گریام وتم هیچم پی نیە ڕام کردووە لەکەرکوك وکەسوکارم نازانم.. نەم وت حاڵ مەسەلە وابوە.. ئیتر ئەویش وتی: "جا مەگری دادەگیان من خۆم خەڵکی ڕانیەم دەت بەم بۆ ئەوی، وکو خوشکی خۆم.. هیچ خەمت نەبێت" ئیتر بردمی وەڵلا شەوگەشتین.. لەوی وتی: "ناتوانم بتبەم بۆ ماڵی خۆمان چونکە من ژن وماڵم هەیە لێم قبوڵ ناکەن ئەت بەم بۆ ماڵی برادەری".. ئیتر وەلحاصل فلیمی زۆرم بینی.. دەستی دەستی دنیام کرد.. چوم بۆ ئێران، ئەو ماڵە کەڕایان کرد منیشیان برد لەگەڵ خۆیان.. تاهاتینەوە سلێمانی.. ئیتر ناچار گەڕاینەوە.

دوای کۆڕەوەکە سەرم لێشێوا بوو.. نەم دەوێرا بچمەوە کەرکوك.. ناچار ئەو کوڕەی کە یەکەم جار بردمی بۆ ڕانیە هێنامی بۆ سلێمانی.. بردمیەماڵی (چ) ماوەیەك لەوی بووم .. ئیتر بەشەر بەسەر ماڵانەوەبێت ئەبێت چۆن بێت؟ ئافرەتێکی منداڵ گەنج سکم هەبوو ئیتر زابتێکی ئاسایش ناوی (...) بوو ئەویش یەکەم کەس بوو فێری کردم.. تائێستا ڕەنگە لەگەڵ 1000 پیاودا خەوتبم هیچیان بەقەدەر ئەو ناشرین وقێزەون نەبوون لەبەچاوم زۆر ڕقم لێ یەتی، فێڵی لێ کردم.. وتم بمبە بۆ ماڵێك کە پیاوی لێ نەبێت بەس ژن بێت چی ئیشیان بوێت بۆیان دەکەم ..چوزانم منیان برد بۆ ماڵی (م) ماڵیان لە..... بوو مەشهور بوو مێردو کوڕی سجن بوون چوار کوڕی تری هەبوو هەموویان خەریکی (ئەو کاری لەشفرۆشیە) بوون.

پ/ تائەوکاتە هیچت نەکردبوو، واتە لەشفرۆشی، یان سێکسی حەرام؟

سێ چوار ماڵی ترم کردبوو جگەلەوەی ئێران.. بەلاَم هەر خۆم دەپاراست.. نوێژم دەکرد.. ڕۆژوم دەگرد.. لەڕانیە پیاوی ساحب ماڵەکە زۆر تەعلیقی ئەدا زۆر قسەی پی ئەوتم.. چەن حەرەکاتێکی ئەکرد.. ئەی وت: "بەلەزەتی، لەباری، سەیری جەستەی ئەکردم" ئیتر خەریك بووئەمردم فێر نەبوم. ئیتر منیش بەو کوڕەم دەوت نەجاتمبە.. ئەو ماڵە بەکەڵك نایەن خۆی زووزوو سەری ئەدام.. ئینجا ماڵەکە، ژن‌و مێردەکە، خەریك بوو لەسەر من ئەبوو بەشەڕیان. منیش خۆم بەناخی عەرزا ئەچوومە خوار.. ئیتر وەلحاصڵ ئەو بێ ئەخلاقە (زابتی ئاسایشەکە (...)) بردمی. (م) ی بێ ئەخلاق خوا لەوە خراپتریان بکات.. شکور خوا ئینتقامی منی لێکردنەوە.. دوای سێ ـ چوار ڕۆژ ئەم بینی خەڵك دێت و خەڵك دەڕوات ژنی لابوو یان دەهاتن.. ئەمە ساڵی 1991 ئیتر وردە وردە دەستی پی کرد تـــــا قەناعەتیان بەمن کرد. ئەیان وت: "قەیچێکە خۆ عەیب نیەو خۆ حەرام نیەو باشترە لەسواڵ و خوا خۆی دایناوە"و ئائەم شتانە.

پ/ چەن لەما لی ئەوان مایتەوە؟

تەقریبەن هەتاکو ساڵی 1994.

پ/ هەر ئەو ئیشەشی پی دەکردی؟

ئەی ناچار بووم کچەکەشم لەوی بوو.. بچوومایە بۆ کوی؟ من پێشتر هەر خۆم بووم جێم نەدەبووەوە جاوەرە بە کچێکەوە؟ ئیتر هەر ڕۆژەو سی چوار کەسیان دەهێنا بۆم.. وەکو حەیوان دەبوو (چی دەڵێن بیکەم).

> لەرەوشی ئەم ژنەشدا جارێکی تر دەبینین منداڵەکەی کچەکەی دەبێتەوە بەکۆسپ لەبەردەم چارەسەردا وەك هەموو ئەوەکانی تر کەمنداڵەکانیان ناچاریان دەکات پەنا بەرنە بەر لەشفرۆشی. پاش چەندبارە بوونەوەی کەیسی منداڵ دەردەکەوێت کەمنداڵ لەخۆیدا پەراوێزکەوتوە و دایکیش پەراوێزکەوتوە دووکەسی پەراویزکەوتوو لەبەردەم کۆمەڵگایەکدا کەدامەزراوەکانی گونجاونەبن ئاسانتر دەبنە قوربانی بۆدیاردەیەکی وەك لەشفرۆشیو بەردەوام جێکەوتی پەراوێزی یەکتر ئاستەنگتر دەکەنەوە.

پ/ بۆ زوو نەڕۆشتی؟

بۆ کوی بچومایە؟ هیچ شوێنێك لەوە باشتر نەبوو.

پ/ ئەوسا کڕیار زۆر بوون یان ئێستا؟

ئەوسا گرانی بوو بێوەژنو ژن زیاتر فێر دەبوون بەزۆریش لەنەبوونیا.. پیاوەکانیش زۆر زۆر 200 دیناریان دەدا، بەلاّم ئێستا وانیە، ئێستا هەر لەباسکردن نایەت.. ڕۆژانە هەزار کچ بەپولیّ، پیاویش لەسەدا نەوەتو نۆی خەریکن.

پ/ ئێستا کڕیار پارە زۆر دەدەن؟

ئا..زۆر زۆر.. بۆشەوێك (500) دۆلار ئەدەن.

پ/ بڕواناکەم چۆن ئەو پارە زۆرە؟

ئی بۆ بڕوا ناکەی؟ پارەی بەلاشیان دەستدەکەوێت.. بۆ نایدەن خۆ بەئارەق ڕشتن پەیدای ناکەن.

پ/ ئەی فرۆشیاری ئێستاو ئەوسا فەرقیان چیە؟

ئەوسا ناڵێم لەبەر نەبوونی بوو ئێستا هەر بۆ مۆدێل و ئاڵتونو ماڵی جوان.. بەتایبەت خەڵکی سلێمانی شێتی ئەساسو شتی جوانن.

پ/ چ فەرقێکی تر دەبینی لە بەینی ساڵی 90 کانو ئێستا؟

ئەوسا تەنانەت (جنس) وانەبوو پیاوەکە دەهات (جارێك ئەوپەڕی دووجار سێکسی دەکرد) و بەپەلە دەڕۆشت بەلاّم ئێستا (مەتالیبو زۆر شتی سەیر سەیر داوا دەکەن)..

ئینجا ئێستا لەسەتەلایتو سی دی چی دەردەچێت ئەیانەوێت. بەڵام جاران قەت وانەبوو.

پ/ چی زۆر سەیرە لەلات یان زۆر گۆڕاوە لەکڕیارەکان؟

مەسەلەن (هەموو جۆرەکان سێکسی نادرووست). ئیتر شتی وادەڵێن سەرت دەسوڕمی.

پ/ خۆت چند شووت کردووە؟

لەڕاستیدا زۆر زۆر لەبژاردن نایەت.. چونکە من هەر ویستم دامەزرێم، بەڵام هەر نەبوو، هەر هەوڵمدا بۆ پیاوێك سترم كات هەر نەبوو..

پ/ چەند؟

زیاد لە 13 دانەجار شووم کردوە.

پ/ چۆن بڕوا ناکەم[63]، باسی لەشفرۆشیەکان ناکەم شووی ڕەسمی دەڵێم؟

ئی شووی ڕەسمی بە (مەلا) یان مەحکەمە قەصدت کامیانە؟

پ/ باوەڕ ناکەم، بەهەرکامێکیان بووبێت؟

هەقتە شانسی خۆم وابوو.

پ/ باشە چۆن؟

ئیێ یەکێك دەیهێنام دوای سی مانگ نەدەگونجاین.. یەکێك ساڵێك.. یەکێك نۆ مانگ.. یەکێك دوو ساڵ.. یەکێك شەش مانگ.. ئیتر ئاوا تا 13 پیاوم ناسی، بگرە زیاتریش

پ/ ئەی ئەو پیاوانەی لەشفرۆشی؟

ڕەنگە 500 تا 1000 م بینیبێت ئاخرمن کەشووم دەکرد حەزم نەدەکرد خیانەت لەمێردەکانم بکەم بەسەر ئەو پیاوەوە نەئەچوومە لای کەسی تر، دەنا لەوەش زیاترم دەبینی، تۆ هەر بزانە 15 ساڵ کەمە؟

پ/ ئەو شووانەت خەڵکی کوی بوون؟

چەمچەماڵ.. کەرکوك.. سیان لە بازیان.. دوان ڕانیە.. ئێران.. تورکیا.. ساڵێکیش لەتورکیا بووم ویستم دەرچم ئەو یش فێڵی لێکردم.. پیاوێك ئەویش بەس بۆ ئەو ئیشە

---

[63] لەکاتی گفتوگۆدا ئەم بڕگەی پرسیارە "نا بڕوا ناکەم" بەشێوەی نیوە گاڵتە وتراوە بۆ ئەوەی کلایەنتەکە زیاتر بێتە قسەکردن، کە بەهەمان شێوە جۆرێکە لە جۆرەکانی وروژاندنو وەرگرتنی زانیاری و لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە.

بردمی و درۆی لەگەڵ کردم.. ئیتر لەزاخۆ دووجار شووم کرد.. کوڕە چوزانم.. لێرە ئاخر مێردم سلێمانی بوو[64].. کەسێ جار شووم پێکردوەو تەلاّ قی داوم‌و مارەی کردومەتەوە.

پ/ چەند شوویانت بەمەحکەمە بوو؟

پێنجیان.

پ/ باقیەکانی تر؟

هەمووی لای مەلا.

پ/ چەند مناڵت لەهەموویان هەیە؟

دووان کچێك‌و کوڕی تەقریبەن چواریشم لەناو بردوە.

پ/ کام مێردت زۆر خۆشی دەویستی؟

(د) دووساڵ ژنی بووم.. لای مەلا مارەی کردم‌و دوکانی .... هەبوو لای (مزگەوتی گەورە).

پ/ ئەی بۆ لەمەحکەمە مارەی نەکردی؟

نەی دەوێرا لەبەر دایك‌و کەسوکاری‌و ئینجا خۆی ژنێك‌و منداڵێکی هەیەو من نزیکەی 20 ساڵ گەورەتر بووم.

پ/ سکت لێی نەبوو؟

با.. سێ مانگ بوو فەوتانم.

> ڕاستە دەڵێن کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریە لەکۆمەڵگای پیاو سالاریدا کاتێك سونەت و کەلتوورەکانی لەناو کۆمەڵگادا ڕەگ دائەکوتێت ئازادی تاکە کەس دەبێت بەژێر پێوە.. سیستەمی سیاسی تۆتالیتاری عێراقیش لەم کەلتوورەدا بەشداریەکی گەورەی کردوە.. دەبینین مێردی ئەم ژنە (س) کە مێردێکی ناڕەسمی ڕەسمیە (ئەم قسەیە لەخۆیدا درۆکردنە لەگەڵ خۆدا، درۆکردنە لەگەڵ ئایین وشەریعەتدا) ئا ئەمەش سەرئەنجامی هەبوونی چەند شێوازێکە بۆ هاوسەرگیری لەهەموو شیان مەترسیدارتر پەیماننامەی هاوسەریەتیە لەلایەن مەلاکانەوە.

پ/ من هەر بڕواناکەم کەدەڵێیت سیانزە شووم کردوە؟

لە 15 ساڵدا هەروا دەبێت من سەر لی شێواو بووم گەر ژیانی خۆم باس بکەم بەوردی دەحەپەسێیت بەخوا شەش کتێب بەشم ناکات.. دەستی نوسینم هەیە خۆم زۆر شتی ژیانی خۆمم نوسیوە.

---

[64] لەڕاستیدا ناوی هەموو مێردەکانی دەبات، بەڵام ئێمە شارەکان بەکاردەهێنین بۆ دەربڕینی ناوەکانیان.

پ/ باشە باواز لەمێردەکانت بهێنین تۆ خۆت حەزێکی تایبەتیت هەیە بۆ پیاو؟ یان پیاوێکی دیاریکراو هەیە لەخەیاڵی خۆتدا؟

حەزم لەپیاوی وەسەتە.. من زۆر جنسیم درۆ ناکەم.. ڕقیشم لەو ژنانەیە کەدەڵی وەڵڵا هەستی پێناکەم.. من وانیم خۆم بەمێردەکەم وتوە با(سێکس بکەین).. حەزم لێیەتی مەسەلەن شەوان خۆم تەکلیفم دەکرد لە مێردەکەم.. کەئەمە زۆرکەمە.. بۆیە شوشم زۆر کرد.. هەر نەم دەویست پەنا بەرمە بەر شتی ناشەرعی.. ئەموت خوا باڕەحمم پێبکات مێرد هەر چۆنێك بێت لەگەڵما بێت. حەرام نیە وە خۆشم نەفسی خۆمم دەناسی ئەم وت باتوشی غەڵەت نەبم.

پ/ شتی ناشرینت لیّ داواکراوە لەکاتی سێکسدا؟

هەر زۆر زۆر.. بەس نەمهێشتوە.

پ/ وەکو چی؟

بەتایبەتی (سێکسی نادرووست)..

پ/ بۆ ئەوەندە حەزیان لەسێکسی نادرووستە؟

لەخۆیان بپرسە شێتی ئەو (جۆرەن لە سێکس).. نازانم ...((کۆمەڵە قسەیەکی نابەجێی کرد))... بەخوا بینیومە قژی ئافرەتەکەیان توند گرتوە وەك لەفلیمەکاندا چۆن سوار ئەسپ و شتی وادەبن.. یان بینیومە بەزنجیر لەژنیان داوە لەکاتی سێکسدا تەنیا بەتەنگ حەزو ئارەزوەکانی

کەلتووری فرەژنی لەناخی ئەم کۆمەڵگایەدا ڕیشەی داکوتاوە ئەمەش لەڕووی زانستەوە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمە جۆری لەسێکسدا و لەبەر ئەوەی کەلتوور و ئایین بەشێوەیەکی گشتیش کۆمەڵگای پیاوسالاری فرەژنی حەرام نەکردووە، ئەوا هەر لەکۆنەوە ئەگەرچی ژنان ناڕازی بووبێتن و بەشەڕیش بووبێت بەڵام هەر ژنی دوەم و سێیەمی هێناوە. بەڵام وەك یەکێك لەدەرەنجامەکانی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری لەکوردستاندا داکۆکی و داواکاری لەمافەکانی ژنانیش چۆتە پێشەوە هەر بۆیە خەڵکانی ڕۆشنبیر ڕوبەڕووی شەرمێك، ڕووبەڕووی قسەی خۆیان دەبنەوە و ناچن ژنی دوەم و سێهەم بهێنن و پەنا دەبەنە بەر سێکسی نامەشروع کەلەخۆیدا هەرزانترە، کەم کێشەترە مەسئولیەتیشیان ناکەوێتە سەر.. تەنانەت وەکو ڕوویەکی پێشکەوتنیش بەئازادی سێکسی لەقەڵەمی دەدات کاتێك کەدەگیرێت و تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبن، بەڵام وەك لەشفرۆشەکان دەڵێن:"(خەڵکی عەشایەر) تائێستاش پابەندن بەبنەما کەلتووری و ئایینیەکانەوەن داکۆکی دەکەن لەسەر فەراهەمکردنی فرە ژنی بۆیان.

خۆیانەوەن..

پ/ کێ زۆر ئالوودە بوە کڕیاری موسەقەف یان عەشایەر؟

وەڵڵا هەموو ڕۆشنبیرن بەدەگمەن عەشایار هەیە وابکات، عەشایەر حەزی لەیەکێکی تر بێت ئەچێت دەیهێنێت دەربەست نایەت.

پ/ ئەی ئەوسا؟

بەخوا ئەوساش بەپێی ئەو وەختە هەر موسە قەف بوون.

پ/ چۆن ئالوودەیان دەکەن؟بەنمونە سەرۆك بانديك چۆن ئافرەتێکی بێ ئاگا ئالوودە دەکات؟

لەرێگەی سالۆن.. حەمام.. ئێستا ژنێك هەبوو هاتو چۆی مالی (چ) دەکرد ئەو بەس ڕۆژانە هەموو ڕۆژ ئەچوو بۆ حەمام خۆی دەشت یان سالۆن یان مەسبەح یان حەفلە.. بەس بۆ ئەوەی دەستنیشانی کچو ژن بکاتو هەندێ جار بەمۆبایل ڕەسمیشی دەگرتن.

پ/ زۆرە ئەوانەی قەرز دەکەنو ئالوودەی ئەم کارە بوون؟

وەڵلا هی هەر زۆر زۆرە.. کچ زۆر ئالوودە بوە، ئێستا مۆدەیەتی..

پ/ کڕیارەکان زیاتر چییان دەوێت؟

جاران پیاوان نەی دەپرسی کەمن لەمالی (م) بووم زۆر نەیان دەپرسی گەنجە یان نا.. ئێستا عەکسە و کچی گەنج مەرغوبە.. (چونکە موتعەی زۆر لێ دەبینن، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە دەزانن چۆن پیاو ئیغرا دەکەن)..

پ/ کڕیارەکان شەو یان ڕۆژ زیاتر سەردانی ماڵەکان دەکەن؟

ڕۆژ زیاتر.

پ/ بۆ؟

بەشەو دەگەڕێنەوە ناو ماڵو منداڵی خۆیانو دەبنەوە بەپیاو، بەڕۆژیش دێنە گیانی ئێمەو دەپاڕێنەوە.

پ/ لە ماڵی (م) غەدریان زۆر لێدەکردی؟

نەك هەر لەمن هەر کەس بچی غەدری لێ دەکەن بۆمان نەبوو حوڕبین یان بیانزانیایە پیاوێك دەیەوێت قسەمان لەگەڵ بکات حەیایان دەبردین..

پ/ بەڕای تۆ پیاوان بۆچی ئەوەندە کڕیاری ئەو شتەن؟

جنس وەك هەیەجان وایە.. زۆریش خۆشە.. تەحەمول ناكەن.. وەكو ژنیش نین..

پ/ پیاوت بیستوە پە شیمان بێت؟

زۆر كەم.. بینیومە تۆزی دوای تەواو بوون وتویەتی: "بەخوا پیاویش كەرە"

پ/ بەتەصەوری تۆ زۆرن ئەو مالأنە؟

بەهەزاران ماڵ هەیە لەم سلێمانیە جگە لەئەترافەكان كە ئایا كچی خۆی بێت.. یان ژنی خۆی بێت.. ئەو ئیشەیان پێدەكەن.. ئینجا هەموویان شەبەكەن.

پ/ چۆن ئاوا ئەو ژمارە زۆرە ئالوودەدەبن تی ناگەم بۆ؟

ئاسانە لێیان دەچنە پێش.. ئیغرایان دەكەن بە قەزیەی جنسی، مادەو شتی تر.

پ/ قەت نەتبیستوە وەعدی شتی گەوەرە بدەن بەرامبەر ئەوەی كچێك بكەنە ژن؟

زۆر زۆر.. بەخوا ئەرزە.. خانو.. هەمووشتی.. بەس كچێكی گەنج بەرین بۆیان.. لەم رۆژانەدا یەكێك تەلەفونی كرد ئەیوت: "لەكەركوك ئەرزە ئەدەن، یەكێك بەرە بۆ فلأنە كەس، وەعدی داوە بۆت ئەكات گەر كەسیش نەبەی خۆت" .. یان لەعەیادەكان فەڕاشی عەیادەكان.. ژنێك هەیە فەڕاشی مەكتەبی (...) پیاو بۆ خەڵك ئەبات لەدەرگای ئەو دیوە.. خەڵكی شارەزوورە زۆر قایمە ناوی (ك) ە.

پ/ ئەو ئافرەتانە لەجنوب ئەدزرێن دەست سەرۆك باند ناكەون؟

بەڵی دەساڵ تا یانزە ساڵ دەبن.. ئەمانە شەبەكەن لە...و ...و... ((ناوی چەند شوێنێك دەبات لەهەریەك لە شارەكانی سلێمانی و هەولێرو كەركوك، بەڵام دەڵێت:" كەركوكە ئەو شارەیە كە لێوە تەوزیعیان دەكەن، چونكە لەبەغداو موصڵو خواروش دەیانهێنن.")) ...

پ/ تۆ خەڵكت بردوە بۆ كەس؟

نا ..خۆم چووم نەموێراوە بیبەم ئافرەتیش هەبوە بیبەم، بەلأم نەموێراوە.

پ/ لەكاتی عادە (سووڕی مانگانەدا) ئەو ئیشەیان پێدەكەن؟

بەم جۆرە دەبینین كەلەشفرۆشی دەبێتە بەردەبازێك بۆ گەیشتن بەبازرگانی مرۆڤ چونكە بەهۆی ئاڵوگۆڕی لەشفرۆشەكان لەنێوان شارەكاندا دەكرێت ئەمەش لەبەر ئەوەی كەلتووری سێكچوەڵەتی و كەلتووری سێكس كردنیان جیاوازە.

با با.. پێیان ئەوتین جوان خۆتان بسڕن یان ئیسفنج هەڵگرن.

پ/ كڕیار هەن داوای سێكسی جەماعی بكەن؟

**زۆر زۆر.. ناڵێم لەدوای پرۆسەی ئازادی دنیا زۆر خراپ بوە.**

**پ/ کات وناکاتی هەیە لەماڵی سەرۆك باندەکان؟**

**نادەبێت خێرا خێرا خەڵك بەڕی بکەین.. ئیتر ئەگەر دەستمان لەناندا بێت ئەبێت بڕۆین.**

**پ/ بەرای تۆ زیاتر فرۆشیارەکان لەکام چینن؟**

**... ((ناوی کۆمەڵە کەسێکی ناسراو دەدات کە بەرپرسیارێتیان هەیەو لەم بوارەدا کاردەکەن))...**

**((ناوی کەسێکم لێپرسی، چونکە ئەو ناوە زۆر دووبارە دەبوەوە لەنێو ئەو کەسانەدا کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکردن، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە)):**

**"پیٚودەڵێم بەس توخوا چی تۆیە؟"**

**بڕوابکە هیچی من نیە بەس ئەو ناوە زۆر دووبارە دەبێتەوە.**

**ئەریٚ وەڵڵا زۆر زۆر بەڵام ئەویش خەڵکی خۆی دەوێت ئێستا (ڕ)[65] هی ئەوەو کار بۆ ئەو دەکات بە تایبەت.**

**پ/ کچەکەت ئەزانێت ئەم کارەدەکەیت؟**

**بەخوا هەستی کردبوو.**

**پ/ سەرۆك باند دەست دەخاتە ڕێی لەشفرۆشەکان ئەگەر شووبکەن؟**

**هەر زۆر زۆر.. حەزناکەن شوو بکەین.. نایەڵن ئیش بدۆزێتەوە.. کاتی خۆی من ئیشم دۆزیوەتەوە لەلای خەڵکی موحتەرەم بۆ ئەوەی واز بهێنم ماڵی (م) هاتون مەلەفیان هەڵداومەتەوە یان کە شووم کرد هاتن بەکەسوکاری مێردەکەمیان وتوە کەمن چی بوم..**

**پ/ یەکێك دوور بکەوێتەوە سەروك باندەکان محاوەلەی دەکەن؟**

**ئا زۆر زۆر تەلەفونی بۆ دەکەن ئیزعاجی دەکەن بەدوای عنوانی دەگەڕێن پیاوی بۆ دەنێرن.**

**پ/ بۆ؟**

**بۆ ئەوەی بەس خۆیان نەبن وشتیان لەسەر نەڵێت.. من ناڵێم شەبەکەن.**

---

[65] لەبنەڕەتدا کەسێکە خەڵکی ناوچەی بادینانەو لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ئەم کارە دەکاتو زۆر پسپۆڕە تیایدا، بەئەندازەیەك لەسەر هەموو ئاستێك لەشفرۆش بۆ پیاوان پەیدا دەکات.

پ/ هیچ ڕۆژێ ڕووبەڕووی کەسێك بویتەوە لەبازاڕ یان لەحەفلەیەك لەشوێنی زۆر ئیحراج بیت؟

زۆر زۆر چونکە پیاو بێ شەرەفە شانازی پێوە دەکات وکاتێك بەلاماندا دەڕوات دەڵێت: "سەد جار سێکسم لەگەڵ ئەوەدا کردوە".. بەلاماندا دەڕۆن و دەڵێن: "کەی بێمەوە".. ئیتر شتی ناشرین دەڵێن و لەڕووم نایەت.

((لێرەوە گفتوگۆکانمان دەمانباتە قۆناغێکی تر لەژیانی کە ئەویش بریتیە لە قۆناغی دوورکەوتنەوە لە لەشفرۆشی و دەچێتە ماڵێکی ناودار لە ناوچەی))...

پ/ کە چویتە ئەوی هیچ ئەو ئیشەت دەکرد؟

نە عماوەیکی زۆر وەك ئیشکەر لەوێ مامەوە ڕۆژی 100کەس نانی لێدەخوارد.. پەناگایەکی زۆر باش بوو، چەندەها ژنی لێقەوماوی وەك من ڕوویان تێدەکرد، تەنیا ناخۆشی لەم ماڵەدا زۆری کارکردن بوو ئەمەش سەرەڕای ئەوەی وەك سجنێك دەژیاین، ئەرکی ئێمە میوان بەڕێکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکی ماڵەکەبوو، بڕوا بکە سەعات دووی شەو هێشتا لە قاپ شتن نەدەبووینەوە، بەڵام تا خوا حەزکات موحتەرەم بوون.. بەس لەگەڵ یەکێك لەکار بەدەستەکانی ئەوی ڕێکەوتم شووی پێبکەم حەزمان لەیەك کرد ئیتر ڕۆشتین.

پ/ لەگەڵ ئەو هیچت کرد؟

ئا نالێم حەزمان لەیەك کرد ئیتر ماوەیەك لەژێرەوە پێکەوە بووین دوایی ڕۆشتین بەس درۆی لەگەڵ

میوان بەڕێکردنیش بەڵگەیەکی ترە لەسەر سیستەمی پیاوسالاری کەتیایدا بەجۆرێکی تر ڕەگەزی مێ دەچەوسێنێتەوە لەڕووی چەوسانەوەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ لەشفرۆشیدا (چونکە لە لەشفرۆشیدا جەستەی ژنێك بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی پیاوێك غەریزەکانی خۆی تێر کات و کۆمەڵە پاشهاتێکی دیاری کراوی هەیە وەك ئەوەی لەبەشی یەکەمدا باسمانکرد بەڵام (لەم بارەدا توانا و وزەی ژنێك، کە هەر دەکاتە جەستەی بەکار دەهێنرێت لەپێناو ئامانجێکی تردا کەئەویش بەرز ڕاگرتنی سومعەی جێکەوتی کۆمەڵایەتی پیاوێکی ناودارە) .. لەم دوو جۆرەی چەوسانەوەیەکی قێزەونە بە پێوەرە ئاینی و کەلتوورییەکان ئەم کۆمەڵگایەو زۆربەی کۆمەڵگاکانی تریش بەڵام چەوساندنەوەی جەستەیی لەم کۆمەڵگایەدا هێندەی یەکەم قێزەون نیە ئەگەر چی لەڕوە مرۆییەکەوە هەردوو جۆرەکە قێزەونن لەلای ئەوانەی ویژدانێکی مرۆیی زیندویان هەیە بەبێ جیاوازی سەیریان دەکات.

**کردم وتی: "دەوبەم بۆ خاریج".. کەچی لەتورکیا منی جێهێشت و خۆی ڕۆیشت.**

**پ/ چەن مانەوە؟ چیشتان دەکرد؟**

**سێ ـ چوار مانگماینەوە.. ئیتر شوقەیەکمان گرت ئافرەت و شتی وا دەهاتنە ئەوی..**

**پ/ بۆ چی دەهاتن؟**

**ئێ کابرا خۆی (دەلاڵ) بوو ئیتر بۆ ئەوە منی بردبوو هەرچەنە لەپێشا واینەوت، وتی: "ئەت هێنم"**

**پ/ پاشان چیتان کرد؟**

**ئەو جێی هێشتم هەرچی پارەش بوو بردی.. منیش بەبێ یەك پوول.. ئیتر ماوەی ئاوا مانگێك مامەوە بە تەنیا تۆزێك پارەم پەیداکردوو گەڕامەوە لەزاخۆ دانیشتم ژوورم گرت و دانیشتم ئیتر یەکێکم ناسی لەوێ خەڵکی سلێمانی بوو زۆر یارمەتی دام ئیش و شتی بۆ دۆزیمەوە تا ماوەیەك.. وەڵڵا داوایکردم شوم پێکرد.**

**پ/ ئەی کچەکەت؟**

**ئەویشم هەر پێ بوو.**

**پ/ چەن مایتەوە لەگەڵی؟**

**هەشت مانگ ئیتر وتی: "ناتوانم بەڕەسمی مارەت بکەم بەس هەر یارمەتیت ئەدەم".. دووان بوون هاوڕێ بوون.. ئیتر من شووم بەیەکێکیان کرد دوای وتی: "هاوڕێکەم ئەگەڕێتەوە بۆ هەولێر ئیشەکەمان دەڕوات بۆ ئەوی"... ئیتر ئەویش جێی هێشتم.**

**پ/ کەواتە شووکردنەکانی تۆ ماوەکانیان کورت کورت بوە؟**

**ئا تەنانەت یەکێك بهاتایە بۆ دوشەویش حەزم ئەکرد مارەم بکات ئەوە لەئێران و میصرو بە غداو ئەم شوێنانە زۆر زۆرە.. باشترە توشی هیچ نابیت تەنانەت قانونیش ڕێگەت پێ ئەدات ناشبێت بەزینا.**

**پ/ ڕۆژێکی خۆشی خۆتم بۆ باس ئەکەی؟**

**ئای ئەیام زمان ڕاستیەکەی ڕۆژی خۆشی؟ ... ((هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا))... ئەو ڕۆژانەبوون کەلە گەڵ ئەو سگبابە دەخەوتم (د)، ئەوە خۆشترین ڕۆژانی منن.. بەس ئەوە ئەی زانی چۆن سێکسم لەگەڵ بکات.**

**...((هەناسە یەکی هەڵکێشا))...**

**وتـی قـەت (قوبلـە) کانیم بیرم ناچێت بۆ من لەسێکسـدا خۆشترین شـتی قوبلەیـە دوایـی شتەکانی تری.**

**پ/ ڕۆژی ناخۆش؟**

**هەمووی ناخۆش بوو ژیانێکی ئاوا خۆشی کوا؟**

**پ/ حەزت لەچ ڕەنگە؟**

**سور، پرتە قاڵی، زەرد ، ڕەنگە فاتحەکان زۆرم ڕق لەرەنگی تشائومە..**

**پ/ حەزت لە پیاوی چۆنە؟**

**پیـاوی زۆر قـۆز زۆر گـەرموگوڕ لەسێکسـدا ڕقـم لەپیاوێکـە بێتـوك بێـت یـەع.. پیـاو ببیـنم قۆڵ‌و شانی بێتوك بێت دڵم یەتە دەر.. ئیتر بەرز نەبێت‌و کوڕتیش نەبێت.. کەسێکسیشی کرد یەکسەر بخەوێت زۆر ناخۆشە..**

---

**ئەم ئافرەتە زۆر لەوە زیاتر شتی پیێ بوو بەڵام زۆر وریا بوو.. ئەمیش جلە کانی موحتە شەم بوو وەکو زۆر بەی سەرۆك باندەکانی تر لەچکیشی ئەدا بە سەرا ئینجا زۆر مەکرباز بوو دڵی زۆر تەڕ بوو وەزۆری معلومات هەبوو ئەمە سجن نەکرابوو بەسودفە هاتە لامان‌و کێشەی هەبوو دەرکەوت سەرۆك باندە.**

**ئەمە تەنها سەرۆك باند بوو کەپلانی تەواوی بۆ داهاتوو هەبوو، وەك خۆی دەیوت: "ڕەنگە تا ئەوەندەی لەباربم بۆ پیاو، خۆشم تاقەتی سێکسم بمێنێت، حەز ئەکەم پیاوم لەگەڵ بێت، لەبەر ئەوەی دەزانم، ئاسان نیە شوو بکەم وەك عادات‌و تەقالید، یەك بەحوکمی تەمەنەکەم، دوو ڕابردووم، لەبەر ئەوە ناچارم هەر بەو شێوەیەی خۆم شوو بکەم.. ئیتر ڕەنگە زەواج بکەم وەك بە سیغە، دوو ساڵ ئاوا سێ ساڵ.. تاد.. دواتر بەتەمام خوا بیکات بەنسیب حەج ئەکەم‌و تۆبە دەکەم، ئەگەر نەشبوو، 100٪ حەجی عەمرە دەکەم" دەیوت: "پلانێکی ترم هەیە، نازانم سەردەگرێت یان نا.. لەخانوی کرێدام داوای بڕێکی زۆرم کردوە، ئەگەر وەرمگرت دەچم بۆ ئەمریکا، خوشکێکم لەوێیە، ئەگەر نەبوو دەچمە سعودیە باقی عومرم بەسەر دەبەم، هەموو شتم حازرە."**

## فرۆشگای شەشەم

| | |
|---|---|
| خاوەنی: | ف. سوور. (ف. ج. ع) |
| تەمەن: | 62 ساڵ |
| دانیشتوی: | شاری سلێمانی |
| تەمەنی لەشفرۆشی: | لەمنداڵیدا لەشفرۆشی کردوە |
| وەك سەرۆك باند کاریکردوە: | 18 ساڵ |
| ئاستی خوێندەواری: | نەخوێندەوارە |
| ڕێگای فێربوون: | لەمنداڵیەوە خولیای ئەم کارەبوەو بە ئارەزووی خۆی. |

**چاوپێکەوتنی - یەکەم -**

**پ/ کەی گیراوی؟**

**نزیکەی ساڵێکە**

**پ/ لە سەر چی؟**

**خۆیان ئەزانن! لەسەر مناڵێکی (بێ ئەخلاق) و باوکە خوێڕیەکەی دوور لە ڕووی تۆ.**

**پ/ لەسەر مەسەلەکەی (ن)؟**

**بەڵێ**

**پ/ لە ڕاستیدا من زۆر قسەلەسەر ئەو کێشەیە ناکەم بەڵکو مەبەستمە تۆزی گوێ لەخۆت بگرم، دەکرێت؟**

**بەسەرچاو.**

**پ/ تۆ لەکەیەوە خەریکی ئەم کارەی؟**

**بەنیسبەت ئافرەتو شتی وا بەڕاستییەکەی لەساڵی 2000 ەوە، ئیتر بەیەکجاری ئاوا نەك لابە لا حەزم لە ڕابواردن کردوە لەگەڵ ئافرەتدا.. چونکە خێزانەکەم نەخۆشەو ناتوانێت سەر جێیم بکات.**

**پ/ چەن مناڵت هەیە؟**

**پێنج**

**پ/ ئەزانن تۆ ئەوە دەکەیت؟**

نا.. کوڕو کچەکانم گەورەن.

پ/ ئەی خێزانەکەت؟

نە ء. نازانیو نەشیزانیوە

پ/ ئەی چۆن (ن) لەماڵتان بوو خەڵکت بۆ دەهێنا؟

من خەڵکم بۆ نەهێناوە باوکی داینابوو لەماڵمان خێزانەکەم بردی بۆ نەخۆشخانە.

پ/ باشە واز لە (ن) بهێنە بەڵام کاتی تر ئێوە ئافرە تی ترتان هەبوو یان چۆن پەیاتان دەکرد؟

بەڵی یان برادەرمان هەیە.. بۆ نمونە بەبۆنەی برادەرێکی خۆمەوە ناوی (ص) ئەو کچەکەی خۆی بۆ هێنام، ئائەم (ن) ئێستا سجنە ئەوە باوکی بۆی هێنام.

پ/ کەهێنای هەستت نەکرد زۆر مناڵەو تەحەمولی ئەو کارە ناکات؟

تەحەمولی ئەکات بۆ نای کات.. خۆ من یەکەم کەس نەبووم لەگەڵی.. کاتێك بۆ منی هێنا زیاتر لە دووساڵ بوو ئەوە ئیشی بوو، ئینجا کەشتی بە زۆریش نەبێت من هەقم چیە.

پ/ لەگەڵ (ن) زۆر خەوتویت؟

بەڵی.

پ/چەند؟

یەکەم جار چوار شەو چوار ڕۆژ دوایش ناو بەناو.

پ/ لە کوێ؟

لە ماڵەوە.

پ/ ئەی کەواتە ماڵوو منداڵەکەت لەکوێ بوون وانەیان زانی؟

لەسەفەر بوون.

پ/ هەموویان؟

بەڵی.

پ/ خۆی ڕازی بوو؟

زۆر نا، باوکی پێی دەکرد.

پ/ ئەی چۆن کەسێك زۆر ڕازی نەبێت پیاوێك ئەتوانێت لەگەڵی بخەوێت؟

ڕازی نەبوونەکەی چۆن بووە خۆوانەبوو بڵی مەخەوە لەگەڵم بەس کەلێم ئەپرسی بۆ وائەکەی ئەی وت: "باوکم پێم دەکات"

پ/ ئەی تۆ جگە لەخۆت کەست بۆ نەهێنا؟

نەخێر بەس کابرایەك ئەناسم ناوی (خ) لەهەولێر ئەو خەڵکی بۆ ئەهێنا

پ/ کێ ئەناسی جگە لە (خ) خەریکی ئەو ئیشە بێت؟

وەڵلا خەڵك زۆرن جائەتوانم بڵێم شارەکە کەمو زۆری خەریکی ڕابواردنە هەر لەمەسئولەوەو تا دەگاتە حەماڵێك.

پ/ وەکو؟

...(خرە).. (ب)ێك هەیە ژنەکەی ناوی (ج)یە ماڵێکی ترهەن (ڕ) ئیتر چی بلێم سلێمانی عامەتەن بەرەڵای دەست داوەتی کوڕێکی کەرکوکی ترهەیە لەفلیمەکەی (...) تەمسیل ئەکات ناوی (ع) ە ئەمانە هەموویان یان (ڕ) هەولێری ژنەکەی ئەویش ناوی (ج)یە، ماڵی (ر) و ماڵی (ك) و (ئە)و (گ)و (س) یەك هەیە من نەم بینیوە ئەوە بەس بۆ پیاوە گەورە کان ئافرەت ئەبات نالێم زۆرن سلێمانی عامەتەن خەریکن.

پ/ جگە لەئێوە خەڵکی کاسبکار زۆرن کەخەریکی ئەم ئیشەبن؟

ئەوەی معاشی هەبێتو مووەزەف بێتو لەحوکمەتا بێت ئەیکات.. بەخەیاڵیا نایەت.. ئنجا لەدایرەیەکا هەر ئەوەندە شەرتە دووکەس کردی.. ئیتر باسی ئەکەن ئەو بەو ئەو بەیەکێکی تر.. تا وای لێدێت هەموو فێردەبن.

لەناو کاسبکارانیشا هەمان شتە دوکانداری کردی ئیتر گوزەرەکە ئەیکات، مەگەر چۆنها کەسی نەیکات ئیتر دەلاڵەکە بەیەکتر ئەناسێنن.

پ/ باشە کڕیاروو دەلاڵ چۆن یەکتر ئەدۆزنەوە ؟

زیاتر لەبەر سەراو ئەو کوزەرەی لای سینەماو چاخانەکان کۆ دەبنەوە، چونکە تا شەو درەنگ دووکان هەیەو زۆریش قەرەباڵغە.

پ/ ئەو ناوە پڕە لەخەڵك چۆن یەکتر دەناسنەوە؟

خۆی دیارەو ئەوانەش کەخەڵکت بۆ ئەدۆزنەوە یەعنی دەلاڵەکان بێ شەرمنو ناسراویشن هیچیان پێ عەیب نیە.. هیچیان بە خەیالا نایەت.. لێت دێنە پێش.. بەتایبەت ئەگەر غەریب بیت.. ئەوایەکسەر دیارە دەموچاوی هاوار ئەکات.. ئێرانی بیت

عەرەب ئیتر دیارە ئەوەی حەز لەو شتە بکات دەموچاوی دیارە لە ژنیش‌و لە پیاویشدا.. حەزدەکەم بزانی هەر لەدوورەوە هاوار دەکات ئیتر پێی دەڵێن، ئەویش یان دەڵێت: "ئا یان نا"

پ/ چۆن یەکەم جار ئەزانن؟ تۆ بەدوای شتی وادا دەگەڕێی تا بوێرن لێت بێنە پێش؟

لەو چاخانانە دائەنیشین، کە یەکێك دا ئەنیشی ئیتر لێی ئەچنە پێش‌و موجامەلەو دەعوەتی بۆ ئەکەن لەنادیو خواردنەوەو سوعبەت‌و ئیتر پێی ئەڵێین: شتی واهەیە ناتەوێت؟ زۆر بەشیان یەکەم جار تا دوو- سێ جار ژنی خۆیان یان کچی خۆیان دەهێنن بۆ ئەو ئیشە.. دوای هیتریش دەهێنن.. مشتەری چی بوێت ئەوە دەهێنین، هەموو نەوعێك..

پ/ ئێوە کە ئا فرەتتان بۆ دەهێنن خۆتان داوای چی دەکەن تەڵەبیەی ئێوە چیە؟

وەڵڵاهی پێی ئەڵێین: چۆنە؟ ئیتر ئەو پێمان دەڵێت: "ئاوایەو ئاوایە و مەسەلەن قەیرەیەو منداڵەو یاقەڵەوە ئیتر بەو نەوعە"

پ/ ئەوانەی مشتەریتان بۆ دەهێنن ئێوە چیان لی داوا دەکەن پێیان دەڵێن گەنج یان منداڵ؟

وەڵڵاهی.. بەتەمەنەکان داوای منداڵ ئەکەن‌و گەنجیش داوای بەتەمەن دەکەن.

پ/ بۆ؟

بۆ بەتەمەن منداڵ خۆشترە چونکە خۆی ژنی بەتەمەنی هەیەو حەزی لەمنداڵە.. بەس گەنج ئەترسی لەکچی منداڵ.

پ/ ئەوەندەی تۆ خەریکی ئەم ئیشەیت دیارە زۆرت بینیوە هەر لەمنداڵ‌و گەنج‌و قەیرەو پیر کامیان باشترە بۆتان بەعام؟

من منداڵ.. بەس ئەم کچەم بینیوە بەس ئەگەر ڕاستت دەوی نەزۆر منداڵ بێت نەزۆر بەتەمەن.. ئاوا لە 20 ساڵ بەرەو ژور باشە خوارترنا.

پ/ بۆ؟

وەڵڵاهی منداڵەکە حەز بەئینسانی بەتەمەن ناکات زوو بێزار ئەبێت.. حەزئەکا لەگەڵ کوڕێکی گەنجا بیکات پیرەکەش هەر ڕاهیمان دەکات بۆپارەکەیەتی..

پ/گەنج‌و بەتەمەنەکان کامیان زیاتر بۆ پارە ئەوکارە دەکەن؟

گەنج بۆ پارە.. بەتەمەن بۆ ڕەغبەت.. هەیە هەر لەزوەکەوە کردویەتی فێربووە لەپێشا بۆ پارە بوە، ئیتر دوای 10 – 12 ساڵ پەکی دەکەوێت، وەك پیاو نیە، ئیتر کەس نایەوێت لەگەڵی بخەوێت.. چونکە ئیتر جنسی خۆش نیە.. بەس تازە ئەو فێر بووە و حەزیشی لی ئەکات.. ناچار خۆی بە زۆر پارەش ئەدات بەس کەسێك هەبێت جنسی لەگەڵ بکات.

پ/ باشە دەلاڵەکان خەڵکی موسەقەفن یان عامن؟

وەڵڵا هەردووکی.

پ/ ناترسن؟

وەڵڵا جاری وا هەیە توشی ئینسانی خراپ ئەبین.. تەبعەن ئەترسین جاری وایش هەیە توشی خەڵکی باش دەبین.

پ/ ماڵ زۆرە خەریکی ئەم کارەبن؟وەك ماڵ؟

ئەرەوەڵڵا ڕەنگە 1000 ماڵ زیاتر بن، جا برا باشەکەم ڕووی دەمم لەتۆ نەبێت گەڕەك هەیە سێ ـ چوار ماڵی وای تیانەبێت؟

پ/ زیاتر لەچ گەرێکن لە چ شارێکن.. ؟

لەهەموو شارێك مەسەلەن قەڵادزێ، سلێمانی، کەرکوك، ڕانیە، عەربەت، بازیان هەولێر، بەزۆری دەچنە گەڕەکە فەقیروو عەشایەرەکان

پ/ بۆ؟

لەوی زۆر کەشف نابن ئەگەر کەشفیش بن ناترسن شکاتیان لێ بکرێت.

پ/ بۆ؟

خەڵکە فەقیرەکە دانیشتوە بەدەردی خۆیەوە خانویەکی هەیە بێ تاپۆیە یان موخالیفە خوا خوایەتی پۆلییس بەسودفەش بەوشوێنەدا نەڕوات ئیتر چی یاوە لەخەڵك ناچێت شکات لەم بکات؟

پ/ کڕینی ئەم جۆرە لە سێکس گرانە:

ئەرەوەڵڵا، بەڵام ئەویش نەوعی هەیە، لە 15000 دینارەوە هەیە تا 600 دۆلار.

پ/ سەبب ئاوا گرانن؟

فەرقیان هەیە ئارایشت ئەکەن و خۆیان ئەڕازێنەوەو ئیتر بەدڵی پیاو هەڵسەکەوت ئەکەن و جلی تەنك لەبەر ئەکەن.. تۆش وەك برامی..

**پ/ هەبوە کەبۆت بێنن ئەو نەیەوێت لەگەلتا بێت؟**

**هەیە تەبعەن بەتایبەت منالٚ کە دێت سەیردەکات.. تۆ لە تەمەنی ئەودا نیتو یان بە دلٚی ئەو نابیت زۆر حەز ناکات؟**

**پ/ گەر ببیستی کچەکەت شتی وا ئەکات؟**

**ئەی کوڕم نا بێت شتی وا چۆن ئەبێت؟**

**پ/ ئەی ژنەکەت ؟**

**نا ئەوان شتی واناکەن....**

**پ/ بەس ئەوکچە ناوی خێزانەکەی تۆی هەموو داوە؟**

**درۆ دەکەن مالٚو منالٚی من شتی واناکەن ژنەکەم نوێژ کەرە...**

**پ/ کڕیاری گەنجی زۆر تیایە؟**

**جا کام گەنجم پی ئەلێیی خەریك نەبێت؟**

**پ/ تۆ ئافرەت بۆ کەس نادۆزیتەوە؟**

**دۆزینەوە چیە؟ من کەلەگەلٚ (ن) خەوتم ئیتر برا دەرێك تەکلیف ئەکات ڕەقەمی (ص) ئەدەم.. یان ژن هەیە ڕەقەمەکەی دەدات ئەلٚێت: "ئەگەر کەسێکی ڕێكو پێکت شك برد بینێرە بۆلام"**

**پ/ یەعنی یەك بۆ یەك؟**

**تەبعەن.. ئینجا یاخوا**

**پاش ئەوەی کە لەکۆتایی ئەم چاو پێکەتنەدا بۆمان دەردەکەوێت کچەکەی و ژنەکەشی ئەم کارە دەکەن، بەلاٚم هێشتا دەبینین کوشتن ئەگەر بەدرۆشی بێت لەناو بیر و بۆچون و دەماخی ئەم پیاوەدا بەبەرد بوە بەهەموو جۆرێك نکولٚی لەوە دەکات ئەوانەی هەلٚگری شەرەف و کەرامەت و ناموسی ئەون کاری لەشفرۆشی ناکەن و ئەگەر بیکەن دەیانکوژێت و ئەم خالٚە زۆر باش بۆی سەلماندوین پیاو چەند بیٚ ئابڕوش بێت لەڕووی پەیوەندیە سێکسیەکانیەوە، بەلاٚم هێشتا کەرامەتی خۆی لە سێکسی ژن و کچەکەی خۆیدا دەبینێتەوە، ئەمەش کرۆکی ناموس پەرستیە..**

**کاتێك (ف سور) دەلٚێت: "جا خۆمن شتێکی زۆر ناشرینم نەکردوە.. هەیە پیاو دەکوژێت"، بە پێی وەلاٚمی ئەم پرسیارە ڕێکخستنی پەیوەندی سێکسی نێوان نێرو مێیەك کارێکی ئاسییە ئەگەر بەراورد بکەین بەپیاو کوشتن کەلەڕاستیدا لەڕووی مرۆییەوە ئەمەش ڕاستە بەلاٚم ئەوەی نامرۆییە لەم ڕێکخستنەدا بەبازاڕکردنی پرۆسەکەیە چونکە لەپرۆسەی بەبازاڕکردندا لەڕێگای پارەوە ناڕازی بوون دەکەینە ڕازیبونێکی ناچاری، ئەمەش بێشك ئیغتیصابە.**

**کەسێکیش ناوی نەزرێت عالەمەکە هەمووی ئەی ناسێت.**

**پ/ منالـــە کانـــت یـــەن بـــۆ مواجەهەت؟**

**بەڵێ.**

**پ/ شەرم ئەکەی؟.**

**جـا خـۆمن شـکور شـتێکی زۆر ناشـرینم نـەکردووە.. هەیـە پیـاو ئـەکوژێت.. ئێســتا وەرە بچــۆ سـەیری ئـەو قاعەیەبکـە منی تیـام 20 پیاوی تیایە هـەر لەسـەر زەلام کوشتن یان هەتیو بازی گیراون.**

**پ/ جا هـەتیو باز لـە گـەڵ ئـەوەی تۆ چ جیاوازە تۆ مێ بازی؟**

**ڕاسـتە بـەس مـن شـەرعو قـانون ڕێگەی یاوم خۆ ئەو نا..**

**پ/ باشە تۆ حەزت لە چ ڕەنگە؟**

**وەك چی**

**پ/ رەنگ؟**

**وەڵڵاهی سورو مۆر.**

**پ/ ڕۆژێکی ناخۆش لە ژیانت**

**کە گیرام**

**پ/ ڕۆژی خۆش؟**

**وەڵڵاهی هەزار ڕۆژی خۆشم بینیوە.**

**پ/ بەتەجروبەی تۆ ئەم ئیشە لەناو ئافرەتی شارەکان جیاوازی هەیە؟**

**لەوەلآمی ئەو پرسیارەوە کەدەڵێین ڕۆژێکی خۆش یەکەم جارە گوێمان لەوەلآمێکی ئیجابی بێت (هەزار ڕۆژی خۆشم بینیوە) ئەمەش لەزاری پیاوێکەوە دەردەچێت کەسەرۆك باندە... ئەمە سەلماندنێکی ڕوونە کەناخۆشی و ئازارەکانی لەشفرۆشی لەلای ڕەگەزی مێ کۆدەبێتەوە و بەشی هەرە زۆری چەوساندنەوە بۆ ئەوانەیە لەپرۆسەی لەشفرۆشیدا لەشفرۆشن، یان لەشفرۆشی دەکەن.**

**ئەم سەرۆك باندە شارەزاییەکی بەرفراوان و گەورەی لەو کارەدا هەیە کەکردویەتی چونکە دەتوانێت وەصفی هەموو ناوچەکان بکات کە ژنیان چۆنە بازاڕی سێکس کەلەڕاستیدا ئەمەش تەواو پەیوەندی بەهۆشیاری سێکسیەوە هەیە نەك بە سروشتی ژنەکانەوە بۆیە ئەزموون و شارەزایی سەرۆك باندێکی ئاوا لەڕووی عەمەلیەوە لە پێناو پەیدا کردنی پارەدا لەسەر بنەمای لەشفرۆشی جیاوازی تەکنیکی و ناوچەگەری قوڵتر دەکەنەوە و زیادی دەکەن .**

تەبعەن ئافرەتی لای خۆمان سلێمانی بابڵێن ساردن.. هەورامی گەرمن بەس شت نازانن.. ئافرەتی کەرکوکی مکربازو شەیتانن.. هەولێری هیچ دوور لەڕوی تۆ حاشا وەك چی!! عەینەن ....وان. عەرەبیش باشن زۆر بە حەماس و ئەوەن.
((پاشان سەردانی گەڕەکەکەیانمان کرد بۆ ئەوەی زیاتر لەنزیکەوە لەم پیاوە تێبگەین.. لەلایەن پیاوێکەوە))
وتی: "من حەزناکەم ناوم بهێنن بەلأم زیاتر لە 20 ساڵە من ئەم پیاوە دەناسم هەر لەگوزەری مەیانی کرێکاران‌و وەستاکان دەوەستێت ئیش‌وکاری بەس ئەوەبوە، مەبەستی لەشفرۆشیە.. مەشوورە، هەتیوباز بوە کە گەنج بوە منالڕو مەزنی بردوە، ئنجا کەژنی هێنا هەر وازی نەهێنا مالڕو منالیشی فێرکرد.
ئەمە وەختی خۆی زۆر ئحتیاج بوو ئێستا بەهۆی ئەو ئیشەوە شەش حەوت خانوی بە کرێی هەیە ئنجا کچی ژنی کوڕی هەمو توش بوون
پ / چۆن منالڵ لەسەر شتی واڕازی دەبێت؟
ئەی جا براکەم تۆ سەیری باوك‌و دایکی خۆت دەکەیت؟ من کە سەتەلایت‌و ڤیدۆم نەبوو ئەوانیش سەیری ناکەن وایە یان نا؟ ئنجا من کەکچەکەم چووە دەر بەبەردەم منو دایکیا ئەچیڵ بۆ مەکتەب خۆ ئەبی بزانم کەی ئەڕوا کەی دێتەوە... نالێم سجنی بکە یان دوور مەڕۆ من کە بەبەرچاوی ئەوان ژنم هێنایە مالڵ ئەویش پیاوێك دێنێت.
پ/ یەعنی ژنەکەی وانەبوو لە سەرەتادا؟
وەڵلاڵ خۆمن چۆن دەیان ناسم لەگوزەرەکاو مەنتیقەکا من زیاتر لە 45 ساڵە لەم گەرەکەم ماڵی باوکم بوە ئیتر ژنم هێناوە هەر لەم مالاڵ بووم واکوڕم ژنی هێناوە ئیتر ئەم پیاوە کوڕی گەڕەك بوو ئەویش ماڵی هەر لێرە بوە لە پێشا کرێچی بوو زەمانی حوکمەت زۆر خەڵك هامو شۆی نەدەکردن وەزیاتر منالڕو مەزنی ئەبرد بۆسەر حەمام‌و سەربانی مزگەوتەکەو ئاوا هەموو خەڵك دەزانێت بەلأم چیە من هەقی ماڵی خۆمم هەیە وە جاران گەرەکەکە باشتر بوو ماڵی زۆر تیابوو ئێستا تۆ ئەبینیت هەمووی بۆتە دوکان‌و بازاڕ بۆیە زۆر ناترسێت کەس نیە مەزبەتەی لیڵ بکات دووژوری یاوە بەکریڵ وەك مەغزەن بەدرۆ بۆئەوەی کەس نەڵێت بۆ ئەوەنە خەڵك هاموشۆت دەکات.

**بڕوابكە شەوو ڕۆژ دڵم لەمستمدایە من منالْم هەیە گەنجن دایم ئەڵێم خوایە نانی شەوم ناوێت منالْەكانم دووربن ئەگەر ئەم زروفە نەبێت خانوم شك ببردایە دەمێ بوو ڕۆشتبووم.**

**قسەی خێزانەكەی:**

**((زۆر بەبێ ڕێز مامەڵەی لەگەڵكردین و بە توڕەیی وەڵامی داینەوە)).**

**پێم خۆش نیە پرسیارم لێ بكەن مێردی من پاكەو بەریش دەبێت ئەوە بووختانەو ئەو كەربابە سوالْ كەرە كەركوكیە لاخۆی شوێنمان كردەوە كچیم برد بۆ خەستەخانە بەزەیم پیدا هاتەوە كەچی خەریكە كچەكەیمان بەسەردا ساغ دەكاتەوە[66]، ئنجا دووشەو لەماڵی من بوە**

**پ / ئەی ئەو كچانە كچی خۆتن لێرە؟**

**ئەی جا خۆ نەم دزیون زۆڵیش نین بۆ ئەپرسی؟**

**لەڕاستیا سێ ئافرەتی لێ بوو لە ژورێ هەر سەیری منیان دەكرد**

**تارادەیەك وەك دەركردن پێی وتین ئێوە نەپۆلیسن و نەحاكم جوابی خۆم لای ئەوان ئەڵێم**

**من زۆر بڕوام بەم سەنتەرو مەنتەرە نیە هەمووی فشیە**

**ئەگەر ئیشێكت نیە دەمەوێت بڕۆم بۆماڵی خزمێكمان تەعزێمانە.**

---

[66] **خۆ ساغ كردنەوە لەكەلتووری كوردستاندا، بۆ بەزۆر شووكردن بەكاردەهێنرێت، لەڕاستیدا ڕەگەزی مێ وەك ڕەگەزی نێر نیە بە ئاسانی بتوانێت یەكێك ناچار بكاتو هاوسەرگیری لەگەڵدا بكات، بۆیە بەڕێگای كارئاسانیە كەلتووریەكان كە لە بنەڕەتەوە دژ بەئازادیەكانی خۆشی بن، بەلاْم دەتوانێت پیاوێك بخاتە ژێر گوشارێكی ئەخلاقیەوەو ناچاری بكات بچێتە داوای، هەروەها ئەم ڕێگایە كاتێك دەگیرێتە بەر ئەگەر كچەكە ئارەزوو بكات بەو شووكردنە یان ناچار بێت پەنای بۆ بەرێت.**

## باسی سێیەم: سێیەم ڕاستی وەك خۆی لەشفرۆشی لە زاری كڕیارەكانەوە

### موشتەری یەكەم

ناو: ئا. ح. أ

تەمەن: 38 ساڵ

خوێندەواری: دەرچووی پەیمانگایە

پ/ لەكەیەوە ئەم ڕێگایە بەكار دەهێنیت بۆ تێركردنی ئارەزوەكانت؟

دەمێكە من هەر كاتێ تاقەتم هەبوو تەلەفون دەكەم بۆ ژنێك كەدەیناسم و وەختێك دادەنێین.

پ/ یەكەم جار ئەم ژنەت چۆن ناسی؟

لەڕێگەی برادەرێكەوە.

پ/ پیاوان چۆن ئەوژنانە دەدۆزنەوە؟

هەندی كات لەڕێگەی سودفەوە.. لەسەر جادە.. یان لەدوكانێك.. لەسەر ئیش.. یان هەندێ ئافرەت هەیە دەموچاویان هاوار دەكات.. یان وەكو وتم: برادەرێك دەڵێت من لەگەڵ ئەو ئافرەتە خەوتوم منیش داوای لی دەكەم.. ئەوەندە حسابە جارێك ڕازی بوو ئیتر دوبارەو سی بارە دەبێتەوە وەهەندێك كات ئەگەر لەو بێ تاقەت بووم پێی دەڵێم كەسێكی ترم بۆ بهێنێت ئیتر ئەو كەسە خزمی خۆی

> واتە لەناو ڕەگەزی نێردا زۆر هاوكاری یەكتر دەكەن بۆ ناسینەوەو دۆزینەوەی ئەو كەناڵانەی كە دەیانەوێت دەستیان بگاتە لەشفرۆشەكان، هەروەها ئەوخاڵەش ڕاستە كەدەڵێن لەشفرۆش خۆی دیارە.. بەپێی بنەما تیۆریەكانیش تێدەگەین كەهەموو جۆرەكانی لەشفرۆشی دەكرێت بەكار بێت لەلایەن پیاوانەوە، بەنمونە لەشفرۆشی سەر شەقامو لەڕێگای دەڵاڵیەوەو ... تاد. بەپێی ئەم زانیاریانە ئەگەر پیاوێك لەیەكێك لەلەشفرۆشەكان بێتاقەت دەبێت هەوڵ دەدات یەكێكی تری بۆ پەیدا بكات، كەواتە دوو سەرچاوەی سەرەكی هەیە بۆ پەیداكردنی لەشفرۆش.. لەلایەك لەڕێگای هاوشێوەكانی خۆی لەكڕیار لەلای دوەمەوە لەڕێگای فرۆشیارەكان خۆیانەوە.. بەم پێیەش بازاڕی سێكس بازاڕێكی دیاریكراوە بۆ خواستو خستنەڕوو، واتە نرخی ئەم بازاڕە لەگۆڕاندایەو تا بەرز بێتەوە ئاماژەیە بۆ كەم بوونەوەی لەشفرۆشی.

بێت یان کچی بێت یان ڕەفیقی بێت لەئیش یان دراوسی بێت...تاد.

پ/ باشە هەمووجار پارەی دەدەیتی؟ وچەند دەدەیت؟

شەرت نیە چونکە ئەو ژنەی کەدەیناسم هەندی کات دەڵێم دوایی پارەت دەدەمی.. یاخود هەندی کات لەدائرەکان ئیشێکی بۆجی بەجی دەکەم و بەس.. ئەگەر ژنێکی ترم بۆ بهێنێت ئەوا پارە دەدەم بە هەردووکیان.

پ/ باشە ئەو کەسە ئەوژنانە لەکوێ دەدۆزێتەوە؟

دیارە هەموو کەسێ پەیوەندی خۆی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك کەس و کەسەکانیش باش دەناسێت ڕەنگە هەندێك لەوانە خۆیان ئامادەی ئەو کارەن ئەمیش پێیان دەڵێت وخۆشیان حەز دەکەن وپارەش وەردەگرن وەڕازی دەبن.

> کاتێك کاروباری دائیرەکان لەپێناو سێکسدا جێبەجێ دەکرێت، ئەوا جگە لەگەندەڵی کارگێڕی کەدواتر دەبێتە هۆکار بۆ نایەکسانی نێوان ئەو خەڵکانەی ڕوو دەکەنە فەرمانگەکان، یەکێکیشە لەو هۆکارانەی کەدەبێتە مایەی ئیستغلالکردن و چەوساندنەوەی ڕەگەزی مێینە.

پ/ باشە هیچ جارێك بوە بەو ژنەی کەدەیناسی پێی بڵێیت بۆ ئافرەتێك خۆت بیناسی بەس ژنەکە ئەو ئافرەتە نەناسی؟

بەڵی زۆر کات بوە من ژنێکم بینیوە زۆرم حەز لێ بوە پێم وتوە: حەزم لەو کەسەیە ئەتوانی بۆم بهێنیت؟ ئەویش وتویەتی: "پێی ئەڵێم ئەگەر ڕازی بوو بەسەرچاو".. ئەگەر ڕازی بوو خۆی دێت ئەگەر نا هەوڵدەدات لەڕێگەیەکی ترەوە.. هەندێك جار ڕویداوە ژنەکە دێنێت، بەڵام ژنەکە نازانی بۆ سێکس کردنە..

> کاتێك دەڵێت: "ئەوەندە حسابە یەکجار کردی ئیتر ناچار دەبێت"، ئەمە ئاماژەیە کەپیاوان بەوەوە ناوەستن کە باری ناچاری ئافرەت دەقۆزنەوەو بەوهۆکارەوە ناچاریان دەکەن بەسێکس فرۆشتن، بەڵکو دەبنە هەڕەشەیەکی بەردەوام لەسەر ئەو ژنانەش لەترسی ئەوەی نەبادا سێکسی بەپارە بەکاربهێنن بۆ ناوزڕاندنیان، چونکە وەك باسمانکرد لە چیرۆکی سەرۆك باندەکاندا هەندێکیان بەدزی کەس‌وکاریانەوە هەڵدەستن بەم کارە.. لەلایەکی تر ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەپیاوان هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر بۆ ئەوەی یەکەمجار ناچاریان بکەن، بەڵام ئیتر دواتر هەموو سووکایەتیەکیان پێدەکەن.. پیاوان ئالەم یەکەم جارەدا، هەموو قسەیەکی خۆش‌و هەموو دڵنەوایییەکی ژنەکان دەکەن‌و هەموو تەنازولێك دەکەن، بەڵام دواتر کە تێربوون دەیگۆڕن‌و بگرە ئافرەتەکانیش ناچار دەکەن.

دوایی کەدێت بۆ ماڵەوە یان ئەو شوێنە خۆم لەگەڵ ژنەکە قسەدەکەم وڕازی دەکەم کەلەگەڵم سێکس بکات هەر ئەوەندە حسابە یەك جار کردی ئیتر ناچار دەبێت کە تەلەفونم بۆ کرد هەموو کات بێتەوە.

پ/ ئەگەر نەهاتەوە؟

پێیدەڵێم لای خەڵك باست دەکەم ناوت دەخەمە ناوانەوە.

پ/ باشە تۆ خۆت ژنت نیە؟

جاباشە ئەوەی کەدەیکەن کامیان ژنی نیە؟ بەڕای من پیاو هەتا ژنی نەبێت کەمتر فکر لەو مەسەلەیە دەکاتەوە.. بەس کەژنی هێنا زیاتر حەزدەکات. وەك خواردنێك هەمووجار بیخۆی لێی بێزار دەبیت و سێکس زۆر مشکلەیە شتێك هەیە دەڵێن: "هەموو ژنی دنیا هی پیاوێك بێت دانەیەك مابێت، حەزدەکات لەگەڵ ئەو دانەیە سێکس بکات".. پیاو زۆر چڵێسە بۆ سێکس، وکاکە ژنی وا هەیە زۆر بەتامە، قەت تێری لێی ناخوات، وژنی وا هەیە سێکسکردن لەگەڵیدا زۆر خۆشە ئەوەندەی تر پیاو هار دەکات.. ومن باوەڕم وایە ژنیش خۆیان حەزیان زۆر لە سێکسە چونکە جاری واهەیە جلی

پیاو بەر لەژن هێنان نازانێت چێژی سێکس لەکوێدایە بەشێوەیەکی کرداری، بەڵکو تەنیا ئارەزوویەکی غەریزیەو بەچەندین بیانوو سەرکوتکراوە، واتە تاقیکردنەوە ناکات لەم بوارەی ژیاندا.. ئەمەش یەکێکی ترە لەهۆکارەکان کە ناهێڵێت پیاو تێبگات لە سێکس بەبێ هاوسەرگیری، لەڕاستیدا بۆ ژنیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام بۆ پیاوسێکس دەبێتە گەورەترین چڵێسی، چونکە دەیەوێت هەموو جۆرە ئافرەتێك تاقی بکاتەوە، ئەمەش بەتەواوی لەوتەکانی ئەم کڕیارەدا دیارە.. بێگومان دەڵێت هەموو ژنێك سێکسێکی جیاوازی هەیە ئەوەش بەدوو دەلالەت یەکەمیان دەڵێت هەندێکیان چێژیان زۆر لەڕووی سێکسەوە، دوەمیان دەڵێت: "هەموو ژنی دنیا هی پیاوێك بێت دانەیەك مابێت حەزدەکات لەگەڵ ئەودانەیەش سێکس بکات".

بێگومان کاتێك دەڵێت جلو بەرگ دەلالەتە بۆ ئەوەی خۆیان حەز دەکەن، ئەوا ئێمەش دەڵێین کەواتە ئەو شیکردنەوانەی پێشوو لەسەر بەکاڵاکردنی جلو بەرگو سێکسو گەرمکردنی بازاڕی لەشفرۆشیو بازاڕی کۆمپانیاکانی میکیاج مەسەلەیەکی زیندووەو لە سایکۆلۆجیای کڕیارێکدا بۆمان دەردەکەوێت.

وا لەبەر دەکەن پیاو شێت دەکەن.. یانی خۆیان نازانن؟ ئەوە باش نیە پیاو شێت دەکات؟ ناچار پیاو شتی بڵی ئەگەر خۆیان حەز ناکەن بۆ ئەوجلانە لەبەر دەکەن؟ یان هەندێك تەصروفات دەکەن خۆیان دەزانن ئەوە جوان نیە! ..ئەی بۆ دەیکەن؟

پ/ ئەگەر ژنەکەت زانی؟

ئەگەر ژنەکەم زانی یان زۆر تورە دەبێت و دەیکاتە شەڕ دەڕوا بۆ ماڵی باوکی یان جیائەبێتەوە.

کەواتە هیچ بەلایەوە گرنگ نیە ئەگەر ژنەکەی دەڕواتەوە ماڵی باوکی یان جیا ئەبێتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەو هیچ گرنگیەکی نیە بۆ ژنەکەی و گرنگ ئەوەیە کە ئەو دەتوانێت بیانژێنێت و هیچی تر.

پ/ ئەو ژنانەی کە لەگەڵیان خەوتویت تەمەنیان جیاواز بوو؟

بەڵی هەمووتەمەنێکیان تیا بوو لەمنداڵەوە تاپەنجا ساڵی، بەڵام هەتا منداڵ بێت چێژی زیاترە بۆ من.

پ/ بۆچی گەنج لەگەڵ ژنی بە تەمەن حەز دەکات وپیر حەزی لە گەنجە؟

من پێم وابێت لەبەر هەندێك ئەسبابە:

1. گەنجی وا هەیە قەت سێکسی نەکردوە تەجروبەی نیە باشترە لەگەل ژنێکی بەتەمەن بیکا تا فێر ئەبێت.
2. گەنج یەکەم جار زۆر ئەترسێت هەم وەکو گوناح و هەم وەکو عەمەلیەتەکەش وهەموومان ئەو مرحەلەیەمان بینیوە.
3. یان لەوە ئەترسێت کچەکە منداڵی ببێت، چونکە ئەگەر هەردوکیان گەنج بن ڕەنگە خۆیان کونترۆل نەکەن، بەڵام ژنەکە خاوەن تەجروبە بێت بە گەنجەکە ئەڵی وا بیکە یان ناهێڵی ببێتە منداڵ. بەڵام پیریش حەزی لە گەنجە چونکە پیاو هەتا پیر بێت زیاتر حەزی لەسێکسە بەڵام وەکو توانای سێکسکردنی کەم دەبێتەوە و بەئاسانی ناگاتە چێژی تەواو، بەڵام گەنجەکان بەهێزو بەگوڕن لەم بوارەداو بەئاسانی دەیانگەیەننە ئەم ئاستە.

پ/ بۆ تۆش گرنگە ژنکەش چێژ ببینێت لەکارە سێکسیەکەدا؟

ئەگەر چێژ ببینێت باشترە وئەگەر نەش بوو زۆر مشکلەم نیە.

پ/لەگەڵ ٚهەموو ژنێك ئەو کارە دەکەیت؟

ئەمە جیاوازە چونکە ئەگەر زۆر موحتاج بیت ئەریوەڵڵا پیاو نیە نەیکات چونکە بەڕاستی دەڵێم پیاو کەمحتاجی سێکس بوو لەگەڵ (ئاژەڵ) دەیکات وئەگەر زۆر محتاج نەبی ئەوا حەز دەکەی ژنێك بە دڵی خۆت بێت.

پ/ ئەگەر ژنکە بەدڵت نەبوو؟

سەیر کە پیاو ئەگەر بۆ مەبەستی سێکس خۆی ئامادە کرد چوو بۆ مەوعد لە گەڵی دەخەوێت هەر چۆنێك بێت ڕەنگە بۆ جارێکی تر لەگەڵی ناخەوێت.

پ/ حەزدەکەن کۆندۆم بەکاربهێنن؟

من خۆم نە عچێژی سێکسەکە ئەکوژێت

پ/ئەگەر ژنەکە سکی بوو؟

نازانم و ئەوە مشکلەی من نیە چونکە ژن خۆی ئەزانێ ئەو ئیشە ئەبێتە هۆی سك بوون خۆی شتەکان تەرتیب ئەکات

> لە دوو پرسیاری پێشوەوە دەردەکەوێت کەهێشتا غەریزەی سێکسی لەلای مرۆڤ بەتەواوی ماڵی نەکراوە، چونکە ناتوانرێت حسابی بەها مرۆییەکانی تیادا بکرێت.. ئەمەش یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کەبەئاسانی ناتوانرێت چارەسەری لەشفرۆشی تیادا بکرێتو بەشێوەیەك لەشێوەکان قەلاچۆ بکرێت.. تێبینی دەکەین (ن) بەهەموو قەناعەتەوە دەڵێت: "گەر ژنەکە چێژیش نەبینێت ئەوا گرنگ نیە"، هەروەها: "ئەگەر پیاو موحتاجی سێکس بوو لەگەڵ ئاژەڵ دەیکات"، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوانەی دەبنە کڕیار بەشێوەیەك لەشێوەکان ئالوودەدەبن بە سێکسەوە.

پ/ بەڕای تۆ گوناح نیە تۆ ژنت هەیە؟ یان ئەو پارەیە سەرف دەکەیت بۆ ئەو کارە؟

نا.. گوناح نیە، چونکە پێداویستی ئینسانە.. چۆن پێویستیت دەبێت بە زۆر شت ئەویش یەکێکە لەشتە هەرە گرنگەکان و شتێکی ڕۆحی ئینسانە ناتواتی بە ئاسانی فەرامۆشی بکات.

پ/ زیاتر لە کوێ ئەم کارە ئەکەیت (لەماڵدا یان لەشوێنێکی تردا)؟

وەڵڵا لەمالان هەیە و لەدەشت و دەریش هەیە یان لەسەیارەدا.

پ/ ئەی ناترسی بتگرن؟

با..هەندێك کات بیردەکەمەوە ئەگەر بمگرن حەیام دەچێت، بەلام هەندێك کات دەڵێم: هەرچی مەسئولە دەیکات هەرچی کارمەندە وعەشایەرە دەیکات ئەی من بۆ نەیکەم؟ ئەی ئەوانە بۆ ناگرن؟ یان لە هەندێك شوێن لەم شارە بەئاشکرا خەڵکێك بەئاشکرا لەشوێنە گشتیەکانە وەستاون بۆهەموو کەسێکی پەیدا دەکەن ئەی ئە وانە بۆ ناگرن؟ من لەشوێنی خۆم دەیکەم و بەزۆر لەگەڵ کەس نایکەم بۆ من دەگرن؟

پ/ تۆ ئیشت چیە؟
من دوکانم هەیە.
پ/ قەت ڕێکەوتوە لەڕێگەی ئیشەکەتەوە ئافرەتـــت دەســـت بکـــەوێت؟ یـــاخود کارەکەت بەکار بکەیت بۆ ئەو مەبەستە؟
ڕەنگە.. خەڵك هەبێت شوێنی ئیش بەکار بکەن بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام باوەڕبکە من خـۆم وانـیم زۆر کات ئـافرەتی بـەڕێز دێـن شتی خۆیان دەکرن و پارەدەدەن و ئەگەر مــن بەڕاســتی یارمــەتیان دەم خاتریــان بگــرم هــیچ قبــوڵ ناکــەن و بەئــەخلاقن.

لەم بەشەدا دەردەکەوێت، کە پێڕەوکردنی ئەم کارە لەلایەن مەسئوولەکانەوە ڕەنگ دەداتەوە لەلای هەموو خەڵك، چونکە ئەگەرچی (ئا) دەترسێت لەحەیا چوون، ئەمەش واتای ئەوەیە کەلە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە خودی کارەکە قبووڵ نیە، بەڵام چونکە مەسئوول دەیکات کەواتە ئەمیش بۆ خۆی بەڕەوا دەبینێت.. لەلایەکی ترەوە دەردەکەوێت کەئەم جۆرە لەخەڵك ئیرادەی ئازادانەی خۆیان نیە، بۆ ئەوەی بڵێت ڕاستە مەسئوولین دەیکەن بەڵام من ئەم کارە ناکەم چوکە پێشێلکاری تیادایە بۆ ماڤ یەکێکی تر.

بەڵام ئافرەتی وا هەیە داوای شتێ دەکات ئەو پارەیەی پێ نیە وەشتکەش دەبات دوایی دەست دەکات بەمجاملە.. بەخوا گرانەو نابی.. خاترمان نیە..و.. تۆ بەهەرزان بیدە پێمان دوای هەقت بۆ دەکەینەوە.. و.. ئێمە دەبینە مەعمیلی تۆ.. و.. هەموو کاتی ئیتر دێین بۆ ئێرە.. و.. تۆ خزمی خۆمانی.. ئەمە وات لێدەکات بکرێیتەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتە.. دوایی ئەتوانی بەئاسانی مجامەلەی لەگەڵ بکەین و دوایی ئیستغلالی بکەین.. حەز دەکەم پێت بڵێم.. ئافرەت خۆی حەز نەکات ئیمکانات نیە بتوانیت لەگەڵی سێکس بکەیت...

کاتێك (ن) دەڵێت: "ئافرەت خۆی حەز نەکات ئیمکانات نیە بتوانیت لەگەڵی سێکس بکەیت".. ئەم وتەیە لەهەندێ ڕووەوە ڕاستە، بەڵام لەڕوویەکی ترەوەو بەپێی توێژینەوەکەمان ڕاست نیە، دەبینین لە لای فرۆشیارەکان هەموویان بەجۆرێك لەجۆرەکان ناچار کراون‌و ئەم کارەیان پێ دەکرێت، واتە یان سەرۆك باندەکان هەڵیان دەخەڵەتێنن، یان بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناچاریان دەکات، بەڵام هەندێکیش هەیە کەخۆی ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان (لێرەدا پێداویستیەکان دوو جۆرن، بژێوی‌و پێداویستی کەمالی).. ڕاستە ڕەگەزی مێش خۆی ئارەزووی سێکسی تیادایە وەك هەر مرۆڤێکی مێ، بەڵام کۆمەڵە یاساو داب‌و نەریتێکی ڕەوشتی هەیە کە پەیوەندی ژن‌و پیاو ڕێکدەخات، کاتێکیش ئەو سنوورە ڕەوشتیە شکا جارێکی تر ناتوانرێت دابنرێتەوە بۆیە گەر ژنێك یەکەمجار ئەم کارەیکرد زۆر قورسە بەڵام دواتر ئەویش ئالوودە دەبێت.

**پ/ تۆ ڕات چیە بۆ ئەم دیاریدەیە، لەزیادبوندایە یان لەکەم بووندا؟**

**وەڵڵاهی نازانم جاران خەڵکی لەبەر برسێتی دەیکرد بەبۆنەی شەڕی ناوخۆو نەبوونی نان وکـەمی مـەعاش‌و خـەڵك نەیـدەتوانی بـژی.. خـەڵکی وا هـەبوو هیچـی نـەبوو بیخـوات.. تەنانـەت مـاڵی وا هـەبوون یـەك ژەم نـان خواردنیـان دەخـوارد.. یـاخود دایکـی وا هـەبوو منداڵەکانی برسی بوون تەحمولی نەدەکرد بەناچاری پەنای دەبردە بەر ئەم کارە.. گونـاح بوون، بەڵام ئێستاکە نازانم بۆ نان نیە.. بۆ فەنتازیە بۆ نمونە مۆبایل ..سەیارە ..پارچـەیە ئەرزە ..ماڵی جوان  ئیتر تموحاتی ئینسان کۆتای پی نایەت.**

**پ/ لەکاتی سێکسدا لەچی شتێکی ژن بێزاری؟**

**نـازانم مـە گـەر ژنێـك زۆر پـیس بێـت یـان بـۆنی بێـت ئـەویش دوای کـە تـەواو ئـەبم لـە عەمەلیەتە سێکسیەکە هەستی پێدەکەم.**

**موشتەری دووەم**

| | |
|---|---|
| **ناو:** | **ع. ڕ. پ** |
| **تەمەن:** | **46 ساڵ** |
| **پیشە:** | **شوفێر** |
| **خوێندەواری:** | **خوێندەوار** |

**پ/ کارت چیە؟**

**شۆفێرمو خەڵکی کوردستانی ئێرانم.**

**پ/ دیاریدەی لەشفرۆشی لە ئێراندا هەیە؟**

**ئەرەوەڵڵا کاکە زۆر زۆرە ڕاستە لای ئێمە جمهوری ئیسلامیین بەلاّم باوەڕبکە زۆربەی ماڵاّن بوەتە شوێنی لەشفرۆشی.**

**پ/ باشە تۆ خۆت چۆن ئەو ژنانەت دەستت دەکەوێت؟**

**من جارێکیان لەسنە ژنێکی دراوسێمان هەبوو زۆر جوان بوو ماڵێکی دەست کورت بوون پیاوەکەی هەم پیر بوو، هەم کاری نەبوو منیش کارێکم بۆ دۆزیەوە نگاهبانی ((پاسەوانی)) بوو بەشەو لەڕێگەی ئەو کارەوە یەك دوو جار ڕۆشتم بۆ ماڵیان ئیتر لەگەڵ ژنەکە ڕێکەوتم.. ئیتر هەرکات پیاوەکەی لەماڵ نەبوایە دەچووم بۆ لای لەگەڵی دەخەوتم.. وپولم پی دەدا.. ژنەکە پێی ناخۆش نەبوو.. چونکە هەندێك کات خۆی دەیوت: "کەی دێت بۆ لام؟" .. ویان جارێکیان ڕۆشتم بۆ تاران مسافرم هەبوو ئیوارە لای دۆستێکم مامەوە و ئێوارە پێی وتم: "کاك (ع) حەز دەکەیت ئەمشەو خۆش ڕابوێریت؟" منیش وتم بۆ نا؟ ئیتر شەو زەنگی بۆ کەسێك داو وتی: "با بڕۆین".. ڕۆشتین بۆ ماڵێك تەنیا ژنێکی پیرو دووکچی لێ بوو ئیتر دوای تۆزێك خواردمانەوەو هەر یەکەمان لەگەڵ کچێکدا ڕۆشتینە ئوتاقێکەوە بەکەیفی خۆمان ڕامانبوارد.. دوایی کە (هاتینە دەر) ویستمان بڕۆین ژنە پیرەکە وتی: "ئەگەر حەز ئەکەن کچتان بۆ دەهێنم خۆتان بیکەنە ژن بەلاّم ئەمەیان پولەکەی گرانە" و وتی: "بەدوو گلاّیە".**

**پ/ ئایا لەلای ئێوەش لەبەر برسێتیە، کە ئەوکارە دەکەن؟**

نازانم بڵێم لەبەر چیە.. وایە هەندێکی لەبەر برسێتیە و زۆریش هەیە بۆ نان نیە.. چونکە ئەو دۆستەم لە تاران موخازەی ((کەمالیات)) هەیە هەندێ کات دەچم بۆ لای دەستە دەستە کچان دێن لباسیان ((جل‌وبەرگ)) دەبرد پولیان نەئەدا وتم: بۆ پول نادەن ئەویش وتی: "زۆریان دەناسم یان دوایی پول دێنن یان دوای لەجیاتی پول لەگەڵیان دەخەوم" و وتی: "هەندێك کات ڕەفیقەکانیشیان دێنن لەگەڵ خۆیان بۆ ئەوەی ئەوانیش فێربن یاخود بۆ ئەوەی چاویان شۆڕ بێت ئەوانیش لای کەس قسە نەکەن".

پ/ باشە تۆ ژنت هەیە؟ بۆ وادەکەیت؟

کاکە سێکس شتێك نیە تۆ بڵێ ژنێکم هەیە ئیتر بەسە.. سێکس شتێکی غەریزەیە هەموو دەقەیەك سەر هەڵدەدات ئەتوانی خۆت بەتاڵ بکەیت.. سێکس ماشێن نیە بڵێت دانەیەکم هەیە دوانم ناوێت.. ئەمە کارێکی چەند دەقەیەکی دەوێت‌و تەواو.. وکاکە گیان خۆشە.. شتێکە بۆ ئینسان زەرورە وهەندێك لەپیاوان ژنەکانیان پیرە.. یاخود ژنەکانی خۆیان بەدڵ نیە یان هەندێکیان بەگەنجی ژنیان هێناوە لە ژنەکانی خۆیان بێزارن حەز ئەکەن یەکێکی تر تاقی بکەنەوە.. نابێتە ماڵ بەسەریانەوە مەسەلەکە بەپول دەکرێت وەپولیش هەر پەیدا دەبێت دوایی پیاو تا پیر بێت زیاتر حەز لەسێکس دەکات.. ئەمە شتیکی زۆر سەیرە لەپیاوداو زیاتر حەزی لەکچی گەنجە. ئەزانی چی؟ سێکس وەکو تەمەن وایە ئینسان هەتا تەمەنی درێژ بێت وائەزانێت نەژیاوە.. سێکسیش وایە پیاو لەگەڵ هەموو ژن بیکات وا ئەزانێت یەکێك ماوە لەگەڵی نەیکردبێت. من بۆ خۆم سەد ژنم هەبی ئەکەر کچێکی ترم دەس

> لێرەوە بەتەواوی دەردەکەوێت کەلەلای نێرینە بەتایبەت ئەگەر ئاستی توانا سێکسیەکانی بەهێز بن، ئەوا بە ئاستەنگ خۆی پێ کۆنترۆڵ دەکرێت لەچوارچێوەی بەها کانی ڕەوشتی کۆمەڵەکەیدا، بەتایبەت کە دێتە سەر مەسەلەی پارە.. بەئاسانی (ع) ئەم باسە وەك کاڵا دەبنێتەوەو دەڵێت، لەبەر ئەوەی پارە پەیدا دەکرێت، ئەوا سێکسیش پەیدا دەبێت، هەروەها بە هیچ کلۆجێك بیر لەوە ناکاتەوە کە پارەدان لەبری سێکس تاوانە، ڕاستەوخۆ دەڵێت: ئێ پیاو حەزدەکات‌و غەریزەیە، واتە وەك خواردن مامەڵە لەگەڵ سێکس دەکات‌و بیر لەوە ناکاتەوە سێکس لەگەڵ مرۆڤێکی تر دەکرێت‌و بۆ ئەویش پێویستیە.. ئائەمەیە کۆمەڵگای پیاوسالاری وەك لۆجیکی خۆی بەکاریدەهێنێت‌و هەرگیز بیر لەپاشهاتەکانی ناکاتەوە لەسەر ڕەگەزی بەرامبەر.

کەوێت سێکسی لەگەڵ دەکەم بۆ نا؟

پ/ باشە بالەسەر سێکس وەکو حەز دەرچین ئەی وەکو ئینسان؟ وەکو کەڵتور یاخود بڵێن گوناح نیە؟

بەرەوەڵلا.. وەکو کەلتور بۆعورف و عاداتی ئێمە زۆر ناخۆشە.. زۆر عەیبە.. وەکودینەکەمان زۆر گوناحە، بەلاً م وەکو وتم بەڕاستی پیاو لەو کاتەدا خواشی لەفکر نامێنێت.

پ/ ئەگەر بتگرن لە ئێران سزاکەی چیە؟

جەلدەم لێ دەدەن شەلاقم لێدەدەن.. بەلاَم حکومەت لەلای ئێمە.. پیاو بەس ئیشی سیاسی نەکات هەرچی تر دەکات با بیکات.. موخەدەرات دەخوات لەگەڵ ژن دەخەوێت.. بەلاَم ئەوەیە لای ئێمە مەشاکلی عەشایەری لێدەکەوێتەوە .. بەلاَم ئەمە لەتاران وشمالی تاران دیاردەکە زۆرترە چونکە لەوێ قەرەباڵغە و کەس کەس ناناسێ.. شیعە بۆخوشیان زواجی سیغەیان هەیە وئەمەش بۆ خۆی لەشفرۆشیەکی شەرعیە لەبەر ئەم هۆیانە لەوێ ژنان کەمتر دەکوژرێن ومشاکلی عەشایەری کەمتر لێدەکەوێتەوە.

پ/ ئایا لەئێران وەکو تۆ بزانیت ژنان هەن خۆیان وەکو گروپ ئیش بکەن لەوبوارەدا؟

بەڵی کاکە گیان ئەوە لەهەموو شوێن وایە لەئیران بەتایبەت لەشارە گەورەکان پیاو وژن هەیە بەس خەریکی ئەو ئیشەن بەکورتی لەسەر ئەوە ئەژین.. ئافرەتی زۆر دەناسن بەکاریان دەکەن بۆ سێکس بۆ نمونە ئەگەر من بچم بو تاران زەنگ دەکەم بۆ یەکێك لەوانە ئەوانیش بەکەیفی دڵی من ئافرەتێکم بۆ دەهێنن لەگەڵی دەخەوم پولەکەی دەدەمی.. ئیتر من نازانم چەندی دەدەن بەو کچە خۆی ولەتاران کە من شارەزام ماڵی وای زۆر لێیە کەبوەتە شوێنی ڕابواردن.. ئەنواع کچی لێیە.

پ/ تۆ ئەو ژنانە یاخود ئەو مالأنە چۆن دەناسی؟

وەکو پێم وتی من لەڕێگەی ئەو دۆستەمەوە شارەزا بووم ئەگەر یەکێکیش یەکجار بیکات یاخود بڕوات ئیتر فێر دەبێت یان ژمارەی تەلەفون وەردەگرێت و ئەو کچەی کەلەگەڵی دەخەوێت پێی دەڵێت: "جارێکی بۆ خۆم تەلەفون بکەرەوە ولەشوێنێك یەکتر دەبینین".

پ/ باشە تۆژنت هەیە ئەگەر ژنەکەی خۆت وابکات ڕازی دەبیت؟

نەوەڵلا.. حەدی چیە.. وادەکات دەیکوژم.

**پ/ بەس بۆ تۆ حەقت هەیە؟ بەڵام ژنەکەت بیکات دەیکوژی؟**

**بەس وایە تۆ خۆت لەم کۆمەڵگایە دەژی ئێمە عورف وعاداتمان وایە پیاو حەقی هەیە هەموو شت بکات بەس ژنان نه ء..وهەزاران ساڵە وایە ئێستا ئەمەش بەمن ناگۆڕرێت..**

| |
|---|
| **ئالێرەدا چیتر هەیە زیاتر لەوتەکانی (ع) بتوانێت گوزارشت لەناخی پیاوی سالار مەزەب بکات لەم کۆمەڵگایەدا، بەڵێ زۆر ڕاستە ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا باوەو خۆیان واتەنی مەعمولیە، ئەوەیە کە پیاو ماڤ هەمووشت بکاتو بەتەواوی بەئارەزوەکانی خۆی ئازادو شادبێتو ژنیش هیچ مافێکی نیە.** |

**موشتەری سێیەم**

**ناو:** خ. ر. ن

**تەمەن:** 29 ساڵ

**پیشە:** شۆفێر

**خوێندەواری:** دەرچووی پیشەسازی

**پ/ ئیشت چیە؟**

**من سایەق تاکسیم**

**پ/ تۆ دەڵێیت هەندێ کات من ممارەسەی سێکس دەکەم، دەتوانیت پێم بڵێیت چۆن ئەم ڕێگایەت دەست پێکرد؟**

**بەڕاستی سێکس وەکو هەموو شتێکی تر بۆ یەکەمین جار ئەترسیت بیکەیت وەئینسان لەمەوزوعی سێکسدا تاگەنج بێت باشترە بەڵام کە ژنی هێنا خراپتر دەبێت.. و یەکەمین من لەڕێگەی برادەرێکەوە بوو کەڕۆشتین بۆ ماڵێك.. لەوێ دیاربوو شوێنی ئەو شتانە بوو ئیتر لەدوای ئەوجارە ئیتر محاوەلەم دەکرد خۆم بەتەنیا بچم.. چونکە بەڕاستی شەرمم دەکرد یاخود پێم عەیب بوو کەس پێم بزانێت وخۆم بەدوایدا دەگەڕام هەندێك کاتیش بوو ئەو ژنە لەشفرۆش نەبوە بەڵکو منی خۆشویستوە یان دراوسێمان بوە یان لەڕێگای سودفەوە ناسیومە لەگەڵی خەوتوم بەرامبەر بەمە هەندێك پارەم داوەتی..**

**پ/ زیاتر لەکوێ سێکس دەکەن؟ لە ماڵان یان لەشوێنی تر؟**

**لەماڵان لەدەرەوە لەناو سەیارە کورە لە دایرەکانیش.**

**پ/ ئەی بۆ ژن ناهێنیت؟**

**ژن هێنان مەشاکلی زۆرە ماڵی ئەوێت وپارەی ئەوێت.. مەسئولیاتی زۆرە.**

**پ/ پەشیمان نیت لەدوای ئەو کارە؟**

**هەندێ کات کە تەواو ئەبم لەسێکس پەشیمانم، بەڵام لەدوای یەك سەعاتی تر حەزم لێیەتی.**

> **لێرەوە دەردەکەوێت کە تەنانەت لەپرۆسەی هاوسەرگیریشدا پیاو سەیری ژن دەکات وەك کاڵایەك بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانی خۆی، خۆ ئەگەر توانی گرفتەکانی چارەسەر بکات ئەوا ئەوە دەهێنێت خۆی لەگەڵدا هیلاك بکاتو ئەو هەموو مەسرەفو هیلاکیە بچێژێت.. بەڵام ئەگەر نا ئەوا بەم ڕێگایە گرفتە بایۆلۆجیەکانی تەواودەکاتو ئیتر تەواو.**

پ/ لەگەل هەمووژنێك دەیكەیت؟

مـن لە سـەرەتادا لەگـەڵ هـەمووژنێك دەمكـرد، چـونكە تەجروبـەم نـەبوو.. بـەس قـژی بـە سەرەوە بوایە بۆ من بەس بوو.. بەڵام کە پیاو تەجروبە پەیدا ئەکا ئەگۆرێت.

پ/ كەس هەبوو لەو ژنانەی کە لەگەڵی خەووتوی بەدڵت بووبێت؟

بـەڵی هەنـدی كـات لـە گـەڵ ژنـی وا خـەتووم ئەگـەر خـۆم سێكسـم نەكردایـە قـەت بـاوەڕم نەدەكرد ئەو شتانە بكات وەبەخۆیشم وتـوە: ..ئەگـەر ژنم بويتايـە وەكـو خـوا ئەمپـەرسـتی حەزيشم كردوە ژنم بوایە..

پ/ خۆت حەز ئەكەی ئەویش چێژی تەواو وەربگرێت لەسێكسەكە؟

سەرتا هەر خۆم، (دەگەیشتمە ترۆپكی چێژ)، نەم ئـەزانی و بەلاشمـەوە گـرنگ نـەبوو ئـەو چی، وئێستاكەش هەندیَ كات ژنەكە خۆی دەڵێت بەس تۆ تەواوبە هەقی منت نەبێت..

پ/ ئایا قەت وابوە بەزۆر سێكست كردبێت لەگەڵ ژنێكدا؟

باوەڕبكە نـە ء. ئەوانـەی كـەمن لەگـەڵیان خـەوتوم بەحـەزی خۆیـان بـوە.. بەكـەیفی خۆیـان هاتونەتە ماڵەوە، چونكە من ژنێكی تـر كچی بـۆ نـەهێناوم تابیهێنێتـە ماڵـەوە دوایـی ئـەو كچـە مـنی بـەدڵ نـەبیَ ومـن بـەزۆر لەگـەڵی سـێكس بكـەم ڕەنگـە لـەلای كەسـانی تـر ئەمـە بووبێت؟!

پ/ ئەگەر ژنێك سكی بوو لەتۆ؟

ئەوەی مێردی هـەبێت بەمێردەكـەی دەڵێت هی تۆیە ئەوەی مێردی نـەبێت دەری دەكا یان لەناو سكی دا لای كەسێكی شارەزا بە پـارە دەیكوژێـت بـەس ئەوانـەی وادەكـەن پـێش هـەموو شـت خۆیـان ئـەزانن چـی دەكەن.

كاتێك پیاوێك لەڕووی نایەت بچێت كۆندۆم بكڕێتو لەو ئاستە خوێندەواریەدا بێت، ئەوا هەرگیز خەڵكانێكی تر كەئاستیان نزمترە بەكاریناهێنن، هەر بۆیە ئەگەرێكی گەورە هەیە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە سێكسیە باوو بڵاوبوەوەكان، كە ئەمەش كاریگەریەكی خراپ دەخاتە سەر بڵاوبوونەوەی هەندێك نەخۆشی وەك VHI/ AIDS. كە ئەمانەش مەترسی گەورەی ئەمنی قەومی درووست دەكەن.

پ_ كۆندۆم بەكاردەهێنن؟

نە وەڵڵا نیە یان هەشبێت لەڕووم نایەت بچم بیكڕم

پ/ لەچ شتێكی ژن لەكاتی سێكس بێزاری؟

هەندی ژن وا ئەزانێت ئیشی پیَ دەكەی پاڵئەكەویَ هیچ ناڵی فزە لە خۆی ئەبڕێت!

**پ/ ئایا بەڕای تۆ هۆی ئەم دیاریدەیە چیە؟**

**بەڕاستی هۆکاری زۆرە... گەورەترین هۆکاریشی.. گەورە بوونمانە.. کەئێمە لەکۆمەڵگایەك گەورە دەبین کەلتورو عورف وعادات کوشتویەتی.. چونکە هەرچی دەکەین عەیبە.. ئێمە زۆر بەسەقەتی گەورە دەبین هەمووشتێك قەدەغەیە وکەبتە ولەمنداڵیدا کەس باسی سێکسمان بۆناکات لەقوتابخانە، هیچ فیرنابین کەگەورە دەبین قەت ناتوانین تەعویزی ئەو ڕابووردوە بدەینەوە بۆیە پیاوی لای خۆمان بۆی بکرێت هەر سەعاتەی لەگەڵ ژنێکدا دەخەوێت وتێریش ناخوات .. هەندێك کات خێزان خۆی وادەکات.. باوك باش نیە.. یاخود برا.. یاخود دایك.. ناچار ئەو کەسە ڕادەکات توشی دەبێتە خەڵکانی خراپەوە وتوش دەبێت.. ویاخود لەم وڵاتەی ئێمە چەندین جار بوە ئێستاکەش هەیە کەکچی گەنج دەدەنە پیاوێکی پیر بەئەکیدی دوای چەندساڵێك ئەو کچە پەیوەندی ئەبەستی لەگەڵ کوڕێك.. وکوڕەکەش تەنیا بۆ دەستگەرم کردنەویەتی خۆ ناچیٚ بیخوازێت؟ ئیتر ئەو ئافرەتە هێواش هێواش بەرەو خراپ بوون دەڕوات ئەگەر شانسی هەبێت نایکوژن.. وهۆکاری ئابووری ڕۆڵی خۆی هەیە.. جاران وەزع باش نەبوو خەڵك لەپێناو نان پەیداکردندا دەیکرد.. بەڵام خەڵکی واش هەیە مشکلەی پارەی نیە، بەڵکو حەزی لەگۆڕانکاریە واتە حەزی لەتەنوعە و پارەیەکشی دەستدەکەوێت.**

**پ/ باشە تۆ وەك پیاوێك چۆن ئافرەتت دەست دەکەوێت؟**

**من سائق تاکسیم چەندین خەڵکی جیاواز سەردەکەوێت وئافرەتی جیاواز سەردەکەوێت هەندێك ئافرەت خۆی دیارە بەبیٚ ئەوەی بیناسی دەست دەکاتە مجامەلە کردن.. یاخود هەندێکیان سەردەکەوێت پێی دەڵێم: ئەچیت بۆ کوی؟ لەوەڵامدا دەڵێت: "بەکەیفی**

> لەم گفتوگۆیەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ئەگەر بێتو هەردوو لا خوازیاری ئەو کردەوەیە نەبن هەرگیز ئەو لەشفرۆشیە ڕوو نادات، بەڵام لێرەداو لەم توێژینەوەیەدا هەرگیز چارەسەرێکی دیاریکراومان پێنابەخشرێتە ئەوانەی ئالوودە بوون بەم کارەوە.. لەلایەکی ترەوە گەر بڕوانینە پاشەڕۆژی ئەم کۆمەڵگایە ئەوا سەیر دەکەین کە تەکنەلۆژیایەکی وەك مۆبایل هاوکارێکی زیاترە بۆ بەرقەراربوونی چەوساندنەوە لەسەر ڕەگەزی مێینە، کە بەپێچەوانەوە دەبێت ئازادیەکی زیاتری پیٚ ببەخشێت، چونکە بەهۆی مۆبایلەوە، کوڕێك بە ئاسانی دەتوانێت کچێکی هەژار زیاتر هەڵخەڵەتێنێتو بەکاری بهێنێت بۆ مەرامەکانی خۆی.

**خـۆت"... ئـيتر ئەمـە ديـارە چـی دەوێـت وئيسـتا بـەهۆی موبايلـەوە دەسـت کـەوتنی زۆر ئاسانە وەکو جاران نيە بەنوکەيەك ئەتوانم خەڵکم دەست کەوێت.**

**موشتەری چوارەم**

ناو: ئا. م. ر

تەمەن: 26 ساڵ

خوێندەواری: زانکۆ

پ/ تۆ بۆ بەم ڕێگایە ئارەزوە سێکسیەکانت تێردەکەیت؟ هۆکارەکەی چیە؟,

منیش وەکو هەموو کەسێك حەزم لەجنسە.. لەڕابواردنە.. منیش بەدەر نیم لەوخەڵکە پێویستە هەمووکەسێك تاکێکی هەبی یان ڕەفیقێکی هەبێت.

پ/ بەڵام ئەمە ڕەفیقایەتی نیە بەڵکو بە پارەیە؟ واتە بۆ خۆ بەتاڵ کردنەوەن.. وانیە؟

خۆی بەڕاستی دووجۆرن هەندێك دەیکات بۆ خۆ بەتاڵ کردنەوە.. جۆرەکەی تریش وەکو ڕەفیقایەتی وایە، چونکە زۆر کەس هەیە تەنیا لەگەل تاکەکەی خۆیدا دەیکات لەگەڵ یەك کەسی کە نایکات.. بەڵام ئەوەی وەکو ڕەفیقە پارە نادات، بەس خۆ بەتاڵ کردنەوەکە دەیکڕین پارەی پی دەدەین.

پ/ تۆچۆن دەستت دەکەوێت؟

بەڕاستی زۆرە ...ئەوانە شوێنیان هەیە..ماڵیان هەیە، یاخود لەسەر جادەن بەتایبەت لەخواروی عێراق بەئاشکرا ماڵیان هەیە (دەلاڵن) هەر ئافرەتێکمان بوێت بۆمان دەهێنن.

پ/بۆچی گەنج لەگەڵ ژنی بە تەمەن سێکس دەکات و پیریش لەگەل گەنج؟

بۆگەنجێك تەجروبەی نیە پیرەکانیش حەزیان لەکچی منالە چونکە جەسەدیان جیاوازە.

پ/ئەگەر حەزت لەسێکسە بۆ ژن ناهێنیت؟

وەڵلا، نازانم پارەم نیە.. خانووم نیە.. ئەبیٚ بگەرێی تاکچێکی باش بدۆزیتەوە

پ/ زیاتر لەکویٚ ئەیکەیت لەماڵەوە یان لە دەرەوە؟

لەماڵی خومان هەر نابێت جاری وا هەیە لەناو سەیارەدا هەندی کاتیش ئەگەر ماڵی برادەرێك هەبێت.

پ/ لەکەیەوە دەستت پیٚ کردوە؟

من بەڕاستی دەمێکە ئیتر دووسیٚ سالێك ئەبی

پ_لەگەل هەموو کەس سێکس دەکەیت؟

من نه عچونكه ئەترسم ژنی وا هەیە مێردی هەیە توشی مشكله ئەبیٚ یان هی وا هەیە لەگەل هەمووكەس دەیكا رەنگه توشی نەخۆشی ئەبیت.

پ/ هیچ ژنێك هەبووە لەگەڵی بخەوی زۆر حەزت لێكردبێت یان حەزت كردبێت ژنی تۆ بیٚ

بەڵی ژنی وا جوان ئەبینی ئەو كارە دەكات هەر حەزئەكەیت ژنت بێت بەلاّم ئیتر ئەڵی: چی.

پ/ بەچەند بۆت ئەهێنن؟ یاخود یەك جار بەچەندە؟

ئەگەر خۆت بچی بۆ ئەو مالأنە بە 20,000 دینارە.

پ/ جیاواز دەكات گەنج بێت یان پیر بێت؟

نا.. مالّێكە كابرا بۆ ئەوەی داناوە 10یان 12 ئافرەتی لێیە دەچیتە ژوورەوە بەكەیفی خۆمان دانەیەك هەڵدەبژێرین لەدوای تەواو بوونی سێكسەكە پارەكە دەدەینە (دەلاّڵەكە).

پ/بۆ تۆ هیچ موتعەیەكی تیادا هەیە كە ئاوا بە پارە بێت؟

نا باوەڕ بكە هیچ خۆشیەكی تیا نیە.. دوایی پەشیمان دەبمەوە.

پ/ زۆر كەس بەو ڕێگایە ئارەزووی خۆی تێر دەكات؟ وكام تویژ زیاترە؟

ئەروەڵلا مجال هەبێت لەبەر عەیب وعار نەبێت 90٪ دەیكات، چونكە ئەوەشتێكە هەموو كەس كەم تازۆر حەزی لێیەتی وبەنسبەت توێژەكانەوە زەحمەتە بڵێم كامیان زیاتر دەیكات چونكە سیكس شتێكە غەریزەیە لەهەمووكەسێكدا هەیە بەجیاوازی نیوان دەوڵەمەندو فەقیر.. فەقیرەكان دەچن بۆ ئەومالأنە وڕەنگە توشی مشكله بن، بەلاّم دەوڵەمەند بۆیان دەهێنن بۆ ماڵەوە وشەو لای خۆیان دەمێنێتەوە ودەوڵەمەندەكان ناچنە شوێنە عامەكان.

پ/ كۆندۆم بەكار دەهێنیت؟

من خۆم هەركاتیٚ پێم بی یان ژنەكە هەیبێت بەڵیٚ.

پ/ كەس ترسی ئەوەی نیە توشی نەخۆشی ببێت؟

بەڕاستی نه عوكەس ئاگادارنیە وهیچ پاراستنێك نیە وئەوانەی كەلەشئەفرۆشن وئەوانەی كە دەیكرن هیچ زەمانێكی تەندروستیان نیە.

پ/ تۆ ناترسیت ڕۆژێك لە ڕۆژان توشی مشكله ببیت بۆنمونە باوكت پێت بزانێت؟

بەڵی توش بووم بەس هەر دەیكەم.

پ/ ئێستا تۆچەند جارێك ڕۆیشتویت بۆئەوشوێنانە وبەدڵنیایەوە ژنێك دەناسیت و چەند جارێك لەگەڵی خەوتویت .. قەت وا نەبوە کەلەو ژنە بێزار بیت وداوا بکەی کەسێکی تری لی بکەیت؟

بەڵی هەندی کات ئەگەر بێزار ببم کەسێکی ترم بۆ پەیدا دەکات.. ئیتر ئەو کەسە خزمی خۆیەتی یان خوشکێتی یان پوریەتی یان ڕەفیقێتی هەر کەسێکی تر بێت.

پ/ لەچی بێزار ئەبیت؟

هەندی ژن زۆر ساردن یان هیچت بۆ ناکات.

پ/ ئەگەر توشی مشکلە بویت لەگەڵ پۆلیس چی ئەکەیت؟

بەصەراحەت پۆلیس نابێت حەقی هەبێت، ئەگەر من بەزۆر تەعدا بکەمە سەر ئافرەتێك یان بەزۆر لەگەڵ ئافرەتێك بخەوم.. ئەمە جیاوازە و پۆلیس حەقی هەیە هەموو ئیجرائاتی بکەن، بەلأم ئەگەر ئافرەتێك بەحوسن ورەزای خۆی بێتو بیکات خۆی ڕازی بێت پۆلیس حەقیان چیە؟ بەلأم بۆ قەدەغەیە کوڕو کچێك بچنە هوتێل داوای عەقدی زەواج ئەکەن؟ .. حکومەت هەقی چیە؟ من لەگەڵ ژنێکدا لەهوتێل چی دەکەم؟

پ/ لای پیاوان لەش کڕین حەزە؟ ئەی بەڕای تۆ لای ئافرەتان چیە؟

لای ئافرەت دوو شتە: یەکەمیان بۆ مادەیە، واتا پارە یان هەر مادەیەکی تربێت، کە ئیشی ئەو ئەنجام دەدات. دوەمیان خوە، خویان پێوە گرتوە من ئافرەت دەناسم بای 10,000 دۆلار بەس ئاڵتونی پێوەیە بەلأم هەر دەیکات.. ئەمانە شێوەی پەروەردەیان وای فێرکردون ئەمانە منداڵەکانی خۆشیان وافێردەکەن.. من خۆم لەگەڵ ژندابووم بەبەرچاوی منداڵەکەیەوە سێکسم لەگەڵ کردوە، وپێم وت: ئەو منداڵە گوناحی چیە؟ وتی: "نا با فێر ببێت، نەوەك بەیانی ڕەدفعلی بۆم هەبی باهەر لەئێستاوە فێرببێت وئاسایی وەریبگرێت"..وئەمانە دەوڵەمەندیش بوون هەمووشتێکیان هەبوو، ئەمانە کچەکانیان هەر لە 15و16 ساڵیەوە دەدەنە شوو بەس بۆ ئەوەی ببنە ژن ئیتر ئەم کارەیان پی بکەن.

پ/ بۆ پیاوێك جیاوازە ئەگەر کچ بێت یان ژن؟

بەڵی زۆر جیاوازە، چونکە لەگەڵ کچ تۆزی زەحمەتە ناتوانین بە ئیسراحەت ڕابوێرین یان پارەیەکی زۆرتریان دەوێت.

**پ/ بۆنمونە شەرەف کچێك بەچەند دەفرۆشرێت یاخود بەچەند کچێك دەکەن بەژن؟**

**هی وا هەیە بە 200 دۆلار یان 300 دۆلار وەهی واش هەیە زۆر گرانە بە 500 دۆلارە.**

## بەشی سێیەم: تیۆرو واقعی لەشفرۆشی لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.

### باسی یەکەم: دەروازەی لێکدانەوەو سەلماندنی گریمانەکان

- ڕەوتی لێکدانەوەکان و بیروبۆچوونی توێژینەوەکەمان.
- دراوو گریمانەکان.

### باسی دووەم: گۆڕانی کەلتووری و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی لەشفرۆشیدا (باری نمونەیی)

- سروشتی کەلتووری سێکس لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.
- خاڵەکانی لاوازی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لەشفرۆشی.
- باری نمونەیی و دروستی کۆمەڵایەتی لەڕووی سێکچواڵیتیەوە.

### باسی سێیەم: کورتەی توێژینەوەکە

- دەرئەنجام و پێش بینییەکان.
- ڕاسپاردەو پێشنیارەکان.

## بەشی سێیەم: تیۆرو واقعی لەشفرۆشی لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.

لـەم بەشـەی توێژینەوەکەمانـدا هەوڵـدەدەین زۆربـەی ئـەو کـارەی ئەنجاممانـداوە کـۆی بکەینەوەو تێکڕای بەرهەمەکەو پاشهاتەکانی بخەینە بەردەم خوێنەرو زانست دۆستانێك کـە دەیانـەوێت درێـژە بەتوێژینـەوە لـەم بـوارەدا بـدەن، یـان دەخـوازن بەشـداری بکـەن لەچارەسەرکردنی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیەدا.

بەشێوەیەکی گشـتی سـەرەتا دەتـوانین بڵێین کـە ئێمـە لەچوارچێوەی ئـەم توێژینەوەیـدا، نهێنی گەورەمان بۆدەرکەوتوەو زۆر ئازارو تاڵیمان چەشت، ئەگەرچی هەندێك لەو تاڵیانـە هـەر لەسـەرەتای توێژینەوەکـەوەو لەسـەر بنـەما تیۆریـەکانی هەسـتمان پێـدەکرد، بـەڵام ئـەوەی لەچوارچـێوەی توێژینەوەکـەدا بۆمـان دەرکـەوت زۆر زیـاتر بـوو.. بەڕاسـتی نەماندەزانی کارکردن لەکێشەیەکی وەك لەشفرۆشیدا هێندەش ترسناك و پڕزامە.

تاکە ئومێد کە بتوانێت دڵخۆشمان بکات، ئەو هەوڵە زانستیەیە کە بەوپەڕی خاکەڕاییـەوە خستومانەتە بـەردەمی خوێنـەرو ئاواتـەخوازین کەئـەویش بتوانێت هاوکاری ئـەم کۆمەڵـە بکات لەکێشەیەکی ئاوادا، گەر تەنانەت بەخوێندنەوەو هۆشیاری تاکەکەسیش بێت.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەمانزانی کۆمەڵگای ئێمە بێبەری نیە لەنەخۆشیـەکی گـەورەی وەك لەشفرۆشی یان بازرگانی بەجەستەی مرۆڤەوە، هەرچۆن دڵنیاین ئەم نەخۆشیە لەکۆمەڵدا تاسەر ئێسقان چارەسەر ناکرێت و ڕەگ و ڕیشەی هەردەمێنێت، چونکە وابەستەی کۆمەڵـە گـرێ و گـۆڵێکی دەروونیـەو نـاتوانین بەتـەواوی ڕزگارمـان ببێـت لـەم دەردە کوشـندەیە.. هەرچەند دەکرێت تەواو کەمبکرێتەوەو بەئەندازەیەکی دیاریکراوی ڕێژەیی بتـوانین بڵێین نەمانهێشتوە، هەربۆیە لەڕوانگەی ئەزموونی خۆمانەوە هەستاوین بەخستنە ڕووی بواری نمونـەیی و شـیکردنەوەو ئاماژەمـان بـۆ نیشـانەکانی داوە، کـەباوەڕمان وایـە چـەند نزیـك بینـــەوە لـــەو نیشـــانانە ئەوەنـــدە زیـــاتر نزیـــك دەبینـــەوە لـــەکۆتایی پێهێنـــانی گـــرفتی لەشفرۆشی.

## باسی یەکەم: دەروازەی لێکدانەوەو سەلماندنی گریمانەکان

لەم باسەدا بەپلەی یەك جەخت لەسەر دراوو گریمانەکان دەکەینەوەو هەوڵ دەدەین لەڕێگای لێکدانەوەی کورتەوەو بە دەلالەتی ئەنجامە بەراییەکانی توێژینەوەکەمانو چیرۆکە واقعیەکان ئەم بابەتە یەکلایی بکەینەوەو ئەوەندەی پێمان بسەلمابێت دراوو گریمانەکانی پیشان بدەین.

➢ ڕەوتی لێکدانەوەکانو بیروبۆچوونی توێژینەوەکەمان.

پێویستە دان بەڕاستیەکدا بنێین، بۆئەوەی خوێنەر زۆر بە ئاگایانە مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکاندا بکات.. ڕاستە توێژینەوەکەمانو لێکدانەوەکانی لەڕووی زانستیو کۆکردنەوەی داتاکانیەوە بەتەواوی بێلایەنەو هەوڵدراوە تا ئەوپەڕی ئەندازە واقعبینانە بێتو ڕاستی چیرۆکەکان وەك خۆی بگێڕێتەوە.. بەڵام لەلایەکی ترەوە توێژینەوەکەمان توێژینەوەیەکی بێلایەن نیە لەڕووی فکرو بیروبۆچوونەوە، بەڵکو زیاتر گرنگی دەدەینە بیروبۆچوونێکی دیاریکراو.. کەئەوەش دژایەتی کردنی لەشفرۆشیە نەك پشتیوانی لەلەشفرۆشی یان تەنانەت بێلایەن بوونیش بۆ دیاردەی لەشفرۆشی، ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. بەبیروڕای ئێمە ئەوەیەکێکە لەو هۆکارانەی بەهۆیەوە دەتوانرێت زۆرترین توندوتیژی لە ڕەگەزی مێینە بکرێت.
2. ڕاستە بەپلەی یەك ڕەگەزی مێ دەبێتە قوربانی ئەم بازاڕە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەرجەم مرۆڤایەتی زەرەرمەندە لەکۆی پرۆسەکەدا.
3. ئەوبەها مرۆییەی لەئازادی بەکارهێنانی جەستەدا هەیە لەلایەن خاوەنەکەیەوە دەشێوێت.
4. لە بەهای ئازادییە سێکسیەکانی مرۆڤ کەمدەکاتەوە.
5. کوانوویەکە بۆ هەموو ئەو زیانە ئابووریو دەروونیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئەمنیانە لەسەرەتای توێژینەوەکەوە باسمانکردوە.

واتە لەڕووی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی توێژینەوەکەوە بێلایەن نینو هەڵوێستی دیاریکراویشمان هەیە بەرامبەر گرفتو کێشەی لەشفرۆشیو هەموو ئەوانەی هەڵدەستن بە ئیستغلالکردن لەپێناو گەرمی ئەم بازاڕەدا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە ڕێزمان نەبێت بۆ کەسێك کەلەشفرۆشەو وەك مرۆڤ سەیری نەکەین، یان بەهاو مافە مرۆییەکانی پێ ڕەوانەبینین، بەڵکو

دەڵێین پێویستە کاربکەین بۆ ڕزگار کردنی ئەو مرۆڤەو هەموو داکۆکیەکانمان لەبەرژەوەندی ئەواندایە بەپلەی یەك و دڵنیا بووین کە ئەو لەشفرۆشانە ناتوانن خۆیان خۆیان ڕزگار بکەن لەو گرفتە بەتایبەت پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت کە سەرجەمیان بێزارن و گلەیی لەو ڕۆژە دەکەن کە تیایدا لەدایك بوون.
ئەکرێت خوێنەر بپرسێت و بڵێت ئەمە بابەتی پێشەکیەکەیەو دەبوو زووترو هەر لەسەرەتای نووسینەکەوە باس بکرایە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو بیروبۆچوونەی ئێستا لێرەدا باسی دەکەین، لەم بەشەوە دەست پێدەکات نەك پێشتر، چونکە ئەگەر باس لەبێلایەنی زانستی بکەین لەسەرەتاوە توێژینەوەکەمان بەتەواوی بێلایەنانە بووەو هەوڵمان داوە واقعە وەك خۆی بخەینە بەردەم خوێنەرو لێرە بەدواوە شیکردنەوەو ڕاو پێشنیارەکانی ئێمە بێلایەنانە نیەو دەمانەوێت کۆمەك بکەین بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە.

## ➢ دراوو گریمانەکان.

| |
|---|
| **دراوی یەکەم:**<br>**هەموئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن ڕۆژانە ئیغتصاب دەکرێن.** |

بەپێی پێناسەکانمان لەبەشی یەکەمدا ئیغتیصاب بریتیە لەسێکس کردن بەزۆر بەشێوەیەك ئەوەی زۆری لێدەکرێت بۆ کاری سێکسی هیچ چێژ لەکردارەکە نابینێت. بەواتایەکی تر ناچار دەکرێت یەکێکی تر تێر بکات.. ئەمەش ئەو ڕاستی و واقعەیە کە باسمانکرد لەچوارچێوەی چیرۆکەکانداو بینیمان بەسەرهاتەکانی هەر لەشفرۆشێك چۆن ڕۆژانە لەبەر بڕە پارەیەك، شوێنی حەوانەوە، یان کۆمەڵە فەنتازیایەك هەڵدەستێت بەم کارەو لەبەرامبەریدا بەم جۆرە دەژی.. ئەوەی کەلەشفرۆشێك پیشانی کڕیارێکی دەدات چێژێکی وەهمیە بۆ ئەوەی کڕیارەکە ڕازیتر بکات و پارەیەکی باشتر بداتە لەشفرۆشەکە.
گەر باسی خانەکانی لەشفرۆشیش بکەین بۆ ئەوەی سەرۆك باندەکان ڕازی بن و لەشفرۆشە بێدەرەتانەکان دەرنەکەن.
ئەو شێوازانەی کە لێرەدا بەدی دەکەین و دەتوانین بڵێین ڕۆژانە ئیغتیصاب دەکرێن بریتین لە:

1. بەهۆی پارەوە: هەروەك پێشتر ڕوونمان كردەوە لەشفرۆشی بریتیە لەپرۆسەی سێكس كردن لەنێوان یەك كەس یان زیاتردا، بەڵام دابەش دەبن بۆ دوو گرۆ، یەكێكیان چێژ وەردەگرێتو ئەویتریان پارە. واتە لەژێر گوشاری زیندەگیو ژیاندا، بەزۆرو بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ لەشفرۆش ناچار دەكرێت سێكس بكات.

2. بەهۆی شوێنی ژیانەوە: ئاشكرابوو بۆمان زۆربەی لەشفرۆشەكان كەلەخانەكاندا دەمێننەوە شوێنی ژیانیان نیە، بۆیە ناچارن كەلەو خانانەدا بژینو تەنانەت پارەیەكی ئەوتۆشیان دەست ناكەوێت، بەڵكو كولەمەرگی لەبەرامبەر سێكسدا لەو خانانەدا دەژینو ڕۆژانە ئیغتیصاب دەكرێنو ئەمانیش ناتوانن دەربازیان ببێت، هەرچەند خۆیان واتەنی، "دە تۆ شوێنێكم بۆ پەیدا بكە وەعد بێت ئیتر واز لەو ئیشە دەهێنم"، "ئەگەر یەك خانووم هەبێت هەرچی كچی قوربەسەرە دەیبەمە ناوی"، یان كاتێك "سواری ماسیحەكە دەبێتو دەڵێت دەفڕین ئێمە ئەو كچانە هەموومان دەفڕین"... تاد.

3. بەهۆی فەنتازیاوە: بەشێك لەو لەشفرۆشانەی كەتەنیا سەردانیماڵەكان دەكەنو یەكێك دەبەن لەگەڵ خۆیانو كرێ خانوەكان دەدەنو خۆشیان پارە وەردەگرن، ئەوا ئەمانەش ڕۆژانە ڕوویان دەبێتەوە بە ڕووی ئیغتیصابەوە، چونكە لەوانەیە بۆ كڕینی پارچە خشڵێك یان جلوبەرگێك كە مۆدەیەتی لەشفرۆش ئەم كارەبكات.. گەر بگەڕێینەوە سەر بنەڕەتەكەشی دەبینین پلەو پایەی ئەو ژنە لەكۆمەڵگایەكی پیاوسالاری سەرمایە سەرداردا بەو خشڵو مۆدیلانەوەیە كە لەبەریان دەكات، بەتایبەت كە ئاستی ڕۆشنبیری لەو كۆمەڵەدا كەم بێت وەك ئەوەی لەكوردستاندا دەگوزەرێت.. بۆیە ئەمجارەیان لەلایەن كۆمەڵگاوە ناچاردەكرێت، ئەو فەنتازیایەی هەبێت، كەناتوانێت بەدەستی بهێنێت، ئەوا لەكۆمەڵگایەكی دواكەوتوو، كۆمەڵگایەك كە دەستكەوتنی پارە سیستەمێكی گرنگی ژیانە، كۆمەڵگایەك كەپیاوسالاری یەكێكە لەبنەماو پایەكانی كەلتوورەكەی، بەناچاری غەریزە سێكسیەكەی خۆی كە تاكە ڕێگایە بۆ بەدەست هێنانی ئەو فەنتازیایە.

4. ناچاركردن: گەر تێبینی بكەین یەكێك لەكڕیارەكان دەڵێت: هەر ئەوەندەی زەحمەتە یەكجار پەیوەندی سێكسی ببەستم، ئەگەر نەهاتەوە بۆ جاری دوەم ئەوا لەلای خەڵك باسی دەكەم، یان پێی دەڵێم گەر خۆشت نایەیەت یەكێكی ترم بۆ پەیدا بكە. ئەمەش جۆرێكی ترە لەئیغتیصابكردن.

5. توندوتیژی سێکسی: زۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردن شوێنی ئازارو ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەیان دیار بوو، کە لەکاتی سێکسدا بریندار کرابوون، قەپاڵیان لێ گیرابوو... تاد، ئەمەش ئاماژەیەکی ترە کە ئەو ژنانە ناچارن سێکس بفرۆشن بۆیە بەلایانەوە ئاسایە کە لەکاتی سێکسدا ئەو ئەشکەنجەدانە قبووڵ بکەن.

ئەمانەی سەرەوە واقعی هەموو لەشفرۆشیەکە، لەڕووی زانستیشەوە، بایۆلۆجی، هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لەماوەی 24 کاتژمێردا لەچەند جارێکی دیاریکراو زیاتر بگاتە پێویستی سێکسیو تێرکردنی ئەو پێویستیە. بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو جارانەی کە یەکێك لەلەشفرۆشەکان سێکسی تیادا دەکەن بەئارەزووی خۆیان نیەو لەژێر گوشاری پێویستیەك دایە.

| |
|---|
| **دراوی دوەم:**<br>**هەموئەوانەی ئیغتصاب دەکرێن چێژی سێکسی لەلایان دەشێوێتو کاریگەری دەروونی لەسەر کەسێتی و مامەڵەی ڕۆژانەیان ڕەنگ دەداتەوە.** |

کاتێك گوێبیستی هەریەك لەلەشفرۆشو سەرۆك باندو تەنانەت کڕیارەکانیش دەبین، بۆمان دەردەکەوێت یەکێك لەڕێگاکانی پەیداکردنی سێکس بەپارە بریتیە لەسیماو ڕووخساری لەشفرۆشەکان خۆیان، تەنانەت لەشفرۆشەکان لەم دیاردەیەش بێزارن، چونکە دەڵێن: "زۆر سەیرە بەعەمری خوا یەکسەر دەناسرێینەوەو لەشفرۆش خۆی هاواردەکات"، واتە ناتوانن لەم تەڵەزگەیە ڕزگاریان ببێت کەئەوانە لەشفرۆشن.

ڕاستە بەشێك لەم ناسینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی پۆشاكو خۆ ئارایشت کردن، بەلام لەبەشێکی تریشدا کاتێك کەسێك پیشەکەی ببێتە لەشفرۆش ئەوا کاری ڕۆژانەی دەبێتە بەشێك لەهەڵسوکەوتیو دواجاریش لەشفرۆش بەهۆی هەڵسوکەوتیەوە دەناسرێتەوە.. کاتێك لەکۆمەڵگاشدا لەشفرۆشی نەفرەت لێکراو دەبێت، ئەوا جارێکی تر دەڵێین لەشفرۆش بارێکی دەروونی ناجێگیری هەیە کاتێك دەچێتە ناوخەڵکەوە، چونکە دڵنیایە لەوەی دەناسرێتەوەو بەسووکتر سەیر دەکرێت.. نەك ئەوەندە بەس بێت بەڵکو زۆرێك

لەپیاوان کە بەتایبەت کڕیاری سێکسن، بەئاسانی دەیانناسنەوەو لەڕوانگەی ناموسپەرستیەوە لەم کۆمەڵەدا وەك مرۆڤێکی ئاسایی نایانبیننەوە.

کاتێکیش دەبینین هەموو لەشفرۆشەکان ڕقیان لەڕۆژە، یان کەلێیان دەپرسین ڕۆژێکی خۆش لەژیانتدا زۆر ئاستەنگە یەکێکیان ڕۆژێکی لەبیر بێتو دەڵێن: "بەس نیە بەشەو کەس نایەتە گیانت"، "ڕۆژی خۆش کوا نەگبەت، یەکێك ئەم هەموو ناخۆشیەی بەسەر هاتبێت ڕۆژی خۆشی کوا"، "پیاوان بەڕۆژ دێنە گیانی ئێمەو بەشەویش بۆ گیانی ژنەکانیان".. تاد. بەم جۆرە دەردەکەوێت کە باری ژیانی دەروونی لەشفرۆشەکان لەئاستەنگدایەو ناتوانن هەست بەخۆشیەکانی نیوەی کاتەکەیان بکەن کە بەئاگان، ئەمە جگە لە ئازاری جەستەییو بێ هیوایی لەچارەسەرکردنی کێشەکانیاندا.. لەلایەکی ترەوە هیواکانی لەشفرۆشێك دەبێتە هیوای سادەو ساکار کەهەموو کەس مافی خۆیەتی ئەو ژیانە پیادەبکات، بەنمونە هیواکەیان دێتە سەر هەبوونی ژوورێك، منداڵەکەیان توشی هەمان گرفت نەبێتەوە.. تاد کە ئەمانە هیوای سادەو ساکارنو هەموو کەس مافی خۆیەتی وەك مرۆڤێك پەراوەی ئەم ژیانە سادەیە بکات.. بەڵام کاتێك ئەوان لەسادەترین پێویستی ژیان بێبەشن ئەوا بەدڵنیایەوە لەڕووی دەروونیەوە ناجێگیرن.
هەروەك لەدراوی یەکەمدا باسمانکرد لەشفرۆشەکان جەستەیان دەشێوێت و دەرئەنجام ئەم شێواندنەش ناتوانن وەك پێویست یان بەشێوەیەکی ئاسایی چێژ لەپرۆسەی سێکسی ئاسایی ببینن. گەر بگەڕێینەوە بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان لەبەشی یەکەمدا، (هاندەری سەرەکی لەلەشفرۆشیدا ئەو دەست کەوتەیە کەدەست لەشفرۆش دەکەوێت بۆیە پرۆسەکە، پرۆسەی سێکس دەبێتە پرۆسەیەکی بایەلۆجی ئالی کەتیایدا هەستە دەروونیەکان پێویستە وەلا بخرێت ئەمەش کاریگەریەکی نێگەتیڤ دەکاتە سەر پێکهاتەی دەروونی لەشفرۆش). هەروەها کاتێك لەشفرۆشەکان چەند جارێك بەم پرۆسە سێکسیەدا تێدەپەرن لەڕووی جەستەییەوە بەرکەوتنێکی زۆر هەیە لەگەڵ ڕەگەزی نێردا (بەنمونە کۆئەندامی زاوزێ سنگو بەشەکانی تری جەستەی ڕەگەزی مێ تووشی لێخشاندن وبەر کەوتنێکی بەردەوام دەبێت بە بێ ئەوەی لەڕووی بایۆلۆجیو دەروونیەوە بەقۆناغەکانی تێرکردنی سێکسیدا تێپەڕن، بۆیە لەدرێژ ماوەدا توشی شکستی چێژی

سێکسی دەبن، کەئەگەر بێتو یەکێکیش لەجارەکان لەپێناو چێژی سێکسیدا بەکارەکە هەستێت ئەوا کۆسپێکی گەورە هەیە لەبەردەم یادەوەریەکانیدا کەرێگەی پێنادات بگاتە هەمان چێژ.. کەکەسێکی ئاسایی پێی دەگات ئەمەش گریٚو گۆڵێکی دەروونی گەورە لەلای لەشفرۆش درووست دەکات چونکە یەکێك لەگرنگترین ڕێگەکان کەبەهۆیەوە مرۆڤ هەست بەخۆشەویستی بۆ ژیان و حەزی بە بەردەوامی بۆژیان دەکات چێژی سێکسیە).

ئەم ئەو خاڵەیە کە دەتوانین بەهۆیەوە دراوەکەمان پشتڕاست بکەین لەبنەما زانستیەکانەوە بەبیٚ ئەوەی پێویستیمان بەتوێژینەوەیەك هەبێت لەمەیداندا، هەربۆیە ژمارەیەك لەگریمانەکانمان وەك دراو خستوەتە ڕوو هەرچەند بەگرنگیشیان دەزانین شیکردنەوەیان بۆ بکەین.

هەمیشە لەشفرۆش بەچاوێکی سووکەوە دەڕوانێتە پیاو، بەتایبەت ئەوانەی ئەزموونیان زۆرە، هەرگیز باوەڕناکەن پیاوێك هەبێت ئەو کارە نەکات و کەمیان هەیە بتوانێت باوەڕ بەخۆی بهێنێت لەسەر ئەو ڕاستیە، چونکە زۆربەیان ژمارەیەکی زۆر لەدەموچاوەکان دەبیننەوەو لەڕووی ئەنترۆپۆلۆجیشەوە جومجومەو سیماکانی کۆمەڵگایەك زۆر لەیەك دەچێت، هەروەها چەند هێندە بوونی دەموچاوەکان کاریگەریەك لەلای لەشفرۆش درووست دەکات، کە هەرپیاوێك ببینێت وەك سێکس دەیبینێت و پرسیارێکی سێکسی لاشعوری بۆ درووست دەبێت.. ئەمەش وادەکات کە ئەو وەك ڕەگەزێك و پاش ئەو هەموو ئیغتیصاب و توندوتیژیە ڕقی نیوە کۆمەڵگا ببێتەوە، ئەمەش دژ بەهەموو پرانسیپەکانی مافەکانی مرۆڤە، چونکە ڕگەزێك بەرامبەر ڕەگەزێکی تر ڕق ئەستوورو تورە دەکات و تۆوی تۆڵەی لەلا درووست دەکات، هەربۆیە کەسێتی لەشفرۆش پاش ئیغتیصاب جارێکی تر ناتوانێت پیاو وەك مرۆڤێکی ئاسایی قبوولٚ بکاتەوە کەئەمەش ئاماژەیەکی دەروون نادرووستی ترە لەلای لەشفرۆش یان ئەوانەی ئەو کارە دەکەن.

**دراوی سێیەم:**

**ئەوانەی ناچاردەکرێن بۆئەوەی بچنە بازاری سێکس و لەشفرۆشیەوە لەسەرەتاوە بەرێگای ئیغتصاب ناچاردەکرێن.**

گـەر بگەڕێینــەوە بـۆ ســەرەتاو سەرگوزشــتەی هەریــەك لەفرۆشــیارەکان، یــان ســەرۆك بانـدەکان، دەبیـنین لەسـەرەتای دەسـتپێکردنیانەوە بەلەشفرۆشـی لـەڕێگای جارێـك یـان چەند جارێك ئیغتیصابکردنەوە دەستیان کردوەتە کارەکە، هـەروەها هەنـدێکیان هەیـە کـە سەرەتای سێکسکردنی بەئیغتیصاب دەستپێکردوە وەك بەسەرهاتەکانی یەکەم، یان ئەو بەسەرهاتەی کە تەنانەت خەسوەکەشی بەشدار دەبێت لەئیغتیصابکردندا..

لــەم کۆمەڵگایــەدا دەتــوانین بڵــێین کــە ئیغتیصــاب لــەژیانی هاوسەرگیریشــدا یەکێکــە لــەڕێگاکان بــۆ یەکــەم ســێکس، ئەمــەش وەك دراویێــك ســەیردەکەین، چــونکە لــەبری پەروەردەی سێکسی بۆمنداڵان و نەوەی نوێ، پەروەردەیەکمان لەجێگایدا هەیە کە بریتیـە لەپــەروەردەی تــابووکردنی ســێکس، ئەمــەش وادەکــات کــە کچــێك هــەر لەســەرەتاوە پارێزگـاری لـەخۆی و پـەردەی کچێنی بکات و دواجار بۆماوەی چەند ساڵێك پارێزگـاری دەبێت لەساتێکدا لەدەستی بدات ئەو وەهمەی پارێزگاری لێدەکرد، کەئەمـەش دەکاتـە لەدەسـتدانی مێژوویـەك، بۆیـە ئەوانـەی لەشفرۆشـی دەکـەن بـەجۆرێك لـەجۆرەکان یەکـەم ئەزموونی سێکسیان بەئیغتیصاب دەست پێدەکەن و هەرگیزیش ئەو ساتە لەیاد ناکەن.,

**گریمانەی یەکەم:**

**ئەوتێز و بۆچوونانەی داوادەکەن لەشفرۆشی وەك پیشەیەکی ئازادو سەربەخۆ پیادەبکرێت و لەڕێگای یاساوە ڕێکبخرێت یان لەشفرۆشی و بازرگانی سێکسی بەکارێکی ئاسایی دەبینن، ئەوا تێزێکن کۆمەك بەپێشێلکاریەکی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ دەکەن و بەشداریکردن تیایدا تاوانە.**

هەمیشە پێویستە ئەم تاوانە جودا بکەینەوە لەبیروبۆچوونی ئازادی سێکسی یان ئازادی بەکارهێنانی جەستە.. لەماوەی ڕابردوو توێژینەوەکەماندا توانیمان ئەوە ڕوون بکەینـەوە کـە چـۆن لەشفرۆشـی لـەم کۆمەڵگایـەدا دەگوزەرێـت، هـەروەها لەمێـژووی ئـەم کـارەش تێگەیشـتین و چـەند نمونەیـەکی بچـووکی وڵاتـە پێشکەوتوەکانیشـمان باسـکرد.. ئـەوی خـاوەنی بیروڕای ئازادکردنی لەشفرۆشـی و بازرگانیکردنـە بەجەسـتەوە، واتـا پشـتیوانی

لەکۆیلایەتی سێکسی دەکات، ئەمەش بەتەواوی دژ بە مافەکانی مرۆڤە، چونکە لەبەسەرهاتو ئەزموونەکانی ئەم توێژینەوەیەوە بۆمان دەرکەوت، کەلەشفرۆشی بەشێك نیە لەخواست بۆ پەراوەکردنی ئەم کارە، بەڵکو بەناچاری پەنادەبەنە بەر ئەم کارە، یان هیچ خوێندەواریەکیان نیە، یان سەرمایەیەکیان نیە بۆ کارکردن، یان بەتاکە ڕێگای ئاسانی دەبیننەوە، یان لەڕێگای پۆرنۆگرافیاوە کراوەتە بازڕ، ئەمانەش هەموویان بە پاساوی ئازادی بەکارهێنانی جەستە. ئێمە لەسەرەتاوە ئەوەمان سەلماند، لەبەشە تیۆریەکەماندا، کەسێکس پرۆسەیەکی مرۆییەو دەرئەنجامی ماڵی بوون مرۆڤ دەتوانێت توانای بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوەی خۆی بۆ بەمرۆییکردنی سێکس بەکار بکات.. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕەوشە ئاژەڵیەکەش ئەوا دەکرێت سروشت ڕێکی بخات نەك بازاڕی پارەو سەرمایەو دەسەلآت.. لێرەوە دەردەکەوێت کە سەرجەم ئەوانەی بانگەشە بۆ ئازادکردنی کاری لەشفرۆشی دەکەن دەکەونە خانەی ئەو تاوانانەوە کە دەبێت ئیغتیصاب ئازاد بکەن.

کەواتە گەر بگەڕێینەوە بۆ هەرسێ دراوەکەی پێشوو، بەئاسانی دەتوانین بڵێین، بانگەشە بۆ ئازادکردنی لەشفرۆشی لە ئازادی سێکسی دەبێت جیابکرێتەوە.. هەروەها بانگەشە بۆ ئازادکردنی لەشفرۆشی دەبێت وەك تاوان سەیربکرێت ئەگەر ئیغتیصاب تاوان بێت، خۆ ئەگەر ئیغتیصاب تاوان نیە، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەردەمانی بەربەریەت.. ئەمەش ئەوە ناگەینێت کە ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن مرۆڤ نین، بەلآم بازرگانەکانو ئەوانەی لەڕووی تیۆرو فکرەوە بانگەشە بۆ ئەم کارە دەکەن ئەوا تاوانبار دەبن.

**گریمانەی دوەم:**

**توندوو تیژی سێکسی دەچێتە یادەوەری درێژ خایەنەوە و بەم جۆرەش ئەو ترۆمایانەی ئەنجامی توندوتیژی سێکسی درووست دەبێت وەك نەخۆشیەکی هەمیشەی بەبەردەوامی دەبێت چارەسەر بکرێت.**

گەر بڕوانینە کاردانەوەکانی بەسەر هاتی یەکەمو بەسەر هاتی چوارەم، هەریەکەیان بەشێویەك لەشێوەکان دەیانەوێت تۆڵە بکەنەوە، چونکە لەباری یەکەمدا توندوتیژی باوك بوە هۆی بەزۆر بەشوودانو پاشان توندوتیژی مێرد، دواتر لە لای چوارەم ئەم دیاردەیە

دووبـاره دەبێتـەوە، هـەروەها دەبیـنین لەشفرۆشـەکە خوازیـارە جارێـك لـەجاران کەسـێك بـەرێت بـۆ ئـەوەی بـەزۆر سـێکس لەگـەڵ باوکیـدا بکـات.. یـان دەیـەوێت بـاوکی بمرێـتو بچێت تفێکی لێبکـات، هـەروەها لـەباری چوارەمدا دەبینین لەشفرۆشـەکە بـەزۆر سێکسـی لەگـەڵ دەکرێـتو تەنانـەت هەسـت دەکـات هـەموو جەسـتەی وێـران بـوەو ناتوانێـت وەك پێویست ڕێبکات، ئەمەش وایکردوە کە ناچار دەبێت بەردەوام ئاگاداری خۆی بکات.

لەلایەکی ترەوە لەشفرۆش هەمیشـە وێنـای یەکـەم ئیغتیصـابو ئیغتصـابەکانی ڕۆژانـەی لەبەرچـاودایەو هەسـت دەکـات جەسـتەی بەشـێوەیەك لەشـێوەکان داگیرکـراوە و داگـیر دەکرێتەوە.. یـان لەڕەوشـی ژیـانی ئـەو سـەرۆك بانـدەی دەڵێـت: "مـن خـۆم بـۆ منداڵـەکانم ئاوالێکرد ئەوان ناتوانن قسەم پیٚ بڵێن، گە رمن نەبوومایە ئەوان دەمردن لەبرساندا".

لەڕوانگـەی بـەردەوامی ئـازارە دەروونـیو جەسـتەییەکانی لەشفرۆشـیدا، کەسـێك نیـە لەوانـەی چـاوپێکەوتنمان لەگـەڵکردون لـەکاتی چـاوپێکەوتنەکەدا نـەگریا بێـت یـان لەخۆیەوە پێنەکەنینی نەهاتبێت، هـەروەها زۆربەشـەیان لەبـەر خۆیانـەوە گۆرانی دەڵێنو لەسـەر شـێوەی لاواندنـەوە دەنـگ هەڵدەبڕن، ئەمانـە هـەمووی بەڵگـەی واقعـیو دەروونـین لەسـەر ترۆماکانیـان، بەشـێوەیەکی بەرچاویش خۆیـان قسـە لەسـەر توندوتیـژی سێکسـی دەکـەن، لەوکاتانـەدا بـاس لـەئازەرەکانی سـێکس فرۆشـیو  توندوتیـژی جەسـتەی دەکـەن هەمیشە دەموچاویان دەگۆڕێـتو وەك ئـەوە وایـە لـەو سـاتەدا توندوتیژیەکـەیان بەرامبـەر کرابێت ئەمەش تەنیا لەکاتی گێرانەوەی چیرۆکەکاندا هەستیان پێدەکەین.

کاتێك لێیـان دەپرسین ڕۆژێکـی خـۆش، هـەر وەك پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا ئاسـتەنگە بـاس لەڕۆژێکی خۆش بکەن، کە دەڵێین بۆ؟ ئەوا ئەوانیش دەڵێن ئەو ڕۆژە خۆشـە نیـە. ئەمـەش وادەکات ئێمە بزانین کە ئەوان بەردەوام لەئازارەکانی خۆیاندا دەژین.

لەکۆتاییدا بەبەڵگەیەکی زانستی دەڵێین سـێکس ئومێـدی بـەردەوامی ژیـانی مرۆڤـە، بـەلاَم کاتێك کردەوەیەکی توندڕەوانە بەمەبەستی ئازار بەخشین لەکاتی ئەم کردارەدا ڕوودەدات ئەوا پێچـەوانەی ئامـانجی کردارەکە دەکەوێتـەوە، هـەر بۆیـە هـەموو دژ بەیـەك بـوونێکیش لـەنێوان کـردارو ڕاسـتیدا، بەرامبـەر تووشـی صـەدمەدەکات، واتـە ترۆمـا، کـە لـە زمـانی کوردیـدا تائێسـتاش زاراوەیـەکی گونجاومـان بـۆ ئـەم دیاردەیـە نیـە، هەرچـەند دەتـوانین بەشێوەیەك لە شێوەکان پێیبڵێین گەشکە.

**دراوی چوارەم:**
**لەکۆمەڵگای کوردستانی عێراقدا لابردنی پەردەی کچێنی لەلایەن پیاوانەوە سەرکەوتنێکە پڕە لەسەروەری‌و بەشانازی دەژمێردرێت.**

لەسـەروبەندی شـیکردنەوەکانماندا لـەناو چوارگۆشـەکاندا، باسمـان لەپـەردەی کچـێنی کـردوە ئەمـەش لێـرەدا وەك دراوێـك داومانەتـە قەڵـەم کـە بەڵگـە نەویسـتەو پێویسـت بەشـیکردنەوەی زیـاتر ناکـات، بەتایبـەت کـە یەکێکـە لەسـیماکانی ئـەو کۆمەڵانـەی کـە کەلتوورێکی پیاوسالارانەیان هەیە.

**دراوی پێنجەم:**
**بەردەوام بوونی کۆمەڵگای پیاو سالاری، کاریگەری هەیە لەسەر هاوزاڵێتی پیاولەکرداری سێکسیدا، کەئەمەش هاندەرێکی بەهێزە بۆ بازرگانی کردن بەکچانەوە.**

لەسەرجەم کەلتوورە پیاوسالارەکاندا، ڕەگەزی مێ دەبێتە کەرەستە بۆ ئەوەی ئارەزوو و ویستەکانی پیـاو تێربکـات‌و دابینیـان بکـات.. واتـە ڕەگـەزی مـێ سـەرجەم ئـەو خواسـتانە دەهێنێتـە دی پیـاو داوایـان دەکـات، واتـە پیـاو زاڵـە لەژیانـدا، بەشـێکی گـەورەی ئـەم زاڵێتیـەش وەك دەسـەڵاتێکی ڕەهـا وایـە کـە دەیـەوێت دەسـتی پێـوە بگرێـت. کـاتێکیش سـێکس هۆکـارە بـۆ مانـەوەی مـرۆڤ ئـەوا پیـاو دەیـەوێت ئـەو هاوزاڵێتیـە لـەو پرۆسـەیەدا بپارێزێت.. باشترین بەڵگەش بۆ ئـەم ڕاستیە لەتوێژینەوەکەماندا، دەبیـنین، کە پیاوەکـان گرنگ نیە بەلایانەوە ڕەگەزی بەرامبەر تێر ببێت لـەڕووی سێکسـەوە، بـەڵکو تـەنیا خـەمی خۆیانـەو بیر لەفەنتازیاکانی سێکچواڵیتی خۆیـان دەکەنـەوە.. بـەم جۆرەش جارێکی تـر مێینـە دەبێتـەوە کۆیلەیـەکی سێکسـی بـۆ پیـاو لەکۆمـەڵگای پیاوسـالاریداو هـەوڵ دەدات زۆرترینی فەنتازیاکانی خۆی لەمێینەدا بەتاڵبکاتەوە..

لەکاتێکـدا پۆرنۆگرافیـا گەشــە دەســەنێت و بانگەشــە بــۆ سێکســی منــداڵ و نەتــەوە جیاوازەکان و جۆرەهای جۆری ژنان دەکات، گەر لایەکی تری هاوکێشەکە بێت، لەکاتێکدا پیـاوان زۆربـەی سەرچـاوە داراییـەکانی کۆمـەڵیان لەبەردەسـتدا بێـت، ئـەوا بەسـانایی دەخوازن هەرجارەو جۆرە سێکسێك تاقی بکەنەوە، کاتێك لەسەر ئاستی لۆکاڵ تێردەبن، هەروەك باسمانکرد پێشتر شێوەو قەبارەو کەلتووری سێکچواڵیتی جیاواز جیاوز هەیە لەجەستەدا، ئەمانەش هەموو دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی خواست لەسەر ڕەگەزی ترو مێینەی تر زیاد بکات و بودجەی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت لەسەر ئاستی تاکە کەس و ببێتە هۆی بازرگانی سێکسی بەشێوەیەکی بەرفراوان.

**دراوی شەشەم:**
**بۆئـەوەی هێزەکـانی نـاوخۆ پـارێزەری مافـەکانی مـرۆۋ بـن، بەتایبـەت مرۆڤـی مـێ، دەبێت لەڕووی تیۆری و عەمەلی و دیسپلینەوە ئاستێکی بەرزو پێشکەوتووی مۆراڵە مرۆییەکانیان هەبێت و پابەندبن بەبنەماکانی ماڤ مرۆڤەوە.**

ئــەم دراوە پەیوەنــدی بــە بەڵگەنەویســتی متمانــەوە هەیــە، بەڵگــەوە نەویســتی متمانــە وابەستەی بڕیارو بکەرە، واتە کاتێك بڕیاردەر داخوازی کردەیەك دەکات، پێویستە یەکەم بکەری ئەو کردەیە بێت.. هەر لەم ڕوانگەیـەوە کاتێك هێزەکانی نـاوخۆ بەرپرسـی کـردەی پاراستنی مافـەکانی مـرۆڤن یـان عەدالـەتن، ئـەوا دەبێـت یەکـەم جێبـەجێکارو داکۆکیکار خۆیـان بـن، لـەم بەڵگـە نەویستەوە ناکرێـت پێشـێلکاری لای هێزەکـانی نـاوخۆوە دەسـت پێبکات.. ئەمەش نەك بۆ لەشفرۆشی بەڵکو بۆ هەموو ئەلگۆیەکی ناوخۆیی ڕاستە.. بـەڵام لێرەدا ئێمە بابەتەکەمان بابەتی لەشفرۆشیەو دەبێت قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین.

لــە پەرەگرافــەکانی پێشــوودا ڕوونمــانکردەوە کــە پارێزگــاری لــەئازادی سێکســی و قەدەغـەکردنی لەشفرۆشـی و سـەیرکردنی بـەتاوان یەکێکـە لـە پێشـمەرجەکانی بـەمرۆیی بوونی کۆمە ڵگایەك یان ڕاسترە بڵێن ماڵی بوون و دەستەمۆ بوونی ئەو کۆمەڵگایە بۆ بەها مرۆییەکان. لێرەشدا دەڵێن، کاتێك هێزەکانی نـاوخۆ پێشـێلکاری بکـەن لـەم بەندەدا ئـەوا ئاسـتەنگە خـەڵکی بتـوانن پابەنـد بـن بەبنـەما کەلتووریەکانـەوە یـان تەنانـەت یاسـایی و

مرۆییەکانیشەوە کە ڕێگا لەلەشفرۆشی دەگرێت. بۆیە بەبێ هۆشیاریو دیسپلینێکی بەرزی هێزەکانی ناوخۆ لەم بوارەدا ئاستەنگە بتوانین بگەینە ئەنجامێکی باش لەچارەسەرکردنی لەشفرۆشیدا.

**دراوی حەوتەم:**

**لەگەڵ هەموو وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریدا دەرفەتی لەشفرۆشی زیاد دەکاتو بەپێچەوانەوە.**

بەپێی ئەم دراوە وەرچەرخانەکان سێ جۆرن، یەکەمیان کۆمەڵایەتیو دوەم سیاسیو دواجاریش ئابووری.. ئەم وەرچەرخانانە کاریگەریان لەسەر تەواوی کۆمەڵگا هەیە، پاشتر ڕەنگدانەوەکانی لەشفرۆشی وەك یەکێك لەدیاردەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵ بەم وەرچەرخانانەوە کارتێکراو دەبێت. گۆڕانکاریە ئابووریو سیاسیەکان وەك دوو جووتەك یەکتر دێننو دەبەن، بەڵام ئەمانەش هەمووی لەسەر پشتی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان کوزەرکاتو پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە... بۆیە لێرداو لەم دراوەدا دەڵێین هەر گۆڕانێك لەو گۆڕانکاریانە دەبێتە مایەی هەڵوێستەو تێڕوانین لەمەڕ هەموو بەسەرهاتو پێکهاتەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، یەکێکیش لەوانە لەشفرۆشیە..
لەکاتی سەقامگیریدا ئاستی کەبت، یان بەکوردیەکەی سەرکوتکردنی سێکسی، کەمە واتە ئەو ئاستی سەرکوتکردنە بەرپەرچەکەی بریتی دەبێت لەئاستێکی دیاریکراو لە لەشفرۆشی بۆ تێرکردنی ئەو سەرکوتکردنەی لەئارادایە.. بەڵام لەکاتی پشێویدا هەروەك بینیمان سێکچواڵیتی خەڵك دەخوازێت لەئاستی باوو سەرکوتکراو دەرچێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر دامرکاندنەوەی خۆی لەڕێگای نادرووستەوەو دەرفەتێکی گونجاو دەکاتوە بۆ لەشفرۆشی.

بەم جۆرەش لەشفرۆشی لەکاتی وەرچەرخانەکاندا ڕێژەکەی بەرزدەبێتەوە، چونکە گۆڕانکاری ئابووریو سیاسی یەك ئەوی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێتو هەردووکیشیان لەسەر جەستەی کۆمەڵ گوزەر دەکەنو دەژین، بۆیە بەدوای خۆیاندا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیش لەبار دەکان خۆ بەپێچەوانەشەوە تەواو ڕاستە.

**گریمانەی سێیەم:**
**هەمووپێشکەوتنێکی تەکنەلۆجی کەهاوکات پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لەگەڵدانەبێت زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بەڕەوشی مافەکانی مرۆڤ ((لەڕوانگەی دیاردەی بازرگانی سێکس وکۆیلایەتی سێکسیەوە))**

وەك یەکێك لەبەڵگەنەویستە مێژوویەکان دەتوانین بڵێین، پێشکەوتنی تەکنەلۆجی هەمیشە خێراتر بوە لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مرۆیی، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قازانج، چونکە قازانجی مادی خاڵێك و بابەتێکی بەرجەستەیەو ناتوانین نکۆڵی لێبکەین. قازانج لەڕووی مادیەوە هەمیشە مەلموسترو بە بەرجەستەیی دەتوانین بەرهەمەکەی بچنینەوە. بەڵام پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مرۆیی هەمیشە سەرجەمی ڕەفتارەکانمان دەخاتە ژێر پرسیارەوەو دەبێتە کۆسپ لەبەردەم پێڕەوکردنی ئەو فەنتازیایانەدا کە دەمانەوێت چێژیان لێ ببینین.
بەم جۆرە هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجی زیان دەگەیەنێتە ڕەوشەکانی مافی مرۆڤ، ئەگەر بێت بەتەریبی لەڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە گەشە بە تێگەیشتن و ئاستی هۆشیاری مرۆڤ نەکەین.. باشترین بەڵگە دەتوانێت ئەم گریمانەیە بسەلمێنێت بریتیە لەپێشکەوتنی وێنەو دەنگی دیجیتاڵ کەس بازاڕەکانی پۆرنۆگرافیا زۆر سوودیان لەم تەکنیکە بینیوە. هەر ئەوەندەش بەس نیە، لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەك کوردستاندا دەبینین کە ئەوەندەی گرنگی بە پۆرنۆگرافیا دەدرێت، بەهەمان ئاست گرنگ نادرێتە ئەو بوارانەی لەڕێگا دونیای گۆلۆباڵیزمەوە ئەمڕۆ دەکرێت سوودی لێ ببینرێت ئەمەش ئاماژەیەکی وردە، بۆ پێویستی گەشەسەندنی ئازادی سێکسی و بەرفراوانی ڕۆشنبیری سێکسی نەك گەشەسەندنی پۆرنۆگرافیا و بەرفراوان بوونی بازاڕی لەشفرۆشی.. چونکە سەرجەم ئەمانەی دوایی دەرهاویشتەی سلبی کۆمەڵگای گلۆباڵین لەمڕۆدا.
لەم ڕوانگەیەوە بەکورتی دەتەوانین بڵێین: بەبێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت گەشەسەندنی تەکنیکی و / یان مادی دەبێتەوە بە هۆکار بۆ زیادکردنی نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکان و بەشێوەیەکی سەراپاگیر زیانەکانی لە سوودەکانی زیاتر دەبێت.

**گریمانەی چوارەم :**

**زیاترلەنیوەی ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن هەمیشە پێویستیان بەفریاد ڕەسێك هەیە کەببێتەپاڵەوان و دەربازیان بکات لەوژیانەی تیایدا دەژین، چونکە خۆیان ناتوانن ببنە ئەو پاڵەوانە بۆ خۆیان و خۆیان ڕزگار بکەن.**

ئەلبێرت ئەنشتاین دەڵێت: "هەرگیز ناکرێت ئەوانەی دەبنە هۆی درووستکردنی کێشەیەك خۆیان بتوانن ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن".. ئێمە لەماوەی ڕابردوودا بۆمان دەرکەوت ئەوانەی دەبنە قوربانی بازاڕەکانی سێکس سەرئەنجامی پێویستیەك ئەو کارەدەکەن.. هەروەها بۆشمان دەرکەوت ئەوانەی ئەم کارەدەکەن خۆیان نە دەتوانن کارێکی تر بکەن نەدەزانن چۆن لەم گرفتە ڕزگاریان ببێت، زۆربەیان نەخوێندەوارن و ناتوانن ئیشێك بدۆزنەوە، کۆمەڵگا و دەسەلات لەدەست ئەو کەسانەدایە کە ناتوانن دەربازیان ببێت لەگرفتە سێسیەکانی خۆیان و ئیشێك بۆ ژنێك ناکەن گەر بەرامبەر سێکسیان لێی دەست نەکەوێت. هەموو دەرگاکان داخراو دەبێت لەبەردەم ئالوودەبوویەکی لەشفرۆشیدا، بۆیە هەمیشە پێویستی بە پاڵەوانێك هەیە ڕزگاری بکات.. لایەنی کەم لەجێکەوتی ئەودا نەبێت چونکە کێشەکانی خۆی بەخۆی هەرگیز چارەسەر ناکرێت بەبەردەوام دەگەڕێت بەدوای کەسێکدا کە ڕزگاری بکات.

**گریمانەی پێنجەم:**

**ئەوانەی کڕیاری سێکسن جۆرێك لەجۆرەکانی سێکسی نائاساییان تێدایە (شذوذ الجنسیة) یان ئەنجامی ئالوودە بون بەکڕینی سێکسەوە ئەو جۆرە لەسێکسی نائاساییان تیادا درووست دەبێت.**

هەموو ئەو لەشفرۆشانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردن باسیان لەسێکسی نادرووست کرد واتە بەکار هێنانی بەشەکانی تری جەستەی مرۆۆ بۆ کاری سێکسی و بەتایەبەت کۆم، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە مرۆۆ لەژێر کاریگەری چێژو تەکنیکەکانی

پۆرنۆگرافیادا گەر لەخودی خۆیشیدا لەڕووی سێکچواڵیتیەوە نائاسایی نەبێت ئەوا لە ئەنجامی کاری لەشفرۆشی نائاسایی دەبێتەوە.

وەك دەركەوت بۆمان ژمارەیەكی كەم لەو پیاوانە هەستی مرۆییانەیان جوڵاو سێكسیان لەگەڵ لەشفرۆشێكدا نەكرد بەزۆر، بەڵكو زۆربەیان پەنایان بردە بەر ئازاردان و توندوتیژیی سێكسی لەكاتی سێكس كڕیندا، گەر تێبینی بكەین لە هەر لەشفرۆشێكدا بەدرێژایی چەندین ساڵ لەلەشفرۆشی بە نمونە هەیانە 10 ساڵ 7 ساڵ یان 8 ساڵە لەشفرۆشن، بەڵام كاتێك لێیان دەپرسین ئایا كەس هەبوو سێكست لەگەڵدا نەكات كاتێك دەزانێت تۆ زۆرت گرفت هەیە، هەر یەكەیان بەدرێژایی تەمەنی یان كەسێكی ناسیوە یان نەبوە، واتە هەموو ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر كڕین خەڵكی نائاساییین و لەڕووی سێكچواڵیتیەوە نادروستن، بەپلەی یەكەمیش هۆكاری ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پەروەردەیەكی سێكسی تەندروست.

**گریمانەی شەشەم:**

**كڕیارەكانی لەشفرۆشی لەكوردستاندا زیاتر بریتیەلەخەڵكی خوێنەوارو رۆشنبیر، ئەوەش بەرێژەیەكی زۆر بەرزتر لەخەڵكی نەخوێندەوار.**

لەماوەی 16 ساڵی ڕابردوودا خەڵكی كوردستان و بەتایبەت ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان بەشێوەیەكی بەردەوام تێكۆشین لەپێناو ڕسواكردنی فرەژنی و قەدەغەكردنی پۆلیگامی.. هەروەها بانگەشەیەكی بەرفرەو هەمەجۆریش كراوە بۆ بەرەنگاری توندوتیژی و ڕێگرتن لەچەوساندنەوەی ڕەگەزی مێ هەرجارەو بەجۆرێك هەر ماوەیەو بە تیشك خستنەسەر بابەتێك.. نابێت ئەوەش لەیاد بكەین كە دەسەڵاتیش گوشارێكی گەورەی خراوەتەسەر تابەشێوەیەكی چالاكانەتر ڕێگا لەپێشێلكاریەكان بگرێت.

بەم جۆرە خەڵكێكی ڕۆشنبیر دووچاری وتەو داكۆكیەكانی خۆیان دەبنەوەو ناتوانن دەربازیان ببێت لەقسەكانی خۆیان.. هەر بۆیە ناتوانن بەشێوە باوەكەی ژنی دوەم و سێیەم و بەو جۆرە مارە بكەن.. بەڵام لەهەمان كاتدا ڕەگەزو پێكهاتەكانی كۆمەڵگای پیاوسالاریش لەنێویاندا نەپووكاوەتەوەو هەموو ئارەزووی فرەژنی دەكەن لەپێناو هەمەجۆری سێكسدا بەبێ ئەوەی بتوانن ئارەزووەكانیان لەگەڵ

هاوسەرەکانیاندا تێربکەن، چونکە لەبنەڕەتەوە پرۆسەی هاوسەرگیری هیچ جۆرە حسابێك بۆ گونجاوی واتە تەوافقی سێکسی ناکات.. ئەمەش گرفتێکی گەورەی هەردوو لایە.. چونکە گرفتەکە لە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە دەست پێدەکات، لەو کێشەیەوە دەست پێدەکات کاتێك پەروەردەیەکی سێکسی درووست نیە بەر لەهاوسەرگیری یان ئازادی سێکس بەتەواوی سەرکوتکراوە.. لێرەوە ڕۆشنبیرەکان خۆیان دەپارێزن لەتوانج و تەشەری فرەژنی و بەبەرپرسیارێتیەکی کەمترەوە لە هاوسەرگیری پەراوەی هەمەجۆری سێکس دەکەن و بازاڕی بازرگانی سێکسی زیاد دەکات.

**گریمانەی حەوتەم:**
**لەڕابردوودا لەشفرۆشی لەکوردستاندا لەپێناو دابینی بژێوی و چارەسەرکدنی باری ناهەمواری گوزەراندا بوە بەڵام ئەمڕۆ لەپێناو جوانکاری و ئەو پێداویستیانە دایە کەدەستکردەی بازاڕ و سیستەمی سەرمایەداری هێناونیەتە ناو بازاڕەکانەوە.**

بەپێی وتەی هەرسێ گرۆکەی توێژینەوەکەمان، لەشفرۆش، سەرۆك باند و کڕیارەکانیش، ئێستا لەشفرۆشی زیاتر لەساڵانی ڕابردوو بەتایبەت گەر بەراوردی بکەین بە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو.. زۆربەی هەرەزۆری لێتوێژراوەکان دەڵێن: "پێشتر لەپێناوی مەعیشەتدا خەڵك دەچوو لەشفرۆشی دەکرد، ئەمڕۆ بۆ مۆدێل دەیکات"... کەواتە گریمانەی توێژینەوەکەمان بە ئاقارێکدا دەسەلمێت کە ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردوون هەموو جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵام گەر بێینە سەر لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ ئەم واقعە سەلمێنراوە، ئەوا دەڵێین:

گەر بەیادەوەری و مێژووی ئابووری و بازاڕی کوردستاندا بچینەوە لەماوەی 1993 تا 2001 ئەوا بەشێکی گەورەی خەڵك شتومەکی ناوماڵەکانیان دەفرۆشت بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ڕۆژانەی خۆیانی پێ دابین بکەن، هەروەها مۆدێلەکانی جل و بەرگیش پشتی دەبەست بەبازاڕەکانی دەستی دوو (کۆنەکە).. لەلایەکی ترەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ و بەتایبەت (پۆرنۆگرافیا و کلیپ ئارت) بوونە قوتابخانەیەکی

گـــەورە بـــۆ فێرکـــردن لـــەبواری سێکســـدا، زۆربـــەی هـــەرە زۆری ســـەرەك بانـــدەکان دەڵێن:"خەڵکەکە لەسەتەلایتو سی دیەوە شتی وا فێربوون هەر مەپرسە"..

گەر سـەیری ئـەم دوو ڕاسـتیە بکـەین، ئـەوا بۆمـان دەردەکـەوێت کەلەئـەنجامی هـەژاریو گـــەمارۆجۆراوجۆرەکانی ئـــابووری ســـەر کوردســـتان بێگومـــان یـــەکێك لەهانـــدەرە سـەرەکیەکانی لەشفرۆشـی بـریتی دەبێـت لـەدابینکردنی بـژێوی چارەسـەرەکردنی بـاری ناهەمواری گوزەران. هەر لەم ماوەیەشدا ڕاگەیاندن تـوانی بانگەشـەیەکی گـەورە بـۆ چێژە سێکسیە نوێیـەکان لـەم کۆمەڵـەدا بکاتو هـانی خـەڵکی بـدات بـۆ تاقیکردنـەوەیان، پـاش نـــەمانی گـــەمارۆو لەگـــەڵ ڕزگـــار کردنـــی عێراقیشـــدا هەڵئاوســـانێکی نائاســـایی کەوتـــە بازاڕەکـــانی کوردســـتانەوەو لەســـەرەتاوە وەك بوژاندنـــەوە دەردەکـــەوت، بۆیـــە هـــەموو خەڵکەکـە لەهـەوڵی دوو ئامـانجی شـاراوەدا کاریـانکرد: یەکـەمیان گەڕانـەوە بـۆ یـادەوەری ئەو موتعەو فرەییەی کۆن لەسەردەمی سیستەمی دابینکردنی دەوڵەتیدا هـەبوو، دوەم بـۆ پـەراوەکردنی ئـەو فـەنتازیا نوێیانـەی لـەڕێگای مـاس میدیاکانـەوە دەسـتیان دەکـەوتو ئەمـەش جارێکی تـر بوەوە بەمۆدێلی سـەردەم.. بێگومـان لەکۆمەڵگایەکدا کـە کـەلتووری پیاوسالاری باڵادەست بێتو ئاستی ڕۆشنبیری لەپلەیەکی نزمدا بێت ئەوا مۆدێل جێگای گەورەترین پایـەگای کۆمەڵایـەتی دەگرێتـەوەو گـەر خـەڵکی نـەتوانن پـەراوەی مۆدێلـەکان بکەن، ئەوا بەچاوێکی سووك سەیردەکرێن.

ئەمـەش ئـەو بنـەما کەلتووریەیـە کـە بازاڕی سـەرمایەداری توانیویـەتی کـارێکی گـەورەی لەســەر بکــاتو هەمیشــە بەباشــی دەزانێــت چــۆن کڕیــاری خــۆی زیــاد دەکــات.. ئــەوەی پەیوەندی بەلەشفرۆشیەوە هەیە بریتیە لـەکارکردنی بـازاڕی سـەرمایەداری لـەزیادکردنی بەکارهێنـــەکانی خۆیـــدا بەمەبەســـتی بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی دەرامـــەتی کۆمپانیـــا هەمـەجۆرەکانی، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هەسـتا بەبـەکارهێنانی مـاس میـدیا بـۆ بانگەشـەو ڕەواج پێـدانی کـاڵای نـوێ هـەروەها هـەوڵی دەدا بەباشـترین شـێوە ئایـدۆلۆژیای چـێژ لـەڕێگای پۆرنۆگرافیـاوە بـڵاو بکاتـەوە، بـەم جـۆرەش ڕێـژەی لەشفرۆشـی لەهـەردوو جەمسـەری بازاڕەکـەوە کـاری لەسـەر کـرا، لەلایـەك لەکۆمەڵگایـەکی پیاوسـالاریدا تـەنیا پیاوەکانی سەیری پۆرنۆگرافیایـان دەکردو ژنـەکانیان دەکردە دەرەوە لـەپاش (11)شـەو هـەروەك قوربـانی چـوارەم باسـی دەکـات، هـەروەها بازاڕەکـانی ڕیکلامـیش بـۆ کەرەسـتەو

پێداویستی نوێ کارگەریەکی گەورەیان لەسەر ژنان دادەنا و بەهەر نرخێك بوایە دەیانویست کەمتر نەبن لەئاستی هاوڕێکانیان.. بەم جۆرەش لەدوو جەمسەرەوە خواست و خستنەڕوو لەبازاڕی لەشفرۆشیدا لەماوەی زیاتر لەپێنج ساڵی ڕابردوودا بەهێزتر دەبوون.

## باسی دووەم: گۆڕانی کەلتووری و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی لەشفرۆشیدا (باری نمونەیی)

لەچوارچێوەی ئەم باسەدا هەوڵ دەدەین بەپێی زانیاریە زانستیەکانمان، گفتوگۆ لەسەر سروشتی سێکس بکەین لەچوارچێوەی کۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا و لەخاڵ لاوازەکان بدوێین کەبوونەتە هاندەر بۆ بەرزکردنەوەی لەشفرۆشی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، پاشان لەکۆتایی باسەکەدا هەوڵ دەدەین، باری نمونەیی و دروستی کۆمەڵایەتی لەڕووی سێکچواڵیتیەوە باس بکەین، ئەگەرچی ئەمەی دواییان لەوانەیە لەشێوەیەکی تیۆری یۆتۆبیدا بێت بەڵام دەکرێت وەك پێوەر بەکاری بهێنین، واتە ئەولایەنەی تیۆری زانستیە کە بۆ پێوانەکردن بەکاردێت.

### ➢ سروشتی کەلتووری سێکس لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان وەك هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی تر لەهەردوو ڕەگەز پێك دێت و بەپێی نێوەندی هاوسەرگیری بۆ تەمەن یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی هاوسەرگیری تیایدا لەتەمەنی گەنجیدا ڕوودەدات. هەروەها بەشێوەیەکی شەرعی و یاسایی، سێکس لەهەموو نێوەندەکاندا قەدەغەیە لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، تەنانەت بۆ ئەوانەی کە هاوسەریشیان نیە.. یەکێکی تر لەخەسڵەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە نەبوونی پەروەردەی سێکسیە لەقوتابخانەو خێزاندا، بۆیە باشترین ناوەند بۆ فێربوون لەم بارەیەوە لەکۆندا بریتی بوە لەنێوەندەکانی هاوڕێیەتی هەمان ڕەگەزو لەماوەی 12 ساڵی ڕابردووشدا ماس میدیا سەرچاوەیەکی سەرەکی پەروەردەی سێکسی چ بۆ ئەوانەی تەمەنیان تێپەڕیوە چ بۆ نەوەی نوێ.

تابوو بوونی سێکس بۆ هەردوو ڕەگەزە، بەڵام بێگومان سانسۆر لەسەر ڕەگەزی مێینە زیاترە، لەساڵەکانی ڕابردوودا و تەنانەت لەم دواییانەشدا سێکس لەگەڵ ئاژەڵ خەسڵەتێکی دیاری ئەو کەسانە بوون کەلە شارەکانەوە دووربوون، تەنانەت شارنشینەکانیش لەم دۆخەدا ئەم کارەیان کردوە. ئەم جۆرە لەسەرکووتکردن لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا بێگومان کاردانەوەیەکی گەورەی دەبێت و لەماوەی ڕابردوودا بەئاسانی هەستی پێدەکەین، ئەوەش بەبەرزبوونەوەیەکی گەورەی ڕێژەی لەشفرۆشی.

هەریەك لەدوو ڕەگەزەکە بەشێوەیەك سەرکوتکراون، نێرینەکان لەژێرگوشاری عەیبەو شەرمداو بۆ مێینەکانیش گوشاری کوشتنیش لەسەر ناموس پەرەستی هاتوەتە پاڵی.. ئالێرەوەو لەم پێودانگەوە، هاوسەرگیری تەنیا ئەو شوێنە بوە کە جێی عادەسڕی گرتوەتەوە لەڕووی سێکچواڵیتیەوە، نەك ئارامگایەك بێت بۆ سێکسێکی تەندروست.. هەروەك کرپارەکان دەڵێن: "ئەوەی لەشفرۆشێك بۆت دەکات، هەرگیز خێزانەکەت بۆت ناکات"، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ زاڵبوونی کەلتووری عەیبەو نەخوێندەواری لەبواری سێکسدا.. چونکە هیچ گومانی تێدا نیە کاتێك ژنێك زانیاری هەبێت لەسەر چۆنێتی تێرکردنی مێردەکەی، ئەوا ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر پەردەی گومانەوە کە ئایا لەکوێوە ئەو زانیاریانەی هێناوە.. بەهەمان شێوەش پیاوان لەچوارچێوەی خێزاندا پەراوەی هەندێ چالاکی سێکسی ناکەن چونکە پێیان وایە کە ئەوان سەرداری ماڵن و سێکس عەیبەیەو لەچوارچێوەی هاوسەرگیریدا بەتەنیا بۆ پەراوەی دەسەڵاتو درووستکردنی منداڵ دەبێت بکرێت.

لەم ڕێگایەوە سێکس لەقاڵبە میکانیکیەکەی دەرنەچوەو لەژێرگوشاری شوورەیی بوون و بەتاوان ناسینی سێکسدا، پۆرنۆگرافیاکانیش نەبوونە ئەو قوتابخانەیەی کە قەرەبووی کەم هۆشیاری سێکسی بۆ خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە بداتەوە.

هەمیشە پیاوان ڕەگەزی مێینە وەك سێکس دەبیننەوەو هەبوونی بەشوورەیی دەزانن و هەرگیز وەك مرۆڤێك هەژماری ناکەن.. گەرتێبینی پیاوان بکەین لەسەر شەقامەکان چۆن دەڕواننە ڕەگەزی بەرامبەر، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کەلەناخی نێرینەی ئەم کۆمەڵگایەدا وەحشێکی زۆر گەورە خۆی حەشارداوەو زۆر تینوە ئەویش سێکسە، باشترین نمونەش تێرنەکردنی لەشفرۆشەکانە لەکاتی سێکسدا، چونکە تەنیا بیر لەخۆیان دەکەنەوە.. بابێینە سەر لایەنەکەی تریش، بەشێوەیەکی گشتی سەرکوتکردن بۆ ڕەگەزی مێینە لەئاستێکی بەرزدایەو ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك گوزارشت لەخواستە سێکسیەکانی خۆی بکات و تەنانەت بەشێکیشیان نازانێت چونکە لەژێر گوشاری نەزانیدا بۆ ڕەگەزی مێ ئاستەنگ ترە هەست بە پێویستیەکانی خۆی بکات لەڕووی سێکسەوە، چونکە پێکهاتەی بایۆلۆجی وەك نێرینە هەمان ئاسانکاری بۆ ناکات.

لەم پێوەرانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت:

- سێکس تائەوپەڕی سنوورەکانی شوورەیی بوون شوورەییە.
- سێکس تاوانە چونکە نامووسی پێوەبەندە، بەتایبەتیش بۆ مێینە، لەچوارچێوەی هاوسەرگیریدا گرفتێکی زۆر گەورەنیە، چونکە شەرع ڕێگایداوە.

- ڕاستیەکی زانستیش هەیە کە پیوەندی بەپێکهاتەی بایۆلۆجیاو بایۆکیمیستری لەشی مرۆڤەوە هەیە، کە سێکس پێویستیەو ناتوانرێت تاسەر قەتیس بکرێت.
- کاتێك مرۆڤ بەتەنیا بوو، بەتایبەت نێرینە یەکەم شت کەبیری لێدەکاتەوە سێکسە، هەر بۆیە دەبێت بزانین ئەم پێویستیە سەرکوتکراوو قەتیس خواردوە بەدوای کەناڵێکی دەربازبووندا دەگەڕێت و لەشفرۆشی یەکێکە لەڕێگا چارەکان.

واتە ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن، وەك هەموو ئەوانەی تر کە نایکەن مرۆڤن و بەشێکی گەورەی تاوانەکان لەملی کەلتوورو کۆمەڵگایەکە کەتاسەر کۆنەپارێزەو نازانستیانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوخودی خۆی دەکات، لەسەر ئاستی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانیش پلان و بەرنامەیەك بەدی ناکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم گرفتانە.

- ➢ خاڵەکانی لاوازی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لەشفرۆشی.

بەپێی چیرۆکەکان و شیکردنەوەکان کۆمەڵە خاڵیکی زۆر زەق و ئاشکرامان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم خاڵانە بوونەتە هۆکار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لەشفرۆشی، لەوانە:

- کەلتووری بەکارهێنی و گەرمی بازاڕەکانی چێژ تەنیا بۆ چێژو فەنتازیا.
- لاوازی پەروەردەی سێکسی و نەبوونی بەختیاری سێکسی لەچوارچێوەی هاوسەرگیریدا.
- بەشوورەیی زانین و بەتاوان ناسین و بەپیس سەیرکردنی سێکس، لەهەمانکاتدا ئەمانە هیچیان ئەوە ڕەتناکەنەوە کە سێکس پێویستیە.
- کرانەوەی بازاڕەکانی کوردستان بۆ هەموو کالایەك و بەرفرەیی بەکارهێنانی پۆرنۆگرافیا کەیەکێکی ترە لە دەرهاویشتەکانی ئەو خالانەی پێشتر.
- هەلاوسانی ئابووری و نەبوونی چاودێری پێویست لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی داهات.
- بەرزی ئاستی گەندەڵی کارگێڕی.
- ئەو یاسایەی چارەسەری لەشفرۆشی پێکراوە، یاسایەکی لاوازەو لەرزۆکە چ لەڕووی سزادانەوە بەیەکسانی سەیری هەردوو ڕگەز ناکات چ لەڕووی تۆمەتبارکردنەوە.

## ➢ باری نمونەیی و درووستی کۆمەڵایەتی لەڕووی سێکچواڵیتیەوە.

زۆرن ئەو پرسیارانەی کەلەم کۆمەڵەدا دەبێت وەڵام بدرێتەوە سەبارەت بەژیانی سێکسی هەر مرۆڤێك.. ئایا کە کێشەیەکی سێکسیت هەبوو ڕوو دەکەیتە کێ؟ ئایا سێکس پێویستە یان پێویست نیە؟ ئەگەر کەموکورتی سێکسی هەبوو دەبێت ڕوو بکەینە کێ و کێ چارەسەری دەکات؟ ئەگەرو ئەگەرێکی ترو بەردەوام ئەگەر لەم بارەیەوە هەیە.. بەشێوەیەکی گشتی درووستی سێکسی و درووستی کۆمەڵایەتی لەڕووی سێکسەوە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا نا ئامادەیە.

لەباری نمونەییدا پێویستە هەندێك بنەمای تیۆری بخەینە ڕوو سەبارەت بە سێکسی درووست، چونکە سێکس وەك هەموو هێزێکی سروشتی تر کاریگەری هەیە لەسەر کردەوەکانی ڕۆژانەمان و وەك هێزێکی گەورە ئاراستەی ژیانی ڕۆژانەمان دەکات، بەڵام کاتێك ئەم هێزە بەئاراستە سالبەکەیدا بەکاردێت بۆی هەیە هێزێکی وێرانکار بێت بۆ کۆمەڵیش و بۆ تاکەکەسیش. سێکسی تەندرووست، ئەو سێکسەدەگرێتەوە کە هۆشیاریی لەگەڵدابێت، دەربڕینێکی پۆزەتیڤمان هەبێت بۆ ڕەهەندەکانی بەجۆرێك توانا و چالاکی تاك بەرەوپێش بەرێت و لەڕووی تەندرووستیشەوە سەلامەت بێت و لەکۆتاییشدا پەیوەندیەکانی ژیان لەنێوان خەڵکدا بەهێزبکات نەك بەپێچەوانەوە، بەواتایەکی تر سوودبەخش بێت بۆ هەردوو لا و زیان بەکەسی تر نەگەیەنێت[67].

بەداخەوە ئێمە لەکۆمەڵگایەکدا دەژین بەردەوام بە وێنای نادرووستی سێکسی بۆردوومان دەکرێین کە هیچ پەیوەندیەکیان نیە بە ژیانێکی سێکچواڵیتی درووستەوە و لەڕێگای پۆشاك و جل و بەرگەوە، لەڕێگای فیلم و تەلەفزیۆنەکانەوە، لەڕێگای نوسراو و سایتەکانی نێتەوە لەڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕیکلامەکانەوە...تاد.. بەردەوام ئەم بۆردومانە سێکسی خێرا و ئاژەڵ ئامێزمان پێ نیشان دەدات و بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆر لەئێمەی مرۆڤ تەعدای سێکسی چەشتوە لەهەر تەمەنێکی ژیانیدا بێت[68]. لەم نمونەیەوە هەندێ ئاماری بچوك دەدەین:

- سێیەکی هەموو مێینەکان و شەشیەکی هەموو نێرینەکان لەسەردەمی منداڵیدا تەعدای سێکسیان لێ دەکرێت.
- چواریەکی ژنان لەماوەی ژیانیاندا ئیغتیصاب دەکرێن.

---

[67] Heaton, J. P. W. (1998). Androgens, andropause, and erectile function. Journal of sex Education and Therapy, 232-236

[68] هەمان سەرچاوەی پێشوو

- پێنج یەکی ژنان نەخۆشیان بۆ دەگوێزرێتەوە لەڕێگای سێکسەوە.
- دووپێنجی هەر ژنێك دووچاری بەراویتەبوون دەبێت.
- لەکۆی هەر بیست پیاو پیاوێك هەیە بەشێوەیەکی نادرووست سێکس بکات.
- پێنجیەکی ژنانو دەیەکی پیاوان هەست بەشادمانی ژیانی سێکسی خۆیان ناکەن[69].

کێشەکە لەوەدایە کە زۆربەی پەروەردەکان ئەمڕۆ جەخت لەسەر منداڵبوونو ڕێگرتن لەمنداڵبوونو خۆپاراستن لەنەخۆشی دەکەن. هەرچەند ئەمانە گرنگن بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئێمە فێرببین کە چۆن خۆمان لەتوندوتیژی سێکسی دەپارێزین، ڕێگری لەئالوودەبوون دەکەینو نائاسوودەیی سێکسی چۆن چارەسەر دەکەین.

کۆمەڵگا پێویستی بەژمارەیەکی نوێ لەپسپۆڕ هەیە، بەتایبەت کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان، بەنمونە پەیکەری خزمەتگوزاری تەندرووستی سێکسی دەبێت پێکهاتبێت لەپزیشکی تایبەت بە گرفتە تەندرووستیو بایۆلۆجیەکانی سێکس هەروەها پزیشکی تایبەت بە دەروونزانی سێکس، ئەمە سەرەڕای پێویستی کۆمەڵ بە سێکسۆلۆجیست لەبواری دەروونزانیداو سێکسۆ تێراپیست لەهەردوو ڕەگەزو لەڕووی پەیکەری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانیشدا پێویستە کۆمەڵناسو یاریدەدەری کۆمەڵایەتی تایبەتمان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خۆشەویستیو سێکس، پەروەردەی منداڵ لەڕووی سێکسو ئامۆژگاری تایبەت هەبێت بۆ خۆپاراستن لەنەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکان کەسەرئەنجامی سێکسو نادروستی مامەڵەی سێکسی درووست دەبن، ئەمانەش هەموو سەرەڕای پێویستیەکی گەورە بۆ توێژینەوەی ورترلەسەر گرفتەکانی سێکس لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەداو دۆزینەوەی چارەسەری باشتر.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان ناتوانێت قورتاربێت لەپاشهاتە نێگەتیڤەکانی لەشفرۆشی بەدوو ڕێگا، یەکەم بەئازادکردنی تەواوی لەشفرۆشیو دوەم بەقەدەغەکردنی تەواوی سێکس لەدەرەوەی هاوسەرگیری، بەڵکو ئەم دوو ڕێگایە هەردووکیان بەرو هەڵدێرگەی گەورەترمان دەبەن، یەکەمیان لەڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە مەترسیدارەو بۆی هەیە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکاتە مەیدانێکی بەرفراوانی بازرگانی بەجەستەوە. دوەمیشیان گوشارەکانی سەرکوتکردنی سێکسی زیاد دەکاتو لەئایندەدا ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت، بەتایبەت گەر کۆمەڵگا دووچاری جەنگ، یان کارەساتی سروشتی ببێتەوە.

---

[69] Gagnon, J. H. (1999). Sexual conduct: as today’s memory serves sexualities 2(1) 115-126

بۆ بەرقەرارکردنی شێوازێکی نمونەیی لەژیانی سروشتی سێکس پێویستمان بە تێگەیشتن هەیە لەهەموو سیمپتۆمەکانی (نیشانەکان) سێکسی نائاسایی، گەر هاتوو هەرکەسێکیش هەستی بە نائاسایی سێکسی خۆی کرد دەبێت پەنا بەرێتە بەریەکێك لەو پسپۆڕانەی لەسەروە باسمانکردن تا چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا نیشانەکانی سێکسی ئاسایی و سێکسی نادرووست دیاری دەکەین[70]:

| # | سێکسی درووست | ئالوودەبوونی سێکسی یان نائاسایی |
|---|---|---|
| 1 | وزەیەکە خاوەنەکەی دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات | وزەیەکە خاوەنەکەی ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات |
| 2 | دەتوانیت خۆت بڕیاری لێبدەیت کە دەیکەیت یان نایکەیت | سێکس ناچاریە هەردەبێت بیکەیت |
| 3 | بەشێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات | سێکس ئالوودەبوونە |
| 4 | دەبێتە هاندەرو نوێکەرەوەیە بۆ ژیان | سێکس هەستێکی بریندارکارە |
| 5 | ئەنجامی دەربڕین درووست دەبێت بۆ خۆشەویستی | ئەنجامی سێکسەوە خۆشویستن درووست دەبێت، یان بەبێ خۆشەویستی ئەنجام دەدرێت |
| 6 | لەگەڵ بەرامبەردا بەشدەکرێت | سێکسێکە بۆخود یان یەکێکی تری دەکرێت. |
| 7 | بەبێ گفتوگۆو خۆشەویستی ڕوونادات | سێکسێکە هیچ پێویستی بەلێکتێگەیشتن نیە |
| 8 | سێکسێکی تایبەتە | کردارێکی نهێنیە |
| 9 | سێکسێکە پڕە لەڕێزگرتن | کە بەرامبەرەکەت ڕازی نەکردبێت ڕقت هەڵدەستێتو بێ ڕێزی دەکەیت. |
| 10 | سێکسێکی پڕ شانازیە | پڕە لەدرۆو هەڵخەڵەتاندن. |
| 11 | سوودەکانی دوولایەنەن | تەنیا لایەنێکی کردارەکە سوودی لێدەبینێت. |
| 12 | بەبەهای مرۆیی پێوانەبەخشە، واتە عەقڵانیە | بەبەهای ئاژەڵی پێوانە بەخشە. واتە غەریزیە |
| 13 | نزیکمان دەکاتەوە لەبەرامبەر | لەرووی سۆزەوە دوورمان دەخاتەوە لەبەرامبەر |
| 14 | پڕە لەبەرپرسیارێتی | هیچ هەست بەبەرپرسیارێتی ناکەین تیایدا |
| 15 | سەلامەتە (تەندروستی و کۆمەڵایەتی) | پڕ مەترسیە (تەندروستی و کۆمەڵایەتی) |
| 16 | سنووردارە، واتە تێربوون قبووڵ دەکات | بێ سنوورە، واتە تێربوون قبووڵ ناکات |
| 17 | هەردوولا بەهێزو بەتوانادەکات | سێکسێکە لایەنێك بەسەر ئەویتردا زاڵدەکات |
| 18 | خودی کەسەکە بەرەوپێش دەبات لەڕووی کەسێتیەوە | دەبێت کەسەکە بکاتە کەسێتیەکی جووتەك، واتە ئیزدیواجی، double standard |
| 19 | ڕەنگدانەوەی بەهاکانی خۆتی تیادایە | بەهاکانی خۆتی بۆ دەگونجێنیت |
| 20 | لەڕووی کەسێتیەوە پڕ شانازیمان دەکات | کەسێتی مرۆڤ شەرمن و شەرمۆك دەکات. |

[70] Irvine, J.M. (1995) sexualty education across cultures, San Francisco: Jossey- Bass.

بەمجۆرەش دەتوانین باری نمونەیی لەژیانی کۆمەڵایەتی لەرووی سێکچواڵیتیەوە پێناسە بکەین بەو ژیانەی کەکەلتووری سێکسکردن لەنێوان تاکەکاندا هەڵگری ئەم سیفاتانەی لای خوارەوە بێت:

1. دوولایەنە پشتڕاستکراو بێت: واتە بەشێوەیەکی ئازادانەو بەبێ هیچ گوشارێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسی یان دەروونی بەرامبەرەکەتت هەڵبژاردبێت کەلەگەڵیدا سێکس بکەیت و بتوانیت هەرکاتێك خوازیار بوویت بتوانیت بیوەستێنیت. واتە لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا نابێت هیچ پێکهاتەیەك بمێنێت بۆ ناچارکردنی خێزان یان دەسەڵات یان یاسا یان باری دەروونی ئەو دووکەسە بۆ ئەوەی ناچاریان بکات بەیەکەوە بمێننەوەو سێکس بکەن.
2. دەبێت بەیەکسانی دەستکەوتەکانی ئەو سێکسە دابەشبکرێت: مەبەستمان هەموو ئەو خۆشی و ڕەزامەندی و منداڵانەیە کە ئەنجامی ئەو سێکسکردنە دابەش دەبێت، واتە دەبێت هەموو هەستەکان وەك یەك دابەش بن لەنێوان هەردوولاداو کەسێکیان نەتوانێت بەهۆی سێکسەوە پەراوەی دەسەڵات بکات. واتە نابێت هیچ کام لەودوانە زەرەرمەندو ئەویتر سوودمەندبێت لەهیچ کام لەڕووەکانی دەستکەوتەوە.
3. پڕبێت لەڕێزگرتن: واتە سەرەتا دەبێت ڕێزت بۆخۆت هەبێت کە ئەوکارەدەکەیت و شانازی پێوەبکەیت بۆ خۆت، بەهەمانهەست و پێزانینیشت هەبێت بۆ بەرامبەرەکەت.. ئەمەش واتای نابێت نەخودی خۆت نە بەرامبەرەکەت بەکەم سەیرنەکەیت ئەنجامی سێکسکردنەکە یان بیکەیتە مایەی گاڵتەو گاڵتەجاڕی لەنێو کۆمەڵداو یەکێك لەسیفاتەکانی ئەوەیە زۆر شوورەییە هیچ کام لەپاشهاتەکانی سێکسکردن بۆ کەسێکی تر باس بکەیت.
4. متمانە: متمانە یەکێکی ترە لە پێویستیەکانی سێکسی درووست و دەبێت هەردوولا متمانەیان بەیەکتر هەبێت و بەبێ متمانە ناتوانین هیچ گرەنتیەك بدەینە خاڵەکانی تر.. بۆیە دەبێت هەردوولایەنی کردارە سێکسیەکە لەڕووی هەست وسۆزو تەندروستیەوە لەیەکتری دڵنیابن و هەست بەئاسوودەیی بکەن و گومانیان بەرامبەر یەکتر نەبێت و دڵنیا بن لەشوێن و کات و گونجاوی ئەنجامدانی کردارە سێکسیەکەو کەسیان هەست بەگوناه نەکات تەنانەت بەشێوەیەکی لاشعوریش نە بۆ خودی خۆی نە بۆ بەرامبەرەکەی.
5. سەلاممەتی: پێویستە هەردوو لایەن لەڕووی سەلامەتی کۆمەڵایەتی و تەندرووستیەوە دڵنیا بن، واتە نابێت ئەنجامی کردارە سێکسیەکە لەلایەن کۆمەڵگاوە هیچ کام لەدوو

کەسەکە بکەوێتە مەترسیەوەو نابێت هیچ ڕێگریەکی لێبکرێت، بەهەمان شێوە لەڕووی تەندروستیو ئەو نەخۆشیانەی ئەگەری گواستنەوەیان هەیە.

6. ئازادی: دەبێت سێکس ئازاد بێتو هەریەك لەدوولایەنەکە ئازادانە بڕیاری سێکسکردنی دابێتو هیچ جۆرە مشتومڕێك یان ناچارکردنێك نەبێت لەنێوانیاندا تەنانەت لەڕووی دەروونیشەوە یەکتری نەخەنە ژێر گوشار.

7. نەبوونی بەرژەوەندی تر جگە لەسێکسو خۆشەویستی پێکەوە: پێویستە لەکرداری سێکسی درووستدا جگە لەبەرژەوەندی خۆشەویستیو سێکسی سوودبەخش وەك یەك بە دوولایەنەکە، هیچ بەرژەوەندیەکی تر نەبێت، وەك بەرژەوەندی ئابووری، ماددی، مەعنەوی، دەسەڵات، سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان هەر بەرژەوەندیەکی تر. بەم جۆرەش سێکس بۆ تەواوکردنی ئامانجەکانی خۆشەویستی دەبێت.

ئەمانەی لەسەروە باسمانکردن باری نمونەیین کە دەکرێت بڵێین لەباری تیۆریدا ئەگەریان هەیە، بەڵام پێویستە لەڕووی پراکتیکیو واقعەوە چەند دەکرێتو چەند دامەزراوەی پێویستە بۆی درووستبکرێت تا بتوانین کەلتووری سێکچواڵیتی کۆمەڵگا لەم پێشمەرجانە نزیك بکەینەوە ئەوکات دەتوانین بڵێین کەمترین پێشێلکاری سێکسی هەیە لەکۆمەڵدا بۆمافەکان.. کەئەمەش ئاستەمە بەزۆر یان بەئازادکردنی تەواو، لەکۆمەڵگایەکی پیاوسالاری یان سیستەمی کارو سەرمایەدا بەرقەراربکرێت.

## باسی سێیەم:    کورتەی توێژینەوەکە

### ✹ چەندڕاستیەکی پێویستە دانیان پیادا بنرێت.

کۆمەڵە ڕاستیەك کەلەم توێژینەوەیەوە پێی گەیشتووین‌و بەپێویستی دەزانین دانیان پیادا بنێین، تاکە هاندەریش بۆ دان پیادانانیان پارێزگاریە لەچەمکی مافەکانی مرۆڤ‌و باوەڕبوون بە بنەماکان بۆ ئەو مافانە. کەدەکرێت ئەو ڕاستیانە خاڵبەند بکەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

یەکەم: ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا مرۆڤن‌و هەمان ئەومافانەیان هەیە کە مرۆڤێکی ئاسایی هەیەتی‌و نابێت بەهیچ کلۆجێك بەسووك سەیر بکرێن، چونکە ژینگەو بارودۆخ ئەوانەی خستوەتە سەر ئەو کارە، ئەمەش بەپێی هەل‌و مەرجەکانی زیندەگی‌و ژیانی ڕەگەزی مێ لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا ڕاستە.

دوەم: هەر کەسێك بەهەمان ئاستی هۆشیاری‌و نالەباری ژینگەی خێزانی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی ئەو لەشفرۆشانەدا بڕوات ئەگەری ئەوەی هەیە هەمان ڕێگەچارە بگرێتە بەر.

سێیەم: کڕیارەکانی سێکس‌و بازرگانەکانی جەستە تاوانبارن بەپێی ئەو بنەمایانەی لەم توێژینەوەیەدا هاتوەو پێویستە سنوورێکی یاساییان بۆ دابنرێت، بەجۆرێك چاکسازیان تیادا ئەنجام بدات.

چوارەم: هەرگیز ئەوانەی ئالوودەبوون بەم کارەوە ناتوانن خۆیان لەبازاڕەکانی سێکس ڕزگار بکەن‌و پێویستیان بەکەسێك هەیە دەستیان بگرێت بۆ ڕزگاربوون لەبازرگانی سێکسی.

پێنجەم: لەهەر شوێنێکدا ئازادی یان نیمچە ئازادیەك هەبوو بۆ لەشفرۆشی، ئەوا کۆمەڵە گرفتێکی تریش هەیە یان پاش ماوەیەکی کەم پەیدا دەبێت لەبەناوبانگترینیان، سیخوڕی لەڕێگای لەشفرۆشیەوە، گەندەڵی کارگێڕی‌و سیاسی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بەنەخۆشیە گوازراوەکانی سێکس، هەروەها بازرگانی نێودەوڵەتی بەئافرەتانەوە.

### ✸ دەرئە نجامو پێشبینیەکان:

**دەتــوانین دەرئــەنجامو پێشــبینیەکانی ئــەم توێژینەوەیــە لــەم خاڵانــەی خــوارەوەدا کۆبکەینەوە:**

1. **یەکێك لەهەر هۆکارە سەرەکیەکانی ئالوودە بوونی ڕەگەزی مێ بەلەشفرۆشیەوە، بێ لانەیو بێ پشتیوانیە، کە لەلایەن کەلتوورو دامەزراوە حکومیەکانو ئایینیو کۆمەڵایەتیەکانەوە دژایەتی دەکرێتو هیچ پشتیوانیەکی لێ ناکرێت، بۆ زیاتر بڕوانە بەسەرهاتەکانی بەشی دوەم باسی یەکەم.**
2. **لێدانو ئەشکەنجەدانو ئازاری جەستەیی، یەکێکە لەوهۆکارانە کەڕەگەزی مێ ناچار دەکات ماڵ بەجێ بهێڵێتو بکەوێتە سەر شەقامەکان، کە پاشتر یان دەگیرێت یان بە ناچاری توشی لەشفرۆشی دەبێت، گەر هاتوو گیرا ئەوا لە گرتووخانەکاندا سەرۆك باندەکان دەیان گرنە خۆیانو بەجۆرێك لەجۆرەکان دەیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو لەبازاڕی لەشفرۆشیدا بەکاریاندەهێنن.**
3. **لەشفرۆشی پەیوەندی بەشارو شارۆچکەو ناوچەیەکی دیاریکراوەوە نیە، بەڵام چەند هۆکارێکی گشتی هەن کە دەبنە هۆکار بۆ دەرکەوتنی زیاتری لەناوچەیەك تا ناوچەیەکی تر، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت لەدیاردەی دەرکەوتنی لەشفرۆشی وردبینەوە کەبەپێی چیرۆکەکان بریتی بوون لەمانەی لای خوارەوە:**
   a. **پێشکەوتنی شارستانی ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر.**
   b. **ئاستی پابەند بوون بەبنەما کەلتووریەکانەوەو بەتایبەت چەمکی ئایین.**
   c. **زۆری شەڕوجەنگەکانو کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانیان کە دەبنە هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ زیادکردنی لەشفرۆشی.**
   d. **تێکەڵاویو کرانەوەی ناوچەکە بەڕووی چواردەورو جیهانی دەرەوەدا.**
4. **مامەڵەی هەڵە لەگەڵ قوربانی کێشەدا، وەك ئەوەی بەرامبەر (م) ڕووی دا لەبەسەرهاتەکانی یەکەمدا، کە لەلایەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە ڕەگەزی مێینەوە بەرامبەری کراوە، بەنمونە هەر کەس دێتو بۆ ڕۆژی دوایی لە (م) دەپرسێت کە سەرگوزشتەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەمەش وادەکات (م) تەواو بێزار ببێت. هەروەها**

ئـەنجامی کـەموکورتی مامەڵـە لەگـەڵ (م) داو تێنەگەیشـتنی تـەواو لەکێشـەکە جارێکی تر دەیبەنەوە بۆ هەمان دۆزەخ.

5. خێزان پێکهاتەیـەکی گرنگـە لـەنێو کۆمـەڵگای توێژینەوەکەماندا، لەهـەمان کاتـدا دایك یەکێکە لەپێکهێنەرە گرنگـەکانی و ناتوانرێت بـەبێ دایك هـەمان بـەردەوامی خۆی ببینێت، هەربۆیە هەڵوەشاندنەوە یان کەموکورتی پێکهاتەی خێزان دەبێتـە هۆکـار بـۆ بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی تـاوان و بەتایبـەت دەبێتـە هۆکـار بـۆ هانـدانی لەشفرۆشی، جا ئەو هەڵوەشاندنەوەیە لەژێر ناونیشانی هەر بیانویەکدا بێت.

6. لاوازی پـەروەردەی سێکسـی لەکۆمـەڵگادا دەبێتـە هۆکـار بـۆ زیـاتر گەشـەکردنی توندوتیژی سێکسی لەسەر ڕەگەزی مێینە.

7. لەیەکەم بەسەرهاتدا، ئەگەر ئاستی خوێنـدەواری (م) بەرزبوایـەو پلەیـەکی باشـی لەکۆمـەڵگادا بەدەسـت بهێنایـە ئـەوا دەیتـوانی داکـۆکی لـەخۆی بکـات و بـەهیچ جۆرێـك بـاوکی گـەر مامەڵەشـی پێـوە بکردایـە، کـە زۆر ئاسـتەنگ دەبـوو، ئـەوا نەیدەتوانی ناچاری بکات کە شوو بکات بەکەسێك کـە لـەڕووی عەقڵیـەوە ناتـەواو بێـت یـان بیخاتـە ماڵێکـەوە کەسـەرجەم ئەندامـەکانی کـەم ئەنـدام بـن و لـەڕووی دەروونیەوە ناتەواو بن.

8. لەهـەر 10 ژنـی لەشـفرۆش 8 ژنیـان هـەوڵی خۆکوشـتن دەدەن و هەمووشـیان بـیر لەخۆکوشتن دەکەنەوە.ئەمەش ئاماژەیەکی تەواوە بۆ نـاجێگیری و شـێواوی بـاری دەروونیان.

9. هەموو ژنێکی لەشفرۆش لەڕووی دەروونیەوە گرفتی هەیـەو پێویسـتی بەکەسـێك هەیـە کـە چـاودێری دەروونـی بکـات و هـەوڵی چـاکبوونەوەی لەگەڵـدا بـدات، کـە ئەمەش بەبێ وازهێنان لەلەشفرۆشی ناکرێت.

10. هەموو ئەوانـەی لەشفرۆشـی دەکـەن، یـان زیـاتر لـەجارێك کڕیـاری سێکسـن، ئـەوا ئـــالوودەدەبن بەسێکســـەوەو پێویســـتیان بـــە پســـپۆڕی سێکسۆلۆجیســـتی و سێکسۆتێراپیستی هەیە تاچارەسەریان بکات.

11.هەموو ئەوانەی ئالوودەبن بەگرفتی لەشفرۆشیەوە جگە لەپیشەی ڕۆژانەیان کە تیایدا ئیغتیصاب دەکرێن، هەر یەکەمجار لەڕێگای ئیغتیصابەوە فێری لەشفرۆشی دەکرێن.

12.کەسێك نیە لەشفرۆشی بکاتو بتوانێت لەگەڵ یەکێکی تردا بەشێوەیەکی تەندروست پەراوەی خۆشەویستیو سێکس بکات لەڕووی کۆمەڵایەتیو لەڕووی تەندروستیشەوە.

13.ئاستی هۆشیاری سێ دامەزراوەی گرنگ لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا نزمە بەرامبەر مافو ڕەوشی لەشفرۆشەکان یان ئالوودە بوەکان بەسێکسی نادرووستەوە، ئەوانەش دامەزراوە ئایینیەکانو دامەزراوەکانی دەوڵەتو دامەزراوەی خێزانە.

14. هیچ کەسێك نیە لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەماندا بتوانێت لەشفرۆشی بکات وەك پیشەو کەسێکی نزیکی لەبازنەی یەکەمی خزمایەتیدا هاوکاری نەکات، جگەلەوانەی کە کەسیان نیەو نیشتەجێی شوێنەکە بێت.

15. پاش گیرۆدە بوون بەلەشفرۆشیەوەو ئالوودە بوون بە سێکسی نادرووستەوە، هەموو لەشفرۆشێك بۆ دەروازەیەك دەگەڕێت کە دەربازی ببێت لەو واقعەی تیایدا دەژی.

16. تابازاڕی کارو سەرمایە بەبێ سنوور سەیری قازانج بکات کێشەی لەشفرۆشیو بازرگانی بەجەستەی مرۆڤەوە بنەبڕ ناکرێت، هەروەها کاتێك لەم سیستەمو بازاڕەدا پیاوسالاری نەریت، کەلتوور یان شێوازی دەسەڵاتگەرایی بێت ئەوا ڕەگەزی مێینە یەکەم قوربانی دەستی بازاڕەکانی سێکس دەبێت.

17. لەکۆمەڵگایەکدا کە بەتەواوی ئارەزووی سێکسی کەبت کرابێتو ڕۆشنبیری سێکسی لەئاستێکی نزمدا بێت، ئەوا مرۆڤ بەشێوە ئاژەڵیەکەی بیر لە سێکس دەکاتەوەو تابوە سێکسیەکانیش وەك سێکس لەگەڵ کەسە حەرامکراوەکاندا تەنیا فۆرماڵیتیە، واتە لەگەڵ حەرامکراوەکە نەما لەڕووی فۆرماڵیتیەوە ئەوا ئارەزوەکە هەیە بۆ سێکس کردن، کەواتە ئەم تابوو کردنەش لەناو کەلتوورەکەدا ڕەچەڵەکێکی بەهێزی نیە گەر یاسایەك یان هێزێك بەری پێنەگرێت.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسانەی هۆشیاریان بەرامبەر سێکس نیەو بەشێوە غەریزیەکەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، سنوورێکیشیان لا نیە بۆ تابوەکان.

18. کاتێك کۆمەڵگا کەلتوورێکی پیاوسالاری بەسەریدا زاڵدەبێت، ئیدی ئومێد لای مێینەکانیش کز دەبێت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەك کەتیایدا مرۆڤ سالار بێتو ژیرانەش مامەڵە لەگەڵ سروشتدا بکات. بۆیە لەبەسەرهاتی چوارەمدا، دەبینین خەسووی (ب) بەشداره لەپرۆسەی ئیغتیصابدا بۆ ئەوەی کوڕەکەی پیاو بێتو بتوانێت ئەو پەردەیەی (ب) هەڵگرێت کە پێی دەڵێن پەردەی شەرەف. ئەم ڕووداوە نمونەی ژنێکی بەپیاو بوومان پیشان دەدات، کە ئاماژەیە بۆ تێکچوونی کەلتووریو سڕانەوەی کەسێتی مرۆڤێك کە بەڕەگەز مێینەیە.

19. ئیزدواجیەتێکی ئێجگار گەورە لەکەسێتی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە، هۆکارە سەرەکیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندەکانی سێکس لەکۆمەڵگاکەدا، چونکە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەزۆر بنەما ئایینیەکانی لەلا دەچەسپێت نەك بەئارەزوو یان بیروڕاکانی خۆی بێت، ئەمەش حوکمێکی مێژووییە. هەروەها لایەنە غەریزیەکانیش ناتوانرێت سەرکوتبکرێت، بەپێی بنەما ڕۆشنبیریو کەلتووریەکانیش دەبێت ئەم هاوکێشەیە بەدوو ڕووی جیاواز پیشان بدات: لەنێو ناوەندە ڕۆشنبیریەکاندا دەبێت ئازادانە باس لەپەیوەندیەکان بکاتو لەنێو ستراکتۆرە تراديسيۆناڵەکانیشدا دەبێت کۆنزێرڤاتیڤانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات ئەمانە جگە لەپێگە ئەخلاقیەکانی خۆی کە لەم هەموو تەنگژیەوە گەشەدەکەنو دەبنە پێکهێنەری مۆراڵی تاك.

## ✸ پێشنیارو ڕاسپاردەکان:

1. پێویستە لەسەر کۆمەڵگا دەرفەت ئاسان بکات بۆ ڕەگەزی مێینە بۆ ئەوەی بەهەر نرخێك بێت خوێندن تەواوبکاتو ئاستێکی باشی هەبێت لەڕووی پلەوپایەی کۆمەلایەتیەوە، چونکە لەم ڕێگایەوە دەتوانێت داکۆکیەکی زیاتر لە خۆی بکات.
2. گەر حکومەت لەبارودۆخێکی وەك ئەمڕۆشدا نەتوانێت وەك پێویستو لەئاستێکی باشدا کارمەندو پلەدارەکانی هێزی ناوخۆ دەستنیشان بکاتو مەشقداریان بکات سەرەڕای ئەرکی سەربازی بە توانا و مامەڵەیی مرۆیی ئەوا دەتوانێت لە پرۆسەیەکی هێواشدا ئەم دامەزراوانە بە خەڵکی گونجاو پڕبکاتەوە، چونکە ئەوڕەفتارانەی لە هێزەکانی ناوخۆوە بەرامبەر حاڵەتێکی وەك (م) بەسەر هاتی یەکەم ئەنجام دەدرێت زۆر کاریگەرەو متمانەی خەڵك بەرامبەر هێزی ناوخۆ کەم دەکاتەوەو دەرفەتی تاوانکاری زیاد دەکات.

3. پێویستە لەسەر دامەزراوە حکومیەکان بەتایبەت، پەروەردە، دەستەی تایبەتیان هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لەڕەوشی ئەو کچانەی واز لەخوێندن دەهێنن و چارەسەری گونجاوی پێ بێت تا بتوانێت ڕێگا بگرێت لەوازهێنانیان، چونکە یەکێکە لەهۆکارەکان کە بەهۆیەوە باوکان یان برا گەورەکانیان یان ئەوانەی لێیان بەرپرسن لەخێزاندا دەستیان بەسەردا دەگرن و ناچاریان دەکەن لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا وەك ژن بەژنە کە یەکێکە لە هۆکارەکانی زیادکردنی لەشفرۆشی.

4. پێویستە لەسەر سەرجەم ڕێکخراو و دامەزراوەکان کاتێك مامەڵە لەگەڵ کێشەیەکدا دەکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن، خەڵکێکی پسپۆڕ بەم کارە هەستێت، چونکە ئەگەر کەسێك شارەزایی نەبێت بۆی هەیە کێشەکە قوڵتر بکاتەوە، هەروەها مەرج نیە کە کەسێك دەرچووی بەشێکی تایبەت بوو بتوانێت بەم کارە هەستێت ئەگەر بەتایبەت بۆ چارەسەری لەشفرۆشی مەشقێکی تێروتەسەلی بۆ نەکرابێت. بەنمونە لەیەکەم بەسەرهاتدا (م) ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەم تەڵەزگەیەوە، کە هەموو پشتیوانیەکی خۆی دەخاتە دەست ڕێکخراوەکان و پاشان دەبینینەوە چۆن بەهەڵە (م) دەبەنەوە بۆ هەمان دۆزەخ ئەوەش لەبری ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

5. پێویستە بە پێی هەموو ڕێساو یاسایەك ژن بەژن قەدەغە بکرێت، بەهۆی ئەو نالەباریانەوە کە بۆ یەکێك لەلایەنەکانی ژن بەژنەکە درووست دەبێت یان بۆ هەردوولایەنەك کە ئەگەرێکی زۆری هەیە ئەم نابەرابەری و گوشارانە لەلایەن بازاڕەکانی سێکسەوە ئیستیغلال بکرێت.

6. پێویستە دامەزراوەیەك لەکۆمەڵدا هەبێت کە ژنی لێقەوماو متمانەی پێ بکات، یان هەر کەسێکی تر کە گرفتێکی دیاریکراوی هەیە، ڕاستە زۆرێك لەدامەزراوە هەن لەم کۆمەڵگایەدا، بەڵام دیارە کارەکانیان لە ئاستی پێویستی متمانەدا نیە.. بۆیە لەلایەك دەبێت کارکردنی ئەو دامەزراوەو ڕێکخراوانە لەڕووی چۆنێتیەوە چاك بکرێت، لەلایەکی تریشەوە دەبێت دامەزراوەی نوێ و زیاتر دابمەزرێت بۆ داکۆکی کردن لەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە.

7. گەر نەخۆشیەکی وەك HIV/ AIDS وەك یەکێك لەگرفتەکان وەربگرین، ئەوا دەڵێین سەرئەنجامی بەربڵاوی دیاردەی لەشفرۆشی ئەم نەخۆشیە چەند هەند دەبێتەوە.. لەوتەکانی بەسەرهاتی یەکەمەوە تێگەیشتین کە بێلانەیی یەکێکە لەگرفتەکانی بەربڵاوی دیاردەکە.. بۆیە لەسەر دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم پێویستە لانەی پێویست بۆ ئەو کەسانە دابین بکات کە بێلانەن و دووچاری جەستەفرۆشی بوونەتەوە، چونکە بەربڵاوی دیاردەکەو مەترسیە تەندروستیەکانی نەخۆشیەکی ئاوا بە تەنیا لەڕۆژێکدا سەدان ئەوەندەی دابینکردنی لانە بۆ بێدەرەتانەکان تێچوونی هەیە.

8. پێویستە لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت کاتێك ڕازی دەبن لەسەر هەڵگرتنەوەی منداڵێك، ئەوا بەوردی چاودێری ئەو هەڵگرتنەوەیە بکەن بەتایبەت تا تەمەنی 18 ساڵی، چونکە ئەگەری ئەوەی هەیە منداڵ لەخوێندن وەدەرنرێت یان بەشێوەیەکی نادرووست مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کەدواتر زەمینە خۆشدەکات بۆ کارێکی وەك لەشفرۆشی، بەنمونە پێویستە هەفتانە یان مانگانە سەردانی بکرێت و چاودێری ڕەوشی ژیان و مامەڵەی باوان و گۆڕانکاریەکان ببینرێت، هەر لەهەمان کاتدا دایك، باوك یان هەریەکێك کەسەرپەرشتیاری خێزان بێت بەپێی یاساو لەبەردەم دادگادا بەرپرسیار بێت لەئامادەکردنی منداڵی هەڵگیراوە تابەتەواوی، منداڵەکە دەتوانێت ببێتە خاوەنی بڕیاری خۆی.

9. پێویستە لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت متمانە لەنێوان خۆیان و خەڵکدا زیندووکەنەوە، چونکە سەرئەنجامی نەبوونی زانیاری و شارەزایی هەندێك لەدامەزراوەکانی حکومەت بەتایبەت دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوەکانی ناوخۆ.. متمانە کەمبوەتەوە لەنێوان ئەو ژنانەی دەچەوسێنەوە و دەستدرێژیان بەرامبەر دەکرێت لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەتدا.

10. پۆرنۆگرافیا و بازرگانی بەبەرهەمە سێکسیە بینراو و بیستراوەکانەوە تاوانێکی ڕێکخراوە لەژێرسایەی سیستەمی بازاڕی کارو سەرمایە، بازاڕی ئازاددا، بۆیە هەر حکومەت و دەوڵەتێك بیەوێت پارێزگاری لەمافەکانی مرۆڤ بکات و یەکێك بێت لەو دەوڵەتانەی لەڕیزی پێشەوەی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤدا بێت، ئەوا پێویستە سنوورێك بۆ بەرهەمەکانی پۆرنۆگرافیا لەناو وڵاتەکەیدا دابنێت، چونکە هاندەرێکی بەهێزە بۆ بازرگانی بەڕەگەزی مێینەوە.

11. پێویسته لەسەر ئەو ڕێکخراوانەی ژنان دەپارێزن لەتوندوتیژی، زۆر بەئاشکراو بەشێوەیەکی ڕوونو دیار ناونیشان شوێنو شێوەی ئیشکردنی خۆیان لەدەرەوەی پارێزگاکانیان ڕابگەیننو خەڵکی بێدەرەتان، بەتایبەت ئەوانە توانای دەستگەیشتنیان بە ئەنتەرنێت نیە بەئاسانی بیاندۆزنەوە، چونکە بازاڕەکانی لەشفرۆشی زۆر شێلگیرانە بەدوای ئەو قوربانیانەدا دەگەڕێنو بە ئاسانی تەجنیدیان دەکەن بۆ نێو باندەکانی خۆیان.. هەروەها پێویستە ئەو ڕاگەیاندنانە بەزمانی عەرەبیو فارسیو تورکیش بکرێت سەرەڕای زمانی کوردی.

12. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرجەم گرتووخانەکانی گرتنو گواستنەوەو شوێنەکانی تەوقیفی ژنان چاك بکاتو بەئەندازەیەکی زیاتر گرتوەکان لەیەك دووربخاتەوە، چونکە یەکێك لەهەرە هۆکارە گەورەکان بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەشفرۆشیو تەجنیدکردنی ژنانی لێقەوماو بۆ بازاڕەکانی سێکس گرتووخانەکانە کاتێك سەرۆك باندەکان دەگیرێنو ژنانی تر تووش دەکەن لەڕێگای گرتووخانەوە.

13. پێویستە لەسەر دامەزراوە تایبەتمەندەکانی تەندرووستی کە گرنگیەکی زیاتر بدەن بەخۆپاراستنو کۆمەڵ پاراستن لەگرفتی ڤایرۆسی HIV/ AIDS چونکە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵ لەمەڕ ئەم مەسەلەیە تەواو لاوازەو کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ئەمنی قەومی، هەروەها ئەوەمان نابێت لەیاد بچێت باس کردنی کێشەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیو هەروەها فەرمانگەکانی تەندرووستیەوە یەکێکە لەهەر پێویستیە هەنووکەییەکان کە بەهۆیەوە دەتوانرێت قەبارە گرفتەکە لەکۆمەڵدا بزانرێت، جگە لەوەش سەرچاوەیەکی باشی هۆشیارکردنەوەیە بۆ خۆپارێزی.. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەم مەترسیە بدەین چونکە جیاوازیە جەندەریەکان بارێکی گرانی تر لەسەر ڕەوشی مێینە درووست دەکەن بەبەربلاوی ڤایرۆسەکە.

## سەرچاوەکان


1. وایریل، ول دیورانت، قصة الحضارة، 1988 دار جیلاب بیروت ــ لبنـان.. کتـاب الاول، کتـاب الثاني، کتاب الثالث، کتاب الرابع، کتاب السابع، کتاب الثامن.
2. ریشارد بولان، عولمة تجارة الجنس 2، الخلاعیة و السیاحة الجنسیة، السبت، 15 ینایر 2005 عدد 4.
3. د. بـدرخان سـندي، المجتمـع الکـردي في المنظـور الاستشـراقي، الطبعـة الاولی، ئـاراس ـ اربیـل 2002،(45–147).
4. السید علي اکبر الحسیني، العلاقات الزوجیة، مشاکل و حلول، مؤسسة النور للمطبوعات، بیروت ـ لبنان، الطبعة الاولی 1999، (301–365)
5. د. سید سلیمان علیان، نساء العهد القدیم، دراسة في الانساب و المعاني، مکتبة مدبولي، القاهرة ـ جمهوریة مصر العربیة، الطبعة الاولی 1996.
6. شهبال دزةیي، الوضـع الاجتمـاعي و القـانوني للمـرأة في کوردسـتان العـراق، دراسـة مقارنـة بـین الشریعة و القانون، دار هماوندللطبع و النشر، کرکوك ـ کوردستان العراق 2003.
7. محمود عبدالحمیـد محمـد، حقـوق المـرأة، بـین الاسـلام و الـدیانات الاخـری، مکتبـة المـدبولي، القاهرة ـ جمهوریة مصر العربیة، الطبعة الاولی 1990.
8. سهیل قاشا، المرأة في شریعة حمورابي، مکتبة بسام، موصل ـ عراق، الطبعة الاولی 1984
9. کـاوه محمـود، الزنـا في الشـرائع القدیمـة وفي الفعـه الاسـلامي، الطلبعـة الاولی، مطبعـة ره نـج السلیمانیة۔ عراق 2004.
10. د. ضاري خلیل محمود، تفاوت الحمایة الجنائیة بین المرأة و الرجل في قانون العقوبـات المقـارن و الشریعة الاسلامیة، الطبعة الاولی، بغداد ـ العراق، 1990.
11. فاطمـة المرنیسـي، **ژنـانی پشـتی پـەردە**، الحـریم اسیاسـي الـنبي و النسـاء، و/ **سـوارە قەڵادزێی، چاپی یەکەم**، 2006.
12. **د. روئیا تلوعی، هـەرگیز لـەژن بوونم پەشیمان نیم (کۆ وتـار)، سـەردەم سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم**، 2005
13. **مەزدەکی، دەربارەی کەلتوری ئایینی، چاپی یەکەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق** 2006،

14. سابیر بەکر بۆکانی، تاوانوسزا، چاپی یەکەم، سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق 2002.
15. بو عەلی یاسین، سێ کوچکەی حەرامکراو، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ ئایینو سێکسو کێشەی چینایەتی، و/ سیروان محمد، 1998.
16. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لەمێژوودا، (کورتە باسێکی مێژوویو کۆمەڵایەتی)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا- ئێراق، 1981.
17. سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕووناکبیری ژنان، ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بە ژنانو خوێندنەوەیەك، چاپی دوەم، بڵاوکراوەی چوارەم 2002–2004، ئامادەکردنی ڕووناك فەرەج.
18. نەوال سەعداوی، ڕووخساری ڕووتی ئافرەتی عەرەب، و/ زەروان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر- کوردستانی عێراق، 2006.
19. بوار نورەدین، ڕەدوو کەوتن، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم سلێمانی ـ کوردستانی عێراق 2005
20. ڕۆژنامەی وەقائع، ژمارە 22، جیاکاریی دژی ژن، مافەکانی مرۆڤ،چاپخانەی نازە هەولێر- کوردستانی عێراق..

21. Miller, JoAnn L. “Prostitution in Contemporary American Society,” Sexual Coercion. Lexington Books, 1991.
22. Lockett, Gloria. “Black Prostitutes and AIDS.” The Black Women’s Health Book. The Seal Press, 1990.
23. Schetky, Diane H. “Child Pornography and Prostitution,” Child Sexual Abuse. Brunner/Mazel, 1988
24. Sachs, Virginia. Genesis House Brochure. 1991.
25. Brock, Nakashimaand Thistlethwaite, Susan. Casting Stones: Prostitution and Liberation in Asia and the United States. Minneapolis, MN: Fortress Press. 1996.
26. Silbert, Mimi H. “Treatment of Prostitute Victims of Sexual Assault,” Victims of Sexual Aggression. Van Nostrand Reinhold, 1984.
27. Finkelhor, David & Browne, Angela. “The Traumatic Impact of Child Sexual Abuse,” American Journal of Orthopsychiatry, 55(4).
28. Silbert, 1984.
29. Widom, C. Victims of Childhood Sexual Abuse: Later Criminal Consequences. Washington, D.C.: U.S. Department of Justice, National Institute of Justice, 1995.
30. Farley, Melissa & Barkan, Howard. “Prostitution, Violence Against Women, and Posttraumatic Stress Disorder.” Women & Health, 27(3): 37-49. 1998.

31. Silbert, Mimi H. “Compounding Factors in the Rape of Street Prostitutes,” Rape and Sexual Assault II, ed. Ann W. Burgess. New York: Garland Publishing, 1988.
32. Silbert, Mimi H. “Compounding Factors in the Rape of Street Prostitutes,” Rape and Sexual Assault II, ed. Ann W. Burgess. New York: Garland Publishing, 1988.
33. Dabbs, J. M. & Mohammed , S. (1992) male and female salivary testosterone concentrations befor and after sexual activity. Psychology and behavior 195-197
34. Gary F. Kelly, Sexuality today, the human perspective. Seventh edition 2001, 60-87
35. Baldwin J. D. & Baldwin J. I. (1997) Gender differents in sexual interests 181-210
36. Heaton, J. P. W. (1998). Androgens, andropause, and erectile function. Journal of sex Education and Therapy, 232-236
37. Gagnon, J. H. (1999). Sexual conduct: as today’s memory serves sexualities 2(1) 115-126
38. Irvine, J.M. (1995) sexualty education across cultures, San Francisco: Jossey- Bass.
39. Melissa Farley and Vanessa Kelly, A critical review opf the medical and social sciences literature, *Women and Criminal justice 200, Vol 11(4): 29-64*
40. Barry, Kathleen, Women’s Issues Then And Now, A Feminist Overview of the past 2 centuries, *Prostitution: Then And Now,1995*
41. *Feminist perspectives on Sex Market, first published Wed 18 Feb, 2004,* Plato.stanford.edu/entries/feminist-sex-markets/
42. *F. Arnold Clarkson, M.B., F.R.C.P. Torinto, The Canadian Medical Association Journal,* Special Article, History of prostitution/ Sep. 1939- 296-301.
43. Scott A. Anderson, *Prostitution And Sexual Autonomy:* Making sense of the prohibition of prostitution.
44. Jeffry Weeks, *Sex, Politics & Society, 2nd Edition (New York: Longman, 1989), 26-8*
45. Barney G. Glaser/ Anselm L. Srauss, *The discovery of grounded theory: strategies for qualitative research,* Aldine De Gruyter/ New York, 1999 (21-43)